لاله‌کانی لالش

رۆمان

# لالەکانی لالش

نووسینی
**کامەران خۆشناو**

هەولێر - 2019

ناوی کتێب : لالەکانی لالش
نووسەر : کامەران عەبدولکەریم شێخ عەلی
جۆری کتێب : ڕۆمان
نەخشەسازی: حسن عمر
نۆرەی چاپ :چاپی یەکەم - **2019**
ژمارەی سپاردن:
چاپخانەی : ڕۆژهەلات - هەولێر

لەسەر ئەرکی نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چاپ کراوە .
زنجیرە ژمارە (**04**)

پێشکەشە بە چاوە جوان، شەکەت و پڕ لە پرسیارەکانی عەزیز، ئەوەی تا ئەوکاتەی بینایی لە دەستدا؛ لەسەر تەختێکی نەخۆشخانە، بێهومێد چاوەڕوانبوو. ئەو عەزیزەی سەرجەم عەزیزانی جێیان هێشت، کەچی بووە هەوێنی ئەم رۆمانە.

خۆزگە وشەکان دەبوونە دڵۆپە ئاو، تێر تێرت لێدەخواردنەوە. دێرەکان دەبوونە تیکەنان، برسییەتیان دەشکاندی. لاپەڕەکان دەبوونە چەتر، سێبەریان لێدەکردی. روحیشم بە بەردەباز و بەرەو کامەرانیان دەبردی... عەزیزەکەم عەزیز.

# پێشەکی

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە. چاوەڕێ دەکەم ئێزدییەك بێت و بە توڕەیی یەخەی کامەران بگرێت؛ بە گلەیی و چاوی پڕ لە فرمێسك؛ پێی بڵێت: (تۆ تاکو ئێستا لە کوێی بووی؟ ئەگەر سەدان ساڵ بەر لە ئێستا ئەم رۆمانەت نووسیبا؛ ئێمە ئەو هەموو فەرمانە نەدەکراین، خودێ درەنگ تۆی نارد!). رەنگە ئێزدییەکی توڕەتریش بێت و بڵێت: (دەتەوێت بە نووسینی ئەم رۆمانە کەفارەتی گوناحەکانتان بکەن؟). بەڵێ، ئەم دوو برا ئێزدیە راست دەکەن، رۆمانەکە ئەوەندە کاریگەرە، ئەوەندە ناخ هەژێنە، واهەست دەکەیت هاوشێوەی ئێزدییەك؛ کامەران رۆحێکی نەمری هەیە، هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئێزدییەت و تاوەکو ئێستا؛ لە ناویان دەژیت!

من لە نزیکەوە؛ بەر لە دایکبوونی ئەم رۆمانە، لەگەڵ رۆماننووس بوومە، ئەو وەك مرۆڤ، وەك کورد، زۆر بەم کارەساتە خەفەتبار و کۆست کەوتوو بوو. ماوەیەك بوو، قسەوباس و گفتی هەر ئازاری ئێزدییەکان بوو، من دڵنیابووم لە ڕووی دەروونیەوە لەوان زیاتر ئازاری دەچەشت، چونکە رۆژانە چەندین چیرۆکی تراژیدی؛ دوافەرمانی ئەوانی بۆ باس دەکردم، بە جۆرێك؛ هەروەك خۆی لەناو رووداوەکان بێت. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم؛ کامەران تووشی زەبری دەروونی دوای رووداو بوبوو، کە حاڵەتێکی دەروونی توندە، مرۆڤ بەهۆی بەرکەوتن بە ڕووداوی جەرگبڕ و دڵتەزێن؛ تووشی دەبێت. شەو و رۆژ دێتە خەیاڵی و دەبێتە مۆتەکە! ئەو هەمیشە دەیگووت: ( زۆر هەست بە شەرم و خەجاڵەتی دەکەم، لەم کارەساتە نەمتوانیووە شتێك بۆ خوشك و برا ئێزدییەکان بکەم). هەر ئەم ئازار و زەبرە دەروونیەو هەستکردن بە شەرمەندەییە؛ بووە هەوێنی نووسینی ئەم رۆمانە!

دوای خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، زانیم کامەران زۆر لێزانانە و هاوشێوەی یۆستن گاردەر، ئەلیف شافاك و محەمەد حەسەن عەلوان؛ دەیەوێت پەیامێکی گرنك لە کتێبەکەیدا بگەینێت. هەروەك گاردەر ویستی هەموو مێژووی فەلسەفەمان لە یەك رۆمان؛ لەسەر زاری پیرەپیاوێك بۆ کیژۆڵەیەك بۆ باس بکات. ئەلیف تەنها لە یەك رۆماندا؛ عەشقی جەلالەدین و شەمس و جیهانی ئەوانی پێناساندین. عەلوان لە یەك رۆماندا؛ بیری سۆفی و فەلسەفەی ئیبنو عەرەبی پێ ئاشناکردین. کامەرانیش تەنها لە یەك رۆماندا؛ سەرەتای درووستبوون، بیروباوەڕ، گوزەران و فەرمانە یەك بە دوای

یەکەکانی برا ئێزدییەکانی بۆ باس کردین. تاکو گەیشتە دوایین فەرمان؛ لەسەر دەستی شەمشەمە کوێرەکانی داعش!

ئـەم کتێبـە تـەنها رۆمـان نییـە، بـەڵکو مێـژووە، بـە دۆکیۆمنـت کردنـە، داسـتانە، ئێزدینامەیـە... دەکرێت نـاوی تریشـی لـێ بنێن. زێدەڕۆیی ناکـەم گـەر بڵێم؛ پێویسـتە لەگەڵ سنجەقەکان لە خەزینەی رەحمان بپارێزرێت!

ئـەوەی زۆر سـەرنجی راکێشـام؛ کامـەران لـەم رۆمانـە ( ئەگـەر چـی یەکێکـە لـە بەرهەمە سـەرەتاییەکانی لـە کـاری رۆمـان نووسـین)، شێوازی نووسـینی رۆمـانی نـوێی (الروایـة الجدیـدة)ی پـەیڕەوکردووە. لـە رۆمـانی نوێدا؛ زیـاتر لـە یـەك پاڵـەوان، یـاخود پاڵەوانی سەرەکی نییە. رەمز زۆر بەکاردێت، شێوازی گێڕانەوەیە. خەیاڵ تێکەڵ بەواقیع بووە. ئەم رەگەزانە هەمووی لە رۆمانەکەی کامەران بەدی دەکرێن. وەك من بزانم جگـە لە رۆماننوسی گەورەی کورد؛ بەختیار عەلی کەس ئەم شێوازەی بەکارنەهێناوە.

ئەوەی پێویستە بیڵێم لە هەندێك شوێندا، هەست بە بێزاری دەکەیت، چ بـەهۆی لـە یـەك چـوونی رووداو، یـان درێـژدادڕی، بـەڵام نووسـەر نەیویسـتووە رووداوە گرنگـەکان فەرامۆش بکات. چونکە بـە بیـری مـن بەشـێك لـە وەزیفـەی رۆمانەکـە؛ بـە دیکۆمێنـت کردن بووە.

لە کۆتاییدا هەست دەکەیت، لە هەندێك شـوێندا کامـەران ئێزدییـەکی سەرسـەختە، لـە شوێنی تر ئەثیستە، لە جێگایـەکی تـر ئەگنۆسـتە، دایسـتیکە، موسـوڵمانێکی میـانڕەوە، تەنانەت (داعشێکە)! من پێم وایە هەموو ئەوانەیە، چونکە کامەران مرۆڤە!

**د. رێدار محەمەد ئەمین**

**پسپۆری نەخوشیە دەروونیەکان**

# دەستپێک

ئەم ئاسمانە پان و فراوانە، بریتی بوو لە تاریکییەکی چۆڵ و هۆڵ، ئاو لە ژێریدا شەپۆڵی دەدا. گێژەڵووکە تیایدا دەگەڕا. کەسی تیا نەبوو خوای تاک و تەنیا نەبێت. کە خوایش ویستی ئەم ئافەریدە فراوانە دروست بکات، لە ڕۆشناییە هەموو دەمییەکەی خۆی، دوڕڕێکی سپیی دروست کرد و خستیە سەر پشتی تووتییەک، چل هەزار ساڵ لە سەری دانیشت. دوای ئەوەی بە سەر دوڕڕەکەدا قیژاندی. ئەوا قڵیشایەوە. ئەم زەوییەی لێ هاتە دەرەوە. لە ویش ڕووبار و زرێکان هەڵقوڵان.

ئەم جیهانەش لە پێشدا، ڕێکوپێک نەڕازابۆوە. بەڵام خوا (جبرائیل)ی لە شێوەی باڵندەیەکدا ناردە سەری. ئەویش بە باشی ڕێکی خست و ڕازاندیەوە، هەر چوار لاشی بۆ دامەزراند.

خوا کەشتییەکی دروست کرد، لە ناو زرێکاندا سیی هەزار ساڵ پێی گەڕا؛ پاشان گەیشتە لالش و زەوی کەوتە لەرینەوە. خۆی پێ نەگیرایەوە؛ تا خوا شاخەکانی دروست کرد و کردنی بە سەنگ بۆ زەوی.

پاشان خوا فەرمووی بە (جبرائیل)؛ دوو پارچە دوڕڕی سپیی لە ئاسماندا هەڵواسی، یەکێکیان بوو بە ڕۆژ، یەکێکیان بوو بە مانگ، لەو کەرتانەش کە لە پارچە دوڕڕەکان بەربوونەوە، لە ناو ئاسماندا چاوی درووست کرد، کە (ئەستێرەکانن).

هەروەها دار، دەرخت، مێوەهات و گژوگیایشی درووست کرد؛ و زەویی پێ ڕازاندەوە، تەخت لە سەر تەخت دایناو سەرکەوتە سەرەوە؛ لە وێوە ڕووی کردە فریشتەکان و پێی گوتن: " ئادەم و حەوا درووست دەکەم، بۆ ئەوەی ببنە باپیر و نەنکی مرۆڤ، نەتەوەی (ئێزیدی)یش لەوان دەکەوێتەوە، کە پێی دەگوترێ (نەتەوەی عەزازیل)؛ یاخود نەتەوەی تاووسی مەلەك (تاووسی فریشتان)."

ئەو قسانەی دەیکەم هی خۆم نییە، بەر لە درووستکردنی ئاسمانەکان و زەوی نووسراوە. من کێم؟ پێم دەڵێن ئەنفرا، ئەو باڵندە ئاسمانییەم، کە چل هەزار ساڵ دوڕڕە خواییەکەم لەسەر پشت هەڵگرت، نازانم کێ، چۆن و بە چ فەرمانێک لێرە منیان هێناوەتە گۆ، بەڵام حەزم لێیە ئەوەندەی پەیوەستە بە خۆم بۆتانی تەواو بکەم:

دواتر لە ڕۆژی یەک شەممەدا، پەروەردگار فریشتەیەکی ئافەراند، ناوی نا

(عەزازیـل)؛ کە ئەویـش تاووسـی مەلەکـە، کـردی بە سەردەسـتەی فریشـتان و پەیوەسـتی کرد بە میللەتی ئێزدی.

کەواتە سەرەتا لالش، دواتر تاووسی مەلەك و دواتریش؛ تەنها لە ئادەم میللەتی خۆی بە ناوی گەلی ئێزدی هێنایە بوون. ئێزدی واتا یەزدان نـاس، خوانـاس، ئەوەی لە هەمـوو شتێک پێشەنگ بوون؛ تەنانەت لە خواناسیش.

دوای تۆفانەکـانی یەکەم و دووەم، تەمەنـی مرۆڤەکـان کـورت بـۆوە، وای لێهـات لە سەد ساڵ کـەمتر بێت. لە لایەکی دیکە خەڵکی گەند و خـراپ پەیدابوون، بە نێوی خواناسی و بەرگریکردن لە خودا؛ کەوتنە وێزەی گەلانی خوانـاس و خواپارێز. بە نێوی پـاککردنەوەی زەوی لە تـاوان، لە هاوکـار و شـوێنکەوتووانی ئەهـریمەن. بـەڵێ ئـەم ئەهریمەنزادانە، بە شێوازی ئەهریمەنانە کەوتنە وێزەی گەلە ئاشتیخوازە خواناسەکان، لە پێش هەمووشیان گەلی ئێزدی.

دەبا شتێکتان پێ بڵێم، خوای گەورە ئەوەندە مرۆڤی خۆش دەوێت، کە لە جانی خۆی فووی تێکردووە، ئاخر ئێوە قـالبە قـوڕینەکەی بـابە ئادەمتـان نەبینـی بـوو لە بە هەشت؛ ئەوەی لە قوڕی وشک درووستکرابوو. تا خۆی فووی پێیدانەکرد گیانی نەهاتە بەر. ئەم گیانەش یەکێکە لە نهێنیەکانی ئافەریدە. کە تەنانەت دوای مردنی جەستەش نامرێت، ئەوەتا خواناسان دەڵێن: " روحی رەحمانی نابێت فانی". بۆیە دوای لە ناوچوون و رزیبوونی جەسـتە فـانی، نـابووت و لەنـاو چـووەکە؛ روحەکە رزگـاری دەبێـت و لە قەفەزی پەراسووەکان دەردەچێت. بەهەرحاڵ من باسکردنی ئەم بەشەی کە پەیوەستە بە گیان و روح، بە شێخ کـراس دەسپێرم، ئەو بەرپرسـی روحەکـانە لای گەلـی شێخ ئـادی، مـن رۆیشتم... (فڕەفڕی هات و لە شەقەی باڵیدا!)

ئـەو کاتـەتان بـاش و سـڵاوای خواتـان لـێ بێـت. بـەڵێ؛ روح لای ئێـزدی نەمـرە، جەسـتەش وەک کراسـەک وایە، کە بـۆی هەیە هەزار و یەکجـار، بەپێـی نـاو و سیفەتەکانی خوا بیگۆڕیت:

**سوڵتـــان ئێزی ب خو پـەدشـایە**

**هەزار و یەک ناڤ ل خۆە دانایە**

بەڵێ، ئێزدی تا خۆی خاوێن دەکاتەوە، دەیان کراس دادەدڕی. لە کات، شوێن و زەمەنی جیاواز لەبەریان دەکات. هەر جارێک دەچێتەوە لالش؛ و لەوێ دوای شۆرینی لە کانی سپی، خاوێن دەبێتەوە و دەنێردرێتەوە ژیان. مرۆڤ لە دونیادا چی کردبێت، دوای مردن پاداشـتەکەی وەردەگرێت. ئەگەر کەسێکی بـاش بووبێت؛ لە ژیـانی دووەم باشـتری بـۆ

دێت. هەژار دەوڵەمەند دەبێت، نەخۆش چاك دەبێتەوە. پلەبەرز پایەی بەرزتر دەبێت. خۆ ئەگەر چاکەو خراپەی وەک یەک بن، دەلحاز دەبێتە بەرخ، مەڕ، بزن و ئاسک. یان ئەسپی جوامێرێکی قارەمان، لە ژیانێکی خۆشگوزەران دەبێت، تا کاتەکەی تەواو دەکات؛ دواتر دەگەرێتەوە پێستی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر خراپ بووبێت، لە بەرامبەردا دەچێتە پێستی ئاژەڵێکی ناجور، بە پێی تاوانەکانی ماوەکەی بەسەر دەبات! داوێن پیس دەبێتە بەراز. درۆزن؛ جاشکێکی بارهەرلگر؛ کە لە ژێر قورسایی بارەکان، بەردەوام بای لێبەربێت. ستەمکار؛ گەمبۆڵێکی گەڕ. دز؛ پشیلەیەکی نەفسنی برسی. دوو روو؛ مانگا یان گاجووت؛ کە رۆژانە تا شەکەت دەبێت کاردەکات. کەللەڕەقی بێ بروا، دەبێتە مارێکی ترسنۆک،ة کە تەنانەت ناوێری لە کونەکەی بێتەدەر، بەردەوام لە تاریکی ژێر زەوی، ژیان بە برسیەتی بەسەر دەبات. هەرکەسە و بە پێی تاوانەکانی، لە پێستی ئاژەڵێك ئازار دەکێشیت. دواتریش دوای تەواوبوونی سوڕی ژیانەکی، دەگەڕیتەوە بەرزەخی لالش. ئەگەر چاکەکانی لە نیوە زیاتربوون، بەخت یاوەری دەبێت، لە خوا نزێک دەبێتەوە و روحی نەمر دەبێت لە عەرشی خوا. خۆ ئەگەر لە نیوە کەمتر بێت؛ لە خەزینەی رەحمان دادەنرێت؛ کلیل و کڵۆمی بە ئەبەد لەسەر دادەخرێت!

من نهێنپارێزی ئەم کراس گۆڕینەم، تەنها من بەو سوڕە دەزانم، بەڵێ... من خاوەنی نهێنی روحەکانم، بەڵام لەکاتی پێویستدا، ئەم نهێنیە لە رێگای خەون یان خورپە، دەخەمە نێو دڵ و هزری کوچەکان، تا خانەوادەکانیان لێ ئاگاداربکەنەوە، هەندێ جاریش بینیندەی کوچەکەکان تیژدەکەم، تا بیانبینن، بزانن و بۆ خەڵکی بگێڕنەوە. ئەوەتا کوچەکێک لە گوندێک داوەتی دیلانە، خواردنێکی باشیان خستۆتە بەردەمی، کەچی لە لاشیپی دەرگاوە، سەگێکی گەڕی دەبینێ، ئەوەی لە برسان، دەندەی پەراسووەکانی دیارە و لە بەردەم دەرگاکە، بە کەساسی وەستاوە. بێ یەک و دوو، خواردنەکەی بەردەمی هەڵدەگرێت، دەیخاتە بەردەم سەگەکە. لە نێو سەرسامی خەڵک و نیگەرانی ماڵخۆ، کەچی کاتێ کوچەکەکە، ماهیەتی رەوشەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، هێلبوونەوە و قولماتیان نەکرد! بە مەندی پێیگوتن: " ئەمە روحی فلانی کوڕی فلانە، چۆتە نێو پیستی ئەم سەگە، کاتێ منی ناسیەوە، هات بە کەنەفتی و داوەشاوی لێرە وەستا، تا پارویکی پێبدەم، گریا و پاڕاوە، تا داوا لە خودێ بکەم، لەم ئازارەی رزگارکات!". کاتێ ئامادەبووان ئەوەیان بیست. دڵخۆشبوون و نەوەک هەر ئەم سەگە، بڕیاریان دا چیدی، نانی سەگەکانی دیکەش بدەن. جارێکی تریان و لەسەر داوای هەتیوەکان، خورپەم خستە دڵی کوچەکێک، بەوەی باوکیان لە کوێی سامانەکەی

شاردۆتەوە، تا سوودی لێ وەرگرن! بەڵێ؛ ئەوە منم خاوەن نهێنی و کراسەکان.

لە سەرەتای مێژووەوە، بەهۆی دەست گرتن بە ئایین، پابەندبوون بە خاکی نیشتیمان و لانەدان لە بنەماکان. گەلەکەمان تووشی ناخۆشی و نەهامەتییەکی زۆر بۆتەوە. بەردەوام و بە درێژایی مێژوو پادشا، سوڵتان، میر و فەریق. بە هاوخوێن و داگیرکەرانەوە؛ ستەمیان لێکردووین. بێگوێدانە ئەوەی؛ بە چ ناو و ناونیشانێك ناوی هاتووە، یێزدی یان ئێزی، عەدەوی یان یەزیدی. بێباك لە چ ناوچەیەک جێنشین بووە؛ نزیک زاب یان ماری، ئەشنونە یانیش لارسا. لەعێراق بووە یان روسیا... هەر هەموان؛ لە حەمۆرابییەوە تا ئەبوبەکری بەغدادی فەرمانیان بەسەر هێناون!

بیرم چوو ئەوەتان پێ بڵێم، جیاوازتر لەگەڵ منداڵان مامەڵە دەکەم! بەهۆی ئەوەی چاکەو خراپە لە یەک جیاناکەنەوە، روحیان چل رۆژ لە بەهەشتی شەدادی کوڕی عاد دەمێنیتەوە، دواتر دەگەڕێنەوە سەر زەوی. دووبارە پێستی مرۆڤ دەپۆشن، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن.

بەڕاستی ئەم تەیرە ئاسمانیە نورانیە، ئەرکێکی قورسی پێسپاردم. بێگومان باشترین شێوە بۆ باسکردنی مێژووی هەر گەلێک، لە دواندنی روحی ئەندامەکانی دەبێت، چونکە روحەکان پاکن و نازانن درۆبکەن؛ سەرجەم ئەم رەوشتە خراپانە لە درۆ، دزی وگزی... هتد، پەیوەستن بە جەستە و خۆشیەکانی دونیا، روح لێیان بێ بەرییە! وەك پارێزەری روحەکان، هەوڵدەدەم چیرۆکەکەتان لە میانی ئەو روحانە بۆ بخەمەڕوو؛ ئەوانەی ئێستا لە دونیا دەسوڕێنەوە، بەڵام هەندێك لە روحەکان؛ ئەوانەی حەز دەکەم بێنە گۆ، ئێستا لە خەزینەی رەحمانن؛ هەندێکی دیکەش لە تەک عەرشی خودان. بۆیە چیرۆکەکان لە زەمەن و کاتی جیاواز دەبن. لەوانەشە لە رووی مێژووییەوە بە دوای یەك نەبن! بۆیە داوای لێبوردن دەکەم، بە پێی توانا هەوڵدەدەم، وێستگە گرنگەکانی گەلەکەمان بخەمەڕوو.

یەک شت، مەرج نییە روحەکان لە جەستەی مرۆڤدا بن، لەوانەیە لە نێو پیستی ئاژەڵ، یانیش لە ناواخنی ئەو شتانە بن؛ ئەوانەی ئێوە بە کوچك و کولۆ و جەماداتی دەزانن وەک (دار، بەرد، چیا، چەك و کەلوپەلی جیاوازی دیکە). بۆیە سەرتان لەم شتە سوڕنەمێنێت، چون هەموو شتێکی سەر ئەم زەمینە، روحی هەیە و هەست دەکات، جگە لە ئێوەی مرۆڤ نەبێت! ئێوە دەکوژن، دەبڕن، دەسووتێنن و ناپاکی دەکەن. وادەزانن ئەم زەوییە تەنها هی ئێوەیە، بێخەبەر لەوەی، ئێوە دوا جێنشین و مێوانن کە هاتوونەتە سەری. بێباک لەوەی هاوژین، هاوزەوی نشین و هاوڕوحن لەگەڵ سەرجەم بونەوەرانی دیکە؛

ئەوانەی لەگەڵتانن لەسەر ئەم زەمینە. ئەو هەسارە شینەی بەهۆی تاوانەکانتان، وەک پەلاس و خەرەقی لێهاتووە.

چون گەلی ستەمدیدەی شێخادیم زۆر خۆش دەوێت، بۆیە هەوڵدەدەم هەمووان بێنمەگۆ، تەنانەت ئەو روحانەی ئێستا لە نێو لاشەدا بەندن، جارەك ئەم ژیانەیان جێ نەهێشتووە، یانیش ئێستا لە لاشەی ئەندامانی گەل و نەتەوەی دیکە بەندن! بەڵێ، هەموو ئەم شتانەم پێدەکرێت. گرنگ ئەوەیە، وێنەیەکی روونتان بخەمە بەرچاو.

# (1)

# من کەللە سەرم

ئەوکاتەتان باش، ببۆرن نازانم بەیانییە یان شەو، تا بە روونی کاتەکە دیاربکەم، چون من سەرێکی لێکراوەم ... چاکتر وایە بڵێم کەللەسەرێک! بەڵێ، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا، گۆشتی سەر ئێسکەکانم رزیووە، نامەوێ بتان ترسێنم؛ نەوەک خۆی نەڕزیووە، نەخێر، بەڵکو بووە بە خۆراکی مێر و مار. ئاگاداربن؛ من تەنها باسی جومجومە دەکەم، چون بەر لەماوەیەکی زۆر، لە لاشەمیان جیاکردۆتەوە!

ببورن، بیرم چوو خۆم بناسێنم. نەخێر، من جمجمێ سوڵتان نیم، ئەوەی لە قەولەکانی دەمی قەوال (گفتوگۆکار) سلێمان، قسە لەگەڵ حەزرەتی عیسا و شەمعون دەکات. من کەللەسەری چۆلۆ خەنجەرم، یەکێک لە میرخاسانی عەلی بەگی شێخان. بەڵێ، من لە نەتەوەی شێخادیم، لای من باڵبازێکی ئێزدی، زۆر لە مولک و سەڵتەنەتی جیهان گەورەترە.

دەزانم؛ بەر لەوەی چیرۆکی خۆمتان بۆ باس بکەم، ئێستا لە جیهانی ژێرگڵ دەپرسن، ئاخۆ ماهیەتی چۆنە؟ ئەگەر موسوڵمان بن، لەو دوو مەلایکەتە کەتە لەندەهوڕە دەپرسن... مونکەر و نەکیر، ئەوانەی مردوو تاقی دەکەنەوە. بەینی خۆمان بیت، هەرچەندە زیاترە لە سەد ساڵە کوژراوم و سەرم لە لاشە جیاکراوەتەوە... چی چی؟ ببورن من کات بە تەواوی نازانم، بەڵام بەهاران بۆنی گوڵە رازاوەکانی چیای شەنگال؛ و پێدەشتی شێخانم بۆ دێت، دەزانم وەرز سوڕاوەتەوە. بەڵام زۆر باشم لە بیرە. لە دیوەخانی عەلی بەگ باس لە ساڵی هەزار و هەشسەد و سیودووی عیسایی دەکرا.

با بێمەوە سەر باسەکەم، لەم ماوە زۆرەدا، کەس هیچ پرسیاری لێنەکردووم، تەنانەت کەس بە لامەوە نەهاتووە. دەزانن، لەو ماوە درێژە هیچ ئۆقرەم نەگرتووە و خەوم لێناکەوێت. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت، کە نازانم لاشە بێنازەکەم لە کوێی فڕێدراوە؟ لەوانەشە لەبەر ئەوە بێت، کە کەس دەستێکی بە چاوەکانم دانەهێنا تا دایان بخات. مشتێک خۆڵی پیرۆزی لالش نەخرایە سەرچاوانم تا ئارام بن. یانیش بە پێی داب و نەریتەکانی خۆمان، کەس تازیەی بۆ نەگێڕاوم. ئاخر کێ دایبنێ؟ خۆ ئەو کافرانە

سەرجەم ژن و منداڵەکانیشیان وەک کەنیزە، کارەکەر و خزمەتکار برد. بەینی خۆمان بیت، هیچ ئۆقرەم نییە و یاخیبوومە! تەنانەت بەرەو بەرزەخیش ناچم. ئاخر نازانم خێزان و منداڵەکانم چییان بەسەرهاتووە؟ ئێستا چۆن و لە کوێی ژیان بەسەر دەبەن؟ دوای ئەوەی خانەدان بوون و خەڵک خزمەتی دەکردن، ئێستا لە کام ماڵە کافر خزمەتکار و کارەکەرن؟

منێک کە سەردەستەی سوارەکانی عەلی بەگ بووم، واملێهات!... چۆن جەستەم لە گۆڕدا ئاسوودە دەبێت، کە هیچ رێوڕەسمێکی ناشتنیان بۆ نەکردم؟ دەبووایە جەستەم لە لایەن شێخ و پیرەکەم بشورێت، خوشک و برای ئاخیرەم (تا سەری ) یارمەتیان بدایە، دواتر شێخ هەندێ پاڕانەوەی بۆ کردبام، دوای داخستنی سەرجەم کونەکانی لەشم بە لۆکە، تۆزێ خۆڵی پیرۆزی گۆڕی شێخادی بخرابایە سەر هەنیە و چاوەکانم، پاشان جوانترین جل و بەرگم لەبەر کرابایە، لە نێو پێخەفێکی نەرمونیان بەرەو رۆژهەڵات نێژرابام. تا بەردەوام چاوم لە رۆژهەڵاتن بووایە.

جگە لەمە، بەشێک لەو پرچە درێژەم ببڕدرابا، بە کێلی گۆڕەکەم هەڵواسرابا، دواتریش لە رۆژانی یەکەم، دووەم، سێیەم و چلوحەوتەم؛ و لەپێناو ئاسوودەیی گیانم، پارە و خواردن بەسەر هەژاران دابەش کرابا، ئەمە جگە لەو مەڕومالاتەی، لە کاتی پرسەکەم سەردەبڕا، بەسەر هەژار و داماواندا دابەش دەکرا.

نازانم بڵێم بەخت یاوەرم بوو، کە بە هۆی هەڵەی سەربازێکی نەزانی پاشای کۆرە، سەرم نەخرایە نێو ئەو سەبەت و تلیسانەی، سەری هاوڕێیانمی تێخرا، تا بخرێتە بەردەم پادشای سۆران؟ یان ئەوەش جۆرێك بوو لە سزا، تا لێرە تەنیا بمینێتەوە و جگە لەخۆخواردن، هیچی ترم بۆ نەکرێت؟ بەهەرحاڵ، سەرەکەم لێرە لەو گۆڕەساتە مایەوە، نازانم کێ هات و لە کام زەمەندا، بە خێرا خۆیی لە چاڵێکی بچووکی ناشت. بۆ ئەوەی دڕندەکان بە بۆن پێم نەگەن و حەپەلووشم کەن. هەندێ تەپاڵە و بەردێکی گەورەی خستە سەر ئەم چاڵە. دڕندە؟ تۆ بڵێی لەم هاوخوێنە بە ناو موسوڵمانانەی میری سۆران، دڕندەتر هەبێت؟ کە کوشتنی مرۆڤ، سەربەڕاندن و بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵ، بەکاری چاکە بزانن، بە خوێنی ئێمە، خۆیان لە خواکەیان نزیک بکەنەوە؟ ئاخر ئەمە کامە خوایە، ئەوەی حەزی بە کوشتنی بەندەکانی خۆیەتی؟

هەرچەندە نازانم جەستەم فڕێدراوەتە کامە دۆڵ، بۆتە خۆراکی کامە جانەوەری لاشەخۆر. بەڵام هەست دەکەم نا ئارامە، ئاخر کەسێکی خاوەن پایەی وەک من، دەبوایە ئابیدەیەکی لە دار بۆ بکرێت، جلووبەرگە ناوازەکەم؛ ئەوەی لە حەریری کشمیری

درووستکراوە؛ لەبەر بکرێت. پاشان لە شوێنێکی بەرز دانرابا، قەوالان لە بەردەمی گۆرانیە خەمبارەکانیان بچڕیبا، باسیان لە پاڵەوانیەتیی و جوامێریم کردبایە، لەوکاتەی هاوسەر، خوشک و ئافرەتانی خزم، بە دەم شین و واوەیلا، لە خۆیان دابا و پرچی خۆیان بهۆنیباوە. غەزالەی خێزانم، بە دەنگە ناسکەکەی بیلاواندبامەوە، بە چاوە شینە جوانەکانی، فرمێسکی گەرمی بۆ رشتبام. دەبووایە ئەم شینە سێ رۆژ بەردەوام بێت، تا روحم ئارام بوایە، بەڵکو لەم زیندانە ئازاد دەبوو. ئەوە نەکرا، ئەوەتا من جومجومەیەکی بێ گۆشتم، نازانم لاشەم لە کوێی رزیووە، بۆیە هیچ پرسیار و وەڵامێکم لەگەڵدا نەکراوە. روحە وێڵەکەم لە هەمان شوێن بەندە. لەوانەشە لەبەر ئەوەی من ئێزدیم و نەوەی شەهیدی کوڕی جەرەم، بۆیە پرسیارم لەگەڵ نەکراوە ؟ یاخود ئەوەی سەبارەت بە پرسیاری ناو گۆر دەگوترێ، تایبەتە بە ئوممەتەکانی موسا، عیسا و موحەممەد؛ گەلی شێخادی ئەم شتەی لەسەر هەڵگیراوە؟ بۆیە هیچ باکم نییە، چاوەڕێم رۆژی دوایی، شێخادی بێت و لەگەڵ تەواوی ئێزدیەکانم لەناو سینیەک لەسەر سەری دانێ، بەرەو بەهەشتمان ببات. بەینی خۆمان بێت؛ لەوانەیە من شایستەی ئەم کۆتاییە بم، چون سەری زۆرانم پەلداوە! هەرچەندە ئەمە بە فەرمانی عەلی بەگ بووە و هیچ هەڵەم نەکردووە. باوەڕبکەن، هیچ یەکێک لەوانەی کوشتوومن و سەریانم پەل داوە، کاریان تێنەکردووم، بەڵام ئەوەی دژ بە (عەلی ئاغا باڵتەیی) سەرۆکی ئەلکوشیەکان کرا، ناخۆشبوو! ئاخر ئەو پیاوە بەرێزە مێوانمان بوو، نەدەکرا ئاوا بەم شێوە قێزەوەنە بیکوژین. هەرچەندە ئەوەی بەسەرمان هات بەناوی تۆڵە سەندنەوە بوو، بەفیتی (مەلا یەحیای مزوری) و فەتوای (مەلا محەمەدی خەتێ ) بوو. ئەوان (محەمەد پادشای رەواندز)یان هاندا، بۆ ئەوەی بە ناوی جیهاد فەرمانمان بکات، بەڵام باش دەزانم، ئەوەی بەسەرمان هات، سزای ناپاکیمان بوو لەگەڵ ئەم میوانە!

ئێستا کاتی بەسەرهاتەکانم بیر دێتەوە، دووکەڵ لە کونە کەپوەکانم دێنەدەر. ئاخر ئەوەی ئەم میرە کۆرە بە ئێمەی کرد، هیچ سوڵتانێک نەیکردووە، کارێکی پێکردین با بە دەواری شەڕی نەکردبێ، لەو سەد هەزار کەسەی لە ناوچەی شێخان دەژیان، باوەڕ ناکەم سەد کەس رزگاری بووبێت! ئەوەی دڵم خۆش دەکات ئەوەیە، کە توانیم حوسێن بەگی کوڕی عەلی بەگ، بە یاوەری چەند سوارێک بەرەو چیاکان دەربازکەم. خۆم مامەوە و تا توانیم شەڕمکرد، بەر لەوەی بە بریناری دەستگیر بکرێم.

ئای غەزالە، دەبی خۆت و منداڵەکان، لە کام بازاڕی میرنشینی سۆران فرۆشرابن؟ ئای میرزای کوڕە بچووکە جوانەکەم، ئێستا دەبی خزمەتی کێ بکەی؟ ببورن ناتوانم

بگریم، چونکە فرمێسکم نییە، بەر لەماوەیەکی زۆر ، کرم دوو چاوە شینەکانمیان خواردووە.
شتێکتان پێ بڵێم؟ جەلادە سەربڕەکە زۆر مەعلان بوو، پووچێکی کارزان، کاتی ئێمەیان لەبەر خۆر ریزکرد ، ئەو زەنتە قولەڕەشە دەرکەوت، هەر بە بینینی قۆڵە ئەستوور و ماسولکەدارەکانی، زانیم ئەم کەتە قۆڵڕووتە شتێکە.
گوومانم لەوەدا نەبوو کە بیژووە، چون کەسێکی وا چەتەووڵ، لەناو کوردا بوونی نییە. نازانم ئەم کۆرە بەد عەمەلە، ئەو لەندەهۆرەی لەکوێ دەسکەوتبوو؟ بەهەرحاڵ، بێماندووبوون کەوتە دروونەی سەرمان. نانا.. ئەوەندە ئازا نەبوو، ئێمە بە دەست بەستراوی خراینە بەردەمی، دەنا ئەگەر لە مەیدانی جەنگ بمدیتبا، لە خرتۆڵێم وەردەدا، هەلا بەهەلام دەکرد.
وەک ئێزدییەك شتێك ئارامی پێبەخشیم، ئەویش باوەڕهێنانم بوو بە کراس گۆڕین، چون دەزانم روحم ئەم جەستە جێدێڵیت، زوو یان درەنگ ئازاد دەبێت. بەڵام باوەڕبکەن؛ نەوەک یەکجار، هەزار جاری دیکەش روحم بێتەوەبەر، هەر مێرخاس و ئێزدی دەبم... بەڵام ئەمجارەیان بەدوای هاوسەر و کوڕەکەم دەگەڕێم، نەوەک سەروەری و شکۆی کەسی.
با بێمەوە سەر باسەکەم، کاتێ چاوم بە هاوڕێکانم گێڕا، بینیم بێ سڵەمینەوە، لەسەر چۆک ئامادەکراون بۆ سەربڕین، بێباکانە و بە رووتی سەیری ئاسۆ دەکەن، هیچ گرژی یان نیگەرانییەك بە مرووزیانەوە دیارنەبوو. لە دەوری خۆم؛ لێرەو لەوێ پەڵە خوێنم بینی، لە شوێنی ئەوانە بەر لە ئێمە، لێرە سەریان پەل دراوە، گومانم لەوەدا نەبوو، بەهاری داهاتوو ئەم گۆمە بچووکە خوێنانە، دەبنە لالەی سوور و ئەم ناوە دەڕازێننەوە. بە خەندەوە دیمەنەکەم هێنایە بەرچاو؛ ئێزیدخان گەلێ جوان و شیرینە؛ تو خودێ وانییە؟
بەینی خۆمان بیت ئەو کاتەی نۆرەی من هات، هیچ لێی نەترسام و سەرم بەرزکردەوە، بە خەندەوە لێم روانی، بەشێوەیەک، کاتی هەردوو دەستی بەرزکردەوە و چاوانمان کەوتنە سەریەک، بینیم سۆمای چاوەکانی هیچی تیا نییە، زانیم ئەمە مرۆڤ نییە بەڵکو ئامێرێکی ساردی کوشتنە، باوەڕبکەن زەردەخەنەکەم کاری تێکرد؛ هەڵوەستەیەکی کرد، دەگمەنن ئەو کاتانەی، نێچیر بەرامبەر نێچیروانەکەیان بێباکانە بزە دەکەن.
لەگەڵ گرژبوونی پێشانگی، هەستمکرد ئارەقەیەکی سارد بە هەنیەی دێتە خوار، هێزێکی زۆری بەخۆیدا، بە هەموو توانای دەستی هێنایە خوارەوە، ئەوکات منیش

هەناسەیەکی قـوڵم، پڕ بە سیەکانم هەڵمژی، بۆنی هەمـوو گـوڵە ڕەنگینەکانی دەشتی شەنگال هـاتە لـووتم؛ چاوانم کـردەوە... کـەچی بـۆ هەتـا هەتـایی؛ ڕووناکی چاوانمیـان جێهێشت.

# (2)

# میرزا خەنجەرم

کاتێ بینیم لە تەکم دانیشتووە، بە هێمنی گوڵاڵە و کولیکان دەچنێ؛ لەگەڵ یەکیان دادەنێ و دەیانکات بە دەسکی جوان. ئەوکات لە سیما جوانەکەی دۆتمامە نازدارەکەم ورد بوومەوە، قژێکی زەرد، ئەوەی لە میانی کەزییەکی درێژ، تا سەر زەوی شۆربۆتەوە، دوو چاوی شینی ئاسمانی، دوو برۆی هیلالی، مەگەر شمشێری باپیرەکەم، وا کەوانەیی و رێک بوویێت، پیستێکی سپی، لووتێکی بچووک کە نازانم چۆن هەناسەی پێ هەڵدەکێشی، دوو لێوی سوور و دوو ریزە ددانی سپی، مرواری ئاسا.

- نۆبەرەمان لالەی ناودەنێین...

بە دەم دانانی لالەیەکی سوور، لە قژە جوانەکەی، ئەوەم بە هێواشی گوت، زۆر بە شێنەییم لە نێو تاڵەکانی قژە زێڕینە، بەسەر یەکداکەوتووەکەی دانا، بەشێوەیەک، کە دڵنیابووم لەوەی ناکەوێت، لەم خۆرنشینە دەرناچێت. لە بەرامبەردا بە شەرمەوە سەری داخستبوو، زەردەخەنەیەکی گەورەی شەرمنی، هاتە سەر لێوان. هەرچەندە بە دەستێکی لەرزۆک و بە هێمنی، کارەکەی ئەنجامدەدا. بەڵام هەستمکرد لە ناخەوە، دڵی هاوشێوەی تەپڵێک بە خێرایی لێیدەدا، ئاخر چۆن وانەبێت؟ لەوکاتەی ئەوە یەکەمجارە ئاوا بە یەکەوە دەردەچین. هەرچەندە بەر لە دوو مانگ و لە ئێوارەی جەژنی خدرلیاس، لە ماڵی خۆمان سەرجەم گەنجانی ئاواییم، لە هەردوو رەگەز داواتکردبوو، تا درەنگانی شەو گۆرانیمان چڕی و شاییمان کرد؛ لەو کاتەی ئێمەی کوڕان، خەریکی حەنەك، قسەی خۆش و حەکایەت گێڕانەوە بووین، کچان بە ساج، خەریکی درووست کردنی سەوکێت خدرلیاس بوون، دواتر هێنایان، لە نێو کوڕان و کچانی سەڵت دابەشیانکرد. پێویستە ئەم نانە بەر لە نووستن بخورێت؛ بەهۆی سوێری، هەر کەسەو خەون بە دڵگیرەکەی دەبینی، کە لە خەودا ئاوی پێدەدات! دۆتمام سەوکێکی تایبەتی بۆ درووستکردبووم، کە لەسەر شێوەی پەپکەی خۆر بوو؛ لە خزمانی وڵاتی شێخ فێری بوبوو. بەینی خۆمان بیت، ئەوم لەخەو نەبینی، بەڵکو کچێکی تری زۆر جوانم بینی، هات و

پەرداخێک ئاوی پێبوو! باوەڕ کەن نەمخواردەوە و گوتم: " ئامادەم لە تێنویێتی بخنکێم، بەڵام لە دەستی دۆتمام نەبێت ئاو ناخۆمەوە!". بە راستی خەوێکی ناخۆشبوو!

سوپاس بۆ جەژنی سەری ساڵ، کە ئەم هەلەی بۆ رەخساندین؛ لێرە لەگەڵ دەیان کوڕ و کچی دیکە، بە جلی ئاڵاو واڵا لەم پێدەشتە، بە بیانووی کۆکردنەوەی کولیکە نیسان و گوڵاڵان، بە یەك بگەین.

- بۆ هیچ قسە ناکەیت ئازیزم؟
- چی بڵێم پسمام؟ (ئەم وشانەی بە شەرمەوە گوت)
- بە لای کەم، سەیرم بکە کاتی قسەت لەگەڵ دەکەم، دۆتمام! (زۆر بە هێواشی چەناگەم بەرزکردەوە) هەرگیز لە سەیرکردنی ئەم چاوانە تێر نابم، ئەوان وەک دەریا وان، چەندە لێیان دەخۆمەوە، تێنووتر دەبم. وەک ئاسمان وان، چەندە سەیریان دەکەم، هەست بە بچووکی خۆم؛ و مەزنی خۆشەویستیەکەمان دەکەم. ئاخر ئەوان ئاسمان و رێسمانی منن.
- دەزانی بەم قسانە، زیاتر شەرم لە خۆم دەکەم؟
- ئێمە گەیشتوینەتە رادەی عەودالی لە عیشق؛ شەرم لە نێوانمان ماوە ؟

بە دەم ئەم قسانە، دەستە لەرزۆکەکەم درێژکرد تا دەستی بگرم، کەچی راچڵەکی و نەیهێشت بیگرم.

- بەڵی ماومانە، ئێمە وەک دووگەنجی ئێزدی بڕوادار، دەبی پابەندی تەواوی ئاکارەکانی ئایینەکەمان بین، پاک، خاوێن و بێگەرد.
- ئەوجا تاکەی دەبی ئارامبگرم، دۆتمام؟
- تا ئەوکاتەی لەگەڵ باوکت، دێنە خوازبینی و داواکردنم، دواتر دەبمە حەڵاڵت و دەچینە ماڵی خۆمان.
- باشە بۆ نایێی بترفێنم، باوکت ناچاری ئەم هاوسەرگیریە بکەین؟
- چۆن قسەی وادەکەی پسمام؟ چۆن دڵت دێت سەری باوکم بخەیە زەوی؟ مەگەر مامت نییە؟

لە ئاست ئەم کەللەڕەقیەی، هەستێکی جیاواز بە دڵمدا گوزەری کرد، خۆشیەک بەوەی دڵخوازەکەم زۆر بە رێز، پابەند و خاوەن کەسایەتیە. ناخۆشیەک بە هۆی ئەوەی نەمتوانی حەزی دڵم، بە لە ئامێز گرتن و راموسانی بێنمە دی. هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی. ئاخر نزیکەی ساڵێکە چاوەڕوانی ئەم دەرفەتەم، تا لێرە لەسەر چیا، لەکاتی گوڵاڵەو کولیلك چنین، لێرە لە ئامێزی سرووشت لە ئامێزی خۆمی بگرم، چەند

گوڵاڵەیەک لە کوڵمە سوورەکانی بچنم. هەر بەم هۆیەشەوە، ئەوەندە لە گەنجانی دی دوور کەوتینەوە، کەچی لێم عاسیە ئەم بابان وێرانە.

لەو کاتەدا دەنگی کێژوکاران بەرزبۆوە، ئەوانەی لەم پێدەشتە دەستە دەستە، لەگەڵ گەنجان خەریکی گوڵاڵە کۆکردنەوەن، کە دوای چنین، دەیکەن بە دەسک و دواتر بە مەبەستی پیرۆزکردنی سەری ساڵ، بە دەرگاکانی هەڵدەواسن.

دووبارە سەیرێکی دۆتمامم کرد، ئەو نازدارە چواردە ساڵیە. ئای چەندە کامەرانم کە ئامۆزام جوانترین کچی شەنگالە. فریشتەوەش، تەنیا یەک تاجی ماوە تا ببێتە شاجوان. بێ گوێدانە من؛ دووبارە دەستیکردەوە بە ڕێکخستنی لالەکان، منیش تاجێکم لە کولیکەکان درووستکرد و خستمە سەری.

- ئەوە چی دەکەیت شێتە؟ (ئاوڕی لێدامەوە) لە پێناو ڕێک کەوتن لەگەڵ خودێ، پێشوازیکردن لەساڵی نوێ، دەبێت لە لالەکانی ئەم پێدەشتەی لالش تاجێک درووست بکەین، بە دەرگای ماڵەکانمانی هەڵواسین، تا تاووسی مەلەك فەروفیت بخاتە ساڵەکەمان.
- یەکەم؛ ئەوانە کولیکە نیسانن نەوەک لالە، ئەی نابینی پەڕەکانیان ناسکترن؟ دووەم؛ من دەمەوێت بیخەمە سەری مەلەکی دڵم! (بە هێواشی لەسەر سەریم ڕێکخست) چون تا تۆ لەگەڵم ڕێک بیت. ئاسمان، خودێ و تاووسی مەلەک لەگەڵمن.
- ئەی شێت! (ئەمەی بە بزەیەکی شەرمنانە گوت)
- دالیا... ناوی کچی دووەممانە! (گوڵێکم خستە نێو زولفی)
- ناوێکی خۆشە. (لەوکاتەی خۆی سەرقاڵکردبوو)
- ئەمەش گوڵێکی جوانە وەک خۆت.
- بۆ بە تەمای چەند منداڵمان بێت پسمام؟ (ئەوەی گوت لەوکاتەی کوڵمەکانی لە کولیکەکان سوورتر بوبوون)
- ئەمەش تالیا...(گوڵە حاجیلەیەکم لە قژی دا) بەر لەوەی بپرسی، ناوێکی بیانییە و برادەرێکی فەلە فێری کردووم، بە واتای ڕۆشنایی بەهەشت یان شەونمی بەهەشت دێت... باشم لە بیر نییە.

لەم کاتەدا کارەکانی جێهێشت ، بە زەردەخەنەوە سەیری چاوانمی کرد:

- چیدی باوکی لالە؟ وابزانم ماڵەکەمان پڕ دەکەی لە گوڵ، وەک چۆن قژت کردووم بە باخچە! ئەی ناتەوێ هاوشێوەی خۆت کوڕێکی جوان و جوامێرمان

هەبێت ؟

- بێگومان... ئەمەش شیڤان( گوڵێکی زەردم لەبەر دەمم لێکردەوە، لە نێو قژیم دانا ) تا وەک شوانێک ئاگای لە خوشکەکانی بێت.
- چوار منداڵ؟ کەم نییە؟ (بە پێکەنین)
- خۆت دەزانی، گەلێکی چەوساوەی ژێر دەستەی بێ نەواین، بەردەوام لە ژێر فەرمانین!(هەستمکرد بە جددیەتەوە سەیرم دەکات) بە پێی فەرمانی شێخادی، دەبێ ئاگامان لە رەچەڵەکی خۆمان بێت و ژمارەمان زۆرکەین، دەنا کافرەکان لەنێومان دەبەن.

زۆر بە ئارامی سەیری دەکردم، لە چاوانی هەستێکم بینی، کە ئەم وتانەی من دەیڵێم، هەرچەندە لە هەندێکیان ناگات؛ بەڵام منی لا خۆشەویستتر کردووە. ئاخر من تەنها بە ئامۆزاو خۆشەویست نازانێ؛ بەڵکو خۆی بە قوتابییەکی گوێڕایەڵ دەزانی، هەرگیز دەمەتەقێم لەگەڵ ناکات.

- ئەرێ ئێوە تەواو نەبوون؟ (عەمشە ئەمەی بە دەنگە تیژەکەی گوت)

دەزانن، قەد ئەو ئافرەتەم خۆشنەویستووە، چاوباز، سووک و زمان لووسە. بەردەوام لەگەڵ گەنجان دەوەستی و تریقوهۆڕی پێکەنینیتی.

- تۆ چۆنی میرزا؟ (هەر خۆی بەردەوامبوو) چیت دەست نەکەوت ئەمڕۆ؟ (بەپ ێکەنین چاوێکی لێکردم)
- تۆ بڕۆ، تۆزێکی تر دێمەوە! (شیرین ئەمەی پێگوت)

من هیچم نەگوت، کەچی ئەو هەر وەستا بوو، بە چاوە بزێو و زەردەخەنە هەراسانکارەکەی، خەریکبوو ئارامیم لێ ببڕی.

- ئاخر خۆت دەزانی، دایکەکانمان خەریکی چێشت لێنانن بۆ خێرات، پێویستە یارمەتیان بدەین. (ئەمەی گوت و دووبارە بە چاوە زەقەکانی سەیری کردم؛ ئەوەی هەمووی مەکر و نازە)

کاتێ بینی هەردووکمان وەڵامی نادەینەوە و بێ دەنگین، لەوە گەیشت کە حەز بە مانەوەی ناکەین، بۆیە بە کڕی دوورکەوتەوە.

- دەزانی چییە دۆتمام؟ هیچ کەیفم بەو کچە نایەت، نازانم چۆنە!(ئەوەم بە شیرین گوت)
- کچێکی زۆرباشە، بەڵام کێشەی ئەوەیە بەرقەش و چاو لە دەرە! (شیرین ئەوەی بە پێکەنین گوت) لە هیچ سڵ ناکاتەوە، باوەڕدەکەی لەیەک کاتدا پەیوەندی

لەگەڵ دوو کوڕ هەیە؛ چەندە شەرەمە! (بەدەم ئەم قسانەوە دەستی لەسەر دەمی دانا )

بە بیستنی ئەم شتە، دڵم خورپەی کرد! ئاخر نامەوێ شیرینە خۆشەویستەکەم، هاوڕێیەتی ئەم جۆرە کچانە بکات، ئەوانەی بە ناپەسند ئەژمار دەکرێن، ئەوانە وەک زیوان وان؛ کاتێ تێکەڵ بەگوڵە گەنم دەبن، لە کۆتاییدا گەنمەکانیش پووچەڵ دەکەن. ترسام ئاکارە خراپەکانی، کاریگەریان لەسەر ئەم پەریەسادە دڵسافە هەبێت، بۆیە گوتم :

- همم... دەزانی مرۆڤ بۆ یەک دڵی هەیە گوڵم ؟(بە هەردوو چاوە شینەکانی بە ئاگاداریەوە سەیری کردم) تا یەک کەسی خۆشبوێت. دڵ گرنگترین بەشە لە جەستەی مرۆڤ، خۆ خودێ دەیتوانی وەک چۆن دەست، چاو، لاق، گورچیلە... چوزانم زۆر شتی دیکەی بە جووت داوە، ئاواش دوو دڵی لە سینەی مرۆڤ دانابا، بەڵام ئەو ئافەریدەیە؛ زانی یەکی بەسە! تا یەکجار بژیت و تەنها یەک کەسی خۆش بوێت. خۆشەویستی وەک کراس وایە، تەنیا بۆ یەک کەس دەشێت، یەک کەس لەبەری دەکات. ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دووکەس هەیە، ئەوە عاشق نییە و ئەوەی دەیکا عەشق نییە، ئەوە نەخۆشیە و دەبی بچێتە لای پزیشک.
- ئەی ئەوەی سێ کەس بناسێ؟ ( شیرین بە دەم پێکەنینەوە، بە چاو ئاماژەی بۆ عەمشەکرد، ئەوەی لە پێدەشتەکە دەڕۆیی و هێشتا دوور نەکەوتبۆوە)

بەم قسانە زۆر دڵم توندبوو، بۆیە بە پەلە گوتم:

- ئەوە بەدڕەوشتیە نەوەک عەشق، دەزانی هەندێجار بەزەییم بە عەشق دێتەوە! چون خۆی لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکی روحیە نەوەک جەستەیی، کەچی ئێستا لەم زەمانەدا، سەرجەم کارەکانی هەوەسبازی، بەدڕەوشتی و جەستەفرۆشی دەخرێنە ئەستۆی عەشق و خۆشەویستی.

هەستمکرد لە شەرمان سەری نەویکرد، منیش دەستم برد و چەناگەم بەرزکردەوە، چاوم خستە نێو چاوانی و گوتم:

- ئازیزم، عەشق وەک مردن وایە و تەنها یەکجار دێت؛ روحت دەبات و دەیدات

بە مەعشوقت و تەواو! ئەو نامرۆڤانەی تۆ باسیان لێوە دەکەی نەساغن، لە باری نەخۆشیدا دەژین نەوەک عەشق، گرانەتایەکە و لە ماوەی هەفتەیەک دەیپەڕێنن، پەرتێیەکی کاتییە و رووخساریان ناشیرینتر دەکات، هەم خۆیان و هەم ناوی عەشق سووک و ریسوا دەکەن. عەشق وەک ئاوی کانی سپی پاکە؛ تەنها لە دڵەخاوێنەکان هەڵدەقوڵێ و ناخەکان دەشواتەوە.

دووبارە بە ناسکی و شەرمەوە سەری دانا، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- دەنا زۆرت ئاگا لێبیت پسمام، ئەو دڵەی من ئەمانەت و سپاردەیە لای تۆ.

کاتێ شیرین ئەو قسانەی کرد، ئاگرم تێبەربوو و گوتم:

- دڵ؟ بۆ من هیچم لا ماوە؟ دڵ، گیان و هەستم هەمووی لە نێو پەنچە ناسکەکانی تۆیە، شازادەی لالش.

بە دەم ئەم قسانە دەستم درێژکرد تا دەستە ناسکەکانی بگرم؛ کەچی هاوشێوەی کارمامزێك، چۆن بە بینینی راوچی دەشلەژێ، ئاوا راچڵەکی و دوورکەوتەوە.

- زۆر دواکەوتین و دەبێ بڕۆم پسمام.

- باشە گوڵەکەم، بەڵام یەک داواکاری، تو تاووسی مەلەک، لەگەڵ عەمشە و هاوشێوەکانی هاوڕێیەتی مەکە، زۆر بە خراپە باسی دەکرێت! (ویستی قسە بکات) دەزانم دڵم، دەستەخوشکی منداڵی و دراوسێتانە، بەڵام دەکرێ گوێڕایەڵی قسەکانم بیت، دۆتمامە ئازیزەکەم؟

- تۆ ئەمر دەکەی پسمام، هەرچییەکی تۆ دەیڵێی.

بەدەم ئەم قسانەوە، لەشوێنی خۆی راپەڕی، وەک کارمامزێکی چیای شەنگال بە راکردن بەرەو خوارەو رۆیشت، لە شوێن خۆم هەڵسامەوە، بەشێوەیك، چاوانم هەر لەسەر ئەو بوون. بەم جلە سپییەی بەری، وەک کۆترێکی سپی لە شەقەی باڵی دەدا، ئاوڕێکم لە خۆر دایەوە و دەستمکردە نزا کردن:

ب دەستوری خودێ

یا لەلە

هێڤارا... هێڤارا دەستا

سەیدی فەسلاندبوو

مێر و جندییێت پەدشێنا
سەیدی ئالا سەرمەستا
یا لەلە

خودێ خۆت دەفەرمی: " هەرچی گیانلەبەر و هەرچی ماسییەک هەیە لە ناو زرێدا، هەموویان لەژێر جەنگی منن". گەوەرم، بەندەی بێبەهات میرزای نەوەی میرزا خەنجەرم، ئەو جوامێرە گۆڕبزرەی بە دەستی کافران کوژرا. بەندەی بێدەستەڵات؛ کوڕی بەندەی دڵسۆز و نەوەی شەهیدی رێگات، لەم رۆژە موبارەکە و لەم شوێنە پیرۆزە و لەم ساتەی خۆر ئاوابوون، داوات لێدەکەم ئەم دۆتمامەم بپارێزی و بیکەی بە قسمەت و بەرکەوتی من، خێزانەکی گەورە و شادوومان بین و نەوەکانمان بپارێزە. هاوارە خودێی مەزن، بە جاهی تاووسی مەلەک و شێخادی؛ ئەو زاتە نازدارەی گۆڕی وا لە لالشی پیرۆزە.

ئەی سوارچاکی رۆژهەڵات و رۆژئاوابوون، لە راهی دایک و کچەکەی، لە بەڵاو ناخۆشی و گرانی رزگارمان بکە. ئەی شێخ شێمش؛ خانەوادەکەمان بپارێزە، لە راهی عەرش و کورسی، لە راهی گا، ماسی و ئایەتی کورسی، بەحەقی لەوح و قەلەم ، بابە ئادەم و دایە حەوا، عیسا کوڕی مەریەم. ئەی شێخ شێمش، داوات لێدەکەم باری خێزانەکەمان لە هەموو کاتێک باش بکەی. بە جاهی دورڕەی زەرد، خاک، ئاو، هەوا و ئاگر. زەوی، ئاسمان و بەرد، ئێزدین پادشا و هەر چوار نهێنیەکە. ئەی شێخ شێمش، ئەم نزایەمان قبوڵ بفەرموو؛ لە خۆمان و خێزانەکانمان خۆشبە.

کاتی دوعام تەواوکرد، دۆتمام لەبەر چاوان بزر بوبوو، کەس لەم ناوە نەمابوو؛ تەنها کەڵەگایەک نەبێت، ئەوەی بە هێواشی لە خوار گردەکە دەلوەڕا، خۆریش پەرتەوەکانی پێچابوونەوە و خەریکی ئاوابوون بوو.

# (3)

# پێم دەڵێن کەڵەگا

بەڵێ کەڵەگا؛ هیچ بەرەبەستێک هەیە منیش قسە بکەم؟ جارێ ئێوە جیاوازی نێوان (گا، گوێر، نۆوەند، دۆنە، گاجووت و کەڵەگا) دەزانن؟ چی چی؟ لە من مەپرسن؛ بۆ خۆتان بڕۆن لە زمانەوان یاخود گاوانێک بپرسن؛ تا جیاوازیەکەتان نیشان بدەن.

کاتێ دەڵێم کەڵەگا، واتا نێرینە و کەڵێکی نەخەسێنراوی بەهێز. بەڵێ بەڵێ... من بە تەوای شایستەیی و لیاقەتەوە ئامادەی جووتبوونم، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر سەرسەخت، بە وەج و کەڵەگەتم.

گاڵتەتان بە چی دێت؟ من بەکەم دەزانن؟ مەگەر بە پێی زۆرێک لە ئایینەکان، ئەو زەویەم لەسەر قۆچەکانم هەڵنەگرتووە؟ بەڵێ، ئەو ئاژەڵەی هەسارەکەتانی لەسەر سەر هەڵگرتووە؛ گایەکە وەک من! موسوڵمانەکان پێی دەڵێن (نون) و جووش پێی دەڵێن (بەهیمۆس). ئەوەی پێیەکانی لەسەر یاقوتێکی سەوز داناوە، یاقوتەکەش لەسەر پشتی نەهەنگێکە؛ کە موسوڵمانەکان پێیی دەڵێن (بەهموت) و جووش بە (لۆیاسان) بانگی دەکەن.

بەهەرحاڵ، با واز لەو تڕەکەڵەکە بێنین کە سەرناگریت، چون نە ئێوە باوەڕتان پێی هەیە و نەڕاستیشە، بەڵکو زادەی ئەفسانە و حەکایەتی بەر لەمێژوون، دواتر تێکەڵ بە کلتووری گەلان بووە.

چۆن ئەم شتانە دەزانم؟ مەگەر من روحێکی وێڵ نەبوومە؛ ئێستا لە پێستی ئەم دۆنە (واتا گای رەش) ژیان بەسەر دەبەم؟ نامەوێ درێژدادڕبم و باسی خۆم بکەم، کە چەندم کراس دڕیووە. هەر ئەوەندە بزانن، پێشتر هاوشێوەی ئێوە مرۆڤ بوومە... چی؛ بەڵگە؟ ئەی ئەوەنییە قسەتان لەگەل دەکەم، بارێک زانیاریم پێداون، کە گومانم لەوەنییە زۆرێکتان نەیدەزانی!

ببورن و بە لەوچەم تێمەگەن، لێم مەگرن و با زۆر قسەبکەم، چون ئەمشەو هەژدە

لەسەر نۆزدەی ئەیلولە؛ واتا شەوی چوارەمی جەژنی جەمایێ. چوار رۆژە ئێزدییەکانی هەموو جیهان، لێرە لە لالش کۆبووینەتەوە و تەختی پادشا یەزید دانراوە. سبەی یاری قەباغ دەکرێت، من هەڵبژێردراوم تا بەشداریان لەگەڵ بکەم. چی؟ پەلەمەکەن دواتر دەزانن چییە و چۆنە، بەڵام گومانم لەوەدانییە، کە ئەمە دوا شەوە و خۆرئاوابوونی سبەی نابینم؛ بۆیە حەزمکرد دەردەدڵتان لەگەڵ بکەم.

نەخێر من دوپڵ و دووڕوو نیم، بەڵام زۆرم حەز لە ماڵی دونیا دەکرد، هەر لەسەر یەکم دادەنا و لە خێزانەکەم سەرف نەدەکرد، ئاگام لە هەژاران نەبوو، وامدەزانی ئەوەی بە ئەرك و ماندووبوونی خۆم دەستم کەوتووە، تەنها هی خۆمە و نابێ کەسی دیکە هاوبەشم بێت. بێخەبەر لەوەی کە ئەوە خودێ داویەتی، منی کردۆتە دەرگایەکی کراوە و پێویستە مافی ئەم پارەیە بدەم.

باوەڕبکەن، نەخێرم بۆ خۆم هەبوو و نە بۆ خێزانم. کەسێکی رەزیل و خنس، هەر پارەم کۆدەکردە، وامدەزانی هەزار ساڵ دەژیم. کەچی لەهیکەوە و لە درەنگانی شەو، عزرائیل هات و سپاردەکەی بردەوە؛ و کەس بە هانام نەهات. وای لە مردن کە چەندە سەیرە! حیسابم بۆ هەموو شتێک کردبوو مردن نەبێت. کەچی ئەو هات و هەموو شتێکی تێکدا. پارەکەش بووە کای بەر رەشەبا، ئەوەی خزمان لە پرسەکە خواردیان، ئەوەی تریش منداڵەکان لەسەری بەشەڕهاتن. ئەو ناسیاوە بێبەهایانە، سێ جەمە پڵاو و گۆشتیان دەخوارد، ئەوەی بە دەردەسەری و چاو سپیکردن پەیدام کردبوو؛ جارێ چاوم سپی نەبوبوو کاتی ئەوان حەپەلووشیانکرد. ئەوجا بڵێن چی؟ هەموو بە لایەک ئەو خدرە بیقیمەتەی ئامۆزام بە لایەک، بە رواڵەت دەگریا؛ کە چی لە بنەوە و لەگەڵ هەر پارووێک؛ سەد نەفرەتی بۆ دەناردم. باوەڕبکەن ئەو نەوسنە، نانی لە ناو گۆشت دەنا، نەوەک بە پێچەوانەوە! بەهەرحاڵ... هەمووی رۆیشت.

شتێک بڵێم باوەڕدەکەن؟ ئێستا زۆر ئاسوودە و ئارامترم؛ بڕوابکەن کەڵەگابوون نیعمەتی خودایە! لە بەیانی تا ئێوارە لەو ناوە بەرەڵڵا دەکرێم، تا گەدەم دێشی دەخۆم؛ دواتر لە هەر جێگەیەک حەزبکەم و سێبەری لێبیت، سەرخەوێک دەشکێنم، ئێوارانیش خۆم بەرەو ماڵ شۆڕ دەبمەوە. زستانان هەر لە هۆرەکە دەمێنمەوە؛ جگە لە خواردن و خەو هیچی دی ناکەم. کەی ویستم و حەزم لێبوو، بە نێو مانگاکان دەگەرێم، ئەوەی حەزم چووێی لەگەڵی جووت دەبم؛ و دواتر لە شوێنی خۆم رادەکشێم. دەزانن گاخەو چەندە خۆشە؟ یەکسەر خەوم لێدەکەوی. خەوێکی قووڵی خۆش، نە خەموخەفەتی کرێی خانو، نە بەرپرسیاریەتی هاوسەرگیری و نە ژانەسەری پەروەردەکردنی منداڵ.

گازیندەگی هیچ نییە، جگە لە خواردن، خەو و جووتبوون.

ئێستا کاتێ سەیری مرۆڤەکان دەکەم و دەیانبینم چەندە ماندوو، نا ئارام، پەشۆکاو و بێ هیوان. خۆزگە دەخوازم لێم گەیشتبان و راستیەکانیان لێم وەرگرتبا. بەڵام ئێستا لە دۆخێکی جیاوازدام، لە پێستێکی جیاواز. نازانم تا چەندی دیکە لەم پێستەدا دەمێنمەوە و دواتر دەبم بەچی؛ و بەکوێی دەگەم، بەڵام باوەڕبکەن حەزناکەم ببمەوە بە مرۆڤ!

مرۆڤ! وای ئەگەر دەمزانی گەر، پارەم دەکرد بە کەشتی؛ و بەرەو کەناری کامەرانی دەپەڕیمەوە. پارەم دەکرد بە پاژنەی پێلاوەکانم و بەسەربەرزی؛ بە نێو خەڵک دەرۆیشتم. هەموو شەوی پێنچ شەممەیەک، قەوال یان مجێوری مەزارێکم رادەسپارد، کە لە سەربانی ماڵەکەم هاوار بکەن: " هۆهۆ گەلۆ... سبەی بۆ نانی نیوەرۆ، هەمووتان لە ماڵی حەسەن حەجی خودێدە داوەتن. هۆهۆ گەلۆ... رەحمەت لە دایک و باوکی ئەوەی ئەو دەنگەی دەگاتێ، سبەی فراڤین لە ماڵی کاک حەسەن بکات، کاوڕێکی سەربڕیوە بۆ تاووسی مەلەك؛ هەمووتان بانگهێشتکراون) ئەمەم سێ جار پێی دووبارە دەکردەوە، خەڵکم داوەت دەکرد تا بە زیندوویی سوپاسگوزارم بن، نەوەک دوای مردن و بەدەم پاروو بادان، نەفرەت لە خۆم و باوکم بکەن. وای ئەگەر دەمزانی گەر؛ خزمەتی دایک و باوکم دەکرد، دەستی خێزان و نیوچاوانی منداڵەکانم ماچ دەکرد. سەردانی ماڵی براو خوشکەکانم دەکرد و پارەم پێدەبەخشین. لە رووتەڵە و هەژاران نزیک دەبوومەوە، چەغەم لە دەوڵەمەندە سفڵەکان دەکرد. خۆ هیچکامیان لەو برادەرە ساماندارانە بۆم نەگریا، تەنانەت نەهاتە سەر گۆڕیشم! وای ئەگەر دەمزای گەر؛ خواپەرستیم دەکرد و لە خراپەکاری دوور دەکەوتمەوە. وای ئەگەر دەمزانی گەر؛ بە مەردی و بێ ترس دەژیام؛ ئاخر خواردنی نانێکی رەق بە ئاسوودەیی، زۆر لە خواردنی گۆشتی مامز بە سەرشۆڕی ئاسوودەترە!

وا خەریکە رۆژ هەڵدێ و پێویستیم بە حەسانەوەیە، بەیانی گەشتێکی درێژ و سەخڵەتم لە پێشە. لێرەوە لە مەزاری شێخادی دەست پێدەکات، تا مەزاری شێشمس لە سەر چیای عەرەفاتێ دەڕوات و دواتر دەگەڕێینەوە. گەنجە قائیدیە خوێن گەرمەکان، زۆڕم ماندوو دەکەن کاتێ بە تێلا و شۆڵک دەمهاژۆن، تا دەمگەیننە مەیدانی جڤات و دواتر دەمدەن بە مجێور. خەمتان نەبێت هیچ ئازار نابینم، بە پێچەوانەوە دڵم وەک ئەوان خۆشە، چون ئەوە سەرەتای کراس گۆڕینێکی دیکەیە. هەرچەندە تێدەفکرم نازانم ئەم رێوڕەسمەیان لە کوێی هێناوە، بەڵام گومانم لەوەدا نییە، کە دەگەڕێتەوە سەر یەکێک لە نەریتە کۆنەکانی گەلی ئێزدی، بەر لە مێژوو. لەوانەیە هی ئەوکاتانە بێت، کە

باپیرانمان خۆریان پەرستووە! چی چی؟ لە کویٚ ئەمە دەزانم؟ مەگەر من تا ئێستا چەندین کراسم نەدڕیوە و لەم گەشتە درێژەدا، فێری زۆرشت نەبوومە!

بە راست؛ بەر لەوەی بڕۆم؛ شتێکم ماوە بیڵێم. ئێوە کە ئێستا لە پێستی مرۆڤدان، (دەڵێم لە پێستی مرۆڤدان، چون زۆرێک لەوانەی بە رووکەش مرۆڤن، لە راستیدا هیچ هەستێکی مرۆڤایەتیان تێدا نییە!) بە سادەیی بژین و خۆشەویستی بڵاوکەنەوە، سوپاسگوزاری خودا بن و لەگەڵ خەڵک باش بن. بژین، بخۆن، پێبکەنن، گەشت بکەن و لەبەر بکەن. بەڵام ئاگاداربن چ بچێنن هەر ئەو دەدورنەوە!

هەرگیز ئەوە لەبیرنەکەن، لەگەڵ هاوژین و هاوهەسارەکانتان باش بن. ئاگاداربن ئێوە بە تەنها لەسەر ئەم خاکە ناژین، بەڵکو هەموو ئەوەی لەسەر ئەم هەسارە بوونی هەیە؛ دەژی و گیاندارە! دار، بەرد، ئاژەڵ و بوونەوەرەکانی دیکە.، تەنانەت ئەوانەی ناجوڵێنەوە و ئێوە بە جەمادات و بیٚ گیانیان دەزانن. بۆیە لەگەڵ هەمووان بە میهرەبن؛ و ئازاری هیچیان مەدەن. نەوەک باپیرە، باوان، رۆڵە یان ناسیاوێکی خۆتان بێت، ئێستا لە پێست و قاوغی بوونەوەرێکی دیکە، ژیان بەسەر بەرێت!

# (4)

# کوچەک شەمۆم

- ئەوەی لە هۆزی قائیدیەکانە با لای من بوەستێ...

هەرگیز ئەو رستەیە لەبیر ناکەم؛ بەردەوام گوێی ئاژنم دەکات، کاتێ سەرداری هۆزەکەمان و لە پێنجەم رۆژی جەژنی جەمایی، ئەم چریکەی کرد. ئێمە کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرمی قائیدی، لە دەوری کۆبووینەوە. ئەویش بە شانازیەوە هاواریکرد:

- ئامادەن تا بەدوامەوە، بەرەو بەرێ قەباغێ، لە تەبڵاکی شاخ سەرکەون؟

- ئامادەین تا مردن بەدواتەوە بین، گەورەم! (بە یەک دەنگ هاوارمان کرد)

بێ یەک و دوو؛ دەلحاز وەک تیزکەی تفەنگ، زۆر چالاکانە سەرکەوتین، کەشە پاییزیەکە زۆر لەبار بوو ؛ بۆیە بێ ماندوبوون و ئارەقە، گەیشتینە پۆپەی شاخ، دواتر بە هەمان گوڕوتین؛ گەڕاینەوە خوارەوە و ئاگرمان لە تفەنگەکانمان بەردا. لەگەڵ گەیشتنمان بە بەردەمی گۆڕی شێخادی، مجێورەکە کەڵەگایەکی رەشی خستە بەردەممان، ئێمەش زۆر بە توندی گرتمان، جارێکی دیکە بە هەمان ورە و تین؛ بەسەر شاخەکە کەوتین، لەوکاتەدا هاواری (گا چوو) ئەوە ناوەی تەنیبۆوە، ئامادەبووان وازیان لە هەموو شتێك هێنا و چاودێریان کردین. لە رێگا بە زەبری تێڵا گاحۆڵەکەمان دەبرد بەرێوەو هەرچەندە گایەکی زەلام و ناقۆڵابوو، کەچی دەتگوت ئەویش لە ماهیەتی ئەم رێوڕەسمە دەگات؛ لەوانەیە گەر بڵێم بزەی بۆمان دەکرد باوەڕناکەن! بەهەرحاڵ، بەشێوەیەکی مەعلان بەسەر شاخی عەرەفتمان خست. دیمەنێکی زۆر سەرنج راکێش بوو، بیرمە بە چ حەماسەتێکەوە ئەم کارەمان ئەنجام دەدا. دواتر دوای گەیشتنمان بە لووتکە، بە هەمان شێوەی جاری یەکەم، بە پێشەخۆماندا و هاتینەوە خوارەوە، بەدەم هاوارەوە خستمانە بەردەم سەردار.

هەرگیز ئەو دیمەنەم لەیاد ناچێت؛ کاتێ سەردار هاتە پێش؛ وەک پاداشتێک لەسەر ئەم کارە جوامێرانە، باڵاپۆشەکەی خۆی دایە گەورەی هۆزەکەمان. تا ئەو کاتە مێوان و خەڵکی کۆبۆوەی سەرمەزاری شێخادی، بە کزی و هێمنی وەستابوون، تەنیا سەیریان

دەکـردین، کـەچی بە بینینـی باڵاپۆشـەکە؛ هێرشـیان کـردینە سـەر تـا بیـبەن! وەک هەڵقەیەک دەورمان لە گەورەمان دا؛ ئەوەی عەباکەی سەرداری توند لە ئامێز گرتبوو. بە سـەدان کەس لە گەورە، بچـووک و بەسـاڵاچوو، ژن و پیـاو پەلاماریـان دایـن؛ بە مەبەسـتی رفانـدنی دیـارییەکەی سـەردار. لەو کـاتەدا نـالێم شـەڕ... بـەڵکو رووبەڕووبـوونەوەیەکی نـاوازە هاتـە ئـاراوە. ئـێمە وەکـو کەشـتیەک، بە نێـو تۆفـانی ئەم حەشامەتە، بەرەو بەندەری دەرگای مەزاری شێخادی، کەوتبووینە ڕێ. تا گایەکە بدەین بە مجێوری گۆڕەکە بۆ قوربانیکردن، تەنها ئەوکات خەڵکەکە واز دەهێنێن. هەرچەندە لە دەرگا نزیک دەبووینەوە، پێکپڕژانەکە توندتر دەبۆوە. ئەوکات گەنجێکی سەرگەرمی هوڕبـووم، مەسـەلەکەم زۆر بە جددی وەرگرتبـوو. لـە هیکـەوە، ئەو پیـاوەی پێشم ویستی هەڵقەکە لەلای مـن بشکێنیت، تـا بە سـەرۆک هـۆز بگـات و باڵاپۆشـەکە بڕفێنیت؛ هەرچەنـدە مـەودام نەدا، کەچـی ئەو زۆر بە تونـدی، تـاوی دایە تفەنگەکەی دەستم. ئەم تفەنگەم زۆر لا ئازیزبوو؛ دیاری باوکم بوو. کاتی هەڵمدەگرت؛ هەستم دەکرد سپاردەیەکم خسـتۆتە سەرشـان؛ و زۆرم کەیـف بە خـۆ دەهـات. بـۆیە لەگـەڵ ئـەم کەسـە کەوتـمە کێشمەکێش، لەم راکێش راکێشە لەناکاو دەنگی گوللەیەک هات؛ ئەم ناوەی تەنیەوە!

ژیان لەم ناوە وەستا، سـەرجەم بەشداربووان لە هەردوولاوە تەسبوونەوە، جەستەیەک بە بێنازی لەسەر زەوی کەوتبوو، یەکێک چووە سەر لاشەی پیاوەکە:

- گەورەم، ئەوە گیانی لە دەستداوە! (ئاوڕی لە سەردار دایەوە)

لەگەڵ بەرزبـوونەوەی قیـژەی ئافرەتـان، سـەرجەم چاوەکـان ئاڕاسـتەی مـن کـران، ئـاخر هێشتا دووکەڵ لە لوولەی تفەنگەکەم دەردەهات. شلەژام و نەمزانی چیبکەم؟ لە شوێنی خۆم رەق راوەستام، هەر بەم شێوەی کە لە کێشمەکێشەدابووم؛ دوو پێیەکانم کرابوونەوە و تفەنگەکەم رادەکێشا.

ئامـادەبووان سـەیری سـەرداریان کـرد، ئـاخۆ بڕیـاری چـی دەبێت؟ ئەوەم لەبیرچـوو پێتـانی بڵێم، کە چەندین هۆزی جیاواز لێرە کۆبوبوونەوە، چاوەڕوانی کارەسات لەم هەڵسووکەوتە گەمـژانەی مـن دەکـرا. بیـرمە بە چ سـاتێکی نـاخۆش تێپـەڕیم، هەر سـەیری دەمولێـوی سەردارم دەکرد، ئاخۆ چ فەرمانێک دەردەکات. وابزانم ساڵێکی پێچوو، تـا قسـەکان لە لێوەکانی هاتنەدەر.

- ئەوەی لەم جەژنە بە ڤـەڕە، کـە جـەژنی جەماییـە؛ و لـەم شـوێنە پیـرۆزەی نزیـك مەزاری شیخادی؛ و لە کاتی مەراسیمی قەباغدا بمرێت، ئەوجا چ لە هـۆزی قائیدی؛ یانیش هۆزەکانی دیکە بێت؛ ئەوە خۆشەویستی خۆدێیە و لە بەردەست

شێخادی گیانی سپاردووه. کەسێکی پیرۆز و پاکە، لە میانی جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئایینی گیانی سپاردووە؛ بۆیە خوێنی ناکەوێت و ئێمە قەرەبووی خانەوادەکەی دەکەینەوە.

لەگەڵ درکاندنی ئەم وشانە، سەرجەم خەڵکەکە پەرتەیان لێکرد، هەرچەندە رووداوێکی ناخۆش و نەخوازراو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بە ئەنقەست نەبوو، بۆیە زۆر کاریگەری لەسەر رەوشی گشتی ئاهەنگەکە نەبوو.

راستییەکەی هەستێکی زۆر ناخۆشبوو؛ کاتی بینیم هاوسەر و منداڵەکان بە واوەیلا دوای تەرمەکە کەوتن. زۆر بە مەلوولی لە شوێن خۆم دانیشتم و نەمدەزانی چیبکەم. سەیری سەرۆک هۆزەکەمانم کرد، کاتی گایەکەی بە مجێور دا؛ بۆ ئەوەی سەری ببڕن و گۆشتەکەی بکەن بە سمات؛ و بەسەر خەڵکی دابەشکەن. باوەڕبکەن هەستمکرد کەڵەگاکە هاوسۆزمە و خەمم بۆ دەخوات! بەهەرحاڵ، کاتێ بردیان بۆ سەربڕین، بیرم لەوە دەکردەوە، کە من شایستەی سەربڕینم نەوەک ئەم گایە بەستەزمانە. هەستمکرد دونیا بەسەر سەرمدا کاول بووە و خودێ لێم تووڕەیە. لەوێ کوچەکێکم بینی، لەوانەی بە فەرمانی سەردار هاتن، لەم شوێنەدا دەستیانکرد بە پەرستشکاری، یەکێکیان ئاغەلویك و تاوەی بخوری لە دەست بوو، ئەوی تریان سەری بە زەوی نووساند، بۆ ئەوەی روحی بگاتە خزمەتی باری تەعالا، تا بزانیت گیانی ئەم مردووە چی بەسەرهاتووە.

زۆر بەسەر و سیما، شانو شەوکەت ، ئارامی و ئاسوودەییان سەرسام بووم، حەزمکرد ببم بە یەکێک لەوان. نازانم بۆ ئەم رازەم هاتە نێودڵ؟ خۆ چاک دەزانم ئەوانە لە بۆرە پیاوانن، بۆ بەجێهینانی کاروباری شێخادی دانراون، لە ژێر دەستی بابەشێخ دا، کار و فەرمانی ئایینی جێبەجێ دەکەن و زۆر ماندوون. سەربار؛ ئیرەییم پێیانەوە هات!

هەر بەدەم ئەم کەڵکەلانەوە بووم، کاتێ چەند کوچەکێکی گەنجم بینی، هاوشانی کۆمەڵێك لە خاس، قەلەندەر، چاك و مومینان، دەربەندو کەمەربەندی گولینگداری رەنگاورەنگیان هەڵگرت، بەدەم سەمای رۆیشتنی بەرەو شاخ کێلبوونەوە. بەدەم سروودی هەی جانە و بە پێخواسی رێیانکردبوو. بە جووتە دەیانگووت و بە جووتەش دەیانگێڕاوە:

هەی جانە هەی جانە
ئەو سـولْتانی مێرانە
ئەو باشتیا ئیزیێ
رۆنشتی سەر کورسیێ
هەی جانە هەی جانە

ئەو ســـولْتانی مێرانە

هەرچەندە بە ڕێگای کوچەکان سەردەکەوتن و شێوەیان بچووك دەبۆوە؛ لەبەر چاوم گەورەتر دەردەکەوتن. لە دوورەوە دەمدیت چەندە چالاکانە پێشبڕکێیان لەگەل یەك دەکرد؛ چـون ئەوەی زووتـر بگـات، ئەوا مـرازی حاسـڵ دەبێـت. تـا هاتنـەوەیان لـە شـوێن خـۆم نەبزوویم. بەدەم سەماوە هاتنەوە:

هەی جانە هەی جانە

ئەو ســـولْتانی مێرانە

شێخـادی شامی هاتە

لالــش کرە خـەبـــاتە

زۆر بە ڕێکی و بە دەم مەدحکردنی کەرمی شێخادی، ڕێیانکردبوو. هەریەکەو قـۆل وکـۆلکە دارێکـی بـەهۆی دەربەندەکـەوە بە پشـتی وەکردبـوو؛ هێنایـان و دایـان بـە خزمەتکارانی مەزارەکە؛ ئەمەش بە مەبەستی سووتەمەنی و چێشت لێنان.

ببورن، دەزانن بۆ ئەم هەموو یادگاریە ناخۆشانەم بیرهاتۆتەوە؟ چون ئێستا سەرێکم لە ماڵی باوکمدا، ئەو تفەنگە ژەنگاویەم بینی، کە ئەو ڕۆژە بۆ خۆبادان لەنێو خەڵک، بە شانم وەکردبوو. کارەساتەکە جەرگبڕ بوو، لەو ڕۆژەوە بە دواتر، کەس دەستی لێنەداوە و هەر بە دیوار هەڵواسراوە.

ئەو شـەوەم قەد لەیـاد نـاچێ، دوای تاریـک بـوون، کوچەکەکـان و لـە ڕێگـای هەڵگیرساندنی دەیان چەقلتوو، ناوچەکەیان کرد بە چراخان. ئاگرێکی گەشی جوان، کە لـە ڕۆنـی زەیتونـە پاراوەکـەی مەزارگەکـە سـەر دەگـرت. دەتگـووت خـوێنی خاکـە پیرۆزەکـەی لالشــە، لــە میــانی ررۆنــی زەیتونــە خاوێنەکانــەوە؛ ڕژاوەتــە هــەناوی قەندیلۆکەکان، هاوشێوەی دڵە گەرمەکەی پێکەوتیانی شێخادی دەسووتا و بە پەرتەوی؛ تـاریکی ئـەم شـەوەزەنگەی دەڕوانـد! سـەرباری ئـەم هـەموو چـرا پیـرۆزە، کەچـی هـیچ ڕۆشـناییەک نەکەوتە دڵـم و نـاخم غـەرقی تـاریکی بوو،گریـانی هاوسـەر و منـداڵەکانی کوژراوەکە، لەبەر چاوم لانەدەچوو؛ شین و فیغانیان ناخئاژنیان دەکردم.

هەر لەو شوێنە مامەوە. لە تاریکی شەودا؛ کوچەکێکم بینی، بۆ خودێ دەگری و خەریکە عەشقی خودایی دەیسووتێنی. لێی چوومە پێش، نەوەک منی نەبینی؛ ئەسڵەن هەستی بە بوونم نـەکرد! لە جیهانێکی دیکەبوو، لـە خزمـەت بـاری تـەعالا لـە شـەقەی باڵی دەدا. ئەوکات خۆم یەکلایی کردەوە؛ بڕیاری خۆمدا! هاوشێوەی یەکێک لەو سەدان چرایەی لالش؛ چاوم بریسکەی دایەوە.

تـا بەیـانی خەوم لێـنەکەوت. هەزار خەیـاڵ بە بیرمـدا گوزەریـان دەکـرد، هاوشێوەی شـەپۆڵەکانی دەریایـەك؛ منیـان دەهێنـا و دەبرد. چەنـد جارێـک وەنەوز گـرتمیەوە و هەر خەونی ناخۆشم دەبینی. بەیانیەکەم زۆرباش لە بیرە ، ڕۆژی شەشەمی جەژن بوو. خەڵک بەرەو گوندەکانیان دەگەڕانەوە و شوێنەکەیان چۆڵدەکرد. هەر گوندێک شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو. کە ساڵانە لەوێ جێنشین دەبوون. هەمـووان ڕۆیشـتین جگە لە تاژیـەکان، خەڵکـی هەردوو گونـدی باشـیک و بـازان، ئەوان وەکـو ئەرکێکـی ئـایینی مـابوونەوە، نـاوچەکە و گۆڕسـتانەکەیان لە پـووش، پەلاش و گلیشـی ئەو چەنـد ڕۆژە، خـاوێن دەکردەوە.

منـــی دڵتـــەنگ لەگەڵ هۆزەکـــەمان نەگەڕامەوە، زۆر بە کـــز و مـــەلوولی، بەرەو مەزاری پیـرۆزی شێخادی ڕۆیشـتم. لەوکـاتەدا کـوچەک و دەروێشانم بینـی، کە چـۆن (بەری شـەباکێ ) ئەو تەختـەی کـاتی خـۆی شـێخادی لەسـەری دانیشـتووە، زۆر بەرێزانـە دەبەنە ژوورەوە، ئەوەی لەم پێنچ ڕۆژەی پێشوودا، هێنرابوویە دەرەوە، وەک مـوفەرەک لە شوێنێکی تایبەت دانرابوو.

وەک نەریتی باو، سەرەتا نیازێکم لە دڵە خەمناکەکەم گرت، دواتر چوومە لای ئەو کەسـەی، کە مـام ناوەنـدی لەگـەڵ بابەشـێخ دەکـات. شـتێکم پێـدا و ئەویـش پـارچە سـیپاڵێکی پێدام، کە لە لایەن بابەشـێخەوە هـاتووە. کـەچی دڵـم ئـاوی نـەخوارد، منـی ڕۆژڕەش مکوڕبووم بابەشێخ ببینم. هەرچەندە هەوڵیدا ئارامم بکات، بەڵام بێهوودەبوو؛ بە ناچاری منی بـردە مـاڵێکی تەنیشت گـۆڕی مـوبارەکی شـێخادی، ئەوەی بابەشـێخ لێـی دادەنیشـت. دوای دەسـت مـاچکردن؛ بە دەم گریـانەوە راسـتەوخۆ و بەبـێ نێوەنـدگیر، بابەتەکەم بۆی باسکرد، فرمێسک و لیکاوم تێکەڵ بە یەك بوبوون :

- ئەوە مـن بـووم بابەشـێخ، مـن بـووم دوێنـی ئەو تـاوانەم ئەنجامـدا. نەمدەویسـت بیکـوژم، بە خـودێ نیـازم نەبـوو... هەڵەی ئەوبـوو کە ویسـتی تفەنـگەکەم لـێ بسـتێنێ، بە هەردوو دەسـتی لـوولەکەی ڕاکێشـا. بـاوەڕبکە کـاتی کەوتە سـەر زەوی، وامزانی گاڵتە دەکات و نەمزانی مردووە!(بە گریانێکی بەکوڵ ) هەرگیـز نیـازم نەبـووە هـاوخوێن و هاوئـایینم بکـوژم بابەشـێخ، تاووسـی مەلەک بـگە بە هانام.(بە گریان)
- ئـارامبە ڕۆڵە.(بە هێمنـی وایگـوت و دەسـتی خسـتە سەرشـانم) تـۆ لە هـۆزی قائیـدی و نەریتەکـانی ڕێوڕەسمی قەبـاغ وان. دەبـێ هەمـوو لایەک بە هـەموو تواناییـانەوە بەشـداری بـکەن. ئێـوە هەوڵـی پاراسـتنی عەبـاکە و ئەوانـیش هەوڵـی

فراندنی بدەن.

- ئاخر ئەو مرد بابەشێخ...(بە گریان وامگوت) من بە روالەت خۆم دەنواند، بە هەڵە دەستم بە پەلاپیتکەکە کەوت، کەچی ئەو بە راستی مرد!
- ئارامبگرە کوڕی خۆم. پرسیارێکت لێدەکەم، تۆ بۆ بە پێخواسی هاتووی؟ بۆ هەفتەیەکە لێرەی و دونیات جێهێشتووە؟

بە چاوی پڕ لەگریان سەیرمکرد و هیچم نەدرکاند ...

- چون ئێرە لالشی نورانیە. پیرۆزترین جیگای سەر زەوی. ئاخر خوای گەورە بێهوودە شێخادی نە ناردۆتە ئێرە، بۆ رووناککردنەوەی هەموو جیهان.
ئێرە... قەدپاڵی چیای شێخادی؛ ئەم ناوچە دلڕفێنەیە؛ ئەوەی لە لایەن تاووسی مەلەک دەست نیشانکراوە بۆ شێخادی، تا دونیا ئازاد بکات. ئایا هەستت بەوە نەکردووە، ئێرە زۆر ئارام و هێمنە؟ ئاخۆ لێرە جگە لە بێدەنگی، ئارامی، هەوای پاک، سەوزایی و داری بەرز؛ هیچ شتێکی دیکە بوونی هەیە؟ دەزانی بۆ وایە؟ چون ئێرە شوێنی دابەزینی پەروەرگار و جێنشینی فریشتەکانە. ئێرە هەوێنی درووستکردنی گەردوونە. لالش کر کنیاتە. بەڵێ، خودێ ئێرەی کردووە بە بەردی بناغەی هەموو کنیات.

کاتێ بینی هەر دەگریم و ژیرنابمەوە، دەستی گرتم و لە قسان بەردەوامبوو:

- دەزانی بۆ دەبێ خەڵک بەر لەوەی بگەنە ئێرە، کەوش دانێن و بە پێخواسی بێن؟ ئەلێرە خودێ قسەی لەگەڵ موسا کرد و پێی گوت: " سۆڵەکانت لە پێکەوە، چون تۆ لە دۆڵە پیرۆزەکەی!". هەربۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئێمە لەو فەرمانە دەرناچین.
دەزانی لالش واتای چییە رۆڵە؟ واتا شوێنی ئارام و پیرۆز، ئەوجا ئارامبە، چونکە ئێرە شوێنی خۆشەویستی، لێبووردەیی و کامەرانیە.

هەرچەندە ئەو هەوڵی ئارامکردنی منی دەدا، کەچی بە پێچەوانەوە، بە بیستنی ئەم قسانە، ترسێکی زیاتر کەوتە ناخم و دەستمکرد بە گریانێکی بە کوڵ و گوتم:

- خاکم بەسەر، من لەم شوێنە پیرۆزە؛ بەناهەق خوێنی برایەکەم رشتووە، دەترسم کەنەفت بکرێم و لە نێو هۆزەکەم دەرکرێم... من تاوانبارم!

بەم گریانە زۆر کاریگەربوو، بۆیە دڵی دامەوە و بە هێمنی گوتی:

- رۆڵە گیان، تۆ لە کاتی پەرستشکاری و لە میانی جێبەجێکردنی رێوڕەسمێکی ئایینی؛ بە نەزانی و بێ ئەنقەست کەسێکت کوشتوە. تۆ رۆڵەیەکی بە

ئەمەکی تاووسی مەلەکی. دەزانی کێ دوور دەخرێتەوە و کەنەفت دەکرێت؟ کێ لە نێو ئێزدیان دەردەکرێت؛ و لە کۆمەڵگەی شێخادی وەدەر دەنرێت؟ ئەوەی نهێنی ئایینەکەمان لای کافران ئاشکرا دەکات، ئەوەی دەستکاری فەرموودە و قەولە پیرۆزەکان بکات، ئەوەی گوێڕایەڵی دەقە پیرۆزەکان نەبێت. ئەوەی کارێکی حەیابەر ئەنجام بدات. ئەوکات دەستەڵات دەدرێتە سەردارەکان؛ تا ئەم کەسە تاوانبارە کەنەفت بکەن. بەڵام ئەم کارەش ئاوا بە هەڕەمەکی ناکرێت، بەڵکو لە رۆشنایی بەڵگە، بیانوو و پاژەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرێت. کەچی تۆ کەسێکی خاوێن و ئێزدیەکی باشی، هیچ تاوانێکت ئەنجامنەداوە. هەڵسەوە کوڕی خۆم، بڕۆ دەمووچاوت بە ئاوی پیرۆزی زەمزەم بشۆ و بێخەمبە.

بە بیستنی ئەم قسانە شاگەشکەبووم، بە دەم فرمێسکەوە هاوارم کرد:

- پایەداربێت بابە شێخ... ئێستا دڵم ئاوی خواردەوە.

زۆر بە هێمنی سەیری چاوانمی کرد، هەرگیز ئەم نیگا پیرۆزانەی لەیاد ناکەم، زۆر بە نەرمی گوتی:

- گوێبگرە کوڕی خۆم، وادیارە تۆ کەسێکی کارچاکی، ئەگەر ئەم کەسە کۆچکردووە خاوەن ژن و منداڵ بێت، کەس نەبێت چاودێریان بکات، دەتوانی ژنەکەی مارەبکەی و سەرپەرشتی منداڵەکان بکەیت. وەکو قەرەبوویێک ئەرکی خێزانەکە هەڵگری.
- گەورەم!( خێرا گوتم) دەمەوێت بە شێوەیەك خۆم لەم کارە خاوێن بکەمەوە؛ کە سوودم بۆ هەموو میللەت هەبێت، نەوەک تەنها خانەوادەیەک، دەمەوێ وەك کوچەکێك دەست بەکاربم، تا ماوم خزمەتی ئایینەکەمان بکەم، بەڵکو خودێ لێم خۆش دەبیت.
- رێگایەکی ئەستەمت هەڵبژارد رۆڵە، کۆت و پێوەندی قورست دەخرێتە سەر، لە زۆر ماف بێبەش دەبیت؛ دەبی بە تەواوی ملکەچ و کەساس بیت، بەردەوام دڵی پیر و شێخی خۆت ڕاگریت، تۆ شێخت هەیە؟
- نەخێر گەورەم.(بە دوودڵی وەڵامم دایەوە)
- من یارمەتیت دەدەم، سەرەتا برۆ بە ئاوی پیرۆزی کانی سپی خۆت خاوێنکەوە، پاشان وەرەوە ئێرە.

بە یارمەتی نێوەندگیرەکەو؛ بە ئاوی ساردی کانی سپی خۆم شووشت، جل و بەرگێکی تایبەتیان دامێ؛ کاتێ هاتمەوە خزمەتی؛ بابەشێخ بە دەستە موبارەکەکانی خۆی

پشتێنێکی تایبەتی لەپشتم بەست، ئەوەی ئەڵقەیەکی مسی پێوەبوو و گوتی:

- باری تەعالا لە جەلوە دەفەرمێ: " بە گوێی دەس و پێوەندەکانم بکەن، هەرچیتان پێ دەڵێن گوێیان لێ بگرن)". لەمەودوا تۆ دەبیتە یەکێك لەو دەس و پێوەندانە، دەبیتە دەنگی بیستراوی خوا؛ ئەوەی بە خورپە یا خەون دێتە نێو سینەت، باری تەعالا جگە لە زەینێکی ساف، بینندگییەکی روونت پێدەبەخشێ؛ تا دێرە نەنووسراو، رووداوە گەورە و بەسەرهاتە ئایندەییەکان ببینیت، بۆ خەڵکی شیبکەیتەوە.

گوێبگرە رۆڵە، تۆ ئێستا کوچەکی و دەبی بگەڕێی و ماندوو بیت، لە کوچەکە بە ساڵاچوەکان شت فێربیت. چون دواتر تۆ بە دەمی خودێ، شێخادی و پیاوچاکان قسە دەکەیت. کاتێ ئەم گریانەی تۆم بینی، هەستمکرد دڵت زۆر خاوێن و سادەیە، بۆیە ئەم شەرەفەم پێبەخشی، بڕۆ بە بەرەکەتی تاووسی مەلەک.

لەگەڵ تەواوبوونی وتەکانی هەردوو دەستیم ماچکردن، بە ئاسوودەیی بەگەڵ کوچەکان کەوتم. ئەوە پەنجا ساڵە کوچەکم؛ تەنها و تەنها پەرستشکاریم کردووە، لە کاتی گرانی، قەیران و برسیەتیدا، بە فەرمانی بابەشێخ، شەو تا بەیانی نزام کردووە، لەمیانی کڕنووشێکی درێژ، سەرم خستۆتە سەر زەوی، تا لە مەلەکوتی ئەعلا نزیک بم؛ لە ماهیەتی رەوشەکە بگەم و بۆ خەڵکی شیبکەمەوە. لە ماوەی ئەو نیو سەدەیە، بەردەوام لە خەڵک نزیک و لە دەستەڵات و سیاسەت بە دوور بوومە، قەد نەمویستووە ئەم جلە پیرۆزەی بەرم، بۆ مەرامی تاکە کەسی بەکاربێنم، قەد نان و پیازم پێی نەخواردووە. لەوانە دوورکەوتیمەوە کە بە نێوی کوچەکی، هەوڵی دانانی تۆوی دووبەرەکی بوونە، لەوانەی ویستوویانە بگەن بە پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. زۆر کوچەک هاتن و بە هەڵگرتنی پەیامی ناڕوون و داواکاری گەورە، رەوشەکەیان تێکدا؛ خۆیان لەنێوبرد و سەریان لە خەڵک شێواند.

بەینی خۆمان بیت، هەرگیز حەزم بە گردبوونەوە، باسە سەیر و سەمەرەکانی کوچەکان نەکردووە؛ و خۆم دوورە پەرێز راگرتووە. نەک لەبەر ئەوەی باوەڕم پێیان نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی کەسێکی بێبەهای تاوانباری وەک من، هیچ کەرامات و شتێکی ئەوتۆی نییە، کە شایستەی گێڕانەوە بێت. بیرمە شەوێک لەگەڵیان دانیشتم و شتی سەمەرەم بیست، منی گەنجی تازە کوچەك، هەر تەنیا گوێم لەوان دەگرت؛ ئەوانیش شانازیان بە توانا ناوازە، پەرجۆ و کەرامەتەکانیان دەکرد. یەکێکیان گوتی: " هەموو شەوێ لە خەون، بە دیداری شێخادی دەگەم و تا بەیانی قسە دەکەین، هەموو

شتێکم لا دەدرکێنی، هەموو شتەکانم پێ دەڵێ، لەوانەی روویانداوە و لەوانەی دواتر روودەدەن!". ئەوەی تەنیشتم گوتی: " لەتوانام دایە، روحی خۆم بخەمە سەر هەر شێوەیەک کە دەمەوێ، ئەوجا بەهەر شێوەو قەبارەیەک بێت، زۆر بە ئاسانی دەچمە نێو پیستەکەی. گا بێت یا مەیمون، مار بێت یانیش پشیلە! ". راستیەکەی راچڵەکیم؛ کەمێك لێی دوور کەوتمەوە، کەچی ئەوەی بەرامبەرم بە هێمنی گوتی: " هەموو شەوێک مێوانم هەیە، هەر شەوە و پەیامبەرێک، دێتە ئەو کۆخە بچکۆلانەی لێی دەژیم، دوێنی شەو شێخ شەمش، لەسەر شێوەی پەیامبەر مەسیح هات، چای لەگەڵم خواردەوە!". لە حەژمەتان چایەکەی دەستم دانا، لەوکاتەدا کوچەکە بەساڵاچووەکەی تەکم، هاتە قسەکردن، ئەوەندە بە تەمەن بوو، پشتی پێ راست نەدەکراوە، بە دەنگێکی هێواش گوتی: " زۆر دونیا گەڕاوم و لە سەردەمی جیاوازدا ژیاوم، بیرمە جارێکیان لە نزیک ئەو موسڵە، سواری کەشتیەک بووم، لەناکاو دەریا شێت بوو، شەپۆلی بە قەد چیاکان بەرز دەبۆوە، هەموو شتێکمان فڕێدایە ناو دەریا، کەچی بێهوودەبوو، خەرێک بوو کەشتیەکە نغرۆ بێت. کەشتیوانە لێزانەکە، بڕیاریدا یەکێک لە سەرنشینان فڕێداتە نێو دەریا، دوای تیروپشک، بەساڵاچوێکیان دەست نیشانکرد و فرێدا؛ یەکسەر دەریاکە کپ بۆوە، دواتر زانیم ئەم بەساڵاچووە نەبی یونس بووە و نەهەنگ قووتی داوە!". هێلبوومەوە! بەر لەوەی هیچ بڵێم ،ئەوەی بەرامبەر کە تا ئێستا قسەی نەکردبوو، بە زمانێکی شیرین و گفتێکی جوان هاتەگۆ: " بەر لە ماوەیەکی گەڵێ زۆر، لەوکاتەی لە دیداری باری تەعالا بووم، لێی پرسیم و فەرمووی: " بە دیدی تۆ کات نەهاتووە پەیامبەر مەسیح بنێرمە سەر زەوی؟" منیش ل هوەڵامدا گوتم: بەڵی قوربان کات، کاتی دابەزاندنی مەسیحە، ئەویش بە قسەی کردم، یەکڕاست ناردیە خوارەوە بۆ سەر زەوی!".

ئێستا پەنجا ساڵە کوچەکم، باوەڕبکەن لەم کردارە پەشیمان نیم. نەخێر، ئەو دەستانەم هەر خەریکی دوعا و چاکەکاری بوونە، هەر بۆ خودێ بەرزکراونەتەوە؛ تەنها بۆ خواردن و سڕینەوەی فرمێسک هاتوونەتە خوارەوە. هەرگیز رۆژێ لە رۆژان، ئازاری مێروولەیەکم نەداوە. دەزانم ئێستا لەو خەنجەرە دەپرسن، ئەوەی لە باوڵی جلەکانم هەیە، بە قەدیفەیەکی سوورم پێچاوە، پەلە مەکەن، خۆ جارێ تەواوی بەسەرهاتەکەم بۆ نەگێراونەتەوە.

دوای رووداوەکە، سەرۆکی هۆزەکەمان هاتە لام، باڵاپۆشی سەرداری بەمن بەخشی، بەڵکو تۆزێک دڵم ئاو دەخواتەوە. ئەوەبوو لەگەڵ باوکم و پیاو ماقولان چوینە ماڵی کوژراوەکە، دەستی دایک و باوکە بەساڵاچوەکەم ماچکرد، سەرباری داوای لێبووردن

باڵا پۆشەکەم بەوان بەخشی، ئەوانیش لە بەرامبەردا خەنجەرەکەی ئەویان پێدام. ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ لێخۆشبوون و متمانەپێکردن، چون لە ئایینەکەمان پیاو بۆ نییە، خەنجەر بە رووی هەژاران هەڵکێشێ، بیرمە لەوکاتدا باوکە کلۆڵەکەی گوتی: " ئەم خەنجەرە لای تۆ بێت، چونکە تۆ بوویتە کوچەک و بەندەیەکی خواناس، هەرگیز لە خراپەکاری بەکاری ناهێنی". بە شەرمەزای و دڵتەنگییەوە خۆم نووشتاندەوە، هەردوو دەستیم ماچکردن و ئەویش لە قسان بەردەوامبوو: " نەک هەر ئەوەندە، بە خۆشحاڵیەوە یەکێک لە کچەکانمت پێشکێش دەکەم، بەڵکو لە بڕی کورە مردووەکەم، حەوت ئێزدی ئازا وەک کوڕم و خواناسی وەک تۆ دێتە ئاراوە!" .

ئێستا و بەدەم بیرهاتنەوەی ئەم بەسەرهاتە، هەست دەکەم زۆرم نەماوە و کاتی کۆچکردنم نزیک بۆتەوە، بەڵام ئێستاش بۆ حاڵی خۆم دەگریم، ئاخۆ دەبی خوا لێم خۆش بێت؟ دەبێ لەسەر ئەم کارە سزام نەدا؟

ب دەستوری خودێ
هەی بەنی ئادەمــۆ
مسکینــــــۆ ژارۆ
ئەڤ دونیا مەستەخانە
وەکـی خەونـا شــەڤانە
هـــەڕ و یـــــارا هنانە

ئای مرۆڤی کەساس و کەم ئەقڵ، بە تەمای چی لەم ژیانەدا؟ ئاخر تەمەن کورتە و هیواکان گەلێکن...

ئـــەڤ عـــەرد خانە
مرۆڤ تێدا بازرگانە
هندەکا مالا خۆ بارکر،
هنـــدەکـا ژ نوو دانە

بەڵێ زۆر ئازیز و خۆشەویست، ماڵی خۆی بارکرد و جێی هێشتین...

دنیا خانە و خان دنژی
ژ بـەنیا بوویــە تژی
هنـدەک وێت مـــرن
و هنــــــــدەک دژی

نـازانم بـۆ ئەم قەولانەی مسکینۆ ژارۆ، ئەوەنـدە کاریگەریـان بە سـەرمەوە هەیە، بە

رادەیەک، کە بەردەوام بە بیستنی دەگریم، هاوارە خودێ...

بن ئـــــادەمۆ هەزار سـاڵی تـــەمام کەی
میـــریاتییێ ل شـەرقـی هەتـا ب شام کەی
دمایکێ هەر دێ ژ کاسا مرنێ تام کەی

تو خودێ لێم مەگرن، با بە کوڵ بگریم، ئاخر لە کۆتاییدا، هەر دەبێ ئەم کاسە بنۆشین و ئۆغر بکەین...

مەندۆ مەگری هەقی تەیە
حـزن و گری بێ فایـــدەیە
گۆڕ و کفـن مالا مــەیە
مالا مـەیە... مالا مـەیە

ببورن، هەموو جارێ دوای تەواوکردنی ئەم قەولە، نۆرە گریانێکی بە تین دەمگریت، بەشێوەیەک، فرمێسکە گەرمەکانم، بە نێو کندرِ و لۆچەکانی دەمووچاوە خێر لەخۆ نەدیوەکەم، بەخورِ دێنە خوارەوە و ریشە سپیە درێژەکەم، تەرِدەکەن.

باوەرِبکەن، لەترسی خودێ و لە شەرمی وەستان، بە دەستێکی تاونباری خوێناوی لە بەرامبەریدا. گەلێك زوو بەفری خەم، سەر و سیما تۆزاویەکەمی سپیی کرد.

ئێوە نازانن چ ئاگرێک، لە دڵم گری سەندووە و ناهێڵی خۆشی بناسم. ئاخر کاتی هەوری چرِی پەشیمانی، برووسکەی ویژدان، گەردەلوولی سەرکۆنەکردن و وەرزی تەمەنی بەسەرچوو، لە نیوچاوانی هەر کەسێک کۆدەبنەوە، بەر لەوادەی خۆی، بەفری سپی سەر، پرچ، ریش و تەواوی جەستەی دادەپۆشێت!

هەرکەسێک زوو سەرو ریشی سپی بێت، لۆچ دەمووچاوی بگرێتەوە، ئەوە کەسێکی هەستیارە. هەر لۆچێکی نیوچاوانی یاداشتی خەمێکە، هەر تاڵە موویێکی سپی سەری، ئاواتێکی بەدی نەهاتووە؛ هەر موویێکی سپی ریشی، خۆشەویستێکی لە دەست چووە!

زۆرجار دەپرسن بۆ قژت بۆیە ناکەی؟ ئاخر کاتێ قەدەر نایەوێ دڵت خۆشبکات، هەموو بۆیە، خەنە و سوبغی رەشی دونیا، ناتوانن بەختە رەشەکەت سپیی بکەنەوە. لە بەرامبەردا قژ و ریشت سپیی دەبێت؛ لەوکاتەی لە خەمان، دڵت وەك کویزووخاڵ رەش هەڵدەگەرِێت!

# (5)

# عەمجای ماردینیم

- هۆ هۆ گەلۆ... بە دڵتەنگیەوە ئامۆژگاریتان دەکەم، لەسەر وماڵتان دەترسم، گیانی خۆتان و منداڵەکانتان بپارێزن. تێکرا لە ماڵەکانتان وەرنەدەر، خۆراک و پێداویستی سەرەکی ببەن و بەرەو باشور بڕۆن، دوژمن وا لە ڕێگایە... هۆ هۆ گەلۆ !

هەرچەندە رادەکەم، بەڵام ئەم هاوارەی شێخ حەمۆ هەر دێتە گوێم، ئەو جوامێرەی دوای شکانی بەرەی جەنگ لە گەرووی کورسی، ئەم بانگەی بۆ ئێمە رادێرا، تا لە دەست مەرگ رزگارمان بێت.

خاڵ حەمۆ و فەقیرەکان ئازایانە شەڕیان کرد، هەرچەندە دوژمن بە تۆپ و سەربازێکی زۆر هێرشی کرد، کەچی شێخ حەمۆی سەلار و دانا، لە ڕێگەی بۆسەیەکی تۆکمەدا، توانی دەیان جەندرمە بکوژێ، بەڵام دواتر بە هێزێکی گەورەتر هێرشیان هێنا، بۆیە ئەو هاواری بۆ ئێمە کرد، پێمانی راگەیاند کە ناوچەکە جێبێڵین، ئێمەش هەرچی هاتە بەردەستمان، لە هەگبەمان ناو و بەدەم واوەیلاوە، ماڵەکانمان جێهێشت. سەرەتا گوندی مامیسەیان تاڵانکرد و سوتاندیان. وەختی زەردەی خۆراوا بەگوندەکەی ئێمە گەیشتن، من و حەندولە زۆر دوور نەکەوتبووینەوە، لە دوورە چاودێری رەوشەکەمان دەکرد. یەکەم ماڵ کە دەرگاکەیان شکاند و چوونە ژووری، ماڵی مام شەمعون بوو، ئەو بە ساڵاچووەی نەیتوانی لەگەڵ ئێمە رابکات. ئەو نامرۆڤانە، لە بەردەم دەرگا گوللە بارانیان کرد، دواتریش هەموو گوندەکەیان تاڵانکرد و سووتاند. بە بینینی ئەم تراژیدیایە، بە راکردن ناوچەکەمان جێهێشت و هەواڵەکەمان بە هەمووان گەیاند. ژنەکان لە قیژەیاندا، منداڵەکانیش لە ترسان و برسان گریان. ئەم قیژە و فیزاعە، تێکەڵ بە بارەبارِی مێگەڵ و نزای بە ساڵاچووان ببۆوە، بە راستی کاتێکی زۆر ناخۆشبوو.

ئێستا بەم تاریکیە، رەوشەکە تۆزەک هێورتر بوویتەوە، ئێمەش کۆمەڵ کۆمەڵ

لەسەر چیا کۆبوینەتەوە، گەنجەکان لە چەند شوێنێک بە تفەنگ، شمشێر و خەنجەر؛ بە مەبەستی پاراستنی ئەم هەموو خێزانە؛ چەند بنکەیەکی پاسەوانیمان دامەزراندووە.

چی ئێمە کێین؟ ئێمە کۆمەڵە خانەوادەیەکی فەلەین، ماڵەکانمان لە نزیک گوندی جەداله بوو لە ناوچەی شەنگال... چۆن دەبێ؟ لێمگەڕێن با بەم یەک شەممە پیرۆزەی شەوی چەژنی هەڵسانەوەی مەسیح، تۆزەک پشوو بدەم، بەم کەشە ئادارییە ساردە تۆزەک خۆم گەرم بکەمەوە، ئەوجا چیرۆکەکەتان لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕمەوە.

" مردنێکی سەربەرزانە لە غەوارەیی؛ زۆر لە مردنێکی سەرشۆڕانە لە نیشتیمان و لە پێناو حکومەتێکی ناپاک، چاکترە!" . لە ژێر ئەم ناونیشانە، ئێمەی گەنجانی ماردین، سەربازی زۆرەملیمان بۆ دەوڵەتی عوسمانی رەتکردەوە. دوای چوونە پاڵ ئەڵمانیا لە جەنگی گەورەی جیهانی؛ عوسمانیەکان خەڵکیان بە زۆرە ملی دەبردە سەفەربەلك. بەهاری ساڵی هەزار و نۆسەد و پازدەی زایینی بوو، کاتێ هەواڵەکان لە وان و ئەزەروم هاتن، گوایە عوسمانیەکان نیازیان وایە، دەست بە رەشبگیری بکەن. هەرچەندە ئەوان ئەرمەنەکانیان کردبووە بەهانە؛ بەڵام لە راستیدا نیازیان وابوو، سەرجەم فەلەکان قڕبکەن.

ئێمە کۆمەڵێک گەنجی شاری ماردین ( من، حەندولە، حەنجۆ، بلبلی، خودایی، درێج، حیتک، نەعلەبند، ئەسلۆ، تەتەری، ئەسپەهان، ماگۆ، نەعمۆ، بوشە، تازباز... هتد) چوزانم کومەڵێک بووین؛ هاوشێوەی پەیامبەر ئیلیا کۆچمانکرد؛ چۆن ئەو لە ترسی پادشا ئاخابی خوداگیر، هانای بۆ شاری سەیدا برد؛ ئاواش ئێمە لە ڕێگای شامەوە، خۆمان گەیاندە ناوچەی شەنگال.

بیرمە کاتێک پلانی ئەوەمان دانا، بەرەو ناوچەی شەنگال بێین، لە ئایین و بیروباوەڕی خەڵکی ناوچەکەمان پرسی. یەکێک لە پیاوە ئایینیەکانمان، بێ دوودڵی گوتی: " یەزیدیەکان بنەفەلەن، تەنانە لالش کۆنە دێرە. بە هۆی گیرخواردنیان لەم ناوچەیە و دابڕانیان لە ئێمە؛ نەگەیشتنی پیاوانی ئایینی بەوێ، لە ئایین دەرچوون. دواتر بەپێی تێکەڵاویان لەگەڵ موسوڵمان و ئایینە جیاوازەکانی باکووری عێراق، ئەم ئایینە نامۆیەیان لێ هەڵێنجاوە! کەی دووبارە هەلمان بۆ رەخسا، پیاوانی ئایینی خۆمان گەڕاندەوە لایان؛ درک بە راستیەکان دەکەن؛ دەگەڕێنەوە باوەشی مەسیحیەت!".

ئێستا کاتێ ئەو قسانەم بیردێتەوە؛ لە ئاست ئەم باوەڕە پووچە سەردەهەژێنم، ئاخر تا نەهاتم، زۆر شتم بۆ روون نەبۆوە. باشە مام قەشە؛ ئەگەر ئەو قسانەت بۆ ئێزیدیەکان شەنگال تەواو بێت، ئەی چی بە ئێزیدیەکانی شێخان دەڵێی؟ خۆ ئەوان لە پەیوەندییەکی

بەردەوام دان لەگەڵ گوند، شار و کۆمەڵگە کریستیانەکانی دەشتی موسڵ! ئەی باشە بۆ قەشەکانی ئەم ناوچەیە، بە کاری خۆیان هەڵنەستاون لە نیشاندانی ڕێگای ڕاست و گەڕاندنەوەیان، بۆ باوەشی مەسیحیەت؟ ئەوەی من لێرە لەم خەڵکەم بینی جیاواز بوو؛ ئەوەم لێ هەڵێنجا، کە ئەمانە سەدان ساڵە هەر لەسەر ئایینە کۆنەکەی خۆیانن. یەکتاپەرستییەکی ڕەسەنی وابەستە بە خۆر. ئایینێک کە زادەی خاک، خۆڵ، چیا، دۆڵ، دار و بەردی ناوچەکەیە. هەرچەندە ئایینە ئیبراهیمیەکان زۆر کاریگەریان بە سەریانەوە هەبووە، بێگومان ئەوەش لە ئاکامی هەزاران ساڵە؛ و لە دەرهاوێشتەی فەرمان و داگیرکارییەکان، بەڵام دواجار توانیویانە لە ڕێگای هزری میر، سینگی شێخ، خەونی کوچەک و بیری تیژی قەوالان، ئەم ئایینە دەماودەم بۆ نەوەکانیان بگوازنەوە. گومان لەوەشدا نییە، کە زۆرێك شتی تێکەڵبووە، بەڵام دەرەنجام، توانیویانە جیاکاری خۆیان بپارێزن.

کاتێ گەیشتینە شەنگال، فەقیر و گەورەیان حەمۆ شرۆ، بە هانامانەوە هات. سەرەتا ئێمەی دابەشکرد. ئەوەی خاوخێزانی لەگەڵ بوو بردیانە ماڵان، ئێمەی سەڵتیش لە خیوەت و ژووری تایبەت دانراین. لە وێی بووین، کاتی سوڵتانی عوسمانی فەرمانی قڕکردنی ئەرمەنەکانی دەرکرد. خاڵ حەمو نەوەک هەر پێشوازی لێکردین؛ بەڵکو بەردەوام دڵی دەدایەنەوە و پارێزگاری لێ دەکردین. ئێمەی بەسەر گوندەکانی(کۆلەکا، جەدالە و قەسرکی) دابەشکرد. هەموو خەڵکی ناوچەکەی کۆکردەوە، پێیگوتن: " هەر کەسێك دەست درێژی بکاتە سەر فەلەیەک، نەوەک دەستی؛ بەڵکو ملی دەبڕم. ئەوانە داوێنگری ئێمەن، پەنابەری وڵاتی شێخادین!".

بەهار و هاوینێکی بێ کێشەمان بەسەر برد. تاکە ناخۆشی ئەوەبوو، دڵمان لای کەس و کارمان بوو لە نیشتیمان. کەچی پاییز نەخۆشی گرانەتای لەگەڵ خۆهێنا، زۆربەی گەنجان و لەبەر نەبوونی داو دەرمان، تووشی ئەم پەتایە بوون، هەندێ سەرۆک عەشیرەت ترسی بڵاوبوونەوەی پەتاکەیان لێ نیشت. عاشوری سەرۆک هۆزی ماملی، دەستیکرد بە دژایەتی کردنمان، کار گەیشتە ئەوەی لە ماڵەکانی گوندی مامیسە بە دەرمان نێت! داوایکرد لە یەک ماڵ کۆبکرێینەوە، تاوەکو شەنگالیەکان لەم پەتایە رزگاریان بێت. بیرمە من و ئەلیاس مالۆ، کە لەگەڵ ماڵباتی مامی هاتبوو.(ئەو مامەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی لەگەڵ خۆ هینابوو) چووینە لای شێخ حەمۆ. هەواڵەکەمان پێیگەیاند و زۆر توڕەبوو. بە دوای عاشوری نارد و چاوی لێ سوورکردەوە. لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، ئێمە لە چەند خانوێک لە لایەکی گوندی مامیسە جێنشین

بکرێین، تاوەکو ئەم پەتایە بەسەر دەچێت. بەڵام ئەفسوس لەبەر نەبوونی داودەرمان، پزیشک و چاودێری تەندرووستی، بیست کەسمان لەدەستدا. دووبارە عاشور خەڵکی لیَ هاندایین، ویستی لە گوند وەدەرمان نێت. بە شەرمەوە خۆم و تازباز چووینەوە لای خاڵ حەمۆ، هەڵچوو و دەمووچاوی وەک تەماتەی سووری لێهات. بەرامبەر گوندەکەی خۆی (جەدالە)، گردێکی بۆ تەرخان کردین، داوای لێکردین خانوو و کەپر لە دار بەڕوو درووست بکەین؛ تا پاییز بەسەر دەچیت لەویَ جێنشین بین. چون بە هاتنی زستان پەتاکە دەبڕێتەوە، ئەوکات دەتوانین بگەڕێینەوە خانووەکانمان لە مامیسە. بیرمە دەستی لەسەرشانم دانا و بەدەنگە هێمنەکەی گوتی: " جێنشینتان لێرە نزیک لە من، بۆ ئێوە باشترە رۆڵە" .

زستان هات و ژوورێکمان وەک پەرستگا دروستکرد، تیایدا کۆدەبووینەوە، قەشەی کلدانی مام یوسف تفەنگچی، نوێژ و نزای بۆ دەکردین. دواتر چەند خانووێکی دیکەمان دروستکرد. بیرمە کاتی کڵێساکەمان بنیاتنا، هەستێکی زۆر جیاوازم لا دروستبوو. تۆ بڵێی ئەم خوایەی ئافریدەی ئاسمانەکان و زەویـیە؛ ئەوەی ملیۆنەها ئەستێرەی دروستکردووە، پێویستی بەم ژوورە لگبنە بێت تا تیایدا بپەرستریَ؟ تۆ بڵێی ئەو تەنها لە کڵێسا، پەرستگا، دێر و مزگەوت ئامادەبێت و چاوەڕوانی پەرستنی بکات؟ تۆ بڵێی ئەو منەتی بەو نزا، فرمێسک، دڵەکوتە، پاڕانەوە، کوشتن و بڕینە بێت، ئەوەی ئێمە لە پێناوی دەکەین؟ تۆ بڵێی ئەو بەمە رازی بێت؛ کە منێکی خاوەن یەک روح، لە پێناو سەرخستنی ئایینی فەلە یا ئیسلام یان ئێزدی ژیانم ببەخشم؛ لەوکاتەی ئەو بە یەک کاف و نون، هەمـوو شتێک دەکات؟ تۆ بڵێی ئەو رازی بێت، ئێمە لە پێناو ئەو موسوڵمان بکوژین؟ یانیش موسوڵمان بە ناوی ئەو، ئێمە و ئێزدی فەرمان بکەن؟ یانیش ئێزدی لە پێناو رەزامەندی ئەو موسوڵمان وفەلە خەڵەتانی خوێن بکەن؟ من ئاوای نابینم! بە دیدی مـن، هەمـوو شوێنێکی ئەم سەرزەمینە سەوزە؛ و ژێر ئەم ئاسمانە شینە پەرستگایە، مزگەوت و کڵێسایە. تاتەبەردێکی بنار شاخێک، لە مزگەوتێکی دروستکراوی سەر خاکێکی داگیرکراو خاوێنترە. ساباتەدارێک، لە کڵێسایەکی دروستکراوی سەر داروپەردووی پەرستگایەکی رووخێنراو پیرۆزترە. خوا لە دۆڵ و پۆپەی چیا قسەی لەگەڵ موسا کردووە؛ ئەوە دووهەزار ساڵە نەمبیستووە پەروەردگار لە کڵێسا، دێر یان مزگەوت، قسەی لەگەڵ کەس کردبێت!

زستانێکی زۆر خۆشبوو! ساردبوو، بەڵام ئێمە بە پەرستشکاری گەرممان کردبۆوە، راستیەکەی ئێمەش هاوشێوەی برا ئێزدیەکان، لە زۆر ئاکاری خراپ دوورکەوتبووینەوە،

ئەوانەی پێشتر بێ گوێدانە هیچ ئەنجامماندەدا. راهاتین جوێن بەکەس نەدەین، دەنگ هەڵنەبرین، چاو لە ئاست هیچ ئافرەتێک بەرز نەکەینەوە، درۆ نەکەین، نەفرەت لە هیچ نەکەین، تف لە سەر زەوی روو نەکەین. تەنانەت دەستمان لە مەی خواردنەوەش هەڵگرتبوو. باوەڕبکەن، هاوشێوەی رەبەنان پاک و بێگەرد بووین. بێ ئەوەی هەست بکەین، سەرجەم سپاردەکانی پۆلسی پەیامبەرمان جێبەجێ دەکرد. یەکترمان بێ دوو روویی خۆشدەویست، چاکەکاربووین و وازمان لە خراپەکاری هێنابوو، بێ یەکتر هەڵمان نەدەکرد، سەرگەرمی خواپەرستی بووین، دڵنەوایی یەکترمان دەدایەوە، لەسەر ئەم غەوارەیی و ناخۆشیە. جگە لەمە، لەگەڵ خەڵکی بێگانە زۆر باش بووین. بەهاری ساڵی هەزار و نوسەد و شازدە هات، هەواڵی ناخۆشتری لەگەڵ خۆهێنا. فەلەکان بەردەوامبوون لە راکردن. بێهوودە شار، گوند و ناوچەکانی خۆیان جێدەهێشت. کاروانی ئاوارەکان بە هەموو شوێنێک بڵاو ببویەوە. هەندێ لە مانە بەسەر لێشێواوی لە شەدادیە و دێرلزور، بەرەو بیابانی نزیک شەنگال دەهاتن، ئێزدییەکان منداڵەکانیان لە مردن رزگاردەکرد و بۆ ئێمەیان دەهێنا. لاشە بچووکە لەڕو لاوازەکانیان، زمانحاڵی رەوشە رەجاڵەکەیان بوو. لە خومان گرتن و چاودێریمان کردن. هاوکات، کۆمەڵە خانەوادەیەکی ئەرمەنی لە ماردینەوە گەیشتنەلامان، ژمارەمان بوو بە سێسەد کەس.

هاوین هات و ئێمەش کەوتینە خۆ؛ بۆ بژێوی ژیان ،دەستمان کرد بە کارکردن لە باخچە و رەزەکانی ناوچەکە. بەینی خۆشمان بێت لە لایەن فەلە سامانداره‌کانی ناوچەکە، کۆمەک دەکراین و لە دوورەوەش، یارمەتیمان پێدەگەیشت.

لە ئاکامی بەردەوامی جەنگ؛ گرانی و قاتوقڕی رووی لەناوچەکە کرد، خۆراك کەمبۆوە، لە هۆزی تەیی عەرەبی ئەرزاقمان کڕی؛ نەوەک هەر بەشی کردین، بەڵکو یارمەتی هەندێ خێزانی ئێزدیشمان دا. بیرمە خاڵ حەمۆ هات و بە بزەیەکی رەزامەندی گوتی: " بەڕاستی سەرم لێتان سوڕماوە، ئێمەی خاوەن ماڵ بارمان خراپە، کەچی ئێوە بەهانای هەندێ لە منداڵەکانی ئێمەش هاتوون، خودێ قەر و بەرەکەت بخاتە چاپوکی و مەردایەتیتان!". باوەڕکەن رەوشەکە زۆر خراپ بوو، هەندێ لە گوندییەکان و بە فیتی دوژمن، بە چاوی رژدەوە سەیریان دەکردین، لە هەوڵی ئازاردانمان بوون. خاڵ حەموو زۆر بە توندی بەرپەچیانی دایەوە و گوتی: "ئەوەی دەست درێژی بکاتە سەریان؛ هەوڵی دزیان لێبکات، کەنەفتی دەکەم و دەست بەسەر ماڵی دادەگرم! ". ئەوەبوو چەپاڵەی داین و چەند نەفس نزمێکی سزادا.

- هەر گوتم بچینە بەغدایێ، کەچی تۆ رازی نەبووی. چییە بۆ وا داماوی و

قسە لەگەڵ خۆت دەکەی؟
ببورن، ئەوە دەنگی حەندولەی هاوڕێی منداڵیمە. ئەو ڕاست دەکات، بەهاری ساڵی هەزارو نۆسەدو حەڤدە، دەرگای گەشتکردن بەرەو بەغدا بە ڕوومان کرایەوە، چەند خێزانێک ڕۆیشتن، کە ژمارەیان سی کەس دەبوو. ئەوەش لە ڕێگای چەند هۆزێکی عەرەب، هەر کەسێك بەرامبەر بە سێ مەجیدی (یەك لیرەی زێڕ) بە ئەولەیی دەگەیشتە بەغدا. دوای گەیشتنیان هەواڵی سەفەرسەلامەتیان نارد، بەڵام ئێمە نەچووین، چون جگە لە ئێزدیان متمانەمان بە کەس نەبوو. شەنگالیش هاوشێوەی مێرگێکی ئارام، لە نێو دەریایەك لە گەلەگورگ و ڕەوەسەگ، باوەشی بۆ کردبووینەوە، هەر لە هاوینی هەمان ساڵ، بە مەبەستی کارکردن لە هێڵی ئاسنین (دەمیر یۆلی)، چەند خانەوادەیەک چوونە شارەکانی (سروجی، تەل هەلیف و دەراسیە) و هەر لەوێ مانەوە.
پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: " بەردەوامی ڕەوشێک تا سەر، لە نەبووانە ". وامدەزانی تا مردن لەم بەهەشتەی شەنگال دەمینێینەوە، کەچی بەهاری ئەمساڵ؛ هەزار و نۆسەد و هەژدە، دووبارە شەپۆلی زەریای سووری تورکی بێرە گەیشت. سێ تیپی سەربازی لە موسڵەوە هاتنە سەرمان، ئەمەش بە یاوەری سوارە و تۆپخانەی قورس. کاتێ بە نێو تەلەعفەر ڕۆیشتن؛ ب ەناوی غەزا، بەشێک لە تورکمانەکانی شارەکە بەگەڵیان کەوتن، ئەمەش لەپێناو ڕاو و ڕووت! سەرەتا محیەدین بەگی بەرپرسی تەعقیباتی شەنگال، نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەی ئاڕاستەی شێخ حەمۆ شرۆ کرد، ئەوانی لەوێبوون بۆیان گێڕاینەوە، کە داوایان لێکردبوو، سەرجەم فەلەکان و بەتایبەت ئەرمەنەکانیان ڕادەست بکات، جگە لە مە، هەرچی چەکی بەردەستە بیدەنەوە بە حکومەت! خۆ ئەگەر ئەم خاڵانە جێبەجێ نەکەن، شەنگالیان بەسەرسەردا دەڕوخێنین! دەڵێن خاڵ حەمۆ بە توڕەیی گوتبووی: " چۆن دەکرێت خەڵکانێکیان ڕادەست بدەین، کە داڵدەمان داون. لەوکاتەی سوێندمان بە نامووس خواردووە، پارێزگاریان لێ بکەین؟ سوێند بە خرقە، ناپاکیان لەگەڵ ناکەین. تا ئاوی چاومان مابێ، کەسیان نادەینەوە دەست، هەر کاتێ من و خاوخێزانەکەم سەربڕاین، ئەوا بەسەر لاشەکانمان دەتوانن بە وان بگەن ". ڕای وابوو، دژی سوپای عوسمانی بجەنگن، بەڵام هەندێ سەرۆک هۆز ڕایان جیاوازتربوو.
بەهەرحاڵ، شەر هەڵگیرسا، خۆی و فەقیرەکان تا پێیانکرا شەڕیانکرد، دواتریش لەسەر ڕاسپاردەی ئەو ڕامانکرد، ئێستاش لەسەر پۆپەی چیای شەنگال گیرمانخواردووە... ببورن، وا بانگەواز بۆ کۆبوونەوەیەکی گرنگ دەکرێت، دەبێ بچم تا بزانم بە ساڵاچوو و دونیادیتان، چ بڕیارێك دەدەن.

- گوێبگرن برایانی ئایین، لە هەمووتان زاناتر نیم، بەڵام زیاترم دونیا دیتووە. بە پێی دوا بەسەرهات، لێکدانەوە سەرجەم ئەگەرەکان، سێ ڕێگامان لە پێشە:
یەکەم؛ ڕێگاکەمان تەواو دەکەین، پەنا دەبەینە بەر شێخی هۆزی تەیی عەرەبی. هاوشێوەی خاڵ حەمۆ نییە؛ بەڵام کابرایەکی خراپ نییە، بە پارە دەمانگەیێنێتە شوێنی ئارام؛ لە شام.
دووەم؛ ئەوەی پارەی نییە، دەتوانی گوند بەگوند، شار بە شار بڕوات. گومان لەوەدا نییە ماندوو دەبێ؛ بەڵام لەکۆتاییدا، هەر دەگاتەوە بە شام.
سێیەم؛ دەتوانین ماوەیەک لێرە خۆمان مات کەین، لەگەڵ فەقیرەکانی گەلی شێخ حەمۆ بین. گومانم لەوەدا نییە، ئەم گەلە قارەمانە و دوای ڕۆیشتنی ئەم هێزە زەبەلاحە، درێژە بە بەرخودان دەدات و بە سەربەرزی دەگەڕێتەوە زێدی خۆی. سوێند بە مەسیح، هەر مانگێکی دیکە نابات و جوامێرانی شێخ حەمۆ بە خەنجەر، شمشێر و تفەنگ دەکەونە وێزەی داگیرکەران، شەنگال بەدەریان دەکەن. ئەوکات دەتوانین لەگەڵیان بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، هەمدیس شێخ یارمەتیمان دەدات.(چاوی بە مرووزی هەمووان گێڕا) من قسەکانی خۆم کرد، ئێوەش سەرپشکن چی دەکەن، کامە ڕێگا هەڵدەبژێرن.
دوای قسەکانی ئەو شارەزایە، کەس هیچی نەگوت، هەرکەسە کەوتەخۆ بۆ ئەنجامدانی پێویست، لە ڕۆشنایی وتەکانی. چی!... من؟ بەش بەحاڵیخۆم دەگەڕیمەوە شەنگال، چون جگە لە ئێزدیان، متمانەم بەکەس نییە، نە هۆزی تەیی و نە عەشیرەتی مەیی. هەرکات بمەوێ بگەڕێمەوە شام، داوا لە شێخ دەکەم و موعەزەز موکەڕەم دەگەڕێمەوە.

# (6)

# هۆی هۆی هۆی مەمۆ

- مردن بۆ مەلیك و خۆفرۆشان، بە تاووسی مەلەک؛ ئەم چیایەتان لێدەکەم بە گۆرستان، هۆڵ هۆلا تاووسی مەلەکە...

ببورن، لەبیرم چوو خۆمتان پێ بناسێنم، من مەمۆ عەلیکیم، لە ناو خەڵک بە مەمۆ تاقانە ناسراوم، راستە دووخوشکم بە ناوەکانی( عەرەبی و غەزال) هەیە؛ بەڵام لەدایکبوونم زۆر دواکەوت و کەسم بە دوا نەهات. لە تەمەنی سی و پێنج ساڵە دایکی شیرینم بە من ئاوسبوو. باوکم عەلی حەسۆ، ئەوەی لەو بەر، لە پشت بەردە گەورەکە، لەسەر سک راکشاوە و تفەنگێکی قووتی ئەڵمانی پێیە؛ زۆر متوی منە، هەموو داواکاریەکانم دەلحاز جێبەجێ دەکات. دەزانن؛ ماوەیەکە دایکم بەردەوام سەرزنشتی دەکات؛ کە هەرچەندە خواپێداوە، کەچی ماوزەرێکی درێژی بۆ کوڕە تاقانەکەی کڕیووە. بەینی خۆمان بیت، سوچی ئەو نییە؛ خۆم زۆرم حەز لە ماوزەرە. لە منداڵییەوە خەوی پێوە دەبینم. لەو کاتەی باوکم، باسی شەڕەکانی ساڵانی هەزار و نۆسەد و بیستوپێنچ؛ هەزار و نۆسەد و بیستوشەشی بۆ دەکردم. کاتی شەنگالیەکان؛ شێرئاسا دژ بە دەست درێژیەکانی، هۆزی شمەڕی عەرەبی راپەڕین. ئەوانەی بە پشتگیری ئینگلیز، دەیانوویست خاکمان داگیربکەن. ئینگلیزەکان بە چاوساغی عەرەبان، هێرشیان هێنایە سەر شەنگال. باوکم بۆ گێرامەوە، کە چۆن لێیان هاتنە دەست، توانیان بە ماوزەر؛ دوو فرۆکەی ئینگلیزی بخەنە خوارەوە، یەکەم لە زێروا و هی دووەم لە تەلسنۆر؛ دواتریش هەردوو فڕۆکەوانیان بە جەهەنەم شادکرد. هەرچی فڕۆکەی سێیەمە، هاوشێوەی قەلەرەشێکی سەرشۆڕ هەڵات و ئاسمانی جەنگی جێهێشت. لەم شۆرشەدا؛ پاشەکشەی شۆڕشگێڕان؛ ئەوەندە وابەستە نەبوو بە ژمارەی دوژمن و پڕ چەکی هێزەکان؛ ئەوەندەی وابەستەی دوو بەرەکی بوو! بەهەرحاڵ، ژیلەمۆی شۆڕش کوژایەوە؛ دووبارە ناوچەکە رووبەڕووی تاڵان، راوڕووت و فەرمان بۆوە. گوندەکان سووتێنران، شۆڕشگێڕان راوەدوونران، باوکی شۆڕشەکە دەستگیرکراو؛ بەرەو باشووری عێراق

دوورخرایەوە. بیرمە باوکم و جوامێران هەردەم لە چۆکی خۆیان دەدا، بە حەژمەتەوە دەیانگوت: " وای بۆ گەڕێکی دیکە! ". ئەوەبوو غازی پادشای عێراق ئەم هەلەی رەخساند! کاتێ هەڵەیکرد و لە مانگی جۆزەردان؛ ئیرادەی مەلەکی دەرکرد، بە زۆرەمللی کردنی سەربازی، لەوکاتەی گەورەکانمان پێیان گوت: " با رۆڵەی هۆزەکانی ئێمەش، هاوشێوەی کوڕەکانی هۆزی شمەڕ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لەم بڕیارە بە دووربن!". کەچی مەلیکی لاوی سەرەڕۆ؛ لە بڕی تاوتوێکردن، هەڕەشەی لێکردین! لە مانگی رەزبەر وکاتی تازە دەستمان لەرەزبرین هەڵگرتبوو، دەمارە هاشمیەکەی جولا. بە تایبەتی کاتێ قسەکانی شێخی شوڕشگێران، (داوود داوود) یان بۆ گواستبۆوە، کە گوتبووی: " ئەگەر هۆزی شمەڕ پابەندی سەربازی زۆرە ملی نەبن، ئەوا ئێمەش ملی پێنادەین و پابەندی نابین". مەلیکی مەست بە شەرابی عروبە، بە فیتی ئەفسەرە عەرەبەکانی دەوری، سوپایەکی زەبەلاحی بە سەرکردایەتی (لیوا حوسێن فەوزی)ناردە سەرمان. دەڵێن سەرکردەیەکی بە سەلیقەیە! تۆپ هاوێشتن لە تورک، ئینگلیز و ئەڵمان فێربووە، بە دووری سەدان مەتر نیشانە دەشکێنی، ئیمڕۆ هاتووە، لەسەر ئێمەی بێ پشت تاقی دەکاتەوە. با بێت... دەبا ئەویش بێت؛ تۆ بڵێی لە تۆفانەکەی نوح بەهێزتر بێت؟ تا ئەم چیایە پشت و پەنا بێت؛ نە تۆفانی ئاو، نە گەردەلوولی ئاگرباران، نە لافاوی بە عەرەبکردن و نەتۆپ هاوێژەکانی لیواحوسێن؛ هیچکامیان؛ هیچی پێناکرێت.

شەر درێژەی کێشاوە، چەندین رۆژە و لەهەموو لایەک، بەردەوامی هەیە، هەرچەندە هەواڵەکان جەرگبرن، باس لە زۆری ژمارەی شەهیدان، برینداربوونی خودی شێخ و کوڕێکی دەکەن؛ بەڵام هەمووان بڕیاری شەڕی پارتیزانیان داوە، بەش بەحاڵی خۆمان، بڕیارمان داوە ئێرە جێ نەهێڵین، مەگەر تۆفانی لیوا حوسێن بەسەر لاشەکانمان بڕوات.

لێرە هاوشانی باوکم، لە گەلی کیرۆخ سەنگەرمان گرتووە. شوێنێکی عاسی، تۆکمە و قایمە. باوەڕبکەن هەفتەیەک لە ناوچەکانی (کۆرمبارک، گەلی کیرۆخ و جیلمیرا) گەڕاین، تا ئەم شوێنەمان؛ بۆ بۆسە نانەوە هەڵبژاردووە! سوێندم خواردووە بەو ماوزەرە ئەڵمانیە نازدارە، ئەوەی درێژیەکەی نۆ بستە و کێشەکەی چار کێلۆیە، ئەم ناوەیان لێبکەم بە دۆزەخ. دەزانن، ئەو ماوزەرەم زۆر خۆش دەوێت و ناومناوە ماهیزەر؛ واتا مانگی زێڕین، لام زۆر لە برنۆ قوتە ئەڵمانیەکەی باوکم، پێباشترە!

بەهەرحاڵ، هەموو شتێکمان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادەکردووە، تاکە کێشە دایکمە! مکوڕبوو جێمان نەهێڵی! ئەوەتا بە مەبەستی کۆمەکی کردن لە دواوەمان خۆی

حەشارداوە و نوردیە نان، گویز، مێوژ،قاویت و دێمکەئاوی لایە. بەش بە حاڵی خۆم، بە تەواوی خۆم سازداوە و پێویستیم بە هیچ نییە. کەچی دایکم زۆر متوی منە و ناوەناوە هاواردەکات، ئاهاا گوێبگرن:

- هۆهۆهۆ مەمۆ... حالیٚ تە باشە؟ تێنوو نیت؟ برسی نییت دادیٚ؟ مێوژی ناخۆی؟

- هۆهۆهۆ دایی، چما من بۆ جەنگ هاتووم یان گەشت؟ هاهاها.(پێکەنین)

هەموو دەم ئەم هاتووهاوار و قسانەی نێوانمان، بەم پێکەنینە کۆتایی دێت، ئاخر جەنگاوەرێکی ئێزدی لەوە زیاتر چی پێویستە؟

ماوزەرێکی ئەڵـــمانی و خەنجەرێکی دەبان.
رەختێک فیشەگ... دڵێکی پڕ لە ئیمان.
دارجگارەیـــەک و توتنی بۆنداری خاڵخاڵ.
جامیٚ شیر و سەوکیٚ هەژیـــری شەنگال.
باوک قەراخ و دایک بە دیارت.
خوا لە ئاسمان و چیا کەنـــارت.
با بێنە دۆزەخ، لێـــرە لە تاوەکیٚ.
هۆل هۆلا، تاووســـا مەلەکیٚ...

ببورن، گوێم لە دەنگی کێلبوونەوەی سوپای دوژمنە، هەر پۆلیس و سەربازیان نەناردووە، بەڵکو هۆزی عەرەبی تالانچی، چەتەی تورکومانی فتنەچی و بە ناو ئێزدی ئاژاوەچییان لەگەڵە. لە قسان؛ چەند هاوخوێنێک بوونەتە جلسووری بەر لەشکر؛ و بە پێشیان کەوتوون، ئاخر سوپای عێراق بە چاوساغی ئەو دڵکوێرانە نەبێت، چۆن ئەم شوێنانە پێدەزانیت؟ باوەڕکەن ئەم خۆفرۆشانە، بە درێژایی مێژوو، سوپای بێگانەیان بەسەر چیاکان خستووە، دەنا بە عومری پیٚ پەتیە بیابان نشینەکان، زاتی ئەوەیان نەدەکرد بێنەسەرمان. واای ئەگەر دەکەونە بەر سێرەی تفەنگم! بەر لە دوژمن، ئەم گەوجە خۆفرۆشانەم سارد دەکەمەوە.

هۆهۆهۆ باوکە هۆ، سوپای دوژمن نزیک دەبێتەوە، گوێم لە خشپەی پۆستاڵە گڵاو، نەعلەدڕاو، سەندەڵە خوار و کەڵاشە سواوەکانیانە. نەکەی گوللە بە فیڕۆ بدەی، مەودای ئەم چەکانەمان هەزار و سێسەد باسکە، ئاها... ئەو شوێنانەی چەند رۆژبەر دەست نیشانمانکردووە! تا نەگەنە ئەو کەلەکە بەردانەی دامان ناون؛ ئاگر لە تفەنگەکەت بەرمەدە!

هۆهۆهۆ دایێ هۆ، قوربانت دەبم، دەستت ماچ دەکەم؛ لە شوێنی خۆت نەبزویی، ئێمە لێرە هەموو شتێکمان سازداوە. لە شوێن خۆتبە، لە خودێ و تاووسی مەلەک بپاڕێوە و نزامان بۆ بکە. بە سەری خۆت دادێ ئەمڕۆ یەک گوللە بە بەلاش ناتەقێنم... هۆل هۆلا تاووسی مەلەکا.

ئەوەهاتن و دەیانبینم، ئەوە ئەفسەرە؛ یا خودێ بەناوت... تەق، ئەوە یەک. دەزانن چییە؟ تا ئەفسەر هەبێت ئاگر لە سەرباز بەرنادەم، تا سەرباز هەبێت پۆلیس ناکوژم و تا عەرەبی عەگال لەسەر هەبیت تەقە لەخاکی لەبەر ناکەم... بەڵام سوێند بەخوا، گەر ئێزدیەکم بینی چاوساغیان بۆ دەکات ئەوا... ئەوە هاتن و ئەمەش ئەفسەرە... تەق، بوبوورن دەبی لەقسەکردن بوەستم، لەکاتی تیرئەندازی هەناسە بگرم، تا جوان ئامانج بپێکم... تەق... تەق تووق.

ئاهااا دەست خۆش باوکە، تەق... تەق... پەلەمەکە باوکە با بێنە پێشتر، تەق... تەق، ئەی ئافەرین بابۆ، هۆهۆهۆ دایێ، لە شوێن خۆت مەجولێ، ئەوەش ئەفسەرە تەق... تەق... نااا؛ ئەو گوللە سەری کرد سەربازەکە بریندار‌بوو، تەق... تەق. هۆهۆهۆ باوکە هۆ... شوێنت بگۆڕە واخەریکە لە دەورت دەسوڕێنەوە، تەق...تەق، هۆهۆهۆ بابۆ ئاوڕدەوە... تەق... تەق، وەی بابەڕۆ... بابە ئازاکەم رۆ... تەق. تەق، هۆهۆهۆ دایێ هۆۆۆ، باوکمیان شەهیدکرد، لە شوێنی خۆت نەجولێی، تەق... تەق، وەی بابۆ، سوێند بە خودێ تۆڵەت بکەمەوە، تەق تەق تەق.

ئەوە دیارە ئەفسەرێکی پلە بەرزە، تک... تک! ئەوە بۆ چروکت کرد ماهیزەر؟ بۆ لە بەختی ئەم ئەفسەرە نەتەقی؟ ئەوە دەبی کام نزای دایکی وا پاراستبی؟ دەزانن چییە؟ تفەنگەکە لێرە دادەنێم و دەچم لەم دارە لقێک دەبڕم، بەڵکو گوللەی نێو لولەکەی پێ دەردەهێنم، ئەوە سەرکەوتم... ئەوە چیە؟ ئەوانە لە کوێ هاتن؟ چۆن گەیشتنە لای من؟ چاوی خۆفرۆشان کوێر بێت، کورە خۆ ئەوانە دەوری دارەکەیان گرت، ئاهااا ئەوانە لە دواوە لە لای دایکمەوە هاتوون، دەبی ئەو چی لێهاتبێت؟ شەرتبێ بەم خەنجەرە دەبانە تیلمە تیلمەتان بکەم، هۆل هۆلا تاووسا مەلەکێ...جررت فررت، بەرمەدەن نامەردینە، ئەگەر ئازان تاک تاک بۆم دێن، ئاوا بە دەستەجەمعی لێم وەرنایەن، ئاااخ... مەخابن کەوتمە دەست ئەم نامەردان، بەڵام ئۆۆۆخەی خۆ هەندێکیانم بە خەنجەر خەڵەتانی خوێن کرد...

باوەڕبکەن خەمی دایکمە و هیچ خەمی خۆم نییە، ئەم نامەردانە قۆڵبەستیان کردووم، ئەوا رەشتاڵەیەکی مل ئەستوور، چەتەوڵێك بەرەو رووم دێت، خۆ ئەوە ئەو ئەفسەرەیە، کە

تفەنگەکەم چروکی کرد و نەمپێکا، چاوەکانی بەدکاریان لێ دەباری و دەستی لەسەر قەمەکەی بەر تەنگەیەتی. هەست دەکەم نیازی شتێکی خراپی هەیە، هەستێکی زۆر سەیرە، لە هەموو تەمەنم لە هیچ نەترساوم، بەڵام گەر بڵێم ئەم دیمەنەم پێشتر دیووە باوەڕم پێدەکەن؟ دیمەنێکی سەیرم دێتە بەرچاو، دەڵێ لەکات و شوێنێکی تردا روویداوە؟ دەزانن، کاتێ بەرەو رووم دێت، دیمەنی لەندەهۆرێکی قۆڵ و باسک ئەستووری رەش ئەسمەرم دێتە بەرچاو، کە شمشێرێکی زەبەلاحی هەڵگرتووە و دەیەوێت سەرم ببڕی، ئەو ئەفسەرەش بە هەمان شێوە قەمەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا... هۆل هۆلا تاووسا مەلەکێ.

ئەوە چییە؟ چۆن دەبێ وابێ؟ هەست دەکەم لە سەرەوڕا دیمەنەکە دەبینم ؟ لەسەر زەوی کەوتووم سەرم لە دەستی ئەفەسەرکەیە!... ئەوە دایکە خۆشەویستەکەمیان هێنا... ئەوە چییە؟ خۆ ئەو بریندارە؛ روحم قوربانت بێ دایە گیان. ئەی هاوار لەو نامەردە بێ میهرە، خۆ ئەوە سەرەکەمی فڕێدایە کۆشی دایکم؛ لەوکاتەی زیلکی رژاوەو و هەر هاواردەکات: ( هۆهۆهۆ مەمۆ ) ئەوە کێیە لە دووروە هات؟ چەندە رێک و پۆشتیە، وادیارە لیوا حوسێنە. بە تەمەن دیارنییە. تەمەنی لە پەنجا ساڵی کەمترە، وادیارە سەرزەنشتی ئەفسەرەکە دەکات، بابچمە پێش و بزانم چی دەڵێت:

- بۆ کوشتت بۆ؟ بۆ ئەم قارەمانەت لەناوبرد؟
- گەورەم خۆی و باوکی زیانێکی زۆریان لێدااین، باوکی بەر لەوەی بکوژرێ، چوار سەربازی لێ کوشتین و هەشتی دیکەی بریندار کرد. هەرچی ئەم تاوانبارەیە، هیچ گوللەیەکی بە فیڕۆ نەداوە، بیستوهەشت ئەفسەر و سەربازی لێ کوشتین، کاتی لەسەر دارەکە گەمارۆمان دا، هاوشێوەی بەورێك خۆی هەڵدایە خوارەوە، بە خەنجەر پێنج سەربازی بە سەختی بریندار کرد!

سەیرە هاا!، تابلۆیەکی ناوازەیە، هەموو بە ماتی وەستاون، ئەفسەرەکە سەرەکەمی لە کۆشی دایکم دەرهێنا، خستیە بەردەم لیوا حوسێن و گوتی:

- فەرموو گەورەم، ئەوە سەری تاوانبار مەمۆ عەلیکییە، ئەو مێردمنداڵە سەرسەختەی، پێشڕەوی هەموو سوپای خاوەن شکۆی راگرتبوو.
- تاوانبار؟ تەمەنی ئەم لاوە هەر حەڤدە تا هەژدە ساڵ دەبێت، خۆزگە نەتکووشتبایە، ئەوە زۆر گەنجە، مووی لێنەهاتووە. کاتی لە تەمەنی ئەوبووم لە ئەستانە قوتابی قوتابخانەی سەربازی بووم. هێشتا جەنگم نەدیبوو! باوەڕبکە لە زۆر شوێن جەنگاوم، لە ئەدەرنا، چیای حوزن لە حیجاز، حەتاڵجە لە بەلقان،

گەرووی پسـفۆر لـە تورکیـا و دەربەنـدی بازیـان لە سـلێمانی، بەڵام تـا ئێسـتا قارەمـانی ئـاوام نەبینیـووە. خۆزگە نەتکوشـتبایە ئەفسـەر، خۆت دەزانـی دوای رەتکردنەوەی پەیماننامەی ئەرزەڕوم؛ و پرۆتۆکۆلی ئەستەمبول لە لایەن رەزا شا پەهلەوی؛ ئیمرۆ بێت یان سبە جەنگێکی گەورە لەگەڵ ئێران بەرێوەیـە، زۆرمـان پێویست بە قارەمانی لەمجۆرەیە، ئەفسوس جەنابی ئەفسەر... ئەفسوس. دایکی ئازادبکەن و تەرمی ئەم قارەمانە بدەنەوە کەسووکاری، تـا بەشێوەیەکی گونجاو بینێژرێت...

دەزانـن چیـیە؟ هەست دەکەم زۆر بەرێزەوە سەیری چاوە کراوەکـانم دەکـات. ببـورن دەبـی بـڕۆم، هەسـت دەکەم روحـم بەرەو ئاسـمان بەرز دەبێـتەوە، وێنەکـان بچـووکتر دەردەکەون، بەڵام لە دوورەوە دەخۆ هەبابی دەبیـنم، بەخۆی و گوێدرێژێک لە شـوێنەکە نزیک دەبێتەوە، هیواخوازم دایکە برینـدارەکەم بگـوازێتەوە و چارەسـەری بکـات. دەزانـن، لەوکاتەی گیانم بەرەو ئاسـمان بەرزدەبێتـەوە و هەرچەنـدە زۆر دوورم، بەڵام هەر گـوێم لە شیوەنی دایکمە، هاواری (هۆ هۆ هۆ مەمۆۆۆۆ) دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک!

# (7)

# پێم دەڵێن قاتر

- پڕڕڕ...خڕڕڕ...جڕڕڕ

ببورن، کە سەرەتا بە لووشە لووش دەست پێدەکەم، زۆر ماندووم. راستە بە ئارامی و هێز ناسراوم؛ بەڵام راستیەکەی ماندووم، هەفتەیەکە هەر سەردەکەوم و دادەبەزم؛ کێل دەبمەوە و وەردێمەوە، نەخۆم دەزانم کێوەم دەبەن، نە خاوەنە سەر لی شێواوەکەم دەزانی، بەم کۆتا هاوینە بۆ کوێ دەڕوا! بەڵێ بەڵێ... گەلاوێژ هەڵاتووە و ئێستا لە مانگی رەزبەرین. ببورن، بیرم چوو خۆم بناسێنم، پێم دەڵێن قاتر... بەڵێ من هێسترم، بۆ پێدەکەنن؟ ئەم شتە چ عەیبێکی تێدایە؟ مەگەر ئەسپ خاڵم نییە؟ مەگەر لە هەندێ مرۆڤ باشتر نیم؟ ئەوانە پێیان دەڵێن جاش؛ کە بەم هاوینە و بە مەبەستی قڕکردنی هاوخوێنەکانیان، بە پێش سوپای بەعس کەوتوون!

بەڵێ، تا کەمتر لە کاتژێرێک، لەگەڵ هاوڕێی قارەمانەکان بوومە، نەوەک هەر ئەوان، بەڵکو تەواوی پێشمەرگە و گوندنشینانی ئەم دەڤەرە، خەریکی پاشەکشەن. حکومەت بە هێزێکی زەبەلاحی تۆکمە؛ و بەچاوساغی جاشەکان، هێرشی هێناوەتە سەر چیای گارە.

چۆن؟ راستە من وڵاخم، کەچی باوەڕبکەن هەست دەکەم، پێشتر وەک ئێوە مرۆڤ بوومە؛ خاوەن ماڵ، منداڵ و کەسایەتی، ئەوەنییە لە زمانتان دەگەم و زۆر شت دەزانم؟ بۆ نموونە؛ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیان لە (شێخ موس) و دواتر (مەرانی)وە هاتووم، کۆمۆنیستن، زۆرێکیان لە گەلی شێخادین؛ و بە ماڵ و منداڵەوە لێرە گیریان خواردووە. لە قسەکانیان وا تێگەیشتم، حکومەت هێرشێکی گەورەی، بە ناوی ئەنفال و تەوەکەلنا عەلەللا دەست پێکردووە، ئەوان درەنگ بە خۆوە کەوتوون! دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داون. ماوەی چەندین رۆژە لەگەڵیانم و بە رێکی دەڕۆیشتین، کەچی ئەفسوس، لە رێگا چەند رووداوێکی نەخوازراویان هاتەپێش، هاوڕێیەک بەر لەوەی بکەوێتە دەست دوژمن، بە دەمانچەکەی خۆی کوشت. یەکێک لە پاسەوانەکان لەهیکرا و بێ چەک بزربوو! دواتر ئەوانی دیکە بەرەو دواوە، دوور لە چیاکان دەستیان

بە پاشەکشەکرد. منیان لێرە جێهێشت، زۆر سوپاسیان دەکەم  کە ئازادیان کردووم. خۆ ئەگەر ئەمانە جەندرمە یان پاسدار بان؛ لە مێژبوو قوربانی یەک گوللەیان کردبووم. یانیش لەسەر چیا منیان هەڵدێرابووە خوارەوە. بەڵام ئەوانە پێشمەرگەن؛ کوڕی چیا و هیوای گەلێکن لە پێناو ئازادیدا.

ئێستا خەریکم شۆڕدەبمەوە خوارەوە، خۆشم نازانم بەرەو کوێی؟ چی چی؟ بۆ بترسم؟ لە نزیک چیای گارەم و دەگەڕیمەوە یەکێك لەگوندە چۆڵەکان؛ ئەوانە دانیشتوانی لە ترسی تۆپ، تەیارە و دوژمن بە لێشاو ڕۆیشتن، هەموو ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە. باوەڕبکەن، ژن هەبوو لەوکاتەی دەنگی تەقە نزیک بۆوە، هەویری دەشێلا کەچی لەبەر هێرشی لەناکاوی جاش و جەیش رایکرد. دەزانن چییە؟ دەچمە یەکێک لەو گوندانەی خوارەوە، لەگەڵ ئەم هەموو ئاژەڵ، پەڵەوەڕ، سەگ و رەشەوڵاخە جێماوانە؛ سەر لەسەریەک دادەنێین. ئەگەر جاش لێگەڕێ و چاوساغی بۆ عەرەبان نەکات، ئەوا بە عومری نامانـدۆزنەوە! دەزانن بۆ هێندە رقم لەو بیابان نشینانەیە؟ نااا... مەسەلەکە رەگەزپەرستی نییە. لە کلتوری ئەوان، بوونەوەرێکی نەفرەت لێکراوم، مەقسەدم ئێمەی تیرەی وڵاخە. گوایە لە دێر زەمانەوە و لەکاتی گواستنەوەی دار، بۆ گڕدانی مەنجەنیقەکەی حەزرەتی ئیبراهیم؛ و لەسەر پێشنیازی ئەهریمەن، ئێمەیان هێناوەتە کایەوە! دواتر لە هەموو ئاژەڵان خێراتر و زیاتر دارمان بارکردووە؛ پاشان بەر دوعای ئەو پەیامبەرە کەوتووین؛ هەر بۆیە وا نەزۆک و وەچاخ کوێرین!

ئەسڵەن باوەڕم بەم ئەفسانەیە نییە، هۆکاری ئەم نەزۆکیەش بە جیاوازی جەستەیی نێوان باوانم دەزانم. نەخێر من گەندە و زۆڵ نیم. ئەوەی تۆ باسی لێدەکەی جیاوازترە، باوکی ئەسپە و دایکی ماکەرە، لە من بچووکتر و ناسکترە. بەهەرحاڵ، ئەوان دوڕڕەن و ژمارەیان زۆرکەمە. چون زۆر ئەستەمە ئەسپێکی رەسەن ..کورە هی ناڕەسەنیش بێت، مەیل و هەوەسی بچێتە ماکەرێکی بۆری دێزە!

دەزانن، لێرەوە کاتی سەیری چیای گارە دەکەم، ئەوەی لە دوورەوە، سەر لە هەور دەدات؛ ئەو چەند ڕۆژە ناخۆشەی دوایـیم بیر دێتەوە، باوەڕبکەن جەرگم ژان دەکات. زیاتر لە پازدە هەزار کەس لەم چیایە، بێ نان و ئاو گیریان خواردبوو. بیرمە کاتێ لە گەلی کایای نزیک گوندەکانی جەم جال و جەشریتی فەلەنشین، لە ناوچەی نەهلە کۆبوبوونەوە؛ تا بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن. هەندێ داوایان دەکرد، خانەوادەکان لەگەڵ ئەم هەموو خەڵکە سڤیلە، خۆیان رادەستی رژێم بکەن، ئەمەش لە رێگای سەرۆک هۆز و موستەشارەکان. بیرمە ئەم خەڵکە لە چ دوودڵی و دڵەڕاوکێ دەژیان،

تـا وەڵامەکەیـان بـۆ هـاتەوە: " بە فەرمـانی سـەرۆکی فەرمانـدە سـەدام حوسـێن، هەرکەسێک خۆی بەدەستەوە بدات، بێ یەک و دوو دەکوژرێ، چەکدار بێت یان سڤیل، پیاو بێت یان ژن، گەورە بێت یان بچووک! ". ئەوەبوو ئەم خەڵکە سەرلێشێواوە، بە بێ ئومێدی منیان بە پێشەخۆدا و بەسەر چیا کەوتن. جگە لە باری خۆیان؛ منداڵ، بە ساڵاچوو و ئازووقەشیان لەسەر پشتم بارکردبوو، منیش بە هێواشی لەگەڵیان رۆیشتم.

کـاتێ شـەو داهـات، نەوێران ئـاگر بکەنەوە، چـون ئەم بەرەی چیـا رێک بەرامـبەر هێزەکانی دوژمن بوو، بۆیە پەنایان بردە بەر دۆڵێک لە پشت گوندی ئەرکنێ، لەوێ جێگیربـوون. لەگەڵ گەیشـتنیان، خێزانەکـان زەویـان راخسـت و ئاسـمانیان بەخـۆ دادا، پیاوەکـان دەسـتیان کـرد بە بـڕینەوەی لـکەدار بەڕوو، بـۆ درووسـتکردنی کەپـر و ئـاگر کردنەوە. دوای خواردنی ژەمێکی سووک، بە دیار ئاگرەکە دانیشتن. هەرچەندە سەرەتای پاییز بوو، بەڵام شەوی چیای گارە زۆر ساردە، تاریکیش ساردیەکی زیاتری لەگەڵ خۆ هێنـا. پیاوەکـان بەردەوام بـوون لە داربـڕین و ئاگرخۆشکردن، بەڵام بـاری بە سـاڵاچوو و منـداڵەکان هەر خراپتـر دەبـوو. دەزانـن، سـەرما بزبزۆکـە؛ لە هەموولایەکـەوە دەورت دەگریت، بە هێواشی نوقرچەت لێدەدات. لە بەرامبەردا ئاگرە نەوێرۆکە، تەنیا لە پێشـەوە گەرمـت دەکـاتەوە، گەرمییەکەشی بە هەمـوو لاشـەت ناگـات. ئەوەی بە دیـار ئـاگرەوە خەوی لێ دەکەویت، سەرما نوقورچە لە پشتی دەدات؛ ناچاری دەکات خۆی وەرگێڕێ؛ تا ئەوجارە پشتی گەرم بکاتەوە، کەچی دووبارە ساردی دەمووچاو و سینگی، دەداتە بەر قورینجان و سڕیان دەکات؛ بە هۆیەوە لووت و روومەتەکانی وەک تەمـاتە سـوور دەبن. ناچار دووبارە خۆی وەردەگێڕێ و روو لە ئاگر دەکات! بەم شێوەیە تـا بەیـانی ئەو دیـو و ئەم دیو دەکات، نە سەرما دەهێڵێت لاشەی ئاسوودە بێت، نە گەرمـاش دەتـوانی دەروونـی ئارام بکات.

هەرچـی ژنەکانـە، هاوشـێوەی مریشـکێکی فسـداو لەسـەر زەویەکە دانیشـتبوون، منداڵەکانیان خستبووە ژێر باڵیان. منداڵە سەرما بردەلەکان دەگریان؛ کاتێ دایکان و بە مەبەستی گەرمکردنەوە توند ئامێزیـان تـێ وەردەدان، ئەم جارەیـان ئارەقەیـان دەکـرد و لە گەرمـان دەگریـان! دەزانـن، کـاتێ لەم دیـمەنە رادەمـام، ئـاگری شۆڕشـم دەهـاتە بەرچاو! ئاگرێکی بچووک، کە خوازیـارە هەمـوو دونیـا داگیربکـات، کەچی لـە توانایـدا نییـە، منـداڵێکی سـەرمابردە گەرم بکاتـەوە. ئـاگرێکی سەرشێت، کە نزیك دەسووتێنی و دوور سڕ دەکات. نە تاریکی ئەم ناوە رۆشن دەکات، نە سەرماکەشی پێ لادەدرێ، هەر تەنها تەمەن دەسووتێنی، ژیانی شۆڕشگێڕان داگیردەکات و دەفەوتێنی!

بیرمە ڕەوشەکە خراپتر بوو، کاتێ پێشمەرگە لە نزیك کانی گوند، ڕووبەرووی ئاگری جاشەکان بوونەوە، بەهۆی ژمارە زۆری دوژمن، شەڕەکە نابەرابەر بوو. کەچی گریانی منداڵە تێنوەکان وایکرد مکوڕبن؛ و بەهەر شێوەیەک بێت ئاویان بۆ بێن. هیچ شتێکیان نەبوو ئاوی تێکەن، جگە لەو پەنچەوانە بۆن نایلۆنانەی، بە مەبەستی خۆ پاراستن لە چەکی کیمیاوی لایان بوو. هەر پێشمەرگەیەک دەستەوانەی پڕ ئاو کرد، بە پەلە بۆ نێو خێزانەکان کێلبۆوە. سەرباری ئەم هەموو نەهامەتییە، دواجار ڕێگاکان بە بنبەست گەیشتن، جگە لە خۆبەدەستەوەدان هیچ دەرچەیەک نەما. ئەوەبوو خەڵکەکە لە ڕێگای گەلی ئافۆکێ دابەزین، بەرەو گەلی کانی ماران چوون، خۆیان رادەستی سوپای بەعس کرد.

لەگەڵ زۆرێک لە خانەوادەکانی گەلی شێخادی بووم، کە زۆربەیان پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوون. دەزانن، هیچ شتێک لە دابڕان ناخۆشتر نییە. تەنانەت زۆرێک لە پێشمەرگەکان، نەیانتوانی بۆ دواجار خانەوادەکان بەڕێکەن؛ ئەوانەی بە مەبەستی خۆبەدەستەوەدان دابەزین؛ ئەمەش بەهۆی ئەو هەلیکۆپتەرانەی، ئاسمانی ناوچەکەیان تەنیبۆوە، زۆر بە نزمی بە سەریان دەسووڕانەوە. بەهەرحاڵ، ئەوان دابەزین و پێشمەرگەش سەرکەوتن و دواجار منیان لێرە جێهێشت. ببورن، دەنگە دەنگ دێت و نازانم ئەوانە کێن؟ تۆ بڵێی کەسێک لە خانەوادەکان نەبێت و بەدوام گەڕابێتەوە؟ یانیش پێشمەرگەبن و دابەزیبنە خوارەوە؟ هەرچەندە دەنگەکان گڕ و هەراسانکارن... ئەوە چییە؟ ئەوانە سەربازی عەرەبن! دەک کوێرایتان داهات، خۆ ئەوانە تاڵانیشیان پێیە، با خۆم لێیان بشارمەوە بەڵکو نەمبینن، دەنا بە منی بار دەکەن! بێدەنگ بن توخوا تا دەڕۆن. منیش لە پەنای ئەم تەڕاشانە خۆم دەشارمەوە.

شوکور بۆ خوا ڕۆیشتن، دەزانن ئەم ملهوڕە تاڵانچیانە باسی چییان دەکرد؟ من؟ ئەی ناڵێم هەست دەکەم لە ژیانێکی پێشووتر مرۆڤ بوومە، زمانەکانی کوردی و عەرەبی باش دەزانم. یەکێکیان دەیپرسی: " ئەفسەرەکە بە تەنیا چی پێگوتی؟". ئەوەی دووەمیش کە وادیارە شوفێرە گوتی: " پێی گوتم، ئەمانەی دەستگیر کراون زۆربەی گوندنشینی سقیلن و موخەریب نین، هەوڵدە زیلەکەت لە ڕێگا لە دارێک یان بەردێک بدەی، بەڵکو لەکار دەکەوێت؛ و لە میانی دەرچەیەك دەتوانن هەڵێن، خۆ ئەگەر مەودای راکردنیشیان نەبێت، بریندار دەبن و لە نەخۆشخانە هەلی راکردنیان بۆ دەڕەخسێت!". وادیارە ئێستاش پیاوی مەند و ڕەند، لە ڕیزی سوپا ماون. ئەی خاڵەڕۆ ئەم شتە چیبوو بەر پشتم کەوت... ئۆۆۆۆف، بەخوا دەستگیرکرام، لەوکاتەی خەریکی قسەکردن بووم

لەگەڵتان، کۆمەڵە سەربازێکی دیکە هاتن و منیان بینی... ببورن، وادیارە ئەم دز و جەردانە، بەرەو یەکێک لە گوندەکانی سەرچیام دەبەن، تا تاڵانەکانیان بە پشتم بەرە و خوارەوە بگوازنەوە.

- کرڕڕش... برڕڕش...

ببورن، زۆر توڕەم! هەرچەندە هیچ بەتالیۆنەکی چیایی سەربازیی بێ هێستر نابێت، کەچی بەردەوام لەگەڵ شۆڕشگێڕان بوومە، قەد لە ریزی سوپا خزمەتم نەکردووە و نایکەم، چون زۆرم رق لێیانە. ئەم کۆمەڵە سەربازە زۆر شەپڕێو دیارن، ژمارەیان پێنج سەربازە لەگەڵ ماین زەینەل، مەقسەدم نایب زابتێکی تەختە، بە ناوی عەتوە، ههههه... بەچی پێدەکەنم؟ سمێلی زۆر ناشیرینە و بەم شێوە هێناویتە خوارەوە، رێک هاوشێوەی کلکی باوکمە، دەم و لەوسیشی گەلێ پانە، زۆر لە پاشکۆی دایکم دەچێ!

شتێکم بیرم هاتەوە، دەزانن بۆ ئێمە لای چیایی، شۆڕشگێڕ، یاخی و قاچاخچیان خۆشەویستین؟ چون تێکەڵاوێکی ناوازەی گوێدرێژ و ماینین. لە باوکمان دوو گوێی درێژ، بژێکی کورت، سەرێکی بچووک و سمێکی باریک. لە دایکیشمان هێز، زەبەلاحی لاشە، رەنگ و شێوەمان وەرگرتووە. راستە نەزۆکین، بەڵام بۆ ئاگاداریتان هەستی بینینمان بەهێزە، تەمەنمان درێژە، تیندارین، ئەمە جگە لەوەی بەرگەی پلەی گەرمی و کەشی جیاواز دەگرین.

دەزانن، سەرباری ئەم هەموو جیاکارییە، کەچی لەبەر بۆنی عارەقەی عەتوەی عەرنەوور، ئەوەی لە عەعە دەچێ، عەجمانم نەمابوو؛ عەرد و عاسمانم نەدەدیت! ئەو عەرنۆکی عیوارشە عەمارەپۆیە، کە بەم عێلجاریەی عەسکەری عێراقی هاتۆتە ئێرە؛ بێعەدەبانە راوە عەشامەت دەکات. بێعارێکی عاجباتی عەپا لەبەر، کە لە عفارە دەچێت و نازانرێ عیسانە، عفریتە یا عەجەنە. عەزازیل ئاسا؛ خۆی زۆر بە عەزیم دەزانی و هاوشێوەی عەلەشیش، عیتی و علو علوویتی؛ کەچی علعوولە، تەنانەت دەنگی لە عوورێن دەچی و کردەوەشی عەلتۆشە.

کاتێ دووبارە لەگەڵیان کێلبوومەوە، بینیم چۆن عەتوەی ناجسن، ئازاری سەربازە عەلۆجەلۆکانی دەدا، بە عەرڕەعەڕ تێڕادەخورین و عەوی دەکردن! بە تایبەت بلەی پووچ، ئەو نایب عەریفە عەبڕەشە، عیبارییەکی سەرنز، بە عاستەم هەنیەی هەڵدەبڕی! عەتوەی لێ بوبووە عزرائیل و ترِی لە عنە بریبوو! وەک چۆن ژنی رەدووکەوتووی بێ عێل و عەشیرەت، لە مێردە عنجکدارە دڵپیسەکەی دەترسێ، ئەویش بەم شێوەیە، روحی لەو عەنتەرە چوو بوو!

بەهەرحاڵ، گەیشتینە گوندێکی چۆڵ، خانووەکانی قوڕینی شڕوشەپرێوی عەمارتە بوون. ئەمانە عوولی عوولی گەڕان، دەستیان بە تاڵان و بڕۆ کرد؛ بە شتی پووچی بێبەها باریان کردم، مەکینەیەکی سینگەری ژەنگاوی، عەیارەیەك برنج، چەند عەلی بوردەیەك، یەک دوو قودووی پڕ لە هەنگوین، فەردەیەک پیاز، دوو شڕە پەتوو، پارچە لبادێک، دوو عەلووعەلوو کە پێ و باڵەکانیان شەتەك دان.

عەسر بوو لە گوندەکە دەردەچووین، بلە وەك عەینەمەل بە پێشکەوتبوو، عەتوەش وەك عارەبان دەیهاژووتن. کاتێ لە هیکەوە، سەربازێکی عەنەفتێ هاواری لێهەڵسا، ئافرەتێکی بە ساڵاچووی کوێرم بینی، کە دەستی کیژۆڵەیەکی گرتبوو، وادیارە نەیتوانیوەوە بچێتە خوارەوە، عێلی ئەم کیژۆڵەیان لەگەڵ جێهێشتووە، تا ئەوکاتەی دەگەڕێنەوە لایان. راستیەکەی زۆرم پێناخۆشبوو، دانعەمرکە و لە میانی عەنەزەکەی سەری، خانەدانی پێوەدیاربوو. هەرچی کیژە گچکەکەیە؛ دەتگۆت عەشرەفییە ئەوەندە رووی گەش و جوان بوو. کاتی هەستمکرد عەتوەی سك عەیارشیرك، بە چاوە بە بزدووکە نارەسەنەکەی، بە عەزرەتەوە دەڕوانیتە ئەم کیژۆڵەیە. عەرنۆکێ بووم. ئاخر چاوە حیزەکانی هەوەس و شەهوەتیان لێدەباری، یەك عەڕڕە پیاوەتیان پێوە نەبوو! باوەڕبکەن لە داخان وا سمکۆڵ دەکەم. راستە من وڵاخم؛ بە عینادی و عەسەبانێ ناسراوم، بەڵام هەرگیز زوڵم و تاوان قبوڵ ناکەم.

- بڕڕڕ...کڕڕڕ...خڕڕڕش!

ئەم هەوڵانەم هەمووی بێ سوودن، وادیارە مەسەلەکە عەسسە و ئەم بێبەهایانە واز لەم دووە ناهێنن. تەق تەق تەق تەق... ئەی هاوار! خۆ ئەم عەتوە بێقیمەتە؛ پیرەژنەکەی کوشت! کچۆڵەکە هێدمگرتیبوو، خۆی فرێدایە سەر تەرمی داپیرەی، بە دەم عەسرینەوە عیتی گرت. عەتوە کیژۆڵەکەی بە عەبوورەکەی سەری، قۆڵبەست و دەمبەست کرد. بە زۆری خستیە سەر پشتی من، ئەی هاوار خودایە...

- کڕڕڕ... بڕڕڕ... شڕڕڕ!

باوەڕبکەن کەوتمە وێزەی ئەم بەدعەمەلانە، گەزم لەوانی پێشەوە و لەقەم لەوانی دواوە دەدا، کەچی وادیارە هیچ سوودی نییە، ئەم عەتوە نامەردەی بۆنی عووری لێدێت. ناعادیلانە بە کلکە کلاشینکۆفان وەرمگەڕایێ، زۆری ئازار دام. وابزانم بە هۆی لێدان پێستی مل و سمتم هەمووی داماڵراوە. باشە عەتوەی هوولە من دەردت تیمار دەکەم، شەرتبێ بە عەمانجت بگەینم! ببورن، دەبی لەگەڵیان بڕۆم و بەم شوێنە تەسکە بێینە خوارەوە.

هەر کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە، ئەم فریشتەوەشە بە زیلکرژاوی، چاوە بریسکەدارەکەی ئەم نامەردەی لە عاست دەبینم، هەست دەکەم بە تەمای کارێکی خراپە. عەیاری دەمووچاوی ئەوەندە قایمە، حەفت چەکمە و مارنەگەزی لێ دەکرێت! چیتر لە قسان دەوەستم، ئێرە تەنگەبەرە و لێواری هەڵدێرێکی هەزار بە هەزارە... دەزانن، بیرۆکەیەکم بۆ هات! خۆتان دەزانن ئێمە بە چی ناسراوین، دەڵێن کەللەڕەق، سەرسەخت و منجڕین، هەڵسووکەوت و ڕەفتارەکانمان دوژمنکارانەن، کەچی عەجەمیش عەرزوحاڵمان نازانێ! کەس باس لەو بارە زۆرە، لێدان و سووکایەتی پێکردنە ناکات، ئەوەی دژمان دەکرێت. ئەوە چییە؟ هەستێکی جیاوازم لادروست بوو! هزرم عەوارڤە و چاوم ڕەشکە و پێشکان دەکەن؛ هاتەران و ماتەران دەکەم! وامدێتە بەرچاو کە چەندین جاری دیکە مردووم و گەڕاومەتەوە ژیان؛ بەڵام سوێند بەو قورئانەی ناومی تیا هاتووە، ئەم ناهەقیە قبوڵ نەکەم و چۆن لەگەڵ پێشمەرگە ژیاوم، ئاواش دوای پێشمەرگە نەژیم.

ئێستا عانیەتی، ئەم عەرەبە (تەختە بەردە) شوێنیەتی. خۆت بگرە کیژۆڵەی وردیلەی عەنبەربۆ، سوێند بەوەی گیانمانی بە دەستە، نەتدەمە دەست ئەم بێبەهایانە، تا بالای عەرعەرت بچەمێننەوە... وابزانم ئێرە باشترین، بڵندترین و سەختترین شوێنە، بۆ گەڕانەوەی ڕوحەکانمان بۆ لای گروەندەیان.

بەر لەوەی پلانەکەم جێبەجێ بکەم؛ با بۆتانی باسکەم. سەرەتا؛ ئاوڕێک لە عەتوەی عەگ دەدەمەوە و تفێکی لێدەکەم، پێی دەڵێم: " عەتفووو عەتوە، بە رواڵەت من ولاخ و تۆ عینسان، کەچی لە ڕاستیدا تۆ نەوەک مرۆڤ، نەخێر؛ عەسڵەن شایستەی ژیان نیت! عەتفووو عەتوە! ".

دەلحاز دوای ئەمە، دەست بە زەڕە زەڕە دەکەم و لووشکەیەکی لێدەدەم، پاشان لەگەڵ ئەم کیژۆڵە جوانە بەرەو ئاسمان دەڕۆین! دەزانم دواتر و لە نێو خەڵک دەبێژن: " دیسان ولاخێکی سەرسەخت؛ خۆیی هەڵدێرایە! ". لێتان ناگرم، بەردەوام ئێوە نیوەی ڕاستیەکان دەزانن، ببورن کاتیەتی...

- بڕڕڕڕ... زڕڕڕ... خڕڕڕ!

# (8)

# فەقیر دینۆم

لێم مەگرن؛ زۆر پەشۆکاوم. ئاخر هەندێک پێشهات هەن، بە ڕۆیشتنی سەدان ساڵیش ئاسەواریان لا ناچێت. بە تایبەت، ئەگەر کاریگەریان بەسەر ژیانی گەلێک هەبێت! پەلە مەکەن، با فڕێک لەم چایە گەرمەی پێشم بدەم و جگەرەیەک داگیرسێنم. کاتێ قوم لەم جگەرەیە دەدەم؛ لەگەڵ گەشبوونی ئاگرەکەی، یادگارییەکان جەرگم بە ئاگرێکی هاوشێوە دەسووتێن... ئاااى ئێزدی بوون چەندە ناخۆشە!.

بیرم بۆ ساڵانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەچێت، کاتێ حکومەتی بەعس، تۆڵەی هاوسۆزی و بەشداریکردنمانی لەم شۆڕشە لێکردەوە. باوەڕبکەن، عەرەبەکان بە شێوەیەکی دڕندانە، بە تانک، زرێپۆش و شۆفەڵ هێرشیان هێنایە سەرمان، دەتگوت تۆڵەی رووخانی ئەندەلوس لە ئێمە دەکەنەوە. گوندەکانیان خاپورکردین، ئێمەیان بەرەو ئۆردوگای زۆرەملی راگواستەوە.

هەڵمەتەکە هەر بە عەرەبکردن نەبوو، بەڵکو بە بەعسیکردنیشی لەگەڵدا بوو. سەرەتا بە شەنگال دەستیان پێکرد، بێگومان هەمووکات بیانوویان بە دەستەوەیە. یارمەتیدانی شۆڕش، یاخیبوون و پەیوەندی کردن بە تێکدەران. نزیکەی هەزار و پێنج سەد گوندی ئێزدیخانیان، بەم بیانووە خاپوور کرد، هاوکات کۆچپێکردن و جێنشینکردنی عەرەب لەم شوێنانە، بەردەوامبوو.

فڕڕڕ...ئحححح، ببورن چای و جگەرە بێ یەک نابن، رێک وەک راگواستنی کوردی رەسەن و جێنشینکردنی عەرەبی هاوردە. دەڵێن مەلیک فەیسەڵی یەکەم؛ یەکەم کەسبووە کە ئەم پیلانەی داهێناوە، ئەسڵەن وانیە، ئاوڕێک لە مێژووی عەرەب بدەنەوە و بۆتان دەردەکەوێت، چۆن و کەی دەستی پێکردووە! سەرباریش ناوی ئەو کۆمەڵگانەی ئێمەیان بۆ برد زۆر سەیربوو، وابەستەبوو بە نەژادپەرستی. بەشێکی بە ناوی جەنگە مێژووییەکانیان بوو، وەک: (حوتین، قادسیە، یەڕموک). هێندەکی دیکە ئەو ناوانەبوون کە شانازیان پێوە دەکرد، وەک: (ئەندەلوس، عروبە، تەئمیم، شیمال، جەزیرە، بەعس) یانیش ناوی بنەچەکانیان بوو، وەک: ( قەحتانیە، عەدنانیە، وەلید). باوەڕبکەن ئێستاش

من ئەو عەدنان، قەحتان و وەلیدە ناناسم و گرنگ نین لام، چون من نەوەی شەهیدی کوڕی جەرەم، هیچ هەقم بەم دشداشە لەبەرانە نییە.

بیرم چوو پێتانی بڵێم، کۆمەڵگەکان هیچ جیاوازیەکیان نەبوو لەگەڵ زیندان؛ جگە لەوەی کە هاوشانی خێزانەکەت، لە خانووی هاوشێوەی قوتوی ماسی (سەردین)، بە کۆمەڵ بەند دەکرای، بە شێوەیەک، کە هیچ ئازادیتان نابێت. ئۆۆۆف ئۆۆف... فرڕڕ!

کاتێ چاو بەنێو ئەم خانووە تەسکە دەگێڕم، هەست بە دڵتووندی دەکەم، ئاخر ئەوە سییەم جارە خانوو درووست دەکەم و تاقەتی هیچم نەماوە...

- بۆ وا دڵتوندی باوکە ؟

ببورن، ئەوە دەنگی قاسمی کوڕمە و پرسیارم لێدەکات، بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە سەیرێکی دەکەم، ماشەڵڵا هەراش بووە و سمێلی گووگرەیە، چاوێک بە دیواری بەرامبەر دەگێڕم، ئەوەی وێنەی باوانمی پێ هەڵواسراوە، وێنەی کۆنی رەشوسپی، کە لە چوارچێوەی داری هەرزان بەها دراوە. ئەمە جگە لە وێنەکانی هاوسەر و منداڵەکان.

لە خانووە قوڕەکانی گوندەکەمان ئاسوودەتر بووین، ئاخر بۆ وایان لێکردین و لە پای چی؟ ئەم هەمەوو سوپا و شوفەڵەیان بەسەر وەرکردین؟ دوای خاپوور کردنی گوندەکەمان، ئێمەیان هێنایە کۆمەڵگەکانی گرسیبا و شێخ عوزێر؛ ئەوەی بە ناوی باپیرە گەورەیان ناویان نابوو قەحتانیە. من لەو نامرۆڤانە ناگەم، ئاخر بۆ بە زۆر دەمانکەن بە عەرەب، لەوکاتەی بێزوبۆمان لێدەکەنەوە؟ بۆ بە زۆر دەمانکەن بە بنئیسلام، لەوکاتەی بە هەڵگەڕاوەمان دەزانن؟ بۆ ئازارمان دەدەن، لەوکاتەی کە هیچکام لەم دووە نین؟ ئاااای ئێزدیاتی چەندە قوڕسە!

دەزانن، ئێمە وەک خەڵکی ئەعراف وایان، نە دەچینە بەهەشتی موسوڵمانان، نەدەشهێلن بچینە دۆزەخی کافران... نە بە عەرەبمان دادەنێن تا لە گەڵیان بژین، نە دەهێڵن ببین بە کورد تا ئەنفالمان بکەن؛ ئەی هاوار ، لێمان گەڕێن با چۆنین ئاوا بین!

- باوکە... زۆڕ بیری دایەگەورە و بابە گەورە دەکەم (کوڕەکەم ئەوەی گوت، کاتی بینی سەیری وێنەکان دەکەم)

بێ وەڵامدانەوە، دووبارە چاو بە وێنەکان دەگێڕم و توند چاوانم دادەخەم، دەزانن چیم بیر دێتەوە؟ رۆژە یەکەمەکانی کۆمەڵگا، باوانم دێتە بەرچاو، کە چۆن لە زێدی خۆیان هەڵقەنران، دواتریش وەک درەختێکی بێ رەگوریشە لێرە ژاکان. ئەوان بەکارکردن لە کێڵگەو باخەکانیان زۆر دڵخۆش بوون، راستە ماندووبوون بەڵام ئاسوودە بوون... کەچی

لێرە لەبەر بێکاری و خراپی گوزەران، بە ماوەیەکی گەلێ کورت، سەریان نایاوە. بیرمە چۆن لەبەر دەرگای خانووە بچووکەکە، بە ئاراستەی چیای شەنگال، لە بەیانی تا ئێوارە بە کزی دادەنیشتن. هەروەک چۆن گوڵە بەڕۆژە بەرەو خۆر دەڕوانی، ئاوا چاویان بە ئاسماندا دەگێڕاو؛ دواتر بەرەو چیای شەنگال دەگیرسایەوە. بەکڕی دادەنیشتن و لەبەردەم خۆیان زەمزەمەی قەولەکانیان بوو، لە خودێ دەپاڕانەوە و دەگریان.

ڕۆژ بەڕۆژ سیستر دەبوون، هاوشێوەی ڕوەک چۆن دوورە ئاو دەپووکێتەوە ئەوانیش ئاوا شەرار دەبوون. هیچیان نەدەخوارد و ڕۆژ دوای ڕۆژ پوختر دەبوون. ئاااى دایێ چەندە بیرت دەکەم! بوبوورن و گوێی بەو فرمێسکە گەرمە مەدەن، ئەوەی لە چاوی چەپم هاتە خوارەوە، چون بەردەوام وا بەکڕی فرمێسکی دەباراند؛ کاتی بەسەر لۆچەکانی دەمووچاوی دەهاتە خوارەوە، زیاتر لە دڵۆپە بارانێک دەچوو، کە بەسەر ئەرزێکی شەقشەقی قڵێش تێکەوتوو دەهاتە خوارەوە، بیابانێکی کاکی بەکاکی کە سەد ساڵە بارانی نەبینیووە. هەرچەندە فرمێسکە کڕەکانی دایکم زیاتر دەبارین، لەڕ و لاوازتر دەردەکەوت. هاوشێوەی پەڵە هەرێکم دەهاتە بەرچاو؛ دەمزانی ڕۆژێک بە هۆی ئەو فرمێسک بارینە، لاشەی وشک دەبێت و دەمرێت... هەر واشبوو! هەرچی باوکمە؛ چاوە شینە جوانەکانی ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشییان لەدەست دەدا، هەستم دەکرد کاڵ دەبنەوە. ئەویش هاوشێوەی دایکم؛ ڕۆژ بەڕۆژ چورچتر دەبوو. بە شێوەیەك، کە لە دوارۆژەکانی تەمەنی، هیچی بە بەرنەمابوو، جگە لە سمێلە بادراوە سپییەکەی، کە سەرباری ئەم هەموو خەم، خەفەت و بێ ئومێدییە، وەك لکەکانی داربەڕوویێك، سەرکەش بوو.

- خۆزگە بۆ یەکجاریش بووا و دەمدیتنەوە! ( بە دەنگێکی بەرز وامگوت، بەڵام باشبوو کوڕە زۆر بڵێیەکەم گوێی لێنەبوو، چون تاقەتی هیچ جۆرە دەمەتەقێ و قسەیەکم نەماوە)

دووبارە چاو بە وێنەکانی سەر دیوار دەگێڕم، دواتر توند دایان دەخەم. هەستدەکەم لە مەلەکوتی بەرز، بە جلی سپییەوە لەگەڵ شێخادین، لە خزمەتی تاووسی فریشتە بە خۆشی ژیان بەسەر دەبەن. تاکە نا ئارامییەک لە دڵیان؛ دۆخی ئێمەیە، چون دوای ڕووخانی ڕژێم و ئازادبوونی ناوچەکە؛ هێشتا ئێمە لە هەمان خانوو و هەمان ڕەوشی ناخۆش دەژین.

- عەرەب باڵا دەستبوو، ئێمە لە کۆمەڵگە دەژیاین، سەدام ڕووخا و کورد هاتە سەر حوکم، هەر لە کۆمەڵگا ماینەوە... تۆ بڵێی لە ژیانی ئەوبەریش، ئێمەی ئێزدی، لە کۆمەڵگەیەکی زۆرە ملی لە نێوان بەهەشت و دۆزەخ دانەنێن؟

# (9)

# من بەردم

بەڵێ بەرد، چییە پێتان ئەستەمە قسە بکەم؟ ئەی لە بیرتان چووە؛ من یەکەم تۆماری مێژوویی ئێوەم؟ لەوکاتەی ئێوە نەتاندەزانی بنووسن، بخوێنن و تەنانەت قسە بکەن. لەمیانی کەلووپەلە بەردینەکان؛ مێژووتانم تۆمارکردووە و پاراستووە! خۆتان دانتان بەم راستییە ناوە و قۆناغێکی درێژی مێژووی خۆتان، بەناوی من تۆمارکردووە، ناوتان ناوە (چاخی بەردین).

یەکەم پێنووس بووم، کاتی لەسەر تاشە بەرد و دیواری غارە تاریکەکان؛ وێنەتان پێم کێشاوە، بەر لەوەی فێرە نووسین بن، لەوکاتەی مرۆڤایەتی خەریکی گڕوگاڵ بوو؛ و هێشتا گاگۆڵکێ دەکرد. یەکەم ئامێری راوکردن بووم، یەکەم ئامێری بڕین؛ و ساڵەها ساڵ لێوارە تیژەکانمتان، بۆ پێست کەوڵکردن و گۆشت بڕین بەکارهێناوە، یەکەم هاون و یەکەم دەستاڕ، بەهۆی منەوە لە گەنمی رەق نانی گەرمتان بە دەست هێناوە. تەنانەت یەکەم لانەتان بوومە؛ هەمووتان لە رەحمی ئەشکەوتەکانەوە، بەرەو مەدەنیەوت و ژیار پێڕەوکەتان کردووە.

دەزانن چی دڵتوندم دەکات؟ ئێوە من بە بەدترین کانزا دەزانن، لە هەموو ئەدەبیات و قسەکانتان؛ لە باسی دڵی رەق دەڵێن: " دڵی وەک بەردە!" . لەگەڵ ئەوەی هەندێجار لە ترسی خودا، یان لە ژێر فشاری ئاو، یاخود لە ئاکامی جووڵەی توێژاڵەکانی زەوی، قاش دەبم، درز دەگرم یانیش وردوخاش دەبم. کەچی زۆرجار، دڵە رەقەکانتان لە ئاست ئافەریدە، لە تاو فرمێسکی ستەملێکراو و نیگای جوانی ئافرەتان؛ گەلێ لە من رەقترە؛ و زۆر نامرۆڤانە هەڵسووکەوت دەکەن. کاتێ ئێوە مرۆڤایەتی لە دەست دەدەن، زۆر لە من بێ هەستتر دەبن! ئاخر ئێوە نازانن، زۆرجار وشەکانتان لە من رەقترە، چۆن؟ بزانە کاتێ ئێوە دەمهاوێژن و لە شتێکم دەدەن، برینەکان دەرەکیی و بەرچاون، تیمار دەکرێن و شتە شکاوەکانیش دەگۆڕدرێن... بەڵام کاتێك بە قسەیەکی لە من رەقتر، کەسێك بریندار دەکەن؛ برینەکەی ناوەکی و پەنهانە؛ لەوانەشە شتێك لە ناخی ئەم مرۆڤە بشکێت، کە تا

مردن؛ چارەسەری نەبێت!

ئەوە لەبەر چاومە، کاتێ قابیل ستەمی لە هابیلی برای کرد. دەستی بۆ من درێژکرد و لەسەر زەوی هەڵیگرتم، زۆرم هاوار کرد؛ کەچی ئەوی سەرمەست بە عەشقی هاوسکەکەی، گوێی پێنەدام و بە توندی بە سەری برای دادام. باوەڕبکەن، زۆر لەو زیاتر ئازارم خوارد. کاتێ یەکەمجار خوێنم بینی؛ شلەژام! شلەیەکی لینجی گەرم، بە جەستەم هاتە خوارەوە. زۆر گریام، ئاخر ئەوە من نەبووم، ئەوە دەستی ئەو بوو، کە منی بەر سەری برای کێشا و لەپێناو چی؟ عەشق؟ دەک دەستەکانت بشکێ قابیل، دڵێک تژی بێت لە غەل و قین، هەر قابیلی رزیبوونە قابیل، نەوەک خۆشەویستی، ئاااى خۆشەویستی، چەندە تاوان بە ناوی تۆوە ئەنجام دەدرێت!

دەزانن، نەوەک هەر بۆ ئەژمارکردنی چاخ، بەڵکو مرۆڤ منی بۆ ئەژمار کردنی زۆر پێوانەی دی بەکارهێناوە، بۆ مەودا؛ ئەوە نییە دەڵێن؛ بە ئەندازەی بەردهاوێشتنێک دوورە؟ یان بۆ گوزراشت کردن لە دڵڕەقی و کەللەڕەقی، وەک ئەوەی ئێمە لەو گەوجی، جەنەگرتن، منجڕی و سەرسەختیە بەرپرس بین! ئاخر ئێمە چ لە هزری کاڵفامی مرۆڤەکان بکەین؟ کاتێ باڵەخانەی زەبەلاح و بە بەرزی سەدان مەتریان؛ لە ئێمە دروستکرد؛ دواتر کردیان بە گۆڕ بۆ کەسێک، کە درێژییەکەی مەتر و نیوێك بوو! بەڵێ؛ هەرەمەکانیان لە پێناو فیرعەونەکان دروست کرد، بە سەدان هەزار کرێکاریان خستە ژێرباری سوخرەکاری. لەوانەیە تەنها بە کەللەسەری مردووەکانی ئەم هەرەوەزیەی، پتر لە بیست ساڵی خایاند؛ هەرەمی بەرزتر بێتە بنیاتنان! چیتر باسکەم سەبارەت بە نامۆیی مرۆڤ؟ تاشە بەردێک دێنی و بە دەستی خۆی دایدەتاشی؛ دەیکاتە خوای خۆی و دواتر سوژدەی بۆ دەبات! مادامەکی هەر باسی ئایین دەکەین، ئێمە لە ئایینە ئاسمانیەکانیش رۆڵمان هەبووە. بەڵام رۆڵی جیاوازتر، ئەوەتا بەردی رەش هەر لە تەرزی ئێمەیە، کەچی موسوڵمانان کێبڕکێ دەکەن بۆ زیارەت کردن و دەست لێدانی، دواتریش دەچن و ئەهریمەن بەرد باران دەکەن! هە رئەوەندە نا، بەڵکو کاری جیاوازترمان هەبووە، هەر بەو ویستی ئاسمان، چەندینجار بووینەتە هۆکاری خۆشی و ناخۆشی، کاتێ موسای عیمران بە گۆچانەکەی لە شانی منی دا، دەلحاز دوازدە کانیاوم بۆ دوازدە تیرە جیاوازەکەی جوو هەڵقولاند؛ دواتریش هەر بە فەرمانی ئاسمان بوومە بارانی نەفرەت؛ باریمە سەر خەڵکی سەدوم و عامیرە. لەبیرمە تەیرەکانی ئەبابیل، هەندێکیان لە هاوچەشنەکانم لە دۆزەخەوە دەرهێنا؛ بە سەر سوپای ئەبرەهەی حەبەشیان داباراند. بەینی خۆمان بێت کەیفیشم بە خۆم دێت؛ کە بەردێکی بچووکی هاوشێوەم، فیلە زەبەلاحەکەی

ئەبرەهەی یخ کرد!

بیرمە جارێکیان دوو سوپا لە نزیک دۆڵێک بەرامبەر یەک وەستابوون، لە سوپای لای راستەوە کەتەیەکی فیلەتەنە هاتەدەر، هەموو لاشەی بە مس و زرێ داپۆشرابوو، خودەیەکی مسینی لەسەر کردبوو؛ ئەمە جگە لە زرێیەکی پوولەکەدار. جزمەیەکی مسڕێژکراوی لەسەر پێڵاوەکان کردبوو. رمێکی زەبەلاحی پەیکان پانی بە دەستەوە گرتبوو. بە دەنگێکیی گڕ نەڕاندی: " پیاوێک لە خۆتان هەڵبژێرن، تا زۆرانبازیم لەگەڵ بکات!". کەچی سوپای لای چەپ لە ترسان چۆکی دەلەرزی و هیچ وەڵامی نەبوو. باوەڕ دەکەن یان نا؟ ئەم دیمەنە سی و نۆ رۆژ دووبارە بۆوە. رۆژانە دووجار؛ بەیانی و ئێواران ئەم هاوارەی دەکرد، کەچی مردوو دەنگی هەبێت، ئەوانەی چەپ نەیانبوو. رۆژی چلەم شوانکارەیەکی هەرزە هات، زۆر بە شێنەیی من و چوار بەردی بچووکی دیکەی لە تورەگە نا. هەر تەنها بە بەردەقانی و دار عەساکەی بۆ ئەم لەندەهۆرە شۆڕ بۆوە. ئەویش لە قاقای پێکەنینی داو گوتی: " چییە کوڕیشگۆک رێگات بزرکردووە؟ چییە من گورگم و هاتووی بە دار و بەردەقانی شەڕم لەگەڵ بکەی؟ دەی بڕۆ ئێرە چۆڵ بکە، هەتا کەت کەتم نەکردووی!". کەچی منداڵەکە بێ وەڵامدانەوە منی خستە نێو بەردەقانیەکە، دوای سوڕاندم لە حەوا؛ کە سەریشم لەگەڵی گێژبوو، زۆر بە هێزەوە منی بەرەو کەتەکە راوەشاند، خۆشم نازانم چۆن بە هەنیەی جالوت کەوتم! (ناوی ئاوابوو) بیرمە سەری تۆزێک خوێنی لێهات؛ لەگەڵ بەربوونەوەم، جەستە زەبەلاحەکەی ئەویش کەوتە خوارەوە. ئەوکات سوپای لای چەپ، هەموو بە یەک دەنگ هاواری کرد: " بژی داوود!" . ئەوکات لەسەر زەوییەوە سەیری مێردمنداڵە ژیرەکەم کرد؛ زانیم کەسێکی ئاسایی نییە و داهاتوێکی رۆشنی دەبێت.

ببورن نامەوێ مێشکتان بەم چیرۆکانە سەقاڵ بکەم؛ نەوەک من پاڵەوانی زۆرێک لە رووداوەکانی مێژووتانم. بە راست، ئەوەی لام سەیرە ئەوەیە؛ لای هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بایەخم هەبووە؛ لەمبارەوە چیرۆکی نامۆم لایە. زۆر جاران هەژار و نەداران لەبەر نەبوون و برسیەتی، منیان لەسەر گەدەی خۆیان بەستۆتەوە، یاخود لە ئاوی گەرمیان ناوم لەسەر ئاگر، تا وا لە منداڵەکانیان بگەینن، کە چێشت لێدەنێن. ئەم دیمەنانە زۆر کاریان تێکردووم، باوەڕبکەن بە دیار ئەم منداڵە برسیانە، هەنیسک و فرمێسکەکانم زۆر لە ئاوە کوڵاوەکە، گەرمتربووە و لە ناخەوە کوڵاوم. یەکێک لەو شتانەی زۆر نیگەرانم دەکات ئەوەیە؛ زۆرێک لە خوێی و کانزاکان لە ناو گورچیلە و لەشی مرۆڤ کۆدەبێتەوە؛ تووشی مەترسیان دەکات، کەچی هەر ناوی من دێت، هەر

باس له من دهکرێت!

به ڕاستی؛ لەبیرم چوو شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە، دەزانن هەندێ جۆر له گرانبەهاترین و بە نرخترین کانزاکانی ئەم هەسارەیە بەردن؟ چی چی؟ بەڵێ له زێڕیش بەهادارترن، له بیرتان نەچێ ئەڵماس، یاقوت، زومڕووت، ئاقیق، زەفیر و فەیروز... بەڵێ هەموو ئەمانە دەرکەوتەکانی خۆمن. شتێکی دی، وشەی ئەڵماس له ئاداماسی یۆنانییەوە هاتووە، که بەواتای (نابانی گوێدیرنی)... ببورن لەوانەیە زاراوەکەتان لا قورس بێت، به کوردی واتا( کانزایەک به کەس مشتومالْ ناکرێت و نایەتە گۆڕین) هەر ئەوەشە وای لێکردووە بەهادارترین کانزا بێت... هههە دەزانن به چی پێدەکەنم؟ ئەڵماس یەکێکە له دەرکەوتەکانی کاربۆن، بەڵێ ئەوکاربۆنە ڕەشە هەرزان بەهایە! بەڵام دەزانن چ وا بەهاداری کردووە؟ کاربۆنی بێبەها له ژێر پلەی گەرمی و فشاری بەرز؛ دەبێتە ئەڵماسی گرانبەها، ڕێک وەک ئێوە، کاتی ژیان له بەرداشی خۆی دەتانهاڕێ و فشارتان دەخاتە سەر، ئەو کات کەمێک... زۆر کەم له ئێوە؛ بەرگە دەگرێ و دەبێت به ئەڵماس؛ ئەوکات به ڕۆشنایی هزر و دڵه خاوێنەکەی، مێژوو دەگۆڕێت!

ببورن زۆرم گوت؛ بەڵام هێشتا قسەکانم تەواو نەکردووە، لەوانەشە بپرسن (ڕۆڵی تۆ لەم ڕۆمانە چییە؟)... داوای لێبوردن دەکەم؛ بەڵام به بیرهاتنەوەی دیمەنەکانی ئەم تراژیدیایە... ببەخشن، دووبارە بێدەنگ دەبم ماوەیەک... به داخەوە، هەرگیز ئەوەی له حەوتی نیسانی دوو هەزار و حەت ڕوویدا له یاد ناکەم، ئەوکات من لەسەر زەوی بووم، گاڤەك بینیم کچێکی شۆخ و شەنگی حەڤدە ساڵە، له لایەن چەند کەسێکی توڕە، له بنکەیەک دەهێندرێتەدەر؛ له دەرەوەش سەدان کەسی توڕە چاوەڕێن!

لەهیکەوە؛ یەکێکیان منی هەڵگرت و ئاڕاستەی ئەم شۆخەی کردم، هەرچەندە ویستم کێشم سووک بکەم و بەهۆی هەواوە ئاڕاستەم بگۆڕم، بەڵام ئەفسوس، به توندی بەر جەستە ناسکەکەی کەوتم، دواتر دەیەها بەردی هاوشێوەی من؛ به قەبارەی جیاواز ئاڕاستەی کران. باوەڕبکەن دڵم ژانی کرد، ئەو جەستە ناسکەی هەمووی گوابوو، لاشەی وەک کراسەکەی سوور بوبوو، تەنانەت یەکێ لەو هەرزەکارانە؛ هات و جلەکەی دڕێ، لەمە زانیم ئەم بەستەزمانە سووکایەتی پێدەکرێ، لەوانەیە به تاوانی دەرچوون له ئایین، لەشفرۆشی یاخود سەرشۆڕکردنی خانەوادەکەی تۆمەتبار کرابێت، بەڵام که له دەمووچاوە پاک و مرووزە بێ گوناهەکەم دەڕوانی، دەمزانی ئەم تۆمەتانە هەڵبەستراو و بێ بنەمان.

له چاولێکنانێك کۆمەڵە دڕندەیەک لێی تێوەرووکان؛ به شەق و شەپ تێهەڵدان

کەوتنە وێزەی. درِندە؟ نەخێر درِندە بە برسیەتی پەلاماری نێچیر دەدات، بەڵام ئەمانە دڵیان بە رق ئەستوور بوبوو، تێر قین کرابوون. سەرباری ئەم سووکایەتی و دەست درێژیە، کەچی هەستم بە بێگەردی ئەم پەریە کرد. کاتێ بێ ئابڕوویەك جلەکانی دامالّی؛ بەو دەستە ناسکانەی؛ کە خۆی پێ لە بەرد نەدەپاراست؛ دەلحاز لاشە دەرکەوتووەکەی پێ داپۆشی؛ بێباك لەوەی پەنای پێبکات لەم بەردبارانە! ئەو نامەردانەی کە بە چاوی خۆیان تاوانی ئەم پەریەیان نەدیبوو، ئەم دیمەنەیان بینی و خۆیان لێی گێل کرد. ئاخر کاتی مرۆڤ بە فەتوای ئایینی دڵبەست دەکرێت، ئەوا هیچ نابینێت؛ وەک ئامێرێکی کوشتنی بێ گیانی لێدیت. لەسەر زەویەکە کەمێک دوورتر کەوتم؛ قبوڵم نەکرد چیتر لەم تاوانە بەشداربم، باوەڕبکەن وەک دارێکی هەزار ساڵە، رەگم بە ناخی زەوی نـاردە خوارەوە؛ وەک فەرخە ئۆکتۆپەسێک چۆن لە دایکی جیا نابێتەوە، ئاوا بە هەر هەشت دەستم زەویم گرت؛ و بوومە بەشێک لێی. لە دوورەوە بینیم چۆن بەدەم دوعا دەکات و لەخوا دەپارێتەوە، ئەوکات زانیم ناوی دوعایە! وای لە مرۆڤ، باوەڕکەن کاتی لە مرۆڤایەتی خۆی لادەدا، هیچ درِندەیەک شان لە شانی نادات. پڕ بە دەنگی خۆم هاوارم کرد؛ سوودی نەبوو، ئاخر لەم شوێنەدا شتێک بە ناوی هۆش، ژیری، خۆشەویستی و تەنانەت بڕوا بوونی نەمابوو، چون ئەوەی بڕوادار بێت و باوەڕی بە خوا هەبێت، کاری وا ناکات. لە دڵی خۆم خۆزگەم دەخواست، مەسیح زیندوو بوبایەوە و دووبارە بیگووتبا: " ئەوەی هیچ تاوانێکی نییە؛ با تەنها ئەو، بەردی تێگریت!". گومانم لەوەدانەبوو، ئەوکات هەمووان سەریان شۆردەکرد و دەڕۆیشتن. چون هەموو ئەو درِندانەی لێرە بەرد دەهاوێژن، فیکە لێدەدەن، جوێن دەدەن و بە مۆبایل گرتەکە تۆمار دەکەن. سەرجەمیان تاوانبارن؛ دەیانەوێت بەم کردەوە، رووی خۆیان لە بەرامبەر خواکەیان سپی بکەنەوە. واااای لە نەفامی، دەزانن تاکە گوناحی ئەم گوڵە جوانە چییە؟ عەشق... بەڵێ عەشق، تاوانی ئەوەیە کە عاشق بووە و بە دوای دڵی کەوتووە. نە ئایینی گۆڕیەوە و نە خۆی لەدەست داوە. تۆ بڵێی لەم بەشەی جیهان، کە لە هەموو خۆشییەک بێبەشە، ئاکامی خۆشەویستی ئاوابێت؟ تۆ بڵێی لەم دۆزەخەی ئەم گەلحۆیانە، بە بەهەشتی دەزانن، لە غەیری یاساکانی دۆزەخ، هیچ شتێکی تر بوونی هەبێت؟ هیچ مرۆڤێکم لەوێی نەبینی، ئەوەی هەبوو، کۆمەڵە کەمتیارێک بوون؛ بە بۆنی خوێن هاربوبوون و سەرمەستی رازیکردنی خوایەک بوون؛ کە ئەم رۆژە، تەنها بە کوشتنی ئەم کیژۆڵە ناسکە رازی دەبوو!

هەرگیز ئەم دیمەنەم لەبەر چاو لاناچێ. سەرەتا ئەو جلی سووری لەبەر بوو، دواتر

جلیان دڕاند؛ کەچی دواتر هەموو شوێنەکە بە خوێنی ئەو سووربوو. خوێنی بوو بە لافاو شۆستە، شەقام و تەنانەت ئاسمانیشی سوورکرد. رەوشەکە لە دەست دەرچوو... هەڵڵایەو گەوجەکانیش بوون بە دڕندە؛ خوێن لە کەڵبە و رنۆکەکانیان دەچۆڕایەوە. تابلۆیەکی خوێناوی، کە مەگەر ئاکامەکەی هەر خوێن بێت. نازانم ئەوانەی بەم کارە هەڵسان، بۆ هیچ بیر لەو لافاوە خوێنە ناکەنەوە، ئەوەی بە چەند دڵۆپێکی پاکی خوێنی ئەم پەریە دەستیپێکرد؛ کە لەوانەیە دواتر؛ وڵات نغرۆی ئۆقیانۆسێک لە رق و قین بکات!

ئەم دیمەنە وای لێکردم، بە کڕی و بێ دەنگی، لە بڕی فرمێسک خوێن بڕێژم، هەرچی ئەم دڕاندانەن، ئەوا دڵیان نەبوو. چون منێکی بەردین ئەمە حاڵم بێت، دەبووایە دڵە گۆشتنەکەی ئەوان بە میهرتر بووایە. بە هەرحاڵ؛ نامەوێ چیتر ئەم دیمەنە بخەمەوە یاد، بەڵام زانیم دوایی بۆیان دەرکەوتووە، ئەم پەریە پاکیزەیە و هەر لەسەر ئایینی خۆی بووە؛ رەفتارەکانیشی لەکاتی بەردبارانەکە، باشترین گوزارشت بوون لەسەر رووسپایی و شەرمداری ئەو؛ رووڕەشی و شەرمندەیی هێرشبەران. کاتێک توندئاژۆیی، جەهالەت و دابوونەریتی کۆنی بێبنەما؛ تێکەڵ بە ئایین دەبن، لە ئاکامدا کۆمەڵە دڕندەیەکی لێ دێتە کایەوە. مرۆڤایەتی بەردی بناغەی هەموو شتێکە، کە تۆ مرۆڤ نەبوویت؛ هیچ شتێکت لێ درووست نابێت، نە بەندەیەکی چاکی خواوەند و نە کەسێکی باش، تەنانەت نابیتە مرۆڤیک کە شایستەی ئەوە بێت، لەسەر ئەم زەوییە گوزەربکات.

شتێک لەم مەسەلەیە زۆر شەرمەزاری کردم، دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە و کوشتنی ئەم پەپوولەیە، دەرەنجام لاشەی ئەم پەریەیان لەگەڵ پاشماوەی سەگێک لە گۆڕنا! وەک ئاماژەیەک بۆ پووچی و بێ بایەخی ئەم کەسە بێنازە! دەزانن چییە؟ هیچ پەیوەست نیم بە لاشەکەی، چون دەزانم ئەم بەستەزمانە ستەمی لێکراوە، گومانم لەوەشدا نییە، گیانی ئازاد و خاوێنی ئێستا لە مەلەکوتی بەرزە؛ دوور لەو دۆزەخەی کە ناونراوە زەوی.

# (10)

# پێم دەڵێن عەفەری

ببورن، ناتوانم ناوی راستەقینەی خۆم بڵێم، چون سوپای ئەمریکی و حەڵقە بەگوێیەکانی، بەدوام دەگەڕێن، چون یەکێکم لەو موجاهیدانەی؛خاکی وادیل رافیدەینمان کردووە؛ بە گۆرستانێك بۆ داگیرکەر، رافیزە و هەڵگەڕاوەکان.

زۆر ناوم هەیە؛ حاجی، باوکی محەمەد و باوکی ئایەی تورکومانی. بەڵام ئەوەی کۆتاییم زۆر بە دڵە. هەرچەندە تورکمانی تەلەعفەرم؛ کەچی لە منداڵیەوە رەگەز، ئایین و بوونم لە کەموڵەی بەعس تواندۆتەوە، باوەڕم بە ئوممە عەرەبیە واحیدە هێناوە.

دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی دووهەزار و سێ؛ لە لایەن هێزەکانی خاچپەرست و زایۆنیزمی جیهانی، لەگەڵ هێزە نیشتیمان پەروەر و دڵسۆزان کەوتینە خۆ؛ هەر زوو بەزوو بەیعەتم دایە ئەبو موسعەبی زەرقاوی؛ بوومە ئەندام لە رێکخستنی قاعیدە و دەستمکرد بە جیهاد.

بەینی خۆمان بێت، هەر لە منداڵیەوە رقم لە کورد بە گشتی؛ و ئێزدی بەتایبەت دەبێتەوە، ئەوانە کۆمەڵێکی لادەر، خۆفرۆش، یاخی و گومڕان. نازانم ئەوە چ ئاینێکی دۆزەخییە؛ کە ئەهریمەن دەپەرستێ و دژایەتی خودا دەکات؛ تەنانەت پەیامبەر و کتێبیشیان نییە؟

چی؟ نەخێر، دەزانم ئێستا دەڵێن ئەوانە خواپەرستن و دوو کتێبیان هەیە... نەخێر، ئەو قسانە راست نیین، ئەمانە دێوپەرستن و کتێبەکانیان خاپینۆکن، پێویستە عێراق و جیهانیان لێ پاك بکرێتەوە.

چی چی؟ ئەوان خەڵکی رەسەنی عێراقن؛ کەچی من پاشماوەی مەغۆل یان عوسمانیە تورکەکانم؟ ئەوە قسەیە بێ مانایە چییە؟ من موسوڵمانم و عێراق هی هەموو موسوڵمانێکە، ئەوجا تورك بێت یا عەرەب، شیشانی بێت یان ئوردنی. ئەوە وڵاتی موسوڵمانانە و جێی غەیرە موسوڵمانی لێ نابێتەوە. ئەوان ئەگەر دەیانەوێ لێرە لەگەڵمان بژین؛ دەبێ بە یەکێك لەو سێ مەرجە رازی بن: جەنگ، جزیە یانیش

موسـوڵمان بـوون. نـەخێر؛ خـۆی وایـە و پێچەوانـەم نەکردۆتـەوە! بـە دەسـت مـن بێـت، هەموویان دەکوژم، چون ئێزدی چاك ئێزدی مردووە! ئەمانە نەسلی گڵاون؛ و بە هەموو ئاوی دجلە و فوراتی خاوێن نابنەوە.

چی چی؟ من ڕەگەزپەرستم؟ دەبا شتێکتان پێ بڵێم؛ من موجاهیدم و گەر بەدەستم بێت، هەر کەسێك یارمەتی خاچ پەرست و جوولەکان بدات؛ دەیکوژم! تەنانەت برای خۆشم بێت. ئیسلام بە شمشێر بڵاوبۆتەوە؛ هەر بە شمشێریش دەگەڕێتەوە.

بەهەرحاڵ، نەهاتووم گەنگەشەتان لەگەڵ بکەم، چون من موجاهیدم، لای خوا زۆر لە ئێوە ئازاتر و ئازیزترم. پلەم لای خوا لە ئێوە گەورەترە؛ کەواتە مێشکیشم گەورەترە و هیچ موناقەشەیەکی ناوێ.

لەوانەیە لە ڕۆڵی من بپرسن؛ بۆ منیان هێناوەتە قسان، لەبەر سنجار... بەڵێ سنجار نەوەك شەنگال ؛وەك خۆفرۆشە کورد و ئێزدیە دێوپەرستەکان ناوزەدی دەکەن. دەتوانن من بە ئەمیری سنجار بزانن؛ بۆیە یەکراست دەچمە نێو بابەتەکە.

وادیارە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، یەکەم شەهیدی ئیسلام لە مێژوودا (سومەیەی کچی خەیات) بوو، کە بە دایکی عەممار ناسراوە. کاتێك لە مەککە بە دەستی (ئەبو جەهل) ئەشکەنجە دەدرا؛ پڕ بە دەنگی زوڵاڵی هاورای دەکرد: " خوا یەکەو بێ هاوتایە". ئێستاش دوای هەزار و چوار سەد ساڵ؛ کچە موسوڵمانێك بە ناوی (دوعا کچی خەلیل). بە هەمان تاوان و هاوشێوەی سومەیە، لە شەقامەکانی شێخان بە دەست گومڕاو دێوپەرستان شەهید دەکرێت؛ چون باوەڕی بە خوا، پەیامبەر و ئیسلام هێناوە.

هەرچەندە چواردە سەدە، لە نێوان ئەم دوو ڕووداوە هەیە و شوێن، ناو، کەسایەتی، بکوژەکان... هەمووی گۆڕاون، کەچی تاوانەکە هەر هەمان تاوانە.

ئەگەر ئەوکات ئیسلام لە مەککە بێ هێزبوو، ئایینەکە لە سەرەتا و قۆناغی نهێنی بووە، تەنها سی بڕواداری بێدەستەڵات لەسەر زەوی هەبوونە. بەڵام ئیمڕۆ ئیسلام بەهێزە، یەك ملیار موسوڵمان بوونیان هەیە. بۆیە لێرەوە؛ بە ناوی سەرجەم موسوڵمانانی جیهان؛ من وەك والی سنجار؛ بڕیارمدا تۆڵەی ئەم شەهیدە لەو دێوپەرستانە بکەمەوە، لە بڕی ئەو شێست بەردەی بە لاشەی کەوت، شەشسەد کەس بکوژم. باوەڕبکەن خانەوادەکەی خۆی وازبێنی من وازناهێنم!

چیم پێدەکرێ؟ گەلێ زۆر... دوێنی فەرمانم دایە شێرەکانی ئیسلام، دەست بە ڕاوە ئێزدیان بکەن. لە یەکەم غەزوە لە موسڵ، پاسێکی تایبەت بەو دێوپەرستانەمان کەوتە دەست، هەر بیستو دوو تاوانبارمان کووشت. چی چی؟ ئەوانە کرێکاری بێتاوانی

کارگەی شەکر بوون؟ نەخێر تاوانبارن... تاوانیان ئەوەیە کە ئێزدیین!

بوەستن با قسەکانم تەواو بکەم، فەرمانم داوەتە سەرجەم رێکخستنە ئازاکانی موجاهیدان، لە( قاعیدە، دەوڵەتی ئیسلامی، ئەنساری سوننە و کەتیبەکانی مەلایکەتی عێراق) تۆڵەی بووکی شەهیدان بکەنەوە. فەرمانی ئێزدی قڕانم دەرکرد؛ لە هەر شوێنێك تیایدا کاردەکەن؛ لە هوتێل، کێلگە، کارگە و بازاڕەکان. وام راسپاردوون، کە دوای کوشتنی هەر یەکێکیان، کاغەزێك لەسەر لاشەی دابنرێت و تیایدا بنووسرێت (نە ئاسمان سێبەرتان لێدەکات؛ و نە زەوی لە تۆڵەی خوا دەتانپارێزێ) هەرچەندە زۆربەیان رایانکردووە و موسڵیان جێهێشتووە، خۆیان داوەتە پاڵ سوپای داگیرکەری ئەمریکی و کوردە هەڵگەڕاوەکان. بەڵام هەرگیز وازیان لێ ناهێنین.

هههههە(پێکەنین)... دەزانن بە چی پێدەکەنم؟ با شتێکتان بۆ بگێڕمەوە. کێبرکێیەکم لە نێوان گەنجانی موجاهیدین سازکردووە، بۆ ئەوکەسەی لە بەهەشت بە دوعا دەگات؛ و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. کۆمەڵەیەکی زۆر لە خۆبەخشان خۆیان ناونووسکرد کرد، دواتر تیروپشکێکی شەرعی؛ ئەم پەرییە حەڤدە ساڵییە بەر برامان شێخ لویس عەتاڵڵا کەوت. لەم چەند رۆژە نەوزاوا بە ئۆتۆمۆبێلێکی رازاوە، بەرەو قەحتانیە دەڕوات؛ تا دونیایان بەسەر بهەژێنێ؛ بە دەردی خەڵکی عاد و سەمودیان ببات.

چی چی؟ ئێمە بەم شتە پێچەوانەی ئیسلام رەفتار دەکەین؛ خەڵکی بێتاوان دەکوژین؟ دواجارە ئاگادارتان دەکەمەوە (بە هاوار)... ئەم قسە پووچانە لای گەنجانی موجاهید مەکەن؛ لە جیهادیان سارد مەکەنەوە. دەبێ ئەوان وەك شمشێری لە کالان دەرچوو، بەردەوام لە وەشان بن. چۆن گەنجان توڕە نەبن، خوێن لە شادەمارەکانیان کەف نەکات؟ ئەو خوشکەمان بوبوو بە موسوڵمان؛ داینابوو خۆی بە نیقاب و عەبا بپۆشێت، قورئان ئەزبەر بکات و تەنانەت لە جیهاد بەشداریی بکات. کەچی ئەو دڕندانە رووتیان کردەوە، هەموو جلیان دڕی و عەورەتیان دەرخست... سوێند بەرخوای تاك و تەنیا، دەبێ هەزار کەس لە تۆڵەی دوعا، خەڵەتانی خوێن بکەین.

ئێوە هۆنراوە نازدارەکەی شێخ حامید ئەلعەلیتان؛ لەسەر دوعا خوێندۆتەوە؟ ئەوەی هانمان دەدات، ئێزدی فەرمان بکەین و سەریان ببڕین؟ بە راستی هۆنراوەیەکی بە جێژە. دەتانەوێ بۆتانی بخوێنمەوە؟ مادامەکی ناتانەوێ گوێبیستی بن، لێمگەڕێن با پلانە جەهەنەمیەکانم دابڕێژم، ئاهاا جەهەنەمی... هههههە(پێکەنین) دەزانن بۆ پێدەکەنم؟ بەر لەوەی بچنەوە جەهەنەمی ئاسمان؛ لێرە لەسەر زەوی جەهەنەمیان بۆ گڕدەدەین! هههههە (پێکەنین). شەرتبێ بە دەردێکیان ببەم، مەگەر ئەمریکیەکان لە غەزوەی مانهاتن

چەشتبیان؛ کاتێ برایانمان بە دوو فڕۆکە، خۆیان بە باڵەخانەی بازرگانی جیهانی کێشا. دەڕۆم؛ کۆبوونەوەم لەگەڵ هەردوو بەڕێزان؛ ئەبو عەبدی ناسری یاریدەدەر، ئەبو عەبدوڵڵای متێوتەی شارەزا لە فایلی ئێزدیان، هەیە. ئەمەش بە مەبەستی ئامادەسازی بۆ تۆڵەسەندنەوە.

بەسە بەس... نامەوێ چیتر گوێم لەو قسانەی ئێوەبێت، سەبارەت بە پێکەوەژیان و عەدالەتی ئیسلام؛ ئەو قسە بێ مانایانەی، پەیوەستن بە ئازادی پەرستشکاری. من وەك ئەمیری سنجار و ناوچە داگیرکراوەکان، لە لایەنی خێڵی دێوپەرست، بڕیاری جەنگێکی پیرۆزم داوە و لەم زووانە هەواڵەکانتان پێدەگات.

بەر لەوەی بڕۆم نهێنیەك دەدرکێنم، راستیەکەی هیچ لەسەر ئەو دێوپەرستانە نازانم، هیچم سەبارەت بە وان نەخوێندۆتەوە، لەبەر ئەوەی موسوڵمان و عەرەب نین؛ ئەوەندە کیفایەتە؛ تا مافی ژیانیان لەسەر ئەم زەوییە نەبێت. خاکی پیرۆزی عێراق تەنها هی عێراقیە دڵسۆزەکانە، ئەوانەی جیهاد دژ بە داگیرکەران دەکەن؛ تا وشەی یەکتاپەرستی هەر بەرز و شەکاوەبێت. چییە بۆ وا سەیرم دەکەن؟ باوەڕناکەن؟ نامەوێ هەموو قسەیەك بکەم. دە سوێند بخۆن لە هیچ شوێنێك باسی نەکەن؟ ئەوجا بۆتانی دەگێڕمەوە! باشە باش...

دەزانن راستیەکەی چۆنە و بۆ وا رقم لە ئێزدییانە؟ نا نا مەسەلەکە ئەم بەستەزمانە نییە، ئەوەی دڕندانە بەردباران کرا. خوشکی خۆم رەدووکەوێت یان قسەی خراپی لەسەر بکرێت، ئەوا بە دەستی خۆم دەیکوژم... بەڵێ بەڵێ، خۆ ئێمەش عەشایرین، عورف و عادەتمان هەیە. دەبا راستی ئەم رقەتان بۆ بگێڕمەوە، ئەوەی چەندین ساڵە نەمدرکاندووە.

هەرزەبووم، تازە تەمەنم دەگەیشتە چواردەساڵ و سمێلم گووگرە بوو. جارێکیان داوام لە باوکی رەحمەتیم کرد... لەگەڵ مردووی ئێوەش، داوام لێکرد لەگەڵ خۆی بمباتە موسڵ؛ بۆ سەردانی نەبی یونس! ( عەلا نەبینا وە عەلەیهیل سەلام). ئەوەبوو پێنج شەممەیەك دوای عەسر، بەیەکەوە شۆڕبووینەوە موسل، تا نوێژی هەینی لەوێ بکەین. کاتێ لە نەقلیات دابەزین، بەسالاچوێکی جل سپیم بینی، ریش و سمێلێکی گەورەی هەبوو، بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات، لە باوکم پرسی ئەمە چییە و کێیە؟ گوتی ئەمە فەقیرێکی ئێزدیە و نزیکی مەکەوە! ئەمانە دێوپەرستن. کە ئەم رستەی دوایم بیست راچڵەکیم، لە ترسان توند دەستی باوکم گرت. تا تێپەڕین بە رقێکی ئەستور سەیرم کرد؛ بەردەوام نەفرەتم لە دێو دەکرد.

بەهەرحاڵ، چووینە ماڵی خزمێك، بیرمە کچێکی جوانکیلەی جاحێلیان هەبوو، لە کاتی نان خواردن خزمەتی کردین، منیش وەك هەرزەکارێك کە تازە خۆی ناسیبێ، بەم شێوەیە لە ژێرەوە هەر سەیرم دەکرد. ئاخر ئەو بابان وێرانە زۆر جوان بوو.

شەو بە خەیاڵی ئەو نازدارە نووستم؛ خەوم پێوە بینی، لاحەیائە فیل دین خۆم پیسکرد. بەیانی باوکم و ماڵەکە بۆ نویژ هەڵسان، منیشیان لەگەڵ خۆ هەڵستاند و لە شەرمان قولماتم نەکرد! گوتم من دەچمە مزگەوت نوێژ دەکەم؛ دەرچووم و ماوەیەك لە کۆڵانەکان سوڕامەوە، دواتر چوومەوە گوایە نوێژی بەیانیم کردووە. هیچ قسەم نەکرد و نزیکی نیوەڕۆ، بەم لەش گرانییە چوومە مزگەوتی نەبی یونس؛ لە شەرمان بە لەشگرانی نوێژی هەینیم کرد! لە کاتی نوێژ زۆر گریام و خەریکبوو لە هۆش خۆم بچم، خەڵك زۆر هاوسۆزم بوون و باوکم شانازی پێوە دەکردم؛ وایان دەزانی زۆر بە تەقوا و باوەڕم؛ نەیاندەزانی لە شەرمی خوا دەگریم! باوەڕبکەن؛ ئیستاش کزەم لە جەرگی دێت. نەمدەزانی چی بکەم؛ زۆر شەرمندەم زۆر. لە حەیاچوون ترسام کەچی لە خوا نەترسام؛ بە جەنابەتەوە چووم بۆ نوێژی هەینی، لە مزگەوتی پەیامبەرێك!

دواتر دەیان شەو تا بەیانی گریاوم، داوای لێخۆشبوونم لە خوا کردووە، زۆرم بیرکردەوە ئاخۆ دەبێ هۆکاری ئەم رووداوە چی بێت، دوای بیرکردنەوەیەکی قوڵ، لە کۆتاییدا هۆکارەکەم زانی. ئەوە دێو بوو پێیکردم! لە تۆڵەی ئەم هەموو نەفرەت و جوێنەی، لە تێرمینال بەو و میللەتەکەم دا، تۆڵەی لێکردمەوە و قەشمەری کردم! ئەو پیرە ئێزدیە هۆکاری ئەم گوناحە گەورە بوو. بۆیە لەو رۆژەوە قینم لێیان هەڵگرتووە، رۆژ بە رۆژ رقم لێیان ئەستوورتر دەبوو، چاوەڕوانی ئەو رۆژە بووم، کە بتوانم ئەم تۆڵەیان لێ بکەمەوە. وابزانم ئەم رۆژەش زۆر نزیکە!

دەبێ بڕۆم، دەنگی فڕۆکە دێت و دەترسم لە جۆری بێفڕۆکەوانی ئەمریکی بێت، ئەم کافرانە تەنها بەم شێوەیە شەڕمان دەکەن، نامەردانە و دوور بە دووری. بەر لەوەی بڕۆم شتێکتان پێ دەڵێم؛ ئاگاداری هەواڵەکان بن، چون بەم نزیکانە، زەبرێك لە نەتەوەی دێو دەدەین، هەر دەبێ مێژوو باسی لێوەبکات!

## (11)

# فەقیر دینۆم

دەزانن بۆ دووبارە هاتمەوە؟ تا کارەساتە دڵتەزێنەکەی، سێشەممە خوێناوییەکەتان بۆ بگێڕمەوە. چیرۆکی فەرمانە ئەژمار نەکراوەکە. لە ژیانمدا زۆر ناخۆشی و نەهامەتیم دیووە، لە کۆچپێکردن، بە بەعسیکردن، ڕاگواستن، ئەنفال و لە دەستدانی خۆشەویستان. بەڵام هیچکامیان وەك ئەو دۆزەخە نەبوو؛ ئەوەی قاعیدە بۆی گڕداین!

وەك ئەوەی ئیمڕۆ روویدابێ، ئاوام لەبیرە. بەیانی بەر لە هەمووان هەڵسام... هەڵسام؟ چاکتر وایە بڵێم بە درێژایی شەو نەخەوتبووم، بەردەوام لەگەڵ هاوسەرەکەم، بە دیار کوڕە بچووکە نازدارەکەمان دانیشتبووین. ئەو تایەکی گەرمی لێبوو. هەرچەندە لە مانگی تەباخ دابووین، کە گەرمترین مانگی هاوینە لە عێراقدا؛ شەوی پێشوتر ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵات و خەریکبوو کەش فێنکتر دەبوو؛ کەچی پلەی گەرمی ئەم بەستەزمانە دانەدەبەزی. لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری بەیانی و لە ترسی گەشکەگرتن؛ بڕیارمدا بە ئۆتۆمۆبیلی عیدۆی دراوسێمان، بیبەم بۆ نەخۆشخانە. زۆر بە پەلە لە دەرگام دا، بێ ئەوەی مەودای خواردنی بەرچای پێبدەم، لەگەڵ خۆمم برد، بەو هیوایەی نانی بەیانی لە شێخان بخۆین. دوای دەرچوونمان لە کۆمەڵگەی سیباشێخدر؛ لەرێگا چەندین پەڕۆ و لافیتەی رەشمان بینی، لەو کاتەدا عیدۆ بە بێزاری گوتی:

- بۆ وازمان لێناهێنن؟
- کاکی خۆم؛ باجی ئێزدی بوون لەم وڵاتە گەلێ قورسە، هیچی نوێی تێدانییە، بە درێژایی مێژوو ستەمیان لێکردووین. هیچ شتێك نەگۆڕاوە.
- نااا، زۆر شت گۆڕاوە. ئەدی ئەوەنییە لە مانگی گوڵانەوە تاوەکو ئێستا، دەیان گەنج و پیریان بە ناحەق لێ کوشتووین.
- مەقسەدت دوای بەردباران کردنی دوعایە؟
- ناوی مەهێنە، ئەو کافرە لە دین وەرگەڕابوو... (بە تووڕەیی)
- هەرچییەکی کردبێ، شایستەی ئەم سزا قورسە نەبوو، تۆ شێوازی کووشتنیت بینی؟ ئەوانی ئەم شتەیان ئەنجامدا چ جیاوازیان لەگەڵ ئەو بکوژانە هەیە،

ئەوانەی ئێستا کەوتوونەتە وێزەی لاوانمان؟ وەك چۆن جوامێری لەوەدا نییە، دەیان کرێکاری بێتاوان، لە بری ئافرەتێك بکوژی. ئاواش پیاوەتی لەوەدانییە، بە سەدان کەس و لەبەر دەم بنکەی پۆلیس؛ کیژۆلەیەکی حەڤدە ساڵی، تا مردن بەردباران بکەن.

- ئێ باشە چییان دەوێ؟ خۆ ئەوان هەریەکە لە سەرمەدی برای و هانی پسمامیان کووشت، کە دەستیان لەم کارەدا هەبوو. بۆ وازناهێنن؟ چەند رۆژێك دوای مەسەلەکە، هەریەك لە ئامۆزا و خاڵۆزام ( دەروێش و سوفیان) بە مەبەستی کارکردن روویان کردبووە موسل، لە گەڕەکی قاهیرە تووشی چەند چەکدارێك هاتن، بێ یەك و دوو کوژران... ئاخر ئەوانە چ تاوانێکیان هەبوو؟ باوەڕبکە لە تەمەنی دوعا بوون، بگرە دژی بەسەرهاتەکەی ئەو بوون.
- بەداخەوە؛ زۆریش بەداخەوە، ئەوان دەعوای ئیسلامەتی دەکەن، کەچی بە هەنجەتی دوعا تاوانمان دژ دەکەن. دەبا شتێکت پێ بڵێم؛ ئەوانە کۆنە بەعسی، فیدائی سەدام و رەفیقە ترۆ کراوەکانن، دەیانەوێت تۆڵەی شکستە گەورەکەیان، لە ئێمەی بێ چارەی بێ کەس بکەنەوە.
- وەکو گوتوویانە بە کەر ناوێرن و پەلاماری کورتان دەدەن. بەڕای من و سەرباری هەمووشتێك؛ مەترسی نەتەوە پەرستەکان لە قاعیدە کەمترە ، ئەوەنیە قاعیدە بە ناوی ئایین خەڵکمان دژ هان دەدات، نامەی هەرەشەکاری بڵاو دەکاتەوە، گوایە جیهاد دژمان پیرۆزە و تارۆژی قیامەت بەردەوامە؛ دەبێ خاکی عێراقمان لێ خاوێن بکرێتەوە.
- قەدەرمان وایە برالە، نەوت بەو گەرمایە؟(ئەمەم گوت، بە دەم بینینی تانکەرێکی گەورە و لۆریەکی غازێك؛ ئەوانەی بەرەو کۆمەڵگەکە دەڕۆیشتن)
- ئەوە هەمووی، لەبەر ئەو دوعا بێ ئابڕووە بوو.(بە توڕەیی وایگوت)
- نەخێر... هەرگیز! ئەوە رقێکی کۆنە؛ تەمەنی سەدان ساڵە، باشە گەر ئەوان باسی بەردبارانی دوعا دەکەن؛ و بە تاوانی دەزانن، بۆ خۆیان رۆژانە؛ نەوەك هەر لە موسڵ بگرە لە هەموو دونیا؛ ژن و پیاوی موسوڵمان، بە ناوی زیناو فاحیشە، زۆر بێبەزەییانە بەردباران دەکەن؟ ئەی لە ئایینی خۆشیان هەڵگەڕاوە ناکوژرێت؟ باشە بۆ دەبێ حەد دەرکردن، جێبەجێکردنی سزای ئایینی، لای خۆیان واجیب، جیهاد و خۆخاوێنکردنەوە بێت، لەوکاتەی بۆ ئێمە تاوان، هۆڤانی، وەحشیەت و دەرچوون بێت لە بەها مرۆڤایەتیەکان؟ ئاخر رفاندن و

گوللەبارانکردنی کرێکارە بەستەزمانەکانی، کارگەکانی شەکر و تورشی چ لە بابەتەکە دەگۆڕێت؟

- راست دەکەی، تۆ بڵێی دوعا موسوڵمان بووایە؛ بە دوای گەنجێکی ئێزدی کەوتبا و ئایینی خۆی گۆڕیبا، ئەوان گوڵبارانیان کردبا؟ بە پێکەنین پێشوازیان لێکردبا؟ بە خودێ بە کوشتن و بەردبارانکردنی نەدەوەستان... بە تاووسی مەلەك!( بە توڕەییەوە گوتی ) هەردوو کۆمەڵگەی گرعزێر و سیبا شێخدری بە ناحیەی قەحتانیەوە، بە سەرمان کاول دەکرا!
- تو خودێ ئەم قسانە مەکە! ( نازانم بۆ بەبیستنی ئەم رستەیە، دڵم خورپەی کرد ) چون ئێستاش لە دەستیان دێت!
- گوێیت لەم دەنگە بەرزە بوو؟ (شوفێرەکە لە ناکاو ئاوڕی دایەوە)
- نازانم، لەبەر قسەکردن ئاگام لێ نەبوو!(وامگوت، کەچی گرمەیەکی زۆر بەهێزتر هات و دڵم خەریکبوو بوەستێ، دەتگوت نەشتەرێکی تیژیان بە جەرگم داهێناوە) بگەڕێوە!(هاوارم کرد ) بەرەو کۆمەڵگە بسوڕێوە.

ئیهی ئیهی...(دەنگی گریان) ببورن، قەد ئەو دیمەنەم بیرناچێ کاتێ گەڕامەوە نێو کۆمەڵگە. رووخسەت بێت جگەرەیەك داگیرسێنم؟ ببورن، چەند چرکەیەکم بدەنێ تا خۆم کۆدەکەمەوە، بەڵکو دەتوانم وەسفی ئەو دۆزەخەتان بۆ بکەم، ئەوەی بەرچاوم کەوت.

هەشتی بەیانی بوو، جارەك خێر و شەر دابەش نەکرابوون. بەم هاوینە، زۆربەی خانەوادە بێکار و کەم دەرامەتەکان لە خەو هەڵنەستابوون. هێشتا خوری تەباخ تیشکە گەرمەکانی، نەگەیاندبووە جەستە قوڕینەکانی خانووە شەکەتەکان. لگبنەکان لە دوێنێ شەوەوە ساردیان تێدا مابوو. کاتێ تانکەرێکی نەوت تەقیەوە، دواتر لۆرییەکی پڕ لە بوتڵە غاز و تی ئێن تی، ئەم ناوەی تەنیەوە. دۆزەخ مۆلەتی لە ئاسمان وەرگرت؛ بۆ نێو میللەتی شێخادی هاتە سەر زەوی. هەرچەندە لە بیروباوەڕی ئێمەدا، دۆزەخ لە رۆژی دواییدا، تەنها بۆ کافرانە نەوەك ئێمە. کەچی وادیارە، کافران ئەم هاوکێشەیان لەسەر زەوی ئاوەژوو کردووە! بە شێوەیەك، زەویان کردۆتە دۆزەخێکی بەردەوام بۆ ئێمە؛ ئەوە هەزاران ساڵە ئێمەی تیا دەسووتێنن! دەزانن، هەر بە ناو گوێم لە قونبولەی نەنەوی بوبوو، چی؟ نەوەوی؟ ببورن... نەوەوی، بەڵام ئەوەی ئەو رۆژە دیم، بیرۆکەیەکی تەواوی لەسەر ئەم بۆمبە پێدام. ئەو رۆژە سێسەد و حەفتا خانوو، سەد و شێست دووکان بە تەواوی خاپور بوون. لە ئاکامدا زیاتر لە هەزار قوربانی لێکەوتەوە!(سێسەد و سێزدە شەهید؛ و حەوتسەد برینداار) باوەڕبکەن خانەوادەی تەواو لە ژێر خانووە قوڕینە

داتەپیوەکان، گیانیان لە دەستدابوو.

ئەوجارەیان مردن ئەوەندە بێبەزەیی بوو، کە تەنانەت مەودای ئەندامانی یەك خێزانی نەدا، بۆ دواجار لەسەر خوانی بەیانی کۆببنەوە. ئەو ملهوڕەی لە لایەن قاعیدەوە. وەك پەیامبەرێکی مەرگ نێردرابوو، ئەوەندە پەلەی بو،و لە بەهەشت لەگەڵ حوریان نان زەقنەبووت بکات. دەیان پەری قژ زەرد و چاوشینی لە گەلی ئێزدی، خستە نێو ئاتوونی مەرگ؛ تا لە بەهەشتە خەیاڵیەکەی، بە حوریە قژ زەردە، چاو رەشە گەورە و سینە قیتە فنجانیەکان بگات! ئەفسوس لە گەمژەیی مرۆڤەکان!

ئاخر تۆی سەرمەستی گومانێك؛ لێرە دەیان پەری راستەقینەی چاو گەش و ناخ جوانت، کردە خۆڵەمێش، لە پای چی؟ تا لەو دونیا، یەکێکی نایلۆن ئاسا؛ بێ روح و گیانت پێبدەن. ئامێرێکی بێ هەست و نەست؛ تەنیا بۆ هەوەسبازی و شەهوەت بەتاڵکردن؟

دەیان خێزانی راستەقینەت لە نێوبرد، کە لە سەدان ئەندام پێکهاتبوون. تا لە بەهەشت؛ خێزانێکی حەفتاو دوو حۆری، سەدان غولام و هەزارەها کەنیزەت پێبدەن؟ ئاخر لەوێ هەر چەندە خۆت بینی و ببەی؛ رۆژانە یەك ملیۆن جار جووتبی، یەك تاقە منداڵیشت نابێ. دەزانی بۆ؟ چون مرۆڤێکی بێ هەست و تاوانباری وەك تۆ، شایستەی باوکایەتی نییە! ئاااى مرۆڤ چەندە گەمژەیە... هیی هیی هی! (دەنگی گریان)

ببورن خۆم بۆ ناگیرێ. ئەو فرمێسکە گەرمانە، لە کزەی جەرگە برژاوەکەم سەر دەگرێ، بەردەوام هاوار و گریانی هاوسەر و منداڵەکانم دێتە بەرچاو، گوێژچکە ئاژنم دەکەن! هیی هیی هی!(گریان). دەخوا عاسیمەی بچووك، چەندین جار هاواری کردووە (بابۆ)؟ بەر لەوەی لە ژێر دار و پەردووی خانوە رووخاوەکەمان، گیان لە دەست بدات؟ هیی هیی هیی! (گریان).

دانی پێدا دەنێم، من باوکێکی خراپ بووم، دەبوایە لەگەڵیان بام، خۆ ئەگەر هیچیشم پێنەکرابا؛ لەگەڵیان دەمردم... هیی هیی هیی!(گریان). نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆرستان، بەردەوام ناپیاو و ترسنۆکن، شێوازی نامەردانە بەکار دەهێنن. بەردەوام لە رووبەڕووبونەوە ترساون؛ بەر لەوەی سەیری چاوی دوژمن بکەن، چاوی خۆیان دادەخەن و خۆیان دەکوژن؛ بە مەرگی خۆیان دونیا کاول دەکەن. دواتان برێ دڕندەی ترسنۆکینە. باوەڕبکەن قەدەر زۆر سەیرە، ئەم رۆژە نەخۆشی موڕادی بچووك؛ خۆی و منی لە دۆزەخی تەقینەوە رزگار کرد، بەڵام ئێمەی خستە جەهەنەمێکی دیکە! بەڵێ، چون دێوەزمەکانی قاعیدە، تاوانبارانی رووخاندنی یەکەم قاعیدەی ژیان لەسەر زەوی

(خۆشەویستی، برایەتیی و پێکەوەژیان) کاروانێکی مەرگیان ئاڕاستەی ئێمە کرد. هەرچەندە لە مردن رزگاربووم و دەژیم، بەڵام ئاواتە خوازی مەرگێکم، کە بە ئازیزانم شادکاتەوە!

# (12)

# تانکەری نەوتم

لەوانەیە پێتان سەیر بێت و بڵێن؛ تۆ لێرە چی دەکەیت؟ خۆ ئێمە باس لە گەندەڵی ناکەین؛ تا باس لە کەشتیگەلی هەندێ بەرپرس بکەین، کە سەرێکیان لە نێو پاڵاوتگە نایاساییە بە ناحەق دەست بەسەرگیراوەکانە؛ سەرەکەی دیکەیان لە سەرحەدی دراوسێکانە.

راست دەکەن؛ بەڵام هاتووم باس لە گەوجی و دڕندەیی مرۆڤەکان بکەم. لە بنەڕەتدا لە کارگەکان، بە کەلوپەلی تایبەت و ئاکاری نێو دەوڵەتی؛ بۆ لەخۆگرتنی پێکهاتە پترۆلیەکان درووست کراوم، ئەمەش بە مەبەستی گواستنەوەیان لە کێڵگە بەرهەمهێنەکان بۆ شوێنی پێویست.

لەبیرمە ئەندازیاران، چەندە بە زەوق و سەلیقەوە پلێتەکانیان، لە ماددەی تایبەت لە کارگە ئامادە دەکرد. لەم پێناوەدا، دەیان ژمارەی شیکاری و رەنووسی کیمیاویان لەسەر کاغەزە سپیەکە نووسی؛ تا گەیشتنە دوا هاوکێشەی زانستی؛ و منیان هێنایە بەرهەم. ئای چەندە دڵخۆشبووم، کاتێ پلێتی پەستێنراویان هێنا. بڕیان، لاشە و بنکەکەیان درووست کردم، دواتر لە رێگای فشار و ئامێری تایبەتەوە، کۆتاییەکانمیان بە شێوەی گومەز درووستکرد. دوای تەواوبوونی ئەم بەشانە، بەشە بڕدراوەکانیان لە رێگەی ئامێری هایدرۆلیکیەوە، بە یەکەوە بەستا. ئەوەم لەبیرکرد بیلێم؛ زۆربەی لەحیمەکان، لە رێگەی ئامێری ئۆتۆماتیکی تایبەتەوە دەکرێن. دوای هاتنەکایەوەم؛ پسپۆران لە رێگەی ئامێری تایبەتەوە؛ دوا تاقیکردنەوە و بڕوانامەی دەرچوونیان بۆ دەرکردم. ئەمەش بۆ ئەوەی لەکاتی بەکارهێنان سەلامەت بم، نەبمە مایەی کارەسات. هههههە!(پێکەنین) ببورن، خۆم بۆ ناگیرێت کاتی ئەو پسپۆرەم بیردێتەوە؛ ئەوەی چەندین وڵداشی خۆمی گەڕاندەوە کارگەکە؛ بە بیانووی ئەوەی جێگای متمانە نین؛ لەوانەیە ببنە هۆکاری مەترسی بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان. هههە (پێکەنین)... ببورن، با بێمەوە سەر باسەکەی خۆم. دوای دەرچوونم لە پشکنین؛ بە بۆیەی تایبەتی دژە ژەنگ، لە رێگەی

ئامیری تایبەخۆوە بۆیەکرام. ئینجا گواسترامەوە کۆگا؛ لە چاوەڕوانی بەستنم لەسەر پشتی بارهەڵگرێك، کە پێی دەڵێن تانکەر.

بیرمە بە رەنگە زیوینەکەم، لە ژێر تیشکی خۆر دەبریسکامەوە. بارهەڵگرێك هات و منیان لە پشتی بەست، هەستم هاوشێوەی کچێکی چوارده ساڵان وابوو؛ ئەوەی بە نادڵی بە شوو دەدرێت. کاتێ بە زۆر، بە پشت ئەو بارهەڵگرە مۆدێل نزمە کرام، بەڵام بەهەرحاڵ، دڵخۆشبووم کە لە ماڵی باوکم... واتا لەو کۆگا ساردوسڕە، چوومەدەر. لەو رۆژەوە نەوەك هەر لاشەم؛ بەڵکو روحیشم بەو بارهەڵگرە نووساو؛ بووین بە یەك!

لە میانی تەمەنە کورتەکەم، زۆرجار قسەی وام لە مرۆڤەکان دەبیست، کە لە ماهیەتیان نەدەگەیشتم؛ بەڵام هەستی نیگەرانی و پەشێوی بە سیمایانەوە دیاربوو:

- توخوا ئەوە وەزعە؟ لەسەر دەریایەك نەوت دەژیین، کەچی دەبی بە مانگ سڕە بۆ بەرمیلێك بگرین!
- براله، ئەوان هەمووی بە قاچاخ دەفرۆشن، نایدەن بە ئێمە!

وشەی قاچاخم بیست و نەمزانی مانای چییە، تا ئەو شەوە ئەنگوستە چاوەی، بە ناحەق شوفێرە چاکەکەمیان کوشت. بیرمە چۆن؛ چەند دەمامکدارێك رایانگرت، لەسەر شەقامەکە هێنایانە خوارەوە، زۆر بێبەزەییانە ئاگریان لە جەستەی بەردا. هەرگیز دیمەنی چاوەکانی لە هزرم دەرناچێ، ئەو هەر چاوی لەسەر ئەو کیسە پرتەقاڵە بوو، کە بۆ منداڵەکانی کڕیبوونی؛ تەنانەت کە بە دەستڕێژی گوللە کەوتە سەر زەوی، ئاگاداربووم چاوە کراوەکانی هەر لەسەر کیسەکە بوو! دەمامکدارە نامرۆڤەکان سواری پشتم بوون، منیان برد و لە ڕێگا هەر جنێویان بە حکومەت دەدا. هەرچەندە زۆر ناوی خودایان دەهێنا، بەڵام زمانیان زبر و پیس بوو. تەنانەت ئاگاداربووم، حەبی تایبەتیان دەخوارد! دواتر هۆشیان لە دەست دەدا؛ بە دەنگە گڕە ناخۆشەکەیان، گۆرانی بێتام و ئابڕوو بەریان دەچڕی... دەچڕی چی. بڵێ دەزەڕی!

لە دووریانێك رایانگرتم، ڕێگرە تاوانبارەکان، سویچەکەیان دا بە ریشدارێکی رەقیلە، لاوازێکی بۆن ناخۆش و رۆیشتن. شەوەکەی لە شوێنێك وەستاین، بەیانییەکەی منیان ناردە گوندێکی خۆیان، ڕێگاکە قوڕاوی و زۆر سەخت بوو. بە راستی ماندوویان کردم، زۆر بێ ویژدانانە لەم ڕێگەیاندام. هەزار رەحمەتم بۆ خاوەنەکەم نارد، هەزار نەفرەتم لەم ریشدارە کەرە کرد؛ کە گومان لەوەدا نییە، بە هەموو تەمەنی کەرێکی نەبووە لێیخوڕی، نەوەك ئۆتۆمۆبیل! کاتێ گەیشتینە شوێنەکە، هەموو لاشەم قوڕبوو، بیرم هاتەوە کە خاوەنەکەم، چەندە ئاگای لێم بوو؛ چۆن خۆی و منداڵەکانی بە دەم پێکەنینەوە،

جەستەمیان بە شامپۆ و ئاو دەشووشت.

ئەو ماوەی لەگەڵیان بووم، زۆریان ئازار دام، بەڵام زانیم چەندە درۆزن و نامرۆڤن، زۆر جاران بە گوندی وا دادەڕۆیشتین، کە خەڵکەکەی لە سەرمان هەڵدەلەرزین و هیچمان پێ نەدەدان؛ چون لایەنگری ئەوان نەبوون! دەچووین لە شوێنی وا بارەکەمان بۆش دەکرد؛ کە هیچ پێویستییەکی ئەوتۆیان پێ نەبوو. ئەوکات لە وشەکانی قاچاخ، دزی، گزی، گەندەڵی، خۆدزینەوە و سێکس گەیشتم! بەڵێ لە مانای سێکس و جووتبوونیش گەیشتم. شەوبوو کاتی ژنێکی لاوازی رەشئەسمەری رەشپۆش؛ لەسەر رێگا وەستابوو، دەستی لە شوفێرەکە راگرت؛ لێی پاڕایەوە، سوێندی بۆخوارد کە منداڵە هەتیوەکانی لە سەرمان دەلەرزن؛ هیچ چرا و ئاگرێکیان نییە. نامەوێ بڵێم شۆفێرەکە چی لێ داواکرد، چۆن هێنایە نێو سەیارەکە و چیکرد! چۆن ئاگری شەهوەی خۆی، بە ساردی دڵ، لاشە و دەروونی ئەم کلۆڵە گرِدا؛ چۆن نەوتە سپیەکەی خۆی، لە عەمباری نێو لاقی ئەم بێوەژنە، بە حەرامی بەتاڵکرد؛ بەر لەوەی نەوتی رەشی هەناوی من، بخاتە نێو بەرمیلێکی قۆپاوی قوڕاوی شڕی حەوشەکەیان! ئەمشەوە و بەدەم گەرمبوونەوەی هەتیوەکان، سەرم گەرم بوبوو لە داخان؛ هەزار تفم لە خۆم، لە مرۆڤایەتی و ئەم ژیانە سارده کرد. بە راستی کاتێ مرۆڤ باوەڕی بە هیچ بنەماو بەهایەك نابێ، زۆر لە ئاژەڵ دڕەندەتر دەبێت، بەشێك لە پیسایییەکەی نێو گەدەی، بەرەو کەللە سەری دەکشێ، شوێنی مێشکی دەگرێتەوە؛ بۆیە مێشکی گەنیوی، دەبێتە شوێنێك بۆ هزری پیس و بۆگەن!

دواتر منیان بەگەڵ کەشتیگەلی دەوڵەت دا... ببورن، خۆیان وایان ناونابوو! ژمارەی من هەشت هەزار و چوارسەد و بیستویەك بوو، دوای منیش چەندین تانکەری دیکە هاتنە خزمەت! بەهەرحاڵ، ئێمەیان پڕ دەکرد لە نەوت، بە سوریا سنووریان پێ دەبڕین، بەرەو تورکیا دەیانبردین. ئەوەی پێویستە بیڵێم، لە ترسی فڕۆکەکان، بە شێوازی جیاواز و رێگای نهێنی، شەوڕەویان پێدەکردین. هەرچەندە باوەڕناکەم، ئەو فڕۆکانەی، بەسەر سەرمانەوە فرەفڕیان بوو، جوولەی ئێمەیان، کە هاوشێوەی شامارێك بوو، نەبینیبێت!

رۆژێکیان شۆفێرە حەبخۆرەکە، منی بە شتێك دادا، پشت و ئەکسلم ئازاریان بەرکەوت. کاتێ منیان بردە لای فیتەر. دوای پشکنینم؛ گوتی:

- ئەم سەرکە خۆی کۆن بوو، بەم رووداوە کەلکی هیچی نەماوە. مەگەر کارێکی خۆکوژی!

وامزانی بە گاڵتە وادەڵێت، کەچی نەمزانی گاڵتە لای ئەوانە مردنە! ئەوانە یاری

بە چارەنووسی گەلان دەکەن. خۆیان بەهای ژیان نازانن؛ چون هیچ بەهایەکیان نییە؛ و پووچترین کەسانی سەر ئەم هەسارەیەن! بەهەرحاڵ؛ نەمدەزانی ئەوە واتای چییە، بەڵام کابرایەکی ریشنی ورگ ئەستوورم بینی، کە بۆن سیری لێدەهات؛ لەگەڵ شارەزایەکی تەقەمەنی قسە دەکات، ئەوجا زانیم مەسەلە چییە:

- شێخ، چۆنە دەتانەوێ ئەم تانکەرەتان بۆ پڕ بکەم لە تەقەمەنی؟
- دەمانەوێت لێرە لەسەر زەوی، دۆزەخێکیان بۆ گڕبدەین؛ بەر لەوەی هەتا هەتایی، لە دۆزەخی رەحمان بسووتێن!
- حەیفە ئەم تانکەرە بتەقێتەوە؛ وادیارە پێشتر لە کەشتیگەلی خیلافەت بووە.
- ئەم تیجارەتەمان باش نەماوە وەستا! باوەڕبکە، کەشتیگەلەکەمان لە هی هەندێ وڵات گەورەتربوو. قازانجێکی باشی پێدەداین، لەم ناوچەیە وڵات هەبوو، هاوبەشمان بوو لەم بازرگانییە. داهاتمان بە ملیونەها دۆلار بوو، بەڵام... (کەمێك بێدەنگ بوو) بارودۆخەکە گۆڕاوە. هەر بۆیەش تاکتیکی جەنگیمان گۆڕیوە!
- ئەم تاکتیکە نوێیەی تانکەرەکان شتێکی نامۆیە؛ وادیارە مێشکێکی ژیری بە دوایەوە؟ ( بە سەرسوڕمانەوە سەری بادەدا )
- شوکور بۆ خوا؛ هەزارەها برای ئیستیشهادیمان ئامادەیە؛ بۆ گیان بەختکردن لەپێناو ئایین و بیرەباوەڕ. لەگەڵ دژواربوونی جەنگ و بەهێزبوونی دوژمنان؛ پێویستە ئاستی تەقینەوەکان کاریگەرتر و بەهێزتر بکەین، گەورەترین زیان بخەینەوە! سەبارەت بەم بیرۆکەیە؛ ئەوا زادەی هزری هەندێ برای بیانی موهاجیرە، ناویشیان ناوە بۆمبی ئەتۆمی. ئەندازیاری بیرۆکەکە گوتی: " هەرچەندە بۆمبی ئەتۆمیمان نییە، بەڵام شتێکی هاوشێوە دروست دەکەین! ". ئەم داهێنانەیان بە رێگای ئەندازەیی تۆکمە داڕشتووە. ئەوان لە سوپای جیهانی خزمەتیان کردووە. سەرەتا لە هەندێ شار؛ لە عێراق و سوریە وەك ئەزموون بەکارمان هێناوە؛ سوپاس بۆ خوا، رێژەی کوشتن لە سەدا هەزار زیادی کردووە!
- ئەڵڵاهو ئەکبەر... ئەڵڵاهو ئەکبەر! ( وەستای خەرابات هاواری کرد؛ وەك ئەوەی کارێکی زۆر گەورەیان ئەنجام دابێت، لەو کاتەی منی ناخئاسن، لە تاو ئەو تاوان، ئەو رێژە زۆرەی کوژراوان لەرزگرتمی. لە تاوی ئەم ناوە گەورەی، ئەم نەفامانە دەیهێنن، تاوانەکانیان دەخەنە پاڵ، شەرم دایگرتم!)
- بزانە وەستام، تەکنیکی ئەم بۆمبە ئەتۆمیانە لەوە دایە؛ هەرچەندە ئامانجەکە

سەخت بێت، بەربەست و چەپەری لە بەردەم دابێت،بەم چەکە هەلاهەلا دەکرێت! (شەقێکی لە پشتم داو هەستمکرد، بەم دەست بەرکەوتنە ئاوەگڵ بوومە!).

- ماشاڵڵا...( وەستای گەوج، بە چاوی پڕ لە فرمێسك سەیری دەکردم، وەك ئەوەی سەیری کەشتیەکی بۆشایی بکات، لەوانەی خەڵك دەگوازنەوە مەریخ !)
- بەپێی قسەی یەکێك لە شارەزایان،(شێخی شێت گوتی ) تەقینەوەی ئەم تانکەرە، هاوشێوەی بەرکەوتنی دوو تا سێ ڕۆکێتی ئەرزئەرز وایە! لەو جۆرانەی سەیدولرەئیس (خوا لێی خۆشبیت) بە قەوارەی جوولەکەی وەنا. لە مەودای بازنەیەك، کە تیرەکەی سەد تا دووسەد مەترە، دۆزەخێك درووست دەکات، کە کەسی لێی رزگار نابێت!
- سوپاس بۆ خوا لەسەر ئەم بەخششە! بەڵام ئەمە بۆ مەیدانی جەنگ باشە، نەوەك ناو شاران شێخم!
- بەپێچەوانەوە... بۆ هەموو شوێنێك گونجاوە. بزانە وەستا؛ مـن پلاندارێژەری یەکەم تەقینەوەم لە عێراقدا، کاتی ساڵی دووهەزار و سێ، دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە چوار مانگ، بەسەر داگیرکردنی پایتەختی رەشید؛ بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانم کردە ئامانج، بیستودوو کەسم کردە لۆلکە! هەر من بووم، تانکەرێکی هاوشێوەم، بە برایەکی سعودی لە ناوچەی مەشتەل تەقاندەوە؛ بنکەی پۆلیسی رەشادم بەسەر هەڵگەراوان، تەفروتوون کرد. خۆت باشم دەناسی وەستا و تێکەل کاری من مەبە! (زۆر بە تورەیی وایگوت)
- ببورە یاشێخ... ئەستەغفیروڵڵا! (لە ترسان ویستی دەستی ماچ بکات) مەقسەدم ئەوە نەبوو. خۆت ئەمیر و گەورەمانی. مەقسەدم ئەوەبوو، نەوەك هاوولاتی بێ دیفاع و موسوڵمانان، ببنە قوربانی.
- لەوە زیاتر شەکر مەشکێنە وەستا. دەزانی تۆ قسە لەگەڵ کێ دەکەی، هەی بێبەها؟ (بە تورەیی پاڵێکی پێوەنا ) من شێخ عەزاویم. والی هەموو ویلایەتەکانی عێراق. پلاندارێژەری تەقینەوەکانی بەغدا و دیالە. ئێستا هاتووی و قسەی قۆڕ دەکەی؟ فێرم دەکەی چی باشەو چی خراپە؟(بە شێوەیەك زیقاندی،من لە شوێنی خۆم راچڵەکیم)
- ببورە گەورەم، بە گەورەیی خۆت لێم ببورە...(ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو) کەس هەیە تۆ نەناسی؟
- دەبا شتێکت پێ بڵێم وەستا سیکراب... پێشتر لە هێڵی ئاسمانی عێراقی

فڕۆکەوان بوومە؛ قەسەم بەخوا، فڕۆکەیەکم بکەویتە دەست، تڕی دەکەم لە تەقەمەنی؛ چەند گەنجێکی چاونەترسی دەخەمە سەر، یازدەی سێپتەمبەر لە عێراق دووبارە و سەد بارە دەکەمەوە! ئێمە علوج، خۆفرۆش و حەلقە بەگوێکان دەکەینە ئامانج؛ خۆ ئەگەر لەکاتی هەر کردەوەیەکی جیهادیدا، هاوولاتی بوونە قوربانی؛ لە رۆژی قیامەت لەسەر نییەتی خۆیان حەشر دەکرێن؛ چاك بن دەچنە بەهەشت و خراپ بن دەچنە دۆزەخ. ئەوە قسەی من نییە، شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە، لە فەتواکەی دژی خەڵکی ماردین گوتوویەتی: " مادامەکی ئەوانە بە داگیرکەر رازیبووین؛ وەك وان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت!". تێگەیشتی هەی مێشك ژەنگاوی؟

دەزانن چییە؟ هەرچەندە من، بەو مێشکە ئاسنینە بەتاڵەی خۆم، ئەو ئیبن تەیمیە ناناسم، کەچی باوەڕناکەم، هیچ ئیمام یان ئیبن کەسێکی پیاوی نەجیبزادە، فەتوای کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع دەربکات؛ ئەوجا لەسەر هەر ئایین یان ئایینزایەك بێت.

دوای رۆیشتنی شێخ عەزاوی؛ وەستا لە ترسان قولمانی لێوەنەهات، سەرتاپا لاشەمی (جگە لە عەمبارەکە) تڕی کرد لە تەقەمەنی. لۆریە غازێکیش بە هەمان شێوەی من تەیار دەکرا. زانیم ئێمە دەکرێین بە سووتەمەنی دۆزەخێك لەسەر زەوی! دڵم توندبوو؛ نەمدەزانی رەوانەی کوێمان دەکەن. لە ناخی خۆم هەستمدەکرد، ئەم یازدەی سێبتەمبەرەی ئەو باسی دەکات؛ لێرە لە شوێنێکی نزیك دووبارە دەبێتەوە.

چی؟ چۆنم زانی شوێنەکە نزیکە؟ ئاسانە؛ چون تانکی بەنزینەکەم زۆری تیا نەبوو؛ بارودۆخی تایەکانیشم باش نەبوون. ئاوڕێکم لە لۆریە غازەکەی تەنیشتم دایەوە؛ لە چەمبەر و لایتی، سیمای چیرۆکێکی هاوشێوەی خۆمم بینی. لەسەر شووشەی پێشەوەی چەند لەزگەیەکم دیت؛ بیرم هاتەوە چۆن کوڕی خاوەنەکەم، شتی جوانی لە جامەکەی پێشەوە دەدا؛ چۆن ناومی بە سپرا بۆنرێژ دەکرد و دەسڕیەوە. ئێستاش لە سایەی ئەم خوێڕیە خوێنڕژە داوێن پیسانە؛ بۆنی ناخۆشم لێ دێت، لەو بۆنە هەرزان بەهایانەی بازاڕ.

زۆرم گوت و با بیبڕمەوە، جارەك خۆر دەرنەچووبوو، کاتی هەرزەکارێکی سعودی هات؛ بەر لەوەی سواری پشتم بێت، چەند کەسێك لە باوەشیان گرت؛ دەتگوت دەچێتە ئاهەنگی هاوسەرگیری. هات و خۆی بەستەوە؛ دەستێکی بە کەلەبجە لە سوکان شەتەك دا، دەستەکەی دیکەی خستە سەر دوگمەیەکی سوور، ئەوەی دوێنی شەو وەستای مردن لێرەی دانا؛ بە چەند وایەرەکی بەستەوە؛ ئێستاش نازانم هی چییە! بەهەرحاڵ، هات و

دانیشت. له نزا و قسەکانی شلەژانی پێوە دیاربوو. هەرچەندە خۆی ئازاو خۆڕاگر نیشان دەدا، کەچی باوەڕبکەن قاچی دەلەرزی؛ و لەسەر سکلێتەری بەنزین، جێگیر نەدەبوو!

لە شوێنەکە هاتینەدەر؛ ئەوانی بەڕێیانکرد، هەر ناوی خوایان دەهێنا و هانیان دەدا... چاکتر وایە بڵێم کەریان دەکرد. ئەو کات زانیم بۆ پێم دەڵێن تانکەر! چون کەرێك لێی دەخوڕیم! دەستی لە جامەکە دەرهێنا و سەلامی لێکردن. خوا لەناو دەمیان بدات و ئەم تاوانە قبوڵ نەکات. ماوەیەك ڕۆیشتین و بەعاجمان جێهێشت، هەستمکرد کاروانێکی بچووکین، دوو ئۆتۆمۆبیلی بچووك، غاز هەڵگرێك و من. دوای ماوەیەك گەیشتینە دووڕیانێك و لەیەك جیا بووینەوە. ڕاستیەکەی سەرەتا وامزانی بەرەو مەیدانی جەنگ دەڕۆین؛ دەترسام بە گوللە قەپۆزم بشکێنن یان لایت و چاوانم کوێر بکەن. کەچی هەستمکرد لە ئاوەدانی نزیك دەبینەوە. تابلۆیەکم بینی لەسەری نووسراوە (کۆمەڵگەی قەحتانییە)، هەستمکرد شرە ئۆپڵەکە سوڕایەوە. ئەوکات زانیم ئەو دەبەنگە من بەرەو کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون دەبات. باوەڕبکەن ئەوکات حەزم کرد کەر بام نەوەك تانکەر! بەڵکو دەمتوانی بغەزرم و سمکۆڵ بکەم، هەر هیچ نەبێ ببمە کەری دێزە و مردنی خۆم و خاوەنەکەم یەکخستبا. بەڵام چیبکەم کە ئەو گوێدرێژەی من لێدەخوڕێ، مێشکی کای تێدایە؛ وادەزانی بە کوشتنی مرۆڤ خوا سەردەکەوێت! بە دۆزەخ درووست کردن ئەو دەچێتە بەهەشت. ئاخر ئەوە کامە بەهەشتە کە جێگای خوێنڕێژ و ترسنۆکی وەك ئەوی لێدەبێتەوە؟

دەزانن بۆ دەڵێم ترسنۆك؟ چونکە بەر لەوەی پەنجە لەرزۆکەکەی بگەینێتە دوگمە سوورەکە، بۆنێکی زۆر ناخۆش هات، هەستمکرد بایەکی لێبەربوو. هەرچەندە دەمزانی ئەوە دوا ساتمە؛ کەچی پێکەنینم بەو فسفس پاڵەوانە هات؛ بەڕاستی بۆنی فسەکەشی زۆر ناخۆشبوو. وادیاربوو زۆریان نیسکێنە دابوویێ! بەینی خۆمان بێ نەوەك هەر ئەمە... بەڵکو چەند چرکەیەك بەر لە تەقینەوەکە، هەستم بە شلەیەکی تەڕی لینج کرد، لەسەر کوشینەکە!

ئەوەی تا ئێستا مێشکی تێکداوم دەزانن چییە؟ ئاخر زۆر سەیربوو. ئەو جارێ پەنجەی لەسەر دوگمەکە نەجوولاندبۆوە. بە دوودڵی لە ڕەوشەکەی دەڕوانی؛ کاتێ دەنگێکی زۆر بەرز هات و... هەموو شتێك تەواو بوو!!!

# (13)

# من خۆکوژم

سەلامون عەلە مەن ئیتەبەعەل هودا... ئەوەلەن ئیستیشهادی نەوەك ئینتیحاری. چۆن؟ دواتر تێتان دەگەینم جیاوازییەکەی چییە. سانیەن تکایە کاتم مەگرن، مەودای هیچم نییە، چاوەڕێم لە بەهەشت بەرچا لەگەڵ خۆشەویست و یاران بکەم. هەربۆیە دوای نوێژی بەیانی کفنم لەبەرکرد، لەسەر ئەویش بەدلە ئیستیشهادییەکە، ئەوەی لێوانلێوە لە ماددەی تەقێنەر، کەلامس، بزمار و وردە ئاسن؛ تاوەکو جەستەشم ببێتە بۆمب و زۆرترین زیان بگەینم. ئێستا سەرقاڵم و بەدەم بیستنی سروودی ئایینی بەجۆش، بەدوای ئەو ئۆپڵە کەوتووم، ئەوەی ڕێگای بەهەشتم پێ نیشان بدات!

بیرم چوو خۆمتان پێبناسێنم، من ئەبو بەرائی سعودیم. ببورن، ناتوانم ناوی خۆم ئاشکرا بکەم. بەڵام دواتر دەتوانن ئەو گرتە ڤدیۆییە ببینن، ئەوەی بەر لە دەرچوون، تۆمارم کردووە؛ تیایدا خواحافیزی لە خانەوادە و هاوڕێکانم دەکەم. دەزانن بۆ ئەم ڕێگەیەم هەڵبژارد؟ چون لە هەموو ژیانم مەیدانی جەنگم نەبینیووە، نازانم چەك هەڵگرم؛ بۆیە ئەم ڕێگەیەم؛ وەکو کورتترین ڕێگە بۆ بەهەشت هەڵبژاردووە. ڕێگایەکی دووسایدی بێ بەربەست، ئۆتۆبانێکی یەك ئاڕاستە. منێك کە هەر خەریکی چاتکردن و فێس بووك بووم لەگەڵ کیژوکاران؛ گەشتی تایلەند و لوبنانم دەکرد. لە هیکەوە برادەرێکی هاوتەمەنم لە دەستدا. هەستمکرد ئەو دونیایە چەندە پووچ و کوورتە! باوەڕبکەن، یەك مانگ نەچوومە دەر، ئارەزووی هیچم نەما. لەوکاتەدا لە سایتەکانی ئینتەرنێت؛ بە دوای بابەتی ئایینی دەگەڕام کاتێ شێخێك دڵی دامەوە. بە قسە جوانەکانی سەبارەت بە پەشیمانی و گەڕانەوە بۆ لای خودا، دڵی گرتم؛ ڕێگای هیجرە و جیهادی پێ نیشاندام. کورتترین ڕێگا بۆ بەهەشت. ئەوەبوو ڕێگای ئیستیشهادم هەڵبژارد. چی چی؟ نەخێر بە پێچەوانەوە؛ ئەوە ڕێگای قارەمان و چاونەترسانە. بە درێژایی مێژوو، پاڵەوان و نیشتیمان پەروەران ئەمەیان دژ بە داگیرکەر و ئەڵقە بە گوێیان، ئەنجامداوە.

بوەستن یابە، با بە کورت و پوختی بۆتانی روون بکەمەوە، یەکەم شت کردەوەکەم ئیستیشهادیە، چون ئەوەی خۆی دەکوژێت کەسێکی ترسنۆکە و لە ژیان بێزارە. بە پێچەوانەی ئێمە، کە دەمانەوێت بەم شتە نەمر بین، زیان بە دوژمن بگەینین، برایەکانمان سەربخەین، کردەوکانمان لە پەڕاوی مێژوودا بە نەمری بمینێتەوە.

هههه (پێکەنین)... دەزانن بەچی پێدەکەنم؟ بە بیری پووچی جولەکە و خاچپەرستان، سەرجەمیان دژی ئەم کردەوەن و بە خۆکوژی لە قەڵەم دەدەن؛ بە تیرۆر ناوزەدی دەکەن، کەچی لە لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژوویان؛ بە پیتی زێڕین تۆماریان کردووە! دەزانن یەکەم کەس کێ بووە ئەوەی کاری خۆکوژی (وەك ئەوان دەڵێن) ئەنجامداوە ؟ شەمشون... بەڵێ شەمشونی دادوەری بەنی ئیسرائیل. کاتێ بەدەم هاواری (لە سەر من و دوژمنانم) پەرستگای (داجون)ی؛ بەسەر سەدانی کریتی خەڵکی غەزە داڕماند! چی چی؟؟ بەڵێ ئەوە لە کتێبی پیرۆزی جوولەکان هاتووە، لە ئیسحاحەکانی سێزدە تاکو شازدە. هەرچی پەیوەستە بە کریستیانەکان؛ لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە هێرشی خاچ پەرستان بۆ سەر فەلەستین، کۆمەڵێك لە سوارانی پەرستگا، کە ژمارەیان سەدوچل کەس دەبوو، کەشتیە بچووکەکەیان بە کەشتیگەلە گەورەکەی موسوڵمانان دادا، سەدان موسوڵمانیان لەگەڵ خۆیان بردە ژێر دەریا؛ ئەوان بە شەهید و جەنگەکەش بە پیرۆز لەقەڵمدرا!... چی چی؟؟ ئەوە کۆنە؟ باشە ئەی لە مێژووی هاوچەرخ؛ فڕۆکەوانە یابانیەکان بە نێوی کامیکازی؛ خۆیان بە کەشتیگەلی ئەمریکی دانەدەدا؟ ئێستاش لە لایەن گەلی یابانییەوە، زۆر بەڕێزەوە باسیان لێوەدەکرێت؟ ئەمە جگە لە کردەوەی هەژارە خۆبەخشە هیندیەکان، دژ بە شەمەندەفەرە ئینگلیزیەکان، جوتیارە ڤێتنامیەکان، لەکاتی داگیرکاری ئەمریکی؛ پڵینگەکانی تامیل تا ئێستای لەگەڵدا بیت؛ دژ بە سوپای سریلانکی. باشە بۆ هی ئەوان پاڵەوانیەتی، شانازی و نیشتیمان پەروەریە و هی ئێمە تیرۆرە؟ چی؟ نا وانیە، ئێمەش هێزەکانی داگیرکاری ئەمریکا، نۆکەرانی ئێران و هەڵگەڕاوەکانمان کردۆتە ئامانج. کەچی زۆرجاران، ئەوان خۆیان لە پشت خەڵکی دیکە دەشارنەوە؛ ئەوکات ناچارین، بە هەر شێوەیەك بێت بە ئامانجیان بگرین. بۆ نموونە؛ فەرمانم پێکراوە؛ یەزیدیە کافرەکان بکەمە ئامانج، ئەمانە دێوپەرستن. راستیەکەی هیچ زانیاریەکم لە سەریانەوە نەبوو، تا باوکی محەمەد بۆی روون کردمەوە. دوای بینینی گرتە ڤدیۆیەکەی شەهیدە دوعا؛ داوای خوازبینیم لە موفتی دەوڵەت کرد، ئەویش پێشکێشی کردم؛ مارەییەکەشی تانکەرێکی تەقەمەنی بوو؛ ئەوەی لێمخوڕی و بەرەو عەرشی دێو هاتم؛ تا بەسەر گەلەکەی خاپووری بکەم.

دەزانم بە تەمان چی بڵێن. ئەم شتە لەکاتی پەیامبەر درودی خوای لەسەر بێت؛ و یاوەرانی نەبووە. باشە من چی بکەم کە ئێوە هیچ لە مێژوو نازانن؟ هەرچەندە کاتم زۆر کەمە، بەڵام تا ئێستا هیچ فریشتەیەك نەهاتووە تا لەگەڵ خۆی بمباتە بەهەشت؛ بۆیە مەودام هەیە کەمێك ئامۆژگاریتان بکەم؛ و هەندێ شتتان بۆ روون بکەمەوە. بزانە کاکی دڕدووك... چی؟ یەعنی فزووڵ، لە کتێبەکانی فیقهو زانستی ئایینی؛ بەم شتە دەڵێن (هێرشی تاکە کەسێك لەسەر گردبوونەوەیەکی دوژمن) هەروەها شتێکی دیکە هەیە؛ پێی دەڵێن (هەڵشلەپان لە نێو هێڵەکاندا) چی؟ بە کورتی واتا کەسێك ،لە جیهاددا خۆی بەخت بکات؛ کە لە لایەن زۆرێك لە زاناکان جائیزە. ئەوکات ئەگەر خۆکوژیش بیت، ئەوا رێگەپێدراوە؛ چون لە خۆشەویستی پەروەردگارە و لەپێناو بەهەشتدایە.

چی چی؟ فەتواکەی بن باز؟ من باوەڕم بەو فەتوایە نییە؛ چونکە بە زۆری و لەژێر جێگیرکردنی زۆرە ملییەوە دەرکراوە... نەخێر، ئەوە دەرچوون نییە لە ئایین، نا نا... کوشتنی خەڵك و ترساندنی هاووڵاتیان نییە. گوێبگرە با قسە بکەم، کاتم زۆر نییە و نازانم ئەم مەلایکەتانەی بەهەشت، بۆ دواکەوتن؟ مەگەر خۆم نەتەقاندۆتەوە؟ خۆ من لێرەوە هەموو پارچە هەلاهەلاکانی لاشەی خۆم دەبینم. بەینی خۆمان بیت، ئەوان گوتیان کاتی تەقینەوەکە هیچ ئازار نابینن، کەچی ئێستاش ژانێکی زۆرم هەیە!

بزانە، تۆ وەك تووتی، قسەکانی نەوەی بەلعامی کوری باعوڕا دووبارە مەکەوە... چی چی؟ ئەوەش ناناسی؟ خواناسێکی بەنی ئیسرائیل بوو، دواتر خۆی بە ماڵی دونیا فرۆشت؛ بەگەڵ بێباوەڕان کەوت و نهێنی موسوڵمانانی بە دوژمن دا. خوای سزای دا، زمانی بە بڕین چوو؛ و کەوتە سەر سینگی، دونیا و قیامەتی دۆڕاند. مەڵێ سوپاس ئەوە قسەی بێباوەڕانە، بڵێ خوا جەزای خێرت بداتەوە. هی تۆش، بوەستە...لەوچە مەبە و با قسەکانم تەواو بکەم؛ بەر لەوەی بچمە بەهەشتی عەدەن، لەگەڵ حوری و کەنیزەکان پیاسە بکەم و شەراب بنۆشم. بێگومان لە بیرم نەکردووە، عینائول مەرزیەی شاجوان لەوێ چاوەڕێمە؛ چون شەهیدی دەستی کافرانم. بزانن؛ ئێمە لە دژی بەرەی کوفر دەجەنگین و دەوڵەتی ئیسلامی... نەخێر نەخێر؛ مەڵێ داعش، بڵێ دەوڵەتی ئیسلامی. بەڵێ، دەوڵەت هیچ رێکەوتنێکی لەگەڵ ئەوانە نەکردووە تا خوێن، ماڵ و سامانیان لە سەرمان حەرام بێت. جگە لەوەش، ئێمە ئارامی و ئەولەمان بە کەس نەداوە. ئەوەی دژمان بجەنگی خوێنی حەڵاڵە!

من؟ من چوومە نێو ماڵی دێو، لەوێ بە تانکەرە نەوتەکە، خۆم کردە فیدای

دەوڵـەتی ئیسـلامی. چـی چـی؟ دەزانـی، راسـتیەکەت دەوێ؟ دوور لـەم دروشـم و هاتووهووتە، کاتێ ئۆپڵەکە رۆیشت، بەرەو ناوەڕاستی موجەمـەعی تـەل عـوزێر کەوتمە رێی. ژنانم بینی، بەو بەیانییە بە عەباوە بۆ کڕینی نان دەڕۆن؛ هەڵوەستەیەکم کرد، ئۆتۆمۆبیلەکەم راگرت و سەیری ئەم هەموو خانووە قوڕەم کرد، سەیرم بە دۆخەکە هات. مادامـەکی ئەوانـە لەگـەڵ داگیرکـەرانن؛ بـۆ وا حاڵیـان شـڕە؟ باوەڕبکـەن خـانوو یـان دووکانێکی گونجاوم نەبینی. هەرچەنـدە هـەموو ئـەو حەبانـەم خواردبـوو، ئـەوەی بـە مـن درابوو، بەڵام هێشتا هۆشم لە دەست نەدابوو. بیرم کردەوە کە دەبێ ئێرە ئـەو شـوێنەبێت، کە دەڵێن نێو کافرانە و بازاڕی فسق و فجورە؟ ئاخر کافر ئەوەندە هەژار بێت، بۆ دەبێ بیانکوژم؟ خۆ ژیانی کولەمەرگیان؛ زۆر لە مردنێکی یەکجارەکی ناخۆشترە!

دەزانـن؛ مـرۆڤ بوونـەوەرێکی زۆر سـەیرە. هەرچەنـدە بـۆ خـوا ئـەم کـارە دەکـەم، بـە هەموو قەناعەتەوە هاتووم. بەڵام بەینی خۆمان بیت، لـە چرکەساتی کۆتـایی و بـەر لـە تەقینەوەکـە؛ تۆزێـك ... تۆزێـك، چـی؟ نـاا ئەسـڵەن نەترسـام، بـەڵام دەتـوانن بڵـێن هەڵوەستەیەکم کرد. کەچی دووبارە خۆم توند کردەوە؛ سەرجەم قسەکانی شێخی عەفەرییم سـەبارەت بـە جیهـاد بیرهاتـەوە. باوەڕبکـەن غیرەتێکـی زۆرم بەخۆمـدا، پـێم تونـد لەسـەر سکلێتەری بەنزین داناو؛ یەکسەر بەرە و ناوەڕاستی ئامانجەکە؛ بەو پـەری چاونەترسی رۆیشـتم. وای ئەگـەر مـرووزی بـەردینی دەمووچاومتـان دەبینـی. ئـەوەی هاوشـێوەی پاڵەوانان بوو. چی چی؟ بۆ پێدەکەنن؟ چی هەیە؟ ئەو تانکـەرە نەفرەتیـە درۆزنـە چـی بۆ باسکردوون؟ بەهـەرحاڵ، لـە ناوەراستی ئامانجەکە نزیك بوومـەوەو... شتێکی نـامۆ روویـدا، دەزانـم باوەڕناکـەن. بـەڵام بەرلـەوەی پلاپیتکـەم بگەینمـە دوگمەکـە؛ حوریـەکان ئارامیان لی بڕاو تەقاندیانـەوە! هـەر وایـە؛ چـون زۆر دڵبەسـتەگی مـن بـوون؛ ئـارەزووی دیداریان دەکردم. وامـدەزانیی یەکڕاست دەچمە بەهەشت. بـەڵام وادیـارە مەلایکەتـەکانی بەهەشت، سـەرقاڵی بردنـی روحـی موجاهیـدانی دیکـەن. یـانیش هێشـتا بەهەشـتیان بـۆم ئامادەنکردووە؛ هێشتا حوریەکان خەریکی خۆڕازاندنەوەن... یانیش... یانیش! چی چی؟ دەکرێ من هەڵـەبم و فریـودرابم؟... ئـەی هـاوار... بـەخوا گـەر وابێت دونیـا و قیامـەتم دۆڕاندوە... وەی لە خۆم غـەریبێ!

# (14)

# من مردنم

بەڵێ مردن... بۆ وا راچڵەکین؟ نازانم بۆ ئەوەندە لێم دەترسن، لەگەڵ ئەوەی تاکە راستیم! بادەیەکم و دەبێ هەمووتان بینۆشن. منم کە هەمووتان بە جیاوازی بۆچوون، ئایین، رەنگ، زمان و سامان هاوچارەنووس دەکەم. مرۆڤ بە گشتی بوونەوەرێکی وەڕسکار و خۆبەگەورەزانە، بەردەوام پۆز و فیز بەسەر ژێردەستە و هەژاران لێدەدات. کەچی من بێبەزەییانە دەیخەمەوە قەبارەی خۆی؛ هاوشێوەی ئەوانی دیکە، لە چاڵێکی قوڵ دەیگرم... ئەوە ئەگەر بەخت یاوەری بێت و گۆڕی هەبێت!

دەزانن، بەردەوام مرۆڤ هەوڵیداوە، خۆی لە من بە دوور بگرێت. تەنانەت ئادەمی باوکتان، هەرچەندە لە بەهەشت دەژیا؛ کەچی لە ترسی من و لە پێناو نەمریدا، یەکەم تاوانی ئەنجامدا؛ دواتر قابیلی کوری منی کردە هۆکارێك، بۆ دوور خستنەوەی براکەی.

نازانم بۆ ئەوەندە لێم دەترسن، لەگەڵ ئەوەی من ئەسڵ و سەرەتام! بەڵێ سەرەتام. ئێوە بەر لەوەی لە دایك بن و بێنە ژیان؛ مردوون! دواتر لە دایك دەبن و لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە باوەشم. دەزانن، مردن لە لەدایك بوون گەورەترە، چون لە دایك بوون شتێکی زۆر ئاساییە، ئەو ساوایەی لە دایك دەبی بێ ناو، ناونیشان و بێ ناسنامەیە. کەواتە بەر لە لەدایك بوون هیچ نییە. کەچی من دەبمە کۆتایی ئەو کەسەی، کە لەوانەیە دوای مردنی، شاکارێکی ئەوتۆ جێبێڵێ، کە خزمەتی مرۆڤایەتی پێ بکات. ئەو کات هەست بە دەستەڵاتی من دەکەن، کە توانیوومە ئەو مرۆڤە مەزنە پەنهان کەم!

هەر لەکۆنەوە، مرۆڤەکان ویستوویانە لە ماهیەتم بگەن. لەم پێناوەدا بیریان کردۆتەوە، بێداربوونە و گریاون. تەنانەت هەندێکیان منی جەربانددوە، لە هەولێ تێگەیشتنم. هههههە!( پێکەنین) ببورن، بەڵام پێکەنینم دێت، چون من دوا وێستگەم لەسەر ئەم هەسارەیە. یەکجار دێم؛ لەناکاو و بێ پرس، پێشەکی و را وەرگرتن.

هەر وەستاندنی بوونەوەران نیم لە جووڵە، گەشە، هەناسەدان، خواردن و بیرکردنەوە. نەخێر؛ من سڕینەوەی ناو و بزرکردنی کەسایەتیەکانم. رووخێنەری خۆشیەکان و پەرتکەری کۆمەڵەکان. تاکە شتێك کە عاشقان لە یەك جودا دەکاتەوە. بەینی خۆمان

بێت، ئەوانم خۆشناوێت؛ چون زۆرجار بەبێ ویستم، لە باوەشم بەیەك دەگەن و باوەشێكی ئەبەدی لە یەك دەدەن.

ئایینەكان منیان بە شێوەیەكی زۆر ئاڵۆز و لێڵ، پێناسە كردووە. دەرچوونی گیان (روح) لە جەستە؛ و گواستنەوەی بۆ قۆناغێكی دیكە. كاتی لێشیان دەپرسی( روح چییە؟) دەڵێن (یەكێكە لە نهێنییەكانی كردگار، ئێمە هیچی لی نازانین). بەینی خۆشمان بێت، منیش زۆرشت نازانم، چونكە كاری من تەنها دەرهێنانی ئەم روحەیە، كاری من نییە پێشتر چۆن بووە؛ و پاشتر چی لی دێت!

ئەوەی باشە؛ هیچ هەست و سۆزێكم نییە، كاتی كارم تەواو دەكەم، یەكسەر ون دەبم؛ قەد بیر لە دوای خۆم ناكەمەوە؛ چی روودەدات یان چی دەكرێت. دەڵێن دوای تۆ قیامەت هەڵدەستێ؛ هاوار، گریان، لە خۆدان و تەنانەت هەندێجار كوفر دەكرێت. من نازانم و ناشمەوێ بزانم. رقتان لێم نەبێتەوە؛ ئەوە كاری منە و زۆر بە شارەزایی ئەنجامی دەدەم. بە دەستێكی شارەزا روح؛ كە شتێكی زۆر روون و سووكە!(زۆریش سووك نییە) لە دەمیەوە رادەكێشم... چۆن؟ دەتانەوێ بزانن چۆن؟ باشە بۆتانی باس دەكەم، بەڵام وەك خۆتان دەزانن من دڵم نییە؛ بۆیە بە شێوەیەكی زانستی و دوور لە سۆز و میهر باسی دەكەم. ئێوەش بۆ خۆتانی چۆنی لێك دەدەنەوە، ئەوە كێشەی خۆتانە!

هەرچەندە لەوانەیە مەسەلەكە بۆ ئێوە، ترسناك بێت. بەڵام لای من زۆر ئاسایی و خۆنەویستە. ئاهاا... چۆن ئێوە بێ ئاگایی دەست بۆ لووتتان دەبەن. كارەكە لای من هاوشێوەیە. ئەوەی لەو مەسەلەیە باشە ئەوەیە؛ كردگار هۆكاری جودای داناوە؛ تا زۆر رقتان لە من نەبێت و نەفرەتیم لێ نەكەن. بەس یەك شتی گرنگ هەیە؛ مردن پرۆسەیەكی تەواوە؛ نەك وەك ئێوە بیری لێ دەكەنەوە؛ كاتی دەڵێن: " یەك چركەساتە، چاو لێك دەنێت، هەناسەبڕ دەبێت و دڵی لە لێدان دەوەستی!". نا‌ا... شتی وا نییە.

كاتی باس لە مردنی ئاسایی دەكەین. سەرەتا دڵت لە لیدان دەوەستێت، بە مەش هەم سوڕی خوێن و هەم هەناسەدان دەوەستێ. بەڵام ئەوەی نایزانن؛ كە خانەكانی لەشتان تا چوار بۆ شەش كاتژێر، بە زیندوویی دەمێننەوە. ئەوجا ئەوانیش دەست دەكەن بە مردن. چی چی؟ باشە تێگەیشتم، با فلیمەكە بگەڕێنینەوە بۆ دواوە؛ بۆ كاتژێرەكانی كۆتایی ژیانی مرۆڤ. ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن (گیاندان، گیانەڵڵا، سەرەمەرگ)... چوزانم ئەوەندە ناوە زۆرە. لەم ماوەیەدا مرۆڤ پێداویستی سەرەكیو سەرجەم هەستەكانی، یەك بە دوای یەك لە دەست دەدات.

سەرەتا هەستی بە برسییەتی نامینێ. دوایی تێنوو نابێ، دواتر لە زمان دەكەوێت.

بەرچاوی لێڵ دەبێت. گوێبیستی هیچ نابێت، لە دوا وێستگەش؛ هەستی بەرکەوتنیش لـە دەسـت دەدات. ئەمـە جگـە لـە چەنـد نیشـانەیەکی لاوەکـی دیکـەی، وەك (تەنگـە نەفەسی، پەرێشانی و خاکەساری، پشێوی، شەکەتی و هیلاکی، هوڕێنە( ئەمەش بە هۆی کەمی ئۆکسجین) قەبزی و میزەچۆڕە. دەزانـن هۆکاری ئەمـەش چییە؟ ناااا... هـیچ پەیوەسـت بـە خراپـەکاری و ئـازاری گیـان کێشـانەوە نییـە، مێشـکی مـرۆڤ کـە ئافەریدێکی خوایی زۆر دانسقەیە. لە ڕێگای دەست هەڵگرتن لە زۆرێك لەو کردارانەی، کە بە لایەوە گرنگ نین؛ هەوڵدەدات پارێزگاری لـە گیـان بکات، هـەر بـەم هۆیەشـەوە پێست سارد و پات دەبێت، نیشـانەی مـەرگی لـێ دەنیشێت. دوای ئەمـە ئـەو مرۆڤـە زەبەلاحە، ئەو خۆ بەگەورە زان و ملهوڕە؛ ئەوەندە لاواز دەبێت، تەنانـەت توانـای کۆخـە و قووتـدانی نامینێت. بـەڵێ، لـەو کاتـەدا هەناسـەی دەنگێکـی نـاخۆش درووست دەکـات؛ ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن (هەوزینگ)، کە لە بەشی دواوەی قوڕگ دێت.

دەبـا شـتێکتان بـۆ بڵـێم، هـیچ لـەو دەنگـەی کـە پێـی دەڵـێن (ئاویلکـەی مـەرگ) مەترسێن. هەرچەنـدە زۆر بـە ئـازار دیـارە؛ بـە شـێوەیەك کەسـانی دەورووبـەری کەسـی سەرەمەرگ، لێی دەترسێن. بەڵام باوەڕکەن هیچ ئازاری نییە... مەترسن و دواتر خۆتان دەیبـنن، ئـەوکات دەزانـن قسـەکانم راسـت بوونـە! هەهەهەهـە (پێکەنیین)...چییـە قبـوڵی گاڵتەش ناکەن؟... باشە باش!

دەزانـن، زۆر کـەس هەیـە، حەزی لێیـە لـە نێـو خـاو خێزان، مـاڵ و منداڵـەکانی (بـە ئاسوودەیی) وەك خۆی دەڵێت بمری. ئەوجا ئەو قۆناغانەی باسمکرد ئەو کات دەبینی. هەر چەندە دکتۆرەکان؛ دەرمانی هێور کەرەوەی پێدەدەن، تا ئێش و ئازارەکانی کەمتر بن. بەڵام لە راستیدا زۆر ئێش و ئازار نابینێت؛ چون لە هۆش خۆی نابێت. با شتێکتان پێ بڵێم؛ مردن ئەوەندە بە ئازار نییە کە باسی لێوە دەکرێت. بێگومـان ئـەوەی باسـی دەکـەم جیاوازترە لە کوژران، خنکان یا سووتان.

با بێنـەوە سـەر باسـەکەمان، دوای ئـەم هـەموو پەلەقاژەیـەی مێشـك، بۆ پارێزگـاری کردن لە ژیان دەیکات، کـاتی گیـان دەبـەم، مێشـك دەسـتبەرداری سـەرجەم ئـەو کردارانـە دەبێت، کە دەستی پێوەگرتوون. بەڵام هەر ئاڵای سپی هەڵنادات.

ئەوجا با بێمە سەر قۆناغی دووەم. بـەڵێ ئـەوەی باسـمکرد قۆنـاغی یەکـەم بـوو. ئـەم قۆناغـە بـە مـردن دەسـت پـێ دەکـات. کـاتێ جەسـتە دەمـرێ، مێشـك دوا هـەوڵی خـۆی دەدات؛ ئـەویش بـە رازیبوونـە بـەم چارەنووسـە، ئامـادەکردنی گیانـە بـۆ قبـوڵکردنی ئـەم گۆڕانکارییە. لەم کاتەدا شتی سەیر روودەدات. هەندێ دیاردە کە من هەستم پێکردوون.

لەوانە مردووەکە وادەزانی لە شوێنی ئارامـە، چاوی بـە ئـازیزانی کۆچکردوو دەکـەوێت، یان هەستێکی مەزن بەوەی لەگـەڵ گـەردوون یـەك دەگریـت. ئـەوەش لـە ڕێگـای بینیـی تیشـکێکی ڕۆشـن لـە کۆتـایی تۆنێلێـك! بـە کـورتی وەنـەوزێکی خـۆش دەیگرێتـەوە وەك ئامادەکارییەك بۆ خەوتنە قوڵەکە یانیش بڵێم گەشتە دوورەکە!

چـی چـی؟ حـەزم بـەو قسـانانە نییـە. مەقسـەدتان وایـە مـن ئـەو شـتانەی دەخەمـە مێشك! ئێوە بە هوڕێنەی دەزانن بە هۆی کەمی ئۆکسجین؟ ئەوە گرفتی خۆتانە. چی چی؟ ئاسـوودەییەکەش بـە هـۆی ڕژانـی هۆڕمـۆنی ئیندۆرفینـە؟ ئـەوها!... چیدیکـە؟ بینیی تۆنێلەکەش بە هۆی کەوتنەخۆی کۆ ئەندامی بینینە؛ هەوڵدانیەتی بۆ بینین لەم کاتـەدا! دەزانـن کێشـەی ئێـوە چییـە؟ دەتانـەوێ هـەموو بابـەتێك بـە دیـدی زانسـتی لێـك بدەنەوە، سەرجەم هەست و نەستەکان لـە کەموڵـەی زانست بتوێننـەوە؛ کـۆی شـتەکان لـە قالب بدەن و پێوانەیان بۆ دابنێن. ئاخر وا نابێت... زۆر شت هـەن بـەو شێوازە مامەڵـەیان لەگەڵ ناکرێت. هەر بۆیەش ژیانتان ئێستا بێمانا، بێتام و بێبۆنە!

ئـەوجا بـا پێتـان بڵـێم چـی لـە لاشـە دێـت؛ دوای دەرچـوونی گیـان. چـۆن دەزانـم؟ جارێکیان پزیشکێك لە سەرەمەرگ، ئەم شتانەی لە پێشە خۆی دەگوتـەوە، منـیش وەك خۆهەڵقورتێنێك گوێم بۆی شلکرد. بەڕاستی زۆر کـاری تێکـردم... کـەچی سـەرەنجام؛ گیانی ئەویشم برد!

دوای چەند چرکەیەك لە مردن، مێشك ئالای سپی هەڵدەگرێت و لە کار دەوەستێت؛ بە مـەش پلـەی گـەرمی لـەش هـەر کاتژێرێك؛ دوو پلـە دێتـە خـوارەوە؛ تـا ئاکـام لەگـەڵ پلەی گەرمی ژوورەکە یان شوێنەکە هاوپلە دەبێت. هەر بۆیە لاشە لەناو بەفر دەتەزی و لە بیابان دەکوڵێت!

دوای چەنـد خولـەکێك؛ خانـەکان بـەهۆی نەگەیشـتنی ئۆکسـجین؛ دەسـت دەکـەن بـە مردنـی یـەك بـەدوای یـەك، دواتـر لێـك دەتـرازێن، شـیدەبنەوە و دەسـت دەکـەن بـە گـەنین. دوای چەند کاتژێرێك، بە هۆی وەستانی خوێن لە جوڵە و مانەوەی لـەنێو ماسـولکەکان، کالسیۆمی پەیدابوو ماسولەکەکان گرژ دەکات، ئەوەیە کە ئێوە دەڵێن (جەسـتەکە بوویتـە کۆلکـەدار)! ئـەم بـارە سیوشـەش کـاتژێر بـەردەوام دەبێـت. دوای ئەمـە ماسـولکەکان شـل دەبنـەوە؛ لاشـە سـەرجەم شـلە و پاشـماوەکانی نـاوی فڕێدەداتـە دەرەوە. هێـزی کێشـکردنی زەوی سەرجەم؛ خوێنەکە لە ڕێگەی تایبەت لـە جەسـتەوە رادەکێشـێت؛ سـەرەنجام ڕەنگـی پێستەکە پـات دەبیـت؛ لەگـەڵ چەنـد پەڵەیـەکی سـوور، لـە ڕێگـای فڕێـدانی شـلەکانەوە پێسـت دەسـت دەکـات بـە پووکانـەوە؛ نینـۆك و قـژ درێژتـر دەردەکـەون؛ وەك ئـەوەی لـەم

ماوەیەدا درێژ بووبن!

دوای چەند رۆژێك لە مردن؛ لە ئاكامی دەردانی پێكهاتەی كیمیاوی و ئەنزیمی وەك بۆتریسین، بۆنی جەستەكە زۆر ناخۆش دەبێت؛ رەنگی دەگۆڕێت بۆ سەوز، ئەمەش بەهۆی شیببوونەوەی ئەنزیمەكان و بە یارمەتی بەكتیریا. دوای چەند هەفتەیەك كرم دەست دەكات بە خواردنی لاشەكە، كە لە توانایدایە لە ماوەی هەفتەیەك، شێست لە سەدای بخوات. لەم كاتەدا مووەكان دەوەرن و رەنگی لاشەكە دەگۆرێت بۆ وەنەوشەیی؛ دواتر و لەگەڵ بەردەوامی بەكتریا لە خواردن؛ لاشەكە رەش هەڵدەگەرێت. دوای چوار مانگ تەنها پەیكەرە ئێسك دەمینێتەوە. دوای ساڵێك و بەهۆی نەمانی بەستەرەكان، ئەم ئێسكانەش لە یەك دەترازێن؛ دەست دەكەن بە شیببوونەوە. دوای چەند ساڵێك، سەرجەم لاشەكە دەبێت بە پرپۆڵە جگە لە كلێنچكە؛ ئەوەی دەبێتە تۆوێكی بچووك و لە كاتی ژیانەوە دەروێت؛ دووبارە مرۆڤی لێ شین دەبێتەوە!

دەزانن، مرۆڤ زۆر سەیرە، باوەڕبكەن هەندێجار لە كاتی مردن؛ شتی سەیر و سەمەرەم دیووە. بیرتانە ئەوم باسكرد كە لە قۆناغی وەستانی خوێن، ماسولكەكان گرژدەبن؟ پیاو هەبووە ماسولكەكانی هینی گرژبووە، نەوەك هەر دەعباكەی قیت بۆتەوە؛ نەخێر، بەڵكو ئاویشی فڕێداوە! ناﺍﺍ نا لە ترسەوە نییە، ئەوە سروشتی ژیانە. لەوەش سەیرتر دەزانن چییە؟ جارێكیان ئافرەتێكی دووگیانی هیندی خۆی خنكاند، كەچی تەوژمی غازاتی سكی و هێزی شۆڕبوونەوەی بە پەتەكە؛ پاڵیان بە منداڵەكەی سكی وەنا بۆ خوارەوە. بە هۆی شلبوونەوەی ماسولكەكانی زێدانی، منداڵەكە كەوتە سەر زەوی؛ كە بەناوكە پەتكەوە وابەستەی لاشە ساردەكەی دایكی بوبوو، سەرباری مردنی دایكی؛ ئەو ژیا... ئەوەیە كە دەڵێن؛ گروەندە زیندوو لە مردوو دەردەكات!

دەزانن یەكەم شت چییە، كە مرۆڤ دوای مردنی لە دەستی دەدات؟ بێگومان ناوەكەیەتی، چون چیتر ئەو ناوە بەكار نایەت؛ لەگەڵ روحەكە دەڕوات، ئەوەنییە ئازیزترین كەسی؛ بە خۆلێدانەوە دێت و هاوار دەكات (كوا جەستەكەی لە كوێیە؟) نا نا... دوای شووشتن و كفنكردن ئەوجا ناوی دەبێتە جەنازە! ئەوە نییە دەڵێن: " ئەو دارە بازە بێنن، تا جەنازەكە هەڵگرین؟" . دوای شۆڕكردنەوەی بۆ نێو گۆڕ و خوڵ بەسەرداركردن، ئەوجا ناوی دەبێتە مردوو... ئەوە نییە دەڵێن: " كوا مردووەكە بێنن و شۆڕی بكەنەوە خوارەوە؟ گەردنی مردووەكە ئازاد بكەن؟" . ناڵێم مرۆڤ زۆر سەیرە؛ تا خۆڵی بەسەر دانەكەن و نەینێژن، ناڵێن مردووە. وەك ئەوەی باوەڕتان نەكردبێت؛ یانیش چاوەڕوان بن هەڵسێتەوە!!

چی چی؟ تەلقین؟ هەرچەندە ئەوە کاری من نییە، بەڵام کاتی مردی، تا رۆژی دوایی دەخەوی... چی؟ دوو مەلایکەتی ناجور و شێوە ناشیرین پرسیارێت لێ بکەن؟ برۆن هەی ناشیرینینە... ئێمە لە ئاسمانەکان جگە لە مالیك؛ ئەوەی خاوەنی دۆزەخە هیچی ناشیرینێکمان نییە. دوایی چۆن روحەکان ئازار دەدرێن؟ بەر لەوەی دادگایەکی دادپەروەرانە بکرێن؟ بۆ دائیرەی ئەمنە؟ توخوا بیبرنەوە... زۆرتان کات لێگرتم. من هاتبووم تەنها باس لەو مردنە بکەم، ئەوەی ئەم هەرزەکارە نەفامە؛ بەسەر سەدان کەسی ئەو کۆمەڵگە قوڕینەی قەحتانیەی هێنا. من لەوێ نزیك بووم، کاتی بە دوودڵی و ترسەوە، لە ناوەڕاستی کۆمەڵگەکە وەستا. پێم سەیربوو بیتەقێنیتەوە، چون زۆر دوودڵ بوو، بەڵام دواتر کەسە دڵرەقەکانی ناوی ئۆپلەکەم بینی؛ بە ریمۆت کۆنترۆڵ تانکەرەکەیان؛ بە فسفس پاڵەوان و سێ بار هەڵگری دیکەیان تەقاندەوە؛ سیباشێخدر و تەل عوزێریان خەڵتانی خوێن کرد.

ناڵێم ماندوو بووم؛ چون گیانی هەمووانم بە چاو نوقانێك برد، بەڵام هەر وێنەی ئەو کیژۆلەیەم لەبەرچاوە، ئەوەی خانووەکە بەسەر خانەوادەکەیان رووخابوو؛ هەمووان مردبوون، کەچی ئەو هەر هاواری باوکی دەکرد و دەیگوت: " بابۆ... بابۆۆ! " .

ناا... ئەسڵەن من دڵم نییە تا بەزەییم پێی بێتەوە. خەمگین بم یا بۆی بگریم، بەڵام ئەم دیمەنەم لا سەرنج راکێش بوو. بۆیە بەر لەوەی ئازاری زیاتر بکێشی؛ هەر زوو بەزوو گیانیم برد... وای گیانی پاکی چەندە سووك بوو!

دەزانن چیم لا سەیرە؟ کەسانی گەوجی وەك ئەم هەرزەکارە سعودیە؛ هاتوون تا لێرە بە کوشتنی ئەم خەڵکە بچنە بەهەشت. دەڵێن گوایە خوا ئەوانی ناردووە، تا بەرگری لە ئایینی بکەن و وشەی سەرخەن. نازانم خوا بۆ ئەوانی هەڵبژاردووە؟ تۆ بڵێی پەروەردگار لەوان تاوانبارتر، بەدڕەوشتر، بکوژتر، پووچتری نەدۆزیبێتەوە تا ئەوان بنێری؟ درۆ دەکەن؛ لە راستیدا نمایندەی ئەهریمەنن نەوەك ئافەریدەی ئاسمانەکان و زەوی. دەڵێن لەکاتی شەهیدبوونمان هیچ ئازار نابینین، دەبا شتێکتان پێ بڵێم، ئەوان لە هەمووان زیاتر ئازار دەدەم! ببورن دەبی بڕۆم . لە سایەی تۆندئاژۆیی ئەم نەفامانە؛ لە سەرتاسەری جیهان کارم زۆربووە. چی؟ نەخێر، توند ئاژۆیی وابەستەی ئایین، ئایدۆلۆژیا یان نەتەوەیەکی تایبەت نین. لە هەموو کات و شوێنێکدا هەن. بەڵام راستیەکەی ئەم توندئاژۆ، پەڕگیر و توندڕەوانە دوانەمن! بە هاوکاری خۆمیان دەزانم. ئەوان کارئاسانیم بۆ دەکەن، خەڵکم بە کۆ پێدەکوژن. شوکور بۆ خودا ناوەکانیان ئەوەندە زڕاوە؛ خۆ کەس منی لە بیر نەماوە. بۆ هەر شوێنێك بڕۆن، وەك سێبەر بەسەر سەریانەوە

دەبم... دەبی بڕۆم و لەم نزیکانە دەتان بینمەوە!... چی چی؟ ناااا مەترسن؛ بۆ گیان بردن نایەم بەڵکو لەم رۆمانە زوو زوو چاوتان بەمن دەکەوێت. من رۆیشتم.... جارێ!

(15)

# پێم دەڵێن چاو

- واملێهاتووە حەزنەکەم چاوەکانم داخەم؛ نەوەك دووبارە ببینم...

ئەوە قسەکانی خاوەنمە، ئەوەی بەردەوام لە پێشەخۆی ئەم قسانە بە کرِی دەکا؛ و ناهێڵی کەس ببیبستی!

ببورن من چاوەکانی فەقیر سینۆم، کە زۆر بە شەکەتی و پەشۆکاوی؛ گەڕاوە ژوورەکەی خۆی، هەرچەندە دونیا تاریکە، کەچی ئەو حەز ناکات بخەوی و من دابخات. چون چاك دەزانێ ئەم خەوە دووبارە دەبێتەوە. ئەوە سەیری لاشەکەی دەکەم، زۆر بە هێمنی باڵاپۆشەکەی بە دیوار هەڵواسی، لە شوێنی خۆی لەسەر سیپاڵەکە دانیشت. لە بەرزترین لووتکەی لاشەیەوە هەستی پێدەکەم و دەیبینم؛ کە چەندە بە بێئاگایی دەستیکرد بە لەبەرکردنەوەی جلەکانی. ئەو فەقیرە و لە پێناو رازیکردنی خودێی؛ خۆی لە هەموو خۆشیەکانی دونیا کردووە. تەنها و تەنها خۆی بۆ پەرستشکاری تەرخانکردووە. بەینی خۆمان بیت؛ راستییەکەی زۆر غەدری لە خۆی و منیش کردووە! تا ئێستا هیچ شتێکی جوانم نەبینیوە. نە کچێکی چاوشین، نە دیمەنێکی سرووشتی جوان، تەنانەت پێی ئەستەمە سەیری بینگەی تەلەفزیۆن بکات! باوەڕبکەن گلەییم لێی هەیە و حەقی نەداوم! لای ئەم فەقیرە هاوشێوەی جووتێك پێڵاوم لای کەسێکی کەمئەندام؛ کە پێیەکانی لەکار کەوتوون و بەکاریان ناهێنێ! جگە لە خەونی ناخۆش هیچ شتێکی تر نابینم.

دەزانن، زۆرجار حەزمدەکرد چاوانی گەنجێکی عاشق بام؛ لەو کاتەی بە کرِی و حەزەوە؛ بە دیار مەعشوقەکەی دادەنیشێت؛ دوور بەدوور لە ژێروە سەیری دەکات؛ بێ ئەوەی هیچ بدرکێنی؛ ئەوکات من تاکە پەیامبەری دەبم. دوو چاوی نیگارکێشێکی کارامە؛ کە دیمەنە ناخ هەژێنەکان؛ دووبارە لەسەر کاغەزێکی بێ گیان دەنەخشێنی؛ بە شێوەیەك، کە هەر چاوێك سەیری تابلۆکە بکات؛ یەکراست وێنە راستەقینەکە ببینێ! چاوەکانی پەیکەرتاشێکی مەعلان؛ ئەوەی خەڵك بە بینیی کۆتەڵەکانی هێدمگرتی دەبن. لە ئاست ئەم پەیکەرە قوڕین و بەردینانەی؛ گومانی ئەوەیان لێدەکرێت؛ هەر

ساتێك بێنەگۆ؛ ئەوەندە لە راستی دەچن! باوەڕبکەن ئەوکات، بە خۆشحاڵییەوە ئامادەبووم لەگەڵی بە ئاگری دۆزەخ بسووتێم. چاوانی ئافرەتێکی زشت و ناحەز، کە لە تاو عەشقێکی شێتانەی یەکلایەنە دڵخوازێك بتلێتەوە؛ کە نەوەك هەر نایبینێت؛ نەخێر، بەڵکو هەست بە بوونیشی ناکات؛ شەوانە لە دۆزەخی گریانێکی بێ پسانەوە؛ تا بەیانی فرمێسکی گەرم هەڵدەوەرێنیت! چاوە گەشەکانی شیرەخۆرەیەك؛ ئەوەی لە کاتی مژینی گۆی مەمکی دایکی؛ سەیری دووچاوە پڕ لە سۆز و میهرەکانی دەکات؛ لەو کاتەی ئەو بە پەنچە ناسکەکانی، قژە نەرمە تازە پەیدابووەکەی دادەهێنێ. دوو چاوی پاڵەوانێك؛ ئەوەی بەر لە مردنی و لە سەرەمەرگدا؛ سەیری بەیداخی دڕاوی خوێناوی وڵاتەکەی دەکات؛ ئەوەی دوای شکستیان، بە دەست ملهوڕێکی دڵڕەق، فرێدەدرێتە ژێر پێیان! بەهەرحال؛ من ئێستا چاوانی فەقیرێکی ئێزدیم، کە لە عەشقی خودا تواوەتەوە، بەردەوام دەگریی و هیچ نابینێت. فرمێسکی گەرمم پێ دەرژێنیت و لەئاست دیمەنە جوانەکانم دادەخات!

سەرەتا تەقیلەکەی سەری دانا، زۆر بە ئەسپایی پشتێندە سوورەکەی؛ ئەوەی پێی دەڵێن (محەك) کە لە خوری درووستکراوە، لە پشت کردەوە، ئەمەش لە رێگەی کردنەوەی خادمەکە؛ (واتا ئەڵقە زەردەکە). دواتر ملوانکەکەی ملی، کە پەتێکی باریکە و پێی دەڵێن ( تەوقی یەزید) لە ملکردەوە؛ تەنها بە پەلاسە رەشە خوریەکەی بەری مایەوە، ئەوجا هەڵاژا.

هەرچەندە منی داخست، کەچی بیری هەر لای ئەو مۆتەکە بوو؛ کە ماوەیەکە وەك مێمل سواری ملی بووە؛ بە شەو و رۆژ یەخەی بەرنادات. ئێستا وەك هەموو جارێك؛ تا دڵنەوایی خۆی بداتەوە، هەڵدەستێت و لەسەر چۆك دادەنیشێت؛ دەست دەکات بە نزاکردن و گریان. ئاهااا گوێی بگرن:

- ئەم دونیا فانییە هیچ نییە، خۆشی لەوێیە لە بەهەشت، کاتی شێخادی هەمووومان لە تەشتێك دەکا، لەسەر سەرە موبارەکەکەی دادەنێ؛ بێ لێپرسینەوە دەروازەی بەهەشت دەبڕی و ئێمە بە میهرەبانی لەوێ دادەنێ. ئارامبگرە سینۆ؛ راستە لێرە هەژار و بێ کەسی؛ بەڵام لەوێ، لە هەمووان خۆشگوزەرانتر و پایەدارتری، ئارام بگرە.

ئاها دیسان و بەدەم نزاکردن، دەنگی کز کرد. شەوانە بەم شێوەیە دڵی خۆی دەداتەوە؛ تا هێور بیتەوە و دڵی ئاوبخوات. جاروباریش دەنگی بەرز دەکاتەوە و من بە توندی دادەخات؛ هەستدەکەم لەو کاتەدا، خۆشگوزەرانی و حەزێکی دونیایی؛ لە دەڵی خەتەرە

دەکات؛ و بەم رەفتارە رەتیان دەکاتەوە! بۆیە لە ناخەوە بەزەییم پێدێت. بەهەرحاڵ، ئەمشەویش وەك شەوانی دیکە نزا تەواو دەکات؛ لەسەر پێخەفەکەی رادەکشێ، بەر لەوەی دامبخات دەڵێت:

- به ناوی خودێ و تاووسی مەلەك دەخەوم...

دیسان بەزمەکەیە، منی داخست و دوای چەند خولەکێك منی کردەوە، کەچی لەبەر تاریکی هیچ نابینم؛ ئەنگوستە چاوە و دووبارە شڵپە شڵپی ئاوە. کەم کەم دیمەنەکە روون دەبێتەوە، لەناو کەشتەیەکە و شەپۆڵ بە قەد چیا بەرز دەبێتەوە.

- ئەوە تۆفانەوە... ئاو هەموو نەوەی ئادەم و حەوا بردووە جگە لە ئێزدیان، چون ئێمە ئادەمین و تەنها لە ئادەم هاتوینەتە کایەوە، بنەچە و رەگەزمان لەگەڵ هەمووان جیاوازە؛ ئەوانەی لە ئادەم و حەوان! (دەنگی بەرز کردەوە)

کەشتیەکەم بینی وەك پوشکەیەك لەم ئۆقیانووسە دەهات و دەچوو، خەڵکەکەش هەمووان هاواری خودیان دەکرد.

- پڕ بە دەنگ هاواربکەن، بگرین... ئەوە تۆفانی دوومەوە؛ نوح لێرە نییە تا رزگارتان بکات! ( هاواری کرد )

کاتێ سەیری سەرچاوەی لافاوەکەم کرد، لە کانیەکی نزیك شارۆچکەی شێخانەوە هەڵدەقولا، ئەوەندە بەهێزە... دونیای داگرتووە. کەشتیەکەش وەك کۆلکە دارێك، سواری شانی ئاو بووە، لە نزیك شاخی شەنگال چەرخەی کرد؛ بە هۆی لێواری تیژەکانی گاشە بەردێکی لووتکەی چیا؛ قەنتەرە کونێکی تێبوو، وا لەبەر چاومە. خەڵکەکە لە تاوان قیژە و هاواریان لێ هەڵسا، هەر هاواری تاووسی مەلەکیان دەکرد. ئەویش فەرمانی بە مارێك دا پێچ بخوات، بە دەم کونەکە مۆل بخواتەوە و دایخات. مارەکە زۆر بە زانایی کارەکەی ئەنجامدا و کونەکەی داخست. کەشتی و میللەتی شێخادی لە خنکان رزگاریان بوو. ئەمجارەشیان وەك جاری یەکەم؛ کەشتیەکە لەسەر چیای جودی لەنگەری گرت. خەڵکەکە بە خۆشی هاتنە خوارەوە. هەموو میللەتی ئێزدی سەرگەرمی خۆشی و نزاکردن بوون، لەو کاتەدا تۆفانێکی جیاوازتری تاریك؛ رەش وەك قەتران، تیژ وەك پەیکان؛ لە رۆژئاواوە هەڵسا. زۆر بە خێرایی مۆلبۆوە و لە دەوریان خولی خوارد؛ دواتر بە هێزێکی زۆر بەرەو شەنگال هات؛ وەرپەنگەکانی شکاند هەموو شتێکی نغرۆکرد!

- هاوارە تاووسی مەلەك؛ دیسان هەمان خەون؟ (پرتەی لێوەهات)

زۆر بە پەشۆکاوی لە خەو هەڵسایەوە، ئارەقەیەکی زۆری کردبوو، پەلاسە

خورییەکەی بەری یەك پارچە ئاو بوو، ئەو پەڵاسەی کە برای ئاخیرەتیٚ بە دەستی خۆی، لە ئاهەنگێك لەبەری کردبوو. ئەوەی کۆمەڵێك شێخ، پیر، زانایانی ئایینی و برای ئاخیرەتیٚ ئامادەی بوبوون، بیرمە بەترەکی شەو چوو بوو، لە ماڵی ئەو کۆبوونەوە و تا بەیانی نەخەوتن. لە ئاست قسەکانی شێخ، ئەو سەری داگرتبوو، برای ئاخیرەتیٚ هات و دەستی بەسەر سەری داهێنا؛ پاشان بە نێو ئامادەبووان رۆیشت. بە دەستی گوێی خۆی گلۆفت. ئەمەش وەك ئاماژەیەك کە بە تەواوی گوێڕایەڵ بووە؛ خۆی بۆ پەرستشکاری تەرخانکردووە، لە هەموو خۆشیەکانی دونیا دادەبڕێت. تا ژیانی ماوە خۆشگوزەران ناژێت، ژن ناهێنێت، چەك هەڵناگرێت و مەی ناخواتەوە. ئەمە جگە لە هەندیٚ شتی دیکە. دووبارە برای ئاخیرەتیٚ هات. پەڵاس، مەفتول، کۆلك و رستی لەبەر کردن. لەو کاتەی کە قەوالەکان سروود و قەولەکانیان بیٚ وەستان دەچڕی. بە راستی ماندوو بووم، چون ئەم رێوڕەسمە چەندین کاتژێریٚ خایاند. ئەوەم لە بیرچوو بیڵێم؛ ئەم پەڵاسەی خاوەنم لەبەریکرد، شەوی رابردوو و تا خۆر هەڵاتن، لەسەر زرگویزەك دانرا بوو؛ رەنگی لە قاواییەوە گۆڕا بۆ رەش؛ بەمەش دڵی زۆر خۆشبوو؛ چون ئەوە بە واتای ئەوە هات، کە ئەم کارە لیٚ قبول کراوە؛ و بۆی هەیە ببێتە فەقیر. هەرچەندە ماوەیەکی درێژبوو، خۆی بۆ ئەم شتە ئامادە دەکرد؛ بە ژیانی دەستی لە سمێل و ریشی نەدابوو؛ ساڵانە لە چەندین بۆنە بەڕۆژوو دەبوو، وەك (چلەکانی زستان و هاوین، خدرلیاس و شێخ شەمش... هتد) چوزانم لە چەندین بۆنەی دیکە. ئەمە جگە لە ئەنجامدانی پێنچ نوێژی رۆژانە. ئاخر لێرە و جیاواز لە هەر شوێنێکی دیکەی دونیا؛ فەقیری شانازییە و بە هەموو کەس نابەخشریٚ!

با بێمەوە سەر باسەکەم، خاوەنم یەك پارچە ئاو بوو، منی کردەوە، بە ژوورەکەی داهێنام و هەستمکرد هێشتا بەترەکی شەو ماوە، بەدەم زەمزەمە و هاواری خودیٚ، دووبارە سەری خستەوە سەر سەرینەکە، ئەوەی بە تووك ئاخنرابوو. بەڵکو تۆزیٚ دەخەوی؛ منیش بەر لە خۆر دەرکەوتن هەندیٚ ئیسراحەت دەکەم.

جارەك وەنەوز نەیگرتبوومەوە؛ کاتیٚ گوێی لە لورەی چەقەل و حەپەی سەگ بوو... لە ترسان هەمدیس منی کردەوە، بەڵام ئەنگوستەچاو بوو؛ هیچ دیارنەبوو. هەستی بە بایەکی گەرم؛ هەڵاوێك کرد. کە لە باشوورەوە وەزینی کرد. وەك ئەوەی گەردەلوولێکی بۆخەدار لە قوڕقوڕاگەی جەهەنەمەوە دەرچوویێت و بە سەری هەڵبکات، لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە، وەك شێتێك بە دەووری خۆی سوڕاوە.

لەم تاریکییەدا زیقەی تاووسان هات. حەفتاو چوار تاووسی جوانکیلە، بە رەنگە

ئالاو والاکانیان دونیایان رۆشن کردەوە. دڵی زۆر پێیان خۆشبوو. کەچی حەفتاو سێ دڕندەی ڕەشی بینی لە تورگ، کەمتیار، چەقەل و سەگ پەلاماری تاووسەکانیان دا. زۆر هەوڵیدا پاسیان بکات، کەچی هیچ سوودی نەبوو. لوورەی دڕندەکان تێکەل بە زیڕە زیڕی تاووسەکان بوبوو. هەر دڕندەبوو پەلاماری تاووسێکی دەدا، لە ملی دەیگرت و بە دەم ڕفاندنی ڕایدەکرد. تەنیا توانی تاووسە سپیە جوانەکە، لە باوەش بگرێت و پاسی بکات. بە دڵساردی و بێ دەستەڵاتی لە دیمەنەکانی دەڕوانی. منیش فرمێسکم دەڕشت و حەزم دەکرد کوێر بام، ئەم دیمەنە جەرگبڕانەم نەدیبا. هەستمکرد زۆر بە توندی تاووسەکەی گرتووە، دەڵێی دڵی خۆیەتی لە نێو دەستیدایە. لە هیکەوە لوورەی گورگان هات، سەری بەرزکردەوە، سەدان چاوی سووری پڕ لە خراپەکاری و تاوانی بینی، ئەمە جگە لە کەڵبەی بەخوێنی بڕندە، کە لە تاریکی دەبریسکانەوە. هەڵسایەوە سەرپێ، کەچی گورگەکان زۆر بە وریای لێی نزیك بوونەوە. شێوەیان زۆر سەیربوو. دڕندەی شێوە و قەبارە جیاواز، بەڵام هەر هەموویان ڕەش بوون. ڕق، قینە و مردن لە چاوەکانیان ڕەنگی دەدایەوە. شێوەیان زۆر ترسناك بوو، دەمیان تژی بوو لە کەڵبەی تیژ، ڕنۆکی پەنچەکانیشیان درێژ و ئاسنین بوون. تووکنی قێزەوەن، رووخسار جیاواز. دەتگوت گەلەیەکی نێو دەوڵەتین؛ هەر یەکێکیان لە جەنگڵستانێکی جیاوازەوە هاتوون. بەڵام لوورەیان هاوئاواز بوو؛ هاوئامانج و هاودەنگبوون. چاویان لەسەر تاووسە سپیەکەی دەست فەقیر سینۆ بوو. هەترەشم چوبوو، کەچی هەستمکرد دڵی ئەم فەقیرە زۆر خۆراگر و جێگیرە.

کاتی بە تیلەوە سەیری تاووسەکەی نێو دەستیم کرد، بە کلکە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکەی لە زیقاندن وەستابوو. دڵی زۆر بە خێرایی لە بن دەستی خاوەنەکەم لێی دەدا. بەزەییم پێی هاتەوە، کەچی لە هەموو ژیانمدا باڵندەی واجوان، دڵگیر و نایابم نەدیبوو.

ئەم فەقیرە زۆر ئازابوو. منی ڕاسپاردبوو بە هەر چوار دەوری بڕوانم، ئەویش لە شوێنی خۆی دەخوولایەوە. کەچی گورگەکان بە دەوورمان دەهاتن و دەچوون، جیرەی ددان و لرمەی قرخەقرخیان دڵی دەخستە لەرزە، بە دیار ئەم تاووسە ناوازە، لیکیان دەهاتە خوارەوە و چاویان بریسکەی دەدایەوە. لە هیکەوە منی داخست و هاواریکرد:

- پەرستراو هەر ئەوە، ئەوەی ناخوات و ناخەوێت. شایەتمان بە ناوی دێنم و بڕوام بە مەزنی ئەو، دانایی تاووسی مەلەك هەیە. کانی سپی و زەمزەم؛ شوێنی لە مۆرکردن و خاوێن بوونەوەیە. ئەشکەوت و غار دیدەنی منن، قیبلەی مانگەکان ڕووگەی منە. سووپاسگوزاری خاوەن ئاخوەندی دەکەین. خودێ دوورمانخە لە

کافر و بەرازان، نزیکمان کەوە لە شێخ و پیران. بە تەمای خودێ، ئێمە ئێزدین لەسەر ناوی سوڵتان ئێزدی. سوپاس بۆ خوا ئێمە رازین؛ لەسەر ئایین و بیروباوەڕی خۆمان جێگیرین.

هەرچەندە ئەو زەمزەمەی نزاکانی بەرز دەکردەوە، گورگەکان هەمەهمیان بەرزتر دەبۆوە؛ جیرەی ددان و لوورینیان هەراسانتر دەبوو.

- بەس نییە؟ تێرنەبوون؟ (هاواریکرد) حەفتاو سێ تاووستان سەربڕی، حەفتاو سێ فەرمانتان بەسەرهێناین. هەمووجارێ هەمان کوشتن، بڕین، بە کۆیلەکردن و سەبیکردنەیە؟ تەنها جۆری شمشێرەکە دەگۆڕێت؛ دەنا هەمان مل و هەمان جەستەیە. شمشێری کەوانەیی رووتیژی عەباسی، رمی درێژی ئینکیشاری، خەنجەری دەبانی هاوڕەگەزەکان، پەیکانی سەرپانی سەفەوی، قەمەی تیژی جەندرمان، تفەنگی عەشیرەتە عەرەبەکان، تەیارەی ئینگلیزی و رەشاشی سەربازە عێراقیەکان...

بەس نییە؟ بۆ واز ناهێنن؟ ئێوە یەك ملیارن کەچی ئێمە میللەتێکی بێ پشتو پەناین. ئێوە سەدو چلوچوار هەزار پەیامبەرتان هەیە، کەچی ئێمە دانەیەکیشمان نییە. ملیۆنەها مەلایکەتی دووباڵ و سێ باڵ و هەزار باڵتان هەیە؛ نزاو پاڕانەوەتان بۆدەکەن؛ ئێمە تەنها حەوتمان هەن و ئەوجا واز ناهێنن؟ لە بەهەشت وادەی زیاتر لە حەفتاو سێ حوری؛ هەزارەها کەنیزە و لووسکەتان پێدراوە؛ کەچی لێرەش دەتانەوێ زەریە پاکیزەکان، هەتیوە بێ باوکەکان و تاووسە باڵ نەخشینەکانی ئێمە، بکەنە قوربانی شەهوەکانتان! ئەرێ بەس نییە؟ هەزار ساڵە غەزو، سەبی، تەعریب، فەرمان، سەفەربەلك، ئەنفال و موجاهەدەمان دەکەن. بە عەرەب، تورك، فارس و بەعسییمان دەکەن، هەرجارێ و ئەزموونێکی تاڵترمان بەسەر دەسەپێنن! نازانم ئەوە بەختی رەشی ئێمەیە کە لەم ناوچەیە دەژیین؟ یانیش نا مرۆڤی و دڵڕەقی ئێوەیە؛ کە بەردەوام قەتماغەی سەر ئازارەکانمان دەکرێنن، برینەکان نوێی دەکەنەوە؟

هەزار ساڵە جلوبەرگ، ناوی دەوڵەت، سەرکردە، چەك، رەنگی ئاڵا و بیانووەکان دەگۆڕێن؛ کەچی هەمان قینە رەش؛ هەمان شمشێری بڕەر؛ هەمان چاوی بەدبین؛ هەمان دەستی راوەشێنەر؛ هەمان دامێنی پیس؛ هەمان زمانی زبر؛ هەمان عەقڵی بۆگەن و هەمان بیروباوەڕی پووچە... هیچ نەگۆڕاوە.

زمانەکان دەگۆڕێن؛ هەزاران ساڵە بارەوبار دەبن. عەرەبی، مەغۆلی، تورکی و

فارسی. کەچی وشەی فەرمان جێگیرە و ناگۆڕێت؛ لێواری شمشێرەکانتان کول نابێت و هەر بەجەستەی ئێمەوە فێرە.
ڕەنگی ئاڵاکان دەگۆڕێن. سپی، ڕەش، سەوز، سوور، سەوز و سپی و ڕەش... لە ئاسمانە بێ هەورەکانمان دووبارە دەبنەوە، کەچی مردن وەك ناعورێکی گەورە لە جووڵە بەردەوامە؛ بەخوێنی ئاڵی ئێمەی بێگوناح خوول دەخوات. ئەرێ ماندوو نەبوون؟ تێر نەبوون؟ وەرس نەبوون؟
ڕوتبە، پلە و پایەی سەربازی جۆراوجۆر، نازناوی هەمەچەشنە، هەر لە خەلیفەوە بۆ والی، لە ئەمیرەوە بۆ پاشا، دواتر بۆ شاهینشا. بەیرەقدار، ئۆغلو، خان، بەگ، تەیار، فەریق، زەعیم و تا دەگاتە موهیب. هەمووی لە گۆڕاندایە؛ کەچی لە کۆتاییدا لەسەر شان و پێش ناوی، شێتێکی خۆ بەگەورەزانی پووچە. بە خۆی و سووپا زەبەلاحە بێ ئابڕوکەی، بێبەزەییانە دەڕژێنە سەرمان، قاتووقری دەخەنە نێومان، بە زمانی شمشێر و چاوی تۆپەوە لەگەڵمان دەدوێن. ئێمەش جگە لە نزا و پاڕانەوە لە خودێ، خۆدانە پاڵ چیای شەنگال، هیچی دیکە شك نابەین.

فەقیر سینۆ لە قسەکانی بەردەوامبوو، کەچی لەگەڵ هەر وشەیەك، گورگەکان هارتر دەبوون. تا لە کۆتاییدا بە یەك پاز، سەرجەمیان پەلاماری ئێمەیان دا. ئەو هەڵساوە و بە هەموو هێزی، تاووسەکەی دەستی بەرەو ئاسمان فڕاند... دیمەنێکی زۆر ناوازەبوو. تاووسەکە لە شەقەی باڵیدا، پەرتەوی دونیای ڕووناك کردەوە.

- هۆ هۆ گەلی شێخادی... جەنگێکی زۆر گەورە بەڕێوەیە، دووبارە پەنا دەبەنەوە پاڵ چیای شەنگال... خۆتان ئامادەکەن... هۆهۆ گەلۆ هۆۆۆۆ!

لە کۆتاییدا ئەم هاوارەی کرد؛ بەر لەوەی چەند خولەکێك بخەوی و دووبارە هەڵستێتە، هەمان قسە دووبارە بکاتەوە:

- واملێهاتووە حەزنەکەم چاوەکانم داخەم نەوەك دووبارە ببینم!

# (16)

# پێم دەڵێن تاووس

بێگومـان مـن دەناسـن، بـەڵێ... باڵنـدە نـاوازە قەشـەنگە لەخۆباییەکـەم! یـەکێك لـە باڵندەکانی بەهەشت، هاودەمی پادشاکان، جوانترین بوونەوەر لەسەر گۆی زەوی.

لە بەهەشت یاوەری ئادەم و حەوا بووم، بەر لەوان بە باسی داری نەمری و گـەنمی مەعریفـەت، لـە لایـەن عەزایلـەوە سەرمەست بـووم. ئـەوە مـن بـووم مـارم رازیکرد، لـەنێو سکی بیشـاریتەوە، بیباتـەوە بەهەشت دوای دوورخستنەوەی؛ بە کیفـەکیف قسـە لەگـەڵ دایـە حـەوا بکـات! تـا لـەنێو ئـەو دارستـانە جەنجاڵـەی بەهەشت، داری نـەمریمان نیشـان بدات؛ بەڵکو بـە خـواردنی بەرەکـەی، جاویـدان و هەمیشـەیی دەبین. کـەچی پلانەکـەمان ئاشکرابوو، هەر چوارمان لـە بەهەشت کەنـەفت کراین. بـە یـاوەری ئـەو؛ بۆ سـەر زەوی دوورخراینەوە. نازانم ئەوان لە کوێی دابەزین. بەڵام من چوومە بابل.

ئەوەی بۆتانم گێرایەوە دەقی گێردراوە ئیبراهیمیەکانـە، لای پێکـەتیانی ئـەم رێبازە، گەورە باڵنـدەکانی بەهەشـت و بەشـێکم لـەو جوانیـەی؛ کردگـار لـە بەهەشـتەوە هێناویەتـە سەر زەوی؛ بۆ نمایشکردنی تەڵیسمەکانی جوانی. دیدی زەردەشتیەکان بۆ من جیاوزاترە! ئەوان من بەدەستکردی ئەهریمەن دەزانن؛ کاتی بەدەم ئەفراندنم گوتویەتی: " وانیـە کـە گوتوویانە؛ ناتوانم کاری باش بکەم، بـەڵام مەسـەلەکە ئەوەیـە، خۆم نامـەوێت بیکـەم! ". واتا هەرچەندە دەستکردی ئەهریمەنم ، کەچی تاکە کاری باشی ئەوم!

بـە پێـی کـۆنترین ئـەفسانە و چیرۆکـە هندۆسییەکان؛ خواکانیـان لـە بـڕی ئـەسـپ، سواری پشتە نەرمەکەم دەبوون. ئەوەتا کارتیکیای خواوەندی چەنگ و شیفای کوڕی، منیان بەکارهێناوە، ئەمە جگە لە کامای خواوەندی خۆشەویستی؛ سـاراواتی خواوەنـدی ژیریـی. بـەینی خۆشـمان بێت، لـە هەنـدێ شـوێنی هیندسـتان، هاوشـێوەی خواوەنـدێك؛ پەیکەرم پەرستراوە!

لە نیپال؛ ئەسپی جانگولی بـووم ؛کە خواوەنـدی پاراسـتنە لـە مـار. جگـە لەمـە؛ لـە هەندێ تابلۆدا؛ خودی بودا سواری پشتم بووە. واتا وڵاخی خواوەندان بوومە!

لە لایەن کریستیانەکانیش؛ لە هەندێ لە تابلۆکان؛ لەتەك وێنەی مەسیح بە منداڵی دانراوم، ئەمەش وەك سیمبولێکی جوانی و بێگەردی. چون گۆشتم پیس نابێت.

لە رۆژهەلات لە لایەن فەیلەسوفەکان، بە سیمبولی جوانی، نەخشینی و دەستی کردگار دانراوم. کەچی لە رۆژئاوا؛ بە سیمبولی خۆ بە گەورەزانین و خۆپەرستی ئەژمارکراوم. (ئەمەش زیاتر بە هۆی دەنگە بەرزەکەم بووە، ئەوان بە هەراسانکار و ناخۆشیان زانیووە) بە هاوکوفی ئەهریمەن دانراوم! هەرچەندە هەندێك دەڵێن؛ ناوی من (تاووس) دەچێتەوە سەر دیاوسی خوای ئاسمان، لای سروشتپەرستانی هیندۆئۆرپی.

دەزانن، بیانەوێت و نەیانەوێت بەو تاجە شاهانەی سەرم؛ رەنگە ئەرخەوانییەی سینەم؛ کە چەند چینێکی سەوزی ئاڵتونی تێدایە؛ پادشای باڵندەکانم، ئەمە جگە لە پەڕەکانی کلکم؛ ئەوەی پەروەردگار تایبەتمەندییەکی ناوازی پێداوە. باوەڕدەکەن مایکرۆسکۆپی شێوەی کریستالم هەیە؟ درێژی شەپۆلی روناکی لەسەر پەڕەکانم، بەپێی دووریان لە یەك تیشکدەدەنەوە، ئەمەش شێوەم ناوازەتر دەکات!

نالێم! بوونەوەرێکی جیاوازم. زۆریش جیاواز، یەکێکم لە باڵندەکانی بەهەشت و تەنها بۆ سەرسامکردن و نیشاندانی هونەری کردگار، هاتوومەتە سەر زەوی.

لەوێ دەفڕیم و گۆرانی خۆشئاوازم دەچڕی، بەڵام بە هۆی جیاوازی کەشوهەواو، ئەو شتەی ئێوە پێی دەڵێن هێزی کێشکردنی زەوی، پێیەکانم زۆر لاواز و ناشیرین بوونە. دەنگم جۆشی نەماوە، ئێستا تەنها دەزیقێنم و بۆ بەهەشت، داد و فیغان دەکەم.

شتێکتان پێ بڵێم؟ هەرچەندە پێکهاتەی چاوەکانتان وایە کە هەموو رەنگێك نابینی؛ بەهۆی کەم حوکمی چاوتان، تا ئێستا رەنگە پەنهانەکانی منتان نەدیووە، سەربار من باڵندەیەکی ئاسایی بەهەشتم، لەوێ شتی وا هەیە؛ هەر وەسفی ناکرێت. رەنگی ئەوتۆ؛ کە بە هەموو ژیانتان نەتان بینیووە!

دەزانن هۆکاری بوونم لەم رۆمانەدا چییە؟ چون جیاواز لە هەموو گەلانی دونیا و بە درێژایی مێژوو؛(بیرم چوو پێتان بڵێم؛ بە پێی بەردبووەکان، بوونمان لەسەر زەوی؛ دەگەرێتەوە بۆحەفت ملیۆن ساڵ لەمەوبەر!) گەلی ئێزدی و میللەتی شێخادیم زۆر خۆشویستووە. دەزانن بۆ؟ نەخێر... نەخێر؛ لەبەر ئەوە نییە کە منیان کردۆتە سیمبوولی خۆیان. ئەی ئەوە نییە ماوەیەك لە نێو ئالاکەی نیپال بووم، دروشمی تاجی شاهانەی چینیەکان بووم؛ بەو پەڕی شکۆوە؛ هۆزە عەرەبیەکان بە دیاری منیان بەخشیوەتە پادشاکان؛ وەك ئەوەی بەخشیانە پادشا تجلات بلاسری سێیەم؛ شاهەنشای ئاشوری، تا ئێستاش سیمبولی نیشتیمانی هیندم. خۆشەویستیم بۆ ئێزدیەکان لەم روانگە نییە،

نەخێر، بەڵکو شتێکی جیاوازترە!

دەبا شتێکتان پێ بڵێم، هیندییەکان تووکی کلکمیان دەکردە گەسك و فلّچە، پەرستگا و کۆتـەڵی خواوەنـدەکانیان پـێ دەسـڕیەوە، نیپالیـەکان گۆشـتمیان بـۆ چارەسـەرکردنی نەزۆکی و لاوازی سێکسی پیاوان بەکار دەهێنا. پەڕیشمیان کردبووە دەرمـانی بـاداری! ئێستاش نەمزانی من چ پەیوەندییەکم هەیە بە رۆماتیزم؟ هـەرچی عـەرەبە، هـەر چەنـدە بەشێکیان گۆشـتیان حـەرام کـردووم، کـەچی بەشـەکەی دیکـە بـە چارەسـەری هەنـدێ نەخۆشـیان زانیـوە. لـە هەمووشـی سـەیرتر ئەوەیـە؛ ئەگـەر چڕنـووکم لەسـەری ژنێکـی شەکەتی دووگیان دابنرێت، دەلحاز ژانی دەشکێت و بە ئاسانی منداڵی دەبێت!

هـەرچی رۆژئاوایـە؛ لـە خۆشەویسـتی و رقـدا پـەرگیربوون! هەنـدێکیان بـە شـکۆوە بـەخێویان کـردووم، گۆشـتیان لەسـەر سفرە و خوانی پادشـاکان دانـاوم، بەشێکی دیکـەش نەفرەتیان لێکردووم، لایان بوونەوەرێکی بەدم؛ تەتەری خراپە و ئەهریمەنم، مایەی بەختی خراپ و چاو و زارم! بە کورتی؛ لای هـیچ گـەلێك ئـەو پایـەم نـەدراوەتێ، ئـەوەی لای گـەلی شـێخادی هەمـە، تەنانـەت نـاوم لای ئـەوان ( تـا... ووس) ە واتـا رۆشـنایی پـەروەردگار. هەرچەنـدە دەڵـێن کـورد ئـەو نـاوەی، لـە تـاو سـێ (واتـا هـەتاو و سـێبەر) وەرگرتـووە، ناحەقیشـیان نـاگرم؛ چـون لـە هـەتاو و سـێبەر چـەتری کلکـە قەشـەنگەکەم هەڵـدەدەم؛ بـە جـوانیم دڵگیـر و دەم بەسـتەیان دەکـەم. دەزانـن مـن لـە کۆلکـە زێڕینـە جوانترم... ئەی چۆن! کۆلکە زێڕینـە تـەنها حـەوت رەنـگ نمایش دەکات، کـەچی مـن دەیەها رەنگ دەخەمە روو، بەڵام ئەفسوس، چاوەکانتان هەندێکی نابینێت. دواتر کۆلکە زێڕینە تەنها لە بەهار و هاوین؛ دوای چڕە بارانێك درووست دەبێت، کە چی هەر کاتێك بمەوێت، بە چاو نوقانێك جوانیم نمایش دەکەم. ئـەوەش لـە بیـر مەکـەن، کـە جـوانی مـن بەرجەستەیە و هی ئەو خەیاڵییە؛ بەتاقی ئاسمانەوەیە و کەس نایگاتێ!

بـا بێمـەوە سـەر باسـەکەم؛ ئـەم خەڵکـە منیـان زۆر خۆشـدەوێت؛ هـەر چەنـدە ئێمـە بـە کۆمەڵ لە بەهەشت دەرکراین (مەقسەدم هەر پێنچمانە)، بەڵام لەلایـەن گـەلان، زۆر یـان کـەم؛ خراینـە ژێـر بـاری رەخنـە و گلـەیی، هەنـدێجار تـا رادەی نـەفرەت. کـەچی بـە پیچەوانەوە؛ لای گەلی ئێزدی هەموومان بە گەورە زانراین، رێزێکی زۆرمان لێگیرا!

لێـرە تـەنها باسـی خـۆم دەکـەم. ئـەوان منیـان کـردە سـیمبوولی خۆیـان. مـن کـە بەرجەستەی تاووسی مەلەکم؛ زۆریشم حەز لەو ناوەیە. چی چی؟ زۆرێك شت هەیە لێرە باسیان ناکەم؛ چون ئەوە رۆمانـە نـەوەك کتێبی هزر و فەلسـەفە. سـەبارەت بـە تاووسـی مەلەك، دواتر خۆی دەتوانێ؛(بێگومان گەر مەودای هـەبێت) بۆتـانی بـاس بکـات. مـن

لێرە تەنها وەك تاووسێكی قەشەنگی كلك رەنگین، قسە دەكەم.

بەمەبەستی بەرز راگرتنم ؛ گەلی شێخادی حەوت تاووسی لە مس دروستكراویان هەیە. رێزیان لێ دەگرن و خۆیان لە ئاستی دەچەمێننەوە. بە نیشانەی خۆشەویستی بۆ گەورەیان (فریشتە تاووس) و مەلایكەتەكانی دی دادەنێن. چون هەر یەكێكیان بەشێكن لە رۆشنایی خوای گەورە؛ هەمووشیان لە رۆشنایی ئەو وەرگیراون؛ وەك چۆن چرایەك كۆمەڵە چرایەكی دی دادەگیرسێنی؛ بێ ئەوەی كاری تێبكات. ئاواش بە هەر حەوتیان لەگەڵ خودا یەكایەتییەك پێك دەهێنن. بەم تاووسانە دەڵێن (سنجەق)؛ هەر یەكێكیان بۆ ناوچەیەك دانراون و سەرجەمیان لە ژوورێك دادەنرێن؛ كەپێ دەوتریت (خانەی تاووس) و بە فەرمانی سەردار دەردەهێنرێن، لە رێگای قەوال و گفتوگۆكارانەوە بە نێو گەلی شێخادی دەگێردرێن. باسكردنی ئەم بەشە بۆ خودی سنجەق جێدێڵم. بەڵام دەمەوێ چەند خاڵێك روون بكەمەوە.

سەبارەت بەخۆم، زۆرێك من بە بوونەوەرێكی لەخۆبایی، خۆپەرست و شەڕانگێز دەزانن. خۆنمایشكردنەكەم بۆتە بەندوباو، بۆ نێرینەی خۆپەسندی دەماردارى لووت بەرز. تەنانەت هەندێك بەو شێوە دەمناسێنن، كە پەڕی فرشتە، دەنگی ئەهریمەن و پێیەكانی دزێكم هەیە... توخوا ئەوە وەسفە نا دادپەروەرانە نییە؟ كە تۆ ئەم هەموو جوانیە نەبینی، وبەم شێوەیە گوزارشتم لێ بكەیت؟ ئەم هەموو شۆخ و شەنگی، نەخش و نیگار، گوڵە جوانانەی نێو پەڕەكانم نەبینی؟ كاتێ خۆم نمایش دەكەم ئەوا بۆ مێینەكەی خۆمە. لەو كاتەدا ئاگام لە دەورووبەر... بگرە لە تەواوی دونیا نامینێ؛ كاتێ خۆشەویستی لە كەللەم دەدات و شەیدای شۆخێك دەبم، هەر بە دەوری خۆم دەسوڕێمەوە، وەك عاشقێكی شێت هەموو شتێك دەكەم، لەپێناو رازیكردنی دڵی مەعشوقەكەم. كۆڵ نادەم؛ تەنانەت ئەگەر ساڵێكیش بەسەر رازی نەبوون، بێ مەیلی و بێ ئارەزوویی ئەو بڕوات! كەواتە عاشقێكی سەرمەستم نەوەك خۆپەرستێكی لەخۆبایی!

لە كۆتاییدا شتێكم ماوە بیڵێم. لە ماوەی فڕینم لە ئاسمانەكان، لە میانی بەرز راگرتنم لە لایەن گەل، نەتەوە و میللەتان. لە رێگای هاتووچوم لە نێوان كۆشكی پادشا، تەلاری خواپێداوان و رازاندنەوەی سفرە و خوانەكانیان. لەم گەشتەمدا زۆرم خەڵك بینیوە. بەڵام هیچكامیان وەك گەلی شێخادی نەبوونە. زیاتر لە هەزار ساڵە لە نێویان دەژیم و لە چاكە، پیاوەتی، مەردایەتی، پاكی و جوامێری بەولاوە؛ هیچی ترم لێیان نەدیووە. تاكە گوناهیان ئەوەیە، كە لەم ناوچە ژیاون؛ ئەوە لێوانلێوە لە تەنگژە، كێشمەكێش و مەرگ. ویستوویانە بە ئازادی بیرو باوەڕی خۆیان بپارێزن؛ هەست بە

بوونی خۆیان بکەن، ناوچەوان بەرزانە بژین. ئەمەش ئەوە ناگەینی کە لە مێژوویاندا، کەمووکوڕی، هەڵە و تاوانیان نەبووە، چ لە نێوەخۆ و چی لەگەڵ دەورووبەر. بەڵام ئازایەتی، مەردایەتی، جوامێری، ئارام گرتن و بەرگەگرتنیان بەرامبەری دوژمنە دڵڕەق و نامرۆڤەکان. دڵسۆزیان بۆ بیر و باوەڕیان؛ مایەی هەڵوەستەیە و پێویستە ڕێزیان لێ بگیرێت. ئەمانە ئێزدین و پێویست ناکات لە خۆیان زیاتر، کەس باس لە ئینتیما، وابەستە بوون، ئایین، کلتور و بڕوایان بکات. کەس خۆی بەسەریان بسەپێنی و هەوڵدات لە بڕی ئەوانەوە قسەبکات... ئێزدیاتی دیدیانە بۆ ژیان و... تەواو!

# (17)

# ناوم سنجەقە

گرنگ نییە ناوم کوردی، عەرەبی، فارسی یان تورکییە؟ ئەوەی دەیزانم، سیمبوولی هەرە بەرزی گەلی ئێزدیم و لە مس درووستکراوم؛ مسی پاراوی نێو بەردەکانی کانی گراسبێرگ، لە بناری چیای بونکاك گایا لە هەرێمی بابوای ئەندنوسی. ئەوکاتەی کانەکە بچووك و نەناسراو بوو. کرێکاران منیان لە سکدانی دایکم لێکردەوە، باوەڕبکەن سەرەتا ئیرەییم بەو هەموو زێڕی خامە دەبرد، ئەوەی لە نێو رحمی کانەکە لە تەکم بوون. چون حەزم دەکرد زێڕبام؛ بووبامە پارچە خشلێك؛ پەڕەملەیەك و سینگی شۆخێکی ئەندنووسی یا گەردەنی شازادەیەکی هیندی بڕازێنمەوە. ئاخر کرێکارە نەزانەکان دەستیان بەوان نەدەگەیشت؛ بگرە نەیاندەزانی زێڕ لەم کانە مسەدا بوونی هەیە! بەهەرحاڵ، کاتێ دوو دەستە شەقشەقە پیسەکە، منی لە گەورەترین کانی زێڕ لە جیهان دەرهێنا. منی پارچە خامەیەکی هیچ نەزان؛ کاتێ بۆ یەکەمجار تاریکی سکدانی دایکم جێهێشت؛ تیشکی خۆرم بینی؛ زۆر دڵتەنگ بووم،(نەمدەزانی دواتر دەبمە کۆتەڵێکی پیرۆزی لە زێڕ بایەخدارتر؛ و هاوڕێی خۆر!) دواتر لەسەر پشتی کەشتی گەورە منیان گواستەوە، پاشان لە رێگەی بارهەڵگر... نازانم چەندی پێچوو و چەندم مەودا بڕی. بەڵام بیرمە کاتێ منیان لە سندوقەکە دەرهێنا؛ خۆم لە کارگەیەك دۆزییەوە. بەساڵاچووێکی هیندی، کە لۆچەکانی دەستی گوزارشتیان لە کارسازی، وردی و خۆشەویستی بۆ پیشەکەی دەکرد. چاوەکانی دەترووسکانەوە، کاتێ قالبێکی نایابی لە مۆم درووستکرد، دواتریش بە گەچی سپی دووقالبی دروستکرد، راستییەکەی لەسەر مێزەکە بووم و هیچ تێنەدەگەیشتم. دوایی ماوەیەك شێوەی پێویستی بە مۆم درووستکرد؛ دووبارە بە شێوەیەکی جوان بە گەچی روپۆشکرد. دواتر خستیە نێو کورەیەکی ئاگر! مۆمەکە توایەوە و رژایە دەرەوە؛ تەنها قالبێکی جوانی نێو بەتاڵی؛ لە گەچ درووستکراوی دەست کەوت. ئەوجارە نۆرەی من هات و خستمیە نێو کورەیەکی ئاگرین، کە پلەی لە هەزاری سلیلیزی بەرزتربوو. هەستمکرد شل دەبمەوە؛ تا وەك ئاوم

لێهات! منی لە لای سەرەوەی قالبەکەوە، بە شلی خزاندە نێوی؛ سەرجەم کون و کەڵەبەرەکانی ئەم کۆتەڵەم پڕکردەوە. هەستیکی ناخۆشبوو. هەستمدەکرد لە قالب دراوم. زۆر بێزار بووم. دواتر هەستم بە ساردی کرد و زانیم لە شوێنێکی سارد دانراوم؛ تا کزر بم. ئەوسا هەستم بە توندوتۆڵی و هێز کرد. نەمدەزانی دواجار بە چ شێوەیەك دەردەکەوم. بەڵام کاتی قالبەکەی شکاند و دەریهێنام؛ دوای ئەوەی خۆم بینی حەپەسام. ئاخر ببومە تاوسێکی زەردی بریقەدار. بەسەر و ملێکی دانسقە، لاشەیەکی کەمێ گۆشتن و کلکێکی بچوکی لار؛ بە ئەندازەی مریشکێك. باوەڕکەن لە خۆشیان چاوم ئاوی کرد. دواتر نەمزانی بۆ منی ماچکرد، زۆر بە رێز و شکۆمەندییەوە، لە نێو تەمەزییەکی سووری وەرپێچام. یەك شت... بیرمە مێردمنداڵێك وەستابوو و پرسی:

- وەستا، هیچ جۆرە نەخشێکی لەسەر ناکەی؟
- نەخێر رۆڵە...( بە هێمنی وەڵامی دایەوە) ئەمە خۆی زۆر پیرۆزە و هیچی پێویست نییە. ئەوە خۆی پادشایە و گوزارشتە لە هەزار و یەك شت.

دوای ماوەیەك خشەخشێکم بیست، دەستێکی بە هێزی جێگیر منی دەرهێنا، بە چاوێکی مەندی پڕ لە هیوا سەیری کردم. ماچیکردم و لەسەر سیپاڵێکی دانام، چاوم گێڕا خانووێکی قوڕینی ئاسایی بوو. کۆمەڵە دەروێشێك!(دواتر زانیم ناویان وایە) زۆر بەرێزەوە لە دەوری دانیشتبوون؛ بە ملکەچی لەو کەسە هێمنەیان دەڕوانی. چرای ژوورەکە کز دەسووتا. لە چاوی هەندێك ترووسکایی و لە هی هەندێکی دی ترسم دەبینی. هەستمکرد ئەوانە خەریکی کارێکی زۆر گرنگ و ترسناکن. دواتر پیاوە ژیرەکە هاتەگۆ:

- ئەم تاووسانە هێمای سەر سنجەقی بانگەوازەکەمان دەبن! هاورێبازە ئازیزەکان،(چاوێکی پێیان گێڕا) ئێوەم لێرە کۆکردۆتەوە تا راتان وەرگرم. وابزانم کات هاتووە؛ دەمی راپەڕینە، بە مەبەستی ئاشکراکردن و سەرخستنی رێبازە پیرۆزەکەمان. بۆ ئەوەی هەموو دونیا لە تاریکی رۆشن بکاتەوە.

لە ماوەی ئەو شەش ساڵەی لە پەناگە بووم و ئیعتیکافم کردبوو، زۆرم بیرکردەوە و بە زۆرگەلێك شت گەیشتم، سەرجەم بیر و بۆچونەکانم خستۆتە نێو دەستنووسەکانم. لەم ماوەیەدا دیدم شتە پەنهانەکانی بۆ روون بۆوە؛ نهێنی زۆر بابەتم بۆ ئاشکرابوو. ئەمەش تەنها بۆ خەڵکی تەنهای دوورە پەرێز دەکرێت؛ ئەوانەی دوور لە خەڵك بە دوای راستیەکان وێڵن.

کاتی دوورەپەرێزی و پەناگرتن کۆتایی هات، کاتی لێکدانەوەی رووداوەکان و

تێگەیشتن لە گەردوون تەواو؛ ئێستا کاتی گۆڕانکارییە... کاتی راپەڕین و شۆڕشکردنە؛ دژ بە ستەم و نا دادپەروەری.

- هەست ناکەی جارەك زووە گەورەم؟ (دەروێشێکی بە تەمەن گوتی) وای بۆ دەچم کە جارەك هێزی رووبەڕوو بوونەوەمان نەبێت. هێشتا بانگەوازەکەمان کزر نەبووە شێخم.
- بە پێچەوانەوە دەروێش، بە گونجاوترین کاتی دەزانم، ئێمە لە ساڵی شەشسەد و چلوچواری کۆچین، باروودۆخ لەبارە و کاتی خۆیەتی!(زۆر بە هێمنی وەڵامی دایەوە)
- باشە گەورەم، دەکرێ تۆ لێرە لە موسڵ نەمێنی و بگەڕێیتەوە نێو خزمان. لە پاڵ چیای شەنگال ئەم راپەرینە رابگەینی؟ ئاخر لێت دەترسین گەورەم. تۆ لەم تەکیە بچووکە لە موسل نزیك دوژمنانی... خوانەخواستا گەر شتێکت بەسەر بێت، شۆڕشەکەمان لە لانکەوە سەردەبڕێت!
- دەروێش، موسڵ تەنها سەرەتایە و لێرەوە هەموو جیهان رۆشن دەکەین، بە چاکی دەزانم لێرە لە موسڵ شۆرشەکەمان رابگەینین، بیکەینە بنکەی بانگەوازەکەمان. ئەمە جگە لەوەی لە لالش نزیکە. باوەڕی تەواوم بە بە پشتیوانی خودێ و راستی رێبازەکەمانە... کەسی دیکە دەیەوێ قسە بکات؟

کەس قولماتی لێوە نەهات، دڵ و چاوەکان هەمووی چاوەڕوانی هەڵکرنی ئاڵای شۆرش بوون .

- با ناوی خودێی لێ بینین...

لەگەڵ ئەم قسانە شیخ خۆی هەڵسایەوە سەرپێ، ئامادەبووان هەڵسان و دەست لەسەر سینگ وەستان. لەگەڵ خوێندنەوەی ناوی هەر هەرێمێك؛ لەوانەی شۆڕشی لی رادەگەینرێت؛ دەروێشێك دەهاتە پێش و رمێکی تایبەتی درێژ دەکرد، خودی شێخ بە دەستە بەهێزەکانی سنجەقی تاووسی لەسەر دەبەست:

1- سنجەقی شام: بۆ هەرێمەکانی حەلەب، لازقیە، حەسەکە، قامشلی، حەڕان و عەفرین.
2- سنجەقی زۆزان: بۆ هەرێمەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، دیار بەکر، ماردین، ئەنتاکیە، سعرد، سیواس و پیران شەهر.
3- سنجەقی عەجەم: بۆ هەرێمەکانی تەورێز.

4- سنجەقی مەسقۆف: بۆ هەرێمەکانی ئەرمینیا، جۆرجیا و رۆستۆف.

5- سنجەقی شێخا: بۆ هەرێمی شێخان و دەوروبەری.

6- سنجەقی شەنگال: بۆ هەرێمی شەنگال و دەوروبەری.

7- سنجەقی عەنزەل : سنجەقی فەرمی شۆڕش.

- ئەوە سنجەقی سەرکەوتنە، ئەوەی دواتر لە سەر کۆشکی حوکمداری دەبێت، هەر ئێستا دیبەنەوە باعەدرێ و لە خەزینەیەکی تایبەتی دادەنێن؛ بە ناوی خەزینەی رەحمان. ئەگەر سەرکەوتین هەڵیدەدەین، ئەگەر هەرسمان هێناو هەموومان شەهیدبووین، سەرجەم سنجەقەکان لەناوچوون یان کەوتنە دەست دوژمن، ئەوانەی لە دوامانەوە دێن و درێژە بەم شۆرشە پیرۆزە دەدەن؛ ئەو ئالآیە هەڵدەکەن و دووبارە رادەپەڕن.

ئەوەی شایەنی باسە من سنجەقی حەوتەم بووم. دوای دابەشکردنی سنجەقەکان، شێخ دووبارە کەوتەوە قسەکردن:

- هەروەکو خۆتان دەزانن؛ لە دێر زەمانەوە. بەر لەوەی زەردەشت و عەرەبەکان بێنە ناوچەکەمان؛ باپیرانمان خودێیان پەرستووە، خۆریان ناسیوە و کردویانەتە قیبلەگا. تاووسی مەلەکیان ناسیوە، رێزیان لێگرتووە و خۆیان داوەتە پاڵی. تاووسیان بە سیمبولی خۆیان داناوە. چون گوزارشت لە خۆر دەکا. کاتی چەتری کلکە رەنگینەکەی بە شێوەی خۆر دەکاتەوە، جگە لە جوانی؛ فەرەحنایی و رۆشنایی دەبەخشی. ئەمە جگە لەوەی کە یەکەم باڵندە بووە، لە بەهەشتی ئاسمانەوە؛ دابەزیبێتە بەهەشتی لالش لەسەر زەوی. خۆشتان دەزانن تاووسی مەلەك، سەردەستەی مەلایکەتان و روحی پارێزەری میللەتەکەمانە.

تاووس لەسەر سنجەق و بەیداخەکانی شۆڕشەکەمان دەبەستین؛ تا دەری بخەین؛ کە ئێمە میللەتی تاووسی مەلەکین؛ خودی تاووسی مەلەك پشت و پەنامانن.

برایان، کاتی ئێمە گیانمان دەخەینە سەر دەستان؛ خوێنی خۆمان لە کاسە فڕدەکەین؛ هیوادارم خودێ و تاووسی مەلەك پشتیوان بن، لەم جەنگە رابەرایەتیمان بکەن.

ئێمە ئێزدین و عەرەب نین؛ تا ئەمەوی بین و داوای گەڕاندنەوەی مولکی بنەماڵەی یەزیدی ستەمکار بکەین. ئێمە موسوڵمان نین؛ تا خەوارج و لایەنگری یەزیدی کوڕی ئەنیسەی خارجی بین. ئێمە ئێزدین و موریدی

شێخادی کوڕی مزداوری هەکارین؛ نەوەك عەدی کوری موسافری عەدەوی.
کات هاتووە ڕاپەرین و نیشانی جیهان بدەین کێین؛ تەمومژی هەموو گومان و بابەتە هەڵبەستراوەکان لادەین.

دوای ئەم وشە بەجۆشانە شێخم نەبینییەوە. دوای جیابوونەوەم لە هاوڕەگەزەکانم؛ نەمزانی ئەوان چییان لێ بەسەرهات. بەڵام دواتر لەگەڵ هەندێکیان دووبارە لە خانەی تاووسان بە یەك شادبووینەوە؛ زانیم شۆڕشەکە سەری نەگرتبوو. گرنگ ئێمە ماین؛ ساڵانە بە نێو ولاتی ئێزدیاتی دەگێڕدرێین، تا ئاگری شۆرش لە ناخیان نەکوژێتەوە، ژیلەمۆکەی لە دڵیان بگەشێتەوە. بە ڕاست بیرم هاتەوە، دوا کۆبوونەوەمان لە خەزینەی ڕەحمان بەر لە سەد ساڵ بووە!

نازانم چەندم پێچوو و بۆ کوێیان بردم. کاتێکم زانی دەستێکی لەرزۆکی هێمن منی لە نێو ئاوریشمەکە دەرهێنا و لەتەك شیربکی دانام. سەیری دەمووچاوی ئەم بەساڵاچووە لەسەر خۆیەم کرد؛ هەستم بە ئارامی کرد. بە چاوە نەرمە کزە پڕ لە هیواکەی؛ سەیری دەکردین و زەمزەمەی بوو، ئەم چەند وشەیەم گوێی لێبوو:

- یا ڕەبی عەلا شاندك عەلا
موکانەك و عەلا سوڵتانەك
یا ڕەبی تویی کەریمی تویی ڕەحیمی
یا ڕەبی هەر تۆی خودایی
هەر تویی لایقی مەدح و سەنایی

❊ ❊ ❊

یا ڕەبی تویی مەلەکێ مەلکێ کەریمی
تو مەلەکێ عەرشێ عەزیمی
یا ڕەبی ژ ئەزەل دا هەر تۆیی قەدیمی

ماوەیەك چاوانی داخست و گوێم لێ نەبوو چی دەڵێت. دووبارە دەنگی بەرزکردەوە:

- یا ڕەبی تۆ مەلەکێ عنس و جنسی
یا ڕەبی تو مەلەکێ عەرش و کورسی
یا ڕەبی تو مەلەکێ گای و ماسی
یا ڕەبی تۆ مەلەکێ عالەم و قودسی

زۆر بە هێواشی و بەدەم زەمزەمە سەری دەهەژاند، چەند کەسێك لەگەڵی دانیشتبوون. کاتی چووە دەرەوە؛ هەموو هەڵسانەوە سەر پێ و دەستیان لەسەر سینگیان

دانا و بێ دەنگ بوون.

- قەواڵە خۆشەویستەکان، کوچەکانی ڕێزدار؛ ئەوە سنجەقە پیرۆزەکەی تاووسی مەلەکە. ئامادەبن بۆ گێڕانی. لەگەڵ دەرهێنانی لێرە لە خانەی تاووس کاری ئێوە دەست پێدەکات. کاتێ ئەم سیمبوولە بەرزەتان پێدەبەخشم؛ هەر کۆتەڵێکی مسین نییە. نەخێر، ئەمانە گوزارشتن بۆ تاووسی مەلەك و شەش فریشتەکەی دیکە. چون هەر یەکێکیان بەشێکن لە ڕۆشنایی خودێ و بەیەکەوە یەکاتییەك پێك دەهێنن. ئەم سنجەقە بە نێو شارەگەورەکان بگێڕن و بە نێو میللەتی شێخادی بسوڕێنن، هەم ئایینەکە نوێ دەکەنەوە، هەم پیتاك، باج و زەکات کۆدەکەنەوە، تا بتوانین یارمەتی هەژاران بدەین.

کوچەکەکان زۆر بە هێمنی گوێیان بۆ شلکردبوو، لە هیکەوە هەڵساوە و گوتی:

- بە یاوەری قەوالەکان،(گۆیندەکان) بڕۆن، ئەم بەرەکەتە بە نێو خاکی پیرۆزی ئێزدیخان بگێڕن.

کوچەکێك منی ماچکرد و خستمیە نێو هەگبەی خۆی، دواتر زانیم ناوی شەمۆیە. ببورن لەوە زیاتر قسە ناکەم؛ تەواوکردنی چیرۆکەکەم بۆ ئەو جێدێڵم.

یەك شتم ماوە بیڵێم. دوای ئەم هەمووە تەلاتمەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە؛ من تاکە سنجەقی رزگاربووم. نامەوێ بڵێم چەندە ناخۆشیم دیووە؛ بەڵام بیرمە فەریق عومەر وەهبی پادشا؛ من و سێ هاوڕەگەزی بە تاڵان برد؛ ناردینی بۆ بەغداد. ماوەیەك لەوێ لەگەڵ تاراجی دیکە لە کۆگای سوپا پارێزراین. دوای شازدە ساڵ گەڕاینەوە خانەی تاووس. کەچی دواتر دووبارە فەرمان کراین. بە داخەوە ئەوە دەڵێم، دوای ئەم هەمموو فەرمانە؛ ئێمە تەنها چوار تاووس رزگاریمان بووە. نازانم ئەوانی دیکە چییان بەسەر هات ، بەڵام من تاووس عەزازیلم ئەوەی خەلك پێم دەڵێن عەنزەل؛ هەر لە خانەی رەحمان لە باعەدرێ مامەوە. بەردەوام دەرگای ئەم خانە کراوەیە، تا خەڵك سەردانم بکات. تەنیا لە کاتی جەژن و بۆنەکان لە شوێنی خۆم دەجولێندرێمەوە.

ئەوەم بیرچوو بیڵێم. لەبەر ئەوەی لە مس درووستکراوم، کەش و هەوا کاریگەری بە سەرمەوە هەیە. ناوناوە کوچەك و قەوالەکان دەمبەن؛ بە ئاوی پیرۆزی گۆرستانی شێخادی و ترشاوی سماق دەمشۆن، دواتر بە زەیتی زەیتونی پیرۆزی لالش چەورم دەکەن. پاشان زۆر بەڕێزەوە لە خورجەکەم دەنێن. بە ڕاست؛ کاتی کوچەکێك ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات؛ قەوالەکە گەری، سەرقاڵی تێکەڵکردنی خۆڵی پیرۆزی نزیك گۆری شێخادی؛ بە خوێی و ئاوی پیرۆزی زەمزەم دەبێت. قوڕەکە زۆر جوان دەشێلدرێت و

بەراتی لێ درووست دەکرێت. دواتر وەك دیاری دەبەخشرێتە زیارەتکارانم!

لە کۆتاییدا دەمەوێ شتێك باسکەم. کاتێ دەڵێن سنجەق ئەوا هەر تاووس نییە. راستە من سەری سنجەقم بەڵام پارچەی دیکەشم لەگەڵە؛ لە بنەوە بنەوانێکی پانم هەیە کە دوو تۆپی؛ یەك بەدوای یەکی لەسەر دەبەسترێن؛ دواتر بنکەیەکی بچووکتر؛ و سێ تۆپی دیکەشیان بە سەرەوە دێت. تا دەگاتە شوێنی دانانی من وەك کۆتەلی تاووس. درێژیمان بە یەکەوە حەفتاو پێنج سانتیمەترە. دەزانن؛ کاتی سەیری خۆم دەکەم بەم شێوەیە چیم بیر دیتەوە؟ ئەمە نهێنییەو یەکەم جارە دەیدرکێنم. بەڵێ؛ شتێك هەیە رێك هاوشێوەمە؟ بەیداخی میرنشینی حەزەر ئەوەی ناوی (سمیا) بووە! حەزەریەکانیش وەك گەلی شێخادی لە بنەڕەتدا خۆرپەرست بوونە. ئەگەرچی سیمبوولی ئەوان هەڵۆ بوو نەوەك تاووس. کە ئەویش هاوشێوەم گوزارشتە لە خۆر؛ ئەوان هەڵۆیان بە پارێزەری خۆریان زانیووە. وەکو منیش لەسەر بەیداخ دادەنرا، وێکچوونێکی سەیرە وانییە؟

لەوانەیە بپرسن ئەو پێنچ تۆپە گوزارشت لە چیدەکەن؟ بە رای خۆم وەك هی سمیا، ئاماژەن بۆ پێنچ ستارە بەختدارەکە، واتا هەریەك لە (خۆر، سیوەیل، هورمز، ناهید و مانگ) چون هەریەك لە ستارەکانی (کەیوان و بارام) شوومن! ئەدی ئەوەنییە لەم گەشتانە (شیربك)م لە تەك دادەنرێت؟ ئەوە کاسەی ئاوی پیرۆز لەخۆ دەگرێت؛ هەرکەسێك لێی بخواتەوە بەختیار دەبێت؛ خودێ لە هەموو گوناهەکانی خۆش دەبێت! ئەم ئاکارەش رێك لەو کاسە ئاوپرژێنە دەچی؛ ئەوەی لە نەخشە سۆمەریەکان بە دەست خواوەند (ئینکی)یە، کە گوزارشتە بۆ هەردوو رووباری دجلە و فوڕات!

# (18)

# کوچەك شەمۆم

کاتێ میر لە خەزینەی رەحمان هاتەدەر، بە بینینی سنجەق؛ دڵم لە سینەم خورپەی کرد و خەریکبوو دەربێ! راستە لە ژیاندا دڵداریم نەکردووە، بەڵام (خۆشەویستی لە یەکەم نیگا) هەر ئەوەیە کە باسی لێوە دەکەن. دڵم بە شێوەی تەپڵ لێی دەدا، چاوم بریسکەی دەدایەوە، دەمم وشك بوو و ئارامم لێ بڕابوو! باوەڕبکەن ناحەقم نییە، ئاخر ئەوە یەکەم جارە ئەو شەرەفەم پێ بسپێردرێ.

کاتێ میر قسەکانی تەواو کرد و تاووسەکەی پێ بەخشیم، بە دەستێکی لەرزۆك لێم وەرگرت. کاتێ سەیرمکرد؛ هەستمکرد دەمناسی و قسەم لەگەڵ دەکات... نا‌ا نا، ئەوە هورێنە نییە. هەستمکرد لە مێژە دەمناسی. ماچم کرد، سەرجەم پارچەکانی سنجەقم خستە ناو خورجە سوورەکە، ئەوەی لە خوری دروستکراوە. هەگبەکەم خستە سەرشانم بە شێوەیەك؛ تورەکە کەوتە سەر دڵم و عەبایەکم بەسەر دادا و دەرچووم.

لە بیرم چوو ئەوە بڵێم؛ کە ئەم باڵاپۆشەی بە سەرم داداوە؛ لە لایەن خودێناسەکەوە بە دیاری بۆم هاتووە، دەیگووت هی سەردارە؛ لە بڕی خوێنی کوڕە کوژراوەکەی پێیبەخشراوە! بەشانازییەوە ئامادەم کردووە تا ئەمڕۆ لەبەریکەم، هەرچەندە لەکاتی رۆیشتنم لایەکی شۆڕ دەبۆوە و دەهاتە خوارەوە، کەچی خودێناس و قەوالەکانی دوام، بۆیان راست دەکردمەوە. هەر کە لە شوێنەکە هاتینەدەر؛ منداڵێك بە تەوسەوە هاواری کرد:

- هاااات... سنجەق وا بەڕێوەیە!

ئیتر ئاپۆڕای خەڵکی بەردەم باڵەخانەکە، رێرەوێکیان بۆ کردمەوە؛ لە هەردوولا وەستان و هاواریان لێهەڵسا. وەك تفەرك دەستیان لە مِن، هەگبە، عەبا و تەنانەت جلوبەرگم دەدا. حەشامەتێکی زۆر لە پیاو، ژن و منداڵ بە لەبەرکردنی جوانترین جلەوە وەستابوون. قەوالەکانی دواوەم؛ بە دەم دەف لێدان و نەی ژەنین؛ گۆرانی ئایینیان دەچڕی، پیاوانیش لەگەڵیان دووبارە دەکردنەوە. ژنەکانیش بە دەم تیلی لی لێدانەوە بۆیان

دەگێڕانەوە. لووتم تژی بوو لە بۆنی خۆشی ئەو بخورانەی؛ ئەوەی لەنێو ئەو تاوەیە بوو؛ کە پاکیزەیەك هەڵیگرتبوو؛ بەجلی جوانی کلتووری لە پێشمان دەڕۆیشت. کە تەواوی ڕێگاکەی تفەڕك و بۆندار کردبوو.

بۆ ئەوەی ئەم شەرەفە بە قەوال و پیاوانی دیکە ببەخشم، ناوە ناوە خورجەکەم دەدایە یەکێك، تا بە ملی وەکات؛ خەڵکیش بە مەبەستی بەخشش و بەرەکەت؛ دووبارە دەستیان بۆ خورج و جلوبەرگی هەڵگرەکە، درێژ دەکرد. تا گەیشتینە گوندی دەست نیشان کراو کارەکان وا ڕۆیشتن. ئەم ڕێوڕەسمە ناوازە و سامناکە بەردەوامبوو. تەنانەت خەڵك لە گوندی دیکەوە مەودای دووریان بڕیبوو؛ بە یاوەری خێزان و منداڵەکانیان بۆ سلاوکردن و تەفەرەك هاتبوون.

کاتێك لە گوندەکە نزیك بووینەوە، دووبارە هەگبەم وەرگرت و لە نێوان دووشانم دانم. بۆ ماڵی ئەو کەسە بەڕێکەوتین؛ کە زیاترین زەکات و خەرجی بەخشیبوو. پیاوان بە پێخواسی بۆ ناو ماڵەکە دوام کەوتن، خاوەن ماڵ هاتە پێشوازی و چووینە دیوەخان. ماڵخۆ زۆری ڕێز لێگرتین؛ مانگایەکی بەم بۆنەیە سەربڕی، تەواوی مێوان و گوندەکەی نان‌دا. لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان شوێنی تایبەتی سنجەقم بینی؛ زۆر بە ئەسپایی لە هەگبەم دەرهێنا؛ پارچە پارچە لە خوارەوە بۆ سەرەوە؛ لەسەر یەکم بەستن، لە پاڵ ئەو سێ سەرینەم دانا؛ ئەوەی لە ناوەڕاستی دیوانەکە لای دیوارەکە دانرابوو، هەگبەکە سوورکەشەم لەسەر سەرینەکان دانا؛ شیربکم خستە تەك سنجەق. قەوالەکان دەستیان کرد بە دەف لێدان و نەی ژەنین. بەخێرهاتنی میوانانم کرد؛ بە تی چاو ئاماژەم بۆ قەوال حوسێن کرد؛ دەست بە نزاو و دوعا خوێندنەوە بکات. ئەوانی موزیکیان لێدەدا وەستان و ئامێرەکانیان دانا. ئەوجا لێشاوی خەڵك دەستیکرد بە سەردانی سنجەق. دانیشتوانی گوندەکە بە تاك و کۆ هاتن. هەر یەکیان لە بەردەم سنجەقەکە دەوەستا؛ وەك ڕێز دەستی ڕاستی لەسەر شانی چەپی دادەنا؛ خۆی دەنوشتاندەوە و بنەوانی سنجەقەکەی ماچ دەکرد. ئەوسا سەری بەرز دەکردەوە، بنکەی ناوەڕاستی بە هەمان شێوە ماچ دەکرد؛ تا دەگەیشتە تاووسی سەر سنجەقەکە. هەرکەسە و بە گوێرەی توانای خۆی، بڕیك پارەی لەسەر شیربك دادەنا. لە تاووسەکە دەپاڕانەوە کە لە گوناهیان خۆشبێت؛ خۆیان و خێزانیان لە کێشە، ناخۆشی، ڕیشم و قین بپارێزی. هەبوو دواتر دەستی من و قەوال حوسێنیشی ماچ دەکرد. هەندێ ژن مرازیان لە خۆ گرتبوو و داوای تفەڕکیان دەکرد. قەوال حوسێن سنجەقەکەی بەسەر سەر و پشتیان دادەهێنا، نزای بۆ دەکردن.

دوای تـەواو بـوونی ڕێوڕەسـمی سـەردانەکان، حوسـێن لـە زەمزەمـە وەسـتا، دووبـارە قەوالەکان دەستیان کرد بە دەف لێدان و نەی ژەنین. لەسەر ئاوازێکی دڵگیر؛ بە یاوەری خواناس و خەڵکانی دیکە، جۆرە سەمایەکی ئایینیان ئەنجامدا.

هەستێکی نـامۆی زۆر نـاوازەبوو. بـەو تەمەنـەو بـەو هـەموو قوڕسـی و سـەنگینیە، لەگـەڵ ئاوازەکـە مەسـت بـووم؛ کەوتمـە دونیایـەکی دیکـە. هەسـت و دەروونـم بـە ریتمـی لێدانـەکان جۆشـدران؛ هـەموو نـاخم دەسـتی کـرد بـە سـەماکردن. سـەمایەکی خـودایی؛ تێکەڵەیـەك لـە هەسـتی جیـاواز. دڵخۆشـی و خـەم. هیـوا و تـرس. ئـارامی و دوودڵـی... راسـتیەکەی عـەودالبووم و دەسـتمکرد بـە هـاوارکردن. هـەرچی ئەوانـەی دەورووبـەرم؛ ئاگایان لە خۆ نەمابوو. سەرمەستی شەرابی خودایی بوون؛ بە شێوەیەك هەڵدەپەرین، کە جارجار سنجەقەکەیان هەڵدەگرت؛ تاووسەکەیان لەگەڵ خۆ هەڵدەپەراند!

ڕۆژێکی پرشنگدار و پیرۆز بوو. تەواوی گوندیان لەم ڕۆژە تێریان خوارد و چاکیـان نزا کرد. بەخشیان، هەڵپەڕین، گریان، پێکەنین، دڵیان لەگەڵ یـەك چاکبۆوە. باوەڕبکـەن چەندین بنەماڵەو کەس هەبوون؛ کە ساڵەها ساڵبوو لەگەڵ یـەك ناکۆك و توڕەبـوون، لـە بەردەم سنجەق؛ بـە گریانـەوە باوەشیان لـە یـەك گـرت و لـە یـەك خۆشـبوون. کـاتێ شـەو داهات، کەس لەم گوندە نەنووست، چقڵتو، مۆم و چرایەکی زۆریان داگیرساند، بخور و گیای بۆنخۆشیان سوتاند؛ ئەم ناوەیان تژی کرد لە بۆن و کردیان بـە چراخـان. هـەمووان بە دیار سنجەق ئێشکچی بـوون. ئەمـەش وەك نـەریتێکی کـۆن، لـە ترسـی دزیـن یـا هـەر کارێکی خراپی کافران. شەکەتبووم و زوو خەوم لێکـەوت. کـەچی گـەنج و بـڕواردان، تـا بەیانی بە دڵخۆشییەوە بێداربوون.

بەیانی و لە هەمان دیوەخان، قەوالـەکان تەشتێکی گـەورەیان لـە سماقاو ئامـادەکرد. سنجەقەکەیان پارچە پارچەکرد و شوشتیان؛ دواتر کۆمـەڵە پەڕۆیـەکی خاوێنیان هێنا، بـە سەر ئامادەبووانیان دابەشکرد؛ بۆ ئەوەی شەرەفی وشك کردنەوەی سنجەقیان بەرکـەوێت. ئەم کارە بە دەم نزا و سرووودی ئایینیەوە ئەنجامدرا. لەوکاتەی ئافرەتان لە دەرەوە بەردەوام بـوون لـە تیلـی لـی. قەوالـەکانیش بـە دەف لێدان و نـەی ژەنـین کەشـەکەیان بـە جۆشـتر کردبوو.

دوای خاوێنکردنەوە و وشککردنەوە؛ دووبـارە قـەوال حوسێن پارچـەکانی بەسـتەوە، لـە تـەك شـیربك دانـا. دوای ئەمـە ئامـادەبووان و لەسـەر ئـاوازی دەف و نـەی، شـاییەکی گەرمیان دابەست. قەوالەکان دەستیان کرد بە چڕینی سروود و زەمزەمە کردن. باوەڕبکەن سروودەکان ئەوەندە خەمناك بوون؛ خۆم بۆنەگیرا و چەند دڵۆپێك ئەشکم هەڵوەراند.

دواتر حوسێن سنجەقەکەی لێك کردەوە و لە ناو هەگبەی نا. لەم کاتەدا خاوەن ماڵ هات؛ منیش وەك ڕێزلێنانێك، خورجەکەم خستە سەر شانی و بە پێشەخۆمدا؛ بە نێو ئاپۆڕای خەڵك و تیلی لی ئافرەتان هاتینەدەر. هەمووان بە دوایەوە ڕۆیشتن، دووبارە خەلك لە هەردوولا بۆ تفەرك وەستابوون؛ دەستیان بۆ هەگبەکە درێژدەکرد. دوای دەرچوونمان لە سنووری گوندەکە، هەگبەکەمان وەرگرتەوە و بەرەو گوندێکی دی کەوتینە ڕێ.

چاك بزانن کە ئەم سنجەقە هەر کۆتەڵێکی مس نییە. بەڵکو بەیداخی گەلێکە کە هەزاران ساڵە پارێزگاری لە زەوی، ئایین و بوونی خۆی کردووە، سەرباری دەیان فەرمان و کوشتار نەتواوەتەوە؛ وەك چیای شەنگال ڕەگی لە قوڵایی زەوی چەقاندوە، سەری بەرزی گەیاندۆتە کەشکەلانی فەلەك.

# (19)

# منم موسڵ

بەڵێ خۆیەتی، شاری دووبەهار و مەڵبەندی زۆربەی فەرمانەکان. چون پاییزم زۆر لە بەهار دەچی، بۆیە دوو بەهارم پێدەڵێن، ئەمە سەرباری چەندین ناوی دیکە؛ (نینوا) یان (نەینەوا) بە ناوی نینۆس؛ پادشا ئاشورییەکەی بنیاتی نام. (کوورِ) چونکە رووباری دجلە لای من کورِ دەبێتەوە. (بۆنداری بۆنخۆش) بەهۆی زۆری گوڵ و گوڵزار. (موسڵ) بەهۆی بەستن و وەسڵ کردنی سەرجەم رێگاکان بە یەك.

لە مێژوودا زۆر باسم کراوە. سەردەمانێك گەورە و ناوازەبوومە. لە سەردەمی ئاشوربانیپال شوێنی دەستەڵات و ژیری بوومە، یەکەم کتێبخانە لە مێژوودا؛ لەسەر پشتی من بنیات نراوە. بەڵام لە دوای رووخانی ئاشورەوە تا ئێستا؛ زیاتر لە دوو هەزار و شەشسەد ساڵە ئۆخەیم نەکردووە. راستە بەعسییەکان زۆریان هەوڵدا بمبوژێننەوە؛ شون شاری دڵسۆزی و وەفاداری بووم بۆیان؛ کەچی دووبارە بە رووخانی دەوڵەتەکەیان؛ فەرامۆشکرام. دوای هاتنی ئاڵارِەشەکان تۆقیوم؛ هەست دەکەم دەگەرِێمەوە خاڵی سفر! باوەرِبکەن زۆر بێزارم و بێز لە خۆم دەکەمەوە. ئاخر دڵرەشە ئاڵارِەشەکان ناویان زرِاندووم. بە رووخاندنی مزگەوت، کەنیسە، مەزاری پەیامبەر و پیاوچاکان جەرگیان کون کونکردووم. گومانم لەوەدا نییە لەگەڵ رۆیشتنیان کاولم دەکەن؛ هاوشێوەی مێشکیان بەتاڵ و رووخاو دەبم.

دەزانن، هەرگیز ئەو رۆژگارە لەبیر ناکەم، کاتی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بووم، بە دەست شەرِی ناوەخۆی میرە ئاشورییەکان دەتلامەوە. ساڵی شەشسەد و شازدەی پێش زایین بوو؛ کاتی لە ناکاو سوپا زەبەلاحە فرە نەژادەکەی (بابل، میدیا، کلدان، ئەرمەن و سکیت) گەیشتە دەروازەکانم؛ دوای چوار ساڵ لە بەرخودان؛ سەرەنجام تەفر و تونیان کردم! رۆژانێکی ناخۆش بوون، گەرِەکانم نغرۆی خوێن بوون، چرِە دووکەڵێکی رەش ئاسمانی تەنیبوومەوە. هەناوم لێوانلێوبوو لە تەرمی خەڵکی بێدیفاع. چل رۆژ منیان هەتك کرد! تاڵان، کوشتن و برِۆ نەبرِایەوە. عاتاریان لەسەر باتار نەهێشت. هەموو شاریان رووخاند و سوتاند. لە ئاکامدا بوومە کەلاوەیەکی تاریکی تەریکی لەبیرکراو.

زیاتر لە دووهەزار و پێنچسەد ساڵی ویست تا خۆم گرت. کەچی گومانم لەوەدا نییە، ئەم نیاندرتالانە دەمگەڕێننەوە چاخی بەردین!

یەك شت هەیەو دەمەوێ لێرە باسی لێوە بکەم. من شارێکی خراپ نیم. چۆن وادەبم لەوکاتەی گۆڕی دوو پەیامبەر و دەیان وەلی، خواناس و پیاوی باشم لە خۆ گرتووە؟ داوای لێبووریخوازی لە هەموو ئەو قوربانیانە دەکەم؛ کە کەوتونەتە ژێر ستەم و جەوری ئەوانەی حوکمیان کردووم؛ لە ئیمپڕاتۆر، پادشا، میر، والی و خەلیفەوە. من چیبکەم کە ئاشورییەکان خاوەن رەقترین دڵ، دڕندەترین سوپا و ستەمکارترین یاسا بوون؟ منیان لەگەڵ خۆیان فەوتاند؟ پاشان ئەتابك و مەمالیك هاتن؛ بە هەمان رەفتار ناشیرنتریان کردم. دوای هەموانیش بەعسییەکان هاتن؛ زۆر ئەشکەنجەی کورد، جولەکە، ئەرمەن و ئاسوریان دا. ئەمەش هەمووی وایکرد ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنچاونۆ باجێکی قورس بدەم!

ئەوجارەش کاتی جلڕەشەکان لە ناکاو؛ لە بێ ئاگایی حکومەت؛ لە شەوی دەی حوزەیران؛ وەك پۆلە شەمشە کوێرە بەسەر شار دابارین؛ و جڵەوی دەستەڵاتیان گرت، دڵم خورپەی کرد. نامەوێ بڵێم دڵم چەندە بە ئازارە، بەڵام ئەوە دەزانم کە ئەمە کارێکی باش نەبوو؛ بێگومان دواتر باجێکی قورسی دەدەمەوە.

دڵم پڕە... ئاخر من کیژۆڵەیەکی جوانکیلەی شادوومان بووم. کاتی لە سەرەتای سەدەی بیست؛ منیان بە زۆری دایە هەرزەکارێکی سەرەڕۆی رابردوو خراپ. عەگال لە سەرێکی چەقوو وەشێنی شمشێر بە خوێن. هەمووشی هەڵەی ئەو دوو فەرەنگییە بوو، ئەوانەی بە راستەهێڵ سنووریان کێشا؛ دواتر بوونە شاهێدی ئەم زەواجە نا موبارەکە... بەڵێ مەقسەدم مارك سایکس و جۆرج پیکۆتە. ئەمەش هەمووی لە پێناوی؛ ئەو شلە لینجە بۆن ناخۆشەی هەناوم بوو؛ ئەوەی وەك خوێنی بێنوێژی؛ تا ئیستاشی لەگەڵ بێت، هیچ سوودێکم لێی نەبینیووە! دەنا چیم دابوو لەو وڵاتە سپڵەی پشیلەئاسا، ئەوەی کەی برسی بوو منداڵەکانی خۆی دەخوات! باوەڕبکەن هەمووی تاوانی چاوشینە دڵساردە چاو برسیەکان بوو، بەڵێ مەقسەدم ئینگلیزە، ئاخر ئەوان بوون دوایی دوو رۆژ لە ئاگربەستی مۆدرۆس؛ بە شەو هێرشیان کردە سەرم؛ و منیان زەوت کرد؛ بە زۆری هاوسەرگیریان پێکردم، لەگەڵ ئەو مەسخەی دەستکردەیان؛ ئەوەی ناویان نابوو عێراق!

دەزانن، بە پێی بەڵێننامەی سیڤەر، دەبوایە وەك ویلایەتەکی سەربەخۆ، بکرێم بە نیشتیمان بۆ کوردان؟ کەچی منیان لە بڕی شیربایی نەوتی هەناوم؛ دایە عێراق! نازانم ئەگەر لەگەڵ تورکیا مابامەوە چیم بەسەر دەهات، بەڵام بە لای کەمی نەدەبوومە

بەشێك؛ لە دەرگای رۆژهەڵاتی عەرەب؛ ئەوەندە رۆڵەم لە جەنگە یەك بە دوای یەکەکان؛ بەکوژ نەدەدران!

لەوانەیە بپرسن؛ هۆکاری بوونی من چییە لەم رۆمانەدا؟ پرسیارێکی جوانە. من دەمەوێ لە میانی ئەم چەند دێرە، پۆزش بێنمەوە و داوای لێبووردن لە خەڵکانێك بکەم، چون دەروازەی رۆژاوای من، بۆتە دەروازەی دۆزەخ بۆیان. هەموو جارێ لێرەوە و لەنێو هەناوی من، هەرچی رشانەوە و پیسی هەیە؛ لە ژێر ئاڵای جیاوازی پێچراو بە دینداریەکی درۆیین، رازێندراو بە فەتوای ناڕەوا و نامۆ، لە پێناو بەرژەوەندی تاکە کەسی، رق و قینی کۆن. سوپا تەیار دەکرێت. فەریق و تەیار؛ مەرگ و مردن دەبارێننە سەر بێتاوانان!

ئاخر بۆچی و لە پای چی؟ باوەڕبکەن؛ کاتی سوپا بە هەڵگرتنی سەری ئەوان دێتەوە؛ دەست دەکات بە فرۆشتنی دایك، خوشك و کچەکانیان؛ ئەوکات بێز لە خۆم دەکەمەوە. داوای لێبوردنیان لێدەکەم؛ چون یەکەم فەتوا بۆ قڕکردنیان مۆری منی لەسەر بوو. یەکەم فەرمان دژیان لە هەناوی من دەرچوو. یەکەم سوپا بۆ رووخاندنی شار و گوندیان لە دەرگای منەوە دەرکەوت. یەکەم سەبیکردن لە بازاڕەکانی من ساغ کرایەوە!

لە بیرمە چۆن ئەم هەتیوە سوور و سپییە ئەرمەنیە، ئەوەی شاگردە بەرگدروو بوو؛ بەر لەوەی پادشا نورەدین ئەرسەلان لەبەر جوانییەکەی وەك غولامێك بیباتە دیوانی خۆی! بیرمە چیکرد و بە چ شێوەیەك بووە والی تەختەکەم. ئەو لووسکە کە فەلەی ئەرمەنی بوو، بە رواڵەت خۆی بە موسوڵمانی سوننی نیشاندا، دواتریش بووە شیعەی توندڕەو؛ نۆهەد ساڵ ژیا و لە پێناو مانەوەی خۆیدا؛ هیچ نەما نەیکات. تەنانەت لە کۆتایی ژیانیدا بووە ئەڵقە بەگوێی هۆلاکۆ؛ هەولێری هۆلاکۆ بەزێنی بە خیانەت دایە دەست مەغول!

بیرمە ساڵ هەزار و دووسەد و چلوشەشی زایینی بوو، دوای دەرکەوتنی بانگەشە و رێبازەکەی شێخ حەسەن، بە مەبەستی گەنگەشە و راگۆرینەوە؛ بانگێهیشتی موسڵی کردن. شێخ بە خۆیی و دەیان سوار هاتن؛ لەسەر سفرەی نان خواردندا دانیشتبوون؛ کاتی ئەم نامەردە دەستی لێ وەشاندن. دواتر بە ناوی سەردانی شێخ؛ هەواڵی بۆ گەورە و سەردارانی گەلی ئێزدی نارد؛ کاتی هاتن ئەوانیشی کوشت. بەڵێ... ئەم ناکەس بەچەیە فەرمانەکەی بەم تاوانانە دەست پێکرد. کەچی هەر وازی نەهێنا، دوای هەشت ساڵ هەڵمەتی بردە سەر باعەدرێ و شەنگال؛ خەڵکێکی زۆری بە دیل گرت و هێنانیەوە. سەری میری پەلدا، لاشەکەی کەرتکرد و پارچەکانی بەسەر دەرگاکانم

هەڵواسی. هەموو گوندەکانی سووتاند. لالشی خاپور کرد؛ تەنانەت گۆڕی شێخادی هەڵگێڕایەوە؛ ئێسك و پرووسکی دەرهێناو سووتاندی! هەر بەوەش نەوەستا... بەڵکو سەرجەم ژن و منداڵەکانی ڕاگوست، لە بازاڕەکان هەراجی کردن! ئەم نەریتە پووچەی دوای خۆی جێهێشت؛ ئەوەی من و تەواوی مرۆڤایەتی لە ئاستی؛ عارەقەی شەرم دەتکێنین.

ئەم هەتیوە هەموو ئەم شتەی بە نێوی ئیسلام کرد؛ کەچی لە ڕاستیدا، سنترێکی ئەرمەنی بە ڕەگەز، پۆچێکی خاپینۆکی بێ هیچ بیروباوەڕێکی جێگیربوو! دەرگای جەنگێکی نگریسی درێژخایەنی لە نێوان موسوڵمان و ئێزدیان کردەوە؛ کە زیاتر لە حەوسەد و پەنجا ساڵە ئاوەڵایە. ئەو بوو بیدعەی کافربوونی ئێزدییەکانی داهێنا، دەرگای جەنگی ناڕەوای کوشتن، بڕین، تاڵانکردن، سەبیکردن، فرۆشتن، بە کۆیلەکردن، رووخاندی مەزار و هەڵگێرانەوەی گۆڕەکانی کردەوە. لەم رۆژە بەدواوە فەرمانەکانی والی، میر و پاشاکانی موسڵ دەستیان پێکرد. راستە کەس هێندەی عوسمانیەکان، تاوانی دژیان ئەنجام نەداوە و فەرمانی بەسەر نەهێناون. بەڵام بە داخەوە دەیلێم؛ بەردەوام منیان کردبووە بنکەی سەرەکی ئەم فەرمان و هێرشانە.

ئەو لێبوردەخوازیەی من دەیکەم؛ دەبوایە فەرمانڕەوا و حاکمانی وڵات بیکەن؛ کەچی دان پێنان و پۆزش خواردن؛ لە کولتوری حوشترەوانان بوونی نییە! بۆیە نەوەك جارێك؛ سەدان جار دوای لێبوردن دەکەم، بیریان دەخەمەوە کە موسڵ شاری خۆیانە؛ هەر لە کۆنەوە لەگەڵم ژیاون. من نازانم ئەم ئاڵاڕەشە، مێشك بۆشە، دڵ گەنیوانە بە تەمای چین لە داهاتوودا. بەڵام کاتی مرووز، رەفتار و باوەڕیان دەبینم، دەلحاز خەواریجە خوێنڕێژەکانم دێتەوە یاد... و خوا سترمان بکات!

## (20)

# پێم دەڵێن ئاڵای رەش

باوەڕناکەم هیچ شتێك هێندەی مـن، کاریگـەری نـەرێنی بەسـەر ئـاییـنی ئیسـلامیەوە هەبووبێت! بەهانەیەکی ئامادەی ناشیرینم بە دەست توندڕەوان؛ بۆ تێکدانی شیرازەی ئـەم ئاییـنـە ئـاڵا سپییە! کوتـەکێکم بـە دەسـت تونـدئاژۆیان؛ بـۆ کوشتنی خـەڵك، ماددەیـەکی هۆشبەرم؛ بۆ خەواندنی میللەت. دەلیجەیـەکم بـۆ دەستی دەرەکـی؛ بـۆ هاتنـە ناوچەکـە. پوازێکم بە دەست نەزانانان؛ بۆ قلیشکردنی بەرەی موسوڵمانە بێ ئاگاکان.

ئاخر زۆر سـەیرە و بەهـەمـوو پێوەرەکـان؛ مـن درووست نـیم، دەزانـن چیم؟ پیرەبـووك و وەهمێك... چەند هەواڵێکی نا راست و هەڵبەستراوی بەنـی عەباس، بۆ گرتنی جلـەوی دەسـتەڵات و خیلافـەت، لـە ناوبردنی بـەنـی ئومەییـە. چەنـد فـەرموودەیـەکی لاوازی بـێ بنـەما؛ کـە نـەعیمی کـوری حـەمـاد، لـە کتێبەکـەی بـە نـاوی ئـەلفتنـە (واتـا ئاژاوەکـان) داینـنـاوە؛ کە باس لە کۆتایی هاتنی دونیا دەکات؛ لێوانلێون لە درۆ، ئاژاوە و فیتنە.

بەڵێ سەدو پـەنجا فـەرموودەی هەڵبەسـتراو لـەم بـوارەدا هەیـە. لـە زۆربـەیان هـەردوو وشەی خوراسان و مەهدی وابەستەی من کراوە. ئەوەم زۆر لا سەیرە؛ کە چۆن خەڵکانێك بـاوەڕ بـەم قسـانانە دەکـەن؛ بـە گرنگـی لـە قەڵـەم دەدەن؛ بـە شـێوەیەك، دەیکـەنـە بـەردی بناغەی بیروباوەڕ. بنەمای هەڵسووکەوت و کارەکانیان! گەر مەسـەلەکە ئەوەنـدە گرنـگ و چارەنوسساز بوایـە؛ بێگومـان لـە قورئانـدا باسـی لێوەدەکرا، بـۆ کەسـێکی خـاپینـۆکی بێمتمانەی راوڕوو؛ جێنەدەهێلرا!

دەزانـن، هـەنـدێ جـار گاڵتـەم بـەو مێشـکانە دێـت؛ ئەوانـەی وەك ئایـەتێکی پیـرۆز جێگیرم دەکەن؛ و بە تەوسەوە باسم لێوە دەکـەن؛ لەوکاتـەی دەیـەها ئایـەتی روون بـە لاوە دەنێن! بە دیاریانەوە لە قاقای پێکەنین دەدەم؛ کاتێ بە جدییەتەوە باس لەم هەموو شەڕ و شۆڕ؛ کوشتن و کاولکارییە دەکـەن. ئـەوەی لـە ئـاخیر زەمـان روودەدات. دەڵێـی رووداوی فلیمێکی هیندی؛ لێوانلێو لە تەلاتمە، تژی لە ئەکشن دەگێڕنەوە!

با بۆتانی پوخت بکەمەوە. ئاڵای ئەمەوییەکان سپی بوو. کاتی عەباسیەکان ویستیان

جلەوی دەستەڵات وەرگرن؛ لە شاری (حومەیمیم)ی شامەوە دەستیان بە جوولەکرد. خەڵکیان لە خوراسان و عێراق هاندا بۆ شۆڕش. ئیبراهیمی برا گەورەیان لە لایەن باوکی کرا بە ئیمام، دواتر و دوای ئاشکرا بوونی؛ مەڕوانی دووەم کوشتی. لە بری ئەو ئەبو عەباسی خوێنڕێژ کرا بە ئیمام؛ لە تاو کوشتنی ئیمام و برا گەورەیان رەشپۆش بوون. دواتریش ئەمەیان کرد بە درووشم، ئاڵای رەشیان هەڵکرد و جلی رەشیان پۆشی. لە پێناو شەرعیەت دان بە بزاڤەکەیان؛ بەهانەی ئەوەیان هێنایەوە، گوایە پەیامبەر لە فەتحی مەککە و شەڕی حونەین؛ ئاڵای رەشی بۆ عەباسی مامی هەڵکردووە. دواتریش کۆمەڵە فەرموودەیەکی هەڵبەستراوی بێ بنەمایان داهێنا؛ کە ئێستا بوویتە میراتێکی قورس و بارگرانیەك بەسەر موسوڵمانان. ئەوەبوو من لە ناخی ئەم فەرمووده لاواز وهەڵبەستراوانە؛ زۆر بە هێزەوە شەرعیەتم وەرگرت. ئەمەش لە سایەی خۆشباوەڕی و ئیمانی لاوازی، موسوڵمانە ساویلکەکان.

راستیەکی تاڵتان پێ بڵێم؟ هەر گروپ و کۆمەڵەیەکی توندئاژۆ دێت؛ بە هەڵدانم هەوڵدەدەن جیهان بگۆڕن. لە ژێر سێبەرم دەستەڵات وەرگرن. بە رەشە تاریکەکەم خەلك کافر بکەن؛ تەنها خۆیان بە کۆمەلە رزگاربووەکە ناوبنێن! گوایە ئەوان موسوڵمان و بڕواداری راستەقینەن. تاکە دەستەن، کە لە ئاگری دۆزەخ رزگاریان دەبێت. ئەوجا بڵێن چی؟ گوایە ناوم عوقابە! کاتی خۆی پەیامبەر و جێنشینەکان منیان بەرزکردۆتەوە. کە بریتی بوومە لە پارچە خورییەکی چوارگۆشەی رەش، لە ناوەڕاستەکەی بە هێڵی کوفی، وشەی شایەتمانم بە رەنگی سپی لەسەر نووسراوە.

دەبا شتێکتان پێ بڵێم. ئەم زانیاریانە سەرتاپای درۆن. سەرەتا؛ ئاڵای عوقاب (هەڵۆ) بەر لە ئیسلام؛ هی قورەیش و عەرەب بووە. هەرچی پەیامبەرە؛ لە کاتی جەنگدا ئاڵای بە رەنگەکان؛ سپی، رەش، زەرد و بۆری هەڵداوە. بە شێوەیەك؛ کە هیچیان لەسەر نەنووسرابوو؛ وەکو نەریتی باوی ئەوکات. لە لایەکی دیکە؛ بەر لە ئیسلام عەرەب بە هەموو بەیداخێکی گەورەی جەنگیان دەگوت عوقاب. سەبارەت بە ئاڵای رەش؛ ئەو کات بە زۆری لە غەزوەکان هەڵدەدرا؛ چون لە رۆشنایی بەیانی زۆر دیاربوو. بە شێوەیەك؛ چەکداران لە دوورەوە دەیان بینی؛ بە تایبەتی ئەوانەی لە نێو تەپ و تۆز؛ غوباری بیابان دەجەنگین. دواتر گەر ئەم ئاڵایە و بەم شێوەیە بوونی هەبووایە؛ بۆ هیچکام لە ئەمەوی، عەباسی و فاتمیەکان؛ کە خۆیان بە قورەیشی و میراتگری پەیامبەر دەزانی هەڵیان نەکردووە؟

دوایی وەرن با شتێکتان بۆ بڵێم. ئەوەی دەیزانم هیچ کات پەیامبەری ئیسلام درووشم

و نیشانەی دەوڵەتی نەبووە؛ تەنها لە کاتی جەنگدا ئاڵای بەرزکردۆتەوە. کەواتە سەرجەم ئەو قسانەی دەکرێن جەواشەکارین؛ هەریەك لە (قاعیدە، حزبی تەحریری ئیسلامی و داعش) کە ئەم ئاڵایەیان هەڵگرتووە؛ لە پێناو شەرعیەتدانە بەو ستەمکاری، قۆرغکاری و ئەو تاوانانەیە؛ ئەوەی بە ناحەق لە سایەی من، ئەنجامی دەدەن.

باوەڕبکەن زۆر خەمبارم، ئێوە نازانن چ تاوانێك لە ژێر سێبەرم و بە ناوی ئایین کراوە. هیچ ناڵێم؛ لە تاوان هەناوی رەشم بۆتە کۆیزوخاڵ. تەنها یەك شتم ماوە... کاتی لە ئاسمانی هەر شارێك شەکامەوە، تاعون ئاسا لێی دەدەم. ئەو کات مرۆڤایەتی وەك باڵندەی کۆچەر؛ دەبێ لە شەقەی باڵبدات و بفڕێت. ئاسمان و رێسمانی ئەم شارە، بۆ جانەوەرە توکدارەکان  و مەرگی رەش جێبێڵێت.

## (21)

# مامۆستا دەخیلم

ببورن، جارێ مەودام نییە خۆم پێشکەشتان بکەم. خەریکی سەیرکردنی بینگەی تەلەفزیۆنم. هاوارە تاووسی مەلەك، باوەڕکەن بەبێ ئاگایی فڕ لەو چایەی بەردەمم دەدەم؛ هەمووشی بە پشتم چووە خوارەوە! ئەوەی من دەیبینم و دەیبیستم ئێوەش دەیبینن؟ هەواڵەکانی ئەمڕۆی یازدەی حوزەیران گورچکبڕن؛ توندئاژۆکانی داعش، دەستیان بەسەر تەواوی شاری موسڵ داگرتووە!

هاوارە خودێ، ئەم هەموو چڵکنە جلڕەشە، پرچ قرژن و ردێن تۆزاویانە لە کوێیەوە هاتوون؟ خۆ سەروسیمای زۆربەیان بە عێراقییان ناچێ. ئاها ئەو لووت فشە بە لیبیان دەچێ، ئەو چاو قۆبچەیە تاجیکی یان ئۆزبەکییە، ئەم پێست ڕەشە ئەفریقییە. ئەم ردێن سوورە بێگومان شیشانییە. هاوارە تاووسی مەلەك... ڕاستە چەکی ژێر پێ، ناو دەست و بن سمتیان هی سووپای عێراقییە. بەڵام ئەو سەروسکوتانە عێراقی نین. ئەو سوپا نەفرەتییە جگە لە غەزو، کوشتن، بڕین، ئەنفال، هێرش کردنە سەر وڵاتانی دراوسێ و هاووڵاتیانی بێ دیفاع، چ سوودێکی هەبووە؛ تا ئیمڕۆ رابکات و چەکی خۆی بەم ئەرژەنگانە بدات؟ هاوارە تاووسی مەلەك.

ببورن کە زۆر پەشۆکاوم. دەرکەوتنی ئەم هێزە زەبەلاحە بێ مێشکە لە موسڵ، کارێکی زۆر ترسناکە. ڕێك بە مەیمونێك دەچێ، کە چەقۆیەکی تیژی هەڵگرتووە، بێ ئەوەی درك بە ترسناکی ڕەوشەکە بکات؛ هەم خۆی و

هەم خەڵكی پی بریندار دەكات!

ناوم دەخیلە، خەڵك پێم دەڵێن مامۆستا دەخیل. مامۆستای وانەی مێژووم. رووخسەت بێت قومێك لەو چایە ساردەی بەردەمم بدەم. فڕڕڕڕ... لێرە لەم چایخانە، لە چاوەڕوانی مامۆستا بڵندی هاوپیشەم، دانیشتووم. ناوی چایخانەكە؟ چایخانەی كوردستان... بەڵێ خۆیەتی، ئەوەی بەر لە پێنج ساڵ قاعیدە تەقاندییەوە، بە داخەوە قوتابیەكی زیرەكم لێرە شاگردی دەكرد و شەهید بوو. فازلی پازدە ساڵان، هەزار و یەك هیوای هەبوو؛ كەچی دوو مێرد منداڵی هەڵخەڵەتێنراوی هاوتەمەن؛ خەونی خۆیان و ئەویان بە بادا و لێرە خۆیان تەقاندەوە. ئەفسوس، هۆكاری تەقاندنەوەكە؟ بێگومان ناوی چایخانەكە بوو! فڕڕڕڕڕ... ئحەح .

مامۆستا بڵند هەر هاوڕێ نییە، نەخێر ئەو كریڤیشە. كریڤ چییە؟ ئەهااا... ئەوە بە دۆست و برادەری نزیك دەڵێین. كریڤاتی زۆر گرنگە لامان؛ هەر ئێزدییەك پێویستە كریڤێكی هەبێت؛ ئەوجا گرنگ نییە ئێزدی بێت یان موسوڵمان. گرنگ ئەوەیە هەردوولا رێز لە یەك بگرن، دۆستایەتیەكە قوڵتر بكەن. هاریكاری یەك بن، سەر، سامان، گیان و نامووسی یەكدی بپارێزن. بەڕای خۆم؛ ئێزدییەكان بە مەبەستی خۆپاراستن ئەم بیرۆكەیان داهێناوە؛ بە حوكمی ئەوەی لە نێو گەل و ئایینی جیاواز دەژین. ناحەقیشمان نییە؛ تۆ ئەگەر لەنێو دەریایەكی شەپۆل بە سەریەكدا كەوتووی پڕ لە كۆسەج و نەهەنگ بژی؛ هاوپەیمانیەتی هەندێك دەكەی، بەڵكو لەوانی دیكەت دەپارێزن.

ببورن، مەقسەدم لەم قسانە ئەوە نییە، كە موسوڵمان هەموویان خراپن. بەڵام ئەوەی ئێمە لەم دووسەد ساڵەی دوایی بە دەست ئەوان؛ بە تایبەتیش هۆزە عەرەبەكان دیومانە؛ شتی زۆر ناخۆشی لا جێهێشتووین. كریڤی من مامۆستایەكی نازدارە، لە منداڵیەوە بە یەكەوەین. دراوسێین. كریڤی خوێنمە. واتا مورادی كوڕم لە كۆشی ئەو، چووكی بڕدراوە! هەمووجار بە گاڵتەوە پێم

دەڵێت:

- زانیوومە خەڵك بە شیری مەمکی دایك دەبنە برا. سندان لە برایەتی تۆ؛ ئەوەی لە سایەی بڕینی پارچە گۆشتێکی زیادە؛ لە زەکەری کوڕە بچوکەکەت، هاتۆتە ئاراوە... هههههه!(پێکەنین)

خۆشم هەمووجار پێدەکەنم. ڕاستیەکەی خۆشم دەوێی؛ زۆر مەرد و سەر ڕاستە. خۆزگە هەمووان وەك ئەو دەبوون. هیچ کات موسوڵمانیەتی ئەو و ئێزدییاتی من کێشە نەبووە. کاتی دەچیتە نوێژ، لە بەردەم مزگەوت چاوەڕوانی دەبم، ئەویش لەگەڵم هاتۆتە لالش؛ دواجاریش لەکاتی تاووس گێران، لەگەڵم هات و کەمێك دوورتر وەستا. دەزانم ئەویش بە هاتنی ئەو ریش پانە سەر قرژنانە؛ دڵی توند دەبێت. ئەهاا... ئەوە بەدەرکەوت.

- سەلامون عەلەیکوم کریف!
- وەعەلەیکومە سەلام مامۆستا بڵند... دواکەوتی!
- بەڕاستی ئەم هەواڵانەی موسڵ بێزاریان کردم. بەڵام کاتی هاتم و لە ڕێگا، ئەم هەموو پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەم بینی؛ ئارام بووم. بێخەمبە کریف.
- بە خودێ مامۆستا زۆر ترساوین. ئەمانە زۆر لە قاعیدە ناشرینتر، توندڕەوتر و کەللەپوچتر دیارن. کاتی سەیری دەمووچاوەکان دەکەی؛ دەڵێی خەوارجین؛ لە لاپەرە زەردەکانی مێژوو هاتوونەتەدەر.
- زۆر ڕاست دەکەی مامۆستا؛ بەڵام دەستەڵات چییە؟ ئەوە قەدەرمانە و دەبی لەگەڵیان لە عێراق بژیین. تۆ بڵێی بەم هەموو هێزە بوەستن و بێن؟ پێت وایە بۆ ئێرە بێن؟
- بە خودێ هەڤال زۆر ئاساییە بێن! نە باوەڕم بە هیچ و نە متمانەشم بە کەس ماوە. پێم بڵێ چی هەیە ڕێگریان لێ بکات؟ ئەگەر لە خوا نەترسن لە کێ دەترسن؟ (بە ترسەوە ئەوەم گوت)
- بزانە کریف، زۆرجار دەڵێم فلانە کەس لە خوا ترسە؛ تۆ وا دەزانی

لەبەر ئەوەی دیندارم ئەم پێوەرەم داناوە؟ نەخێر وانییە؛ بەڵام دەزانم لەم ڕۆژهەڵاتە ناوینە پیسەی؛ ئێمەی لێ دەژین؛ کاتی مرۆڤ لە خوا نەترسا! ئەوجا پێکەتی هەر ئایینێك بێت، لە هیچی دیکە سڵناکات. دەزانی بۆ؟ چونکە هیچ پێوەرێکی دیکە نامینێ، نە بنەما، نە شەرەف و نە ئەخلاق؛ هیچ شتێك ڕێگری لێ ناکات.

من و تۆ دزی ناکەین؛ چون ناکرێ پارەی کەس ببەین. سەیری ئافرەتان ناکەین؛ چونکە حەزناکەین کەس سەیری هاوسەر؛ کچ و خوشکمان بکات. مەی ناخۆینەوە؛ چونکە نامانەوێت هۆش لە دەست دەین. ئەوشتانە بە تاوان دەزانین و لێیان دووردەکەوینە. هەرچی ئەوانەن کە لە ترسی خەڵك و یاسا ئەم کارانە ئەنجام نادەن. لە هیچ شتێك سڵ ناکەن، بە دزی و نهێنی هەموو خراپەکارییەك ئەنجام دەدەن. کەی بۆیان لوا و دەستەڵاتیان بە سەر یاسا شکا؛ ڕەچاوی هیچ ناکەن و بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەن! دەزانی لە چی دەترسم؟

- لە چی مامۆستا؟
- لەوەی بە جۆرێك لە جۆران، ئەم هەموو شتە بۆ خۆیان حەڵاڵ بکەن؛ دەست لە هیچ نەپارێزن! (بە خەمبارییەوە وایگوت) ئەوکات؛ هیچ شتێك نامینێت پەنای بۆ بەرین و دەستی پێوە بگرین. ئەوکات لە پێناو حەزەکانیان خواش قۆرخ دەکەن.
- خودێ کەریمە کریڤ. کوا دووچای بێنە! (هاوارم کرد)
- خودێی وان وانییە کریڤ!... زۆرجار هەست دەکەم نەوەك ئایین، تەنانەت خواکانیشمان یەك نین.
- تۆ بڵێی هێرشمان بکەنە سەر؟ من و تۆ خاوەن خێزانین و دەبی ئاگاداربین. تەنانەت ئۆتۆمۆبیلیشم نییە بۆ ڕاکردن.
- ئەو قسەیە چییە کریڤ؟ هەرگیز خەمی ئەوەت نەبی؛ کچەکانت کچی منن و هاوسەریشت خوشکی بەڕێزمە..

- هەر ئەوەت لێ چاوەڕوان دەکرێت برام. زۆر لەوە دەترسم؛ بەیانییەك لەخەو هەڵسین، ئەم ئاڵاڕەشە لەسەر سایلۆ و تەواوی باڵەخانەکانی شەنگال بێت.
- ئارامبە کریڤ. هێزێکی زۆر لێرەیە. دواتر ئەوان کێشەیان لەگەڵ شیعەیە نەوەك کورد.
- مامۆستا بڵند؛ تازە فەرموت ئەوانە خوانەناسن و دەست لە هیچ ناپارێزن! (ئەویش بە ئەرێ سەری هەژاند) دەترسم رۆژێك بە تەنیا؛ لەو بیابانە لەگەڵ ئەم دڕندانە بمێنینەوە! (بە ترسەوە وامگوت)
- همم! (بە نیگەرانییەوە سەری هەژاند) دەزانی چییە؟ هیچ خەمت نەبێ. شەرتبێ بە خوێنی خۆم بتان پارێزم؛ سندان لەو پارچە گۆشتە زیادە بدات؛ کە دوای بڕینی؛ منی بە تۆ نووساند و کردمیە برای خوێنت. هههههههه.

هەردووکمان زۆر پێکەنین و چایەکی دیکەمان خواردەوە.

# (22)

## منم خاتونی

نـااا... هههههه!(پێکـەنین) پێتـان سـەیر نـەبێت لـە کـاتی پێکەنینـدا، دەسـتم دەخەمـە سـەر دەمـم، تـا ددانـەکانم دەرنەکـەون. چونکـە خۆشەویسـت، رابـەر و سەروەرمان ئاوا پێکەنیووە. ئاخر ئێوەش قسەی خۆش دەکەن. دەتانەوێ بە دوو وشـەی باسـی خۆمتـان بـۆ بکـەم؛ بێهـوودە کاتتـان لەگـەڵ بەسـەر بـەرم؛ لەوکاتەی بەرپرسیارەتی زۆم لەسەرە و خەریکین نەخشەی جیهان بگۆرین!

بەم پێکەنین و قسە خۆشانە فریو نەخۆن؛ چون من یەکێکم لە پیاوە ئـازا و جوامێرەکانی دەوڵەتی خیلافەت، لە عێراق و شام. نەخێر، نەڵێن داعش، نـەوەك بە دەستی خۆم سەرتان هەڵدەقاچم!

من خاتونیم، دەزانی ناوی خاتونی بە واتای چی دێت؟ دەنگی باڵـەکانی هەڵۆ؛ کاتی پەلاماری نێچیرەکەی دەدات. هەروەها ئەو شەورۆیەی لـە هـیچ سڵ ناکات. کەواتە بە راستی لێم بترسێن!

نـاا... مـن عەبـدوڵڵا یوسـف نـیم. ئـەو ئەبوبـەکری خاتونییـە؛ ئـامۆزام و براگـەورەی خاتونیەکانـە، کەسـی سـێیەمە لـە دەوڵـەتی خیلافـەت؛ گـەورەمان ئەبوبـەکری بەغـدای؛ خـوا بیپـارێزی بـە والـی دانـاوە لـە سـەر موسـڵ. ئەستەغفیروڵڵا نەدەبا ناوی بێنم؛ هیـوادارم ئـەم نهێنیـەی موجاهیدان بپارێزن، چون رافیزەکان بە دوایەوەن. نەخێر من عەواد محەمەدیش نیم. راستە ئـەویش ناسـیاوە؛ هەریەکـە لـە براکـانی سـفوك و کامـل موجاهیـدن؛ عـەدای براشـی شەهیدە. بەڵام بەداخەوە برایەکی خۆفرۆشـی هەڵقە بەگوێی هەیـە؛ کـە بۆتـە ئەنـدامی مەجلیسـی دارونـەدەوی ئـەبو جەهلـەکان. بـەڵێ مـن باسـی زاهـدی برای دەکەم، ئەو خۆفرۆشەی بۆتە ئەندام پەرلەمان.

ببورن ناتوانم ناوی خۆم بڵێم. بەڵام لێرە هەمووان پێم دەڵێن ئـەبو حـەمزەی

خاتونی. بەرپرسی شەنگال و دەوروبەریم لە دەوڵەتی خوا لەسەر زەوی. نامەوێ بڵێم من کێم و پێشتر چی بووم. چی چی؟ بەعسی؟ ئەوجا کەی بەعسیبوون و خزمەتکردن لە ریزەکانی پارتی فەرماندە؛ و سەرۆکی موجاهید لە عێراقدا عەیب بووە؟ ئەسڵەن شانازی پێوە دەکەین.

بزانن شتێکتان پێ دەڵێم. نەوەك من، هەموو خەڵکی موسڵ... چی چی؟ باشە با قسەی ئێوە بێت. زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەینەوا بەعسی بوونە.ساڵی هەزار و نۆسەد و نۆهەدی زایینی؛ نەینەوا بە پارێزگاری یەکەم دەرچوو لەسەر عێراق. ئەو کات هەموو پارێزگاکان دەستیان بە گێرەشێوێنی، ئاژاوە و ناپاکی کرد، دژ بە سەرۆکی خوالێخۆشبوو ئەبو عودەی. چی چی؟ ئەوە ئێوەن کە دەڵێی ئینتیفازە و راپەڕین. دەنا لای ئێمە لاپەڕەی غەدر و خیانەت بوو؛ چون ئەوکات عێراق لە جەنگدابوو، دژ بە سیوچوار دەوڵەتی سەلیبی. هەر بۆیە ئێمە پشتگیریمان کرد و لەگەڵی ماینەوەو. ناا... نامەوێ باسی کاتی لاویەتی خۆم بکەم، کەس هەیە هەڵەی نەکردبێ؟ نەخێر، هەرچییەکم کردبێت؛ ئیسلام ئەوەی پێشەخۆی دەسڕێتەوە. کاتی لەسەر دەستی ئامۆزای خۆشەویستم؛ هاتمە ریزی رێکخستنی دەوڵەت؛ لەسەر خراپەکاریەکانم پەشیمان بوومەوە و زۆر گریام؛ بڕیاریشمدا هەمووی قەرەبوو بکەمەوە.

نەخێر ئەوە راست نییە؛ ئێمە موسڵمان داگیرنەکردووە. خۆمان خەڵکی موسڵین، خۆفرۆشەکان دەیانوویست بمانکەنە هەڵقە بەگوێی مالیکی و رافیزەکان. بۆیە خۆمان رێکخست و بە یارمەتی موجاهیدان؛ لە پاشماوەی قاعیدە، نەقشبەندی و هەڤاڵە بەعسییەکان؛ شەوی دەی حوزەیران، بە هاوکاری سەبار سولێم جحێشی بەرپرسی ریکخستن لە ناوچەی مەئمون؛ توانیمان زیندانی بادوش بشکێنین؛ دەرگای ئاوەڵا بکەین؛ تا براینمان بەم شەوە بە تەکبیراتی ئەڵلاهو ئەکبەر؛ رێك وەك ئەوەی فلیمی ریسالە موسوڵمانەکان چوونەوە مەککە؛ ئاوا موسڵمان فەتح کرد. بەڵێ، منیش بە

شانازییەوە لە غەزوەی ئەسەدولاّی بیلاوی بەشداریمکرد؛ لە ئاکامدا بەچەند کاتژێرێك موسڵ هاتەوە باوەشی ئیسلام.

ببورن بە دەستەخۆم نییە و پێکەنینم دێت؛ هههههە! (پێکەنین)، ئەو سوپایەی مالیکی تاغوت، چەندان ملیار دۆلاری لێ خەرج کردبوو؛ لە بەردەم گەرمی باوەڕی ئیمانی موجاهیدانمان؛ وەك شێرەبەفرینە توایەوە. خوای گەورە چەك و تفاقیانی وەك غەنیمە و پاداشت، بە ئێمە بەخشی. رۆژێکی زۆر موبارەك بوو لە رۆژەکانی خودا، هەرچی بڵێم ناتوانم وەسفیکەم.

لەوانەیە لە رۆڵم لەم رۆمانە بپرسن. من یەکێکم لەوانەی، پێشنیازی هێرشکردنە سەر باکوری عێراقم دایە دەست سەرکردایەتی موجاهیدان. نااا... خوی شیمالول عێراقە؛ کوردستان وشەیەکە خۆفرۆش و نەوەکانی خیانەت بەکاری دەهێنن. دەزانن بۆ ئەم پێشنیازەم خستەڕوو؟ زۆرێك لە فەرماندەکان، پێیان باشبوو بە مەبەستی ئازادکردنی بەغدادی پایتەختی مەئمون؛ لەشکرکێشی بەرەو ناوەڕاست و باشووری عێراق بکەین. جگە لە ئێمە، چەند فەرماندەیەکی زۆرزان؛ ئەوانمان لە ترسناکی جێهێشتنی بەرەی پشتەوەمان؛ بۆ کوردی تێکدەر روونکردەوە. بەردەوام ئەوان وەك دڕکێك لە پشتی عێراق چەقیوون. پێشنیازمانکرد هێرشێکی فراوانی لەناکاو؛ بکەینە سەر سێ پارێزگاکەی شیمال. چی چی؟ دەزانم شەرکەڕ و جەنگاوەرن. بەلاّم لەو کاتەی چەکی دەستیان هەمووی کۆنە؛ ئێمە چەکی چەندین فرقەمان پێ بوو. جگە لەوەش پەرتەوازەن، نا ئامادەن، ماوەیەکی درێژە لە پشوودان و خۆشگوزەرانن.

ئێمە جەنگاوەرین و دەیان ئەسپی ئاسنینمان پێیە، مەقسەدم ئەسپی زرێپۆشە؛ ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن هامڤی! ههههە (پێکەنین)... ئەوانەی لە چاوی ماریش ناگەرێنەوە؛ کورد هیچ چەکێکی نیە ئەم ئەسپە زرێپۆشانە رابگرێت.

پێشنیازمان کرد؛ سەرەتا هێرش بکەینە سەر ناوچە داگیرکراوەکان؛ ئەوەی ئەوان پێی پێی دەڵێن ناکۆك و سەدو چڵ... چوزانم لەو قسە قۆڕانە. خۆشیان چاك دەزان سەد و چڵ ساڵی دیکەش چاویان پێی ناکەوێت. مەقسەدم مەخمور و شەنگالە، ئەوجا چاودێری رەوشەکە دەکەین؛ ئەگەر کەس لەسەریان نەهاتە وەڵام؛ یەکسەر تا سنوورەکانی تورکیا و ئێران دەڕۆین. بێگومان زۆر گرنگە لەگەڵ تورکیا هاوسنوور بین؛ چون لە بنەوەڕا پاڵپشتیمان دەکەن. لە هەمان کاتدا ئەو خەنجەرەی چەقیوەی پشتمان لاببەین. باوەڕبکەن دواتر نەوەك بەغدا؛ نااا... تا حیجاز دەڕۆین و نوێژی جەژن لە ناو حەرەم دەکەین... ئەڵڵاهو ئەکبەر.

بابێینەوە سەر باسەکەمان، من بەرپرسی بەرەی شەنگالم؛ دوای وەرگرتنی رەزامەندی خەلیفە(خوا بیپارێزی)، خەریکی سازکردنی ئامادەکاریەکانین. چی؟ نەخێر کەس ئاگاداری ئەم پلانە نییە. سەرکردایەتیمان پەیامی ئاشتی بۆ دەر و دراوسێ رەوانە کردووە؛ بەوەی ئێمە دراوسێی نوێین؛ هاتووین باری لەنگی سوننە لە عێراق راست بکەینەوە؛ نیازمان نییە جەنگ دژ بە کەس رابگەینین! لەوکاتەی کە چەقو لە هەموان دەسووین و دوای چەند کاتژێرەکی دیکە، بە ملیانی دادەهێنین! مەگەر بە سەربڕین نەهاتبینە لاتان!

بەهەرحاڵ زۆر سەرقالم، بەڵام دواتر هەوڵتان پێدەگات. سوێند بە خاوەنی کەعبە، دەبی شتێك بەسەر ئەو کافرە نگریسانە بێنین؛ مەگەر بەدرەدین لوئلوء کردبی!

بەڕاست... بەر لەوەی بڕۆم، دەزانن بۆ ئەوەندە رقم لێیانە؟ چون ئەوان دێوپەرستن و بۆنیان زۆر ناخۆشە. چی چی؟ ئەوەندە بەس نییە بۆ لەنێو بردنیان؟ وای ئەگەر دەکەوتنە بەردەستم . سوێند بە خوا دەمخستنە ژێر ناڵی ئەو ئەسپە زرێپۆشە ئەمریکیەی؛ کە خۆم لێیدەخورم و دەمکردنە تاوە! هههههە (پێکەنین)

# (23)

# پێم دەڵێن هامڤی

هاااای... ئەها ببورن، دەبی بە کوردی قسەتان بۆ بکەم. دەزانن من کێم؟ باشە، من ئەو ئەسپە ئاسنینە زرێپۆشانەم؛ کە داعش بە هۆیەوە ئاگری خستە خەرمانی چوار وڵات و کیلافەتێکی... ببورن من کێشە و کیلافم هەیە لەگەڵ پیتی خاء. مەقسەدم خیلافەتێکی گەورەی درووستکرد، لەسەر پاشماوەی هەردوو وڵاتی سوریا و عێراق.

ئەو کەرەی پێش من قسەی دەکرد. ئەو کەسە نەبوو ئەو فشەفشە بکات، گەر من نەبووام! من بە ئەسپی ئاسنین ناو دەنێت چون ئەو کەری دارینە؛ دەیەوێت ئەم جیهانە هەزار و چوارسەد ساڵ؛ بگەڕێنیتەوە دواوە.

ئاااای لە مرۆڤ، ئەو بوونەوەرەی هەر لەکۆنەوە، حەزی بە شەڕوشۆڕ کردووە. بەر لە پێنج هەزار ساڵ لە جەنگدا ئەسپی بەکارهێناوە. باپیرە سۆمەریەکانتان پێشەنگ بوونە لەم بوارەدا؛ ئەمەیان لەسەر تابلۆ قوڕینەکان تۆمارکردووە. وای ئەگەر دەزانن کە دوای ئەم هەموو ماندوبوونەوە و دۆزینەوەی گالیسکە، پیتی نووسین، بنەمەکانی زانستەکانی بیرکاری، فەلەك، پزیشکی، یاسا، ئەندازە، لۆجیك ئێستا ردێن تۆزاوییەکانی چاخی بەردین حوکمی بابل دەکەن! هههه (پێکەنین)... دەزانن بۆ پێدەکەنم؟ ئەکیدم بیانزانییبا هیچیان نەدەکرد؛ هەموو ئەم دۆزینەوەو داهێنانەیان دەخستە توالێت... بەڵێ توالێت، چون نەوەك هەر توالێت؛ بەڵکۆ تۆڕی ئاوەڕۆشیان لە شارەکانیان دامەزراندبوو!

بەینی خۆمان بیت، زۆرم حەز دەکرد ناوم بۆکیفالۆس یان مارنگۆ بوایە، یەکەم ئەسپی ئەسکەندەرە و ئەوەی دووەمیش هی نابلیۆنە؛ لە بڕی ناوی

هـامڤی، کـە کـورتکراوەی نـاوە زانسـتیەکەمە (ئۆتـۆمبێلی تایـەداری ئـەرك جیـاواز بـە توانـای جولەیـەکی بـەرز) ئـۆف ئـۆۆف لـە دەسـت ئەمریکییـە فشفشکارەکان؛ و نـاوە درێژەکانیـان. باوەڕبکـەن زۆر لێیـان بێزارم، ناوەکانیشیان وەك خۆیان کەتە، زەبەلاح، بێ ناوەڕۆك، بێتام و پووچن!

خۆیان بە بەرەی خێر، ئاشتی و ئارامی دەزانن. کەچی هێزەکانیان لە سەد وڵات زیـاتر، ئـاگر و ئاسن دەبارێننـە سـەر نـەیارەکانیان. تەمـەنم چەنـدە؟ بـەر لەمن و لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو؛ سوپای ئەمریکی ئۆتۆمۆبیلی جێبی جۆری ئێم پازدەی بەکار دەهێنا. کەچی کێشەی زۆربوو، بۆیە منیان داهێنـا. لە ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا، باوانم بە نـاوی هەمـەر هاتنـەبوون؛ لـە نـۆ سـاڵی چوونـە رێـزی سـوپا؛ خێزانەکـەمان لـە رێـزی سـوپای ئـەمریکی نـاوی دەرکرد؛ بەشێوەیەك، کە پەنجاوپێنج دانە لە براکانم لە ساڵی هەزار و نۆسـەد و هەشتاوپێنچ لە خزمەتدابوون! بـەڵام کەمـە کێشـەیان هـەبوو؛ بە شێوەیەك؛ کـە برایـەکم بـە نـاوی (ئـێج وەن) لـە سـاڵی دووهـەزار و شـەش تـەنها دووسـەد و حەفتاوچوار دانەی لێ فرۆشرا! ئەو بێسوود بوو؛ چون زۆر کەتە، سستڕۆ و بەنزین خۆربوو. یەکڕاست منیـان داهێنـا و بـەماوەی چـوار سـاڵ، سـەد هـەزار دانەم خرایە ریزی سوپا؛ بوومە ئۆتۆموبیلی ژمارە یەك لە زۆربەی سـوپاکان؛ لە جەنگی عێراق رۆڵێکم کاریگەرم بینی. نـەوەك هـەر ئەوەنـدە؛ بـەڵکو حەڤدە جۆری جیاوازیان؛ بە شێوە و قەباری جۆراوجۆر لێم داهێنا. ئێستاکە نزیکـەی نیـو ملیـۆن دانـەی هاوشـێوەم؛ لـە رێـزی سیوهەشـت سـوپا، لـە سەرتاسـەری جیهان لە کاردایە.

هەرچەنـدە بـۆ زۆربـەی چالاکییـەکان بـەکارم دێـنن؛ لـە سرووشـتی جیـاواز کاردەکەم و هـەموو جـۆرە چـەکێك هەڵدەگرم. بـەڵام راستیەکەی؛ لـە جـەنگی عێـراق بـە دەسـت مـین، هـاوەن و ئـار پـی جییـەوە شکسـتێکی زۆرم هێنـا. لـە کۆتاییشدا تەنها جۆرە زرێپۆشەکانم توانیان بەردەوام بن.

بـەینی خۆمـان بیت، چلوحـەفت سـاڵە لـە خزمـەتم، بەقـەد ئـەو مـاوەی بـە

دەست داعشم ناخۆشیم نەبینووە. من ئەسپی جەنگم؛ بۆ هێرشکردن و سەنگەر بڕین دانراوم، ئەسپی هەڵمەتبردنم؛ نەوەك ئێستری خۆکوژ و کەرەدێزەی چەموش؛ تا منداڵێکی فریودرا و یان هەرزەکارێکی بێهۆش، سواری پشتم بێت؛ بە دەم بارکردنم بە نیو تەن لە تەقەمەنی؛ خۆی بە کاروانێکی سەربازی، باڵەخانەی میری یان بنکەیەکی سوپا بتەقێنیتەوە. باوەڕ بکەن ئەمەم زۆر پێناخۆشە. راستیەکەی زۆرم رق لەو پرچ قرژنە بۆن درنانە دەبێتەوە، کە هیچ لە هیچ نازان. لەوکاتەی نرخی جۆری زرێپۆشم دەگاتە سەدوچل دەفتەر؛ کەچی دەچن بە دەبابەیەکی روسی؛ تی پەنجاوپێنجێکی دەستکردی پەنجاکانم دەتەقێننەوە... ئاخر ئەوە گوناهە!

گلەیی لەوان ناکەم چون تێرۆرستن، گلەییش لە سوپای ترسنۆکی عێراقی ناکەم ئەوەی لە موسڵ رایکرد؛ من و هەزاران پارچە چەکی دایە دەست ئەم نامەردانە. بەڵام گلەیی لە گروەندەم دەکەم...گلەیی؟ باوەڕبکەن رقم لێیانە و زۆر لێیان دەترسم! بۆ؟ چون خۆیان ئاگاداربوون؛ کاتی داعش دەستی بەسەر خۆم و براکانم داگرت؛ هیچیان نەکرد. کەچی کەی هەوستیان لێ بیت، لە ناکاو بە فڕۆکە لێمان دەدەن و دەمان تەقێننەوە! لەگەڵ ئەوەی دەتوانن بە سەتەلایت رامان گرن؛ هاوشێوەی منداڵی قۆنداخکراو لە پەلوپۆمان خەن!

چەندە رقم لە داعشە ئەوەندەش متمانەم بە ئەمریکا نییە. باوەڕبکەن لە توندئاژۆیی و بێ ویژدانی؛ تەنها بە دەم و لچە لووسەکان؛ ریشە تراشراوەکان ئەمریکیەکان لە داعش دەکەمەوە... دەنا بێگومان یەك بابەتن!

زۆرجار هەست دەکەم داعش برامە و هاوشێوەی من دەستکردی ئەوانە، چون لەو کاتەی سواری پشتم دەبن؛ دەبینە یەك جەستە؛ تەنها و تەنها بۆ کوشتن دەشێین !

# (24)

## ناوم سەلیم سەلیمە

وەکو دەمبینن؛ یەکێکم لە فەرماندەکانی دەوڵەتی خیلافە؛ ئێستا لە پێشەوەی سوپاکە، بە هامڤی گوللەنەبڕ بەرەو شەنگال دەڕۆین؛ تا لە دێوپەرستەکانی ئازادکەین!

دەزانن بۆ لە پێشەوەم؟ چون لە ئەسڵدا بنئێزدیم، دواتر خوای گەورە بە نوری ئیمان دڵی رۆشن کردمەوە؛ ئایینی راستم ناسی و بوومە موسوڵمان. بێگومان ئەوەش بەخششێکی گەورەیە؛ پەروەردگار بە هەموو مرۆڤێکی نابەخشی. هەر تەنها من نیم، لەو سوپا موبارەکەی ئێستا پێشڕەوی دەکات؛ چەندین برای بنئێزدی هەن، لەوانە لە شێخەکان وەك موجاهید خالید حەردانی کە ئێستا ئەمیرە، لەوانەش خەڵکی ئاسایی؛ کە پێشتر گۆرانی بێژی میللی بووە وەك موجاهید دەخیل کتی. من کێم؟ ئێستا لە نێو جەمعی موسوڵمانان بە ئەبوموجاهید ناسراوم، ئەمەش چون وڵاتی بێباوەڕ و دێوپەرستانم جێهێشتووە؛ هیجرەتم بۆ ویلایەتی موسڵ کردوە؛ کە پایتەختی دەوڵەتی خیلافەتە لە عێراق.

چی؟ نەخێر هیچ دوودڵ و پەشۆکاو نیم... بەینی خۆمان بێت گەر واش بم هەقی خۆمە؛ چون ئەوان باش دەمناسن. بەڵام ئاخۆ لە ژێر ئەم هەموو پرچ و مووەی سەر دەمووچاوم؛ کامە دەمووچاوی منیان لە بیرە؟

ئەو موجاهیدەی دوای داگیرکردنی عێراق. وەك زۆربەی ریفاق، بووە بەشێك لە رێکخستنی قاعیدە؛ لەسەر فەتوای ئیمام عەفەری سەرپەرشتی کوشتنی ئەوانم دەکرد؟. ئەوە من بووم بە شرە ئۆپلێك، رێبەریم لە موجاهیدێکی سعودی کرد؛ تانکەری نەوت و بارهەڵگری غازم؛ بە دیاری نارده گرعزێر و سیبا شێخدری.

یـانیش ئـەبو ڕەمــەزان؟ ئـەوەی شـواربێکی هەشـتی شـوباتی جێهێشـتبوو. بـەردەوام بـە جلـی زەیتـونی و دووپارچەی(قتعەتێن)بـە نێـو موجەمەعـەکان دەسووڕایەوە؟ فیـزم بـە دەمانچـە تاریقەکـەی کەمـەرم لێدەدا، ئـەوەی دیـاری سـەرۆکی فەرمانـدەبوو؟ ئازاریـانم دەدا؛ هەڕەشـە و گوڕەشـەیانم لێـدەکرد. باوەڕکـەن هـەقی خـۆم بـوو. بـەردەوام بـە چـاوێکی سـووك سـەیریان دەکـردم؛ هەرچەندە بە ئاشکرا بە ئەبو ڕەمەزان بانگیان دەکردم، کەچی لـە ژێرەوە؛ بـە ئاماژەکردن بۆ ناوی دایکم؛ سووکایەتیان پێدەکردم! بۆ گاڵتـەیان پـێ دەکـردم؟ نامـەوێ باسـی بکـەم. ئـەو دێوپەرسـتە خوانەناسـە پیسـانە؛ درۆ دەکـەن و بوختانچین.

نامەوێ بیر لـە هـیچ بکەمـەوە، ئێستا لـە پێشەوەی هامڤییـەکی زرێپۆش دانیشتووم؛ ریشێکی جوانی ڕەشی گـەورەم هەیـە؛ کـە تـا سـەر سینگم درێژ بۆتـەوە. ئەمـە جگـە لـەو چەکـە ئەمریکییـەی سـەر ڕانـم. شـەرتبی ئـەوڕۆ بەزمێکیان پێ بکەم؛ هەرگیز لە بیریان نەچێ. دایکی مـن سـوزانییە؟ وەڵڵا ئـەمرۆ دایـك و خوشـك و کچـی هـەمووتان دەبـەم؛ لـە بازاڕەکـانی موسـڵ، تەلەعفـەر، حەویجـە و بـەعاج هـەڕاچیان دەکـەم. چـی چـی؟ هـەر ئەوەنـدە؟ شەرتبی تیجارەتەکە بگەینمە دێرزور، حەلـەب و تـا دەگاتـە ڕەقـەی پایتـەختی خیلافەت.

ئـاخر دایکـی مـن بەدڕەوشـتە؟ بـابزانم ئـەخلاق و ڕەوشـت چەنـدە سـوودی بۆتان دەبێ؟ ئەم هەمـوو خوداناسی، تاووس گێڕان، دەف لێدان و نەی ژەنینە؛ چۆن لە چنگ سوپای شکۆداری خەلیفـەتان ڕزگـار دەکـات. بـەڵێ تـوڕەم... زۆریش توڕە! سەد ساڵە چاوەڕێم و کاتی تۆڵەیە.

باوەڕبکـەن وەکـو ئـەبو ڕەمــەزان؛ دواتـر ئـەبو موجاهیـد زۆریـانم ئـازار داوە، کـەچی دڵـم ئـاوی نەخواردۆتـەوە. بـۆ؟ نامـەوێ باسـی دایکـم بکـەم. دەکـرێ ماوەیـەك بێدەنگ بم؟ ئـاخر ئـەو یادەوەریانـە تـاڵن و نامـەوێ بـەبیرە خۆمیـان بێنمەوە. ببورن؛ ڕوخسەت بێت حەبـەکی کبتـاگۆن لێدەم؛ بـەڵکو مێشـکم ئـارام

دەبێت. چی چی؟ ئەوە هۆشبەر و حەڕامە؟ لەکاتی هێرش کردنە سەر دوژمن، هیچ شتێك حەڕام نابیت. تەنانەت ئەگەر مەی خواردن؛ بووە هۆکاری لادانی ترس و دڵەڕاوکێ؛ ئەوە وەك شیری دایك حەڵاڵە! چون ئێمە سوپای پیرۆزی خیلافەتین؛ گرنگ نییە چی دەکەین و چۆن هەڵسووکەوت دەنوێنین. گرنگ ئەوەیە سەرکەوین و ئەو ئامانجە بپێکین، کە بۆمان دەست نیشان کراوە، ئەوجا بە حەب بێت یان هەرشتەکی دیکە!

ئێستا هەست دەکەم شادوومانم. هههها... ببورن، هەرچەندە بەرەو مەرگ دەڕۆم؛ بەڵام نازانم بۆ هێندە دڵخۆشم. ئەوها ؟ نازانم ئەو حەبانە دەستکردی کێن بەڵام لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

دەزانن بۆ حەزم لێیە هەموو گەلی ئێزدی لەناوبەرم؟ چون ئەم ستەمکار و کافرانە و بەر لە دایکبوونم. دایکمیان بە دوو گیانی کەنەفت کردووە. بەڵێ، بە بوختان و درۆ هەڵبەستن هەرەتە و شاربەدەریان کردووە. باوکم؟ ئەو سەرباز بووە لە سوپای عێراقی و لە فرقەی پاشا بووە؛ لە یەکێك لە هێرشەکانی سوپای فارسی ئاگر پەرست؛ لەگەڵ دەیان لە هاورێکانی شوێنبزر دەبێت. دایکم زۆری چاوەڕوانکرد کەچی بێهوودە بوو؛ مامەکانم چونە بەرەکانی جەنگ، بەڵام فرقەکەیان بە تەواوی لەناوچوبوو. هەرچەندە خەم لە دڵی دایکم گەورەتر دەبوو؛ سکی زەبەلاحتر دەردەکەوت. بە شێوەیەك؛ کە چیتر نەیتوانی بیشاریتەوە. کاتی لێیان پرسی گوتی: " بەڵێ دووگیانم!" . ئەگەرچی باوکم مانگێك بوو نەهاتبۆوە؛ کەچی سکی ئەو هەشبەسەرە؛ لەو ماوەیە گەورەتر دەردەکەوت! قسەو قسەڵۆك دەستی پێکرد. ئاخر ئەو ملهورانە نازانن کە دایکم؛ لە هەموو دایك، خوشك و کچەکانیان پاکترە. ئەم بەدڕەوشتانە دەستیانکردە قسە هۆنینەوە. دادێ زۆری هەوڵدا قسەیان لەگەڵ بکات؛ بۆیان شیبکاتەوە؛ دوایین سەردانی باوکمیان بیر بێنیتەوە؛ بەڵام بێهوودە بوو. ئەوەبوو بە بەدڕەوشتی تۆمەتبار کرا، لە ئاکامدا کەنەفتکرا. بەستەزمانەی نەیدەزانی بەخۆی و سکە زلەکەی، بەرەو کوێی بڕوات؟ لە

ترسی بەردباران کردن بەرەو موسڵ رایکرد.

هههههە (پێکەنین)... ببورن دڵم زۆر خۆشە، دەڵێی دەچمە مەجموعە؛ لەوێ چاوم بە کچە جوانەکانی زانکۆ دەکەوێت!

لە موسڵ بە بێکەسی رۆژانی رەشی بەرێکرد. زۆر کاری جیاوازی ئەنجامدا. هەر لە نانکردن، جلشۆرین، بەرگدوورین تا دەگاتە خاوێنکردنەوەی ژووره تاریکەکانی؛ هوتێلە بێ پلەکانی موسڵ. بیرمە لە ژوورێکی پیسی قوڕاوی؛ لە یەکێك لە گەڕەکە مللیەکانی دەورووبەری موسل دەژیایان... بەیانی دەڕۆیشت و شەوانە دەهاتەوە و زۆر دەگریا. ئەو ماڵەی ژوورەکەیان بەکرێ دابووینێ، موسوڵمان بوون؛ هاوسۆزمانبوون و زۆریان ئاگایان لێمانبوو.

نامەوێ ئەو کاتانەم بیر بێتەوە، دایکم بە ناوی سەلیمی باوکمی ناونام؛ بوومە سەلیم سەلیم. بەینی خۆمان بێ؛ کاتی رێکەوتی لەدایکبوونی خۆم و دوا موڵەتی باوکم لێك دەدەمەوە؛ گومان دەکەوێتە دڵم. یان من بە دە مانگی لە دایکبوومە؛ یانیش باوکم دوای شەهێدبوونی منی لە سکدانی دایکم چەقاندووە!

چی؟ بۆ دەگریم؟ نەخێر ئەوەی چاوم فرمێسك نییە، ئەوە تروسکایی سەرکەوتنە؛ بەر لەوەی بگەمە مەیدانی جەنگ. ئەوە بریقەی تۆڵەیە؛ شەیداییە بۆ شەهیدبوون و بەهەشت.

دەکرێ چیتر ئەم مەسەلەیە باس نەکەین؟ دایکم کۆچی دوایی کردووە؛ نامەوێ چیتر روحی لە گۆڕ ئازار دەم.

دەزانن، ئەم هەموو رق، گریان و ناخۆشیە کەسێکی رەبەلێ لێدرووستکردم، قوتابخانەم پێ تەواونەکرا. زۆرم رق لە خەڵك و کۆمەڵگە دەبۆوە؛ بەردەوام کێشەم بۆ دایکم درووست دەکرد. لەگەڵ برادەری خراپ هەڵدەستام؛ مەی دەخواردەوە و بۆ رابواردن دەچوومە کێوەلی. هەژدەساڵیم تەواو نەکردبوو لەگەڵ ئەوان بوومە فیدائی سەدام. و ناوی ئەبو رەمەزانم هەڵبژارد. بۆ ئەم

ناوە؟ چونکە تاکە پیاوی کوردی ئازاو و بە جەرگ، کە لە ناو بەعس رۆڵی هەبوو ناوی تەها یاسین رەمەزان بوو. لەبەر چالاکی، بزێوی و چاونەترسیم زۆر زوو پلەی رەفیقم پێ بەخشرا! داوام کرد بمنێرنە شەنگال. کەچی دوای ماوەیەکی کورت؛ ناسنامەیان ئاشکرا کردم؛ زانیان سەلیم سەلیمی کوڕی بێوەژنە کەنەفتکراوەکەم. دەستیان کرد بە سووك و ریسوا کردنم؛ بەردەوام ناوی دایکمیان دەهێنا! منیش هیچ تەخسیریم پێ نەدەکردن.

دوای داگیرکردنی عێراق و رووخانی حکومەت. لە ترسی ئەم هەموو خراپەکارییە؛ لە موسڵ مامەوە؛ زۆر زوو چوومە ریزی قاعیدە. دڵم هەر ئاوی نەخواردبۆوە؛ مەسەلەکەم کردە شەخسی! دەمویست درێژە بە تۆڵەکردنەوە بدەم.

شوکور بۆ خوا ئێستا؛ یەکێکم لە ئەفسەرانی ئەمیرول موئمینین؛ بەرەو دێوستان بەرێوەین. ئێوە نازانن گەورەمان ئەبو بەکری خاتونی؛ چ فەتوایەکی دەرکردووە. نامەوێ باسیکەم؛ دەمەوێ خۆتان ببینن کاتی جێبەجێی دەکەین!

هههههە( پێکەنین)... ئای کە دڵم خۆشە، چون لە کۆتاییدا دەتوانم تۆڵەی دایکم بکەمەوە. بێبەزەییانە کەنەفتیان کرد و دووریان خستەوە؛ بێ ئەوەی بۆ یەك چرکەش لێکیبدەنەوە؛ ئەم ئافرەتە جوانە دووگیانە بێ کەسە؛ بۆ کوێی دەچی؟ بە چ شێوەیەك بژێوی دەستەبەر دەکات؟ بە هیوای ئەوەبوون لە موسڵ؛ بە فرۆشتنی جەستەی بژێوی خۆی و من پەیدا بکات... تا بڵێن؛ ئەهااا... قسەکەمان راست دەرچوو؛ ئەوە هەر لە سەرەتاوە بەدڕەوشت بووە.

بەهەرحاڵ، سبەی شەشی شەوالی ساڵی هەزار و چوار سەد و سیوپێنجی کۆچییە.. ئێستا بەم شەوە گەرمە بەرەو شەنگال و ناوچەی ئێزدیاتی کەوتینەتە جووڵە. من بەرپرسی میحوەرێکی ئەم بەرەیەم. هەرچەندە جەژن تەواو بووە؛ بەڵام جەژنی من سبەی دەست پێدەکات! هههههە( پێکەنین)... دەزانن بۆ پێدەکەنم؟ چون سبەی بە گەرمترین رۆژ لە مێژوویان دەنووسرێ. ئێمە دەرگای دۆزەخیان بەڕوو دەکەینەوە. بنووسە مێژوو؛ من سەلیم سەلیمی

کەنــەفتکراو؛ ئــەبو موهــاجیری موســوڵمان؛ سەرپەرشــتی یەکــەم دەســتەی هەڵمەتبردن دەکەم. پەیمان بێت بەم هامڤییە زرێپۆشە؛ یەکەم کەس بم کە سەنگەرەکان ببڕم و بچمە نێوماڵیان. سوێند بەخوا؛ دەبی یەکەم سواری پاڵەوان بم لەم جەنگە پیرۆزەی تۆڵە؛ کە ئێزدی و ئایینەکەیان بۆ هەتا هەتایی؛ زیندەبەچاڵ دەکات و بنەچەیان دەبڕین!... هههههه( پێکەنین).

## (25)

# عیدۆی شوانم

نازانم بۆ هێندە دڵم پەستە؟ بۆ هەست دەکەم دەرکەوتنی خۆری بەیانی؛ شتێکی خراپ لەگەڵ خۆی دەهێنێ؟ ببورن کە هەرچەندە بەترەکی شەو رۆییوە؛ کەچی بەم قسانە هەراسانتان دەکەم. ناوم عیدۆیە؛ خەریکە مێگەڵە مەڕەکە لەم چۆڵەوانییە، بەرەو دامێنی چیای شەنگال دەبەم. ئیمڕۆ سێی تەباخە؛ دە رۆژی ماوە تا گەلاویژ هەڵێت و کەشەکە تۆزێك فێنك ببێتەوە. بۆیە دەبێ بەر لە خۆر دەرکەوتن و گەیشتنی گەرمایی بەزەوی؛ مێگەڵەکەم بگەینمە قلێش و درزەکانی لێوار چیا؛ تا لە تینی خۆریان بپارێزم. ئاخر وەك هەموو جار باوکم دەڵێ: " شوانی باش ناکرێ بەرخ بێت؛ هەروەك چۆن ناکرێت گورگیش بێت!". تا گەورەبووم نەمزانی ئەو قسانە چ مانایەك دەگەینن. دواتر زانیم کە بۆ ئەوەی شوان بم؛ پێویستە لە مەڕەکان ژیرتر و هۆشیارتربم. بەڵام هاوشێوەی گورگ نەبم؛ بەزەیی و میهرم بۆیان هەبێت.

دەزانن، لەوەتەی هەم شوانم؛ زۆرم حەز دەکرد وەك هاوڕێکانم چووبامە قوتابخانە، بەڵام ئەمە پیشەی باب و باپیرانمە و دەستمان لێی بەرنابێت. کێ دەزانێ؛ لەوانەشە من نەوەی پەیامبەران بم؟ چی چی؟ ببورن، من کوفرم نەکردوە، ئەوە نییە زۆرێك لە پەیامبەر و پیاو چاکان شوان بوونە؟ هەر لە ئیبراهیم، موسا، عیسا و تا دەگاتە موحەمەد. بۆ ناکرێ نەوەی یەکێکیان بم؟

بێگومان گاڵتەتان لەگەڵ دەکەم. من ئێزدیم و شانازی بەوە دەکەم. دەزانن، ئەم پیشەیە خۆشیم پێدەبەخشی! لە چیا و نسارەکان دوور لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی مرۆڤ، مەڕەکان دەلەوەڕێنم. بە تەنیا لەگەڵ خۆم

دادەنیشم؛ ئەوەم زۆر لاخۆشترە لە تێکەڵ بوون، بە خەڵکانی جارس و هەراسانکار.

کاتێ لەم کلکەچەمە رادەمێنم. داعشم دێتە بەرچاو، ئەو گورگە رەشانەی؛ دەڵێی لە قوڕقوڕاگەی جەهەنەمەوە هاتوون؛ نازانم بۆ ئێستا ئەوانم بیر دێتەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە، کە لەو چەند رۆژە دەستیان بە جوولە کردەوە؛ لە تخوبی هەندێك کۆمەڵگا نزێك بوونەتەوە؟ نازانم بەڵام هەقمانە لێیان بترسێین. چون ئێمە گەلێکی بێ کەس و بێ نەواین. تاکە پشتوپەنا ئەو چیا هیشکەی بەرامبەرە؛ ئەوەی هاوشێوەی باوکێکی ئارام؛ لە لێواری بیابان وەستاوە؛ بەردەوام باوەشی بۆ کردینەتەوە.

لەوانەیە بپرسن؛ شوانێکی وەك تۆ ئەم هەموو شتە چییە بیری لێدەکاتەوە؟ خۆ تەنانەت ئەم مێگەڵەی بەردەستیشت هی خۆت نییە؟ راست دەکەن؛ بەڵام قەد دیمەنی ئەو تورکومانە شیعانەم لەبەرچاو لاناچێ؛ ئەوانەی بەر لە دوو مانگ پەنایان بۆ شەنگال هێنا. چاوە ترساو؛ هزرە پەشۆکاوەکان زۆریان دەگوت!

دەترسم چونکە بە دیدی ئەو کافرانە ئێمە کافرین! نازانم بۆ کە ناویان دێنم وا بە ئەستەم تف قووت دەدەم؟ نەخێر، نەوێرۆك نیم، بەڵام بە هۆی سرووشتی کارکردنم؛ چیرۆکی زۆرم لەسەر گورگ بیستووە؛ بۆیە دەزانم ئەم نامەردانە هیچ شوێنی متمانە نین. بە پێیی دوا هەواڵ لە دوێنی شەوەوەح دەستیان بە هاوەن بارانکردنی کۆمەڵگەکانی سیبا شێخدر، گردعزێر و گرزرك کردووە. هەرچەندە دایکم گوتی ئەم دوو رۆژە مێگەل مەبە لەوەڕ، تا رەوشەکە ئارام دەبیت؛ کەچی وەك هەموو جاران پێمگوت: " مێگەڵ بەدوای شوانی خۆی دەکەوێ؛ چ هەقی بەسەر ئەم هەموو کێشە و گرفتە هەیە؟ ئێوە شوانتان کێیە بە دوای ئەو بکەون! " .

دەزانن، زۆرجاران لە چی دەترسم؟ مێگەڵی ئێمە شوانی باشی نەبێت؛ لەو کاتەی گورگەکانی داعش هێرش دەهێنن! ئاخر کاتی شوان بزر دەبێت؛

دڕنـدەکان یـاری بـە مێگەلـە سەرلێشـێواوەکە دەکـەن. بـە هەڵـە لـە قسـەکەم مەگەن؛ ئێمە مێگەڵ نین بەڵکو گەلێکی قارەمانین؛ و بێگومان بەرگری دەکەین.

دەزانن؛ هەرچەندە من بێسەوادم؛ بەڵام ئەگەر بە دەستم بێت، ئەزموونی زانکۆی شوانی دادەهێنم! ناهێڵم هیچ کەس بڕوانامە وەرگرێت تا شوانی نەکات! ئەگەر لە کارەکەی سەرکەوتووبوو ئەوە تەواو؛ لەگەڵ بڕوانامەکە؛ بەردیلێکی خڕ و خەپانی بە دیاری دەدەمێ! خۆ ئەگەر نەیتوانی هەشت نۆ مەڕان بەڕێوەببات؛ چۆن دەکرێ بڕوانامەی پێ بسپێردرێت؟ با چەند مەڕێك لەم تاقی کردنەوەیە بفەوتێن؛ زۆر لەوە باشترە بڕوانامەیەکی سەر کاغەزێکی سارد و سڕ ببێتە سەنگی مەحەك!

ئەوە چییە؟ هەرچەندە یەك کاتژمێری ماوە بۆ ڕۆژهەڵاتن، بەڵام لە دوورەوەو پــڕ بەشــەقامەکە؛ شــامارێکی زەرد دەبیــنم! ڕیزێکــی درێــژ لــە ئۆتۆمۆبیل؛ بە شێوەی ئەژدیهایەکی پێچاوپێچ لە گڕ! بەم شەوە بەرەو چیا دەخشێ!

ناکرێ ئەوان بن! ببورن کە ناویان دێت پشیم تەنگ دەبێت. نەخێر ناکرێ ئەوان بن... هێزێکی زۆر لەم ناوچەیە جێگیرە. بەڵام تۆ بڵێی ئەم هەموو ئۆتۆمۆبیلە چی بێت بەم شەوە؟

دەزانن چییە؟ بەر لەوەی نزیك ببنەوە مێگەڵەکە دەپەڕێنمەوە. من تەنها لەیەك شت دەترسم؛ دەترسم ئەمە سەرەتای مێگەڵە سەر لێشێواوەکەی خۆمان بێت و پەنا بەرەو چیا ببات... ئاخر وەکو گوتم؛ کاتێ شوان گومدەبێت؛ فەندۆ هیچی پێناکرێت! مەڕی تۆقیو هۆش لە دەست دەدات و خۆشی نازانیت چی دەکات!

# (26)

# مامۆستا بڵندم

وەی بااابۆ... ئەی هاوار لە نەزانی، دڕندەیی و هۆڤانی مرۆڤەکان! ببورن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بینیم کارەسات بوو. کاتی لە لاپەرەکانی مێژوو؛ وردەکاری هێرشی هۆلاکۆم بۆ سەر بەغدا دەخوێندەوە؛ لە ئاست هۆڤانی مەغۆلەکان سەرم سوڕدەما، بەڵام ئەوەی ئیمڕۆ داعش لە شنگال کردی؛ هاوشێوەی تاوانەکانی ئەوان بوو!

ئەم کوللەڕەشانە دەستیان لە هیچ نەپاراست، ئەوەی پێی گەیشتن کوشتیان گەورە، بچووك و بەساڵاچوو. نەوەك هەر ئەوەندە، بەڵکو دەستیان بە فڕاندنی کچ و ژنانی ئێزدی کرد! باوەڕبکەن ئەگەر شەنگال رووباری هەبایە؛ ئەم مەغۆلانە نەوەك کتێبەکان، بەڵکو سەدان جەستەی بە ناحەق کوژراوی ئێزدییان؛ فڕێی دەدایە نێوی؛ رەنگی رووبارەکەیان هاوشێوەی دجلە سووردەکرد.

تەنها دڵم بە یەك شت خۆشە، دوێنێ درەنگانی شەو، شڕە ئۆپڵەکەم دایە مامۆستا دەخیل، تا خانەوادەکەی پێ رزگاربکات، بەرەو چیایان ببات. بیرمە کاتی بە تەنگەتاو لە دەرگای دا:

- قەوما مامۆستا بڵند! داعش چۆتە نێو کۆمەڵگەکانی دەورووبەری شەنگال. دەڵێن هێزەکەیان چل هەمەری زرێپۆش بووە. هەرچی هاتۆتە پێشیان لە ژن، پیاو و تەنانەت منداڵیش کوشتویانە. بە بڵاوبوونەوە ئەم هەواڵە خەڵك زیلکرێژ بوونە؛ هەر راکە راکەیە و کەس نازانی مەسەلە چییە! شار هاوشێوەی پورەیەکی هەنگی بێ شاژن شێواوە. فەرموو ئەو کلاشینکۆف و جوعبەت پێدەدەم؛ تەنها یارمەتیمان بدە تا ماڵ،

منداڵ و شەرەفم لە دەستیان رزگار بێت... هاوارا تاووسی مەلەك.

- ببورە مامۆستا هیچم پێناکرێت، فەرموو ئەوە سویچی ئۆتۆمۆبیلەکەم و ئێوە بڕۆن. لە کوێی وەستا جێی بێڵن و خۆتان رزگارکەن؛ گرنگ ئەوەیە پارێزراو بن. کلاشینکۆ فەکەشت ببە، نەوەك لە رێگا پێویستتان پێی بێت.
- من دەڕۆم مامۆستا. ئاخ و هەزاران ئاخ بۆ عەلقەمیەکان کە مەغۆلیان بەسەر وەکردین. دەچمەوە چیا چونکە جگە لەو، هیچ نەوایەکمان نییە.

راستە لە شەنگال بە تاك و تەرا؛ لێرە و لەوێ، چەند تەقوتۆقێك کراو خەڵك شەهیدبوون، بەڵام پیلانەکەی داعش زۆر لەوە گەورەتر بوو. باوەڕکەن لە ترسان ناوێرم بچمەدەر! ئاخر ئەو بوونەوەرە بۆندڕنە جلڕەشانە؛ نە هیچ دەزانن و نە دەست لە هیچ دەپارێزن. ئەوەتا لە پشت پەردەی ژوورێکی بچووکی نهۆمی دووەمەوە؛ لە دیمەنی دەرەوە دەڕوانم. شەقام تژییە لە لاشە، ئەو دڕندانە بە هەرەمەکی تەقە لە خەڵك دەکەن. راستە من موسوڵمانم، بەڵام ترسم لێنیشتووە! ئەوانە نەوەك موسوڵمان، بگرە مرۆڤیش نین. نەوەك چۆن ئاوا بە خوێنێکی سارد و بێ سڵەمینەوە، خەڵك دەکوژن؟

هیچ متمانەم بەم درۆزنانە نییە، دەزانن بۆ؟ دوای چەند کاتژێرێك لە داگیرکردنی شەنگال، لە رێگەی دەنگ گەورەکەر، بانگیان رادێرا، هاواریان دەکرد: " ئێوە ئارام و ئەولەن، لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی هیچ ترسێکتان لەسەر نییە!". کەچی دواتر پەلاماری شاریاندا و کەوتنە وێزەی خەڵك. ئێستا دەرگاکان دەشکێنن، نێری ئێزدی دەکوژن و ئافرەتەکانیان دەبەن! ئەی هاوار خوایە. ئەهاا... ئەوە گەیشتنە گەڕەکەکەمان. خۆ ئەوانەی پێشەوە خەڵکی شەنگالن؛ پیاوی بەد رەوشت و بێ بەهان. بەڵام تۆ بڵێی بزانن کامە ماڵ ئێزدییە و هەر تەنها بە کوشتنی ئەوان بوەستن؟

- ئەوەچییە؟

چاوەکانم بەفراوانی دونیا کردنەوە؛ کاتی ئەبو ئەحمەدی هاوسێم بینی؛ چۆن هێزەکە بەرەو ماڵی کاك خەڵەفی ئێزدی؛ دراوسێی بیست ساڵەمان دەبات!

- تفوووو! هەی خۆفرۆشی ناپاك، تۆ دەیان ساڵە نمەکیان دەکەی؛ هەی نمەك حەرام.

دەیان چەکدار هێرشیان بردە نێو ماڵەکە؛ دەنگی ڕێژنە گوللەهات؛ دواتر لەگەڵ دەرچوونیان؛ دەستی هەریەکە لە عەیشان، ئەسمەهان و نارینیان گرتبوو؛ بە لێدان و ڕاکێشان سواری ئۆتۆمۆبیلەکانیان کردن.

ئەی هاوار خوایە، ئاخر هیچم پێناکرێت... ئەوە چییە؟ باوەڕبکەن پڕ بە خۆم هاوارم کرد:

- نەکەی... نەکەی!

کاتی پورە ڕەیحانم بینی؛ لە سەربانی خانووەکەیان خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. دەنگی بەرکەوتنی بە کاشی حەوشەکە، گرمەی هات و مێشکی ڕژا.

- ئەوە چییە؟

نورای کچە دراوسێکەمانم بینی، بە هەردوو دەست لە دەرگامان دەدات؛ بە ترسەوە ئاوڕ دەداتەوە. وا بە ڕاکردن دەچمە خوارەوە، بەڵکو زوو دەرگای لێ دەکەمەوە.

لەگەڵ دەرگا کردنەوە؛ بەگریانەوە خۆی خستە باوەشم و هاواریکرد:

- بمشارەوە مامە بڵند... توخوا مەمدە دەستیان.

بە پەلەپەل هێنامە ژووری؛ زۆرم بەزەیی پێهاتەوە. هەرچەندە تەمەنی پازدە ساڵانە، بەڵام وەکو منداڵێکی ساوا دەگریا:

- ئەم دڕندانە هاتنە ماڵەکەمان؛ لە پێش چاومان باوك و براکانیان کوشتین. دایك و خوشکەکانمیان برد. خۆم لە نێو کۆلکە دارەکانی حەوشەی پشتەوە شاردەوە؛ ئەوەی تەندوری پێ خۆش دەکەین. گەڕان

و منیان نەدۆزییەوە. ئەوانە بە زمانێکی جیاواز لە عێراقی قسەیان دەکرد. زۆر هۆڤ و ڕەبەلی بوون. تەنانەت کاتی ڕۆیشتن؛ تەقەیان لە داروبەردی ماڵەکەمان کرد. ئەو ریش سوورە چاو بچووکە، گەراوە و تفی لە تەرمی باوکم کرد... وەی بابۆ (گریان)

دەستیکردە گریان، کچەکانم هاتن و بردیانە لای خۆیان، ئەو کاتە هاوسەرم ئاوڕێ لێدامەوە:

- چاوەڕوانی چی دەکەی بڵند؟ دەتەوێ بێن و کچەکانی ئێمەش ببەن؟

باوەڕبکەن لە تاو ئەو قسانەی خێزانم؛ هیچم بۆ نەگوترا، چون ئەوانە مرۆڤ نین و هەموو شتێکیان لە دەست دێت. لەسەر زەوییەکە دانیشتم. لەتاو ئەم کارەساتە دەستم لەسەر سەرم دانا.

- فەرموو ئەوە مۆبایلەکەت؛ پەیوەندی بە براکانت بکە، با لە دهۆکەوە بە ئۆتۆمۆبیل بێنە دوامان. ئێرە سنجار نییە و ئەوڕۆ بۆتە قەندەهار. بۆتە ویلایەتێك لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی خیلافەت.

مۆبایلەکەم لێ وەرگرت؛ بە هێمنی و بەدەم لێدانی ژمارەی براکانم، پێم گوت:

- ڕاست دەکەی ئازیزم، ڕاستە ئێمە تائێستا سەلامەتین، بەڵام دوای ئەوەی ئیمڕۆ بینیمان؛ باوەڕمان بە هیچ و متمانەمان بە کەس نەماوە. دەبێ بە زووترین کات لە سێبەری ئەم ئاڵاڕەش، دڵڕەش و بەرگڕەشانە بە دوورکەوینەوە. نەفرەت لە دەوڵەتێك کە خوێن بیناقاقایتی، کوشتن بەردی بناغە، غەدر و ناپاکی بنەما و بە کۆیلەکردن دەستوری بێت. ئاخر مەحالە خودا پەرستی و خۆپەرستی؛ شەهوەت و دەعوەت؛ غەدر و ئیمان لە نێو دڵێك جێگایان بێتەوە.

## (27)

# پێم دەڵێن شیشانی

نەخێر ئەبو عومەر نیم، من ئەبو یقینم؛ ناسراو بە سەیفی شیشانی. خەڵکی ڕەسەنی شیشانم؛ بەڵام لە جەماعەتی نیشینگەم نەوەك ئەشکیری قەدیرۆفی. چی؟ لەو سێ زاراوە ناگەن؟ بزانن؛ بە پێی چالاکی سیاسی و سەربازی، ئێستا ئێمەی شیشانی سێ بەشین. قەدیرۆفیەکان؛ کە کۆمەڵە چەتەیەکن؛ چەلاوخۆری قەدیرۆفی سەرۆك کۆماری شیشان؛ و حەلقە بەگوێی ڕوسیان؛ بە تەواوی لایەنگری بەشار ئەسەدن. ئەشکیریەکان؛ ئەوانەش سۆفی نەتەوەخوازن، سەر بە کۆماری شیسان- ئەشکیریای سەربەخۆن. میلیشیای تایبەتیان هەیە بە نێوی ( ئەجنادی قۆقاز). لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوری هاوپەیمانن. هاتون زیاترین زیان بە ڕوسیا و قەدیرۆفیەکان بگەینن! هەرچی ئێمەین؛ بە جەماعەتی ئیمارەت ناسراوین؛ چون سەر بە ئیمارەتی قۆقازی ئیسلامی سەربەخۆین، کە ئەمیرمان دۆکۆ عومەرۆف؛ بەیعەتی داوەتە دەوڵەتی ئیسلامی. ویستم ئەم ڕوون کردنەوەیە بدەم، چونکە زۆرێك لە جۆرجی و ئەبخازیان؛ بە ناوی ئێمە هاتوونەتە ئێرە، نموونەش ئەو تەرخانە ڕیش سوورەیە؛ کە کوڕی تەیمور باتیراشڤیلی ئەرسوزۆکسە، خەڵکی بیرکیانییە لە جۆرجیا. دایکی موسوڵمانێکی نا پابەندە. تەمازی برا گەورە سەلەفیەکەی هاوسەنگەرمانە؛ ئێستا لە ڕیف شەدادی لە ڕیزەکانمان؛ دژ بە نوسەیرییەکان جیهاد دەکات.

ئەو سیلدارە جۆرجیە؛ تەنها ماوەی شەش ڕۆژ بە پلەی جاوش؛ لە ڕیزی سوپای جۆرجی خزمەتی کردووە؛ دواتر و لەبەر نەخۆشی دورخراوەتەوە.

کـەچی لێـرە کراوەتـە وەزیـری جـەنگ! نـانی چاونەترسـی و بـوێری ئێمـە دەخوات؟ بەڵێ، ئەو دوای من هاتۆتە سوریا؛ کاتی مـن لێرە دەجەنگیم؛ ئـەو بە هۆی فرۆشتنی چەك، بەندی کرابوو! هات لێرە و بە هۆی هۆڤانی و زرنگی؛ لە سوپای موهاجرین و ئەنساری شیشانی، کردمان بە برا گـەورە. دەزانـن، سـوریا بـە گۆڕەپـانێکی گـەورەی مەشـق و ئـەزموون دەزانـین. تـا لـە کاتی گەڕانەوەمان بۆ شیشان، جەنگی ئازادی دژ بە قادیرۆف و رووسەکان هەڵبگیرسێنین. سـەرەتا قۆقـاز ئـازاد دەکـەین. دواتـریش پـەل دەهاوێژینـە ئیـدل ئـۆرال و سـێبیریای رۆژاوا. ئەوسـا بـەرەو کازاخسـتان و ئاسـیای ناوەڕاسـت دەکشێین.

ئێمـە بـەو ئامانجـە هـاتین؛ سـەرەتا پارەمـان هـەبوو، بـە جیـا لـە سـوپا و پێکهاتـەی سـەربازی تایبـەت دەجـەنگین، دواتـر و دوای نـەمانی سـەرچاوە داراییـەکانمان، ناچـاربووین بچینـە ریـزی دەوڵـەتی ئیسـلامی. لـە جـەنگی فرۆکەخانەی مینگ، ئەبو عومەر ناوی دەرکرد؛ ئەوەش بە هۆی ئازایـەتی، بـوێری و خۆڕاگریمـان؛ کـە زۆرێکمـان شـەهید دا. دواتـر بەیعـەمان دایـە بەغـدادی. دوای شـەهیدبوونی بـیلاوی؛ سـەرکردەی جەنگ لـە سـوریا. ئـەبو عومەر کرایە سەرکردەی مەیدانی. بەهەرحاڵ ئێستا ئەو ئەمیرە و گوێرایـەڵی و بە قسەکردنی، ئەرکە لە سەرمان. چاوشی وەزیر! هههه( بە گاڵتەوە) بـەڵام شتەك هەیە و پێویستە دانی پێدانێین؛ ئەو نەبووایە، ئـەو سـەنگ و پێگـەمان لێـرە نـەدەبوو. چـون ئێسـتا گرنگتـرین باسـکەکانی دەوڵـەتی ئیسـلامی؛ لـە هەواڵگری و سەرۆکایەتی ئەرکان، لە دەست ئێمەدایە.

ئێستا لە شەنگالی پایتەختی دێوپەرستانم، ئەوانەی ئێرەیان لە موسوڵمانان داگیـر کردبـوو. پڕیـان کردبـوو لـە خراپـەکاری و تـاوان. چـی چـی؟ خـاکی خۆیانـە! قسـەی وامـەکەن، ئەوانـە نەتـەوەی دێـون؛ پێویسـتە بیـان نێرینـەوە ئـەو دۆزەخەی لێیەوە هاتوون. بەینی خۆمان بیت؛ هەندێکی باشیان هەیە و ئێستا لـە گـەڵمانن. ئـەوان پێشـتر بـە نهێنـی موسـوڵمان بوبـوون، لـە تورکیـا خـولی

تایبەتیان بینیووە. ئەوە جگە لە برا عەرەبەکانی نێو شەنگال، کە زۆریان یارمەتی داین. ئەوەتا دوای شکستی هێزی هەڵگەڕاوەکان؛ نانی بەیانیمان لە ماڵی محەمەد موراد کیجلی خواردووە. ئێستا بە سکی تێرەوە؛ دەچینە راوی دێوپەرستان.

وەکو خۆشتان دەزانن؛ جەنگ تەلەکەبازییە! بۆیە هەندێکمان لێ بەدیل گرتوون؛ بە ئۆتۆمۆبیل دەیانگێرین؛ تا بە زمانی خۆیان بانگەواز بکەن؛ پێیان رابگەینن: " شار ئارامە و کەس نەڕوات. "، دەنگ گەورەکەریشمان لەسەر هەندێ ئۆتۆمۆبیل بەستووە؛ سۆزیان پێ دەدەین تا شار جێنەهێڵن. بێخەبەر لەو گۆبەندەی بۆیانمان داناوە.

ئەڵڵا ئەڵڵا سەرکەوتن چەندە خۆشە، ئێستا دوای نیوەڕۆیە و بەم سی زرێپۆشە، لەناو شار پیاسە دەکەین. ئێستا لە شەنگالەوە بەرە و باشور کەوتینە رێی؛ بەرەو ناوچەیەك کە پێی دەڵێن قەراج. بە پێی تابلۆکەی پێشم، ئەو گوندە ناوی قەنێیە. ئەوەتا کۆمەڵێك لێرە کۆبوونەتەوە و بەتەمای راکردنن؛ ژمارەیان نزیکەی دووسەد کەس دەبێت. بە رق و قینێکی زۆرەوە هاتووین، تا تۆڵەی ئەم هەموو خراپەکاری، کوشتن، جەردەیی و کاولکارییەی رووسە کافرەکان، لەم دێوپەرستانە بکەمەوە. شەرتبێ تۆڵەی هەموو شیشانییەکانتان لێ بکەینەوە؛ هەر لە سەرکردەی شەهید جەوهەر دۆدایف تا دەگاتە ئیلزای بە ناحەق کوژراو؛ ئەو پاکیزە هەژدە ساڵییەی؛ بە دەست روسەکان هەتککراو و دواتر کوژرا. مەڵێن ئەوانە هەقیان چییە؟ چون کوفر یەك میللەتە و هەمویان هاوبیر و هاوشێوەن!

- بەر لە یەك کاتژێر، هەواڵی ئەم گردبوونەوەمان بۆ هاتووە، گەمارۆیان بدەن، ئەوەی ویستی رابکات، یەکڕاست تەقەی لێ بکەن.

ئەمیرەکەمان ئەبو نورا وایگوت، خۆی ناوی محەمەد عەفەرییە، کەسێکی درێژە و چاوێکی شەهید بووە؛ پەڕۆی لەسەر دەبەستێ. بە خۆشحالیەوە لەو غەزوەیە، لەگەڵ کۆمەڵێك برای تورکومان بەشدارم؛

بەردەوامیش لە پشت ئەمیر دەوەستم.

شوکور بۆ خوا، ئەوا هەمووانمان گەمارۆ داوە، دووکەس ویستیان رابکەن و تەقەمان لێیانکرد؛ یەکێك بەربۆوە و ئەوی تر بە پێخواسی رایکرد. سەرەتا ئـەبو نـورا و لەرێگـەی یاریـدەدەرە کوردەکـەی، داوای لێکـردن بـبن بـە موسوڵمان؛ بە ئایینی ئیسلام موشەرەف بن. کەچی ئـەوان رەتیـان کـردەوە؛ چون دێو لە دڵیان هێلانەی کردووە. سەرجەم مۆبایلەکانمان لێ وەرگـرتن و لـەنێو دوو سـەبەتەیەکمان مۆلـدا؛ پیاوانمـان لـە ئافرەتـان جیـا کـردەوە، ژن و منداڵەکانمان بردە نێو ئۆتۆمۆبیلـەکان، ئـەبو نـورا زۆر بـە تـورەیی گـەفی لێکردن و گوتی:

- گوێبگرن نەوەی بەراز. کەس لێرە نییە تا پارێزگاریتان لێبکات؛ ئێستا ئێوە لـە دەست ئێمـەن. بـە خۆشـی داوامـان لێکـردن ببنـە موسـوڵمان، کەچی بە ناخۆشی رەتتان کردەوە. دەی رێزبن تـا بتانبەینـە سـنونێ... یەك بە دوای یەك ریزبن. کوا ئەبو وەلید؟ ژمارەیان چەندە؟
- هەشتاوشـەش پیـاو گـەورەم؛ ئەمـە جگـە لـە سـێ مێردمنـداڵ، کـە تەمەنیان نزیکەی دوازدە ساڵانە. (یاریدەدەرەکەی گوتی)
- ئاگاداربن، ژمارەیان زۆر لە ئێمە زیاترە ئەبو وەلید!
- خەمت نەبێ گەورەم؛. خێزان و منداڵەکانیان لای ئێمەن، بۆیە مێگـەڵ ئاسا ناتوانن هیچ بکەن.
- بەرەو کوێمان دەبەن بەرێزم؟ (یەکێك لە دیلەکان)
- بەرەو سنونێ، تاوەکو تێر ئاوی زەمزەمتان بکەین کریڤ!(ئەبو وەلید بە گاڵتەوە وایگوت)

نەمزانی ئەو ئەبو وەلیدە قۆشمەچییە چی گۆت؛ بەڵام هەستمکرد هەموو موجاهیـدە عەرەبـەکان پێکـەنین. دواتـر کـە بۆیـان روونکردمـەوە، منـیش زۆر پێکەنیم.

ئەوانمان بردە شوێنێك، تا بتوانین بە ئاسانی رەوانی لای گەورەیان بکـەین.

گەڕاین تا شوێنێکی گونجاومان دۆزییەوە. لە نزێك قلیشێك رامان گرتن و دواتر لەسەر چۆکمان دانان.

- کوا بە سێ ریز رایانگرن، ئەو پیاوە چی دەڵێی وا پرتەپرتیەتی؟ وەرە بزانم! (ئەمیر گوتی)
- تکات لێدەکەم ئەم منداڵە مەکوژە!(دێوپەرستێك بە پاڕانەوە گوتی) ئەوە تاقانەیە؛ باوکی لە تەقینەوەکەی سیباشێخدر شەهیدبووە.
- شەهیدبووە! مادامەکی من چاکەی لەگەڵ دەکەم؛ بە باوکی شاددەکەم... بۆچی بمینێت؟ دواتر ئەوە منداڵ نییە؛ ئەوە هەراشە. (ئەمیر بە گاڵتەوە)

باوەڕبکەن بێ یەك و دوو، دەمانچەکەی دەرهێنا؛ گوللەیەکی لە تەختی نیوچاوانی دا؛ لە دواوە پارچەی مێشکی، وەك پارچە قڕنابیت، کەوتە سەر زەوی. لەو کاتە دوو منداڵەکەی دیکە گریان. ئەمیر بە تورەیی تێیراخورین:

- بێدەنگ بن و برۆنەوە لای دایکەکانتان. ئێوەش شێرەکورانی ئیسلام ئامادەبن. (ئەمیر هاواریکرد)

لە شوێنی خۆمان وەستاین، دەزانن دەنگی میل راکێشان چەندە خۆشە؟ باوەڕبکەن لە دەنگی موزیك!( ئەستەغفیروڵڵا لەسەر ئەم وشەیە)خۆشترە. لەسەر فەرمانی ئەمیر، لولەی بیکەسیم لەسەر کەلەکەی ئەو لاوە دانا، ئەوەی دەیویست رابکات. پلم پێوەنا کەچی نەتەقی! دوو جاری دیکە هەوڵمدا؛ هەر چرووکی کرد، راستیەکەی شلەژام؛ زانیم دێو لەگەڵیانە. لاوەکە ئاوڕی دایەوە، ویستی چەکەکەم لێ وەرگری؛ منیش لە ترسان لەقەکم لێدا و فڕێمدایە خوارەوە. لەوکاتەدا موجاهیدین تەقەیان لە دێوپەرستان کرد؛ دەنگی گوللە و هاواری ئەڵلاهوئەکبەر؛ تێکەڵ بە هاوار و پاڕانەوەی ئەوان بوبوو. دووکەڵی تفەنگ و تەپوتۆز؛ دونیای گرتەوە. ئێمە شادومان بووین و ئەوانیش کەوتنە چاڵەکەی جەهەنەم. بە خەمباری وەستام؛ هەستم کرد بەشدارییەکی ئەتۆم نەکردووە، ئەمیر پێی گوتم:

- بۆ وا بەخەمباری وەستاوی موجاهیدی زەبەلاح؟
- بیکەیسییەکەم چرووکی کرد؛ گەوەرم!
- وەرە؛ ها ئەوە دەمانچەی من ببە؛ دووبارە تەقەیان لێ بکە!
- ئاخر ئەوانە؛ هەمووی کەوتینەتە نێو چاڵەکە!
- بڕۆ برینداره‌کان بکوژە؛ بە کەیفی خۆت؛ ئەوەی ویستت گوللـەیەکی لە هەنیەی بدە... هەی موجاهیدی خوێن گەرم.

ئەوەبوو چوومە نێو لاشەکان؛ ئەوەی هەناسەی دەدا تەقـەم لێدەکرد، کاتێك موجاهیدێکی عەرەب هاواری کردمێ و گۆتی:

- مـەجالی منـیش بـدە بـرام، بـا شـەرەفی ئـەوەم بەرکـەوێ؛ هەنـدێکیان رەوانـەی دۆزەخ بکـەم، بـەڵکو بـە خـوێنی ئەوانـەوە، ڤیـزای بەهەشـت وەردەگرم.

ئـەوەبوو هاتـە خـوارەوە؛ دوو مـەخزەن دەمانچـەی؛ لـە مێشـکی ئـەوان بەتاڵکرد. لە هیکەوە؛ دەنگی بانگ هات! کاتی سەیری کاتژێرمکرد؛ بینیم نزیکەی چواری دوای نیوەڕۆیە، هەر لەوێ ئەو موجاهیدەی بانگی دا؛ هـەر بەخۆشی ئیقامەی کرد. لە لێواری چاڵەدۆزەخ، بە دەستی بە خوێن نـوێژی عەسرمانکرد.

# (28)

# حەڕبەم پێی دەڵێن

بۆ راچڵەکین؟ چییە ئەوەندە لێم دەترسن؟ چەقۆیەکی نووك تیژی سپیم. بەڵێ، هێندە تیژم بە رادەیەك دەتوانن ریشتانی پێ بتاشن. رووی سەرەوەم گرنی گرنییە دەزانن بۆ؟ بۆ شکاندنی ئێسك!

دەشتوانن پێم بڵێن یەك چاوە هەشت کەڵبەدارەکە، هەندێك پێم دەڵێن چەکی سووك یان سپی؛ چون کێشم سووکە و پەیکانەکەم سپییە. جاران پێیان دەگوتین قەمە! قەمەی باپیرەم وەکو سەرە رمێکی تیژی لوولەکی وابوو؛ لەسەر لوولە تفەنگی جەندرمان دەبەسترا، زۆرباش شارەزای گۆشت و ئێسکی ئێوە بوو! چون جەندرمە ترسنۆکەکان، ئەوانەی لە رووبەڕووبوونەوەی سوپاکانی رووسی، ئینگلیزی و میلیشیا یۆنانی و ئەرمەنەکان رایاندەکرد، تۆڵەی خۆیان لە ئێوە، ئاشوری و ئەرمەنان دەکردەوە. زۆر بە رق و قینەوە؛ قەمەیان لە گۆشتە ناسك و سپیەکەی ژن و منداڵەکانتان رادەکرد.

بەڵێ... زۆر باشتان دەناسین، باپیرەم بە تەوسەوە باسی ئەو جەور و ستەمەی دەکرد. هەرچەندە قەمە چاوی نەبوو بەڵام زۆر دەگریا. بەش بەحاڵی خۆم یەك چاوم هەیە؛ بەڵام بۆ ئەوە دانەنراوە کە پێی ببینم، نەخێر؛ بۆ ئەوەیە لە کاتی وەشاندن، هەوا بباتە نێو برینەکە و پیسی بکات! چی؟ گلەیی لە من نەکەن و لە خۆتانی بکەن. چون دەستکردی خۆتانم، ئێوەی مرۆڤی بە خوێنی یەکتر تێنوو!

لە ئەسڵدا بۆ شەری نزیکی دەستەویەخە درووستکراوم، تایبەت بۆ جەربەزە و شەڕفرۆشی سەرسەخت. باوەڕکەن کاتی خۆم لە کەمەر و بەڵەکی

پەرشـووتەوان و کۆمانـدۆ دەبینـی، دڵشـاد دەبـووم. کـەچی ئێسـتا کەوتوومەتـە دەست ئەو سەرقرژنە ردێن پیسانە، تف و نـەفرەت لـە خـۆم دەکـەم. ئـاخر مـن چـەکی دەسـت شـامێر و بـە جەرگـەکان بـووم، تایبـەت بـووم بـە چاونەترسـان، ئەوانەی تەنها من بەکار دەهێنن؛ بێ ئـەوەی ئـاگر لـە تفەنگـەکانیان بـەردەن. باوەڕکەن؛ هاوشێوەی مـەعشوقەیەك؛ لە نێو دەسـتە تونـد و ماسـولکەدارەکانیان کـر دەبـووم. ئەوانـەی خۆیـان دەکـردە قوربـانی نیشـتیمان، دزەیـان دەکـردە نێـو هێڵـەکانی دوژمـن. منیـان دەخسـتە نێـو دەمیـان؛ ماوەیـەك هاوشـێوەی مـار دەخشـین و تاوێـك وەك پڵێنـگ رادەپـەڕین. باوەڕبکـەن لێـدانی دڵـی مـن لـە ترپەی دلیان خێراتربوو! خۆم ئامادەی سەرکێشیەکە دەکرد، بـەر لـەوەی هەست بـە هـیچ بکـەم، خاوەنەکـەم نـاو لـەپی دەخسـتە سـەر دەمـی دوژمنەکـە؛ زۆر لێزانانە منی بە گەردنی دەهێنا. لە میانی یەك جووڵەی بە هێزی خێرا، لـە چەپەوە بۆ راست؛ لە دوای خۆم هێڵێکی بچووکی قوڵم جێدەهێشت؛ کە دواتـر خـوێنی لـێ دەچـۆڕاوە. ئـەو دەکەتـە سـەر زەوی و خاوەنەکـەم منـی بـەڕانی دەسـڕیەوە، بـە هێواشـی دەمیخسـتەوە نێـو کـالانم. ئـەوکات شـانازیم بـە خـۆم دەکرد. چـون بۆ پاراسـتنی خاك، شـەرەف و نیشـتیمان بـەکار دەهـاتم. کـەچی ئێسـتا و ب ەدەسـتی تونـدئاژۆیان؛ عارەقـەی شـەرم دەتکێـنم؛ حەزمـدەکرد وەك قەمەی باپیرەم کوێربام؛ و ئەم هەموو تاوانەم نەدیبا!

ئێستا زیـاتر لـە کێـردی کـەیبرِ دەچـم. بوومەتـە شمشێری دەست ناپیـاو و نەوێرۆکان. چـەکی دەسـت دیلکـوژ و بـێ ویژدانـان. ئەوانـەی دەسـت لـە هـیچ ناپارێزن. منداڵ، ژن، بەساڵاچوو، دیل، بریندار و تەنانەت رۆژنامەنووسان! بە دەم هـاوارکردنی ئـەڵڵاهو ئەکبـەر و بـەقینێکی زۆرەوە؛ زۆر بـە هەوەسـەوە لـە ملانمـان دەسـوون. باوەڕدەکـەن رشـانەوەم پێیـان دێـت؟ نـەوەك هـەر لەبـەر بـۆنی قرێژ، ئارەقە، شەهوەت و درِنیان. بـەڵکو لەبـەر مێشـکە گـەنیوەکانیان، ئـەوەی تژیە لە پیسایی!

کـاتی خـۆی نـاوم وابەسـتەی بێریـەی سـەوز، مـەغاویر و کۆمانـدۆ بـوو.

چەکی خۆشەویستی دەستی مەیدانداران بووم. کەچی لە سایەی ئەوانەوە؛ بۆمەتە هاوشانی تیرۆرست و توندئاژۆکان. گەر ناوی شیرین وابەستەی فەرهاد بووبێت، ئەمڕۆکە ناوم گرێدراوی مل، گەردەن و گەروو!

دەزانم سەربڕین کلتورێکی کۆنەو تازە نییە! ئاشورییەکان دوای سەرکەوتنیان لە هەر جەنگێك، گردۆلکەیان لە سەر و دەستی براوی دوژمنان درووست دەکرد. جارێکیان ئاشوربانیپالی پادشای ئاشورییەکان؛ پادشای عیلامییەکانی بە زیندوویی کەوڵکرد! بەڵێ؛ زۆرم سەری نازدار بینیوە و چاکم لە بیرن، هەر لە یۆحەنای مەعمەدان تا دەگاتە حوسێنی کوڕی عەلی. کەچی باوەڕکەن، ئەم شێوازە لە سەربڕین، لە گەروو بۆ سەرەوە کلتورێکی خەواریجە؛ ئەوانەی لە ئایین لایان داوە و هیچ بەزەیی و میهرێکیان نەماوە، لە بنەڕەتدا سەربڕین؛ بە کەسێکی بەهێزی کەتەوە و بەوەج؛ لە رێگەی شمشێرێکی تیژ و بە یەك لێدان ئەنجام دەدرا. وابوو تا خەوارج هاتن؛ لە دەستپێکی تاوانەکانیان، سەری بە سالاچوێکی هەشتا سالانیان بڕی؛ کە لە هاوەلانی پەیامبەرەکانیان بوو!

نازانم ئەوە چ هەستێکە؛ کاتی تۆ سەری مرۆڤێك وەك ئاژەڵ دەبڕیّ؟ لەو ساتەی من بە گەردنی دەهێنن؛ بە خرتەخرت قڕقرتۆکی دەبڕم! کاتی قوڕگە براوەکەی هەوا دەدا و مرخەمرخی دێت؛ سەرم گێژ دەخوا! نازانم ئەم ملهۆرەی کارەکەی ئەنجام دەدا؛ چۆن دڵیّ دێت و دەستی دەچیت؛ بەم شێوەیە بەردەوام بیت؟ ئەو هەموو هێزەی لە کوێی دێنیّ؛ تا ئەو هەموو گۆشت و ماسولکە بە هێزانەی مل ببرێت؛ دواتریش سەرە براوەکە لەسەر پشتی مردووەکە دابنیّ؟

دەبا شتێکتان پیّ بڵێم؛ ئەم شەلالەی خوێنەی عێراق نوێی نییە؛ هەر لە کۆنەوە فەوارە دەکات. ئەوەتا خالیدی قەسری ئەمیری عێراق؛ دوای تەواوکردنی خوتبەی نوێژی جەژنی قوربان، لەسەر مینبەر هاوار دەکات:

- هۆ خەڵکینە، قوربانی بکەن تا خوا لێتانی قبول بکات. هەرچی منم

ئەوا قوربانی بە جوعدی کوڕی درهەم دەکەم!

دەلحاز دێتە خوارەوە؛ هەر لەوێ و لەژێر مینبەر؛ سەری جوعد هاوشێوەی بەرخ دەبڕێ!

هەرچەندە داعش بە هێمای خۆیم دادەنێ؛ داعشیەکان بەردەوام من بە دەستەوە دەگرن، رستەی (بۆ سەربڕین هاتینە لاتان )وێردی سەر زاریانە. دوای سەربڕینەکەش، هاوشێوەی گەردەنی شۆخێکی جوان؛ دەملێسنەوە تا خوێنەکە بخۆنە! و لە هەموو فلیم و کارە ریکلامییەکانیان هەم؛ بەڵام راستیەکەی زۆرم رق لێیانە. نابێ ئەوە بشارمەوە کە داعش شتێکی نوێی داهێناوە. سەربڕین لە پشت ملەوە و بە حەربەی کوێر! نازانم ئەم هەموو داهێنانە جەهەنەمیانەیان لە کوێی هێناوە؟ ئەم هەموو بەربەریەت و هۆڤانییە لە پای چی؟

نازانم حیکمەت و نامەی پشت ئەم هەموو سەربڕینە چییە؟ کامە خواوەندە کە ئەوەندە تێنووی خوێنەوە؛ ئەوەندە چێژ لە ئازاردانی بەندەکانی وەردەگری؟ دەزانم ئێستا دەڵێن فرەنسیەکان لە جەزائیر، ئیتاڵیەکان لە لیبیا و سربەکان لە بۆسنەو... چوزانم؛ زۆرێك لەم قسانە. ئاخر داعش لێرەش لە شنگال کەمی نەکرد. رۆژی سێیەم لە بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شەنگال، سەری چڵ کەسی وەك بەرخ بڕی! دواتر لە سوریا دە بەساڵاچووی مل بڕی؛ دوای ئەوەی سووکایەتی پێکردن و سمێلی تاشین.

بە دیدی من، مرۆڤی کۆن ئەم مل بڕینە لە دڕندەکان فێربووە. کاتی دەیبینی؛ چۆن کەڵبەکانیان دەخەنە نێو گەرووی قوربانیەکان، تا هەناسە بڕیانکەن. بەڵام بە جیاوازی ئەوەی، ئەوان بۆ خواردن و مانەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن؛ کەچی مرۆڤ بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە، ئازاردان و چێژوەرگرتن دەیکات. کەواتە ملبڕین کلتورێکی کۆنەوە و لە چاخی بەردینەوە لای ئەو کەسانە ماوە؛ ئەوانەی هێشتا لە چاخی بەردین دەژین؛ مێشکیان بەتاڵ و دڵیان بەردینە؛ زیاتر لە ئاژەڵ دەچن نەوەك مرۆڤ!

(29)

# ناوم یافۆیە

هەرچەندە ناوم لە ناسنامە یوفایە، بەڵام هەمووان بە یافۆ بانگم دەکەن. بۆیە ئەم ناوەم پێخۆشترە. ببورن، تا ئێستا ژانە سەرم لێیە و پشتی سەرم زۆر دێشی، چون زۆر خراپ بەربوومەوە. نا نا بێعاری چی؟ پەلە مەکەن؛ با چیرۆکەکەتان لە سەرەتاوە بۆ بگێرمەوە. مەپرسن لە کوێم، چون خۆشم نازانم. بەڵام ئەو شوێنەی لێیمە؛ زۆر لەوەی ئێوە ئارامتر و هێمنترە!

تەمەنم چوارساڵانە؛ کچی کابرایەکی زۆرباشم، پاسکیلچیەکی مەعلانە؛ هەموو موجەمەعی دوکری وەستا حەیدۆ (حەیدەر) دەناسن. ژیانێکی خۆشی ئاسایی، لەگەڵ خوشك و براکانم دەژیاین. ماڵێکی گەرم، خزم و کەسانی باش. هەموو شتێك باش دەڕۆی؛ تا ئەو شەوەی بینیم دایك و باوکم بە هێواشی قسە دەکەن؛ ترس و نیگەرانی بە مرووزیانەوە دیارە. چەند وشەیەکم گوێی لێبوو وەك؛ داعش، هێرش و هەڵاتن! هیچ تێنەگەیشتم؛ زۆرم خەو دەهات بۆیە دەلحاز نووستم. بەیانی زوو بە دەنگە نیگەرانەکەی دایکم هەڵسام؛ پەلەی لێدەکردین خۆمان کۆبکەینەوە. وامزانی بۆ سەر مەزاری شێخ شەرەفەدین دەچینە سەیران. سەرەتا دڵخۆشبووم. بەڵام کاتی فرمێسکەکانی چاوە جوانەکانی دایەم بینی، زانیم وانییە! هێشتا چاوم بە خەو بوو کاتی هاتینەدەر، چەندین دۆشەگ، پەتوو و تلیسە خواردنمان بە دەستەوە گرتبوو. بینیم باوکم پیکەبە دەبڵەکەی هێناوەتە بەر دەرگا، پڕە لە خەڵك. ئێمەش لە پشتەوە سواربووین، باوکم بە عەرەفاتی برامی راگەیاند؛ کە ئاگادارمان بێت. باوە چووە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆمان؛ ئەوەی لە بەردەم ماڵمان جێهێشت و هاتەوە؛ کاتی باپیرم لێی پرسی؛ گوتی:

- سویچم لە ناوی جێهێشت، بەڵکو خانەوادەیەکی بێ ئۆتۆمۆبیل دەبینن؛ بۆ رزگاربوون بەکاری دێنن.
- ئەی ئافەرین کوڕە جوامێرەکەم، تاووسی مەلەك دەست بە تەمەنتەوە بگرێت. (باپیرەم گوتی)
- توند خۆتان بگرن منداڵینە، عەدنان ئاگاداریان بە (باوکم ئاوڕی لێدداینەوە) بە ناوی خودێ و تاووسی مەلەك؛ بەرێ دەکەوین.

ئێستا زانیتان بۆ ئەوەندە باوکم خۆش دەوێت و شانازی پێوەدەکەم؟ لەوکاتەدا گوێم لە نزاو پاڕانەوەکانی دایکم، داپیرە و ئەوانی پێشەوەی مەرزییەکە بوو.

دوای جوڵاندنی ئۆتۆمۆبیلەکە؛ باوکم بە باپیرەمی گوت:

- سەرەتا دەچینە سنونێ؛ تا بەنزین فولکەین.

لەرێگا سەدان کەسم دەبینی، بە پێیان و بە ئۆتۆمۆبیل بەدەم گریانەوە رادەکەن، نەمزانی مەسەلە چییە؟ لە دوورەوە ئۆتۆمۆبیلی شێواز نامۆم دەبینی؛ ئاڵای رەشیان لەسەرە و پیاوی ریشدار لێیان دەخورن، دڵم توندبوو، ئاخر بەردەوام سەیارەی جوانم بینیوە؛ ئەوەی ئاڵای کوردستانی بە رەنگە جوانەکانی سوور، سپی، سەوز و خۆرە زەردەکە لەسەرە. هەموو جاریش بە پێنووسە رەنگا و رەنگەکان؛ ئەو ئاڵایەم دەکێشاو؛ بە راکردن وێنەکەم نیشانی باپیرەم دەدا؛ دەیگوت ئافەرین و چوکلاتەکی پێ دەدام.

- کار لەکار ترازاوە!(باوکم هاواری کرد، کاتی ریشدارە ناشیرینەکانی بینی) بەرەو سنووری رۆژاڤا دەچین!

نەمزانی رۆژاڤا چییە و خۆم توند بە بۆدیەکە گرتبوو، عەدنانی برام سەیری کردم و گوتی:

- دەچینە سوریا، خۆت توند بگرە یافۆ گیان.

دووبارە باوکم بە ئۆتۆمۆبێلەکە پێچی خوارد؛ هاواری کردە ئێمە توند خۆمان بگرین، چون خێرا لێدەخورێ.

- به ڕێگای نێوان دهۆلا و دوکری بڕۆ؛ بەڵکۆ خۆمان لەو دڕندانە بە دوور دەگرین.

چووینە ڕێگایەکی خۆڵاوی پڕ لە کۆسپ و کەند. عەدنان هەر هانی دەدام؛ کە توندتر خۆم بگرم. تۆز بەری دونیای گرتبوو، ئێمەش لە دواوە سەرمان هێنابوویە خوارەوە. لە ناکاوە لە نێو تۆز و غوبار؛ لە دوورەوە؛ چەند ئۆتۆمۆبێلێکی شێواز نامۆ دەرکەوتن؛ کە ئاڵای رەشیان لەسەر بوو. گوێبیستی دەنگی گوللە بووم؛ باوکم بە شلەژاوی سەری دەرهێنا و هاواریکردین:

- سەرتان داگرن و توند خۆتان بگرن!

زۆرجوانم لەبیرە، بە نزیك ماڵی بێری دێوانە رۆیشتین، ئەو پیرەژنەی زۆر لێی دەترساین. دەستە بچووکەکانم ئارەقەیان کردبوو؛ بەرمدان و سەیریانم کرد... لەوکاتەدا باوکم لە تاسەیەکی دا، بە دەم دەنگی ڕێژنەی گوللە عەدنانی برام هاواریکرد...

چی بڵێم؟ کەوتنێکی زۆر ناخۆش بوو. ئەوەندە ئازارم نەخوارد؛ ئەوەندە دیمەنی دوورکەوتنەوەی بیکەپی باوکم؛ بزربوونی لە نێو تۆز و غوبار تاساندمی. هاوار و گریانی عەدنانی برام و لێدانی لە بۆدی پیکەبەکەی باوکم؛ دواشت بوون کە بینیم و بیستم و دواتر... بێدەنگییەکی خۆش!

تەپ و تۆزە قاواییی؛ وردە بەردە دەرپەڕیوەکانی ژێر تایەکان؛ ئەوەی خەریکبوو بمخنکێنێ؛ یەکڕاست گۆڕان... بوونە تەمێکی دڵگیر، ئاوپرژێنێکی ورد و دەمووچاومی بە نەرمی تەڕکرد. لەو کاتەدا دەیەها گوڵی پەمەیی لە دەورم بارین. بۆنێکی زۆر خۆشم بۆهات؛ ڕێك وەك بۆنی ئەو گوڵاوەی دایە نساف لەخۆی دەدا، کاتی دەچووینە مێوانی!

دەستخۆش باوکە کە رانەوەستایی و نەگەڕایەوە، چون لەم کاتەدا؛ سەیارەکانی داعش بە تەکمدا رۆیشتن؛ بەردەوام بوون لە تەقەکردن. باوەڕبکە باوکە؛ خۆت ئاسا هیچ لێیان نەترسام، کاتی تێپەرین، لە شوێنی خۆم لەسەر

پشت راکشابووم. بۆنیان زۆر ناخۆشبوو. لاشەی ئەوانم نەبینی، تەنها پێنج دڵی رەش و روحی بۆگەنم بینی؛ رێك پیچەوانەی خۆم؛ کە بریتی بووم لە روحێکی بلوری بۆنخۆش.

مەگری باوکە؛ لیێت خۆشبوویم و زۆرم خۆش دەوێی. تۆ ژیانی نۆزدە کەست رزگارکرد. رازیم ببمە بەردەبازی ئێوە، بۆ پەڕینەوە بەرەو ژیانێکی ئاسوودە؛ و شوێن پێتان ماچ دەکەم. دایە گیان بیرت دەکەم و زۆرم خۆش دەوێی؛ بەردەوام لە خەیاڵ لە باوەشتم. برا و خوشکە ئازیزەکانم بۆم مەگرین؛ باوەڕبکەن شوێنی من زۆر لە هی ئێوە خۆشترە. ببورن دەبی بڕۆم! بە راست؛ خەمی لاشەی منتان نەبێت... بینیم کاتی پەرییەکان دەیان ناشت.

# (30)

# ليلۆ خەڵاتم

- خۆت بگرە فەرحان... هیچمان نەماوە بگەین!

کاتی لە دوورەوە مەزاری شێخ شەرەفەدینم بینی، بە هێواشی ئەوەم پێگوترا، هوڕببوم و دەنگی تەقەش لە گوێم دەزرینگایەوە.

ناوم لیلۆیە، خەڵکی کۆمەڵگەی زورافای باشوری شەنگالم، هەرچەندە هاوسەرم بە هۆی جەڵتەوە پەکی کەوتووە. بەڵام بار و گوزەرانمان باشبوو. خەسووم کێڵگەیەکی گەورە و چەندین ئۆتۆمۆبیل و تراکتۆری هەیە. بیرمە بەر لە ماوەیەك، سەد ملیۆن دیناریان بە کێڵگەکەدا؛ بەڵام کوڕەکانی قبوڵیان نەکرد بیفرۆشن. لەگەڵ گەیشتنمان بە ئەستەم چاومکردەوە؛ چەند گەنجێکم بینی؛ بە راکردن بە هانامانەوە دێن؛ تراکتۆرەکە رادەگرن و دەمانهێننە خوارەوە. دوو گوللەم بەرکەوتووە. یەکێکیان بە سینگ و ئەوی دیکە بە قاچم. نازانم هاوسەرم چەندی بەرکەوتووە، کەچی برینەکانی فەرمان قوڕسن. چون ئەو تراکتۆرەکەی لێ دەخوڕی؛ کاتی دەستڕێژیان لێکردین راینەگرت؛ بۆیە ئەویان بە ئامانج گرت.

- هێوااش... بریندارم!

ببورن، لەگەڵ ئێوەم نییە، لەگەڵ ئەوانەمە کە منیان هێنایە خوارەوە. لەسەر زەوی درێژیان کردم، ئاوڕم لە هاوسەرم دایەوە، هەستمکرد باری خراپ نییە، بەڵام رەوشی فەرحان زۆر ئاڵۆزە. کاتی سەیرم دەکرد؛ وەك قارەمانێکی ئەفسانەیی دەهاتە بەرچاوم. لە ترسی ئەوەی بکەومە دەست داعش؛ دووجار هەوڵمدا خۆم بخەمە ژێر تایە گەورەکانی تراکتۆرەکە؛ کەچی ئەو نەیهێشت.

ئێستا لەوکاتەی تیمارم دەکەن، چاوەکانم دادەخەم و تیلماسکی رووداوەکانم بیردێتەوە.

ئیمڕۆ کاتژێر یازدەی بەیانی؛ پێیان راگەیاندین داعش گەیشتۆتە گوندی کۆلای عەرەبنشین، بە دووری بیستوپێنچ کیلۆمەتر لە رۆژهەلاتی کۆمەڵگەکەمان، هاوشێوەی خەڵکی ناوچەکە رامانکرد؛ بەرەو کێڵگەکەمان رۆیشتین ئەوەی دەکەوێتە نێوان زورافا و کۆهبل. کاتی گەیشتین؛ خەڵکێکی زۆرمان بینی، لەوێ لە ترسی داعش گردبووینەوە، ترومپای بیرەکەیان بەگڕخستووە و دانیشتوون نان دەخۆن.

زۆری پێنەچوو، ئۆتۆمۆبیلێك بەخێرایی هات و هەواڵی نزیکبوونەوەی داعشی پێ راگەیاندین، بە پەلەپروزێ بەرەو چیا کەوتینە رێ، تا گەیشتینە بیری ئۆرا. لەوێ بیرمان هاتەوەو کە هیچ ئازووقەکمان لەگەڵ خۆ نەهێناوە. وەك خۆبەخش بە تراکتۆر لەگەڵ فەرحان گەڕاینەوە. زیاتر ئامانجم ئەوەبوو هاوسەرەکەم رزگارکەم؛ ئەوەی لە زورافا لەبەر نەخۆشی جێمانهێشتبوو. ئەوەش کاتی هەواڵی ئەوەمان پێگەیشت؛ کە ئەم دڕندانە دەست لە کەس و هیچ ناپارێزن. بۆیە وەك شێتانم لێهات؛ مکوڕبووم لەسەر رزگارکردنی.

بە ترس و ئاگاییەکی زۆرەوە؛ گەڕاینەوە زورافا. هاوسەرەکەم لەگەڵ بارە ئازووقەیەك سواری تراکتۆرەکە کرد. لە گەڕانەوەمان رێگایەکی خۆلڕێژەمان هەڵبژارد؛ بەرەو بیری ئۆرا دەهاتین؛ کاتی دوو پیکابی مەرزیەی داعش، رێیان لێ گرتین. سەرەتا ئاماژەیان بۆ کردین کە راوەستین. زۆر ترسام، جلیان رەش بوو؛ دەمووچاویان بەدکاری و مووی لێ دەباری.

- خەمت نەبی براژن، گیانم فیدای شەرەفە ئیمڕۆ...( فەڕحان گوتی )
- نەخێر کاکە. تۆ راگرەو من خۆم فڕێ دەدەمە ژێر تایەکان. مردن زۆر لەوە باشترە بکەومە دەستیان.

لەوکاتەی ویستم خۆم هەڵدەم، فەرحان تێیڕاخوریم و هاواری کرد:

- نەکەی براژن... خۆت توندکەو کاکە بگرە؛ ئەوی دیکە بۆ من جێبێلن. بە گیانی خۆم پارێزگاریتان لێدەکەم.

هەرچەندە فەرحان هەوڵی دەدا و پێی لێدەنا، کەچی ئەوان، هاوشێوەی کەمتیارێك کە بۆنی خوێنی کردبێت؛ ئاوا وازیان نەدەهێنا. دووبارە ویستم خۆم بخەمە ژێر تایەکان. کەچی فەرحان بە تووڕەیی دەستی گرتم و هاواریکرد:

- ئارامبە براژن... من راناگرم و چی دەبێ با ببێ!

لەکاتەدا زۆر بە ترسەوە ئاوڕم دایەوە؛ ئۆتۆمۆبیلەکە نەیتوانی لە رۆیشتن بەردەوام بیت. پێنج کەمتیار هاتنە خوارەوە؛ تەقەیان لێکردین. دوو گوللەم بەرکەوت، چەند گوللەیەکیش پشت و پێیەکانی فەرحانی پێکا؛ هەستمکرد برینەکانی زۆر کاریگەرن. بەڵام هەر نەوەستا، بە دەستم ستێرنەکەم گرت، تا تراکتۆرەکە لە رێگا لانەدات، عەجمانی نەمابوو؛ سەری بەرەو دواوە رۆیشت؛ هەستمکرد خەریکە لە هۆشخۆی دەچێت. بە هێواشی پێمگوت:

- خۆڕاگربە پاڵەوان... هیچی نەماوە بگەین!

ئەوەبوو بەم شێوە گەیشتین. ئێستاش لێرە لە ژێر چارەسەرین. چاوم زۆر قورسە، ئاگادارم هەموو خێزانەکە لەسەر جەستە خوێناویەکەی فەرحان کۆبووینەتەوە، دایکی لە خۆی دەدا. حەیدەری برا بچووکەکەی دەگریی. لە هیکەوە خوشکەکەی هەڵسایەوە؛ ئاوڕی لە دایکی دایەوە و زۆر بە تورەیی گوتی:

- تەواو... من دەچمە چیا، بەگەڵ هێزەکان دەکەوم. تا تۆڵەی برام نەکەمەوە دڵم ئاوی ناخوات!

لەو کاتەدا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی قیژە و هاوار؛ چیتر خۆم بۆ نەگیرا و چاوەکانم داخستن، لە هۆشخۆم چووم!

## (31)

# منم موحسین مەهرەکانی

- وەی بابۆ؛ وەی براکانم؛ هاوارە تاووسی مەلەك. تو خودێ لێم گەڕێن با بگریم. لێم گەڕین لە بڕی فرمێسك؛ با خوێن بڕێژن چاوەکانم.

وەی باوکەڕۆ لەو کارەساتە. وەی بابە لەو دیمەنە، گومانم لەوەدا نییە، ئەو حەشرەی باسی لێوەدەکرێ؛ ئەوەیە! ئەو دۆزەخەی خەڵکی پێدەترسێنن؛ ئێرەیە! لێرە لە نێو چاڵی مەرگم؛ بە زیاتر لە نۆهەت جەستەی بێنازی گوللەباران کراو، دەورە دراوم. کە هی باوك، پێنج برا و دەیان خزم و کەسمە.

من موحسین میهرەکانیم؛ هەتیوێکی بێ باوك و برا، بێ پشت و نەوا، بێ کەس و نیشتیمان... ئای خودێ؛ دوێنی ئەم کاتە خاوەن خێزان، پارە و خانو بووین، کەچی بە کەمتر لە بیست و چوار کاتژێر، هەمووی رۆیشت و هیچی نەماا!.

نەفرەت لە داعش؛ نەفرەت لە هەرچی بیروڕا و ئایدۆلۆژیایە؛ ئەوانەی مرۆڤ دەکەنە دڕندە و لە پێناو بەهەشتێکی پەنهان لە ئاسمان؛ زەوی دەکەنە دۆزەخ... وەی بابۆ؛ وەی برا رۆۆۆ.

هەرچەندە بریندارم؛ و بە گوێرەی ژانەکانی جەستەم، دوو گوللەم بەرکەوتووە. کەچی جەرگم هەزار کونی تێکەوتووە. تو خودێ ئەوەی لاشە لێوانلێوەکەم لە خۆڵ و خوێن ببینێ؛ چۆن باوەڕ دەکات، قوتابی قۆناغی سێی زمانی ئینگلیزیم لە زانکۆی موسڵ؟ پێم بڵێن بڕوانامە و رۆشنبیری چ سوودیان هەیە؛ کاتی شوانکارە و بێسەوادە پێ پەتیەکانی ناوچەکە، بە زەبری چەك فەرمانیان کردین؟ باوەڕبکەن تاقەتی هیچم نەماوە، تەنانەت

حەزناکەم لەم دۆزەخەچاڵە بێمەدەر. ئاخر درەچم بۆ کوێی بڕۆم؟ روو لە کوێی بکەم؟ خۆ خانەوادەکانیشان بردین. خۆزگە منیش وەك ئەوانە مردبام، بۆ ئەم خەم و خەفەتە نەمابامەوە. ئاخر زۆرجار مردن رەحمەتە؛ رزگار کردنی مرۆڤە لەو نەهامەتیانەی؛ دواتر رووبەڕوویان دەبێتەوە! لەو هەموو ئەرك و یادگاریانەی؛ رزگار بوون پێی دەبەخشیت؛ ئەو بەرپرسیاریەتەی؛ ژیان دەیخاتە سەر شانی؛ لەو کاتەی مردن لە دوورەوە پێی پێدەکەنی. چون دەزانی ئەو سات مرۆڤەکە؛ لە بڕی ئەو ژیانە قوڕسە، هیوا بە مردن دەخوازێت. زۆرجار مردن دێت روحت نابات، بەڵام هەموو شتێکی جوان دەبات؛ روحێکی مردوو لە نێو جەستەیەکی زیندوو جێدێڵێ!!

دەتانەوێ چیرۆکی من بزانن؟ بۆتانی دەگێرمەوە، تا ئەگەر مردم بۆ جیهانی باس بکەن. نیوەی شەوی دوێنێ؛ سێی تەباخ؛ شەڕ گەرمبوو، دژ بە عەرەبەکانی (عێن غەزال، عێن فەتحی و خێلۆ) بەرگریمان لە کۆمەڵگەی تەلبەنات دەکرد؛ خوا عەین و چاویان خێل و کوێربکات. دوای دەرچوونی خۆر و نەهاتنی ئاریکاری؛ بە تەنیا ماینەوە. گرنگ خانەوادەکان رزگاریان بوو! کاتژێر حەوت؛ داعش بە چاوساغی عەرەبی ناوچەکە؛ بە هەمەری زرێپۆش هاتنەپێش؛ بە ناچاری پاشەکشەیان پێکردین. لەبەر نەبوونی هیچ هۆکارێکی هاتوچۆ لەگەڵ هاورێیەکم بە پێ رۆیشتین. کاتی گەیشتینە ماڵەوە هەمووان دەرچوبوون. ماوەی کاتژێرێك رۆیشتین؛ تا گەیشتینە ماڵی خاڵم لە گوندی قەنێ؛ خەڵکێکی زۆر لەوێ گردبوبوونەوە. پلان وابوو تاوێ لەوێ پشوو بدەین، بەر لەوەی بەرەو چیا بڕۆین. کاتژێر دووی پاش نیوەرۆ، هەمەرێکی تاوانباران هات کە دیلێکی ئێزدی پێبوو. لەسەر زمانی ئەو، بەڵێنی پێدابن کەس ئازار نەدەن؛ گوایە تەنها هاتوون چەك دامالن. دوای رۆیشتنیان؛ خەڵکێکی زۆر بەرەو چیا رۆیشت... خۆزگە ئێمەش دەرچووباین! کاتژێر سێ هاتنەوە. بەڵام چ هاتنەوەیەك؟ ئەوجارە سی هەمەری پڕاوپڕ لە ریشداری دڕندەی بۆندڕن بوون. دوو کەس هەوڵی راکردنیان دا؛ تەنها یەکیان

رزگاریبوو. ئەمیرە تاك چاوەکەیان؛ بانگهێشتی کردین بۆ ئیسلام؛ کەچی کەس وەڵامی نەدایەوە. هەڵوەستەیەکی کرد و لە دۆخەکە گەیشت. سەرەتا هەموو زێر، پارە و مۆبایلەکانیان کۆکردەوە؛ هەرچی منداڵێ خوار دوازدە ساڵانە، ناردیانەوە لای دایکەکانیان.

لە نزیك کەندرێك لەسەر چۆکیان دانایین؛ ئەمیری تاك چاو هات و بە تورەیی تێراخوریم:

- تۆ بووی دەتویست غاردەی؟ وانییە!
- نەخێر بەرێزم من...
- بێدەنگ بە هەی کافر!(قسەی پێ بریم؛ هاواری کردە کەسێکی کەتە، کە هیچ بە عێراقییان نەدەچوو) ئەبو یەزەن وەرە و تیماریکە.

زەبەلاحەکە بەخۆشحاڵییەوە هات، لوولەی بیکەیسییەکەی خستە سەر کەلەکەم. چاوم داخست و هاواری خودێم کرد. لەوکاتەدا هەموو تەمەنم، وەکو فلیمێکی سینەمایی هاتە بەرچاو. ئەو هەموو خوێندن، شەونخونی و ماندوو بوونە؛ ئێستا بە دەستی لەندەهۆرێکی بێ سەواد و لە خۆڕا بکوژرێی؟ وای قەدەر چەندە نا دادپەروەری! کەچی گوێم لە چرکەیەك بوو! ئاگاداربووم جارێکی دیکەش پەنچەی پێوەنا و هەمدیس چرکەی هات؛ زانیم ئەمڕۆ نامرم! لەوکاتەدا دەنگی ئەمیرەکەیان بەرزبۆوە:

- بەناوی خوا... ئاگر لە تفەنگەکانتان بەردەن.

دەنگی شێلنگی گوللە هات، ئاوڕم لەو کەتەی دواوەم داوە، کە هەر میلی چەکەکەی دەهێنا و دەبرد؛ کاتی سەیری ناوچاوانیم کرد، باوەڕبکەن لێم ترسا. دەزانن بۆ؟ چون ئەو ترسنۆکێکی ستەمکارە، خۆی لە پشت چەکەکەی شاردۆتەوە. نازانم ئەم هەموو بوێریەم لە کوێی بۆ هات، دەستم درێژکرد تا چەکەکەی لێ بسێنم؛ قۆنداغێکی لێدام و منی فرێدایە نێو چاڵەکە. لەگەڵ کەوتنم، سەدان گوللەی دی؛ بە ئاڕاستەی ئەو هەموو جەستانەی نێو چاڵەکە داباری.

خۆم لە ژێر تەرمەکان مات کردبوو، بە لاچاوێك بینیم؛ داعشێکی کەتە، وابزانم هەر ئەم گەمژەبوو، بە دەمانچە تەقەی لە برینداران دەکرد. ئەوەندە خۆشحاڵ دیاربوو. دەتگوت بەم کارە دەچێتە بەهەشت! ئاگاداربووم کاتی مەخزەنی دەمانچەکەی گۆڕی؛ بە زمانی تورکی قسەی دەکرد و منگەی دەهات. زانیم برینم سەختە بەڵام نەجولامەوە. دواتر بە عەرەبی لەگەڵ کەسێکی دیکە قسەی کرد؛ ئەویش هاتە خواریێ (چاڵەکە نزیکەی سێ مەتر قووڵ دەبوو) بە پێکەنین و هێنانی ناوی خودا؛ تەقەی لە لاشەکان دەکرد. پاشان گوێم لە دەنگەدەنگێکی سەیربوو، بەڵام گومانمکرد. وەك ئەوەی نوێژ بکەن! ناکرێ مرۆڤ ئەوەندە دڕندە بێت. بۆیە چاوەکانم داخستن لە چاوەڕوانی ڕۆیشتنیان.

دوای گڕدانی ئەم دۆزەخە، بە دڵخۆشی بەرەو بەهەشت چوون! ئێستا ئەوان وا بیردەکەنەوە! بێخەبەر لە ئێمەی نێو دۆزەخەکە. تو بڵێی ئەوەی بچێتە بەهەشت؛ لە خۆشیان کەسی لە یاد بمینێ، یان بیر لە تاوانەکانی بکاتەوە؟

دوای نزیکەی نێو کاتژێر هەڵسامەوە، هەستمکرد بوونەوەرێکی خەیاڵیم؛ لە خوێن و خۆل درووست کراوم. تەنانەت چاوەکانم نەدەکرانەوە. جارەك دونیا روون بوو کاتی ڕێزەی خوێنم بینی، زانیم کەسانی دیکەش لەم دۆزەخە رزگاریان بووە. لە نێو لاشەکان گەڕام. تەرمی باوك، پێنچ برا، خزم و هاورێیەکی زۆرم بینی، ئێستاش وا بە تەوسەوە؛ قسەتان لەگەڵ دەکەم و دەگریم!

- وەی بابۆۆۆ... خۆزگە ئەوە خەون بێت و لێی رابم، ماوەیەکە چاوەکانم بە توندی دادەخەم و دەکەمەوە؛ بەڵکو ئەم مۆتەکەیە بەرم دەدات؛ لەسەر پێخەڤم هەڵدەستمەوە! کەچی بێهوودەیە.

باشە دەبی ئێمە چیمان کردبێ؛ تا شایستەی ئەم کارەساتە بین؟ بۆ دەبێ ئەوانە هێندەیان رق لێمان ببێتەوە؟ قەد ئازارمان نەداون. سووکایەتیمان بە خوایان نەکردووە و خۆشمان دەیپەرستین. دڵیانمان نەشکاندووە. باشە دەبێ ئەم

هەموو قینەیان لەکوێی هینابێت؛ تا دونیامان لێ بکەن بە دۆزەخ؟ بۆ دەبێ کووشتنی ئێمە خودا دڵخۆش بکات؟ مەگەر ئێمەش بەندەی ئەو نین و ناپەرستین؟ ناکرێ ئەم دڕندانەی داعش لە عەدەمەوە هاتبن. نەخێر، ئەوانە هەمووی عەرەب و تورکومانی ناوچەکەن؛ کەچی دەمامکیان لە سەر رووە قێزەوەنەکانیان لادا. سەد ساڵی دیکەشی لەگەڵ بێت. هەزار دەمامکی رەش بپۆشن؛ بێگومان دەیان ناسینەوە. بەڵام دەبێ ئەم هەموو قینەیان لە کوێی هێنابێت؟ تۆ بڵێی چەندین ساڵە ئەم رقەیان چۆن شاردبێتەوە؛ کە ئێستا لە ژێر پەردەی داعش؛ وەك گڕکان تەقاندیانەوە؟ باشە بۆ؟ لە پای چی؟ باشە ئەوانە نازانن کردەوەکان لە دونیا قەرزن؛ ئیمڕۆ بیت یان سبەی هەر دەیدەنەوە! زیندەبەچاڵمان دەکەن؟ مەگەر ناترسن خودا بە خانەوادەوە زیندەڕماوتان بکات؟ چی؟ واتا بە زیندویی بتانخاتە ژێر دار و پەردووی خانووە رماوەکانتان!

دەنگە دەنگی مام خەلەف و دوو کوڕە بریندارەکەی؛ منی هێنایە هۆش؛ بە خشەخش بە دوایان کەوتم، باوەڕبکەن حەزم نەدەکرد ئەم شوێنە جێبێلم، چون شەش پارچەم لەوێ ماوە. کەچی دەبێ بە دوای هەواڵی خانەوادەکەم برۆم! بۆ دواجار سەیرم کردن و لە چاڵەکە دەرچووم . زارم پڕ بوو لە خۆڵ و وشەی نەگوتراو؛ بە شێوەیەك؛ هەناسەم بۆ نەدەدرا. هەستم کرد خەریکە حەژمەت، گریان و تۆز دەمخنکێنن، ماوەیەك خەریکبوو خۆ بە دەستەوە بدەم. بەڵام کاتی بیرم هاتەوە؛ لە ماوەی کەمتر لە بیستوچوار کاتژمێر، سێ جار لە مردن رزگارم بووە ورەم هاتەوە بەر، لە گڕی جەنگ، ئاگری بیکەیسی و لە دەمانچەی برینداركوژەکان؛ ناکرێ تەپ و تۆز لێرە بمکوژی! نەخێر ئەمڕۆ من نامرم...

- هاوارە خودێ و تاووسی مەلەك.

بە هنکەهنك وەك نیمچە مردووێك؛ لە رۆیشتن رووهەڕوو بەردوام دەبم؛ تا هێزم لە جەستەبێت. هاوارە خودێ بۆ کەمێك ئاو... ئەوە چییە ؟ وا لە

دوورەوە کیسـەیەکی رەشـم لـێ دیـارە! بـەڵکو شـتێکی شـەداری تێدا دەبێت و قورگـە وشـکەکەم تـەڕ دەکـەم. باوەڕبکـەن بـە دەسـتێکی لـەرزۆك وا خەریکـە دەیکمەوە؛ نزای خێر بۆ ئەو کەسە دەکەم کە لێی کەوتووە؛ یانیش بە ئەنقەست بۆ کەسێکی وەك منی جێهێشتووە؛ کێ دەزانی!

- خیار و بوتڵێك ئاو! زۆر سوپاس خودێ بۆ ئـەم دیارییـە بـە نرخـە. بـق بققق... ئاااح.

بـە خـەویش شـتێکی وا روونـادات. بـەڵام پێویسـتە زۆر بـە پـلان بیخـۆم و بیخۆمــەوە. لــە ژێــر پــەردەی ئــەم تاریکییــە؛ لــە تــاریکی دەوڵــەتی داعــش دوورکەومەوە. رێگام دوورە، سەرەتا دەچمە مهرکان؛ لەوێ لـە دامێن چیا بـە ئاوی کانیاوە ساردەکان دەمووچاو و لاشەم دەشۆم؛ لای خزمان پشوویێك دەدەم، دواتر بەرەو بیری ئۆرا رێدەکەم.

بەر لەوەی جێتان بێڵم و بەرەو ئامانج بڕۆم. لێرە و لـەم شوێنە چۆڵـە؛ بـەم جەستە بریندار و دڵە ماندووەم؛ دەمەوێ شتێکتان پێ بڵێم. راستە تـەنها دوو گوللــەم بەرکــەوتوو، بــەڵام دڵــم هاوشــێوەی کاســەیەك، لــە ســەد لاوە شــکاوە. هێوادرام لە بیرم نەکەن؛ هەواڵم بە جیهان بگەینن. هەواڵی نەتەوەیەك جگە لـە خۆشەویستی؛ هیچ تاوانی دیکەی نەبووە!

# (32)

## مەیان خانم

- وا داکێ... وا داکێ؛ بۆ نایلێی رۆڵە؟ بۆ بانگم ناکەی؟ بۆ وا بێدەنگی هەناوم؟ چییە بە تەمای جێم بێڵی؟ ئۆخەی لەو روومەتە جوانانە!(ئموەح) ماچی چەند خۆشە مااچ!(ئموەح) ئۆخەی لەو بۆنە خۆشە. لەو پرچە خاوە. دە چاوەکانت بکەوە و سەیرمکە کوڕم! (بە گریان).

ئەی هاوار تاووسی مەلەك، هاوارە خودێ. بۆ هەر دەبێ لە دونیا خەم و خەفەت بخۆم؟ چەندین ساڵ بە تەنیایی و ماڵوێرانی، چاوەڕوانی هاوسەرە دیلەکەم بووم، تا لە ئێران هاتەوە. دواتر خودێ بە بەرەکەتی خۆی سامی و سامیەی پێبەخشین، بە شەو نخونی من و جندۆی هاوسەرم بەخێومان کردن. وااى چەندە ناخۆشی و ماڵ وێرانیمان بینیوە، تا گەورەمان کردوون. لە کوێی جندۆ؟ رەنج بەخەساربووین جندۆ... ماڵباتی خڕۆی خڕی وێران بوو. ئەمڕۆ دوازدە شەهیدمان دا جندۆ... ماڵمان کاولبوو جندۆ، شەرەفمان هەتك کرا؛ سیوپێنچ کچ و ژن؛ لەگەڵ سێ منداڵی بچووکیان رفاند. قڕانمان بۆ هات جندۆ. لە پیاوان تەنها جەمیل، لە ژنانیش من، کۆری و چەند بە تەمەنێکی دیکە رزگارمان بووە. ئەی هاواار... (گریان) .

هۆۆۆ خاڵ عەتۆ، کاکە خەلیل، بەرەکات... بۆ وەڵامم نادەنەوە؟ سالم و عیدۆ هەستن؛ لەگەڵ سامی پیاسەکی دەمەو ئێواران بکەن! (گریان) بۆ کەستان وەڵامم نادەنەوە؟ عەیشان خان تۆ بۆ رۆیشتی و جێتهێشتم خوشکۆڵە؟ ئەرێ بۆ کەستان وەڵامم نادەنەوە؟

من کێم؟ ناوم مەیان عەڤدی هەشبەسەرە، پێم دەڵێن دایکی سامی...

وااای سامی، کوڕە جوانەکەم. نەوزاوا جوانەمەرگەکەم. واداکێ...(گریان) چی؟ حەقمە وابگریم، ئەوە یەکەم شەوە باوەشم لێنادات و قسەم لەگەڵ ناکات. تەنانەت ئەو شەوەی بە زاوا بوو، بەر لە خەوتنی مۆبایلی بۆ کردم... کوڕە سامی، چاوجوانەکەی دایە؛ جوابم بدەوە! (گریان) خودێ هاوارە و ئەم مۆتەکەم لەسەر هەڵگرە. ئێستاش باوەڕ ناکەم، ئاخر ئەوەی روویدا رێك لە فلیمی ترس دەچوو.

بەیانی کاتژێر شەش؛ لە تەلعوزێر دەرچووین و هاتینە ئێرە... خۆزگە نەهاتباین! ئەو بیرە ئاوە نەفرەتیانەی حەوت کیلۆمەتر لێمان دوورن. دەنگی تەقەهات و زانیمان داعشە. ئۆتۆمۆبیلێك هات و حەوت دێوەزمەی تێدابوو. لەبەر سەلامەتی ئێمە؛ پیاوەکان ئاڵای سپیان هەڵکرد. هاتن و گوتیان هیچ مەترسن. با پیاوەکان چەك و مۆبایلەکان بدەن. دواتر زێر و پارەکانیشیان برد. پاشانەکینێ داواکارییەکی نامۆیان کرد، کچ و ئافرەتە تەمەن بچووکەکانیان بردە ژوورێك؛ ئێمەش ئەوانەی سەرووی چڵ ساڵانین، لە ژوورێکی دیکەیان دانایین. بە بەهانەی قسەکردن، پیاوەکانیان لێمان دوورخستەوە. دەرگاکانیان لەسەر گاڵەدان، دوای کەمتر لە چارێگەك، سێیان لە پیاوەکانمان لە ژوورێك دانا و سێیان بردە دەرەوە، بۆ حەوشەو؛ ئەوەی حەوتەمیش هەر لای ئۆتۆمۆبیلەکان مایەوە. لە ناکاو ئەوەی لای ئۆتۆمۆبیلەکانیان کوشت. لە هەمان کاتدا تەقەیان لەوانەی ناو ژوورەکە کرد، دواتر بە پەلە ئەوانی حەوشەیان کوشت!

ئای کاتێکی چەندە ناخۆشبوو، دەنگی تەقە و هاواری پیاوان، تێکەڵ بە قیژەی ژنان و گریانی منداڵان بوو. هاوارمان کرد و لە دەرگامان دا؛ کاتی لێیان کردینەوە، بۆمان دەرکەوت؛ کە بەر لە کوشتنی پیاوەکان، ژنەکانیان بە ئۆتۆمۆبیلی خۆمان رفاندووە. رۆیشتن و ئێمەش دەستمان کردە گریان و لە خۆدان. ماوەیەك بەم حاڵە ماینەوە، بەڵام لەبەر گریانی منداڵان و نەبوونی هیچ خۆراکێك؛ لە ترسی گەڕانەوەیان، ژنە بە تەمەنەکان منداڵەکانیان برد و

بەگریان بەرەو چیا ڕۆیشتن. نەڕۆیشتم و لەگەڵ تەرمەکان مامەوە. نااا نا... سامی نەمردووە، دوای ئەم هاتووهاوار و دەنگە دەنگە، سەری ژانی کرد. تۆزێك نووستووە و دواتر رادەبێت! (گریان) ناکرێ مردبێ، ئاخر دوای ئەو؛ چیم دەمینێ بۆی بژییم؟ ئەوەتا ئەوان کچ و نەوبووکەکەیان بردم... منی بێکەسی بابان وێران چیم دەمینێ؟

- سامی گیان؛ ئۆخەی کورە جوانەکەم!(ئمووەح) ئۆخەی ماچی چەندە خۆشە. واداکێ... بۆ واناڵێی؟ تو نازانی چەندە شیرین لە زارت دێتە دەرێی؟

خەمت نەبی رۆڵە؛ نارۆم و لێرەت جێناهێلم. نەخێر نارۆم و واتەماشام مەکە... ئۆخەی. دەزانم شەو درەنگە، سەرمات نییە رۆڵە؟ نیگەران مەبە و بە ئیسراحەتی خۆت بخەوە؛ نارۆم. وەرە باوەشم هەناوم. دەزانی چییە؟ هەڵسە با بە یەکەوە بڕۆین، دەی رۆڵە تۆزەك خۆت سووك بکە، با یارمەتیت بدەم... چی چی؟ (پێکەنین) کوڕم کاتی منداڵ بووی، هەزاران جار لە باوەشم کردووی. چی ئێستا ناتوانم؟ مەترسە رۆڵە، دایکت زۆر ئازایەو خۆت دەزانی بێ هۆ، باپیرەت ئەم ناوەی لێنەناوم! بزانە سامی؛ بڕیارم داوە لێرەت جێنەهێڵم. دەتبەمەوە مەزاری شێخ مەند و لەوێ دەتن...! باوەڕبکە دڵم نایی قسەکە تەواو بکەم.(گریان) ئێستا لە پشتت دەکەم و بە یەکەوە دەڕۆین. ئۆۆف... نا نا کوڕم، تۆ کێشت زۆر نییە، ئەوە منم کە هێزم لەبەردا نەماوە. راوەستە ئەوە لێچەگ و قایشم دادەنێم، تا بە پشتی خۆمت ببەستمەوە. نەخێر، لێرەت جێناهێڵم. وااای نازانم بۆ هێندە بێهێزم؛ ناتوانم لە پشتت کەم، مەگەر نۆ مانگ لە سکم هەڵم نەگرتووی؟ باوەڕبکە کۆڵنادەم؛ لە پشتت دەکەم و بەیەکەوە دەڕۆین. هاوارە تاووسی مەلەك. ئۆخەی توانیم لە پشتت بکەم رۆڵە؛ وا هێواش هێواش دەڕۆین... تڕاااخ. هیچ نییە رۆڵە، من باشم بەڵام بەربوومەوە؛ تۆ باشی هەناسەم؟ چاوم کوێربێت کە تۆم وا بەرداوە!(گریان) ئەی هاوارە خودێ هێزەکم بخەرە بەر، یارمەتیم بردە، من چ

خێرم لە ژیانم دیووە؟ نیوەی تەمەنم بە دوای هەواڵی هاوسەرێکی شون بزربووم. تا هاتەوە، نامەوێ ئەو تەمەنەی ماومە؛ بە دوای مەزاری کوڕێکی گۆڕبزر وێڵ بم!

هۆۆۆ ئاسمان... بۆ نزاکانم قبوڵ ناکەی؟ داواکارییەکی ئەوەندە قورسە؟ کاتێ تۆ ژیانی کوڕەکەمت نەپاراست، بۆ یارمەتیم نادەی تا لاشەی بپارێزم؟ دەمەوێ بە رێکی بینێژم، بەڵکو گۆڕێکی دەبێت، دواتر بە سەردانی دڵم فەرەحنایی دێتەوە! چییە ئەوەشم پێ رەوا نابینی؟ ئەو کافرانەت ئەوەندە لا گەورەیە؛ ئێمەت هاوشێوەی مەڕ خستۆتە بەردەستیان؛ لە سەرمان نایێتە وەڵام؟ باشە بۆ هێندە پاڵپشتیان دەکەی؟ خۆ ناکرێ تۆ ئەم دڕندانەت خۆشبوێی؟ ئەگەر وانییە؛ بۆ رازی بووی وامان بەسەر بێنن؟ بۆ دەهێڵی بە ناوی تۆ، ئەوەندە مرۆڤ بکوژن، سەرببڕن و بە کۆیلە بکەن؟ ئاخر تۆ زۆر لەوە گەورەتری، تا بە خوێن نزات بۆ بکرێت؛ تاقانەیەکی بەستەزمانی وەك کوڕەکەمت، بۆ بکرێتە قوربانی. دەزانی چییە؟ جاران کە بە سیفەتی پیاوانە باسیان لێوە دەکردی، دەمگوت وانییە، زۆر لەوە میهرەبانترە پیاو بێت. ئێستا دڵنیابووم. چون ئەگەر وانەبا، هەستت بە ئازاری دایکێکی جگەر سووتاو، بێوەژنێکی بێ هێز، خوشکێکی تەنیا دەکرد! هەرگیز قبوڵت نەدەکرد، ئەم دڕندانە کوڕم بکوژن، کچ و بووکم سەبی بکەن!

- جێت ناهێڵم سامی گیان!(ئمووەح). وەرە باوەشم کورە خۆشەویستەکەم، ئەمشەو وەك منداڵێك دەتبەمە باوەشم؛ تا خەوت لێدەکەوی لایەلایەت بۆ دەکەم. هەرگیز جێت ناهێڵم زاوا جوانەکەم.

لولای... لولاای سامۆکە... کوڕە جوانەکەی داکێ!(ئمووەح) ئۆخەی بۆنت چەندە خۆشە. کوا وەرە سەرت لەسەر باسکم دانێ؛ نەوەك لەسەر عەرز ئازار بخوات و ملت شل بێت. حەکایەت؟ باشە بە چاوان؛ چیرۆکی عەڤدال زینکی و شالورت بۆ دەگێڕمەوە. بەڵام شەو درەنگە و تۆ ماندی، بخەوە و بەیانی بۆتی دەڵێم. نیگەران مەبە رۆڵە، بەیانی خودێ و تاووسی مەلەك

دەرگایەکمان لێ دەکەنەوە. هەموو تەمەنم لە خزمەتی ئەوان بەسەر بردووە. تۆ بڵێی ئەم هەموو نزا، پاڕانەوە، رۆژوو گرتن، مراز و خێرکردنە بە خۆڕایی بچێت؛ لێرە تەنیامان جێبێڵن؟ بخەوە رۆڵە جوانەکەم؛ زۆری نەماوە خۆر دەرکەوێ. منیش تۆزێ چاوەکانم دادەخەم.

- واداکێ... واداکێ، چییە دایە دەڵێی منداڵم وام لەگەڵ دەکەی؟ (بە زەردەخەنەوە)
- ئۆخەی سامی گیان، سوپاس بۆ خودێ تۆ هێشتا زیندوویی؟ (بە خۆشییەوە)
- باش گوێبگرە دایە گیان، لە من مەترسە، من ئێستا لەگەڵ ئەو خزم و دۆستانە لای تاووسی مەلەکین. لە شوێنێنك کە هیچ ترسم لەسەر نییە.
- باشە ئەو بۆ دەتباتە لای خۆی؟ خۆی دەزانی من تەنها تۆم هەیە، بەس نییە؛ ئەو هەموو خزم، دۆست، باوك، دایك و هاوسەرمی بردووە؟ با تۆم بداتەوە و تەواو.
- واداکێ؛ واداکێ خۆت دەزانی ئەوەی روویداوە چارەنووسە، تازە ناگەڕێتەوە. دەبا شتێکت بۆ بڵێم، سەرجەم روحەکان رۆیشتوون، تەنها هی من و لەبەر تۆ، لێرە ماوە! ئاخر ناتوانم لێرە؛ لە نێو ئەم هەموو لاشە، خوێن و خەفەتە بە تەنهات جێبێڵم. باشە داکێ، بۆ لەگەڵ جەماعەت نەڕۆیشتیە چیا؟
- واداکێ چۆن دڵم دێنی بڕۆم؛ لاشەت لێرە جێبێڵم تا گورگ و سەگ بیخۆن؟ چۆن لێرەت جێدێڵم تا نەت...، ببورە مەقسەدم جێومەکانت پێ نەناسم، تا بەردەوام سەردانت بکەم؟ تا لاشەت ئارام نەگری من ناڕۆم رۆڵە؛ تەمەنێك چاوەڕێم کرد تا بێی، تەمەنێکیش چاوەڕێت دەکەم، تا بە ئارامی بڕۆیت.
- واداکێ، باش دەزانی دوای کوشتن؛ مەڕ هیچ ئاگای لە کەوڵکردن

نییە. لە شوێنێکین دەستی هیچ خراپەکارێکمان پێ ناگات. بە دوای خوشکە خۆشەویست و هاوسەرە بێنازەکەم بڕۆ، بووکە سێ مانگییەکەم داکێ. بەڵکو بتوانی لە دەست ئەم کافرانانەیان رزگارکەی. بیرتە هەمووجار دەمگوت واداکێ؛ چەندە ئازا، بە جەرگ و بە هێزت دەبینم. دەتگووت: " باوکم بە ناوی ئازاترین ژنی ناوناوم، مەیان خاتونی کچی عەبدی بەگ، ئەو شێرە ژنەی؛ دووجار جەرگی سووتاوە، کەچی هەر خۆڕاگربووە. جارێکیان بە کوژرانی هاوسەری (عەلی بەگی سەرداری شێخان) دواتریش کوڕی (سەعید بەگ).

- چۆن دەکرێ لێرەت جێبێڵم؛ کوڕی خۆم ؟
- واداکێ؛ ئیمە شەهیدین و لە پارێزگاری خودێین. بە دوای سۆراخی رفێنراوەکان بکەوە، ئەوان لە ژێر دەستی ئەهریمەنن، پێویستیان بە یارمەتییە! بڕۆ دایە گیان، خۆشم دەوێن.

سامی...سامی!(چاومکردەوە) خۆم لە هەمان ژوور لەگەڵ لاشە، پارچە و خوێن بینی، سامی کورە جوانەکەم، زۆر بە ئەسپایی چاوەکانی خستبوونە سەر یەك، زانیم وەنەوەز منی گرتۆتەوە، ئێستا بەو بەیانییە هەڵساوم.

- باشە کوڕە جوانەکەم؛ تۆ بە خودێ و تاووسی مەلەك دەسپێرم؛ بە دوای ئەو دوو بێنازە وێل دەبم. بەڵام چاك بزانە، دڵی خۆم لێرە لات جێدێڵم؛ لە ئێستاوە دەمرم، تا ئەوکاتەی عوزرائیل، کەرەم دەکاو من بە تۆ دەگەینی. بێنە سەرە جوانە بەرزەکەت، بۆ دواجار ماچ کەم؛ کورە ئازاکەم!(ئمووەح) دەڕۆم و بە خودێت دەسپێرم؛ ئەوەی هیچ سپاردەیەك ون ناکات.

## (33)

# باسمی حەردانیم

- ئشش... کاتی قسەکردن نییە، بۆ خاتری تاووسی مەلەك قسەم پێ مەکەن... قیق قاااق.

ببورن من خۆم لە کۆلیتی مریشك شاردۆتەوە؛ ناوێرم فزە بکەم؛ نەوەك مریشکەکان گارەگاربکەن و جێگام ئاشکرابێت! چی چی؟ نەخێر منداڵ نیم و تەمەنم حەڤدە ساڵانە. نەوێرۆك؟ نەخێر ترسنۆك نیم؛ بەڵام ئێوە نازانن چ باسە... ئشش. باشە باش ئەوەندە پرسیار مەکەن، بە هێواشی و کورتی چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕمەوە!

کاتژێر یازدەی بەیانی بوو؛ کاتی داعش هاتە حەردان. ئێمەیان لە ناوەڕاستی گوندەکە کۆکردەوە؛ گوتیان ترستان لەسەر نییە. کاتژێرێك لامان مانەوە و وێنەیان لەگەڵ گرتین. راستیەکەی زۆر لێیان دوودڵ و نیگەران بووین. دوایی نیوەڕۆ؛ لە نزیك چوارِ ریانی حەردان هەستمان بە ئاڵۆزی رەوشەکە کرد. باوکم پەیوەندی بە گوندی حەردانی بچووك کرد. گووندنشینەکان تورکومان و لایەنگری داعشن، گوتیان زووکەن خۆتان رزگارکەن، چون ئێمەش کەوتوینەتە ژێر دەستیان و هیچمان پێ ناکرێت!

گەڕاینەوە حەردان... ئشش... قیق قاق... ببورن دەبی زۆر وریا بم. گەڕاینەوە ماڵ، باوکم پێشنیازی ئەوەی کرد؛ بچنە ماڵی کریڤی خوێن لە حەردانی بچووك. هانا بۆ مام شاکر بەرین؛ و شەو لە ژێر باڵی تاریکی بەرەو چیا راکەین. باوکم هەمدیس مۆبایلی بۆ کرد و گوتی: " هەر ئێستا وەرە کریڤ! ". ماڵباتی ئێمە هەژدە کەس بووین، بە ئۆتۆمۆبیل چووینە

لایان. بەخێر هاتنیان کردین؛ دانیشتین و لەگەڵیان چایەمان خواردەوە. من و موحسینی برام هەستمان بە نیگەرانی کرد و دڵمان توندبوو. هەرچەندە لە مرووزیان رادەماین؛ هەستمان بە بەدکاری دەکرد. کاتژێر بووە هەشت. بە دووان چوینە حەوشە و لای کۆلیتەکەی بەرامبەر دەرگا وەستاین. لە ناکاو؛ دەنگی وەستانی چەند ئۆتۆمۆبیلێك هات. موحسین نزیك دەرگای ژوورەوە بوو؛ چووە پێش تا بزانی چ باسە. کریڤەکەمان دەستی گرت و بردییە ژوورەوە و منی نەبینی. بە راکردن خۆم خستە نێو کۆلیتەکە و خۆم کڕ کرد. ئەوە سێ کاتژێرە خۆم لێرە ماتکردووە. ئێشش ئەوە دەنگی دایکمە!

- خودێ لە سەرتان هەڵناگری، بۆ وامان لەگەڵ دەکەن؟ چیمان لە ئێوە کردووە؟ متمانەمان بە ئێوەکرد بۆیە هاتین. ئەی ئێوە کریڤی خوێن نین؟ بۆ قسە ناکەی مام شاکر؟ ئەی موحسین لە کۆشی تۆ چووکی نەبڕدرا؟ ئەوها پیاوەتیمان نیشان دەدەن؟ حەیف و سەد مخابن بۆ ئەو موورانەی سەر دەمت؛ کەپێی دەڵێن سمێل و لە توکی سەگ بێقیمەتترە!
- چی دەڵێی بێلێ دایکی موحسن، ئێمە ناتوانین بتانشارینەوە. دەوڵەتی ئیسلامی پێتانی زانیوە و دەتانبات.
- هیچ ناڵێم بەس حەوالەی ئەو خوایەتان دەکەم؛ کە دوژمنی درۆ، ناپاکی و بێ پەیمانییە. چون ئێوە نەوەك پیاو بەڵکو مرۆڤیش نین. ئاخر چۆن پێتان کرا؛ ئاوا سەر و گیان و ناموسی کەسانێك بفرۆشن، کە پەناگیرتان بوون! هەرچەندە تفکردن لە ئایینمان، هاوشێوەی پەیمان شکاندن لە ئایینی ئێوە حەرامە، بەڵام دەزانی چییە؟ تفوووو هەی نامەردی نا پیاو!
- هەرچییەکی دەکەی و دەڵێی بڵێ حورمە، بەڵام ناهێڵم کەستان لەو ژوورە بچنە دەرەوە!

وەختە لێرە لە خەمان شەق ببەم و هیچیشم پێناکرێ!(گریان) هاوارە

تاووسی مەلەك. دەزانن، قەد دایکم وا بەتوڕەیی نەدیووە! نیو کاتژێرە دوای قسەکانی دایکم؛ سەرجەم دەنگەکان بڕاون!... ئشش؛ گوێتان لێیە؟ دەنگی کۆمەڵە ئۆتۆمۆبیلەك دێت! هاوارە تاووسی مەلەك. بێدەنگ بن توخوا... ئەوەندە داعشە چییە هاتن ودەوری خانوەکەیان گرت؟ ئەی هاوار!(گریانێکی کڕ) ئەوە لە نێو کۆلێتەکە و لە میانی کوونێکەوە سەیریان دەکەم. هەموو خانەوادەکەمەیان هێناوەتە دەرەوە؛ پیاو و ژن لە یەك جیا دەکەنەوە و بەجیا سواری لۆرییان دەکەن. ئەوە موحسینی برامە هەر تەماشای کۆلیتەکە دەکات، پەنجەی دۆشاومژە لەسەر دەمی دادەنێ، ئاها تێگەیشتم؛ دەڵێ بێدەنگبە و دوایی راکە. ئەی هاوار بۆ کوێیان دەبەن؟ ئشش... ئەوە بەرپرسی داعشەکان بە تورکی لەگەڵ شاکری ناپاك قسە دەکات:

- پەنا بەخوا؛ قەد ئەم چاکەتان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە یاد ناکرێت. دەستخۆش کە ئەم دێوپەرستانەتان رادەست کردین، تا بەسزای خۆیان بگەن.
- سوپاسی خوا بکە براکەم؛ ئێمە هەموو سەربازی ئەم دەوڵەتە موبارەکەین. هیوادارم دواتر ئەم خزمەتە بچوکەمان لەبەرچاو بگیرێت!

ئێع ئێع... خەریکە رشانەوەم دێت؛ نەخێر لەبەربۆنی چیق و پاشماوی پەڵەوەرەکان نییە؛ بەڵکو لە ئاست ئەم رەفتارە ناپەسندە! ئاخر هەندێجار هەڵسووکەوت و گوفتاری مرۆڤ؛ زۆر لە پاشماوەی ئاژەڵان بۆن پیستر و قێزەوەنترە!

ئەوان رۆیشتن و تا ئێستا خۆم لە کۆلیتەکە ماتکردووە. کاتی سەیری مریشکەکان دەکەم، وا بە کڕی و بێدەنگی سەیرم دەکەن؛ دەڵێم دەبی هەست بە ترس و دڵەراوکێم بکەن؛ وا کڕ و فسداون؟ دەکرێ وەك جووجەڵەیەك سەیرم بکەن؛ کە دایکی بەرەو سەربڕخانە براوە؛ بە وان بێت بمخەنە ژێربالی میهری خۆیان؟ لەوکاتەی زمانحالیان بڵێ: " مەرۆ دەرەوە رۆڵە، ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم کۆلیتەن؛ هەمووی دڕندە، گۆشتخۆر و سپڵەن! هەر لە پشیلە تا دەگاتە

مرۆڤە سپلەکان! ". کاتژێرەکەی دەستم دوازدەی شەو نیشان دەدات، بەترەکی شەو لێرە خۆم مات دەکەم؛ دواتر دوڵاودۆڵ بەرەو زورافا؛ دواتر بیری ئۆرا و چیا دەرۆم...

ئەگەر شتێکم لێ بەسەرهات، تو خودێ لەبیرنەکەن ئەم چیرۆکەم بە جیهان بگەینن. بەر لەوەی بڕۆم دەبێ سوپاسی خودا بکەم؛ سوپاسگوزاری ئەم مریشکانە بم، چون بە کڕی منیان لەخۆگرت و دۆقەدۆقیان نەکرد؛ زۆر لە کریڤە ناپاکەکەمان رەسەنتر بوون و هەواڵیان لێ نەدام.

# (34)

## نازانم ناوم چییە !

- وااای... وییع، وااای... وووع، گغ... گغغ !

ببورن کە بە زمانی منداڵان قسەدەکەم، ئەو زمانەی لە سکی دایکم بیرم پێدەکردەوە؛ لەگەڵ خۆم پێی دەدوام. لەوێ جگە لە دڵە نەرم و نیانەکەی دایە؛ هیچ کەسی دی نەبوو قسەی لەگەڵ بکەم. چون ئێوە جگە لەو زمانە ناخۆش، زبر و ناشیرینەی خۆتان هیچ نازانن، بۆیە ناچارم بەو زمانە قسەتان لەگەڵ بکەم. ئەمەش لە پێناو وەسفکردنی گەشتە بچوکەکەم؛ چەند کاتژێرێك دوای هاتنە دەرەوەم لە بەهەشتی سکی دایکم، بۆ سەر پشتی دونیاکەتان.

باوەڕکەن، زۆرم داوا لەو حاجی لەقلەقە مل درێژەکرد، ئەوەی منداڵان بە قۆنداخکراوی؛ لە ئاسمانەوە دەهێنیتە بەردەم ماڵەکانتان! لەوکاتە سەختە؛ بەم تەق و تۆقە؛ دامنەبەزێنیتە نێو ئەم دۆزەخە، کەچی ئەم ملهوڕە گوێی پێنەدام! لە دووەم هەوڵدا ویستم لە خشتەی ببەم؛ گوتم: " لەسەر ئەدرێسەکەم نووسراوە براغ نەوەك قەراج!". کەچی باوەڕی نەکرد، منی بە قۆنداخەوە خستە ملە باریکەکەی؛ چاویلکە هاوێنەخڕەکەی خستە سەر دەنووکە درێژەکەی؛ دووبارە بە دەنگە ناخۆشەکەی؛ ناونیشانەکەی بۆ خوێندەوە:

- قە قە قەراج... نزیك چیای شەنگال!

بە توڕەیی سەیری کردم؛ دووبارە چاویلکەکەی خستەوە گیرفانی. منی بە دەنوکی وەکرد و بەرەو گوندەکەمان رۆیشت. کەچی شوکور بۆ خودا کەس لەوێ نەبوو. ئەم لاق باریکە دەلحاز بەرەو گوندی قەنێ هات. هیچ رەچاوی ئەم حەشامەتە و ئەو رۆژی حەشرەی نەکرد، کە سەدان ئەهریمەنی ریشنی

بۆن بۆگەنی؛ بە چەك دەوری خزمانیان دابوو. ترسنۆکەی؛ بە پەلەپەل منی خستە کۆشی دایکم و لە شەقەی باڵیدا و هەڵات! زۆر بەرز نەببۆوە کاتی ریشدارەکان ئاگریان پێوەنا؛ لە نێو هاواری ئەڵڵاهوئەکبەر بەریاندایەوە. بەهەرحاڵ، کاتی چاوم کردەوە؛ یەکەم شت کە بینیم؛ چاوە کاڵە جوانەکەی دایکم بوو، ئەوەی فرمێسکی گەرمی هەڵدەوەراند. پرچی زەردی تنۆك تنۆك ئارەقەی لێ دەتکا. راستیەکەی؛ هەرچەندە زۆر لە حاجی توڕەبووم، بەڵام بە نیگا میهرەبانەکانی دایکم دڵم ئاسوودە بوو.

باوەڕبکەن، نۆمانگە چاوەڕوانی ئەم دیدارەم. دەزانن بۆ؟ چون دەڵێن کچ بە دایکی دەچێت و کوڕیش بە خاڵی! جا لەبەر نەبوونی ئاوێنە، وەك خووێکی مێینەئاسا؛ حەزم دەکرد خۆم ببینم؛ ئەمەش بێگوومان لە ئاوێنەی رووی دایکم هاتە ئاراوە؛ سوپاس بۆ خودا زۆرجوانم!

- ناوی چی لێ دەنێی؛ سەربەهەش؟

ژنەکەی بەردەم دایکم وایگوت، ئەوەی مرووزی لەبەر ترس و خەم، زۆر ناڕێك بوو!

- عائیشە، وەك هاوسەرم بۆی دانابوو.

دایکم بە میهرەوە وایگوت و دەستیکردە گریان. نەمزانی بۆ دەگریی؟ نەشمزانی باوکم بۆ لەوێ نییە، چون زۆرم حەزدەکرد بیبینم. نازانم شێوە چۆنە، بەڵام شەوانە درەنگ، گوێم لە دەنگە هێمنەکەی دەبوو؛ کاتی قسەی لەگەڵ دەکردم و بە عەیشۆك بانگی دەکردم. هەستم بە ئارامی دەکرد؛ کاتی دەستی لەسەر سکی دایکم دادەنا، لەوکاتانە دەچووم؛ خۆم بە پیستە تەنکەکەی سکی دایکم دەنووساند؛ بەڵکو گەرمی ناو لەپی بە من دەگات.

بە داخەوە، وامدەزانی کاتی لەو گەشتە درێژەم؛ بە شەکەتی دەگەم، پلکەکانم تیلی لی دەکەن، داپیرەم زەمزەمەی دەبێت، مامەکانم بە زەردەخەنەوە چوکلات دابەش دەکەن و باپیرەم بە کرێ، ناوی تاووسی مەلەك دێنێ. وامدەزانی دوای حەوت رۆژ، لە ئاوی پیرۆزی کانی سپی مۆرم دەکەن. بە

خـۆڵی شـێخادی و شـیری دایکـم موفـەڕەکم دەکـەن؛ بـەر لـەوەی تـەوقی ئێزدیاتی بخەنە گەردنم؛ و چاوم بە دیتنی لالش ڕۆشن بێت.

کاتی یەکەمجار گریام، بۆ حالی خۆم، دایك و گەلەکەم بوو. ئاخر ئەوە چ قەدەرێکە؛ منی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین داناوە، لەوێش لە عێراقی خراپترین وڵات؛ لـەوێش لـە هـەرێمی کارەسـات و خـوێن؛ کـە کوردسـتانە، لـەوێش لـە ناوچەیـەکی جێنـاکۆکی خانـەی فـەرمان و ئـەنفال؛ کـە شـەنگالە! و لـە چ چاخێك؟ سەردەمی دەرکەوتنی ڕەشئالاکان و باڵادەستی هەناوڕەشەکان. لە چ کاتێك؟ ڕێك لەو وەختەی کە سەرجەم خانـەوادە، خزم و کەسم لێرە لـە قـەنیٛ؛ ڕووبەڕووی فەرمان دەبنەوە!

وای بـابۆ... وا داکـیٛ، هـاوارە تاووسـی مەلـەك... ئیـزدی بـوون چەنـدە سـەختە! مـرۆڤ بـوون لـەو سـەردەمە چەنـدە ئەسـتەمە. گـەر لـە نیوەکـەی دیکـەی گــوێی زەوی هاتبــام، ئێســتا لــە نێــو پێخــەفێکی پەمــەیی نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن؛ ڕاکشابووم. بە پەرستاری فریشتەوەش دەورە دەدرام. ژوورەکـەم بـە میزڵـدان، گـوڵی سـۆر و ورچـی جـوان دەڕازێندرایـەوە. ئاوێنـە، چوکلێت و بوکەڵـە لـە ژوور سـەرم دادەنـران. کـەچی لێـرە تـەنها ئـاڵای ڕەش، دڵـی ڕەش، جلـی ڕەش، ڕووی ڕەش، چـەکی ڕەش و مردنـی ڕەش دەبیـنم. بـە هەر کوێیەك چاو دەگێڕم، هەر قەترانی ڕەشە وەك چارەنووسەکەمان.

هەرچەندە دایکە کڵۆڵم هەوڵیدا؛ کەچی یەك قەترە شیر؛ لە مەمکە ساردە بچووکەکانی نەهاتە دەر، زۆر بە شەرمەوە؛ سینگە مەڕمەڕییەکەی؛ لە چاوە حیزەکانی ئەم سەگە ڕەشانە داپۆشت. چەندە هەوڵیدا بێهوودەبوو. ژنێك هـات و منـی وەرگـرت، گـۆی مەمکـە گـەورە شـۆڕەکانی، بـە زۆری خسـتە نێـو دەمم؛ بـە شـێوەیەك، کە خـەریکبوو بمخنکێنی. هەرچەندە تـامی شـیری زۆر ناخۆشـبوو؛ بـۆنی مـەمکی وەك هـی بـن هـەنگڵی هێڕیـان کـردم. بـەڵام ناچاربووم بیخۆم، نەوەك لە برسان بمرم و لەو دایکە میهرەبانـە دوور کەومـەوە. ئاخر من دایەم لە یەکەم نیگاوە زۆر خۆشوویست!

دەزانــن، زۆرم حــەزلێبوو، بــەزووترین کــات لــە ســکی دایکــم بێمــەدەر! باوەڕبکەن، سەرەتای مانگی حەوتەم دەموویست بیقەومێنم، بەڵام ترسام دایکم ئازار بخوات و تووشی کێشەبێت.

شەوانە دایکم زۆر شتی بۆ دەگێڕامەوە، سەبارەت بە جوانی سرووشتی شـەنگال، بۆنی یەکـەم ڕێژنـە بارانی پاییز، دیمـەنی لالـەکانی سـەر چیـای شەنگال. تامی هەنجیری گوندەکەمان. تەزیین بەهۆی ئاوە ساردەکەی کانی سپی، کاتی بەر لاشەت دەکەوێ. باوەشی گەرمی دایـە و دەست بـەهێزەکانی بابــە. بــۆنی بخــور و گیــا خۆشــەکانی ئاغەلــەویکی داپیــرەم؛ شــاپڵیتە نورانیەکانی مەزاری شێخ شەرەفەدین. دیمەنی تاووس گێران، شایی دیلانـێ، نیگا بە سۆزەکانی باپیرەم، کاتی بە چاوە سەوزە ماندووەکانی سـەیرم دەکـات. بەڵام ئەفسوس، وابزانم لە کـاتێکی خراپ هاتووم، هەرچەنـدە دەبا بزانم، کـە گشـت کاتـەکان بـۆ ئێمـە خـراپن؛ لـە گەرمـەی خۆشـییەکانمان، شـین وەك مەرگ ڕێگامان بۆ دەدۆزێتەوە.

بەڕاست، هەستتان کردووە تـا ئێستا وشـەی ئێزدیم بـەکار نـەهێناوە! چـون کـاتی ئێمە لـە سکی دایکمـان دەردێین، وەك شیری دایـك پـاکین. وەك کییـە زولالین، بە شێوەی کراسی نوێی بێ چڵکین. ئەوە ئێوەن کە بـە بیروبۆچوون و ئایینەکانتان ڕەنگمان دەکـەن. دڵمان تژی دەکـەن لـە قـین. کراسـی تۆڵـەمان لەبـەر دەکـەن. ئـاخر ڕووداوێـك بـەر لـە بـوونم قـەومابێت، بـۆ دەبـێ باجەکـەی بدەمەوە؟

باوەڕبکەن، بەم هاتنەم هیچ دڵخۆش نیم. ئـاخر منێك و لـە یەکـەم سـاتدا، لە زەردەخەنەی دایك و باوەشی بە سۆزی باوکم بێبەش بم، چاوەڕوانی چـی بکەم دواتر؟ تەنانەت لەو ژەکە بێبەش کرام، ئەوەی خوای گەورە خستوویەتیە مەمکی دایك، بەر لە شیر دەخورێتەوە!

تۆ بڵێی هیچ مافێکم هەبێت لە وڵاتێك؛ نووسراوی بـەر لـە هـەزاران سـاڵ یاسای بۆ دانێت؟ وڵاتێك مردووەکان تیایدا باڵادەستن، حوکمی زیندووەکان بـە

یاسا و ڕێسایەك دەكەن؛ كە سەدان ساڵە بەسەرچووە! ببورن، كە ئەوەندە درێژدادڕ بووم، ئەو قسانەی كردم، بەر لەوەی بێم دەیزانم! شەوانە دایە زۆر بە شێنەیی قسەی بۆ دەكردم، لە سكدانی خۆی فێری كردم.

دەزانن، من لەگەڵ ئێوە ئەوەندە قسەم كرد؛ دەنا لای دایكم یەك جار گوتم واا‌ع و نەمكردە دووان، چون یەكسەر پورم دەستی لە سەر زارم دانا، نەوەك ئەو ڕەشپۆشانە ئاگاداربن و زیندە بەچاڵم كەن... ئاخر بۆ بمكوژن و لەپای چی؟

نازانم چی چاوەڕوانمان دەكات، هەر لە سەرەتاوە لە مافی خواردنەوەی ژەك، گریان، سۆز و بینینی باوكم بێبەشیان كردم. دەبی داهاتووم چۆن بێت؟ بۆیە بێدەنگ دەبم باشترە.

لەم كاتەدا بەدەم دەنگی گوللە، هاواری پیاوان، تەكبیراتی ئەڵڵاهوئەكبەر، نزای ژنان، فرمێسكە كڕەكانی دایكم؛ لەگەڵ یەكەم قەترە شیر؛ بێ ئەوەی حەز بكەم یان بمەوێت؛ ئەوا ڕق، قین، ترس، تۆقین و هەست بە مەزلوومیەتەكی زۆرم نۆشی!

# (35)

# موختاری گوندم

- هۆۆۆ خەڵکی گوند، بەش بە حاڵی خۆم دەچمە چیا. کێ ویستی لەگەڵم بێت با بەگەڵمان کەویت. ئەوەی دەیەوێت لێرە لە گوند بمینێتەوە، ڕێگری لێناکەین.

کاتی ئەوەم گوت، سەیری چاوانی هەمووانم کرد، ئاخر دەرچوون بۆ چیا یاخود مانەوە، بڕیارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. زاراوەکان ڕێك پێچەوانەی ماناکان دەگەینن. مانەوە واتا دابڕانە لە هەموو شتێك، لەوکاتەی دەرچوون واتای پابەندبوون و مانەوەیە لەسەر ڕێچکەکان؛ دەستگرتنە بە بنەماکان!

دەزانم وشەکانم تێناگەن، با سەرەتا خۆمتان پێناسێنم. من ئەحمەد جاسۆی موختاری گوندی کۆچۆم. گوندەکەمان دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای قەزای شەنگال؛ بە دووری بیست و سێ کیلۆمەتر. سەر بە ناحیەی بلێجی قەزای بەعاجە. بە پێی پسوولەکانی خۆراك؛ دوو سەدو حەفتاو پێنچ خانەوادەین؛ بەسەر ژمێری هەزار و شەشسەد کەس؛ کە زۆربەیان لە هۆزی مەندەکین. نا... ئەم گوندە هی ئێمەیە، کاتی خۆی باپیرانمان لە گوندی خنێس دەژیان، بە دووری حەفت کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی کۆچۆ، گوندی خنێس لە ئەملاکی نازم عومەری بوو. ئەوان لە سەدا دەی داهاتیان پێدەدا. ئەوەبوو لە ساڵی هەزار و نۆسەد و پەنجاوپێنج باجی زیادکرد، خەڵکەکەش بەمە رازی نەبوون و ئەوێیان جێهێشت. هاتنە ئێرە و پێنچ هەزار دۆنەمیان لە ئال عجێلی شێخی شمەر، بە پێنچ هەزار دینار کڕی. ئەوکات ئەم بڕە گەلەك زۆربوو. سەرەتا ئەوان سیوچوار خانەوادەبوون، ئەم گوندەیان بە ناوی کۆچۆ لێرە دروستکرد. جاسم قاسۆی باپیرەم یەکەم موختاری گوندەکەیە. زەوییەکە بە

پێی پشکەکان بەسەر خانەوادەکان دابەشکران، ئەوەتا ئێمە لەسەر زەوی خۆمانین و نەداگیرمان کردووە و نەکەس خێری پێکردووین!

- ئێمە هەموو لەگەڵتین موختار. لەگەڵت دەردەچین!(دەنگی پیاوانی گوند بەرزبۆوە)

سوپاس بۆ خودێ؛ هەر ئەوە لەو پیاوانە چاوەروان دەکرا. بەڵام کاتی سەیری چاوە بچووك و پر خراپەکاری؛ ئەو خاتونیە بێبەهایە دەکەم؛ ترس دامدەگرێ.

- باشە، خۆتان ئەوەتان ویست!(خاتونی بە نیگەرانییەوە) برۆن لۆری و ئۆتۆمۆبیلی باریان بۆ بێنن،(ئاوڕی لە یاریدەدەرانی دایەوە) موختار مادامەکی ئەو بژاردەتان هەڵبژارد، دەبی ئۆتۆمۆبیل و سەرجەم سامانتان لە زێر، پارە، مۆبایل و کەلوپەلەکانتان لێرە جێبێڵن؛ بە جلی بەرتان دەرچن! (بە تورەیی و دەنگێکی گڕەوە وایگوت)

- رازین ئەبو حەمزە...

دەزانن، ئەوەم زۆر بە هێمنی گوت، بەڵام نازانم بۆ هەستمکرد؛ ئەو زۆر بە توڕەیی و شپرزەییەوە سەری بادا؛ لچ و لێوە ئەستوورەکەی، لە بن سمێلە تاشراو و ردێنە درێژەکەی تێکنا؟ دەزانن چییە؟ ئەم چرکە ساتانە مێژوویین؛ بەر لەوەی لۆری و پیکەب بێنن؛ تا بە خانەوادە بەرەو چیای شەنگال برۆین، بە خێرایی ماجەرای بەسەرهاتەکەتان بۆ دەگێرمەوە.

شەوی دوو لەسەر سێی تەباخ؛ شەڕ لە سیبا و گرزرگ گەرمبوو، هەندێ خەڵکی گوند بەرەو چیا رایانکرد، کەچی زۆربەمانماینەوە. هەواڵی ئەوەمان بۆ هات؛ ئەوانەی رایانکردووە هەموان دەست بەسەرکراون، بۆیە هەوڵی راکردنمان نەدا. رۆژی دواتر هەواڵیان پێدایین کە ئەمیری داعش سەردانمان دەکات. ئالای سپیمان لەسەرماڵەکان هەڵکرد؛ پێشوازیمان لە ئەبو حەمزەی حەمیدی کرد، کە لە عەشیرەتی خاتونییە و عەرەبی حەزەرە، کە بە یاوەری خلیف مێتوتی هاتن، سەرەتا داوای لێکردین چەکەکانمان

کۆبکەینەوە و بە وانی بدەین. ئێمەش بە نیازێکی پاك وامانکرد. رۆژانە سەردانی دیوەخانی دەکرد؛ دەیگوت ئێوە لە پەنای دەوڵەتی ئیسلامین، کەس ناتوانی ستەمتان لێ بکات.

لەم ماوەیەدا هیچ کارێکی شەڕانێگزیمان نەکرد. ئەوانیش هیچ کاردانەوەکیان نیشان نەدا و متمانەمان پێیان کرد. رۆژی پێنچەم خاڵیکی پاسەوانیان لە نێو دواناوەندی کۆچۆ دانا، رۆژی پێنچ شەممە هاتنەوە و دوو داواکاریان هەبوو. یەکەم؛ ببینە موسوڵمان و دووەم؛ هەموو چەکەکان دامالین! مۆڵەتی سێ رۆژیان پێداین.

هەواڵی بە زۆر ئیسلامکردنمان وەکو هەورە تریشقە لێیداین. ئاخر ئەم داواکارییە واتای مردن دەگەینیت. ئێمە ئایینێکی داخراوین؛ ئەوەی جێی بێڵیت کەنەفت دەکرێت و ناتوانی چیتر بگەرێتەوە نێوی. ئێمەش وەك ماسی واین؛ هەرکاتێك لە دەریای ئێزدخان هاتینەدەر؛ دەخنکێین و ناتوانین لە هیچ ئۆقیانوسێکی دیکە بژیین! ئەوەبوو دەستمان کرد بە پەیوەندیکردن لەگەڵ شێخە عەرەبەکانی ناوچەکە، بۆ نێوەندگیری، کاتی بینیم ئەوانیش هیچیان پێناکرێت؛ ئەم داعشە قەزەمانە گەورە و بچووك؛ عورف و عادەت نازانن. بیرم لە درێژکردنی مۆلەتەکە کردەوە، بەڵکو خودێ رێگایەکمان بۆ دەکاتەوە.

رۆژی شەممە، واتا رۆژێك بەر لە کۆتایی هاتنی مۆڵەت. ئەبو حەمزە هات و گوتی:

- مۆڵەتەکە تا رۆژی چوارشەممە درێژکرایەوە.

ئێمەش تۆزێك ئارام بووین. بەلام دڵەڕاوکێکان هەر کۆتاییان نەهات. کاتژێر دەی شەوی سێشەممە ئەمیر هات و گوتی:

- موژدە، لەسەر فەرمانی خەلیفە(خوا بیپارێزیت) لێتان خۆشبووین، مادامەکی ناتوانن ئایینتان بگۆڕن؛ ئاساییە لەسەر ئایینی خۆتان بمێننەوە.

رۆژی دواتر چوومە لای ئەمیر، چەند پێشنیازێکی دیم خستە بەردەمی؛

زۆر بە نەرمی پێم گوت:

- سوپاسی پشووی درێژیتان دەکەین؛ گەر مەودا هەبێت پێشنیازێکم هەیە، دەکرێ هاوشێوەی برا فەلەکان هەڵسووکەوتمان لەگەڵ بکەن؟ واتا گوند جێدێڵین و دەردەچین. سەرجەم ماڵ، ئاژەل و کەلووپەل بۆ خۆتان. هیچ کێشە دروست ناکەین. بە چاودێری ئێوە سلف لە ئۆتۆمۆبیلەکانمان دەدەین و دەردەچین.

زۆر بە کڕی سەیری کردم و بیری لە قسەکانم دەکردەوە، کاتی ئەم هەموو دەسکەوتەی لێکدایەوە رازی بوو؛ گوتی:

- مۆڵەتم بدێ تا سەرووی خۆم ئاگاداربکەمەوە، دوای دوو رۆژی دیکە دێمەوە؛ هەموو شتێك یەکلایی دەکەینەوە.

ئەوەتا ئیمرۆ هەینییە؛ خۆی و پازدە هەمەر چەکدار هاتوون، سەرەتا دوای کۆکردنەوەی هەموو خەڵکی گوندی کرد، لە بینای قوتابخانەکە. ئێستا چاوەروانین تا بەپێی رێکەوتنەکە دەرچین. راستە ئێمەو لە ئاکامی ئەو لێکگەیشتنە، لە رووی داراییەوە زۆرمان زیان پێدەگات، بەڵام گرنگ ئەوەیە سەر و شەرەفمان سەلامەت بیت. هیچ متمانەمان بەو پێ پەتیانە نییە. سوپاس بۆ خودێ و تاووسی مەلەك، کە ئەم دڵرەقە بێ ویژدانانە بەم پیشنیازە رازی بوون.

ئاسان نییە ئەو هەموو سامان، باخ، خانوو، مێگەڵ و ئۆتۆمۆبیلانە بدۆڕێنین. بەڵام گرنگ ئەوەیە کەسایەتی خۆمان لە دەست نەدەین، بۆ مێژووی دەریدەخەین، کە ئێمە گەلێکین بە هەموو شتێك رازین؛ جگە لە سازشکردن لەسەر ئایین و کەرامەتمان. ببورن ئەوە ئۆتۆمۆبیلەکان گەیشتن و دەبێ برۆین، ئەمرۆ رۆژێکی درێژە و گەشتێکی درێژمان لە پێشە؛ کەش گەرمە و چیا دوورە. خۆم سەرپەرشتی هەموو شتێك دەکەم، دوا کەس دەبم کە دەردەچێت.

(36)

# باڵەخانەی دواناوەندی کۆچۆی تێکەڵاوم

- گەشتێکی زۆر درێژتان لە بەردەمە موختار.. بەداخەوە!

قسەکانی ئەم موختارە خۆشباوەڕە هەستی جوولاندم، ئاخر ئەم ئێزدیە دڵپاك و بێگەردانە؛ لە ماهیەتی دڵە رەشەکانی ئەم ریشنە جلڕشانە ناگەن. بەهەرحاڵ، با منیش لە سەرەتادا خۆمتان پێشکەش بکەم.

من باڵەخانەی قوتابخانە رەنگ خاکیە ستارە زەیتونیەکەم؛ ئەوەی لە نێو گوندی کۆچۆ بنیاتنراوم. بە رواڵەت لە چیمەنتۆ و شیش درووستکراوم، کەچی ناخم لێوانلێوە لە سۆز، زانست، رێز و خۆشەویستی. بەیانیان کاتی قوتابیە نازدارەکانم دەبینی، بە چالاکییەوە دێن و بە جدیەت دەخوێنن، شاگەشکە دەبووم. نە سەرما، نە گەرما، نە باران و نە ئابلۆقە. هیچ شتێك رێی پێنەدەگرتن. مامۆستاکان بە سۆزەوە وانەیان بۆ دەخوێندن. کاتێ دەرۆیشتنەوە ماڵ و منیان تەنیا جێدەهێشت. ئەوکات دڵم تەنگ دەبوو، ناخم وەك پۆلەکان بەتاڵ دەبوو. شەو تا بەیانی بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی خۆر هەڵاتن؛ و کرانەوەی دەرگەکانم دەکرد، تا دووبارە باوەش لە ئازیزان بدەم.

بەڵام... چی چی؟ چۆن ناگریم؟ چۆن دڵم هەزار لەت نابێت. راستە ناخم لە کۆنکریتە، بەڵام زۆر لەو دڕندە ئالاڕەشانە نەرمترە. ئەی خوایە گیان ئەو کارەساتە چی بوو!

تا دونیا ماوە ئەو رۆژە گەرمەی ئابم لە یاد ناچێت. چەند رۆژێك بوو؛ ئەم بۆگەنە ریشنانە ژوورێکیان لە نێوم داگیر کردبوو، کردبوویان بە خاڵی پشکنین. باوەڕتان بێت لەبەر بۆنی مێشکیان؛ ئەوەی پیسایی تێدایە؛ ژیانم لێ بوبوو بە دۆزەخ. ئەمانە هیچ نین و بیر لە هیچ ناکەنەوە. بە کورتی

ئەمانە بریتین لە ئەندامێکی نێرینە و هیچی تر! چون هەموو بیریان هەر لای هەوەست بوو. بە شێوەیەك، کە هیچ ئەندامێکی دیکەیان کاری نەدەکرد. لە میانی پەنجەرەکانی ژوورەکە چاودێریانم دەکرد. چۆن بە چاوە زەقەکانیان، ئەوەی تژی بوو لە شەهوەت، لە ئافرەتانیان دەڕوانی. قێزم لە خۆم دەکرد.

با بێمەوە سەر باسەکەی خۆم، رۆژی هەینی بوو، کاتێك شۆفەڵەکان رێی سەرەکی گوندیان گرت. پازدە ئۆتۆمۆبیلی پڕاوپڕ لەم بۆگەنانە هاتن، ئەم ناوەیان نغرۆ کرد لە بۆنی گەنیویان. بۆنێك بە شێوەی زێرابی سەرشکاو، بەهەرحاڵ، پیسکەی ترکەن هاتە نێوم، بەڵێ ترکەن! نازانم بەم نیوەڕۆیە نیسکی خواردبوو یان نۆك؟ چون لە بەرەخۆی دەڕۆیشت و وردە تڕی لێ بەردەبۆوە. گوێم لێبوو و بۆنیم بۆ هات. بە تایبەت؛ کاتی بە تەنیا لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشت. دواتر چوو پەنجەرەکانی کردەوە، وابزانم ناوی ئەبو حەمزەی خاتونی بوو. رێك بە تاکە نەعلێکی دڕوای بن خوراو دەچوو. بە پاسەوانێك هەواڵی بۆ موختار نارد. کە کاتی رۆیشتنە و پێویستە سەرجەم خانەوادەکان؛ بەجلی بەریان و بە مەبەستی دەرچوون، بێنە قوتابخانە. بە ماوەیەکی کورت؛ هەموو خەڵکی گوند لە نێو هەناوم گردبوونەوە، ئافرەت و منداڵەکانیان، لە پۆلەکانی نهۆمی خواروو و سەروو دانا. هەرچی راڕەو و باخچەیە، هەرزەکار و پیاوانی لەخۆگرتبوو.

ئەبو تاکە نەعل، ببورن کاتی وا دەڵێم، چون کەسێکی درۆزن بوو. لە ژووری بەڕێوەبەر پێشوازی لە موختار کرد. ئەوەم لەبیرچوو بڵێم، کاتی خەڵکی گوند هاتنە ژوورەوە؛ داعش مۆبایلەکانی لێ سەندن، تەنها مەودایان دان ئەو بوتڵە ئاوانە لەگەڵ خۆ بێنن، ئەوەی بە دەستییانەوە بوو. هەر لەسەر داوای ئەبو نەعل، سەرجەم پارە و خشلەکان کۆکرانەوە، لەنێو جەنتایەکی رەش دانران. دواتر هاتە دەرەوە و قسەی لەگەڵ پیاوان کرد، بە زمانی عەرەبی گوتی:

- داوامان لێکردن جەهالەت جێبێڵن و ببنە موسوڵمان، کەچی ئێوە ئەو

داوایەتان فەرامۆشکرد. ئێستاش کات نەچووە، ئەوەی دەیەوێت ببیتە موسوڵمان، سەر و سامانی پارێزراو دەبیت. ئەوەی ناشیەوێ ببیتە موسوڵمان، با هەر ئێستا رایبگەینی و لە گوند دەرچیت. ئێمە دەیگەنینە شوێنی مەبەست.

ئەم وشانە زۆر ناخۆش بوون لای خەڵکەکە؛ هەرچەندە زۆربەیان لە زمانی عەرەبی شارەزابون، کەچی وەك ئەوەی تێنەگەیشتبن چ باسە ئاوابوو. بۆیە وەرگێڕیان هێنا تا ئەمەیان بۆ بکاتە کوردی. لەم کاتەدا بێدەنگییەکی بکوژ، باڵی بەسەر رەوشەکە کێشا. هەموان سەیری موختاریان کرد. ئەویش بێ دوودڵی قسە مێژووییەکەی خۆی کرد:

- هۆۆۆ خەڵکی گوند، بەش بە حاڵی خۆم دەچمە چیا. کێ ویستی لەگەڵم بێت با بەگەڵمان کەویت. ئەوەی دەیەوێت لێرە لە گوند بمینێتەوە، رێگری لێناکەین.

کاتی وەرگێڕەکە ئەمەی بۆ وەرگێڕا، ئەبو حەمزە زۆر بە توڕەیی و بەر لەوەی بڕوات، ئاوڕی لە دەمانچە بە دەستێك دایەوە؛ ئەویش بە ئەرێ سەری هەژاند. لەوکاتەدا پیاوەکان و لە چاوەڕوانی داهاتوو بێدەنگ بوون، تەنها دەنگەدەنگی ئافرەتان و منداڵان دەبیسترا. کابرای دەمانچە بە دەست سەیرێکی موختاری کرد، بە توڕەیی و بە دەنگێکی گڕ زیقاندی:

- ئەو گارەگارە چییە موختار؟ کڕیان کەوە!

لە بەرامبەردا موختار هیچی نەگوت، سەری بە ئەرێ هەژاند، کەچی داعشەکە قسەکانی تەواوکرد:

- پیاوەکان ئامادە بکە بۆ دەرچوون، بە چەند کاروانێك دەتانگوازینەوە چیا.(ئاوڕی لە پاسەوانێك دایەوە) بارهەڵگرەکان ئامادەکەن بۆ گواستنەوەیان.

نازانم بۆ لە تۆنی دەنگەکان، هەستم بە نا ئارامی کرد! کارەساتێك، بەسەرهاتێکی جەرگبڕ، خۆم پێنەگیراو پڕ بە راڕەوە درێژەکان هاوارمکرد.

بەڵام کەس نەیبیست، باوەڕبکەن گەر لەبەر ژن و منداڵەکان نەبووایە، خۆم بەسەر سەری ئەم دڕندە بۆندڕنانە دادەڕماند. دیوارەکانم لە حەژمەتان شەقیان برد، لە ناخەوە دەکوڵام، بە شێوەیەك، شیشەکانی نێو جەستەم سووربوبوون و کزەی دڵم دەهات.

زۆر بە سۆزەوە، لە میانی چاوی پەنجەرەکان، سەیری ئەم هەموو چاوانەم دەکرد، ئەوانەی لە گواستنەوەی پیاوەکانیان دەڕوانی. ئەوە منداڵێکی ساوایە، لە پەنجەرەکە باوکی دەبینی، کاتی سواری کیاکە دەکرێت؛ هاوار دەکات "بابۆ... بابۆ! ". ئەوە دایکێکی بە تەمەنە، سەر زنشتی خۆی دەکات، چون لەوکاتەی بە پەلە دەردەچوون؛ هەرچەندە کوڕەکەی تازە لە خەو هەڵسابوو، کەچی نەیهێشت تەنانەت قومە ئاوێکی سارد لە سەلاجەکە بخواتەوە، هەر لە پێشەخۆی دەیگوت: " چاوی دایکت کوێربیت، کە برسی و تێنووی!" ئەوە ژنێکەو کاتی لە پیاوەکەی دەڕوانی، ئەوەی بەر لە سواربوونی جۆن دیرەکە، ئاوڕیان لێدەداتەوە. دڵی خورپەی دەکات و پێی وایە چیتر نایبینێتەوە، هەر دەڵێ: " هاوارە تاووسی مەلەك". ئەوەش کیژۆلەیەکە، بە چاوی پڕ لە نیگەرانییەوە، سەیری باوك و برا نازدارەکانی دەکات. کاتی چەتەکانی داعش دەیانبەن و نازانی کەی بەوان دەگات! چاوەکانم بوبوونە هاوێنەی سەدان چاو، کە بە ترس و نیگەرانییەوە لە باوك، برا، هاوسەر و کوڕیان دەڕوانی. ئەوانەی بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبرێن.

دەزانن، ناخۆشترین شت لەم رۆژهەڵاتەی ناوینە چییە؟ ئافرەتبوونە، لە کەمینەیەکی ئیتنی یان ئایینی، لەنێو دەریایەکی شەپۆڵ بەسەریەکدا کەوتووی توندئاژۆیانی ئایینی، رەگەزی و نەتەوەیەیی. چون ئەوکات وەك پاسارییەکی باڵ ولاق شکاو، نەدەتوانی بفرێت و نەدەتوانی بڕۆات. بەردەوام گەردەلوولی کێشە و بەسەرهاتەکان، دەستی دەستی پێدەکەن، بەردەوام قوربانی یەکەمە و لە یەکەم رووبەڕووبوونەوەدا، روح و جەستەی لەدەست دەدات. چون ناسکترین ئەلقەی لەم رشتە پسپسەیە!

وای موختار، ئاای پیاوە مەردەکانی کۆچۆ. گەر دەتانزانی دوای خۆتان ئەم پەریزادە، شازادە و پاکیزانە چییان لێ بەسەر دێت! گومانم لەوەدا نییە، ئەم قوتابخانەتان دەکردە گۆڕستان بۆ داعش. بە نینۆك، ددان و دەستی رووت تا مردن بەرگریتان دەکرد. وای ئەگەر ئەم ئەندازیارە خواگیرە، تۆزێك منی شلۆقتر درووست دەکرد. گەر ئەم رۆژە زەوی تۆزێك یارمەتی دەدام و خۆی رادەتەکاند. سوێند بە خودا؛ دوای رۆیشتنتان دەبووم بە مەرگێکی کۆنکریتی و بەسەر ئەم داوێن، دەروون، دڵ و ناوگەڵ پیسانە دادەتەپیم.

# (37)

# پێم دەڵێن ئەی کەی چل و حەفت

بێگومــان هــەمووتان دەمناســن، نــاودارترین ئــامێری کوشــتنی مــرۆڤم. هەرچەنـدە بـاوکم هۆزانڤـان بـووە؛ خۆ ئەگـەر منـی نەبووایـە؛ ئـەوا یـەکێك لـە باشـترین شـاعیرەکانی سـۆڤیەت دەبـوو. کـەچی لـە کۆتاییـدا منـی هێنایـە بەرهەم! منێك کە بوومـە بابەتی هـەزاران هۆنراوەی بـەرگری؛ و سیمبوولی شۆڕشگێڕان لـە سەرتاسـەری جیهانـدا. هـەر لـە کۆنگـۆ تـا پۆلیڤیـا، بـەڵام... ببورن، کە دان بەم ڕاستیە تاڵە دەنێم، دەیەها نووسەر، هۆزانڤان، زانـا، بیرمەنـد و نیشتیمان پەروەریان پێ کوشـتووم! ئـەوەی زۆرێکتـان نـایزانن، کـە هەرچەنـدە من بە یەکێك لـەو بیست داهێنانـە دانراوم، ئـەوەی کاریگـەریان لەسـەر ژیـانی مرۆڤایەتی هەیە؛ و تا ئێستا زیـاتر لـە سـەد ملیـۆن دانـەم لـێ دروستکراوە. کـەچی زادەی هـزری فیتـەرێکی قیتـاری بریندارم! بـاش چـاووش میخائیـل کلاشینکۆف؛ دوای ئـەوەی لـە جـەنگی بریانسـکی؛ سـاڵی هـەزار و نۆسـەدو چلویـەك دژی ئەڵمانـەکان بریـندار‌بوو؛ و گـوازرایـەوە نەخۆشـخانە. ماوەیـەك مۆتەکەی بەو چەکە ئەڵمانییـە دەبینـی، ئـەوەی نازیـەکان هەترەشـی رووسـیان پێبردبوو. ناوی سـتۆرم گیڤێر چلوچـوار بـوو. بـە واتـای تفـەنگی هێرشـبردن. خودکـار و زۆر سـووك بـوو. قۆنـداخ و بەشـێك لـە لاشـەی داربـوون. شـاجوری سی گولـەی دەگـرت. شـەوانە هێرشـە کتـوپڕە ئەڵمانەکـە سـواری ملـی دەبـوو؛ بیری دەهاتەوە چۆن بە نێویان کەوتن. تا ئەوان تفەنـگ و بڕنۆکانیـان ئـاگردا؛ ستۆرم گیڤێر قڕانـی لـێ هینـان. بۆیـە بـاوکم بیرۆکـەی منـی لـەو سـی تیـرە دزی و نـاوی خـۆی پێـدام! تـا جـەنگ تـەواوبوو، هـەر لـە ژێـر تاقیکردنـەوە دابووم. پاشان لە ساڵی هەزار و نۆسـەد و چلوحەفت هاتمە بوون. دوای دوو

ساڵ ئەو میدالیای ستالینی وەرگرت، منیش بوومە گرنگترین چەك لە سوپای سوور؛ و سەرجەم سوپا، میلیشیا، گرووپە چەپ و چەکدارەکان لە سەرتاسەری جیهاندا. ئەوە جگە لە چەتە، مافیا و ڕێگران!

لەوانەیە لە ڕۆڵی من بپرسن لەم ڕۆماندا، لە بیری مەکەن؛ کە زیاتر لە شەست ساڵە شایەدی سەرجەم تاوان، جەنگ، سەربڕخانە و کۆمەڵکوژییەکانم. ئاخر دوای درووستکردنم، تەنانەت ترسنۆکەکانیش بوونە پاڵەوانی جەنگ. هەرزەکارێك لە ڕێگای منەوە، دەتوانێت ئیکیلیس، هەرقەڵ، شەمشون، عەنتەر و کاوە، بە چاو نوقانێك خەڵەتانی خوێن بکات، ئەمەش تەنها بە پەنچەدان؛ لە یەك پەلاپیتکە!

لە ماوەی ژیانمدا زۆر گروپ، میلیشیا و چەتە منیان لە شان کردووە؛ و بە دەست هەڵیان گرتووم. بەڵام ئەوەی ئەم بەرگڕەشە ئاڵاڕەشانە کردیان، شتێکی نامۆ بوو. من کە چەکێکی لاشە ساردی دڵ گەرمم، تەنیا یەك چاو و یەك دەمم هەیە، ئاگر لە هەموو شتێك بەردەدەم. کەچی بە بینینی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانی مانگی ئابی دووهەزار و چواردە، شلەژام.

کاتی خۆی شایەتی ئەنفالبووم، بەڵام ئەوەی ئەو مێشك پۆستاڵانە کردیان؛ ئابڕووبەر بوو. باوك، برا، هاوسەر و مێردمنداڵیان بە من کوشت، کاتی لەم تەمتومانەی ئاگر، دووکەل و غوبار ئاوڕم دایەوە. بینیم ئافرەت و منداڵەکان بەرەو شارەکانیان، وەك کاڵا و دەسکەوت دەبەن.

ئەوەی بینیم تۆقێنەر بوو، نازانم ئەم بێ مێشکانە؛ ئەم کلتوورە لە کوێی فێربوونە؟ مرۆڤ لەسەر زەوی درێژکەن و لە دواوە، ئاگر لە مێشکی بەردەن! هەرچەندە من چەکم، بەڵام ئەم کوشتنە نامەردانە هەژێنە. ئاخر ئێستا باپیرە ئەڵمانەکەم، ئەوەی لای هێزی برووسکەی هیتلەر بوو؛ ئەمەی دیبا؛ لە خەمان شەقی دەبرد!

من لێرە ناچارم ئەوەی بینیم بیگێڕمەوە، ببورن کە دیمەنەکان هەژێنەرن، بەڵام بۆ مێژوو باسیان لێوە دەکەم. لە شانی یەکێك لەم چەتانە بووم. ڕێك

ئەوەی کامیرای ڤدیۆی بە دەستەوە بوو. سوپاس بۆ هەرچی خواوەند هەیە، کە رۆڵم لەم کوژتارگەیە نەبوو. سەرەتا دوو بارهەڵگریان هێنا و کۆمەڵە پیاوێکیان سوارکرد، ئەوان لە سەرەتا هێمن بوون. وایان دەزانی بەرەو چیا دەگوازرێنەوە. ئەو ملپانەی تەك کامیرا هەڵگرەکە، بە پیاوێکی گوت: ( بۆ لەسەر جەهالەتی خۆتان مانەوە؟ دەرفەتتان لە پێش بوو. شایستەی کوشتنن!) ئەوکات هەمووان تێگەیشتین، کە ئەمە گەشتی مەرگە، بۆیە کەس فزەی لێوە نەهات. کاتێ گەیشتینە دۆڵەکەی نزیك تاوەرێکی گەیاندن، بە دووری پێنج سەد مەتر لە گوندەکە. هەموانیان بە دوو ڕێز لەسەر چۆك دانا، لە پشتەوەڕا و لەگەڵ هاواری ئەڵلاهو ئەکبەر، ئاگریان لە براکانم بەردا؛ جەستەی ئەم بێتاوانانەیان کردە سەرەد و بێژینگ. ئەوانەی بە دەم هاواری یا خودێ و تاووسی مەلەك، دەکەوتنە نێو کەندڕەکە.

لە شوێنی خۆم و لەسەر شانی چەتەی وێنەگر، کوفرم بە هەرچی خواوەند هەیە کرد. دەزانن بۆ؟ چونکە هیچکامەیان لەوانەی لەم دیمەنە ناوی دەبرا هیچی نەکرد! نە ئەوەی چەکدارەکان؛ دڵیانی نەرمکرد و کارەکەی پێ ڕاگرتن. و نە ئەوەی قوربانییەکان؛ لەسەریان هاتە وەڵام و رزگاری کردن. لەم شوێنەدا مرۆڤایەتیم بینی، چۆن بە دەستی خۆی، کەوتۆتە بیناقاقای خۆیی و خۆی لە ناودەبات.

دواتر چەکدارە پاڵەوانەکان، بە شانازییەوە لەسەر تەرمەکان وەستان، کە عەرەبی متێوتە، خاتونیە، کیحلا و عگێداتی هاوسێ بوون. ئەم دیمەنە ئەو رۆژە، چەندین بارە بوویەوە. نزیك عەمباری ئاو، نزیك چاڵی گوندەکە، نزیك بیری ئیرتیوازی. هەمان هاوار و هەمان گوللە باران!

شتێکی نامۆتان بۆ بگێڕمەوە، کابرای ڤدیۆگر و لەساتە وەختێکی حەماسەتدا، کامیرای داناو دەستی بە ئاگر وەشاندن کرد. با شتێکتان پێ بڵێم، ئێمەی ئامێری کوشتن شتێکمان هەیە، کە مرۆڤ درکی پێناکات. کاتی بەر جەستەی قوربانی دەکەوین؛ دەبینە بەشێك لە جەستەی، بەر لەوەی

بمرێت یان لەودیو دەرچین، لە هەست و نەستەکانی دەگەین. کاتی گوللـەکان لە دەمی من دەرچوون؛ بەر لاشەی ئـەم گەنجە جوانـە کـەوتن، سـەرەتا کـاتی چوومە نێو هەناوی بەتاڵی، وادیاربوو ئەم گەنجە بەیانی هیچی نـەخواردبوو. هەستمکرد پێنچ برای تری لێرەن. بـەڵام ئـەو تـەنها خـەمی دایـك، خوشك و دۆتبراکـانی بـوو؛ ئەوانـەی لـە سـەربانی قوتابخانەکـە مابوونـەوە. هەسـتێکی ناخۆش لە غـەمگینی، بەوەی نـەیتوانی پارێزگاریـان لێبکـات، لێرە دەمرێت و هیچی پێناکرێت بۆیان. لە دڵەوە چەندین جار گـوتی: " ببـورن خوشـکۆڵە... چیم پێنەکرا! " . لێرە ئەوە بۆ مێژوو یاداشت دەکـەم. ئـەوەی لـە ڕێگـەی مـن بەم خەڵکە کرا؛ ئابڕووبەر بوو. ئاخر کوشتنی پیاوان لـە بـەردەم خانـەوادەکانیان چ پیاوەتیەکی تێدایـە؟ نـازانم کامـە ئایینـە ئەمـە قبـوڵ دەکـات؟ نـازانم کامـە کلتـووره ڕێگـا دەدات لـە ڕێگـەی چـەکێکی ساردی وەك مـن، ژن بـە کـەنیزە، منداڵ هەراج و کیژۆلە لاقە بکرێ؟ لەوەش ناخۆشتر ئەوەبوو، کچـی ناسـکی بـە عـومری گـوڵ؛ هـەر کـاتی ئێمـەیان کەوتایـە دەست؛ ئـاگری ئێمـەیان لـە جەسـتەی خـۆ بـەردەدا. سـکیان دەخسـتە دۆزەخـی گوللـەکانی ئێمـە؛ وەکـو خاوێنکردنەوەیەك لە ئاوی پیسی؛ لاشـە پیسـە هەوەسبازەکانی؛ ئـەم بوونـەوەرە چەپەڵانە.

خۆم چەندین جار ئەم خۆکوشتنە... ببورن ئەم خۆ خاوێنکردنـەوەم بینیـوە. زۆرجاران حـەزمکردووە؛ هاوشێوەی ئاگرەکـەی حـەزرەتی ئیبـراهیم، ساردی و ئارامیم بۆ ئەم پەریانە هێنابا. بەڵام زەمـانی مـوعجیزە و پـەرجۆ نـەماوە، ئـەم کچانە دوای ئەوەی ئاسمان پشتیلێکردن؛ و بەهانایان نـەهات. خۆیـان دەخسـتە دۆزەخی من لەسەر زەوی؛ ئاگریان لەم جەستە خاوێنە ناسکانە بەردەدا.

ئەفسوس بۆ مرۆڤایـەتی کـەڕولاڵ؛ لـە ئاست ئـەم تاوانانـە. باوەڕبکـەن بـە دەست خۆم بووایە؛ دارەکـەی قۆنـداخم؛ دەکردە دار عەسـاکەی موسـا و نـەوەك دەریـا؛ بـەڵکو زەویـم شـەق دەکـرد. تـا مرۆڤایـەتی سـەری خـۆی تیانێت لـە شـەرمان. دەبوومـە کەشـتی نـوح؛ ئـەم پەریانـەم لـە تۆفـانی شـەهوەت، حـەز و

بەدڕەوشتی داعش دەپاراست. کەچی ئەم پاکیزانە منیان کردە خاچ و خۆیان لە خاچدا؛ روحە ناسکەکانیان بە پاکی ناردە ئاسمان... هەرچەندە نازانم ئاسمان دەرگای بە روویان دەکاتەوە یان نا؟ دوای ئەوەی بە زیندوویی بە رووی نزاکانیانی داخستبوو؟

## (38)

# پێم دەڵێن گۆڕی بە کۆمەڵ

سەرباری ئەوەی وێنەیەکم لە دۆزەخ. بەڵام چەندین ناوم هەیە، جینۆساید، هۆلۆکۆست، قڕکردن، فەرمان، ئەنفال... چوزانم لەو ناوانەی کە بە دەم بیستنیان؛ مرۆڤ دەشلەژێ. ڕەنگی زەرد، قورگی وشك و چاوەکانی ئەبڵەق دەبێت، بە ئەستەم تفی پێ قووت دەدرێ.

ئەوەی زۆرێکتان نایزانن ئەوەیە؛ زۆر کۆنم و لەگەڵ مرۆڤ هاتوومەتە بوون. دەتوانین ئەو گۆڕەی قابیل بۆ هابیلی برای لێیدا، بە چاولێکردنی قەلەڕەش بە سەرەتا دابنێین. چۆن؟ ئەو گۆڕی تاك بووە؟ هی یەك کەس؟ باشە من پرسیارێك دەکەم، ئەوکات ژمارەی مرۆڤەکان چەند بووە؟ بەپێی تێکستە ئایینییەکان؛ مەگەر شەش کەس نەبووبن؟ کەواتە هابیلی بە ناحەق کوژراو؛ بارتەقای ملیارێك مرۆڤی ئێستایە! دواتریش کاتی بە پەشیمانی گۆڕەکەی بۆ برای لێدەدا؛ بێخەبەر بوو لەوەی بۆتە داهێنەری کوشتنی بەناحەق؛ شاردنەوەی تاوانەکە لە نێو گۆڕێکی بزر. واتا هەمان تایبەتمەندییەکانی من. مێژووی من لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات. دواتر شاگردەکانی قابیل لە پێناو ئایین، ڕەگەز، نەتەوە، سامان، شەهوەت.... هتد، دەیان هەزارجار منیان لە هەموو شوێن و کاتێك دووبارەکردۆتەوە. ئەوەی سەیرە؛ مرۆڤ ئەم شتەی تەنیا لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆی نەکردووە، بەڵکو لەگەڵ ئاژەڵ، دار و درەختیش ئەنجامداوە. بە شێوەیەك؛ زۆرێك لە گیانەوەر و ڕووەکەکان؛ نەماون و لەنێو چوونە. زۆرجار بیرم لەوە دەکردەوە؛ ئاخۆ من چۆن دێمە ئەنجام؟ چۆن مرۆڤ ئاوا دڕندە و دڵڕەق دەبێت؟ بەڵام دواتر و کاتی کۆنە بەعسییەك، بابەتەکەی بۆ تازە داعشێك دەگێڕایەوە. زانیم

مەسەلەکە چۆنە، گوێی بگرن و ئێوەش تێی بگەن.

- بۆ ئەوەی بتوانی سەرجەم توخمەکانی تاوانەکە؛ ئەنجام بدەیت. بە شێوەیەك، کە هیچ کەسێك ویژدانی نەجوولێ و خۆ بە بەرپرس نەزانی. ئەوا ئەرکەکان دابەش بکە.
- وادیارە تۆ زۆر زیرەکی رەفیق؟
- نەخێر موجاهید، من ئەوە لە ئەبو لحەکەم فێربووم. سەیری پیلانەکەی بکە، بۆ کووشتنی پەیامبەر دروودی خوایان لەسەر بیت.
- لەسەر کێ و کێ رەفیق؟ ( بە سەرسوڕمانەوە!)
- لەسەر هەردووکیان، چون لە ئاکامدا، هەردووکیان کاریان بۆ بەرزکردنەوەی ئوممەی عەرەبی کردووە.
- لە خوا بترسە رەفیق، ئەو قسە ناشایستانە لەبەر دەمم مەکە، پەیامبەری مەزن لەکوێی؟ (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەبو جەهل لەکوێی؟ (نەفرەتی خوای لێ بێت)!
- ئەو قسانە لەگەڵ کێ دەکەی برالە؟ خۆشت وەکو من بەعسی بووی. دواتر بووی بە قاعیدە و تەنزیمی دەوڵەت. لە کۆتاییشدا هەردووکمان کار بۆ سەرخستنی ئوممەی عەرەب دەکەین، وەك سەرۆکی موجاهیدی شەهید دەیویست. بزانە برالە، با بەکورتی باسی قۆناغەکانی جینۆسایدێکت بۆ بکەم. لە پرۆسەی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەم پیلانەمان جێبەجێ کرد. کەسانێك چون ماددەی کیمیاویان لە ئەڵمانیا هاوردەکرد. بەشێکی دی میراجیان لە فڕەنسا کڕی. کۆمەڵێك ئەندازیار ئەم ماددەیان لە نێو بۆمبەکان عەمبار کرد، هەندێکیش لە تەکنیکاران؛ چەکەکانیان لە فڕۆکەکان بەست. فڕۆکەوانەکان چون و شاری هەڵەبجەیان بۆمباباران کرد. ئێستا گەر لە هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵانە بپرسی؛ دەڵێ من بەشداری ئەم تاوانەم نەکردووە، تەنانەت ئاگاداریشی نەبووم. تەنها ئەرکی خۆم

جێبەجێ کردووە!

- بەمەش؛ خوێنیان لە نێوان هۆزەکاندا بزر دەبێت! (بە پێکەنین)
- ئەی ئافەرین ئەبو جەهل... ببورە، مەقسەدم ئەبو حەمزەی خاتونی. (پێدەکەنی)
- هەڵەبجە تەواو. ئێستا ئێمە چی بکەین، بۆ لە نێوبردنی ئێزدییەکان؟ بە جۆرێك کە موجاهیدەکانمان، بێ دوودڵی کۆمەڵکوژیان بکەن؟
- زۆر ئاسانە کاکی موجاهید، بۆ هەر کارێکی لەم شێوازە، چوار رەگەز پێویستن:

یەکەم؛ ئەوانەی بە کارەکە هەڵدەستن، باوەڕی تەواویان پێی هەبێت. بڕوای تەواویان بەوە بێت، کە ئەوان لە هەموو خەڵك جیاوازن. بە شێوەیەك؛ کە لە لایەن پەروەردگارەوە بەم ئەرکە سپێردراون، راستەوخۆ فەرمانیان لەو وەرگرتووە.

دووەم؛ لە بەرامبەردا کۆمەڵێك هەن، کە شایستەی ئەم کۆمەڵکوژییەن. بۆ نموونە؛ ئێزدییەکان دێوپەرستن و شایستەی ژیان نین.

سێیەم؛ دانانی میکانیزمی پێویست، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بە ئاسانی و خێرایی. دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی تاوانەکە، لە چەك و هۆکارەکانی گواستنەوە و لە گۆڕ نان.

چوارەم؛ هەبوونی کەشێکی سیاسی و ئایینی ئەوتۆ، کە گوێی بەم کردارە نەدات. بە شێوەیەك، گوێچکەکان داخرێن، چاوەکان بنوقێن و زمانەکان لاڵ بن. وەك ئەوەی ئێستا ئەمریکا چاوی نوقاندووە، رۆژئاواش ئێمە بە چەپەر دەزانی، لە بەردەم لافاوی بەشیعەکردن، هەناردەکردنی شورشی ئێرانی و تورکیا، بە هۆی بەرژەوەندییەکانیان، کە پاڵپشتی هەموو کورد کوشتنێکە!

- جوانە، ئێستا زانیم چۆن ئێوە کاتی خۆی، کوردتان ئەنفال و

کیمیابارانکردووە؛ کەسیش ئاوڕی نەدایەوە.

هەر ئەوەندەم مەبەست بوو، لە دەمەتەقێی نێوان ئەم دوو ملهوڕە. ئێستا زانیتان بنەماکانی جینۆساید چین؟ ئەوجا با بێینە سەر باسەکەمان. دوای ئەوەی پیاوە بێ گوناهەکانی ئەم گوندە چارە رەشەیان، لە دووری گوند تیرباران کرد. هەموویان فڕێدایە نێو چەند کەندڕ و قۆرتێکی بچووك، دواتر بۆ شاردنەوەی تاوەنەکەیان، شۆفەلیان هێنا. باوەڕکەن کاتی شۆفەل خۆڵی بەسەریان دادەکرد، هێشتا زۆرێك لەوانە نەمردبوون؛ دەمبینی چۆن دەستیان لە نێو دەمم دەرهێنابوو، بە دەم هاوارکردنەوە رایان دەوەشاند و داوای یارمەتیان دەکرد!

دەزانن، لە زۆرێك شوێن لە عێراقدا بوونم هەیە. توندڕەوانی سوننە و شیعە؛ لە هەموو شوێنێکی عێراقیان چاندووم. بە شێوەیەك؛ زۆرجار عێراق بە جەستەیەکی لە خاچدراو دەزانم، منیش بزمارەکانی نێوە جەستەکەیم. چۆن؟ بە داخەوە دەیڵێم، سەرتاپای جەستەی ئەم عێراقە بزمارکوت کراوە؛ لە هەموو شوێنێك هەم، لە بیابانەکانی عەرعەر، چۆڵەوانی نوگرەت سەلمان، یاریگای ئەنبار، باخچە و نێوەندە شەقامەکانی موسڵ، زبڵخانەکانی دیالە. لەم هێرشەی ئەوجارە و لە بڕی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری. داعش چلوسێ گۆڕی بە کۆمەڵی لە شەنگال ئەنجامدا، کە تەرمی نزیکەی سێ هەزار بێتاوان لە خۆ دەگرێت.

دەزانن ئەوەی ئازارم دەدات چییە؟ زۆران لە ناخم لە خۆ دەگرم، هەریەکێکیان چیرۆکێکی جەرگبڕی تایبەت بە خۆی هەیە. حەزێکی بە ئاکام نەگەیشتوو، مورادێکی لە دڵ جێماو، ئاواتێکی بێ ئەنجام. بۆیە هیچ ئارامی بە خۆمەوە نابینم. روحەکانی ئەم جەستە نائارامەی شوێن بزر و بە ناحەق کوژراوانە؛ بەردەوام دەگرین، بە بێ ئارامی دەخولێنەوە، چون هیچ رێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ نەکراوە. نە شووشتن و نەکفنکردن. نە لە خۆدان و نە ئایەت و سروود خوێندنەوە! باوەڕبکەن، چیرۆکەکانیان شێتم دەکات. ئەوە

باوکێکە؛ پەیمانی دابووە کیژۆڵەکەی؛ لە جەژنی کووشتی کراسێکی جوانی بۆ بکڕی. ئەوە برایەکە و لە خەمی ئەوەدایە؛ خوشکە تاقانە جوانەکەی چۆن لە دەست ئەم داعشانە رزگاری دەبێت؟ ئەوە تازە زاوایەکە؛ ئێستاش دوای مردنی ئەڵقەی پەنجەی دەسوڕێنی؛ جەرگی کزەی دەکات بۆ باوەشی نەوبوکەکەی. ئەوە کوڕێکی گەنجە و خەمی دایکە شەپڵە لێدراوەکەیتی؛ کە دوای خۆی کێ چاودێری دەکات؟ ئاخر ئەوەی لێرە لە کۆچۆ؛ دواتر لە زۆربەی ناوچەکانی شەنگال روویدا؛ تاوانێکی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتی بوو. باوەڕبکەن؛ بەر لەوەی شۆفەل بێت و ئەم لاشانە، بە چینێکی تەنك لە خۆڵ داپۆشێت و سەرم داخەن، بە دەم لە باوەشگرتنیان هەڵوەستەیەکم کرد، ئاخۆ تاوانی ئەم مرۆڤانە چیبووە تا بەم دەردە بچن؟ ئەوانە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان بوون، لەسەر زێدی باب و باپیرانیان، پەیڕەوی ئایینی خۆیان دەکرد و ئازاری کەسیان نەداوە؟ دەست درێژیان بۆ سەر خاکی کەس نەکردووە؟ ئەی بۆ دەبێت ئەمە چارەنووسیان بێت؟ تۆ بڵێی ئەمە قوربانی جەژنی رەمەزانی ئەم درندە و بێ خوایانە بێت؛ بۆ خواکەیان؟ من نازانم ئەمانە کامە خودا دەپەرستن؟ چونکە ئەو ئەڵلایەی ئەوانە ناوی دەهێنن؛ ئەم تاوانانە بە نێوی ئەو ئەنجام دەدەن، لەوە گەورەترە؛ خوێن ببێتە مایەی خۆ نزیکردنەوە لێی، لەوە بە میهرترە؛ کوشتن ببێتە دەروازەیەك بۆ رەزامەندی ئەو. لەوە مەزنترە، کە پڕکردنەوەی چاڵێك بە لاشەی بێتاوانان، خۆپارێزی بێت لە چاڵی جەهەنەم. زۆریش لەوە داناترە، دەست خستنە بیناقاقای گەلێك، پاداشتی کۆشکێکی بە تەنتەنەی؛ تژی لە حوری بێت، لە فیردەوس!

## (39)

# خێر لەخۆ نەدیوم

ناوم چییە؟ تو خودێ کاتی ئەوەیە؟ بووەستن من نازانم دایك و باوکم بۆ دەگرین. براکانم بۆ بەم شێوەیە زارەترەکبوونە!

- هۆ دایکێ، بۆ وا لە خۆت دەدەی؟ چی قەوماوە؟ بۆ کەس وەڵامم ناداتەوە؟ ئەوە لەسەر لاشەی کێ کۆبووینەتەوە و بە کوڵ دەگرین؟ ئەرێ باوکە بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟ هەرگیز نەمدیووە تۆ بگری؟ ئەوە دەبێ چ ئازیزێکتان لە دەست دابێت؟

ببورن و لێم گەرێن بچم خۆم سەیرکەم. چی چی؟ خۆ ئەوە جەستەی منە؟ ئەوانە لەسەر جەستەکەم گردبوونەتەوە و دەگرین!

- هۆ دایە گیان، باوکە گیان، من نەمردووم! ئەوەتا لەبەر دەمتان وەستاوم، ئاورم لێدەنەوە. ئەوەتا من زۆر باشم. کچێ دایە گیان ئەوەتا من لێرەم. خەیرۆ ئەوەتا!...

ئەوە چییە؟ بۆ کاتی دەچمە باوەشی؛ لەو دیو دەردەچم و هەست بە لاشەم ناکەم! دەبێ... نا ناا من نەمردووم... چۆن؟ بۆ!

ئاخر بۆ کەس نامبینێت؟ ئەوەتا لێرەم؟ بۆ کەس ئاورم لێناداتەوە؟ دەزانن چییە؟ ئێوە هەستم پێی دەکەن وانییە؟ ئەدی ئەوەنییە قسەتان بۆ دەکەم!

ئەمرۆ بەیانی زوو؛ لە ماڵی خۆمان لە گەرەکی شەهیدانی شەنگال دەرچووین، وەك خەڵکی بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو چیا رامانکرد. کەچی لە بەختی کەچی ئێمە و لە یەکێك لە لۆفەکان، ئۆتۆمۆبیلە شڕەکەی باوکم لە کارکەوت؛ بە ناچاری ڕێگای سەرکەوتنمان گرت. ڕاستە تەمەنم چواردە ساڵە، بەڵام زۆر لەوە ناسکترم کە بیری لێدەکەنەوە! ئاخر من بەشێوەی بوکەلەم؛ (وەك هەمووجار دایبابم دەیانگوت) چاوێکی شینی ئاسمانی؛

قژێکی زەردی زێڕین و پیستێکی سپی. زۆر جار باوکم دەیگوت: " دەبوایە لە ئۆڕوپا لە دایك بووبای نەوەك ئێرە! ". دایکیشم بە خەندەوە وەڵامی دەدایەوە: " کاتی گەورە دەبێت؛ لاوان شێت دەکات؛ ئەو شۆخە نازدارە! ".

بەهەرحاڵ، منی ناسك زۆر بێتاقەت بووم. زۆرم تێنووبوو. زمانم وەك تۆپەڵەیەك لە نێو دەمم وشك بوبوو. ئارەقەیەکی زۆرم کرد. هەستمدەکرد خەریکە بخنکێم؛ کەچی ئاومان پێ نەبوو. دایبابم لە ترسی داعش، هەر دەیانگوت راکەن، رامەوەستن. باوەڕبکەن گلەییم لەوان نییە، براو خوشکەکانم بچووك بوون. باوکم یەکی لە کۆل کردبوو؛ ئەوەی دیکەی لە باوەش گرتبوو. دایکشم یەکێکی لەباوەش بوو. هیچ توانای رۆیشتنم نەمابوو. ماندوبوون و تێنوویەتی قورگیان گرتم. پێیە ناسکەکانم، کە هی ئەوەبوون شازادەیەك سندرێلائاسا، پێلاوی کریستالیان تێ هەڵکێشی؛ شەق شەق و ئەستور بوبوون. لێوە ناسکەکەم کە بەگێلاس دەشوبهێنرا؛ بە شێوەی ئەرزێکی بێ باران قلیش بوو. لەوەش خراپتر... تووشی سکچوونێکی توند بووم. نازانم گلەیی لە کێ بکەم؟ لە باوکم کە ئۆتۆمۆبیلێکەی لەکار وەستا؟ لە دایکم کە کۆلێك منداڵی هێناوە؟ لەو هێزە بێهیزانەی ئێمەیان پاس نەکرد؟ لە داعش کە وەکو گورگ تێمان بەربووە؟ لە خۆر کە ئەوەندە بێبەزەییانە، هەموو ئاوی جەستەی دەرکردم؛ هاوشێوەی پرتەقالێکی وشك؛ سیسی کردم. لە ئاسمان کە بە هانامانەوە نەهات؟ لە دەستکوورتی و هەژاری؛ کە ئەگەر رەوشمان باشتر بووایە؛ باوکم ئۆتۆمۆبیلێکی باشتر، بگرە پێلاوێکی چاکتری، لەو شتەی پێم بۆ دەکڕیم؟ لە ئایینەکەمان کە ئاشتیخوازە؛ لەو کاتەی ئێمە لە نێو ئۆقیانۆسێکی لێوانلێو؛ لە کۆسەج و نەهەنگ دەژین؟

گلەیی لە کێ و چی بکەم؟ ئاخۆ گلەیی هیچ داد دەدا؟ منێك بەو هەموو جوانیە، هەزار و یەك هیوا و ئاوات؛ دەکرێ ئاوا لەبەرچاوی هەموو جیهان؛ لە بەردەستی دایبابم؛ وا بە ئاسانی گیانم لێ بسەندرێ؟

دەزانن. لە هەموو ژیانم رۆژێکی خۆشم نەبینیووە. ئاواتێکم نەهاتووتە

دی، سوراو لێوە ناسکەکانمی بۆیە نەکردووە. قژە زێڕینەکەم تەسریحەیەك نەکراوە. ئەم لاشە ناسکەم جلێکی مۆدێرن و مارکەی نەپۆشیووە. ئەم دەستە سپی و ئەم قامکە باریکانەم، پارچە خشلێکیان تێ نەئالاوە. ئەم پێیە بچووکانەم؛ پێلاوێکی پاژنە بەرز یان مۆدێرنیان لەپێ نەکردووە. تا لێرە و لە پەنا ئەم چیا وشکە، ئاوا بێخەم و بە ئاسانی گیان دەرکەم. ناااا... نامەوێ بمرم. ئاخر بۆ بمرم؟ لە پای چی؟ تۆ بڵێی ئەم ژیانە کورتە و کولە مەرگیەم، لەسەر ئەژمار بکرێت؟ ئش ئشش... لە دوورەوە رووناکییەکی جوان دەبینم. ئەوە چییە؟ ئەم دوو کچە جوانەی هاوتەمەنم لە کوێوە هاتوون؟ بۆ وا جوان، خاوێن و رووخۆشن؟ چی؟ لەگەڵتان بێم؟ ئەی دایە، بابە و براکانم؟ خەمی ئەوانم نەبێت؟ ئێوە دەیانپارێزن؟

ببورن دەبی بڕۆم، ناتوانم دڵی ئەو کچە جوانانە بشکێنم. ئەوان پەیمانیانداوە ئاگاداری خێزانەکەمان بن. دەڕۆم و ئەم دونیایەی خێرم لێی نەدیت، بۆ ئێوە جێ دێڵم. بە راست بەر لەوەی بڕۆم؛ دەزانن ناوم چییە؟ منی خێر لەخۆ نەدیوی بەستەزمان؟ ناوم خێریەیە! باوەڕدەکەن؟ منێك کە لە چاوە شینەکانم، شینی و قووڵی هەموو دەریاکانم دەنواند؛ لە تێنویەتی خنکام! دەڕۆم ئەم دونیا پووچە، ئەو ناوە ناشایستە بۆ ئێوە جێدێڵم؛ بەرەو شوێنێك دەڕۆم کە نە داعش، نە هەژاری، نە گەرما، نە دڵی رەق و نە رەنگی رەشی لێیە.

وا بە ئاسمانەکان بەرزدەبمەوە؛ ئەم چیا گەورەیە هەروا دێت و بچووکتر دەردەکەوێت، نەوەك هەر ئەو، بگرە تەواوی زەوی بچووك دەبێتەوە. بە شێوەیەك، ئێستا بە قەد موورویەکی شینی لێهاتووە، وەك ئەوەی لە ملم کردووە. ئێستا هەست دەکەم مرۆڤ چەندە گەمژەیە و زەوی چەندە بچووکە. سەیرم پێ دێت ئەم مورووە شینە بچووکە، ئەم هەموو شەڕ و شۆڕ؛ گوناح و ناعەدالەتیەی لە خۆ گرتووە و ناپلیشێتەوە؟ بە راستی شتێکی نامۆیە!

# (40)

## محەبەتی بابان وێرانم

- خودێ ئێمە چیمان کردووە؛ تا بەم شێوە سزا بدرێین؟ ئەی هاوار کێ بە هانامان دەگات؟ ئەی هاوار... کووحو کووووح. ئەمیر تۆ سەلامەتی؟ مونیر تۆ لە کوێی؟ ئەی براکانت؟ دەی کوڕم یارمەتی ئەم خەڵکە بدەن، لە ژێر ئەم شاسیە دەریان بێنن؛ دەی کوڕە ئازاکانم. خەلەف، هۆ خەلەف... لە کوێی هاوسەرە ئازیزەکەم؟ ئەی هاوار ماڵم وێران بوو، خەلەف؛ کوڕە خەلەفۆکە... خودێ ئەوە چییە ڕۆژی حەشرە؟ ئەوە چ کارەساتێکە، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکی ناخۆشە... چییە تاقیمان دەکەیتەوە یان غەزەبت لێمان گرتووە؟ سەرەتا ماڵ و سامانمان ڕۆیشت، ئێستاش هاوسەرە باشە ئازیزەکەم؟ ئەی ڕۆۆۆۆ.

ببورن، زۆر پەشۆکاوم؛ بە ڕاستی نازانم چی بکەم! بەدەم بینینی منداڵەکانم؛ ئەوانەی بەگریانەوە دەوریان لە تەرمی باوکە خۆشەویستەکەیان داوە؛ بڕواناکەن مردبێت؛ بە توندی لاشەکەی دەهەژێنن شێت بوومە. خەریکە نەوەك بڕوا، بەڵکو هۆش و ژیریش لە دەست دەم.

نازانم چۆن باسی ئەم پیاوە باشە بکەم، تەمەنێکە بە یەکەوەین. دڵساف، دەستکراوە، خزمدۆست، باوکێکی میهرەبان و هاوسەرێکی بەرێز. ئەی هاوار خودێ.

ئەمڕۆ لە سەرەتاوە ڕۆژێکی ناخۆشبوو. کاتژێر دوازدەی نیوەڕۆ بوو کاتی لەگەڵ حەفتا خانەوادە؛ گوندەکەمان (کانیا عیدۆ) جێهێشت، بەرەو چیای شەنگال کەوتینە رێ. چەتەکانی داعش بە دوامانەوەبوون. بە هەموو

شێوەیەك تەقەیان لێدەکردین. ڕاستییەکەی کاتێکی سامناك بوو. ئەمیری کورە گەورەکەم بە دوامانەوە بوو، مێگەڵە سەد سەریەکەی بە پێشەخۆ دادابوو. لە دوورەوە بینیمان؛ کاتی کەوتە دەست داعش. بە هاوسەرم گوت:

- با ئێمە خەڵکەکە رزگار بکەین. ئەمیر ئازایە و خۆی دەرباز دەکات.

هەرواش بوو. ئەوان بە بینینی مێگەڵەکە شاگەشکە بوون؛ کوڕەکەم توانی لە دەستیان رابکات. کەچی هەر وازیان لێ نەهێنایین. دەستیان کردەوە بە راوەدونانمان. تەقەیان لێکردین و ئۆتۆمۆبێلە مارۆنیەکەمان؛ ئەوەی لە جۆری ئۆمیگای بوو؛ گڕی تێبەربوو. هاوارم کرد؛ بە خۆم و هاوسەرم؛ منداڵەکانمان بە پەلە پروزێ دەرهێنا؛ کەچی سەرجەم خشل، ناسنامە و کاغەزە گرنگەکان، گڕی تێبەربوو.

سوپاسی خودامان کرد؛ کە منداڵەکان سەلامەتن. ئەوجارە سواری عارەبانەی تراکتۆرەکەی خۆمان بووین. باری تراکتۆرەکە قورس بوو، چون جگە لە عارەبانە؛ تانکەرێکی بچووکی ئاویشی لە دوای خۆی رادەکێشا. لە ڕێگا هەر خەڵك سواری تراکتۆرەکە دەبوون. هاوسەرم دەیگوت: " ئەمڕۆ ڕۆژی مەردایەتی و مرۆڤایەتییە، کێ لەگەڵمان دێ؛ با سوار بیت! ". هەر دەهات و باری تراکتۆرەکە قورستر دەبوو. هاوسەرم مونیری کوڕمانی لە هاژووتنی تراکتۆرەکە لادا؛ شوفێرییەکەی بە نزاری هاوڕێی سپارد، کە لەم کارە مەعلانە. هەموو ئەوانەی لە عارەبانەکە سوار بوبووین و بەیەك دەنگ هاواری خودێمان دەکرد تا لەم ڕۆژی حەشرە رزگارمان بکات، کەچی ئەم دڕندانە هەر وازیان نەهێنا و لە دوورەوە تەقەیان لێ دەکردین.

ئێستاش ساتەوەختی وەرگەڕانی عارەبانەکەم لەبەر چاوە، کاتی بە نزیك تاوەری چیاکەگەیشتن، هەریەکە لە تراکتۆر و تانکەرەکەی؛ لەگەڵ خۆی ڕاکێشایە نێو دۆڵەکە... ئەی هاوار چ ڕۆژێکی رەش و چ ساتێکی ناخۆشبوو. هەستمکرد هەموو دونیا گێژ دەخوات، ئێمە حەفتا کەس لە گەڵی کەوتینە گەلی. لەنێو ئەم تەمتومان و تۆز و غوبارە تازە

هەڵدەستمەوە.

- ئەی خودیێ ئێمە چیمانکردووە تا بەم شێوەیە سزا بدرێین؟ ئاخر ئەمە چ سزایەکە و چ کارەساتێکە؟ بە یەك کاتژێر هەموو شتێك رۆیی. سەرەتا ماڵەکەمان، دواتریش سامان، ئۆتۆمبیل، مێگەڵ، تراکتۆر و ئێستاش هاوسەرە ئازیزەکەم... هاوارەخودیێ.

کاتی ئاوڕم لە منداڵەکان دایەوە، هەستمکرد هەندێکیان بریندارن و هەیانە شوێنێکی شکاوە؛ کەچی لەتاو لەدەستدانی باوکیان؛ ئاگایان لە خۆ نەماوە. سەرەتا هەوڵمدا ئەوان رزگاربکەم و بەسەر بێخم. بەڵام کاتی سەیری لاشەی بێنازی ئەم پیاوە جوامێرەم کرد، ئەوەی تەمەنێکە بە خۆشی لە گەڵی دەژیم، دڵم نەهات لێرەی تەنیا جێبێڵم. ئاخر ئەو زۆر جوامێرە؛ شایستەی ئەوە نییە لاشەی لەم گەلییە فەرامۆش بکرێت، تا تەیر و توالٌ بیخۆن. بۆیە بڕیارمدا جێی نەهێڵم؛ بە هەر شێوەیەك بێت سەریخەم و بە شایستەیی بینێژم.

- چی چی؟ ئەوە قەزاو قەدەرە؛ لەسەر نیوچاوان نووسراوە؟ چی؟ منداڵەکان رزگارکەم؟ سوێند بە خودیێ و تاووسی مەلەك؛ لێرەی جێناهێڵم؛ تەنانەت گەر هەمووومان تێبچین. ئەوە پیاوێکی سەلار بووە، دەبی گۆڕ و ناونیشانی دیاربێت.

سوپاس بۆ خودیێ؛ وا برادەرە دڵسۆزەکانی لاشەکەی دەگوازنەوە؛ بۆ ناشتنی لە مەزاری شیخ شەرەفەدین. منیش خەریکە لەگەڵ منداڵەکانم بە پێی دەڕۆین؛ بەو هیوایەی بگەینە رۆژاوا، هەرچەندە ئاو و خۆراکمان پێ نییە، بە تەمای خویێ دەڕۆین.

دەزانن، زۆرجار مردن لە ژیان خۆشترە و دەست ناکەوێت. گەر لەبەر منداڵەکان نەبووایە؛ حەزمدەکرد بمردبام؛ لەگەڵ خەلەف نێژرابام. چون ژیان دوور لە ئازیزان؛ مردنێکی هێواشی ئازاربەخشە.

هیچ شتێك لام تامی نەماوە، هەست بە هیچ ناکەم، برینی منداڵەکان سارێژ دەبیێ، بەڵام چ لەو برینەی دڵم بکەم؟ ئەوەی بە لە دەستدانی

هاوسەرەکەم؛ خوێنی لێ دەتکێ؟ باوەڕناکەم هەرگیز ساریژ بێتەوە. هەرچەندە پێم نەگوتووە، کەچی زۆرم خۆش دەویست. توخوا ئێوە ئەم وشەیە بە خوشەویستە زیندووەکانتان بڵێن، تا کات بەسەر نەچووە! ئاخر کاتی ئەوان دەڕۆن؛ دوای خۆیان هەموو خۆشییەکان دەبەن؛ سەرجەم دەرگاکانی ئاسوودەیی دوایان دادەخرێت، ژیان تامی لە دەست دەدات؛ هیچ شتێك ئەوەندە ناهێنی بۆی بژیت! بە کورتی؛ ژیان دەبێتە وێستگەیەکی چاوەڕوانی؛ بۆ مردن... ئاخر خودێ ئێمە چیمانکردبوو تا وامان بەسەربێت!

# (41)

## ئیبراهیم کورکوریم

ببورن که دووباره دەگریم، ئەمجارەیان فرمێسکی خۆشییە، چون کوڕەکانم سەلامەتن؛ هاتوونەتەوە دوام و بەرەو سەری چیا دەمبەن. گررم... گرررم!

- ئەو دەنگە چییە کوڕم؟
- داعش بە هاوەن لە کاروانەکەمان دەدا باوکە. ئۆتۆمۆبیلێك لە دواوە و یەکی دی لە پێشەوە لێدراون. تۆ هەقت نەبی. ئێستاش حەوت ئۆتۆمۆبیلمان ماوە؛ ئەوانی ناو دوو ئۆتۆمۆبیلە سووتاوەکانیش باردەکەین. ئەوجارە کەس جێناهێڵین.
- چاوم باش نابینێت رۆلە، ئێستا بە کوێی گەیشتین؟
- سیبا قزلکەنیدمان جێهێشتووە، بەرەو سیبا لافۆ دەچین.

باوەڕبکەن. کاتی کوڕەکەم ئەم قسانەی کرد؛ بیرم لەم چەند رۆژەی رابردوو دەکردەوە، دەتگوت مۆتەکە بوو.

سەرەتا با خۆمتان پێ بناسێنم؛ ناوم ئیبراهیمە، باوەڕدەکەن یان نا، تەمەنم سەد و دوو ساڵە! خەڵکی گرد عوزێرم. کەسێکی زۆر ئاسایی و بێکێشەم. لە هەموو تەمەنم کێشەم نەناوە؛ لە هیچ شەڕێك بەشداریم نەکردووە. تەنانەت نازانم چەك هەڵگرم. لەگوندی خۆمان بووین کاتی دەنگی شەڕوشۆر هات. نەوافی کوڕم هات و بە تەنگەتاوی گوتی: " دەبی بڕۆین، چون تێکدەرەکان هاتن!" . ئیستاش ناویان نازانم، ناحەقم مەگرن، لەو سەد ساڵە چەندین تێکدەرمان بینیووە و هەرجارێ بە ناونیشان، ئاڵا و بیرۆکەیەك دەهاتن. هەر تەنها ناوەکە گۆراوە؛ دەنا فەرمان و دژایەتیکردنی ئێمە؛ هەر بەردەوامبووە!

لە رێگا هەستمکرد، ئەم ئۆتۆمۆبیلە بەو قەڵەباڵغیە ناگات بە کوێی،

هاوسەری و نۆ منداڵ!(حەوت کچ و دوو کوڕ) کە بچووکترنیان حەوت مانگانە. ئەم بەستەزمانە منداڵەکانی گەیاندە چیا، هاتەوە تا من بباتە گوندی گابارە. لە ڕێگا چەند ئۆتۆمۆبیلێکی تێکدەرانمان بینی، کە داواین لێکردین بگەڕێینەوە، بەڵام ژیرانە خۆی مەڵاس داو؛ لێیان دەرچوو. هەرچەندە تەقەیان لێکردین، بەڵام نەوافی ئازا ڕانەوەستا. پێم گوت: " من لە شێخ حەسەن دانێ و بڕۆ خانەوادەکەت ڕزگاربکە!" . گوتی: " باشە، بەڵام تۆ لێرەبە و نەجوڵێیەوە؛ تا دەگەڕێمەوە!" . منی داناو دووبارە بەلای خانەوادەکەی ڕۆیشت، بەڵام هەستمکرد خەڵکەکە زۆر شلەژاوە، هەر وا ڕادەکەن. بەرەو چیا بەگەڵیان کەوتم، ئێمە گەلێ زۆربووین و کەس ئاگاداری کەس نەبوو. کەسم لێیان نەدەناسی و بە هێواشی دەڕۆیشتم؛ سەرەنجام منیان جێهیشت.

باوەڕکەن هەستێکی زۆر ناخۆشبوو، ترسام لەم چیایە بە تەنیا، لە تێنوویەتی یان برسان بمرم. یانیش ئاژەڵە دڕندەکان ئازارم بدەن. بۆیە بە هێواشی و کەمڕەوتی؛ بە یارمەتی گۆچانەکە؛ دەستم بە گاتەگات کرد. تاوێك دەڕۆیشتم و ماوەیەکی درێژ پشووم دەدا. زۆر ماندوبووم. تا گەنجێك لە خزمان بەدەرکەوت و یارمەتیدام. تا گەیشتینە لای خزمان لە گوندی قەندیل بەگەلم کەوت. ڕۆژی دواتر پێمگوتن: "بمبەنە شێخ حەسەن!" . ئەوەبوو منیان لەوێ داناو خۆیان ڕۆیشتن.

هممم... دەزانن بۆ بێدەنگ بووم؟ باوەڕکەن لەوێ بە تەنیا زۆر گریاوم! بەڵێ گریام. لەوانەیە ئەم قسەتان پێ سەیر بێت؛ بە کەمووکوڕی بزانن. بەڵام زۆرم بەزەیی بە خۆم و میللەتەکەم هاتەوە، ئاخر دەبێ ئێمە چیمان کردبێ؟ تو خودێ بەساڵاچوێکی وەك من و لەم تەمەنە؛ هی ئەویە بە تەنیا لە چیا جێبهێڵدرێت؟ بە ڕاستی نەمدەزانی چی دەگوزەرەێ. تۆ بڵییی ئێمە لە جەنگ بین و نەمزانیبێ؟ ئاخر جەنگ لەگەڵ کێ؟ لە هەموو ژیانمان کەسمان ئازار نەداوە؟ نەچووینەتە سەر ماڵی کەس. ئاخر بۆ دەبێ لە جەنگ

دابین؟

کاتی خەڵك منیان دەدی؛ دەهاتن و دەستیان ماچ دەکردم؛ تاوێك لەگەڵم دەگریان، نەمدەزانی کێین! بۆ کوێی دەچن و لە کوێی دێن. بەڵام دەمزانی میللەتی خۆمانن و لەشتێك رادەکەن.

دەزانن، یەکێك لە ناخۆشیەکانی تەمەنی درێژ چییە؟ هاوڕێ، هاوتەمەن، هاودەم و خۆشەویستانت کۆچ دەکەن و تەنیات جێدێڵن. ئەوکات هەست دەکەیت کەسێکی نامۆی؛ لە ماوەی خۆت زیاتر ژیاوی. بۆ زەمانێك درووستکراوی و لە زەمانێکی دیکە دەژی؛ کە هیچی لەگەڵت ناگونجێ. هەموو شتێك لات نامۆیە مرۆڤەکان، نەریت، یاساکان تا دەگاتە کەشوهەوا! هەست دەکەی کات هاتووە تۆش ئۆغربکەیتە ئەو دیو... چون هیچ شتێك بەم دیوەت نابەستێتەوە!

من تەنیا نەبووم، ئێمە حەڤدە بە ساڵاچوو و کەمئەندام بووین لەم شاخەدا. کوڕەکەم جارێکی دی هاتەوە، ئەمجارە خواردنی بۆ هێنابووین. گوتی: " کەمێك خۆڕاگربن، دەچم کۆمەك، ئۆتۆمۆبیل و خزمان دێنم، بۆ گواستنەوەتان!" . لەم ماوەیەدا لەنێو بەرد و لەبن داران دەخەوتین. نەمانەدەزانی چی بکەین. نەمانەدەزانی چی دەگوزەرێ. نەشماندەویست بارگرانی بخەینە سەر شانی کەس. بەردەوام بووین لە نزا و پاڕانەوە.

ئەوەبوو کوڕەکەم هاتەوە. هەر خۆی نەبوو، ئەوەندی چاوم بینی نۆ ئۆتۆمۆبیل بوون. ئێمەیان هەموو گواستەوە نێو ئۆتۆمۆبیلەکان؛ ئێستا بەرەو شوێنێکی ئارام لە سەر چیای شەنگال لە رێگەین.

- نەواف... تێکدەرەکان لێرەش هەن؟
- داعش باوکە، ناویان داعشە.
- جا کوڕم هەر هەموو تێکدەرن و ناویان بۆ چییە؟ هەر لەسوپا، حەرەس قەومی، رەفیق، فیدائی سەدام و قاعیدە؛ تا دەگاتە داعش؛ جیاوازیان چییە؟ هەر هەمان ئەهریمەنن، کە دەیانەوێت میللەتی شێخادی لە نێو

ببەن. دەزانی چی رۆڵە؟ زۆرم بینی، بەڵام هیچکات وەکو ئەمە نەبووە. وەکو بیستوومە سەر، ماڵ، منداڵ و ئافرەتەکانیش دەبەن. دەیانەوێت ئایینمان بگۆڕن. ئاخر ئەو گەمژانە نازانن؛ لای ئێزدیان گیان دەرچوون زۆر لە ئایین دەرچوون ئاسانترە؟ چون ئەوەی دەمرێت دووبارە دەژێیتەوە. کەچی ئەوەی ئایینی دەگۆڕێت؛ نە دەتوانی بژی و نەدەتوانی دووبارە بگەڕێتەوە!

# (42)

## وای کە عەزیز نەبووم

- تو خودێ جێم مەهێڵن، دایە... بابە؛ تو خودێ مەڕۆن.

کچێ دایە، هۆ دایکێ؛ چۆن دڵت دێت؛ عەزیزی عـەزیزت لێرە جێبێڵی؟ خۆ منیش وەك خوشك و براکانم؛ پارچەیەکم لە جگەرت. بەشێکم لە دڵت. بیرتە کاتێ لە نێو سکت بووم؛ دوو دڵت هەبوو؟ ئاخر یەکێکیان هی من بوو دایە... بیرتە چەندین جار؛ شەو تا بەیانی نەخەوتووی تا من نەخەوێنی؟ چەندین جار بەدەم شیرخواردنەوە؛ سەرت ماچکردووم و بە پەنجە ناسکەکانت؛ قژە تەنکەکەمت داهێناوە؟

چۆنت دڵ دێنی لێرەم جێبێڵی؟ دەزانی چییە دایە، کاتی دەگریام چەندین باڵندە و ئاژەڵ بە لامەوە هاتن؛ سەیریان بەوە دەهات، چۆن دایکم بە تەنیا لەسەر بەردێکی رەق جێیهێشتووم، مەگەر دڵی لەو بەردە رەقتر نەبێت! ئاها... ئەو کێشوولەیە لەو جۆرەیە، کە لە باوەشت سەیرم دەکردن؛ بە پەنجە ئاماژەم بۆ دەکرد و دەمگوت (تەتە). کاتی بە دەنگ دەیچریواند چاوکانم زەق دەکردنەوە؛ تۆش لە تریقەی پێکەنینت دەدا. ئاااى دایە؛ چەندە بیرت دەکەم.

باوەڕبکە دایە؛ ئەوە ماوەی دە کاتژێری رێکە دەگریم؛ سەیر لەوەدایە کەس بەلامەوە نایەت؛ تا قسەیەکم لەگەڵ بکات؛ فرمێسکم بسڕی؛ یا هەر هیچ نەبیت ژێرم کاتەوە! لەو باوەڕەدام؛ کە هەموو فریشتەکانی ئاسمان ئەمشەو تا بەیانی بە دیارمەوە گریاون؛ و هیچیان پێ نەکراوە. ئاخر گریانی کز و هەنیسکم بەم شەوە بە تەنیا؛ تەنانەت دڵی ئەم چیایەشی شەق کرد؛ دایە گیان!

نـازانم ئەمشـەوە؛ چەنـدین فرشـتە لـە خـەمان سـەریان نـاوە؟ یـان چەنـدە ئەهریمـەن هێلبوونـەوە؛ دەسـتیان لـەکار کێشـاوە. بـەڵام ئـەوەی دەزانـم؛ هـیچ مرۆڤێك بە لامەوە نەهات!

دەزانـی دایـە گیـان؛ ئەمشـەوە زۆرم سـەرما بـوو، تـەنیا و تـەنیا بـە بیرەوەریـەکانت گـەرم بوومـەوە. چـون دەمزانـی؛ دوای ئـەوەی چـاوم دەکەوێتـە خـەو، دێـی و بـێ ئـەوەی هەسـت کـەم؛ شـتێکم پێدادەدەی! بیرتـە جارێکیـان شتێکم شکاند؟ سەرەتا زۆر لێم توڕەبووی و بەسەرمدا قیژاندت. لە توڕەیی باوکم ترسای؛ هیچ حیسابت بۆ ئەو دڵەم نەکرد؛ کە هەزار پارچە بوو؛ رێك وەك ئەوشتەی شکاندم. کەچی دواتر خۆت پێڕانەگیراو منت لە باوەش کرد؛ زۆر لە من زیاتر گریایی، بە وردە ماچان؛ زامی دڵت سارێژکردم.

دەزانی دایە گیان، راستە تەمەنم چوار ساڵە؛ بەڵام دەزانم بۆ منتـان لێرە جێهیشـتووە. بیرمـە چـۆن؛ تـا لـە پـەنا بەردەکانـەوە بزربـوون. تـۆ و بـاوکم بـە گریانـەوە ئاوڕتـان دەدایـەوە. دەزانـم تـۆ بـرای بچـووك و بـاوکم دووبراکـەی دیکـەمی هـەڵگرتبوو؛ جێگـای مـن لـەو کەشـتیەی نـوح نـەدەبۆوە. بۆیـە بـە ناچاری منتان لێرە؛ لەسەر بەردێکی ئەو چیایە جێهێشت؛ لە دەست تۆفان راتـانکرد. ئـاخر باوکـە گیـان؛ لەوکاتـەی چیـا کـوڕی نـوح پەیامبـەری نەپاراست؛ و پێی رزگـار نـەکرا، چۆن دەتـوانی مـن، لـە تۆفانی رق و قینـی داعش، بێباکی هاوڕەگەزەکانم بپارێزی!

باوکە گیـان، زۆرم لا سـەیرە کـە نـاوت سـەبرییە؛ کـەچی سـەبر و بەرگـەی هەڵگرتنی چواردە کاتژێری منت نەبوو! چییە کێشم زۆر قورس بو؟ ببورە کە وادەڵێم و دەزانم؛ ناچاربوویت تـا سـێ براکـەی دیکـەم رزگارکـەن، بـەڵام کـاتی منـت لـە بـاوەش چیـا جێهێشـت، ئـەوەت خسـتە بـەرچاوت، کـە تەمـەنم چـوار ساڵانە و نەخۆشم؛ هی ئەوە نیم شەو و رۆژێك لێرە؛ بە تەنیا بمێنمەوە !

هۆ بابە گیان، گەردەنت ئازاد بێت و هیچ گلەییت لێناکـەم، ئـاخر گلـەیی لە چی بکەم؟ ئەگەر پەیامبەرێك بە هۆی لێکدانـەوەی خـەوێك؛ ملـی کـوڕە

نۆبەرەکەی لە تیغی چەقۆ سوویی بێت؛ بۆ گلەیی لەتۆ بکەم؛ کە لە ترسی سوپای ئەهریمەن؛ نۆبەرەکەت لەسەر چیا جێهێشتبێت؟

باشە باوکە گیان، مادامەکی ئەوەندە عەزیز نەبووم، بۆ منت ناوناوە عەزیز؟ چییە واتدەزانی یوسف ئاسا؛ دواتر لەم تەنگانەی چیایە رزگارم دەبێت؛ و دەبمە عەزیزی عێراق؟ وای لە سادەییت باوکە گیان؛ کەی زەمانی خەونی فیرعەونە باشەکان ماوە؟ ئەوە زەمانی جلڕەشەکانی داعشە. ئەوەی نەوەك هەر خۆراك؛ بەڵکو خەون، خەیاڵ و هیواکانیش رادەماڵن.

باوکە گیان، راستە من یوسف بووم، گورگەکان بە من نەگەیشتن و براکانم نەمیان خستە بیر. بەڵکو خۆت جێتهێشتم، بە دڵە پاکەکەت؛ واتدەزانی کاروانەکەی عەزیز دێت و من دەبینێتەوە! بە خوای باوکە گیان؛ سەدان کەس و کاروان بێرەدا رۆیشتن و منیان بینی؛ نە مشتێك ئاویان پێدام، نە بەگەڵ خۆیان دادام.

دایە؛ هۆ دایکێ. مەترسە من ئێستا ناگریم، چون ئاو لە چاوم نەماوە، ئەوە رۆژێکی نوێی، لە میانی گاشە بەردەکانی سەر چیاکە دەردەکەوێت؛ نازانم گەر ئاوابوونی ئەم خۆرە ببینم یان نەخێر ، چونکە تەندرووستیم باش نییە. نازانم ئەوە چاوی منە کە رەشکە و پێشکە دەکات، یانیش بە راستی دەیان فریشتە لە ژوور سەرم وەستاون؟ باڵەفڕکەیانە و بۆم دەگرین! دەزانی لەو دیمەنە چی سەیرە دایە؟ شێوەی هەموویان لە تۆ دەچێت. ئەوەیان قژی زەردو خاوە، هی ئەوە سووری تێکهەڵپڕژاوە، ئەوە رەشی درێژە، هی ئەمەیان سەوزی کاڵە... بەڵام هەموویان هەر تۆن دایە!

دەزانی دایە، یەکێکیان پەنچەی بۆ دەمم درێژکرد. شلەیەکی بە تامی سارد هاتە نێو دەمم. هەستمکرد تامی نامۆ نییە. بەڵێ زانیم، تامی وەکو شیری مەمکەکانتە. هەرچەندە لەبەر براکانم زۆر زوو منت لە شیرکرد، کەچی ئێستاش تامی لەنێو دەممدایە، دایە گیان.

باوەڕبکە دایە گیان، هەست دەکەم زۆر جوان بوومە. نازانم ئەم هەستە لە

چییەوە سەری گرتووە. بەڵام چاوەکانم گەورەتر و گەشتر، گوێەکانم سوورترن دەردەکەون. راستە رۆژێکە لێرە تەنیام، بەڵام هەست دەکەم بەم بیست و چوار کاتژێرە، زۆر گەورەتر و ژیرتر بوومە. ئێستا هەست دەکەم تەمەنم چل ساڵانە؛ خۆم وەك بوزا دێتە بەرچاو، کاتی هاوشێوەی من لەسەر بەردێك و لە پاڵ دار هەنجیرێك؛ دانیشت. دواتر بوو بە پەیامبەر! نازانم ئێوارەی ئەمڕۆ دەبینم یاخود نە، بەڵام قەیدی چییە؛ گەر منیش دەعوای پەیامبەری بکەم؛ ببم بە یەکەم پەیامبەری میللەتێك، کە سێ هەزار ساڵە بێ پەیامبەرن! دەزانم دایە گیان؛ ئێستا بە بیستنی ئەم قسانە لە خۆت دەدەی و دەڵێی، لە سایەی ترس، لەبەر بێ ئاوی و بێ خۆراکی، کوڕە جوانەکەم هوڕێنە دەکات؛ بە هۆی شەوەتاوە شێت بووە. بەڵام ئاخۆ تا، هوڕینە و شێتاتی بەشێك نین لە پەیامبەری؟ ئەی هەموو پیاو چاك و پەیامبەران بە تادار، شێت و هوڕێنەبین وەسف نەکراون؟

ببورە دایە؛ هەست دەکەم چاوەکانم قوڕس دەبن و دەمم وشکتر دەبێت. نازانم دەتانبینمە یاخود نا، بەڵام یەك شت. من لە تۆ و بابم خۆش دەبم. ئەگەر هاتنەوە و منتان نەبینییەوە، ئەوا بزانن کە زۆرم خۆش دەوێن. قەد گلەیی لەوە ناکەم، کە جێتان هێشتووم. هیوادارم خودێ برا و خوشکەکانم، ئەوانەی هەن و ئەوانەی دواتر دێن، بە میهری خۆی بپارێزی. حەزم لێیە یەکێکیان بە نێوی من بنین عەزیز. بەڵام لە من زیاترتان خۆش بوێت، ئەوجارە لەژێر هیچ فشارێك جێی نەهێڵن، چون نامەوێ ئەوەی من بینیم، کەسی دیکە بیبینێت!

هۆ دایکە، من وادەڕۆم، هیچ پەشیمان نیم لە جێهێشتنی ژیان. لە چەرخێکی سەرلێشێواو، لەسەر هەسارەیەك، کە لە دیوێکی مرۆڤ کەشتی بۆشایی بۆ بارام رەوانە دەکات، تا بەردێکی وەك نموونە دەسکەوێت، لە بەشەکەی تریشی منداڵێك بە تەنیا لە چیا جێدەهێڵدرێت؛ تا لەسەر بەردێکی تەخت بمرێت!

گەردەنی هەمووتان ئازاد دەکەم، هی تۆ، بابە و براکانم، هی چیا، دەون، دار و بەرد. تەنانەت ئەو خەڵکەی، بەلامەوە هاتن و گوێیان پێنەدام. بەڵام کاتی گیانم دەچێتەوە ئاسمان، ئەوا زۆر گلەیی دەکەم... زۆر! چون تا کاتی مردن؛ بە دوای فریادڕەسێك چاوم بە ئاسمانەوە گێرا، کەچی یەکەم کەس کە بینیم؛ ئیزرائیل بوو!... خوا ئاگادارتان بێت و خۆشم دەوێن.

## (43)

# چیای شەنگالم

بەڵێ من هەوم، بە بەرزی هەزار و چوار سەد و شەستوسێ مەتر؛ لە تخوبی بیابان؛ وەك قەڵایەك لە سنووری کوردستان وەستام. هاوشێوەی مەرزەوانێك؛ گەردەلوولەکانی بیابان دەشکێنم. هەربۆیە؛ هەزارەها ساڵە، باجی ئەمەم قورس داوەتەوە.

سەبارەت بە ناوم، هاوشێوەی چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەی شەهرەزاد؛ هەزار و یەك لێکدانەوەی هەیە. سەرەتا بە نووسینە بزمارییەکان دەست پێدەکەم؛ ئاشوری و بابلییەکان بە (سنکار) ناویان ناوم. هەندێك دەڵێن ناوەکە لە (سنقارە) هاتووە؛ کە لەسەر سکەی لێداروی زەمانی عیمادەدین زەنکی کوڕی ئاق سنقەر؛ دامەزرێنەری ئەتابکیەی موسڵ؛ لە ساڵی هەزار و سەد و بیستوحەوتی زایینی نووسراوە. هەندێك دەڵێن سنجار ناوی بنیاتنەری شارەکەیە؛ (سنجاری کوڕی دەعری کوڕی بویبە). کەچی قەزوینی دەڵێ: " بنیاتنانی شارەکە؛ هاوکات بوو لەگەڵ لە دایکبوونی (سنجەری سلوقی). بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە. هەرچەندە لە راستیدا ئەم سنجەرە، لە بیستی ئۆکتوبەری ساڵی هەزار و پەنجاو پێنچی زایینی لە دایکبووە، کەچی شاری سنجار بەر لەوە؛ بە ماوەیەکی زۆر بەم ناوە؛ باسکراوە. هەرچی یاقوتی حەمەوییە؛ دەڵێ: " سنجار بە عەرەبیکردنی وشەی (شنگار)ە؛ ئەوەی کوردانی ئێزدی خەڵکی ناوچەکە بە (شەنگار) یا (شەنگال) ناوی دەبەن؛ کە بە واتای زەوییەکی شەنگ و جوان دێت" . خواناس ئەنستاس کرمەلی دەڵێ: " ناوەکە لە بنەڕەتدا فارسییە؛ چون ماوەیەکی درێژ ئەم ناوچەیە

قەڵـەمڕەوی  فەرمانڕەوایـەتی ئـەوان بـووە" . بـە پێچەوانـەی ئەوانـەوە ئەسـتەخر دەڵـێ: " چیاکـە نـاوی شـارەکەی وەرگرتـووە!". واتـا منێـك؛ کـە بـە ملیۆنـەها ساڵ بەر لە شارەکە لێرە چەقیووم، ناوم لە شارەکە وەرگرتوە! هەهەهەهەهە ببـورن، بەڵام پێکەنینم دێت. هەندێکی دیکەش ناوەکەم بەو (شـنقار) وابەسـتە دەکـەن، ئـەوەی زیـاتر لـە شـوێنێك، لـە سفری تـەکوینی نێـو تـەورات باسـی لێـوەکراوە. هەندێکی دیکە دەڵێن؛ ناوەکە لە ئەسڵدا (ژەنگار) بووە، کە بە زمانی کوردی واتا رەنگین، ئەمەش بە هۆی ئەوەی چیاکە؛ لـە ژێر تیشـکی خـۆر بریسـکە دەداتەوە بەهۆی سرووشتی کانزاکانی؛ ئەوەی وەك ئاسنێکی ژەنگاوی رەنـگ دەداتەوە. لەوانەشە ناوەکە لە (ئاسنەجاڕ)ەوە هاتبێت؛ دواتر بووبێت بـە سـنجار. هەنـدێك وای بـۆ دەچـن لـە بنەڕەتـدا (شـنگاری) بووبێـت، کـە لـە (شـنە ئاگری)یـەوە هـاتووە. واتـا ئـاگری شـەنگ، دواتـر لـە عـەرەبی و بـەهۆی نـەبوونی پیتـی (گ)؛ بوویتـە شـنگار؛ لەبـەر نزیکـی شـین و سـین؛ و بـۆ ئاسـانی دەربـڕین لـە سـەر زمـان؛ بۆتـە سـنجار! هەنـدێك ناوەکـە بـە (ژەنگـار) دەزانن، بە هۆی هەبوونی رەنگی سووری تۆخ؛ بە شێوەی ئاسنی ژەنگـاوی، کـە دواتـر بۆتـە شـەنگار؛ لـە عـەرەبیش بـەواتای زنجار دێت؛ کـە دواتـر بۆتـە سنجار.

باوەڕدەکەن هەندێ لە عەرەبان... هەهەهەهە! ببـورن، پێکـەنینم دێـت بـە قسـە خۆشەکانیان. ناوی مـن؛ کە بەر لە پەیدابوونی مرۆڤایـەتی؛ لێرە هەڵچەقیوم؛ دەبەنەوە سەر هۆزی (سنجەر)ی خێلی شمەڕ! باوەڕدەکـەن؟ هەهەهـە! واتـا مـن بەو زەبەلاحیەم بە ناوی هۆزێك کراوم. لەوکاتـەی کـە هـەموو مێژووی خێلـی شمەر چەند سەد ساڵێکە!! دەزانن بۆ پێدەکەنم؟ چون منـی چیـای ژەنگـاوی، لە چەرخی دیناسورەکانەوە لێرەم، بەر لەوەی عەرەب بە ناوی ئـایینی ئیسـلام؛ خۆیان و شمشێرە ژەنگاوییەکانیان، بێنە ئـەم نـاوە. لـەوەش خۆشـتر ئەوەیـە، کـە عەرەبەکان و لە میانی بـە عـەرەبکردنی هـەموو دونیـا؛ دەڵێن: " کـاتی خـۆی کەشـتی حـەزرەتی نـوح، بـە هـۆی شـەپۆلی بـەرزی لافاوەکـە، بـەر لووتکـەی

چیاکە کەوتووە، ئەویش توڕەبووە و گوتوویەتی: " هذا سن جبل جار علینا! ". واتا (ئەوە قۆپکی چیاییێکە، کە ستەمی لێ کردووین) دواتر رستەی (سن جبل جار) بۆتە سن جار و دواتر سنجار. هەرچەندە دیارنییە کە حەزرەتی نوح؛ بەر لە لە دایبکبوونی ئیسماعیلی باوکی عەرەبان؛ چۆن بە عەرەبی قسەی کردووە؟ هههەه ( پێکەنین).

ببورن کە پێکەنینم دێت. دەزانن بۆ بەهێواشی قسە دەکەم؟ باوەڕبکەن ئێستا گەر گەمژەکانی داعش؛ گوێیان لەم قسانە بیت. دێن و بە چەکی ناووکی لێم دەدەن؛ چون پەیامبەرێکی خودام ئازارداوە! ببورن کە پێکەنیم، منێك کە بە دەست ئەو رەوشەی بەسەر میللەتی شێخادی هاتووە، خەریکە دڵم کونکون دەبێت. ئاخر ئێوە نازانن چیم بینی؟ دەیان هەزار خانەوادە؛ بە سکی برسی و پێی پەتی، بە ترسەوە پەنایان بۆ من هێنا. ئاااى خوایە لەو ستەمە، ئەوەی من بینیم لەو چەند رۆژە گەرمەی مانگی تەباخ، ناخی هەژاندم. زۆرم حەزدەکرد هەموو ئاسن و رقی هەناوم، بە شێوەی گڕکان بەسەر ئەم چەتە دڵڕەشانە دابارێنم. باوەڕبکەن، زۆرم هەوڵدا جەستەم ساردبکەمەوە، ئاو لە ناخم دەرکەم، بەڵکو رۆڵەکانم تاوێك لە پەنام، دەحەسێنەوە. دیمەنێك بوو لە رۆژی حەشر، پیاو کوری خۆی جێدەهێشت و ئاوڕی نەدەدایەوە. دایك کۆرپەکەی فرێ دەدا و دەڕۆیشت. کوڕ باوکە پیرەکەی لە پەنا بەردێك؛ بە تەنیاو بێ ئاو و نان جێدەهێشت. خەڵکەکە بێهوودە دەڕۆیشت و رای دەکرد.

جاران زۆر کەیفم بە خۆم دەهات. چون چیایەکی سەختی هاوشێوەی پۆلام؛ تەنانەت ناوم لە ئاسنەوە هاتووە. بەڵام کاتی دڵ و دەروونی ئەم مرۆڤکوژە؛ ئەهریمەنانەم بینی؛ هەستمکرد چەندە دڵ نەرم و میهرەبانم. باوەڕبکەن لە ناخەوە دەکولام، خەریکبوو داوا لە خودێ بکەم؛ فەرمان بە فریشتەی چیاکان بکات. یانیش هەر خۆم مۆڵەتی لێ وەرگرم، لە شوێن خۆم بهەژم؛ پارچە پارچە ببم، بەرد بەرد وەکو سزایەك؛ ببارمە سەر داعش.

ببمە سێڵاوێك لە وردە بەرد و تا موسڵ بڕۆم. بیرم لەوە دەکردەوە سەرجەم پاساری، کەناری، تەیر و تواڵ. تەنانەت هەڵۆ سەرکەشەکانی شەنگال بانگ کەم؛ کەڤرەکانی خۆمیان بە شێوەی سجیل و بەردی دۆزەخ پێبدەم، بیانکەم بە عەبابیل؛ تا بە سەر سوپا ملهورەکی ئەبوبەکری بەغدادی ببیارێنن. چۆن نابێت؟ ئەدی ئەوە بەسەر ئیبرەهەی حەبەشی نەهات، کاتی ویستی کەعبە بڕوخێنی؟ لەوکاتەی ئیبرەهە خواناس بوو؛ کەعبەش بتخانەیەکی لێوانلێو بوو لە سێ سەدو شەست بت! باشە بۆ ئەم ڕووداوە دووبارە نەبێتەوە؟ ئەی ئەوە نییە سوپای ئیبرەهەی بەغدادی هات؛ دەستی ختە بیناقاقای مرۆڤایەتی! هەموو ڕێسا و یاساکانی ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی تێکدا، مرۆڤایەتی هەزار ساڵ گەڕاندەوە دواوە؛ بۆ سەردەمی غەزو، دزی، تاڵان، بە کۆیلەکردن، ڕفاندنی پاکیزەکان و فرۆشتنیان.

باوەڕبکەن زۆر دڵتوندبووم. بەڵام کاتی بەرگری و بەرخودان دەست پێکرد، شادومان بووم. کاتێ پەڕۆی (جانگوری و خۆبەخشانی شەنگال)م لە لەسەر هەنیەی لاوان و پیاوان بینی؛ ئاسوودە بووم. کاتێ لە دامێنم کەلاکی ئەم نامرڤانەم بینی؛ ئارام بووم. کاتێ شەهید سەعد خوێنی ڕژاند؛ سەرفراز بووم. کاتێ نەوزاوا بیکەیسی بە دەستەکەم بینی؛ ئابڕوومەند بووم. کاتێ ئیزدین لە پشت بەردێکم شەهیدبوو؛ منی بە ڕەنگی خوێنی سوورکرد شلەژام. بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی ڕوحی بەرگری؛ هاتنی شەڕڤان، پێشمەرگە و هێزەکانی ئێزدیخان؛ دڵم ئاوی خواردەوە. دەزانن، بەردەوام کورد تەنها منی هەبووە، منم پاڵپشت و پشتیوان. منم یەکەم و دوا مەنزڵگا، ئارامترین چەپەر، دڵسۆزترین هاوڕێی و پیرۆزترین شوێن. هەرکاتێك پشتی دابێتم؛ ناپاکیم لەگەڵی نەکردووە. مستەمێژ و قومەئاوێك بەسی بووە، تا بەردەوام بێت. ئەوکات بە بڕوا گەرمەکەی نێو سینە و تفەنگە ساردەکەی دەستی؛ پایتەختی دوژمنانی هێناوەتە سەرچۆك.

لە کۆتاییدا با شتێکتان پێ بڵێم و ئێوە شاهێدبن؛ ئەمجارەش ئەم هەورە

ڕەشە؛ بە خۆری نێو ئاڵای کورد ڕادەماڵدرێت و کۆتایی پێدێت. بەڵام ئاخۆ کامە چیای سەرکەش هاوشێوەی من؛ کاروانی ئاوارە، خێزانە پەڕاگەندە و پاشماوەکانیان لەخۆ دەگرێت؟ باوەڕناکەم هیچ شاخێك بیکات... مەگەر کێوێکی دۆزەخ !

# (44)

# پێم دەڵێن شەنگالی

مـن هـەڵۆ سەربەستە تۆخە بەرزەفڕەکەم. ڕەنگم لـە نێوان قـاوایی تـۆخ و ڕەشـە. پـێم دەڵـێن شـەنگالی یـان سـنجاری. چـون چیـای شـەنگالم زۆر لا خۆشەویستە، بەردەوام سەردانی دەکەم. پێم دەڵێن شەنگالی چونکە وەك ئـەم کێوە گـەورە، دڕ، سـەربەرز و سینگ پـانم. ئاهـا... جیاوازیم چییـە لەگـەڵ هەڵۆکانی دیکە؟ سەرم بچووکەو پێیەکانم درێژن، کە تا سـەر ئـەژنۆ بـە تـووك داپۆشـراون. بوەسـتن ئەمانـە جیاکارییـەکانمن، بـەڵام هـەموان بـە ئازایـەتی و چاونەترسی و چەتوونی دەمناسنەوە.

مـن هـەڵۆم؛ شـابازی ئاسمان و نێچیرڤـانی زەوی. مایـەی شـانازی لای هەمووان. هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ منی خۆشوویستووە و ڕێزی لـێ گرتـووم. ئاڵا، بەیداخ و پەرچەمی چەندین کیشوەرگیرم ڕازاندۆتەوە. پێنج هـەزار سـاڵ بـەر لـە زایـین؛ سـۆمەرییەکان منیـان بـە بـاڵی کـراوە وێنـاکرد؛ کردمیـان بـە درووشم. دواتر هاخەمەنشییەکان زەوییـان پـێ داگیرکردم و منیـان لـە زێـڕ نـا. لەگـەڵ ڕۆمانـەکان بـاڵم بەسـەر زەوی داکشـاند. هاوشـانی شـارلمان حـوکمی ئۆروپام کرد. سەلاحەدینی ئەیوبی و لەژێر سێبەری من، دژی هەموو ئۆروپا جەنگی و قودسی ئازادکرد. چوومە سەر بەیـداخی نـابلیۆن؛ دواتـریش لەسـەر خانەی ڕاوێژکاری هیتلەر لە ڕایخشتاغ؛؛ نیشتم.

بیزەنتیـەکان منیـان بـە دووسـەر بـەرزکردەوە. لەوانیشـەوە رووسیا منـی کـردە درووشم. بەر لەوانیش لای میسرییە کۆنەکان خواوەند بووم؛ بە ناوی حۆرس و پارێزگاریم لە ڕوحەکانیان دەکرد.

لەوانەیـە لـە ڕۆڵـم بپرسـن لـەم ڕۆمانـەدا؟ مـن ڕوحـی چیـای شـەنگال،

سیمبولی توانایی و پاسەوانی ئاسمانم. نازانم چیای شەنگال بۆ باسی منی نەکرد؛ لە گێڕانەوەی ناوی شارەکەدا؟ کاتی باسی لە قسەکانی (یاقوت حەمەوی) کرد؛ سەبارەت بە ناوە فارسیەکەی چیاکە، لە یادی چوو کە بە ناوی جۆرێك لە باڵندەی گۆشتخۆر کراوە؛ کە لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە هەڵۆ. ئەم ناوەی لێنراوە؛ چون ئەوەی پەنا بباتە بەر چیاکە؛ پشتئەستوور دەبێت؛ کەس دەستی پێناگات. شارەکەش ناوی لە چیاکە وەرگرتووە؛ کە پشت و پەنایەتی. هەرچەندە پارێزەر، شەڕڤان و پێشمەرگەکانی ناوچەکە منیان نەخستۆتە نێو ئالا، بەیداخ و سیمبولەکانیان. کەچی باوەڕبکەن؛ لەگەڵ یەکەم پڕوشکەی چەخماخەی بەرگری؛ چوومە نێو دڵەکانیان و لەوێ هێلانەم کرد. فڕیمە سەرسەریان و باڵەکانم کردەوە؛ تا بیانپارێزم و بەری بۆمبا بارانیان لێبگرم. چوومە نێو سۆمای چاوان و تیژترم کردن. تا باشتر ئامانجەکان بپێکن. هێزم خستە نێو بازووەکان تا باشتر بجەنگن. ملنەدان، سەرکێشی و ئاگرم خستە نێو دڵەکانیان.

هەرچەندە من باڵندەیەکی کۆچبەرم، ساڵانە ماوەیەك دێمە چیای شەنگال، بەڵام لەگەڵ ئەم فەرمانە؛ بڕیارمدا لێرە بمێنمەوە، ببمە بەرگریکار و پارێزە.

ڕۆژانە لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگی خۆر؛ لە شەقەی باڵ دەدەم؛ بە ئاسمانی ئەم چیایە دەفڕم و هەوای ئازادی هەڵدەمژم. دەبمە جەنگاوەر و بەسەر سەری میللەتی شێخادی پەرواز دەکەم؛ روحی بەرگری گڕ دەدەم.

لەگەڵ دەستپێکی ئەم کارەساتە؛ لێرە لە ئاسمانی ئەم دەڤەرە خێر لەخۆ نەدیوە، هەڵۆیەکی مەردی تیژبینم دیت؛ جارجار باڵێدەگرت و دەهات. هەندێجار دەبووە هەوری رەش؛ بروسکە وگڕی دەبارانده سەر جلڕەشەکان. ناوەناوەش دەبووە هەوری سپی پڕ لە باران و بەخشش؛ ئاوی دەبارانده سەر میللەتەکەمان. جارجاریش وەك فرشتەیەکی دڵسەوز خۆراکی بۆ هەڵدەدان. جاری واش هەبوو وەك باوکێکی بە سۆز، سواری سەر پشتی خۆی دەکردن؛

دەبووە بەردەباز و بەرەو ئاسوودەیی دەیپەڕاندنەوە.

دەزانن؛ پێشتر و لەو شوێنەی کە لێی هاتووم، ئەم هەڵۆ ئاسنینە گەورەم دیووە. بەڵێ؛ لەسەر چیاکانی تای و سایان لە چین؛ و لە پێدەشتەکانی مەنگۆلیام دیووە. بە خۆی و بەم پەروانە گەورانەوە لە ئاسمان فڕەفڕی بوو، راستیەکەی شتێکی نایاب و بوونەوەرێکی ناوازەیە. بە تایبەت کاتی لاشە میتاڵیەکەی؛ لە ژێر تیشکی رۆجیار درەخشان دەبوو!

جارێکیان لێی نزیك بوومەوە؛ لە میانی شووشەکانی پێشەوە؛ پیاوێکی سەلارم بینی؛ چاویلکەیەکی رەشی لە سەر چاوان بوو. زۆر بە جورئەتەوە ئەم کۆلارە ئاسنینەی لێدەخوڕی. تەژەیەکی قۆچاخ، ئارنایەکی دڵنەرم، چون بە چاوە تیژەکانم و لە ژێر شووشە رەشەکانی چاویلکەکەی؛ فرمێسکی گەرمی قەتیسماوم بینی، ئەوەی بەسەر روومەتە تراشراوەکەی دەهاتە خوارەوە. نازانم ناوی چییە، بەڵام زۆر لە خەمی ئەو خەڵکەدابوو. هەرچەندە مرووزی لە خزمان جیاوازتر دەردەکەوت، کەچی زۆر گەڕناس و خەمخۆر دیاربوو.

لە ئاسمانەوە چاودێریم دەکرد؛ کاتی وەك باوکێکی میهرەبان کۆمەڵ کۆمەڵ بریندار، پیر و پەککەوتەی دەگواستنەوە. وەك سوارچاکێکی پایەدار، دەستی لەسەر سەری منداڵەکان دادەنا؛ بە کڕی فرمێسکی هەڵدەوەراند و بە هەموو شێوەیەك یارمەتی دەدان. نازانم ناوی چییە، خەڵکی کوێیە. بەڵام ئەو دوو شمشێرە و ئەو باڵەی سەرشانی؛ لە ئێمەی نزیك دەکاتەوە. بەڵێ ئەویش فڕندەیە. هەڵۆیەکی بەرزەفڕ. هەرچەندە لە رۆژی دووشەممەوە نەمبینیوە، بەڵام زۆرچاك هەستی پێدەکەم!

دەزانن؛ هەبوونی پاڵەوانی وەك ئەو لێرە، زۆرێك لە لێپسراویەتیەکانی سەر شانم لادەبات! بوونی ئەم خەمخۆرە لەم ئاسمانە؛ من پایدۆس دەکات؛ راستیەکەشی ئاسم نەماو هیلاك بووم! ئێستا دەتوانم بە ئازادی بەرەو ناوچەکانی دیکە کۆچ بکەم. ئەم ئاسمانە بەو دەسپێرم؛ ناوی دەنێم هەڵۆی شەنگال.

## (45)

# پێم دەڵێن می حەڤدە

کاکدیلا... ببورن، چۆنن؟ لە بیرم چووە ماوەی سی ساڵە وڵاتی خۆم جێهێشتووە؛ هاتوومەتە عێراق. بەڵێ چون من بە ئەسڵ رووسیم. لە سەرەتایی هەشتاکان درووستکراوم؛ باڤل چوومە جەنگی ئەفغانستان.

چی چی؟ نەخێر من بکوژنیم، لە بنەڕەتدا هەلیکۆپتەرێکی فریاگوزاری و گواستنەوەم؛ کوڕی می هەشتم. چی؟ بێگومان لە باوکم باشتر و جیاوازترم. گەورەتر، پێشکەوتووتر و چەپانم. ئاهاا؛ ببورن واتا پەروانە بچووکەکەی دواوەم خراوەتە لای چەپ، چون لای راست تایبەتکراوە بە بارکردن و کارەکانی فریاگوزاری.

شتۆ؟... ببورن، مەقسەدم چی؟ من چ پەیوەستم بەم رۆمانە؟ چۆن من ناناسنەوە؟ ئەی ئەوە نییە لاشە بێنازەکەم؛ لەسەر قۆپکێکی چیای شەنگال لە پاڵ دەیان شەهید کەوتووە؟ من کۆلارەکەی هەڵۆی شەنگالم. بەڵێ من ئەو ئەسپە ئاسنینە بووم؛ کە ئەم شاسوارە لێدەخوڕی. بە یەکەوە تا سەر هەور دەفڕین؛ کۆمەکی خەڵکی لێقەوماوی شەنگالمان دەکرد. چەندین رۆژبوو هەر خەریکی گواستنەوە و فریاگوزاری بووین. بەڵێ؛ ماجید عەبدولسەلام تمیمی؛ ئەو بەسڕاویە بەخۆوە؛ سوارە نازدارەکەم بوو. هەرچەندە سیوپێنچ ساڵە فڕۆکەوانە؛ پلەی سەرلەشکرە و مامۆستای فێرکردنی فڕۆکەوانییە. بەڵام کاتی بە کارەساتەکەی زانی، خۆی یەکلاکردەوە. بەڵێ، بڕیاری دا بێت و لێرە شەهید بێت! ئەو کە کوڕە نۆبەرەکەی لە تەمەنی شەش ساڵان لە دەستداوە، دەیزانی جەرگسووتان چۆنە، بۆیە خۆی هات، تا منداڵەکان رزگار بکات. ئەو کە بەکالۆریۆسی هەبوو لە یاسا و یاساناس بوو؛ مرۆڤی بە

بەهادارتین سامان دەزانی. بۆیە لە راپەڕینەکەی شوباتی هەزار و نۆسەد و نۆهەدویەك؛ کاتی فەرمانی پێدرا، شۆرشگێڕانی نێو مەزارگە پیرۆزەکانی کەربەلا بوردومان بکات؛ سەرپێچی کرد؛ رۆکێتەکانی فڕێدایە نێو دەریاچەی رەزازە. کاتی گەڕایەوە فڕگەکەی، تووشی لێپرسینەوە بوو، خرایە بەردەم دادگای سەربازی. سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو؛ دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوت. سەربار پلەی سەربازی لێ سەندرایەوە و لە ریزی سوپا دەرکرا.

دوای رووخانی رژێم، گەڕایەوە ریزی سوپا؛ پلەی بەڕێوەبەری ئیستیخباراتی فڕوکەوانی سوپای پێدرا. مرۆڤێکی ئازا و چاو نەترس بوو، هیچکات لە پشت مێزەکەی دانەنیشتووە. بەڵکو وەك فڕۆکەوانێکی شارەزا و کارامە، هەلۆیەکی بەرزەفڕ رەفتاری دەکرد. لە میانی کارەکانی فریاگوزاریدا، چەندین پاڵەوانیەتی کەم وێنەی تۆمارکردووە. ئەمە جگە لە کاری جەنگی، کە بە دەیان هەمەر و تانکی تەقاندۆتەوە؛ داعشەکانی بە ئاگری پیرۆزی تۆڵە سووتاندوە.

دواجار منی هێنا و بە دووان هاتینە ئەم دەڤەرە. ماوەیەك بوو، ئەو پاڵەوانەی لە دایکبووی فاوە؛ رۆژانە ئازووقە و چەکی؛ بۆ خەڵك و پارێزەرانی سەرچیا، بە پشتی من دەگواستەوە. لەکاتی گەڕانەوە و لەگەڵ خۆمان پیر، پەککەوتە، منداڵ و بریندارمان دەگواستەوە کەناری ئارامی، لە هەولێر و دهۆك.

ئاااخ... ببورن هەست دەکەم هەموو جەستەم دێشی؛ ئەوەش بە هۆی بەرکەوتنەکەی بەر لە چەند کاتژێرێکە. ئەمڕۆ دوازدەی ئابە، کاتی لە فڕینی یەکەم هاتینەوە، زۆر ماندوو بووم. ساتەوەختی لە بنکەی پیشخابور دابەزیم، باڵەکانم لێك کردنەوە؛ هەناوم کردەوە تا ئەو بیستوپێنچ ئێزدییە کلۆڵەم دانێم؛ ئەوانەی لەگەڵ هەزارن کەس، لەسەر چیا گیریان خواردبوو. دەزانن؛ باوەڕکەن هەر کاتێك لەسەر چیا دەنیشتم دەگریام؛ چون بە سەدان

کەس دەورەیان لێم دەدا. وەك ئەوەی پردی سیرات بم، ئاوا دەیانوویست لە دۆزەخی ئەم چیایە رزگاریان بێت. باوەڕبکەن، لەو کاتی سوار دەبوون و تا دەگەیشتین دەگریان؛ کاتی دەنیشتم؛ لە خۆشیان فرمێسکیان دەباراند و چەپڵەیان بۆ لێدەدام!

رۆژانە دوو کاروانم دەکرد، بەڵام نازانم بۆ، ئەمڕۆ هەستم بە شتێکی ناخۆشکرد. باوەڕبکەن منێك کە ناخم لە ئاسن و ئاگر درووستکراوە، ماندوبووم. کەچی ئەم جوامێرە رەشئەسمەرە، نەیدەزانی ماندوبوون چییە! بەڵام چارە چییە؟ وەکو ئەسپێکی شەکەتی دەست سوارێکی بزێوی جەربەزە، لەسەر زەوییەکە بە شەکەتی وەستام؛ لە چاوەڕوانی نۆرەیەکی دیکەی فڕین، بۆ سەرچیا سەختەکە. لەوکاتەی قالتاغیان بۆ لێدەدام؛ زین و لغاویان بۆ چادەکردم؛ جۆرکێك جۆی خۆشیان بە دەمم بەست... گاڵتەدەکەم، لەوکاتەی پشکنینیان بۆدەکردم و بەنزینیان تێدەکردم؛ کارتۆنە ئاو، بارە نان و سندوقە گوللەیان باردەکردم. گوێم لە پەیامێرێکی تەلەفزیۆنی بریتانی بوو، کاتی لێی پرسی:

- بۆ ئەوەندە سەرکێشی دەکەی و باری هەلیکۆپتەرەکەت قورس دەکەی؟
- زۆر شارەزای ئەم جۆرەم، (سەرلەشکر گوتی) کاتی ژمارەکانم لێکدایەوە؛ هەستمکرد دەتوانین ئەم کارە بکەین. ئەوە می حەڤدەیە و دەتوانی بە قورسایی سێزدە تۆن هەڵفڕێ.

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو ئاوڕم دایەوە. کۆمەڵە کەسێکم بینی کە ئامادەن لەگەڵمان بێن. هەندێ رۆژنامەنووس و ئەندام پەرلەمانیان لەگەڵ بوو. پاژنەی بەرزی پێڵاوی ئافرەتێکی مرووز گرژ، سەرنجی راکێشام؛ کە زۆر بە جددی وەستابوو. خەمی دونیا لە هەنیەی کۆبوبۆوە. کاتژێر نزیکی چواربوو، کاتی باڵەفڕکەم کرد و هەڵفڕیم. لەسەر چیا نزیکبوومەوە، هەستمکرد سەرلەشکر زۆر بە خەمباری لە خەڵکەکەی خوارەوە دەڕوانی.

ئـاخر ئـەوانیش زۆر بـە متمانـەو سوپاسـگوزارییەوە، سـەیری ئـەم هەڵۆیـەیان دەکرد. دوای ئەوەی هیچ متمانەیان بە هۆزە عەرەبییەکانی هاوسێ نەمابوو. ئەوانـەی دەمامکیـان فڕێـدا؛ بـە پـێش داعـش کـەوتن بـۆ هێرشـکردنە سـەر شـەنگال. دابـەزین و ئـەرزاقمان دانـا؛ کۆمـەڵێکی زۆر چـاوەڕوان بـوون تـا بەگەڵمان کەون. خەڵکەکە وەك مێروو دەوریـان لێداین و سـەرکەوتن. کۆمـەڵێك سواربوون و کاتی ویستم بفرم نەمتوانی؛ ئەوجارەیان بارەکە زۆر قورستر بوو. بۆیـە هەنـدێك کەسـیان دابەزانـد؛ هەسـتمکرد سەرلەشـکر خەریکـە لـە خـەمان دەگریـی. زۆر منـداڵی خۆشدەویسـت، محەمـەدی کـوڕە جوانەمەگەکـەی لـە هەموو چاوەکان دەبینی. دووبـارە هەڵسـام؛ بـەڵام بارەکـەم ئەوەندە قـوڕس بـوو؛ لموزمی نەوی کردبوو. لە ناکـاو بـەر بـەردێك کـەوتم؛ و سـەرم گێژی خوراد. لەوکاتـەدا یاریـدەدەرە مەعلانەکـەی سەرلەشـکر بـەنزینی بـڕی؛ ئەگـەر وای نەکردبا لاشەم گڕی دەگرت.

زۆر بەخراپی بـەر زەوی کـەوتم؛ سـەرجەم سەنشینەکانم کەوتنـە سـەر یـەك، کــە لــە غــەیری ســتافە پێــنج کەســیەکەم. بیســتوپێنج ئــاوارە و پێــنج سیاسەتمەدار و چوار رۆژنامەنووسی بیانی بوون. ئـەوەی شایەنی باسـە کـە سەرلەشکر زۆری هەوڵدا نەکەومە نێو دۆڵەکە... لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بـوو. مـن کـەوتم و سەرنشـینەکان زامـداربوون. کـەچی ئـەو بـە تـاقی تـەنیا وەك هەڵۆیەکی زێڕین؛ لە ژێر تیشکی بە تینی خۆری ئاب؛ بریسکەی دایـەوە و بەرز فڕی... زۆر بەرز.

لەوکاتەی لاشەم لەسەر زەوی کەوتبوو. لە دوورەوە بینیم وەك چۆن هـەموو جـارێ، محەمـەدی کـوڕی لـە دەرگـای ماڵـەوە چاوەڕوانی دەکـرد، ئـاوا بـە زەردەخەنەوە لە دەورازەی ئاسمان پێشوازی لێکرد! ئـەویش وەك هـەموو جارێك، محەمـەدی لـە باوەشـکرد و بـە ئـارامی، وەك قارمـانێکی ئەفسـووناوی. بـە هەنگاوی جێگیر بەرەو بەهەشت رۆیشت.

## (46)

# لە نێو داعش

ئاخ ئاااخ... من؟ ئیدریسم خەڵکی کۆچۆ. ببورن کە بە هێواشی قسە دەکەم. چون بریندارم؛ ئاخر سێ گوللەم بەرکەوتییە و خوێنێکی زۆرم لێ رۆیشتووە. ئیمڕۆ سێ رۆژ بەسەر کارەساتەکە دەڕوات. کەچی گوللەکان وەك بزمارەکانی خاچ؛ هەر لە نێو گۆشتی دەست و قاچمن؛ هیچ جۆرە چارەسەریەکم بۆ نەکراوە.

لە کوێم؟ من ئێستا لەسەر قەروێلەیەکم؛ لە نەخۆشخانەی کۆماری لە موسڵ! کاتژێر یازدەی شەوە. وابزانم ئەمڕۆ یەك شەممەیە. باوەڕدەکەن لە قاوشێکم؛ کە نزیکەی چل بریندار داعشی لێیە! بەڵێ بەڵێ؛ منی رزگاربووی کوژتارگەی کۆچۆ و بریندار دەستی داعش ئێستا؛ لە نێو دەریایەك لە بریندارانیانم ! وادیارە لە بۆسەیەك لە نزیك بەنداوی موسڵ؛ بە دەستی پێشمەرگە بریندار کروان. کاتێ ئاوڕ دەدەمەوە ترس، ئێش و ئازار لە چاوە ماندووەکانیان دەبینم؛ سەیرم بەم رەوشە نامۆیە دێت. ئاخر کەی ئەم نەفامانە درك بەوە دەکەن، کە ئێمە هەموو براین، لەسەر یەك پارچە زەوی نێو هەسارەیەك دەژین! یەکسانین و خودا کەسی بە سەر کەس نەسەپاندووە!

ئەو بریندارەی تەکم هەرزەکارە، وادیارە داعش فریویان داوە. لەوەتەی هاتووە دەگری و لە تاو ئێشوئازار هاوار دەکات. نازانم ئەم هاتووهاوارەی ئەم گەنجە؛ یانیش ئەو دەرزییە ئازارشکێنەی بە من دراوە؛ ئاوا خەیاڵم بەرەو سەرەداوی رووداوەکانی ئەم دوایە دەبات.

سەرەتا داعش هات؛ رۆژی یەکەم هیچیان نەکرد، رۆژی دواتر لە چەکیان

کردین و کلاشینکۆفەکەم پێدان. ڕۆژی چوارەم شوانێکیان لە چۆڵەوانی چەك کرد؛ هێنایانەوە نێو گوند تا خەڵك متمانەیان پێیان بکات. ڕۆژی پێنجەم لە نێو قوتابخانە چەند کەسێکیان جێگیرکرد. ڕۆژی یازدەهەم مولەتی دوو ڕۆژیان پێداین تا ببینە موسوڵمان. دواتر نیوەی شەو مـوژدەی لێخۆشبوونی خەلیفەیان بۆ هێنـاین. ئاااخ... باوەڕبکەن، ئەو ڕووداوانەی ئەو حەفتاو دوو کاتژێرەی ڕابردوو؛ لە فلیمێکی ترسناك دەچێت. بەیانی هەینی بە شۆفەڵ ڕێگاکانیان گرت، دواتر لە قوتابخانە کۆیان کردینەوە. هەموو شتێکیان لێ سەندین. دووبارە داوایان لێکردین ببینە موسوڵمان و ئێمە وەڵامـمان نەدانەوە. ئەبو حەمزە توڕەبوو؛ بارهەڵگری بچووکیان هێنا؛ بە مەبەستی وەدەرنانمان لە کۆچۆ. بیرمە دوو کاروان ڕۆیشت تا نۆرەی ئێمە هات. لەگەڵ باوك و براکانم سواری بۆدی بارهەڵگرەکە بووین. کاتی گەیشتین وەجبەی یەکەمان بینی؛ ئەوانەی لە نێو کێڵگەیەکی نزیك عەمباری ئاوەکە ڕیزکرابوون. ئۆتۆمۆبیلەکە وەستاو بە پاڵەسوو ئێمەیان هێنایە خوارەوە، فەرمانیان پێ کردین لەگەڵ ئەوان ڕیزبین. دواتر بە دەم هاواری ئەڵڵاهو ئەکبەر تەقەیان لێ کردین. سێ گوللەم بەرکەوت و کەوتمە ژێر لاشەی خزم، دراوسێ و هاوگوندیان. شلەژام و هەناسەبڕبوم؛ کاتی گـوێم لە داعشێك بوو، لە سەرەوەڕا هاواری دەکردە ئەو شیشانیە برینداركوژەی، ئەوەی دابەزیبووە نێو چاڵە پڕ لە لاشەکان:

- ها هاا... ئەو دشداشە خۆڵەمێشییە نەمردووە!

زۆر ترسام کاتی بەرەوم هات. بەر لەوەی لێم نزیك بکەوێتەوە؛ فڕەفڕی فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە هات. دەنگەکە زۆر نزیك بوو؛ ئەویش سەری بەرزکردەوە، ئەمیرە کۆرەکەیان بە شلەژانەوە هاواری کرد:

- بە پەلە شوێنتان بگۆڕن... فڕۆکە بە ئاسمانەوەن!

باوەڕبکەن، ئەو قارەمانانەی بە تەکبیراتی ئەڵڵاهو ئەکبەر و شێر ئاسا ئاگریان داین، بە بیستنی دەنگی فرۆکە بوونە مشك، بە دوای کونێك

دەگەڕان خۆیانی تێخەن!

ئەوان ڕۆیشتن ئێمەیان جێهێشت. گۆڕێکی دەمکراوەی بە کۆمەڵ.

تا ئێستا نازانم بریندار بۆ ئەوەندە تێنوو دەبێت؟ چییە دەیەوێت بە ئاو قەرەبووی خوێنی ڕژاوی بکات؟ یانیش لە ترسان دەمی وشك دەبێت؟ یاخود روح لە دەمە وشکەکەی عاسی دەبێت؛ ئەم ئاوە دەرچوونی رەوان دەکات! تا عوزرائیل ماندوو نەبێت؟ نازانم بەڵام بەبوونی ئەم ئەهریمەنانە؛ عوزرائیل کاری گەلێ ئاسانە... وابزانم دووبارە هوڕێنە دەکەم!

کاتی سەرم بڵند کرد، هەستمکرد چەند کەسێك زیندوون، بەخشەخش خۆم لەم چاڵەکە دەرکرد. ئاگاداربووم ئەوانی دیکەش دەخشین و هەریەکە بەکڕی بە لایەك دەڕوات. خۆم گەیاندە باخێك و تا خۆرئاوابوون خۆم مات کرد. زۆر خوێنم لێ ڕۆیی. هەرچەندە زۆرم تێنوو بوو بەڵام ئاو نەبوو. چەند دنکە تەماتەیەکی بۆگەن لەسەر زەوی کەوتبوون، کوشیمن و ئاوەکەم خستە نێو بوتلێکی پیسی بە تاڵی ئاو؛ هێواش هێواش دۆشاوەکەم خواردەوە. واای تامی چەندە ناخۆشبوو، تێکەڵەیەك لە خۆڵ، شێداری، گەنیویی و... رقێکی زۆر! هەستمکرد تۆزێك هێز بە لاشەم گوزەر دەکات. لەگەڵ تاریکبوون و بەر لەنیوەی شەو، لەسەر چۆك ڕۆیشتم و خۆم گەیاندە گوندی بسکی باشوور. لە ترسان، بەر لە گەیشتنم بە گوندەکە بە پەنجا مەتر هاوارمکردن؛ کە خەڵکی هۆزی متێوتەی عەرەبن. دووکەس هاتن و منیان هەڵگرت. قاپێك شوتی و هەندێ ئاویان پێدام. کەچی لە ترسی داعش لە خۆیان نەگرتم. بە ناوی هاوسێیەتی و مرۆڤایەتی پاڕامەوە؛ کەچی رەتیانکردەوە. گوتیان: " جێمان بێلە و کێشەمان بۆ دروست مەکە!" . داوام لێکردن هەندێ ژەهرم بۆ بێنن تا بیخۆمەوە، بەڵکو لەم ئازارە رزگارم دەبێت! قسەکە زۆر کاریگەری بەسەریانەوە هەبوو، بەڵام ترسی داعش وەك مۆتەکەیەك لە چاوانیان سەری دەردەکرد. تکایان لێکردم بڕۆم. بەڵام گەنجێك زۆر مرۆڤ دۆست و پیاو بوو. چاوی لێکردم کە بڕۆم و تێگەیشتم

کە زۆر دوور نەکەومەوە. ئەوەبوو بەسەرچۆك ڕۆیشتم و خۆم گەیاندە کەناری گوندەکـە؛ لـەوێ چـاوەڕێ بـووم. جـوامێرەی هـات و مۆبایلەکـەی پێـدام، پەیوەندیم بە ناسیاوێك کرد بۆ ئەوەی بە هانام بگات. ئەوەبوو کاتژێر چواری بەیانی گەیشت؛ برینەکانی خاوێنکردمەوە و نان و ئاوی پێدام. بەڵام نەوایەك نەبوو تا بمشارێتەوە. داوای مۆبایلم لێی کرد و پەیوەندیم بە برادەرێك کرد. تـەواوی سـەربووردەکەم بـۆی گێڕایـەوە؛ لێـی پاڕامـەوە کـە بێت و یارمـەتیم بـدات. کـاتژێر دە و نیـوی بـەیانی گەیشـت. منـی بـردە چۆڵـەوانی و لـە خیوەتێکی دانام؛ بە دووری چلوپێنچ کیلۆمەتر لە باشووری بەعاج. تا دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر تەنیا مامەوە، هێزم لێ بڕا. هاوڕێیەکەم هات و کاتی بینـی لـە سـەرمان هەڵدەلـەرزم، زۆر شـلەژاو تێـی گـەیانم: " کـاتێ برینـدار سەرمای دەبێت، واتا باری زۆر خراپە". سواری ئۆتۆمۆبیلی کردم و گوتی: " هـەر چییـەکم کـرد، لـە هـیچ مەپرسە!". لەگـەڵ تـاریبکوون دەسـتمان کـردە جووڵە و کاتژێر نۆی شەو منـی هێنایە ئێرە. کاتی لـە هۆکاری برینـەکانیان پرسـی؛ گـوتم: " کۆمەڵـە ڕێگرێـك دەیانوویسـت ئۆتۆمۆبیلەکـەم لـێ ببـەن، ڕامکرد کەچی ئەوان تەقەیان لێکردم! ". بێگوومـان نـاو وناسـنامەم گۆڕی و ئەوانیش سووکە تیمارێکیان کردم. ئێستا لە قاوشی برینداران‌م. جاروبار هەست دەکەم لـە دۆزەخم، چـون تـەنیا نـەفرەت و دۆزەخ کەسێك لەگـەڵ ئـەم دڕندانـە کۆدەکاتەوە!

باوەڕبکەن خۆشیان بڕوایان بـە کردەوەکانیـان نییـە، ئـەوەتا بـەر لـە کاتژێرێك دایکی ئـەم هـەرزەکارە هـات؛ بـە هـاوار تێیراخوڕی: " چەنـد جـارم پێگـوتی بەگـەڵ ئەوانـە مەکـەوە؟ فریـووت دەدەن... ئێسـتا کـێ پێـت دەڵـێ ئافـەرین! هاااا؟". سەرجەم برینـدارەکان کە عـەرەبی موسڵ بوون، لە ئاست قسـەکانی ئـەم دایکە قولماتیـان لێـوە نـەهات! ئـەو ڕۆیشـت و زۆری نـەبرد ئـەمیرێکی داعـش هـات. بـەڵێ، عـەلی بابـە خـۆی هـات؛ تـا سـەردانی ئـەم چـل دز و جەردەیـە بکات. لە ئەشکەوتی باخەڵی پارەی دەرهێنا و هەریەکەو سەد دۆلاری پێدان؛

وەبەر منیش کەوت! هەر وای دەزانی لەوانم! تۆقەی لەگەڵ کردم و دەستی کوشیم و موبارەکی کردم! ببورن زۆرم خەو دێت و هەستدەکەم چاوەکانم قورسن و لەوانەیەك تۆزێك بخەوم.

- تۆ... برام لەگەڵ تۆمە، هەر ئێستا دەبی نەخۆشخانە جێبێڵی!
- بەم نیوە شەوە بۆ کوێێ بڕۆم دکتۆر؟
- راستییەکەی براکەم؛ ئێمە نەدەزانین تۆ کێیی و نە هۆکاری برینەکانت چین؟ لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامی تووشی کێشەمان مەکە. تکات لێ دەکەین بە هێواشی بڕۆیت... کوا هاورێکەت؟ دەی کاکە زووکەن بڕۆن.

کاتێك سەیری کاتژێری دەستی هاورێیەکەم کرد؛ رێك دوازدەی شەو بوو. دەرمانمان وەرگرت و دەرچووین، بەنزینمان لە ئۆتۆمۆبیلەکە کرد و رۆیشتین. کەچی دوای ماوەیەك؛ لە ناوەڕاستی شەقامێکی گشتی و لە چۆڵەوانی، ئۆتۆمۆبیلەکە لە کار وەستا. باوەڕبکەن هەزار جار ئاواتی مردنم خواست و هەر دەمگوت:

- لە کوێی خودێ و بۆ نامکوژی؟ بۆ وەك باوك و براکانم منت نەبردەوە لای خۆت؟ ئاخر من نازانم خێزانەکەم لە کوێن و داعش هەمووی سەبیکردن، بۆ منت هێشتەوە بۆ؟
- ئارام بگرە براکەم، چارەسەرم بۆ کردی و تا نەتگەینمە شوێنی ئارام جێت ناهێڵم.
- ئێستا بۆ کوێم دەبی برام؟ ببورە کە زۆرت ئەرك کێشا.
- ریگا کراوەیە و دەچینە ناحیەی ئەبو حەمام لە سوریا، لەوێ تیمارت دەکەم. برادەرم لەوێ هەن. ئەوێ نەخۆشخانە و داودەرمانی لێیە.
- ئەی ئەگەر لە رێگا فرۆکە لێی داین؛ تۆش زامدار بوویت؟
- ئەوکات پەیوەندی بە خانەوادەکەم دەکەم؛ بە یەکەوە تیمار دەکرێین. دواتریش دوای مانگێك ئەگەر بارودۆخ هەر چاك نەبۆوە، بە رێگەی

گـەیارە و حەویجـە دەتبەمــە کـەرکوك، لـەوێش دەتگـەینم بـە خـزم و کەسانت.

- نازانم چۆنت سوپاس بکەم براکەم، هەرچەندە تۆ لە رەگەز و ئایین جیاوازی؛ بەڵام زۆرت سەرکێشی کرد لەبەر من هاوڕێ.
- برام، ئێمە لە مرۆڤایەتی یەك دەگرینەوە، دەمەوێ لەو راستیە بگەی؛ کە هەموو عەرەبێك خراپ نییە و هەموو داعش نین. ئێمەش وەك ئێوە مرۆڤـی بـاش و خراپمـان هـەن، باوەڕبکـە داعـش چەنـدی لـە ئێـوە کووشتووە؛ دە هێندی لـە ئێمـە لـەنێو بـردووە؛ بـە هـۆی ئـەوەی دژی وەستاوین و بـە بیـرە نامۆکـانی رازی نـەبووین. ئـەوەت لـە راهـی ئـەو خوایـە لەگـەڵ دەکـەم. ئـەوەی فێـری میهـر و چاکـەکاری کـردووین. هاورێی خۆشەویستم.

کاتی ئەو خەریکی چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بوو، هەستمکرد وێنەی لەبـەر چـاوم دێـت و دەچێـت؛ چاوەکـانم رەشـکەو پێشـکە دەکـەن. باوەڕبکـەن هەستمکرد پێشتر هەموو ئەم دیمەنانەم بینیـووە! وەنـەوز منـی گرتـەوە. بینـیم چۆن لە ئەبو حەمام تیمار کرام، کاتی بۆ جاری دووەم لای دەرمانخانـەکان وەستابووین؛ فڕۆکە ناوچەکەی بوردومان کرد؛ سەرجەم شوێنەکە نغرۆی ئاگر بـوو، ئۆتۆمۆبیلەکـەمان گـڕی گـرت و هاوڕێکـەم برینـدار بـوو. منـیش بـە مۆبایلەکـەی پەیوەنـدیم بـە خزمــەکانی کـرد و هــاتن ئێمــەیان بـرد. دووبـارە چاوەکانم لەبەر ئێش و ئازار داخستن، بە دەنگێك هەڵسامەوە:

- تۆ... برام لەگەڵ تۆمە، هەر ئێستا دەبی نەخۆشخانە جێبێڵی!

بـە ئەسـتەم چـاوم کـردەوە و گێـڕام. بینـیم هـەر لـە نەخۆشـخانەکەم لـە نێـو داعشـەکان، هـەموو ئـەوەی بینـیم خـەون بـووە. لەبـەر دەرزی ئـازار شـکێنەکە هۆرینەم کردووە و گوتم:

- بەم نیوە شەوە بۆ کوێی بڕۆم دکتۆر؟
- راستییەکەی براکەم؛ ئێمە نەدەزانین تۆ کێیی و نە هۆکاری برینـەکانت

چین؟ لەگەڵ پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامی تووشی کێشەمان مەکە. تکات لێ دەکەین بە هێواشی بڕۆیت... کوا هاورێکەت؟ دەی کاکە زووکەن بڕۆن.

کاتێك سەیری کاتژێری دەستی هاورێیەکەم کرد، رێك دوازدەی شەو بوو. دەرمانمان وەرگرت و دەرچووین؛ بەنزینمان لە ئۆتۆمۆبیلەکە کرد و رۆیشتن!

## (47)

# کەژاوەی مەرگم

هەرچەندە وەك ئۆتۆمۆبیلێکی گواستنەوەی یابانی لە جۆری تۆیۆتـا. لـە ژیانمدا دەیان جار خۆشی و ناخۆشیم بینیـوە. بەڵام هـەرگیز وەك ئـەمجارە نـەبووە. بـەڵێ، لـەم نیشـتیمانەی شـەڕ و شـۆڕ، لـەم وڵاتـەی نێـوان هـەردوو روبارِی سووری خوێن و رەشی پترۆل؛ کە بە میزۆپۆتامیا ناسراوە. لەوەتـەی هاتووم کاری زۆر جیاوازم پێکراوە.

لە بنەڕەتدا بۆ گواستنەی زیارەتکارانی ماڵی خودا، ئەوانـەی پێیـان دەڵێن حـاجی دانـراوم. هەسـتێکی جیـاوازبوو کـاتی ئەوانـەم دەبـرد و دەهێنایـەوە. خۆشـترین شـت ئەوکاتـەبوو کـە دەهاتمـەوە؛ ئـەم خەڵکـەم بـە پـاکی دەهێنـاوە. ئەوەندە سووك و بێ گونـاح بـوون؛ دەتگگـوت پۆلـە پەپوولەیـەکم هـەڵگرتووە. کـاتی دەگەیشـتمەوە سـنووری شـار؛ دەیـان ئۆتـۆمبیلی خزمـان بـە دوامـان دەکەوتن؛ چوکلێت و نوقلی خۆشیان بەسەر دادەکردین.

جاریش هەبووە خزمانی بوك و زاوام هـەڵگرتووە، بە دوای کـەژاوەی بـووك کەوتووم. هەرزەکاران لە میانـەی پەنچەرەکانـەوە سـەریان دەرهێنـاوە؛ دەسرۆکی رەنگاورەنگیان باداوە. مـنیش بە دەم دەنگـە زۆرەکـەی ریکۆردەرەکـەم؛ لەسـەر تایەکانم شاییم کردووە.

جـاری واش هـەبووە سـەربازم پـێ بـارکراوە، هێزیـان پـێ رەوانـەی جـەنگ کردووم. لەوکاتەدا هەستمدەکرد؛ تابووتێکی جولاوەم و چەند کەسێکی بە لاشە زینـدوو؛ بـە کـردەوە مـردووم هـەڵگرتووە. کەسـانێکی پەشـۆکاو؛ کـە دوای ماوەیـەکی دیکـە، بـە لاشـە ساردی لـە تـابووتێکی سـارد دەنێـژرێن، بـە ئـاڵا

دەپێچرێن و بەرەو ماڵەوە رەوانە دەکرێنەوە. بۆیە حەزمدەکرد ئەم رێگایە کۆتایی نەیەت و نەگەمە شوێنی ئامانج.

چیرۆکی من لەگەڵ کورد زۆر جیاوازترە و بەردەوام دراماتیکی بووە. جارێکیان لە کۆتایی هەشتاکان، خانەوادە جل جوان و رووسپییەکانم؛ لە بناری شاخە بەرزەکانەوە؛ بەرەو بیابانە رووزەردە بێ ئاوەکان گواستەوە. بیابانێکی دڵرەق هاوشێوەی سەربازەکان. نازانم ئەوان چییان لێ بەسەرهات؟ چون گەشتەکە یەك سەرە بوو. بەڵام هەستمکرد کارێکی خراپم کردووە و چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیان دەکات.

ئەوجارەش؛ کاتی منیان بردە شار و گوندەکانی بناری چیای شەنگال؛ ئەم ئافرەتە روح مردوانەیان سوارکرد؛ زۆر نیگەران بووم. بە کزی فرمێسکیان دەباراند؛ لەو کاتەی کە منداڵە برسییەکانیان توند بە سینگیان نووساندبوو. وەك دوا یادگاری لە هاوسەرە بە ناحەق کوژراوەکانیان، ئەوانەی بە دڵێکی سارد؛ لەبەردەمەیان کوژرابوون.

زۆر بە کرِی دەڕۆیشتم و هەستم بە شەرمەزاری دەکرد. خۆم وەك تەرەسێك دەهاتە بەرچاو؛ کە ئەم پاکیزە و شازادانە بەرەو سەبیکردن دەگوازمەوە. باوەڕبکەن رووم لە تایەکانم رەشتر بوو، وەك چاوشۆرێکی بەدکار؛ چاوم لە ئەرز بەرز نەدەکردەوە. کاتی هەنیسك، نزا و پاڕانەوە بێدەنگەکانیانم دەبیست. لە شوێن خۆم دەتاوامەوە.

کاتی گەیشتینە بەعاج، ئێمەیان بە نێو شەقامەکانی شارەکە گێڕا. وەك هیمایەکی سەرکەوتن. دەتگوت جەنگیان لە سوپای ناتۆ بردۆتەوە؛ نەوەك بە سەر شارێکی بێ دیفاع و خەڵکێکی بی چەکیان دابێت. لەوەش سەیرتر؛ هەندێ کیسەی خاشاکی گەورەم بینی؛ لەسەر شەقامەکە ریزکرابوون و نەمزانی مەسەلە چییە. کاتی بە لایان گەیشتین، گوێم لە تیلی لی بوو، ئەوسا زانیم ئەمانە ئافرەتن! بە هۆی سەرکەوتنەکانی دەوڵەتی خیلافەت واخۆشحاڵن. نەوەك هەر ئەوەندە؛ بگرە نوقل و شیرینشیان بە سەرمان داکرد!

ئەی هاوار... کامە سوپا و کامە ئیسلام و کامە سەرکەوتنتان مەقسەدە؟ ناوەڵڵا چاکتر وایە بڵێم؛ کامە ئافرەت؟ گەر ئەوانە مێینەی ئاژەڵانیش بووان؛ ئەوا بە بینینی مێینەی پەڕاگەندەکراوی؛ خزم و کەس کوژراوی نێو قەفەز؛ دڵخۆش نەدەبوون. سۆزی دایکایەتیان دەجولا، بەزەییان بەو منداڵە بەستەزمانانە دەهاتەوە. بەڵام چی دەکەی؟ مێشکی بیروباوەڕ تەسکەکان؛ لە پێلاوەکانیان تەسکترە. دیدیان لە بینین لە ژێر ئەم چادرە رەشە؛ کورتترە! ناخیان لە ناواخنی کێسەی زبڵ؛ بۆگەنترە. داعش ئەمانەی کردۆتە دێو ودرنج، لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی کردوون. بە خێرایی بەلایان تێپەریم و لووتم گرت، حیسابی حاویەی زبڵم بۆ کردن. کاتی گەیشتینە خاڵی پشکنین، حەفت دایکە دێوی دیکە، حەفت داکەمارانە، حەفت فەردەزەهیر هاتن، ئەم پاکیزە و لێقەوماوانەیان نوقل باران کرد. دەتگوت ئاهەنگی بووك گواستنەوەیە. واااای ئەم چرکە ساتانە چەندیان کار تێکردم. راستیەکەی دیمەنی هەژێن بوون.

نازانم ئەوانە بۆ هێندە نەفام و نامرۆڤن؟ مەگەر خۆشیان ئافرەت نین؟ مەگەر خۆشیان باوك، برا، هاوسەر و کوڕیان نییە؟ مەگەر خۆشیان شەرەف، ناموس، عورف و عادەتیان نییە؟ چۆنە بەم کارە رازیین؟ ئاخر ئەگەر بە پێی ئاینەکەشیان بێت، بەهەشت لەژێر پێی دایکانە. چۆن بە سەبیکردن و هەراجکردنی دایکان رازین؟ ئایا خۆشیان ناترسن رۆژگارێکی وا ببینن؟ لە داهاتوودا لە بازاڕی شارەکان هەراج بکرێن؟ یان لە خیوەتگای ئاوارەیی رەزیل بن؟ مەگەر دونیا دەوران نییە!

لەوکاتەدا هەستمکرد ئەمانە لە دۆزەخەوە هاتوون؛ و نێردراوی ئەهریمەنن. کاتی دووبارە کەژاوەی مەرگ جولایەوە، زانیم بەرەو سوریا دەڕۆین. خۆم وەك ئەو حوشترانە هاتە بەرچاو، ئەوانەی لە عاشورا سەبیکراوەکانیان هەڵگرت؛ لە کەربەلاوە بەرەو دیوانی خەلیفە لە دیمەشق؛ بەدەم گریانەوە دەڕۆیشتن. بەڵام ئەوەی من کەربەلا نەبوو، شەنگبەلا بوو؛ و ئەم کاروانەی

سەبیکردنی شەنگال، هەزار ساڵە بەردەوامە.

باوەڕبکەن کاتی بەم بیابانەی شەنگال، بەعاج، مەیادین، حەلەب و رەقە دەرۆیشتم؛ هەمان کاروانی سەبییەکەی کەرەبلام دەهاتە بەرچاو. چون ئەم کلۆڵانەش بە بەر چاوی خۆیان سەربڕینی باوك، برا، هاوسەر و جگەرگۆشەیان بینیووە. ئێستاش بەرەو مالی خەلیفە بەرێوەن. ئەگەر ئەوانی کەربەلا دواتر بە هۆی خزمایەتییان لەگەڵ پەیامبەر پارێزران، بەڵام کێ بۆ ئەم ئافرەتانەیەو کێ دەیانپاریزێت. ئەوانێك کە پەیامبەریان نییە و دوور لەچیای شەنگال، هیچ پشت و پەنایەکیان نامینێت!

## (48)

# شەوێك لە دۆزەخ

هەست دەکەم لە مۆتەیەکدا دەژیم، زۆر حەزم لێیە بە ئاگا بێم؛ هەموو ئەو تەلاتمە خەوێکی ناخۆش بێت. ناوم نادیە مورادە، بەڵام حەزم لەو ناوەیە کە خەڵکی گوند پێیەوە بانگم دەکەن؛ ماردەلین. ئێستا بە جلێکی باڵابۆش لە ناو ئۆتۆمۆبیلێکی جارجەری زەردم؛ لە ڕێگام؛ موسڵی داری خیلافەتی مەغول بەرەو کەرکوك جێبێڵم. لەوێشەوە بەرەو کوردستان بڕۆم .

- نادیە؛ لە کەرکوك کەس دەناسی؟
- نەخێر کاك عومەر. چاکتر وایە بچینە سلێمانی؛ سەعیدی برام دێتە دوام.

نازانم چۆن پاداشتی ئەو بنەماڵەیە بدەمەوە. منیان لە دەست داعش رزگار کرد. نازانم چۆن ئەمانە لەگەڵ داعشەکان هاوڕەگەز و هاوئاینن؟ تۆ بڵێی حەجی سەلمانی بێبەها؛ لە هەمان ئەو خۆڵە درووست کرابێ؛ ئەوەی عومەری رەوشت بەرز و بە دەماری لێ هاتۆتە کایەوە؟ تۆ بڵێی داکەدێوە بێ میهرەکە؛ (دایکی مورتەجا)ی پلکی سەلمان؛ وەك (سەنابل) خانی ناموس پەرست؛ و دایکە سەلارەکەی بێت؟

کات بەرەو تاریکی دەڕوات و لە ڕێگا سەیری دونیا دەکەم. خەڵك لێرە زۆر ئاسایی دەژین . بێخەبەر لەوەی لە هەینییە رەشەکە بەسەرمان هات. بە دەنگی مۆبایلەکەی عومەر راچڵەکیم و هاتمەوە هۆش. ببورن من ئێستا لە هەموو شتێك دەترسم! تاکە شتێك کە دڵم پێی خۆش بێت؛ تارمایی دایکمە، کە بەردەوام لەبەر چاومە و دڵنەواییم دەداتەوە.

- بەڵێ، چی چی؟ جا داعش چۆن زانیویانە من نادیە رزگار دەکەم؟ ئاهاا خەڵکی گەڕەك! نەفرەتیان لێ بێت و پیرۆزیان بێت داعش. بەو خوایەی دەیپەرستین؛ ئەو پشتگیرییەیان لە داعش سەریان دەخوات. ئەو چاوپۆشیەیان لەو تاوان و دەرچوون لە ئایینەی داعش؛ دەبێتە مایەی کارەسات بۆ ئەوان و تەواوی موسڵ. چون خوا هەرگیز بەمە رازی نابێت. چی چی؟ باوك و برام دەستگیر دەکەن؟

ماوەیەك بە بێزاری بێدەنگ بوو، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، ئاخر دەستگیر کردن بەو تۆمەتە لە دەوڵەتی داعش؛ واتای مردنە. دڵم زۆر بە خێرایی لێیدەدا. بێ ئەوەی بیر بکاتەوە یەکسەر کەوتەوە قسە.

- چاك بزانن تازە ناگەڕێمەوە. گەر هەموو دونیا کاول بێت؛ ئەم خوشکە بەو بێبەها و بێ شەرەفانە نادەمەوە... تێگەیشتن.

بە توڕەیی مۆبایلەکەی داخست؛ لە میانەی جامی لای راست؛ سەیری دەرەوەی کرد.

- ببورە کاکە عومەر، کێشەم بۆ درووست کردون.
- خوشکی خۆم، من پیاوێکی موسوڵمانم؛ ئەخلاق و رەوشتی ئایینەکەم وام فێردەکات، کە لەسەر ستەم بێدەنگ نەبم، بە هانای ستەم لێکراوان بچم. وەڵڵا بمکوژن تۆ نادەمەوە دەستیان. ئارامبە و هەوڵدە بخەوی؛ چون دوای کەرکوك؛ یەکڕاست بەرەو سلێمانی دەڕۆین؛ هەر ئەمشەوە بە کەسوکارت شاد دەکەم.

دوای ئەو قسانە ئەو بێدەنگ بوو. نازانم خودا ئەو سوارچاکەی لە کوێی بۆ رەخساندم، تا لە دەست ئەم دێوانەم رزگار کات. دواتر خەوتنی چی کاکە عومەر؟ دەزانی من لەو دوو مانگە چیم بینیوە؟ دەزانی چیم لە دەستداوە؟ بەو تەمەنی بیست ساڵیە هەزار جار مردووم؛ روحم شکاوە و جەستەم وردوخاش بووە. نازانم کەی مردن دێت و لە گۆڕ دەنرێم. بەڵام چاك دەزانم؛ ئەوەی لە تەمەنم ماوە؛ هەمووی لە تارمایی ئەو دوو مانگە بەسەر دەبەم.

ڕێگاکە درێژە و با بۆتانی بگێڕمە.

ڕۆژی هەینییە ڕەشەکە؛ منیش وەك خزمان لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەکە بووم. دڵم خۆشبوو بەوەی دەردەچین؛ بە بوونی دایك، خوشك و حەوت برا پشت ئەستوور بووم. لە سەرەوە دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، کاتی منداڵێك بە ڕاکردن هات و هاواریکرد:

- لە پەنجەرەی دواوە بینیم، ئەوانە پیاوەکانمان دەکوژن!

کەسمان باوەڕمان نەکرد و هەندێك تێیان ڕاخوڕی. چون لە دڵەوە نەماندەویست ئەو قسانە ڕاست بێت. کاتی ئێمەیان بانگهێشتی خوارەوە کرد. نە پیاوەکانمان دیاربوون، نە ئەو جەنتا ڕەشەی؛ زێر و مۆبایلەکانمانیان تێخستبوو لەوێبوو. وامانزانی ئەوان چووینە چیا و لەوێی چاوەڕوانمانن. بۆیە بە دوودڵی سواری ئۆتۆمۆبیلەکان بووین. هەر چاوەڕێ بووین بەڵکو بەرەو چیامان دەبەن. بەڵام کاتی گەیشتینە دووریانی سۆلاخ، زانیمان کارەساتێك ڕووی داوە.

لە سولاخ ئێمەیان بردە هەیکەلی پەیمانگەکە؛ ئەوەی تەواو نەکرابوو. دەستیان کرد بە لێك جیاکردنەوەمان. بە تەمەنەکان لە باخچەکە؛ ژنە بە منداڵەکان لە نهۆمی سەروو، پاکیزەکان لە باخچەی دواوە. لە بیرمە کاتژێر یازدەی شەو بوو؛ هاتن و لە ژێر ڕۆشنایی لایتەکان، سەد و پەنجا کچیان جیاکردەوە، بە چوار مونشەئەی گواستنەوە ئێمەیان بەرەو موسل برد.

ئێستا کاتی موسل جێدێڵم و بەرەو کەرکوك دەڕۆم. ئەوکاتانەم بیردێتەوە و هەموو لاشەم دەلەرزێ. ئاخر منی پاکیزەی چەموش، خوشکی حەوت برای ئازا؛ کەس زاتی ئەوەی نەبووە سەیرم بکات نەوەك دەستم بۆ درێژبکات.

- ئەبو بەتات... ئەبو پیلاوی گڵاو.

ڕقی هەموو دونیام لەم داعشە عەفەریە دەبێتەوە، ئەو پووچەی وەك کەلەشێرێکی ملڕووت؛ بە نێو مونشەئەکە دەڕۆیی و دەستی دەبزووی! دەستی دەخستە نێو سینگی ئەم کچە، دەست لە سینگی ئەوی تر دەدا، لێم نزیك

بۆوە و قسەی لەگەڵم کرد. لە پێمکرد و گوێم پێی نەدا. یەکسەر دەستی لەسەر سینگم دانا؛ لەرزیم و تێمڕاخوڕی:

- دەستە گڵاوەکەت لابە ملهوڕ... بێ بەهای بێ ڕەوشت؟ تۆ خۆشك و دایکت نییە؟
- بێدەنگبە سەبییە، من ئەبول بەتاتم؛ جەنگاوەری دەوڵەتی ئیسلامی. تۆش کەنیزەی و مافی خۆمە هەر چییەکت لەگەڵ بکەم، تێگەیشتی؟
- من سەبییە نیم، من نادیە موردام. کچی پیاو و خوشکی دلێران. دەستت لادە بێ بەها...(قیژاندم)
- هەی لەوجە!(شەقێکی لێدام) لەوە زیاتر قسە بکەی لێرە روتت دەکەمەوە تێگەیشتی؟(یەکسەر دەمانچەکەی بە ڕوومدا ڕاکێشا) تا ئەم گەشتە تەواو دەبێت لێرە دەوەستم؛ ئەم دوو شەمامە کاڵەت دەکوشم، ئەوجا بزانم کێ بەرگریت لێدەکات؟... سەبییە!

سەبییە! دەزانن کاتی یەکەمجار ئەم وشەیەم بیست، نەمزانی واتای چییە، ڕاستە پۆلی پێنچی ویژەیم تەواو کردبوو؛ خۆم بۆ بەکەلۆریا ئامادە دەکرد . چەندین جار ئەم وشەیەم لەگەڵ وشەکانی (کەنیزە و غەزو) لە وانەکانی مێژوو خوێندبوو. بەڵام ئەوە بەر لە هەزاران ساڵ بوو، وامدەزانی هەر نووسینێکی ئاساییە و لەگەڵ زەمانی خۆی کۆتایی هاتووە؛ نەمزانی لەو چاخەی ئەنتەرنێت و ڕۆکێتی بۆشایی بڕ؛ بە سەرمان دووبارە دەبێتەوە!

بیرمە ئەوکات هیچم پێ نەکرا؛ چاوەکانم داخستتن و لووتم گرت؛ تا نەیبینم و بۆنە ناخۆشەکەی نەکەم؛ کە بە شێوەی سیری ناو تورشی هەراسانکاربوو.

- چاوت بکەوە سەبییە، بۆ یەك چرکەش چاوەکانت داخەی؛ خۆم دەزانم لێرە چیت لێدەکەم.

بە ڕاستی گەشتێکی ناخۆشبوو. قەد لە یادم دەرناچێ. ئاخر ئەوە دەست

نەبوو. بەڵکە خەمی هەزارساڵەی فەرمان، کوشتن، بڕین ، تالآن و غەزو بوو، کە درێژ دەکرایە سەر چیای شەنگال. دەزانن، ئێستا کاتی کەتەیەکی زەبەلاحی توکن دەبینم، یەکسەر دەستم بۆ سەر سینگم دەبەم، نەوەك دەستیان بۆ درێژبکات. ئاخر تەنانەت دوای گەیشتنیشمان بە خانووە گەورەکەی موسڵ؛ ئەوەی پڕبوو لە ئافرەت و منداڵی ئێزدی، ئەم بێ بەهایە وازی لێ نەهێنام. ئەوکات بەرپرسەکەیان؛ کە ئەویش خەڵکی تەلەعفەر بوو، ناوی نافع بوو، کە گومانم لەوەدا نییە، هیچ نەفع و باشەی بۆ مرۆڤایەتی نییە. بە توڕەیی هات و گوتی:

- هێی تۆ بێ شەرم! ئەوە چیت بوو بە درێژایی ڕێگا دەتقیژاند و هاوارت دەکرد؟

هەی! بزانن کێ باشی شەرم و حەیا دەکات؟ خۆم گرت و بە دەنگێکی هێمنتر گوتم:

- ئێوە بەر لە چەند کاتژێرێك باوك و براکانمانتان کوشتووە؛ ئێستاش دەتانەوێ دەست درێژیمان بکەنە سەر؟ کەی خودا ئەوە قبوڵ دەکات؟

ئاااە... ئێستاش شوێنی ئەو شەقە دێشی، ئەوەی لە ڕوومەتی دام؛ دوای ڕۆیشتنیشی شەرعەیتی بە ئەبو بەتات دا، کە دووبارە بگەڕێتەوە و لێم بدات، نەوەك هەر ئەوەندە، دوای ئەوەی نەمهێشت ئاگری شەهوەتی بە جەستەم بکوژێنیتەوە، ئەم بێ بەهایە بە سیگارەکەی لاشەمی لە چەند شوێن سووتاند! دەزانن، ئێستاش سکم ژان دەکا، لەبەر ئەو لێدانەی خواردم، باوەڕبکەن، لە ترسان خۆم پێ ڕانەگیرا، سوڕی خوێنم هاتێ و عادەبووم. نەخێر من نەوێرۆك نیم، بەڵام منی نازداری حەفت برا؛ خۆشەویستی دایە کە هەر ماجی دەکردم و دەیگوت (کچۆکا من). هەستم بە کەساسی، کەنەفتی و بێ پشتییەکی زۆرکرد. خوێن لەنێوان قاچەکانم هاتە خوارەوە، پاسەوانە داعشەکە بە ڕاکردن چوو حەفازەی منداڵانی هێنا. هەر من وانەبووم، زۆرێك لە کچان و لە ترسی چارەنووسی نادیار؛ وایان لێهات. ئاخر

ئەوە خوێنی دڵ، هەناو و کەرامەتێکی لە دەست چوو بوو؛ وا لە نێوان لینگان فوارەی دەکرد.

ئۆف ئۆۆف، نازانم ئەم ڕێگایە بۆ نابڕێتەوە، کەی دەگەمەوە کەناری کامەرانی؛ لەم تاریکستانەی داعش رزگارم دەبێت. وای دایە چەندە بیرت دەکەم. تو بڵێی جارێکی دی بە باوەشە گەرمەکەت شادببمەوە؟ ئاخر ئەمشەوەی ئێمەیان برد، مەودایان نەدا خواحافیزیت بکەم.

ئەمشەوەی بردمانیان... باشم لە بیرە؛ ئێمەیان کرد بە دوو بەش، بەشێك بۆ موسڵ و ئەوی تر بۆ سوریا. چووم و لای هەندێ کچانی حەردان دانیشتم. چایان دەخواردەوە، کەچی من هیچم بۆ نەخورایەوە. لە ڕەوشەکەم پرسی و گوتیان:

- ئەمانە مرۆڤ نین، هەڵسووکەوتیان زۆر خراپە، باوەڕبکە شتی وامان لەگەڵ دەکەن؛ نە خودێ و نە مرۆڤایەتی پێی رازییە. تۆ تەنیای؟
- بەڵێ، دایك و خوشکەکانم لە تەلەعفەر مانەوە. ئەو چوار کچەی ئەودیو دۆتبرامن. بەڵام نازانین چیمان بەسەر دێت.
- بە ئێمە دەڵێن سەبییە، کاتی هاتین چوارسەد کچ بووین. تەنها ئێمە ماوین و ئەوانی تر فرشراون.
- سەبییە؟ فرۆشتن؟ بۆ ئێمە لە چ زەمانێك دەژین و لە کوێین؟
- بەخێر بێی بۆ جەنگڵستانی داعش خوشکۆلە... لێرە کات و شوێن نییە. داهاتوو و چارەنووس دیار نییە. لێرە هەموو شتێك وەستاوە، ئێمە لە بیابانی عەرەبین و هەزار ساڵ گەڕاوینەتە دواوە.

ئێستاش نازانم ئەمانە لە کوێی هاتوون؟ لە کام لاپەڕەی زەردی مێژوو هاتینەتە دەر؟

- نادیە... تەنها شەستوسێ کیلۆ مەترمان ماوە و دەگەین.

عومەر ئاوڕی دایەوە و ئەمەی گوت. کەچی ژمارەکە سەرنجی ڕاکێشام. ئاخر ئێمە شێستوسێ کچ بووین؛ بەم شەوەگواسترایینەوە. ئێمەیان بردە ماڵێکی

دیکـە. ڕۆژانـە کۆمەڵـە داعشـێك دەهـاتن و بـە نێومـان دەگـەڕان. هاوشـێوەی گەلە گورگێك، چۆن بە نێو رانە مـەر دەکـەون؛ ئـاوا بـە نێومـان دەسـوڕانەوە و سـەیریان دەکـردین. بـە چاوەکانیـان رووتیـان دەکردینـەوە؛ لاقـەیان دەکـردین. کەڵبـەیان لـە گۆشـتە ناسکەکەمان گیـر دەکرد. خوێنمانیـان لـە بـڕی مـەی دەخـواردەوە. باوەڕبکـەن، چـاوە حیزەکانیـان لـە میـانی ئـەو سـەیرکردنە؛ وەك پەنجەرەیـەکی کـراوە وابـوو. داوێـن پیسـی، هەوەسـت، شـەهوەت، ناپیـاوی و دڕنـدەیی لـێ دەبـاری. منـی کلـۆڵ لـە ترسـان سـەرم نـزم دەکـرد. چاکەتـە پەمەییەکەم لە سەرەخۆم توند دەکرد، وەك ئەوەی نـەهێڵم بـە چاوەکانیـان رووتـم بکەنەوە !

ڕۆژێکیان یەکێك لام وەستاو گوتی: " ئەوەم دەوێ!". باوەڕبکەن لە تـرس و حەژمـەت لەهۆشـخۆم چـووم ، بۆیـە جێی هێشـتم و گـوتی: " نامـەوێ نـااا؛ چی لەو شێتە بکەم!" .

دوای چەنـد ڕۆژێـك، ئـەمیرێکی داعـش هـات، مـن و چـوار کیژۆڵـەی دیکـەی دەسـتبژێر کـرد. بـە پاسـەوانەکانی گـوت: " ئـەم پێـنچ سـەبییەم لـە ژوورێکی تایبەت بۆ هەڵگرن، دوای چەند ڕۆژێکی دیکە دێم و دەیانبەم!" .

کـاتی ئـەو ڕۆیشـتو ئێمـەیان بـردە شـوێنێکی تایبـەت، دوای سـێ ڕۆژ بـە کچەکانم گوت:

- سـبەی چوارشـەممەیە، بـا بـۆ شـێخ مەنـد بـەڕۆژوو بـین، بـەڵکو لـەم نەهامـەتیەمان رزگار دەکات.

بۆ بەیانی بەرپرسی زیندانەکە هات؛ ئێمـەی بـردەوە لای کچـەکانی تـر لـە هۆڵـە گەورەکـە. دوای ماوەیـەك، زیـاتر لـە سـەد داعـش هاتنـە ژوورەوە، وەك ئەوەی بێنە مۆلێك بۆ هەڵبژاردنی کالا، بەڵام لەگەڵ یەك جیاوازی، زۆرجار لە مـۆڵ دڵت دەچێتـە شتێك و لەبەر نرخی؛ نـاتوانی بیکڕی. کـەچی ئێمـە زۆر هـەرزان بـووین. بـەنێومان دەگـەڕان. کچـەکان دەگریـان، لـەخۆیان دەدا، دەڕشانەوە تا نەیانبەن. سەبارەت بەخۆم؛ هاوشێوەی منداڵێك چاوەکانم لە ئـەرز

دانا، تا نەیانبینم و ئەوانیش نەمبینن! هەستمکرد دوو پێی گەورە لام وەستان؛ دەنگێکی گڕی ناخۆش گوتی:

- ئەوەم دەوێی...

بە ترسەوە سەرم بەرزکردەوە و هورچێکم بینی، موسڵاوییەکی بە تەمەن، چەردێکی کەتەی توکن. لە سەرسەرم وەستاوە:

- تۆ سەبییە... هەڵسەوە!

سەرەتا وامنیشاندا کە گوێم لێی نییە، کەچی دووبارەی کردەوە:

- لەگەڵ تۆمە چاکەت پەمەیی... هەڵسەوە دەی.
- نااا...نااا، هەرگیز لەگەڵ تۆ نایەم. شەرم لە خۆت بکە تۆ لە باوکم گەورەتری، تۆ زۆر گەورە و زەبەلاحی، چی لە کێشولەیەکی وەك من دەکەی... بمکوژی لەگەڵت نایەم.
- کوا بەڕێوەبەری زیندان؟ کوا نافیع عەفەری بابێت؛ چارەی ئەم سەبییە زمان درێژە بکات!

نافیعی پووچ هات، هەردووکیان بە زمانی تورکومانی قسەیان کرد؛ ناویم بیست (سەلوان عەفەری) خوا روویان رەشکات.

- ئەوە تۆ وەڵامی سەربازێکی دەوڵەتی خیلافەت دەدەیتەوە؛ هەی سەبییە؟

نافع تێی راخوڕیم و منی لە پرچەوە راکێشا. جگە لە هاوار و گریان هیچم پێنەکرا. تەلەعفەریە ناجورەکە مکوڕبوو بمبات و وازی نەدەهێنا، بە پێلەقە و شەق کەوتە سەرم؛ و زۆری لێدام. لەسەر زەوی خۆم بچووك کردەوە؛ سەیری ئەم شانۆگەریە قەشمەرزاریەم دەکرد، کاتی رۆیشت لە شوێنی خۆم دانیشتم ئاوڕم دایەوە؛ دیمەنەکە زۆر نامۆ بوو. چۆن کەیبڕ لە مەیدان بەنێو رانە مەر دەکەویت، بە هەمان شێوە؛ رایان لەهەر کچێك بوایە، لەگەڵ بەڕێوەبەری زیندان دەکەوتنە سەودا کردن:

- نەخێر کاکی خۆم؛ جوانەکان لە پێنچ سەد دۆلار یەك سنت کەمتر

نابێت. چی ئەوە؟ برام ئەو شاجوانە نرخی هەزار دۆلارە. بۆ؟ بزانە ئەو ناوقەدە باریکە، ئەم سینگ قیت و شانە پانە... چی چی؟ ئەوەیان؟ راستە لاوازە بەڵام زۆر ناسکە و بە لێو دەخورێت. سەیری ئەو دەمووچاوە بێگەردە بکە، یەك شوختی پێوە نییە... کامە؛ ئەوێهیَ؟ برا ئەوە لە یازدە ساڵ کەمترە و پارە دەکات... کاکی برا؛ ئەگەر کڕیار نیت تکایە نرخ مەشکێنە، تۆ ناتەویَ خەڵکی دوای تۆ، لە سەرجەم شارەکانی خیلافە دێن و پارەی پیَ دەدەن. وادیارە تۆ لە جوانی نازانی... چی کڕیاری؟ دە باشە ئەوە ببە، راستە بچووکە بەڵام زۆر جوانەوە بە خۆت بەخێوی بکە! چی چی؟ سینگی نەهاتووە؟ کاکی برا ئەوە بچووك، ناسك و پاکیزەیە، سەربار هەندێك عەرەبی دەزانێت!

بە ترسەوە لە شوێنی خۆم دانیشتم، کەچی ئەو قەڵەوە بیَ مێشکە هەر وازی نەدەهێنا. لەو کاتە گوێم لە قیژەی کچە برایەکم بوو. ئاوڕم دایەوە و بینیم؛ یەکێك کە شێوەی زۆر لە پیاوانی نیاندرتال دەچێت؛ دەستی گرتووە و دەیەوێت بیبات. خۆم و خزمان چووین و لە دەستمان دەرهێنا. کەچی پاسەوانان بە کوتەك و تێلا بەسەرمان کەوتن، هاوارم کرد:

- وازی لیَ بێنەو من لە جیاتی ئەو ببە. ئەو زۆر بچووکە.

وامزانی بەو قسانە دڵی نەرم دەبێت و دەڕوات. کەچی ئەم نامرۆڤە بەو شتە رازی بوو! بەڵیَ، ئەوی جێهێشت و رووی لە من کرد. منی بە راکێشان برد تا سواری ئۆتۆمۆبیلم بکات. کەچی دووبارە تەلەعفەرییە بەزدارەکە هاتەوە و گوتی:

- بۆ کوێی برای موجاهید؟ بەر لەتۆ دەستم لەسەر ئەو سەبییە داناوە!

بە دووان کەوتنە مقۆمقۆ لەگەڵ یەکتر، ئەو تێردۆنەش بە پێکەنین سەیری دەکردم؛ وەك ئەوەی لە کۆتاییدا هەر دەتبەم! زۆر گریام و لە ناکاو، ئەو کەسەم بینی؛ ئەوەی چەند رۆژێك بەر هات و من و چوار کچی

دەستبڕێر کردبوو!(حەجی سەلمان) تکام لێکرد بمبات و لەو تڕتڕە رزگارم بکات.

- هێی تۆ برای موجاهید، ئەم سەبییە هی منە؛ بەر لە چەند رۆژێك دەستم لەسەر داناوە، پێشین پارەم داوە.
- ئاخر برام من ئێستا...
- دەزانی من کێم؟( بە تورەیی قسەی بڕی ) حەجی سەلمانم!

کابرای عەفەری تەسبۆوە و لە ترسان تفی قوتدا. لەوکاتە خۆی لە من نزیك کردەوە و بە هێواشی گوتی:

- دڵت خۆش نەبی سەبییە. چەند رۆژێکی دیکەیە و دێمەوە، دەتکڕم یانیش بە کرێت دەبەم. ئەوکات نیشانت دەدەم سەلوان عەفەری کێیە؛ سەبییە!

وەیش رۆژێکی چەندە ناخۆشبوو. بیرمە ئێمە پەنجا کچیان برد. چاکتر وایە بڵێین فرۆشراین. حەجی من و خزمێکی برد. وادیاربوو دەستەڵاتی زۆربوو؛ ئۆتۆمۆبیلی تایبەت و شەش پاسەوانی هەبوو. ئێمەی بردە ماڵێکی گەورەی لێوانلێو لە داعش. کاتی گەیشتین، نزیکەی دووسەد کەس نوێژیان دەکرد. زۆر ترساین، تەنانەت نانمان پێ نەخورا، دوای ماوەیەك خزمەکەمەیان برد؛ بە تەنیا مامەوە.

بۆ رۆژی دواتر حەجی منی بردە ماڵێکی بچووکتر، خۆی و پاسەوانەکانی لێی نیشتەجێبوون. هەر نزام دەکرد شەو نەیەت و بە تەنیا لەگەڵی نەمێنمەوە. کەچی شەوهات و هیچ لە نزاکانم قبوڵ نەبوون. حەجی منی بردە ژوورەکەی خۆی، زۆر ترسام و شلەژام، بە بێباکی گوتی:

- ئێوە کافرن و ژمارەیەکی زۆرم لە پیاوانتان کوشتووە. ژمارەیەکی زیاتریشم لە کچانتان لاقە کردووە. ئەوجا زۆر لەخۆبایی مەبە. ئەم ژوورە زۆر لە تۆ جوانتر و سەرکێشتری بینیووە!

لەم کاتەدا زۆر ترسام؛ پەشیمان بوومە کە لەگەڵ ئەم دڕندەیە هاتووم، بە

شێوەی دەرەکی فریووم خواردووە. من لە دیمەنی سەلوان ترسام و بە هورچم شوبهاند و نەمزانی لەگەڵ کەمتیارێك تووش دێم.

- هەر ئێستا شایەتمان بێنە دەی... لە تاریکی بێ بڕوایی دەرچە.

ئەوەی گوت و لێم هاتە پێش. لە ترسان چەند هانگاوێك گەڕامەوە؛ هەر دوو دەستم بەڕووی بەرزکردەوە، وەك ئەوەی بمەوێ رایگرم.

- باشە، تەنها لاقەم مەکە و دەست درێژی مەکە سەرم، چیت دەوێ دەیکەم، دەبمە هەر شتێك کە تۆ دەتەوێ. هەتکم مەکە بۆ خاتری خودێ!

- تۆ باسی چی دەکەی سەبییە؟ تۆ ئەگەر ببیتە موسوڵمان؛ دەبیتە کەنیزەم و بە نووستن لەگەڵت رێزت لێدەگرم. خۆ ئەگەر نەشبیت، لاقەت دەکەم و بێڕێزیشت لەگەڵ دەکەم. دەی هەر ئێستا جلەکانت دانێ تا ئازارم نەداوی! (ئەمەی بە هاوار گوت)

- بەڵام من عادەم و...

- ئەوانی پێش تۆش زۆریان واگوت! هههههە... (دەستی بە پێکەنین کرد) وەرە سەبییە...

بە توندی خستمیە سەر زەوی و هەموو جلەکانی لەبەر کردمەوە؛ تەنها یەك پارچەی لەبەر هێشتمەوە، زۆر بە سووکی مامەڵەی لەگەڵ کردم. بە شەهوەت و نەفەسی گەرمی منی نغرۆ کردبوو؛ بە پێکەنین پێی گوتم:

- هەستەوە دەی و خۆت بادە؛ بە دەستی خۆت دوا پارچە فڕێدە... دەمەوێ تام لەو ساتەوەختە وەرگرم! هههههە... لادانی پەردەی کچێتی زۆرخۆشە و بە قەد فەتحی شارێك لام شرینە... ئاخر غەزوەیەکی موبارەکە و بە فتح تەواوی دەکەین! هههههەهە.

- پێت دەڵێم من عادەم... تێناگەی؟ (بە گریان)

- عادەی؟ نازانم ئێوە بۆ ئەو عادەتە تەرك ناکەن؟ هههههە... هەر کێژۆلیەکم هینابێتە ئیرە بۆ غەزو و فەتح؛ دەڵێ عادەم! هههههە...

- سوێند بەخوا عادەم....( بەگریان)
- ناوی خوا مەهێنە سەبییە... کوا ببینم !

پوچی خوێڕی، باوەڕی نەکرد تا خۆی هات و بینی، بە توڕەیی رووی وەرگێرا. باوەڕبکەن یەکەم جارە کەیفم بە سوڕی خوێن و ئەم خوێنە پیسە بێت. هەستم دەکرد ئەم خوێنە لەو نگریسە خاوێنترە. ئەو پووچە هەر وازی نەهێنا؛ نەیهێشت تا بەیانی جل لەبەر کەم. بە رووتی منی بەرامبەر خۆی دانا و زەقی لێ وەرگرتم. باوەڕناکەم هیچ بوونەوەرێك لەوانە شەهوەتبازتر بن. لە ترسان تا بەیانی خەوم لێ نەکەوت. بەیانی دەرکەوت و ئەویش دەرکەوت؛ منیش جلەکانم لەبەر کردەوە، لە ترسان لە سووچێك خۆم گچکەکە کردەوە و هەڵتررووشکیم! دوای ماوەیەك شۆفێرەکەی هات، جلێکی تەنکی رووتی بۆ هێنام؛ تا شەو بۆ حەجی لەبەرکەم. لەگەڵ تاریکبوون، وەك شەمشەمە کوێرە بە جلە رەشەکانی دەرکەوت. گوتی بڕۆ ئەم جلانە لەبەر بکە و میکاژ بکە! همم مکیاژ... دەزانن؛ کاتی منداڵ بووم؛ زۆرم حەزدەکرد ببمە مامۆستا یانیش ساڵۆنێکی جوانکاریم هەبێت؛ بیرمە بوکەڵەکانم دەگرت؛ قژیانم دادەهێناو مکیاژیانم دەکرد و پێدەکەنیم، کەچی لێرە بەگریانەوە کەوتوومەتە دەست هەرزە ئیسلامیەك؛ کە دەیەوێت یاری بە شەرفمان بکات! خۆزگە هەر منداڵ مابامەوە لەگەڵ بوکەڵەکان یاریم کردبا؛ بۆ خەم و خەفەت گەورە نەبووبام!

زۆر پاڕامەوە و دەستیم ماچکرد؛ کەچی سوودی نەبوو. بە ناچاری جلەکانم لەبەر کرد؛ کەمێك سپیا و سوراوم بە شێوەیەکی ناشیرین لێدا؛ بە هیوای دامرکاندنەوەی شەهوەتی. ئاخر من عادەم و نەوەك مرۆڤ، تەنانەت ئاژەڵیش لەوکاتەدا نزیکی مێینە نابێت. کەچی وەك دڕندە پەلاماری دام و لاقەی کردم! سەرباری ئەوەی عادەبووم! کە بە کوردی پێی دەڵێن بێنوێژی، واتا هیچم لەسەر نییە تەنانەت نوێژیش. کەچی لاقەی کردم. باوەڕناکەم ئەوانە مرڤی ئایندار و خواپەرست بن. نەخێر ئەمانە هەوەسبازن و شەهوەت

پەرستن. چون بەم شەوە دەیان جار خۆم پەنای خوا دا؛ بە دەم دەست وپێ ماچکردن ناویم هێنا. بە شەرمەوە ناویم هێنا چونکە پێ نوویژبووم. کەچی ئەو گوێی پێنەداو؛ ملکەچی خواکەی نێو گەلی بوو... و لاقەی کردم!

بەیانییەکەی، وەك ئەوەی ولاتگیری و فەتحی قودسی کردبێت؛ ئاوا چالاك هەڵسایەوە. دەستی گرتم و منی بردە دادگای شەرعی. ئەسڵەن من هیچم بە دونیاوە نەبوو، شلەژاو، بریندار، ماندوو؛ نە باوەڕم بەهیچ و نە متمانەم بە کەس مابوو. باوەڕبکەن، ئەم دەرچوون و دەست گرتنە؛ ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم بوون. لە ڕێگای موسڵ و دەست خستنە سەر سینگم؛ لە لایەن داعشییەکە زۆر ناخۆشتر بوو. چون پەردی کچێتیم لە دەست دابوو؛ لە ڕێگا بووم تا پەردەی ئاینیشم لە دەست دەم. هەستم دەکرد بێناموس و بێئاپین بە رووتی دەڕۆم! لەوێ بە زۆری شایەتمانیان بە جەستەیەکی شکاوی بێ روح هێنا؛ کردمەیانە موسوڵمانێکی لاقەکراو! ئەوکات زیاتر بە شارێکی داگیرکراوی دەرگا شکاوی؛ بە زۆر موسڵمانکراو دەچووم! چۆن وانابێت، مەگەر دوێنی ئەمیرێکی داعش، بە سەری رمە قوتە پیرۆزەکەی هەتکی کردم، ناموسی شکاندم و لاشەی داگیرکردم.

جاران وامدەزانی ئەوەی بچێتە ریز ئاینێك؛ سەرەتا دەبێت هەندێ شت لەسەر ئایینەکە بخوێنێتەوە، دواتر بڕوای لا درووست بێت، ئینجا نوری سپی ئیمان بچێتە سینە و مێشکی؛ تا خاوێنیان بکاتەوە. ئەوسا بە سینەیەکی فراوان و مێشکێکی کراوە وەری گرێت. بەڵام هەموو شتێك لای داعش پێچەوانەیە. تا ئامێری نێرینەی نەخاتە نێو قوڵترین و تەسکترین شوێنی ئافرەت؛ بە ئاوە سپییەکەی خۆی پیسی نەکات. نور ناچێتە ناخی ئەم ئافرەتە کلۆڵە و نابێتە موسوڵمان! وەك ئەوەی ئامرازی نێرینەیان ئیمان بەخش بێت؛ نەوەك هزریان. بیرم چوو... بەر لەوەی بچمە لای قازی حوسێن و قورئانم لەسەر بخوێنی، وێنەیان گرتم بۆ کاری پێویست! هاتینەوە و ماوەی دوو هەفتە لای بووم. لەم ماوەیەدا بەردەوام سەرکردە سەربازییەکانی داعش

دەهاتنە لای. باسیان لە پلانەکانی جەنگی، کارەکانی کوشتن و بڕین دەکرد. من و چەند کچێکی دی ئێزدی، تایبەت کردبوو بە خزمەتکردن. بە زۆری جلی رووتی لەبەر دەکردین؛ ناچاری دەکردین خزمەتیان بکەین. چا، قاوە و ئاوی خواردنەیان پێشکەش بکەین. زۆر بێزار بووم. هەستم بە کەمایەتی و ریسوایی دەکرد. تا رۆژێکیان و لەو کاتەی ئەوان خەریکی کۆبوونەوە بوون. هەلەکەم قۆزتەوە و رامکرد. بەڵام هەر زووبەزوو گیرام. منیان بردەوە زیندان. لەوێ چاوم گێڕا و بینیم؛ کەمێك لەو کچانە لەگەڵمان هاتبوونن لەوێ مابوونەوە؛ بەڵام هیچکام لە خزمان لەوێ نەبوون. کاتژێرێك دواتر؛ خۆی بە ئۆتۆمۆبیلەکەی هات و منی بردەوە. دایکە پوچەکەم بینی؛ ئەوەی لە خۆی بێبەهاتر بوو. هەزار جنێوی پێدام، پێڵاوەکەی لەپێی کردەوە و لێیدام؛ هاواریکرد:

- ئێوەی ئێزدی کافرن، موجاهێدانی وەك کوڕم؛ بۆیان هەیە هەموو شتێکتان لەگەڵ بکەن.

باوەڕبکەن، زۆرم لا سەیرە ئەم ژنە خەڵەفاوە، وەك سەنابلی خوشکی کاکە عومەر، موسڵاوی و عەرەبە؟ ئاخر ئاسمان و رێسمان جیاوازن. سەنابل وەکو ناوی؛ وشیبە گەنمێکی بە پیت و بەرەکەت، دەتگوت مەرهەمە. دە رۆژ لە ماڵی بووم، وەك خوشکێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵم دەکرد. سەرباری ئەوەی شەش منداڵی هەبوو، بەڵام یەك چرکەش لێم بێزار نەبوو.

وامزانی حەجی لێم دەدا، بەڵام ئەو هیچی نەگوت، تەنها بە تۆنێکی توند، ئەو رستەی بەگوێدا چرپاندم، کە هەرگیز لەبیری ناکەم:

- بزانە سەبییە، لێت نادەم، بەڵام گەر جارێکی تر دووبارەی بکەیە و هەولی راکردن بدەی، شتێکت لەگەڵ دەکەم؛ کە هەرگیز چاوەڕوانی ناکەیت... شتێك کە تا تەمەنت ماوە لە بیری نەکەیت! تێگەیشتی سەبییە؟... وەقەد ئەعزەرە مەن ئەنزەر!

راستییەکەی، کاتی سەیری چاوەکانم کرد، بەدکاری و توڕەییەکی نامۆی

پێوە دیاربوو. ترسام، بەڵام لە دڵی خۆم گوتم: " چی دەکات لەوە زیاتر؟ دەمکوژێت؛ خۆزگە وا بێت و لە کۆڵ ئەو دونیایە ببمەوە!". نەمزانی ئەوەی ئەو بە نیازە، زۆر لە مردن ناخۆشترە!

- نادیە، ئەوا دەگەینە دوا بازگەی موسڵ، لە ڕێگامان بەرەو کەرکوك، ئاسایی بەو هیچ نییە، ئەوەش دەپەڕێنین.

عومەر ئەمەی بە متمانەوە گوت، بەڵام چ لەو دڵەم دەکەی؟ هەوڵدەدەم خۆم کونترۆڵ بکەم، لەگەڵم بن چون دەترسم. ئێستا دەچینە نێو بازگەکە. ئەی هاوار خۆ ئەوە وێنەی من و دووکچی دیکە ئێزدی لێرە دراوە! هاوارە تاووسی مەلەك... پاسەوانەکانی داعش وەستاون... ژمارەیان شەشە... شەش!

ببورن بەڵام ئەم شەش پاسەوانە و بەم شەوە؛ شەوێکم بیر دێنێتەوە؛ کە تا دەمرم بیری ناکەم... شەوێك لە دۆزەخ!

شەوێکیان گردبوونەوەیان هەبوو، هەمووان سەرقاڵبوون؛ تەنانەت پاسەوانەکانیش. دەرفەتەکەم لە دەست نەدا، وەك تەیرێکی بێباڵ بە قونەقون لە قەفەز دەرپەڕیم. سەرەتا زۆر دڵخۆشبووم کە لەو بنکەیە دەرچووم. بەڵام دوو کۆلان ئەولاتر منیان ئاشکرا کرد، هێنامەیانەوە بنکە و دامەیانەوە دەست داعش. کاتی هەواڵی بۆ چوو. نامەردەی هات و هەموو جنۆکەکانی دونیا لە چاوی هەڵدەپەرین. هیچی نەگوت، سەری باداو لە ناکاو زۆری لێدام. بە دەستی خۆی منی رووتکردەوە و فرێمیدایە ژوورێکی بچووك. لە هیکەوە، هەر شەش پاسەوانەکەی لێم ناردە ژوورەوە...

شەش دڕندەی شەهوەتباز. وەك چۆن رەوە کەمتیارێك پەلاماری ئاسکێك دەدەن؛ ئاوا پەلاماریان دام. بە راستی قەد پێشبینی ئەو سزایەم لە دۆزەخیش نەدەکرد. کاتی یەکەم کەسیان زۆر بە توندی پەلاماری دام، بەرگریم لە خۆم کرد، بەڵام ئەوان زۆربوون. لێیاندام تا هیچ هێزم نەما؛ ئەوسا منیان لە ئەرزدا؛ قۆڵ و لاقیان گرتم و دەستیان بەو کارە پیرۆزەکرد. ئەوەی ئەمیریان پێیانی سپاردبوو، بە شێوازکردن و سزادانی سەبییەکی کافر؛ و لەسەر

دەستوری خیلافەت!

یەکەمەیان هات و سەرەتا تفێکی لێکردم؛ بە پێکەنینەوە چەند جوێنێکی پێدام، بە خۆشییەوە دەستیکرد بە لاقەکردنم. چاوەکانم داخست تا نەبینم چی دەکات. دەلحاز دایکم بە خۆی و جلە سپییەکەی؛ وەك فریشتەی پاسەوان هاتە هزرم. بە خەندەوە گوتی: " خۆڕاگربە کچکۆکەم، ئەوەش دەڕوات. تۆ زۆر لەوە خاوێنتر و پاکتری، کە بەم سەگانە پیس بیت، کەی دەریا بە دەمی سەگ پیس بووە کچکا من!" . ئەو بێبەهایانە بەردەوام بوون. هەر یەکەی تەواو دەبوو، ئەوی تر لە قژەوە رای دەکێشام، کاتێ رق، تف، شەهوەت و ئاوە پیسەکەی تێ بۆش دەکردم، بە حرسەوە مستە پرچێکی لە دەست دەمایەوە؛ یەکڕاست ئەوی تر رایدەکێشام. لەهۆشخۆم چووم؛ کەچی ئەو بێبەهایانە هەر نەوەستان. نازانم خۆشی چی تێدایە، لەگەڵ جەستەیەکی مردوو سێکس بکەی؟ چون من مردبووم و هیچ هۆشم لەخۆ نەمابوو. بەیانییەکەی چاوم کردەوە. وەك پارچە پەڕۆیەکی پیس لەوێ کەوتبووم. باوەڕبکەن، ئەوەندە ئازارم خوارد سێ رۆژ کەوتم و نەمدەتوانی بڕۆم.

- نادیە... نادیە! چییە بۆ وا فرمێسك دەبارێنی؟ تەواو ئێستا ئێمە بەرەو بازگەی پێشمەرگە دەڕۆین!
- ببورە کاك عومەر، هەندێ یادگاری ناخۆشم بیرهاتەوە. زۆر دڵخۆشم کە خەریکە لەم مۆتەکەیە رزگارم دەبێت؛ برام.

باوەڕبکەن ئەم بێ شەرەفە؛ بێ رەچاوکردنی باری تەندرووستیم، رۆژی چوارەم منی فرۆشتە ئەبو معاویەی حەمدانی. هێشتا لەنێو جێگا بووم؛ کاتێ دووکەس هاتن و منیان بینی؛ گوێم لێبوو یەکیان گوتی:

- جوانە بەس زۆر ماندوو دیارە، بە خوای سەد دۆلاری نایینی!

باوەڕبکەن ئەو سەلمانە بێبەهایە؛ منی خاوەن حەفت برا؛ بە حەفتا دۆلار فرۆشت! منیان بردە خانووێکی بۆش، لەوێ جلی ئەو کچانەم بینی؛ ئەوانەی بەر لە من؛ بۆ هەمان مەبەست کڕدرابوون. دوو هەفتە لایان

مامەوە و بەردەوام دەست درێژیان دەکردە سەرم. ئەوەی حەزی لێبا ئەویش دەهات و لەگەڵم دەنووست، تەرەسانە منیان بە کرێی دەدا. جارێکیان زۆر نەخۆشبووم و هات گوتی: " مۆبایلم بۆ کراوە و ئێستا دێن و دەتبەن!" . زۆر گریام و لێی پاڕامەوە کە ئەوجارە نەمنێرێت ئاخر زۆر ماندووبووم زۆر. گوتی: " سۆزم پێیان داوە و ناتوانم لە قسەم پەشیمان ببمەوە!". زۆر توڕەبووم و بەگریانەوە گوتم:

- سوێند بەخوا؛ بمنێری دەمووچاوم بە چەقۆ دەشێوێنم، ئاخر لاشەم بەرگەی هیچی نەماوە، تۆ مرۆڤ نیت و تێناگەی؟

کەچی ئەو تەرەسەی؛ هیچ لە مرۆڤ نابینی جگە لە ئامێری سێکس کردن، ئەو گەمژەی هیچ لە مرۆڤایەتی نازانی جگە لە شەهوەت؛ پێکەنی و گوتی:

- باشە باش، مۆبایلیان بۆ دەکەم و دەڵێم نەخۆشە... تەنها ئەوجارە یارمەتیت دەدەم و بەس؛ تێگەیشتی!

باوەڕبکەن، بێزم لە خۆم و لەم کارەم دەکردەوە. ئەوانیش لێم بێزاربوون و منیان بردە دادگا؛ لەوێ بە مەبەستی فرۆشتن؛ نمایشیان کردم. دوو کچی دیکەی ئێزدیان کڕی. لەگەڵ هاتنی کچە نوێکان، منیان بە کرێ دایە دوو کەس لە سەربازگەی (موسڵ/ حەمدانیە). ماوەیەکیش وەك سەبییە لای ئەمانە مامەوە. ئەوانەش بە هەمان شێوە؛ دوای تێربوون و بێزاربوونیان، لە پێناو هێنانی مێینەکی دیکە. منیان نمایش کرد بۆ فرۆشتن. ئەوەبوو شوفێرێکی داعشی هات و منی کڕی. بردمیە خانوێك لە موسڵ؛ دوو ڕۆژ لای خۆی هێشتمیەوە. دوای تێرکردنی ئارەزووە گڵاوەکانی؛ نیازی وابوو بە پارەیەکی باش بمفرۆشێتە سوریا. دەویست بە جوانترین شێوە نمایشم بکات بۆ فرۆشتن. بە نیازی کڕینی جلێکی جوانی سەرنج ڕاکێش، بۆ وێنەگرتن دەرچوو. چاوەڕێی شەوم کرد، لەگەڵ تاریکبوونی شارە تاریکەکە؛ دەرگام شکاند و وەك شێتێك رامکرد. خۆشم نەمدەزانی بۆ کوێی... گرنگ ئەوەبوو

رابکەم.

- بەرەو کوێی نادیە؟ تۆزەکی دیکە دەگەینە کەرکوك؟ کەس لەوێ دەناسی؟ (عومەر ئاوڕی دایەوە)
- نەخێر کاکە، باشتر وایە بچینە سلێمانی، سەعیدی برام لەوێی چاوەڕێمان دەکات.
- بەسەرچاو خوشکم ، برسیت نییە؟
- نەخێر کاکە...

دەزانن؛ کاتی برسیم دەبی یان برسیەتیم بیردێتەوە، لە خەمان هیچم پێناخورێت. یەکڕاست برا بچوکەکەم بیر دێتەوە. ئاخر کاتژێر یازدەی هەینییە رەشەکە؛ کاتی داعش هەمووانی بۆ قوتابخانەکە بانگهێشت کرد؛ ئەو نازدارە نووستبوو. بە پەلەپەل هەڵمان سەند. بیرمە بەر لەوەی دەرچین؛ چوو سەلاجە بکاتەوە؛ بەڵکو شتێك دەربێنی تا بیخوات. دایکم نەیهێشت و پەلەی لێکرد؛ گوتی: " با دوانەکەوین و لە دۆزەخی ژێر دەستی داعش رزگارمان بێت!" . باوەڕبکەن نەیهشت ئاویش بخواتەوە. کاتی پیاوەکانیان برد؛ ئەو برایەمیان لەگەڵ بوو، لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەکە؛ دایکم هەر لە چۆکی خۆی دەداو دەیگوت: " وەهەیش ، خۆ نەمهێشت ئەو کورە جوانە، قومە ئاوێکیش بخواتەوە، وەیش چەندە تێنو و برسیە ئێستا، چۆن دەتوانی بە سەر چیا بکەوێت بەو برسیەتی و تێنوویەتییە!". وای دایکیێ؛ ئەو ئێستا لە شوێنێکە پێویستی بە هیچ نییە دایە گیان.

- پێویستیت بە هیچ نییە خوشکم لە کەرکوك؟
- نەخێر برام، بەڵام نازانم چۆن سوپاستان بکەم؛ لەسەر هەموو ئەوەی کردتان کاکە عومەر؟
- سوپاسی ناوێت خوشکی خۆم. من داوای لێبووردن دەکەم؛ لەسەر ئەوەی روویداوە. ئێمە هەموو داعش نین؛ هەمووشمان خراپ نین خوشکم.

- بۆ داوای لێبوردن لەسەر شتێك دەكەی؛ كە دەستت تیا نییە؟ تۆ وەك مرۆڤێكی چاك، ئەوەی لەسەرتان بوو كردتان و تەواو.

بەینی خۆمان بێت، سەیرم بەو حكومەتە نا نیشتیمانیانەی بەغدا دێتەوە، كە لە ئاست كارەساتی وا بێدەنگن، مەگەر ئەو كارەساتە بە چەكی سوپا بەزیوەكەیان رووی نەداوە؟ كەچی نە داوای لێبوردن دەكەن، نە دەجولێنەوە تا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی قبوڵ بكات؛ نە قەرەبووی ناوچە زیان لێ كەوتووەكان دەكەن. گلەیی لە چی بكەم برام، پێشتریش حكومەتی بەغدا چەكی كیمیاوی لە هەڵەبجە بەكارهێناوە و كوردی ئەنفال كرد. كەچی تا ئێستا، بەرپرسێكی عێراقی؛ بە ناوی حكومەتی عێراقی پۆزشی نەهێناوەتەوە و كەسیان قەرەبوو نەكردۆتەوە. ئەوجارەشیان هەروای دەبینم.

- دەزانی نادیە خان، زۆر سەرسامی هێمنی، ئازایەتی و هزری جوانتم، پێشبینی داهاتوویێكی گەشت بۆ دەكەم!

لە ئاست ئەم قسانە دڵم نەهات هیچ بڵێم، داهاتووی چی كاكە عومەر؟ وەك سەدان رزگاربووی دەستی داعش؛ ئێستا نازانم بۆ كوێی بچم. نە خانوو، نە خێزان و نە پشت و پەنا ؛ هیچمان نەماوە. تەنانەت چارەنووسیشمان دیارنییە. ئێستا دەبێ بچمە خیوەتگەیەك، لە ژێر چادرێكی رەق و رووت خۆم بخۆم. تا ئێستا چارەنووسی دایك و خووشكەكانم نازانم. ئاخر زیاتر لە هەژدەكەسمان لە دەست داعشەو نازانم چییان لێ بەسەرهاتووە؟

بە راست؛ دەتانەوێ بزانن ئەو شەوەی لە دەست شۆفێرەكە هەڵاتم، چی روویدا؟ با لە كاكە عومەر بپرسم:

- كاكە عومەر، دەكرێ ئەو شەوەم بۆ بگێڕیتەوە، كاتی لە دەرگام دا؟
- هەرگیز ئەوە شەوە لەبیر ناكەم. پازدەی ئۆكتۆبەر بوو، درەنگانی شەو دەرگا بە توندی و خێرایی لێدرا. ئێمە كە لە گەڕەكی سۆمەر، لە دیوی لای چەپ دەژیایان، زۆر نارحەت بووین. چون زۆربەی خەڵكەكە هاوسۆزی داعش بوون. لەگەڵ دووبارەبوونەوەی لە

دەرگادانەکە؛ داوام لە باوکم کرد نزیك بیت، مستەفای بچووکم دایە خێزانە دووگیانەکەم، ئەویش لە ترسان خۆی بە دایکم نووساند. دامنابوو بە هێواشی لەگەڵ ئەو داعشە بێ ئابڕووە قسە بکەم؛ ئەوەی بەم درەنگانەی شەوە لە دەرگا دەدات. کەچی سێبارە دەرگا لێدرا، بە توڕەیی دەنگمدای و گوتم:

- باشە باش، ئەوە هاتم پەلەی چیتە؟

کاتی دەرگام کردەوە، کیسەیەکی رەشم بینی، کە تەنها دووچاوی بە دەرەوەبوون! ( بە پێکەنین) بە سەرسوڕماوی پرسیم:

- تۆ کێی خوشکم و کێت دەوێی؟
- بۆ خاتری خودا، من کچێکی ئێزدیم و لە دەست داعش رامکردووە. بیکە بە خاتری خودا دالْدەم دە. ئەوانە بەردەوام لاقەم دەکەن!
- کێ ئەم ناونیشانەی پیدایی؟
- کەس، خۆم رامکردووەو و خوا منی هێناوەتە بەر دەرگاتان. تکات لێ دەکەم زووکە بمبە ژوورەوە. دەنا ئێستا دێن و دەمگرن.
- دەزانی کێشە لە چی بوو نادیە خان؟ کاتی بە تۆم گوت وەرە ژوورەوە، تەنها لەوە دەترسام نەوەك بە تەکسی یاخود ئۆتۆمۆبیلەك هاتبیت؛ دواتر شۆفێرەکە بچێت؛ لە پێناو پاداشت یان خۆ دەرخستن؛ یانیش بە هۆی ترسەوە هەواڵمان لێبدات. ئاخر لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا، زۆر شتی وا رووی داوە. کاتی هاتییە ژوورەوە، دایکم بە سەرسوڕمانەوە لە ناونیشانتی پرسی، کاتێ منیش مەسەلەکەم پێگوت، دەستخۆشی لێکردم؛ ئەوەبوو تۆی هێنایە ژوورەوە و نانی بۆ دانای. باوەڕبکە ئەوەندە ماندوو دیاربووی. تا خۆت هەڵنەستای دڵمان نەهات بەیانییەکەی بۆ فراڤین ئاگادارت بکەینەوە!
- باوەڕبکە کاکە عومەر؛ دوو مانگ بوو بە ئاسوودەیی نە خەوتبووم، لە ماڵی ئێوە توانیم بە ئارامی چاو دابخەم؛ بێ ئەوەی ترس لەسەر

گیان و ناموسم هەبێت. ئافرەت بوون لەژێر سێبەری داعش؛ شورەییە کاکە عومەر. ئافرەت لەم مەملەکەتەی ئەهریمەن، تەنها زێدانێکە بۆ بەرهەمهێنانی جەنگاوەری زیاتر؛ دەنا هیچ مافێکی نییە. باوەڕبکە ئەگەر بۆیان بلوابا، هاوشێوەی زەمەنی جەهالەت؛ کەلتوری وەئد و کچ لەژێر خۆڵنانیان دووبارە دەکردەوە!

کاتێ دایکتم بینی سۆزم جولاوە و دایکی خۆم بیرهاتەوە، قەد ئەو دایکە بە میهرەت لەیاد ناکەم؛ بە ناسنامەی خوشکەکەت بردمیە نەخۆشخانەی سەدام؛ چارەسەریم وەرگرت. زۆر سوپاسی سەنابلی خوشکە نازدارەکەت دەکەم. کە دواتر و بۆ دوورخستنەوەم لە چاوەکانی داعش، منتان بردە ئەوێ. ئەوەبوو دوای سێ رۆژ قسەم لەگەڵ حوزنی برام کرد. دواتر ئامۆزاکەت ناسنامەیەکی بە ناوی خێزانە کوردەکەی بۆ درووستکردم. گوایە هاوسەری تۆم و بە یەکەوە سەردانی ماڵی باوکم دەکەین، لە کەرکوك؛ بەم بیانووە ئیمڕۆ لە دۆزەخی داعش دەرچووین.

- ئەوەتا ئێستا ئێمە لە رێگاین بەرەو سلێمانی، ئەگەر پێویست بکات دەتبەمە هەولێر یا دهۆك. تا نەدەمەوە دەست براکانت، جێت ناهێڵم خوشکم.
- زۆر سوپاس کاکە عومەر، بەڵام راستییەکەم پێ بڵێ، چۆنە تۆ ملت لە چەقۆ دەخشێنی، بۆ کەسێکی نەناس، کە لە رەگەز و ئایین تەواو جیاوازە؟
- تا بۆ هەموو دونیای بسەلمێنم، کە ئێمەی عێراقی بە غیرەت و دەمارین، ئەوە ئێمە نین؛ کە خوشك و دایکانی خۆمان هەراج بکەین و بفرۆشین. تەنانەت ئەگەر لە رەگەز و ئایین جیاوازبن. ئێمە نین کە مەزار، گۆڕی پەیامبەر و پیاو باشان دەتەقێنینەوە. ئەوەی لەم پاشاگەردانیە بەرپرسە، بیرێکی نامۆیە کە لە بیابانەوە هاتووە؛ لێرە

چەند هەرزەکار، گەمژە، نەفام و ناپاکێك لە خۆیان گرتووە، بە گڕی ئاگری پەرگیری وڵات و مرۆڤەکانیان سوتاند.

- تۆ لە گەڕانەوە ناترسی ؟
- خەمی منت نەبێ خوشکم. هاوڕێی دڵسۆزم زۆرن لە موسڵ، کەی زانیم مەترسیم لەسەرە، باوان و خێزانەکەم دەبەم و لە شەقەی باڵ دەدەین، بەرەو ئەڵمانیا.
- قەد ئەو چاکەت لەیاد ناکرێت؛ خوابکەم بتوانم ڕۆژێك بۆتی قەرەبوو بکەمەوە.
- ئەوە چاکە نییە خۆشکم، ئەوە هەڵسووکەوتی هەر موسوڵمانێکی عێراقییە. هیوای سەلامەتیت بۆ دەخوازم و حەمدلە عەل سەلامە نادیە...

بە زەردەخەنەیەکی سارد سەیرم کرد؛ هەرچەندە لە بازگەی سلێمانی نزیك دەبینەوە بەڵام هیچ دڵم خۆش نییە. تا ئێستا نازانم چارەنووسی دایك، خوشك، برا و دۆتبراکانم چییە؟ بەڵام یەك شت دەزانم؛ من ئێستا پەیامێکم پێیە و پێویستە بە هەموو جیهانی بگەینم!

## (49)

# دادگای شەڕ... عی!

پـێم دەڵـێن دادگـا، بـەڵام هـەرگیز شـوێنێك نـیم بـۆ پاڵپشـتی کـردن لـە ستەملێکراوان و سەرخستنی دادوەری. نەخێر؛ بەڵکو دادێك بۆ کەڵەگاکان، واتا (داد...گا). شوێنێك کە کەڵەگاکانی داعش؛ ئەوانەی بە رەنگی سوور سەرمەست بوبوون؛ شەریعەتی خۆیانی تیادا رایی بکەن. ئەوانەی هەموو دادێکیان لە پێناو شەهوەت و کوشتنە. بە شێوەیەك، کە دووتای تەرازووەکەیان جەنگ و سێکسە!

یـەکێکم لـەو دادگـا شـەرعیانەی داعـش؛ ئـەوەی لـە موسـڵ؛ بـە نـاوی یەکلاکردنـەوەی کێشـەکان دامەزرانـدووە. کـەچی باوەڕبکـەن؛ مادامـەکی ئـەم ریش پانە نەفامانە سەرپەرشیتم دەکەن؛ ئەوا تـەنها و تـەنها؛ بیری پووچی داعش لێرە سەرکەوتووە. لەو کاتەی کە تەنێ خۆیان سەرچاوە کێشەکانن!

دەزانـن، سـەرەتاکانی هـەڵاتنی خـۆری دادەوەری لێرەبـووە؛ لـە هـەرێمی میزۆپۆتامیا، ئەوەی عـەرەب ناویاننـاوە عێراق. لێرەو لـە رۆشـنایی یاساکانی حەمۆڕابی؛ لە میانی دووسەد و هەشتاوهەشت مادده؛ مـاف بە ئاژەلانیش درابـوو نـەوەك مـرۆڤ! کـەچی لـەژێر سـێبەری رەشـئاڵاکان؛ خـۆری یاسـا ئـاوابوو. ئـەوان دادگـای شـەرعی و سـەربازیان پێکهێنـاوە؛ بـەگوێرەی لێکدانەوەی خۆیان هەموو شتێکیان گۆڕیووە.

زۆرم بینـی لێـرە، یـەکێك لـەو تاوانانـە؛ سـەبیکردنی ئافرەتـانی ئێـزدی و مەسیحی بوو، ئەو ئافرەتە بەستەزمانە بێدەستەڵاتانەی؛ وەك مـەڕ پەلکێشی بـەردەمم دەکـران؛ لەسـەر کوژگـای ئـایین؛ دەکرانـە قوربـانی شـەهوەتی ئـەم

ملهوڕانه. لێره به زۆری شایەتمانیان پێدەهێنان و دەیانکردن به کالا. بەڵێ، وێنه و ژمارەی مۆبایلی خاوەنەکانیان به دیوار هەڵدەواسرا، ئەمەش بۆ هەر کەسێك که ئارەزوومەنده بیانکڕێت؛ یان بەکرێیان بگرێت! بەڵێ؛ باوەڕدەکەن! له سەدەی بیست ویەك؛ به بیانوی جێبەجێکردنی ڕەفتار، عورف و عادەتی خێڵەکی؛ هۆزەکانی بیابانی بەر له هەزار و چوارسەد ساڵ. لێره پاکیزه سەربەستەکان به سەبییه دەکرێن؛ وەك کالا مامەڵه و سەودایان پێدەکرێت!

باوەڕبکەن ئەم یاسایه هەر ئافرەته ئێزدی و مەسیحییەکانی نەدەگرتەوە، بەڵکو بەسەر کیژۆڵه موسوڵمانەکانیش دەسەپێنرا... ئەوانیش کووشتەی هەمان دەرد، بۆچون و مێشکی بۆگەن بوون.

ئاخر سەبیکردنی پاکیزەیەکی ئێزدی، فرۆشتنی شۆخێکی مەسیحی؛ چ جیاوازییەکی هەیە، لەگەڵ به زۆر به شوودانی کیژۆڵەیەکی موسوڵمانی نۆ ساڵان؟ باوەڕبکەن هەمان شته! لاقەکردن، دەست درێژی و ستەمە. کاتی ئەو کیژۆڵانەو بەو چادره ڕەشانەی بەریان دەهاتن، به دەست ڕیشنێکی ورگ زلی توکنی بێبەهای بۆن ناخۆش. پیره گورگێك، ئەوا هەر هەمان چیرۆکی نا دادوەری بوو. کچەکە لەژێر ئەم قەفەنگە دەگریا، وەکو دار بییەکی بەر گەردەلوول هەڵدەلەرزی. کەچی ئەم شەهوەتبازه به تەمەنه؛ نا پیاوەتی له چاوانی دەباری، به شێوەی کەمتیارێك دڵخۆشبوو، که کاریلەیەکی ناسکی کەوتۆته ژێر چنگ.

نازانم ئەمه کامه ئایینه، که مەودای ئەم شتانه دەدات، مەڵێن ئیسلام. چون وانییه و هەموو شتێك یاسای تایبەت به خۆی هەیه. ئەوەی ئێوه دەیبینن، ئەوه کلتوری نیمچه دورگەی بیابانه. نیمچه دوورگەی غەزو، تالان و بڕۆ؛ له ژێر چەمکی (خورما و گەرما) هاتۆته ئاراوه! ئاهاا... ئەوان دەڵێن خورمای تەڕ و تازه، له ناوچه گەرمەکان زووتر پێدەگات. کچەکانیش هەروان. بەڵێ، قازییه شەرعییەکەم کاتی وا دەڵێت، ددانه زەرده نەشوراوەکانی دەردەکەون؛ ئەوەی کەڵێنەکانی پڕیەتی له گۆشت و پەلکی

سەوزی کەرەوز، چون ددان خاوێنکردنەوە بە فڵچەو هەویری ددان، لاسایی کافرانە؛ ئەو تەنها سیواك بەکاردێنی. چۆن وەڵامی ئەم گەمژانە دەدەیتەوە؟ ئاخر ئەگەر کچی گەرمیان وەك خورما بێت؛ چی سەبارەت بە کچانی کوێستان؟ ئەوان گویزی هیندین؟ خۆ ئەگەر وابێت، ئایینەکەتان تەنها بۆ ناوچە گەرمەکان لەبارە، رێك لێوار بیابان، قەراخ حوشتر و بن سێبەری دارخورماکان! هیچ سوودێکی بۆ ناوچە سەوز و شاخاوییەکان نییە.

لە سایەی ئەمانەوە من دادگا نیم، بەڵکو زیاتر بە خیوەتگەی کێوەلیەکان دەچم. کارم ئافرەت فرۆشتن و کچ بەکرێ دانە. بەڵێ، بوومەتە نووسینگەیەکی لەشفرۆشی. ببورن لەسەر ئەم قسانە؛ بەڵام ئەوە راستییەکەیە. جگە لەوە؛ شوێنی پاساوهێنانم بۆ کوشتنی نەیاران، بەردبارنکردن، ئەندام برین و ملپەڕاندن. زۆربەی کاتیش ئەوەی سزاکە جێبەجێ دەکات، کەسانی پلە یەکی سزادراوەکەن! کوڕ دایك دەکوژێت، برا سەری براکەی دەبڕێت. باوك و هاوسەریش بەردبارانی کچ و خێزانەکانیان دەکەن!

دەزانن سەرم لەچی سوڕ دەمێنیێ؟ ئەو توندڕەوانەی ئایین دەکەنە پاساوێك بۆ کوشتن، لە پەنای ئایەتێکی بە هەڵە لێکدراو؛ بە ئاسوودەیی و بێباکی خەلك دەکوژن. دەڵێن ئەوە ویستی خوایە. ئاخر خوا تەنها لە رۆژی دوایی؛ دوای پرسینەوە و بەڵگە هێنان؛ قسەکردن و دان پیانانی خودی مرۆڤ؛ لە ئاکامی دادگایەکی ئاشکرا؛ بڕیار دەدات. کەچی ئەوانە بێ یەکودوو بڕیار دەدەن. خوێن رشتن لایان زۆر لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە. ئەو ئایینەی ئەوانە زۆر سەیرە، باوەڕبکەن نەوەك مرۆڤ؛ فریشتەش پەیڕەوی بکات دەبێتە ئەهریمەن!

بە راستی بێزاربووم لە دەست ئەو ریش پانە نەفامەی؛ ناوی نیزامەدین ریفاعییە. گەمژەی توندڕەو. رێك پێچەوانەی ناوەکەی هیچ نیزام و سیستەمێك نازانی و تەرەسێکی ئاست نزمە!

ئەم ورگ زلە ریش سپییە؛ خۆی کردتۆتە قازیل قوزاتی خیلافەت. بە پێی گرنگی، کەسی سێیەمی دەستەڵاتە. کاتی خۆی وانەکانی بیروباوەڕ و فەرموودەی بە بەغدادی گوتووە. واتا ئەم بێبەهایە مامۆستای خەلیفەیە. هەر خۆشی داڕێژەری زۆربەی یاسا و ڕێساکانە. بە پێی یاساکانی ئەم لەندەهۆرە؛ هەر سەبییەك ب ەدەستی خاوەنەکەی دەبرایە دادگا. سەرەتا بەر لە هەموو شتێك، وێنەیەکی ڕەنگی بۆ دەگیرا. دواتر دەبرایە بەردەمی قازی؛ ئەویش هەندێك ئایەتی بۆ دەخوێندەوە؛ پاشان قورئانی لەسەر سەری دادەنا و شایەتمانی پێ دووبارە دەکردەوە. بەمەش دەبووە حەڵاڵی موجاهیدەکە و هەموو موجاهیدانی دی! چۆن؟... وێنەکەی بە دیواری دادگا هەڵدەواسرا؛ ناو و ژمارەی مۆبایلی خاوەنەکەی لەسەر تۆمار دەکرا. ئەمەش بۆ ئەوەی گەر موجاهیدێك بینی و حەزی چووێی؛ یەکسەر پەیوەندی بکات!

هەروەها بە پێی یاسای ئەم کەمتیارە شەست ساڵییە، موجاهید بۆی هەیە ئەم سەبییە بە دیاری ببەخشێت، بەکرێی بدات یان بیکوژێت؛ چون ئەو خاوەنی جەستەو روحیتی. جا نازانم ئەم شتە بۆ کچەکانی خۆی بەڕەوا دەزانی؟ ناترسی ڕۆژێك خانەوادەکەی سەبی بکرێن؛ بە یاساکەی خۆی بکرێنە لەشفرۆش!

نامەوێ لەوە زیاتر بڵێم، بەڵام ئەوەی لە ماوەی حوکمی داعش و لە سایەی من کرا کارەسات بوو، مەگەر پۆلپۆت و دادگاکانی پشکنینی ئیسپانی کردبێتیان. هەمووشی لەژێر چاودێری من و بە بەخششی یاسا بووە. شتەکی دیکە؛ لەکاتی جەنگدا، داعش سەرجەم کارڕاییەکانی لە قازی و دادوەران وەردەگرت؛ بۆ سەرکردە مەیدانییەکانی شۆڕ دەکردەوە. ئەمەش ئاستی یاسا نیشان دەدات لەم خیلافەتە خەڵەفاوە.

لە داعشستان حاکم دوو قەڵەمی هەیە، سەوز واتا لێخۆشبوون و سوور واتا کوشتن. لێرە حاکم تووڕەبی دەمانچەی دەردێنی و خۆی یاسا جێبەجێ دەکات! لێرە تەنها دەمانچە، حەربە و بەرد حاکمن. منیش ناوێکی بێ

ناوەڕۆکم. شڕە دادگایەکی شەڕانگێزم، شەڕ و شەڕفرۆشیم لێ دەتکێ؛ واتا شەڕ... عی و هیچ شەرعیەتم نییە.

سەرجەم تاوان و رەفتارە هۆڤانیەکان؛ هەرچی داعش کردی لە کلتور هەبوو؛ هیچ پەیوەندی بە ئایینەوە نەبوو؛ چونکە غەزو، سەربڕین و سەبی بەشێکن لە کلتور و خۆدی کۆمەلگەی پێش ئیسلام؛ نەوەك فیقهی ئیسلامی.

لێرەوە دەمەوێ قسەیەك بۆ مێژوو بکەم، ئەوەی روویدا؛ هەمووی بەرپرسیاریەتی زانا و بیرمەندانی ئیسلامیە؛ کە پێویستە بەو کلتورە ئیسلامیە دابچنەوە؛ ئەوەی داعشی هێنایە بەرهەم. ئاخر داعش هیچی لە دەرەوەی کلتوری ئیسلام نەهێناوە، چونکە ئەم هەموو کوشتن، غەزو، سەربڕین ، سەبی و بەردبارانکردنە؛ بەشێکن لە کلتور و خۆدی کۆمەڵگەی بەر لە ئیسلام، نەوەك فیقهی ئیسلامی. لەوکاتەی داعش بە بەشێکی نەپساوەی دەزانێت لە ئیسلام. کاتی ئیسلام هات؛ ئەو رەفتارانە بە شێوەیەك چەسپابوون؛ وەك یاسای و رێسایان لێهاتبوو. ئیسلام وەك دیفاکتۆ مامەڵەیانی لەگەڵ دەکرد. نەیتوانی بە جارێك لایان ببات. بۆیە ویستی هەنگاو بە هەنگاو قەدەغەیان بکات. بۆ نموونە غەزو بەشێك نەبووە لە ئیسلام، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگە، وڵات، هۆزەکان لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا دەیانکرد. بەهێز سوپای تەیار دەکرد و بێ هێز غەزوی دەکرد. لە ئیسلام جیهاد هەیە، ئەویش بە مانای سوپایەکی بەرگری نەوەك لەشکرکێشی و غەزو.

کەچی ئەوانە دەیانەوێت، ئەو ئیسلامەی تەمەنی هەزار و چوار سەد ساڵە بە بیر، هزر، خو و نەریتی سەد ساڵەی یەکەمی ئیسلام بەڕێوەببەن. واتا موسوڵمانان تا رۆژی دوایی؛ لە سایەی بیری تەسك و چەند لێکدانەوەی کەسێکی گۆشەگیر و توندئاژۆی وەخۆگر بژیین!

ئەسڵەن کردارەکانی غەزو، سەبی، کۆیلەکردن و زۆرێك لەم نەریتە کۆنە،

لەگەڵ روحی ئەم سەردەمە یەك ناگرن. كات هاتووە موسوڵمانەكان بەخۆیان دابچنەوە، ئایینەكەیان لەم كلتوورە ناجورە خاوێن بكەنەوە. ئەوە ئەگەر دەیانەوێت ئیسلام وەك ئاینێكی نەمر بمینێت و لە قاوغی سەدەی حەتەمی زایینی دەرچێت!

# (50)

# پێمان دەڵێن کەزیدار

سەیری رووی فوراٍت دەکەم، ئاوەکەی لە سێوەنگ رەشتر دەبینم. وەك ئەوەی ئەویش هاوشێوەی ئێمە، بەم چادرە رەشە باڵاپۆش کرابێت. وەك ئەوەی لە ژێر سێبەری رەشی ئاڵارٍەشە دڵرەشەکان، تاکە رەنگێك بێت و بە ئافرەت رەوا ببینرێت! کاتی سەیری رووبارەکە دەکەم، هیچ وێنەی خۆم نابینم، عەجەب!... تۆ بڵێی فوراٍت لە شەرمی ئێمە؛ رووی پۆشیبێت. یانیش ئەوە منم رووم وێنەی نەماوە؟ یاخود ئەوە چاوەکانمن، کە لەم چرکەساتەدا هیچ نابینن؟

توند دەستی غادەی خوشکم دەگرم، بە دەستەکەی دیکەش دەستی زینەم پورم گرتووە، ئەوانیش هەردوو دەستی دەلۆیان گرتووە، ئێمە هەر چوارمان بە شێوەی بازنەیەك وەستاوین، چوار کیژۆلە رفێندراوەکەی کۆچۆ، ئەوەی خەڵك لێرە پێمان دەڵێن؛ سەبییە کەزی درێژەکان!

بێگومان چیرۆکی گوندە سەربراٍوەکەمان دەزانن، هەرچەندە زینەی پورم لە هەموومان بە تەمەنترە؛ کەچی من دارٍێژەری پلانی رزگاربوون و نەخشەرێژی ئەم کۆتاییەم. کۆتایی چی؟ باشترە بڵێم سەرەتای ژیانێکی نوێی دیکە. دوور لە ستەم و شورەیی!

ناوم حەنانە، یەکێك بووم لە زیرەکترین قوتابییەکان، بیرمە لە پۆلی سێیەم بە کۆنمرەی نۆهەدوحەفت؛ لەسەر شەنگال بە یەکەم دەرچووم ؛ پێشبینی داهاتوویێکی پرشنگدارم بۆ دەکرا. حەزم لە کۆلیژی پزیشکی بوو، تا خزمەت بە گەلەکەم بگەینم. نەخۆش چارەسەر بکەم. بەڵام داعش وەك ڤایرۆسێك

هات و هەمووی نەخۆشکردین. ماڵ، گیان، هۆش و سەربەستی بردین.

نامەوێ باس لە چی و چی بکەم، بەڵام وەك ئێزدییەکی بە شەڕەف، دەمەوێ ئەم دەردەی لەشم بە یەکجاری و هەتا هەتا تیمارکەم. ئەم خوێن بەربوونە لە جەستەمان، ناموسمان، ئایینمان راگرم! هەمووی بەو دەرمانە تیمارکەم؛ ئەوەی کۆتایی بە ئێش و ئازار... بەڵکو بە هەموو شتێك دێنی.

دەزانن، مردن زۆر سەیرە. لە ناوەڕاستی حەشامەت، کێشمەکێش و هاتووهاوار دێت؛ بە یەك چرکەسات هەموو شتێك دەوەستێنی! هیچ نامینێت. لە هیکەوە هەست دەکەی دونیا هێمن بووە، هیچکام لەو دەمووچاوە ناشیرنە توکنانە لە دەورت نەماون! ئەم بۆنە ناخۆشەی بەشێوەی بۆنی تەگە لە کاتی زاوزێ براوە، ئەوەی شەهوەت و بەدکاری لێدەباریێ! چون ئەمانە چاوی ژێرییان کوێرە و هیچ نابینت؛ بۆیە مێشکیان لەکار کەوتووە. تەنها بە تاکە چاوە بچووکەکەی ئەندامی نێرینەیان؛ سەیری دونیا دەکەن؛ هەر شەهوەت دەبینن و لەپێناو شەهوەتی بەهەشت کاردەکەن! ئێستا کاتی چەکیان هەڵگرتووە چاوێکی دیکەیان زیاد کردووە، ئەویش چاوی لوولەی چەکەکانیانە. دونیا لای ئەوان دوو شتە سێکس و کوشتن. تەنانەت ئەم شتە لە بەهەشتەکەی ئەوانیش دووبارە دەبێتەوە. چۆن؟ ئەوە نییە لەوێ هەر خۆیانن؛ و کەسیان لە کافران لەگەڵ نییە تا بیکوژن! بۆیە هەموو کاتیان بۆ کاری دووەمیان تەرخان دەکەن؛ ئەویش هەوەسبازییە!

زۆرجار دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، من کە زۆرم حەز لەوانەی مێژوو بوو. بە سەرسوڕمانەوە بەرامبەر ئەم دەستەواژەیە دەوەستام و دەمگوت: " سەرباری گۆڕانی هۆکار و پێداویستی. ژێرتربوونی مرۆڤەکان، ئاخۆ بۆ دەبێت مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە؟ دەبی حیکمەت لەمە چی بێت؟ بۆ دەبێت کەسێك کارێك دووبارە بکاتەوە؛ لەو کاتەی لە رووداوەکانی بەر لەخۆی، بە سەرنەکەوتوویی تاقیکراوەتەوە؟".

دوێنێ؛ کاتی چیرۆکی کەزی غەزالەی گردعزێریمان بیست،

دۆشداماین. بە راستی رەوشەکە گەیشتۆتە رادەیەك، کە چیتر بەرگەی ناگیرێت. غەزالە لای داعشێکە لە ناوچەی قەستەڵی باشوور. منداڵێکی زۆر جوانی هەیە، بەردەوام لە ترسان بە سینەی خۆی دەنێت، نەوەك لێی برفێنن. داعشییەك منداڵەکەی پێ جوان دەبێت و دەیەوێ بۆ خۆی ببات! غەزالە هاوشێوەی ماپڵنگێك بەرگری لێدەکات، سەرباری لێدانێکی زۆر؛ کەچی هەر رادەستی نەکرد. خنکاوی ئۆقیانووسێکی بێ قەرار، چۆن باوەش لە شەبکە دارێك دەگرێت؛ غەزالەش ئاوا پێیوە نووسابوو. داعشە تورەکە لە داخان؛ حەربەکەی دەردێنێ و کەزیە درێژەکەی دەبڕی، هەرچەندە غەزالە هەوڵیدا کەچی بێهوودەبوو. لەوکاتەدا هاورێکانی داعشیەکە؛ پلە تریقەی پێکەنین دەدەن؛ دەست دەکەن بە گاڵتەکردن؛ یاری بە کەزییە درێژە براوەکە دەکەن؛ یەکیان دەڵێ:

- بۆ دەبێت جوانی و کوفر تەنها لە چیاکان کۆببنەوە؟ کورد هەمووی جوان و کافرن؛ هەرچەندە بە رواڵەت دەڵێن موسوڵمانین؛ بەڵام سەرجەم عادەت و کلتوریان پێچەوانەی ئیسلامە. هەموشیان وەك باو باپیرانیان لە گومڕایی کوفردان.

باوەڕبکەن کاتی ئەمەمان لە داعشەکان بیست؛ زۆر بێزاربووین. چون ئەوانە هەموو شتێك دەکەن؛ لە هیچ سڵ ناکەنەوە. ئێمە کە چەند رۆژێکە دوای کارەساتەکە، گواستراوینەتە ئێرە لە رەقە؛ نازانین چارەنووسمان چی دەبێت. زۆر دەترسین دەست درێژیمان بکەنە سەر. بۆیە دوێنی شەو؛ دوای نووستنی هەموان، گردبووینەوە تا دوا بڕیار بدەین. زۆر تاوتوێی ئەوەمان کرد، رێگایەك بدۆزینەوە بۆ راکردن، کەچی سەرجەم ئەگەرەکان لە نەبووان بوون. لەم وڵاتە غەریبە کەس نا ناسین؛ دوور لە ئێزیدخان بێ پشت و پەناین. لێرە نەوەك کەس، بەڵکو هەست دەکەین ئاسمانیش لێمان غەریبە؛ گوێی لە نزاو پاڕانەوەکانمان ناگرێ! هەرچەندە زۆرجاران بە عەرەبی دوعا دەکەین!

ماوەیەك بێ وتە دانیشتین، تا بە هێمنی بیر لە داهاتوومان بکەینەوە. پلانێك دانێین؛ جەستە و گیانمان لە دەست ئەم دڕندانە پاس بکەین. خۆ ئەگەر نەبێت... ئەوا هەزار گیان قوربانی شەرەف بێت.

هەر کەسەو قسەی خۆی کرد. کاتی نۆرەی من هات چیرۆکێکی مێژوویانم بۆ گێڕایەوە. چیرۆکی ژنە سەلارەکانی باسا. دەزانم ئێوەش نایزانن، چون مێژووی ئێمە وەك زۆرێك لە کلتورمان بە پەنهانی ماوەتەوە؛ کەس نییە بینووسێتەوە. مەگەر دوای ئەم شەقەی ئەمجارە پێمان کەوت؛ دڵسۆزانی گەلەکەمان بکەونەخۆ.

هەبوو نەبوو، کەس لە خودێ گەورەتر، تاووسی مەلەك پیرۆزتر و ئەم کافرانە نگریستر نەبوو. لە سەردەمی عوسمانییەکان؛ بە تەواوی لە چواردەی ئایاری ساڵی هەزار و نۆسەد و شازدە، تورکەکان فەرمانێکی دیکەیان؛ بە سەرکردایەتی تاوانباران ئەحمەد شاهین و فەندی گوڵمحەمەدی هێنایە سەر میللەتەکەمان. گوندی باسان هاوشێوەی کۆچۆ گەمارۆ درا. سەرەتا داوایان لێکردن چەك دانێن، بەڵام خەڵکی گوندەکە لە کەس و کاری ئێمە زۆرزانتر بوون؛ ڕەتیان کردەوە چەك دانێن؛ دواتریش واز لە ئایینی باوباپیرانیان بێنن. بۆیە خۆیان بۆ جەنگێکی نا بەرابەر ئامادەکرد. پیاوان تا توانیان دلێرانە جەنگین، بەڵام هێزی دوژمن بە ژمارە و چەك زۆر زیاتر بوو. ئەوەبوو چوونە نێو گوند و دەستیان بە کوشتنی پیاوان کرد. مەبەستیان وابوو ئافرەتەکان بە کەنیزە و سەبییە ببەن. لێرەدا قارەمانیەتی و ئازایەتی ئافرەتانی ئێزدی دەنگی دایەوە. ئافرەتەکانی گوندەکە کۆمەڵ کۆمەڵ، دەستیان کرد بە بە ستنەوەی کەزییە درێژەکانیان لەگەڵ یەك. دواتر بەم شێوەیە؛ دەستە دەستە خۆیان فڕێ دەدایە باوەشی رووباری دجلە؛ ئەوەی بە قەراخی گوندەکە دەڕۆیشت. ئەم قارەمانانە باوەشی مردنیان هەڵبژارد؛ تا شەرەفی خۆیان بپارێزن. خۆشتان باش دەزانن ئێستا چ چاوەڕێمان دەکات!

ئەوەندەم گوت و بێدەنگ بووم. چاوم بە چاوی هەر سێکیان گێڕا؛ رقگیری و بەرەنگاربوونەوەم بینی. زەردەخەنەیەکی جوان هاتە سەر لێوانیان و چاویان بریسکەی دایەوە، وەك ئەوەی لە کۆتاییدا رێگای رزگاربوونیان دۆزیبێتەوە!

ئەوەتا ئێمە بەم بەیانییە زووەی بیستی مانگی تەباخ؛ بەر لەوەی ئەم دڕندانە لە خەو هەڵسن. بەدەم زەمزەمەکردن بە ناوی خودێ و تاووسی مەلەك، هەرچوارمان(حەنان، غادە، دەلۆ و زینە) پاکیزەکانی کۆچۆ؛ کەزییە درێژەکانمان لە یەك بەستووە، دەستی یەکمان گرتووە و لە کەناری رووباری فوڕات، نزیك شاری رەقە وەستاوین.

ببورن ناتوانم لەمە زیاتر قسەبکەم، هەمووان خەریکین دوا وشەکان دەڵێینەوە:

- پەروەردگار هەردەم ئەوە، ئەوەی ناخوات و ناخەوی. شایەتمان و باوەڕمان بە ناوی ئەوە و بە ناوی تاووسی مەلەکە. کانی سپی شوێنی خاوێنکردنەوەمانە. ئەشکەوت، مەغارە و زەمزەم شوێنی سەردانیکردنمانە. پەرستگای مانگەکان پەرستگامانە. سوپاسگوزارتین خاوەن دەستەڵات. بە دوورمانخە لە کافر و بەرازان، نزیکمانکەوە لە شێخ و پیران. پەنا بەخوا ئێمە ئێزدین... بە ناوی سوڵتان ئێزدی، سوپاس بۆ خودێ ئێمە لە ئایین و بیروباوەڕمان رازین و هەرگیز نایگۆرین... هاوارە خودێ، هاوارە تاووسی مەلەك... تششش!

# (51)

# گوڵا ئێزیدیخانێ

- دونیا بۆ وا تاریکە؟ کوا بۆ هیچ نابینم؟ وا دایێ!

چاوەکانم بە فراوانی دەکەمەوە کەچی هیچ نابینم! تاریکیەکی کلکەچەم!

- ئەم مرخە مرخە چییە؟

بەڵێ گوێم لە مرخەی رەوە دڕندەیەکی گەورەیە، ئاها ئەوەتا دەرکەوتن. لەم تارکییەدا تەنیا چاوە زەقەکانیان بریسکە دەدات. چاوە سوورە بەدکارەکان.

- وا دایێ لە کوێی؟ بۆ جێتهشتووم!

نەخێر ترسنۆك نیم، من کچی گولێ نەمرم؛ چۆن ترسنۆك دەبم. هەر لە منداڵییەوە و کاتی سەیری دایکم دەکەم؛ کە چەندە ئازا، بە سەلیقەت، هێمن و کارزانە. سوپاسی خوا دەکەم کە کچی ئەوم!

ئەو تێکەڵەیەکی ناوازەیە وەك ناوەکەی. لە ئاست ئێمە لە پەڕەی گوڵ ناسکترە. کەوچکێکی هەنگوینی چیایی، کە تاڵی ژیان لادەبا. باوەشێکی سۆزداری گەرم، دڵێکی فراوانی هێمن. کەچی لە ئاست ناحەقدا دەبێتە شێرەژن، پڵنگێکی چەپۆك خوێناوی چاونەترس.

بەدەم ئەم کەڵکەڵەوە؛ هەستمکرد گەلە گورگە رەشەکان، زۆر لێم نزیك بوونەتەوە. بە چاوی بەدکارییەوە سەیرم دەکەن و ددانم لێ دەسوون. دڵم خورپەی کرد؛ راستە دایە هەموو جار پێم دەڵێ: " لە هیچ مەترسە و بەردەوام بەرەنگاری گەورەترین ترسەکانت ببەوە. چون لەو جەنگلستانەی پێی دەڵێین ژیان، کەس یارمەتیت نادات. هەوڵدە لەگەڵ هەر رەوشێك رابێی. ئەگەر راش نەهاتی ئەوە بەرگە بگرە و چاك بزانە... ئەوەش دەڕوات!".

باوەڕم بە هەموو قسەکانی ئەو هەیە، بەڵام ڕووبەڕووبونەوەی گەلە گورگ کارێکی وا ئاسان نییە! بە تایبەتی لەو کاتەی کە تەنیا بم و ئەوم لەگەڵدا نەبێت. وا بە دەورم دەسووڕێنەوە؛ ڕێك بە شێوەی گێژاوێکی توند کە من چەقەکەی بم. لە ترسان خۆم بچووك کردۆتەوە و هەر هاواری دایکم دەکەم. هەستمکرد لە دوورەوە دەنگی تەقەو زرمەی تۆپان دێت؛ لەوکاتەی گورگەکان بازنەکە تەسکتر دەکەنەوە، دڕندەتر دەبن. پڕ بە دەنگ هاوارمکرد (دایێ ... وا دایێ!) لەگەڵ ئەم هاوارە چاومکردەوە، بینیم لە نێو ماڵێ خۆمانین؛ سەرم لەسەر کۆشی دایکم داناوە و ئەویش توند منی گرتووە:

- هاوارە خودێ و تاووسی مەلەك، چیتە جوانەکەم؟
- خەونێکی ناخۆشم بینی دایکە، وامزانی...(هەڵوەستەیەکم کرد؛ چون هەستمکرد بە ڕاستی کارەبا نییە؛ لە دوورەوە دەنگی تەقە و زرمەی تۆپان دێت) ئەوە چییە دایە؟
- وا دیارە داعش چیا بۆردومان دەکات، یانیش دووبارە هاتۆتەوە نێو سنونێ و خەڵك دەستگیر دەکات.

لەو کاتە زۆر ترسام و خۆم بەو دادا، ئاخر داعش گوزارشتە لە هەموو شتە خراپەکانی دونیا.

- مەترسە کچی خۆم مەترسە. ئەوڕۆ سێیەم ڕۆژی داگیر کردنەوەو وامزانیووە بەرگری دەستی پێکردووە. پیاوان هەموو لە جەنگن و قەد سەگ، گورگ و کەمتیار بە شێر ناوەستن... مەگەر بە ناپاکی نەبێت!

هەرچەندە ئەم بەشەی دوایی بە هێواشی گوت، بەڵام من گوێم لێبوو. لە ترسی خەونەکە و لەبەر دەنگی گولە؛ زرمەی تۆپەکان توند لە باوەشیمگرت، ئەویش نیوچاونمی ماچکرد، بە زمانێکی تەتڵەی خەواڵو؛ سەرجەم خەونەکەم بۆی گێڕایەوە، بە هێمنی تەماشای کردم و گوتی:

- مەترسە کچە جوانەکەم، شەریهانی چاوجوان، قەد منت دیووە بترسم؟

قەد هەستت کردووە بشلەژێم؟

بە چاو ئاماژەم بە نەخێر کرد، بیرم هاتەوە کە بە هەمـوو تەمەنم؛ ترسم بە چـاوانی نـەبینیووە، تەنانـەت وەك ژنـانی دیکـەش لـە مـار، دووپشـك و زیندەوەرەکان ناترسێت! ئەو پرسیارەم لا درووست بوو کە بۆ دایە وایە؟ وەك ئەوەی هەستی بەم هەموو پرسیارانە لە چاوانم کردبێت، وەڵامی دامەوە:

- منیش وەك تۆ باوانەکەم؛ کچێکی ناسك و پڕ لـە تـرس بـووم. وەك مێینەك لە زۆربەی بوونەوەر و ئاژەڵان دەترسام، تا رۆژێك بە هەمان ئەو نیگا پڕ لە پرسیارانە سەیری باپیرەم کرد. باپیرەم نەمر خالتایی، کەسێکی ئازا بە شێوەی ناوەکەی، کە بە عەرەبی بە واتای (پڵینگ) دێت. کەسێکی لەسەرەخۆی هێمن. قەد نەمبینیووە بشلەژێ، بترسێ یـا دوودڵ بیـت. بـەردەوام زەردەخەنەیـەکی جـوان لـە ژێـر سـمێلە گەورەکانی دەردەکەوتن. سەرێکی بەرز کە جامانەیەکی سووری لەسەر دەبەست. بڵند بە بەرزی چیای شەنگال. سمێلێکی سپی جوان کە شکۆ و جوامێری لێ دەتکا. باڵایەکی بەرز وەك دارگوێزەکانی لالش. دووشـانی پـان؛ کـە خـەمی دونیـا پـێ هەڵـدەگرت. دوو قـۆڵی ماسـولکەداری بـەهێز. جلێکـی پۆشـتەی خـاوێن. هزرێکـی پـاك و رۆشـن. باوەڕبکـەن؛ پاڵـەوانی هـەموو چیرۆکـەکانم بـوو. ئەوانـەی شـەوانی زسـتان و بـە دیـار ئـاگردان، داپیـرەم دەیگێرایـەوە. باسـی قارەمانانی کاتی فەرمانەکانی بۆ دەکردین. ئەوانەی تا دوا دڵۆپ خوێن؛ لە پێناو پاراستنی شەرەف و شکۆی نەتەوەکەمان جەنگیوون. بەڵام چیرۆکێك هەبوو و لەسەر داواکاری خۆم؛ هەموو شەوێك بۆی دەگێڕاینـەوە. لـە تـاریکی ژوورەکـە سـەیری بـاپیرەم دەکـرد، کـە بـە خەفەتـەوە سـیگارەکەی لـە نێـو سـبیلەکەی دەدانـا، دواتـر بـە دەم سـەربادانەوە دەیکێشـا. هەسـتمدەکرد جگـەری دەسـووتێ و بوویتـە کۆیزوخـال. لەگـەڵ دەرکردنـی دووکـەڵی سـیگارەکەی؛ دووکـەڵ لـە

هـەناوی هەڵدەستا. شێوەی سێبەری لەسەر دیـوارە قوڕینـەکان و لـە ڕۆشنایی چراکان؛ دەبووە سیمرخێك و بەسەر چیای شـەنگال دەفـڕی. داپیرەم دەستی بە قسە دەکرد و دەیگوت:

- بە دەستـــــوری خـــودێ
یارەبی عەلا شاند و عــەلا
مەکانەك و عەلا سوڵتانەك
یارەبی تویی کەریمی تویی ڕەحیمی
یارەبی هەر تــو خـــودای
هەر تویی لایقی مەدح و ســـەنای

دووسەدساڵ لەمەوبەر، فەرمانێکی دی هاتە سەر ئێزدیخان. کاتی حاجی عەبدولباقی پاشای جەلیلی سەرداری موسڵ؛ بە لەشکرێکی هـەزار کەسییەوە؛ هێرشـی کـردە سـەر چـل مـاڵ لـە هـۆزی دەنـادی. پیلانی ئەوەی دانابوو هەمووان بکوژێ، مـاڵ و حاڵیـان تـالآن بکـات. کەچی نەمر ئاغای پاڵـەوان؛ بە خـۆی و پێنـچ سـوار، لـە پەناگەیـەك خۆیـان مـەلآس دا و لـە بۆسـەدابوو. باوەڕدەکـەن؟ شـەش سـواری جوامێری ئێزدی بەرامبەر هەزار سەرباز؟

نـەمر ئاغـای زۆرزان لـەوان گـەڕا تـا گـەیشتن. لـەو کاتـەی خـەریکی ڕاوڕووت بـوون، لـە ناکـاو وەك برووسـکە چەخماخـەی دا و دابەزینـە سـەریان. بـە هـۆی هـاوار و تـەپ و تـۆز؛ پشـێوی کـەوتـە نێـو سـوپای سەرداری موسڵ؛ لـە ئاکامـدا خـۆی و بـرای و سـەد سـەرباز کـوژران؛ ئەوانی دیکە ڕایانکرد! ئەوان بـۆ تـالآن هـاتبوون (بـەردەوام لێـرە داپیـرەم پێدەکەنی). کەچی سەرجەم چەك، تفاق، ئەرزاق و کەلووپەلیان کەوتـە دەسـت نـەمر ئاغـای ئێـزدی. دەڵـێن ئەوانـەی لـە دەسـت نـەمر ئاغـا ڕزگاریـان بـوو، دواتـر لـە ڕێگـا بـە دەسـتی دز و جـەردە کـوژران؛ و پشێوی کەوتە نێو موسل.

- ئەی بۆ نەمر ئاغا نەچوو موسل داگیربکات، ئێمە لەم هەموو مەینەتە رزگار بکات نەنیێ؟ (بەردەوام ئەم پرسیارەم دەکرد)
- چون ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین. ناچینە سەر ماڵ و حاڵی کەس. ستەم لە کەس ناکەین؛ بەڵام قبوڵیش ناکەین کەس ستەممان لێبکات.

بەردەوام باپیرەم ئەم وەڵامەی دەدایەوە، دواتریش بە دەم قوم لێدان لە سیگارەکەی، لە قسان بەردەوام دەبوو:

- باوکم منی بە نێوی ئەم نەمر ئاغا قارەمانە کردووە. بۆیە منیش هەموو ژیانم لە کەس نەترساوم. چەندین ساڵیش بەم چیایانەوە بە سەربەستی، دوور لە دەستی میری ژیاوم. بیرتە چاوجوان؟

هەموو جارێ لێرە سەیری داپیرەمی دەکرد و چاوێکی لێدەکرد، ئەویش بە زەردەخەنەوە سەری بە ئەرێ دەهەژاند. ئەم چیرۆکە و ئەم قسانە؛ هەموو شەوێك و بە هەمان شێوە، شێواز و گەرموگوڕی دووبارە دەبوویەوە. ئێستا زانیت بۆ لە هیچ ناترسم کچە جوانەکەم؟ چون من گوڵێ نەمری خالتاییم!

لەوکاتە گوێمان لە دەنگی ئۆتۆمۆبیل بوو؛ بە کۆڵانەکان دەسوڕانەوە؛ زانیمان ئەوە مەفرەزەکانی داعشن، دایکم بە خۆراگری فەرمانی دایە هەمووومان ( ئێمە چوار کەس بووین) کە ئەرزاقەکان هەڵگرین و بە دوای کەوین. خۆی توندکرد، تورێکی لە ملکرد؛ هەستمکرد لە ژووری خۆیان شتێکی خستە ناو جەنتاکەی، بەڵام نەمزانی چی بوو!

بەر لەوەی دەرچین، سەیری وێنەی رەشۆی باوکم کرد، هەستمکرد چەندە پێویستیمان پێیەتی. خۆزگە لەگەڵمان بووایە لەم کاتەدا.

ئەوەم بیرچوو بیڵێم، رۆژی یەکەم باوکم بە ئۆتۆمۆبیلەکەی نیوەی خانەوادەکەمانی بەرەو دهۆك برد، تەنها من و دایکم و سالم ماینەوە، چون جێگامان نەبوو و چاوەڕێی هاتنەوەمان دەکرد. کەچی لەناکاو زەنگی مۆبایلی دایکم لێیدا، هەستم کرد دایکم بە نیگەرانی قسەی لەگەڵ دەکات. یەکسەر دایکم مۆبایلەکەی دانا و گوتی:

- وادیاره ڕێگا گیراوه، باوکت ناتوانی بگەڕێتەوه. هەر ئێستا ئێمە لەگەڵ خەلك بەرەو چیا دەردەچین، کار لەکار ترازاوه. هەستن بابڕۆین.

ئەوەبوو لەسنونێ دەرچووین، بە گەڵ لێشاوی خەلك کەوتین بۆ چیا. دوو ڕۆژ لە چیا بێ خۆراك ماینەوە، دواتر زانیمان هەندێ کەس بە دزی داعش؛ دەگەڕێنەوە کۆمەڵگە و گوندکانی نزیك چیا؛ خواردن و ئەرزاق دێنن. ئەوەتا ئێمەش لەگەڵ خانەوادەیەکی دیکە، کە لە ژن و مێردێك پێك دێت؛ گەڕاینەوە بەڵکو شتێك دەدۆزینەوە بیخۆین؛ و لەگەڵ خۆمانی دەیبەینەوە چیا. ئەوەبوو گەڕاینەوە ماڵی خۆمان لە سنونێ، بە تەماین شەو بە تاریکی دەرچین. کەچی دەنگی ئەو ئۆتۆمۆبیلانەی داعش ئەوە دەگەینی، کە ئەوان ماڵان دەپشکنن. ئەوەبوو دایکم فەرمانی پێداین، کە بە خێرایی دەرچین و ئێرە جێبێڵین... لەگەڵم بن. سەرەتا رادەوەستین تا دەنگی ئۆتۆمۆبیلەکان دەبڕێتەوه، لە ترسان لە شوێن خۆم رەق وەستاوم. ئەوە دایکمە و دەستی خستۆتە سەر شانم و دەڵێ:

- مادامەکی منت لەگەڵە لە هیچ مەترسە؛ بابڕۆین. سوێند بە خودێ و تاووسی مەلەك، ئەوەی پەنجەت بۆ درێژبکات دەیکوژم!

ئەوەی گوت و چاوانی بریسکانەوە. ئێستا بە راکردن دەردەچین. وەەیش... ئۆتۆمۆبیلێکی پیکەب جۆری دیر، کە چوار داعشی تێدایە لە دوورەوە ئێمەیان بینی. هەر ئێستا رادەکەین و خۆمان لە ماڵێکی نزیك دەشارینەوە... ئەوان وەك گورگی برسی وان؛ بە بینیی ئێمە تازە واز ناهێنن... تااق تااااق، ئەی هاواار... وادەستگیریان کردین!

لەگەڵ دایك و ژنەکەی گەڵمان؛ لە کوشینی دواوەی ئۆتۆمۆبیلەکەین. ئەمیر و شۆفیرەکەش لە پێشەوە سواربوونە. دوو داعشەکەی دیکە؛ برام و هاوسەری ژنەکەیان لە دواوەی پیکەبەکە (نێو بۆدی) سوار کردووه. لەگەڵ جووڵەی ئۆتۆمۆبیلەکە، وا ئەمیرەکە ئاورم لێدەداتەوه:

- چەند جوانە ئەو سەبییە، ناوت چییە چاوجوان؟ بۆ قسەی ناکەی سەبییە؟
- وازی لێ بینە بەڕێزم، ئەوە بچووکە و تۆقیوە. (دایکم بە هێمنی)
- من لەگەڵ تۆ قسەم نەکردووە پیرەژن. ئەو کچە جوانە هی تۆیە؟ جاران هی تۆ بوو... هههههە (پێکەنین) خۆم گرتوومەوە و دەبێتە سەبییەی من. بۆ قسە ناکەی هاا؟ (دەست درێژدەکات بۆ روومەتم)

دەستیم لادەدەم و خۆم بچووك دەکەوە؛ وەك دوا پەناگە بە دایکم دەنووسێم. بێگومان بە بینینی ئەم دیمەنە، دایکم زۆر توڕەدەبێت، جەناتەکەی لە باوەشگرت و بە توڕەیی دەڵێ:

- گوێبگرە بەڕێزم، هیوادارم ڕێز لەخۆت بگری؛ ئەمەی کردت دووبارە نەکەیتەوە. لە شێوەزارت دیارە لە عەرەبی ناوچەکەی. کەواتە باش دەزانی ئێمە چەندە شەرەفدۆست و ناموس پەرستین. بۆیە وەك برایەکی بەڕێز؛ داوات لێدەکەم دەست درێژی نەکەیت. ئێمەتان دەستگیرکردوە و دەتوانن بۆ بەندیخانە بمانگوازنەوە... بەڵام تکایە بەرێز و حورمەتەوە.
- دەزانی چییە؟ تۆ و کیژۆڵەکەت ئێستا سەبییەن لای دەوڵەتی ئیسلامی؛ دەتوانین هەموو شتێکتان لەگەڵ بکەین. لاقەتان بکەین، بتان فرۆشین، بەکرێتان بدەین. ئێوە مولکی ئێمەن و بە هەوەسی خۆمانە... پیرەژنی لەوچە؛ هههههە (پێکەنین).

بە دەم پێکەنینەوە دەیەوێت دووبارە دەست بزێوی. خۆم دووردەخەمەوە تا دەستی پێم نەگات، هەست دەکەم دایکم شتێك لە جەنتاکەی دەردێنی. شوکر بۆ خوا داعشەکە دەستی کشاندەوە؛ وا سەیری پێشەخۆی دەکات.

ئێستا گەیشتووینەتە دووڕیانی سنونێ. دەنگی چرکەیەکی کز دێت. ئاوڕ لە دایکم دەدەمەوە، خۆ ئەوە زۆر بە هێمنی دەمانچەکەی باوکمی بەدەستە و ئەمانەکەی لادەدا! بێ یەك و دوو لەسەری ئەمیرەکەی داعش دادەنێ لە

دواوه؛ تاق تاق تاق... خۆ ئەوە سێ گولەی لە مێشکی دا، دەلحاز دەستی وەردەگێڕی بۆ کوشتنی شۆفێرەکە، کەچی ئەو دەستی گرت... تاق تاق تاق؛ گوللەکانی دیکە بە بنمیچی ئۆتۆمۆبیلەکە دەکەون. داعشەکە دەمانچەکەی لە دەستی دەستێنی و لە دووڕیانەکە ئۆتۆمۆبیلەکە رادەگرێت! بە راکردن دوو چەکدارەکەی دوواوە هاتن؛ ئێمە هەر پێنچمانیان راگرتووە.

- ئەوە چیت کرد ئافرەت؟ چیت کرد ؟ (شۆفێرەکە بە هاوار)
- چیم کرد؟ (بە هێمنی) ئەو سەگەم تۆپاند. ئێوە خەڵکانێکی بێ ئابرون و شایستەی ژیان نین.
- ئێمە شایستەی ژیان نین؟ ئێستا نیشانت دەدەم. ( میلی کلاشینکۆفەکەی راکێشاو لوولەکەی لەسەر سینگی دایکم داناوە)
- بیتەقێنە... نامەوێ چیتر سیما سەهەندە و بێ شەرمەکانتان ببینم... بیتەقێنە؛ ئامادەم هەزار جار گیان ببەخشم؛ نەوەك جارێك شەرەفم لە دەست دەم؛ ببمە کەنیزە تا بە هەوەسی خۆتان هەراجم کەن و بمفرۆشن. بیتەقێنە و تفووو لەخۆت و لە پیاوەتیت؛ کە چەك بە رووی ئافرەت بەرزدەکەیتەوە هەی لە مێگر کەمتر.

بە راستی دیمەنێکی نامۆیە، وادیارە ئەم نامەردە لە ئاستی چاونەترسی و بێباکی دایکم، دەست لەسەر پلاپیتکە رەقبووە.

تاااااااااااااااااااااق تاق تاااااااااااق چەکدارە نامەردەکەی دیکە، حەفتاو پێنچیەکەی لێ بەتاڵ کرد. لاشە پیرۆزەکەی کەوتە سەر زەوی.

- وای دایکە.... وای دایێ .

زۆر گریام و زۆر هاوارمکرد. خۆم پچکڕیەوە و فڕێدایە سەر تەرمە خوێناوییەکەی.

وا بە چاوی پڕ لەگریان؛ سەیرێکی لاشە خوێناوییەکەی دەکەم. دوای لە دەستدانی دوا نەوام؛ وەك دار بییەکەی بەر گەردەلوول لە ترسان دەلەرزم.

سەیرە، باوەڕکەن کاتی دووچاوە کراوەکەم بینی؛ ئەوەی ئازایەتی لێ

دەتکێ؛ هەڵوەستەیەکم کرد. خەندەیەك لەسەر لێوانییەتی، کە لێوانلێوە لە ئارامی و ئاسوودەیی. دەزانن، هەست بە شتێکی نامۆ دەکەم. هەستدەکەم هەموو ئازایەتی، خۆراگری و دانایی لە نێو دەمی دەردێت؛ بە ئاسمان پێچ دەخوات و... ئح ئحح وا هەڵدەفرێتە ناو دەمی کراوەم. بۆ هەستدەکەم کەسێکی دیکەم؟ چاوەکانم بە فراوانی کرانەوە. دڵە لەرزیوەکەم ئۆقرەی گرت. دەست و پەنجەکانم بەهێزتر بوون. هاااا وا پەلاماری بکوژەکە دەدەم؛ تا چەکی دەستیان لێ بسێنم.... ئاااخ ئەو نامەردانە بە قۆنداغە کلاشینکۆفان؛ لە دواوە لەسەر و گوێلاکیان دام. هەزار ئەوەندەم لێدەن ناکەوم! سەیرم پێدێت چۆن ئەو لاشە ناسك و وردەم؛ بەرگەی ئەم هەموو لێدانە دەگریت؟

هەست دەکەم بە هەمووان لێمدەدەن، وا لە تەك لاشەی دایکم کەوتووم. سەرم لەسەر زەوییە و سەیری دوو چاوە کراوەکەی دەکەم. خرر...خرررر وا بە راکێشان دەمبەنە نێو ئۆتۆمۆبیلەکە.

- سوپاس دایە گیان...من ئێستا شەریهانی بچکۆلە نیم، من گوڵێ نەمرم و پەیمانت پێدەدەم کە دێمەوە... دێمەوە دایە گیان؛ هەی گوڵی ئێزیدخانێ...

# (52)

# ئاسکی باسك خوێناوی

- دەبێ ئەوە راستی بێت یان خەو؟ هاوارە خودێ... فریام کەوە و لە دەست ئەم رۆژگارە سەختەم دەربازکە.

دەزانن، بەر لە سێ هەفتە؛ ئاوا لە گەرماوی ماڵەوە خۆم دەشووشت؛ وەك خۆ ئامادەکارییەك بۆ جەژن. ئای دڵم چەندە خۆش بوو، خوشکەکانم لە پشت دەرگاوە پەلەیان لێدەکردم؛ تێیان رادەخوڕیم:

- کچی جەیلان ئاو تەواو نەکەی، ئێمەش ماوین!
- کێشەی خۆتانە، بۆ خۆتان دواخست! هههههه (پێکەنین)

بە پێکەنین وام وەڵام دەدانەوە، هەر یەکە لە جیهان و غالیە بە هاوارەوە لە دەرگایان دەدا.

ئێستا کاتی چاو بەو گەرماوە ساردە دەگێڕم، بێ ویست و هەست شێرەی ئاوەکە دەکەمەوە؛ رووداوەکانی حەڤدە رۆژی دوایيم دێتە بەرچاو. سەیرێکی ئەو جورمەی بەردەمم دەکەم، ئەوەی ئاوەکەی دەڕژێتە ناو، وەك ئاوێنەیەکم دێتە بەرچاو؛ کە سەرجەم تەلاتمەکانی یەك شەممە خوێناوییەکەی؛ لە میانەیەوە دەبینم.

مامم ئەحمەد ناحەقی نەبوو، کاتی لە بەیانییەوە بە مۆبایل پەلەی لێدەکردین. ئەو بە مێگەڵەکەی لە قەراج بە پێشمان کەوتبوو؛ کاتی داعش هات و ئێمەی دەستگیر کرد. نازانم ئەم هەموو رووداوە چۆن وا بە خێرایی روویدا. ئێمە دوو ئۆتۆمۆبیل بووین، کەچی ئەوان پازدە پیکەپی هایلۆکسی بەرزبوون. بۆنی سەگیان لێدەهات و بەدکاری لە چاوانیان دەباری. ئێمەیان هەموو هێنایە خوارەوە. باوك، برا و مامەکانمیان لەسەر چۆك رێز کرد. دواتر

بێ یەك و دوو و لەبەر دەم ئێمە؛ ئاگریان لە چەکەکانیان بەردار؛ زۆر نامەردانە لە دواوە شەهیدیان کردن. قیژە و فیزاعمان گەیشتە کەشکەلانی فەلەك، بەڵام نە ئەرز و نە ئاسمان هیچیان بۆ نەکردین. ئێمەیان سواری ئۆتۆمۆبیلەکان کرد، هەرچەندە مامم لە دوورەوە تەقەی لێکردن. بەڵام رووبەڕووی دەیەها چەك بوویەوە؛ کە زۆر بە خەستی تەقەیان لێکرد، ماوەیەك ئەم رووبەڕووبونەوە بەردەوام بوو؛ ئێستاش نازانم چی لێ بەسەر هات. بەڕاستی... ئێستا بیرم کەوتەووە؛ لەو کاتەوە نایفی بچووکی ئامۆزام نەبینیووە؛ هیوادارم سەلامەت بێت!

ئەوە چییە؟ هەست دەکەم ئاوەکە لە نێو جورمەکە هەڵدەقوڵێ و رەنگی سووربووە، خوێنی باوك، سێ مام و سێ براکەمی لێ دێت!

هیچ هەستم نەماوە، هەست دەکەم دونیا چاکەی تیا نەماوە؛ هەموو شتێك بەتاڵ و بێبەهایە. مرۆڤایەتی وەك دارێکی گەندەڵ وایە؛ کە بە دەست ئەم بوونەوەرە پیسانە؛ بنکۆڵ و هووڵۆڵ کراوە؛ ها دیتت کەوتە خوارەوە. هەست دەکەم لە بۆشاییەکی گەورە دەژیم. دونیا هەمووی بە وێنەی ئەم کاشیانە ئەرزی حەمامەکە؛ هەموو یەك شێواز و ستایلە؛ لە کۆتاییدا هەر خراپە، کوشتن و توندوتیژی سەردەکەوێت. هەموو مرۆڤەکان خراپن؛ هەمووی کۆپی یەکترن و هیچ جیاوازییەکیان نییە. باشەکان لە ژێرخاکن و خراپەکانیش زەوییان داگیرکردووە.

حەڤدە رۆژە بە گریانەوە دوعاو نزا دەکەم؛ و هیچ سوودی نییە. شەوان تا بەیانی ئەشك دەبارێنم؛ دەپاڕێمەوە؛ بە رۆژوو دەبم... هیچ روونادات.

- دەبێ ئاسمان ئاگای لە ئێمە بێت، کە لێرە لەسەر زەوی؛ وا خەریکە هەموو شتێك لە دەست دەدەین؟ باشە گەر ئاگادار بێت؛ بۆ هیچمان بۆ ناکات؟ دەکرێ ئەم گورگە نا مرۆڤانە راست بکەن و نوێنەری ئاسمان بن؟ بۆ ئاسمان جەنگڵستانە تا گورگی هار نوێنەرایەتی بکات؟ نەخێر... نەخێر. ئەی باشە بۆ کەس لەسەرمان نایەتە وەڵام؟

کاتێ دەست لە ئاوەکە دەدەم و دەجوولێ؛ هەست دەکەم دونیا هەمووی وەستاوە و تەنها ئەم ئاوە، تەکانی هەیە!

- ئاو... شلەیەکی بێتام، بێڕەنگ و بێبۆن. ڕێك وەك ئەو ژیانە بێ مانایە... کاتێ قەبارەی کەمە؛ وەك کۆیلەیەکی زەلیل بە دەست مرۆڤ داکاساوە. لە چی دابنرێت شێوازی وەردەگرێت. بەڵام کاتی قەبارەی گەورە دەبێت؛ شەپۆڵ دەدات و رووبار؛ دەریا و ئۆقیانۆس پێك دێنێت. ئەوکات سەرکێشەکی یاخی دەبێت. ڕێك وەك ئەم گرووپە توندڕەوانە! کاتی بێهێز و بچووکن؛ مرۆڤ دۆست، کۆتری ئاشتی و نیشتیمان پەروەری عیار بیست و چوارن. بەڵام هەر کات دەستەڵاتیان وەرگرت؛ دەبنە دڕندە و زەوی نغرۆی جەهالەت و خوێن دەکەن!

ئاخ دونیا، چەندە سپڵەو نا ئارامی. ئەمساڵە پۆلی یازدەبووم. هەمووان چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکردم؛ کە لە پۆلی دوازدە کۆنمرەی نۆهەد و نۆ بێنم؛ هاوشێوەی ڕێزانی کاکم لەسەر پارێزگاری موسل بە یەکەم دەرچم؛ بچمە کۆلێژی پزیشکی... ئاخر نۆهەد و نۆ لە وڵاتی سفری داعشستان چ سوودێکی هەیە؟ مەگەر ئەو ژیرە زیرەکەی برام؛ بە دەست چەند شوان و گاوانێکی عەرەبی پێ پەتی نەکوژرا؟ بیرمە لەو کاتەی ئەحمەدی مامم؛ لە دوورەوە زەنگی مۆبایلی ڕێزانی لێدا. ئەو مۆبایلەی کەوتە دەست داعشێکی سەیانی نەعل لەپێی بێسەواد. هەڵیگرت و بیستم مامم پێی دەگوت:

- بۆ خاترێ خودێ و پەیامبەر؛ بەزەییتان بەم خانەوادانە بێتەوە. براکانم خەڵکی ئاساییین. یەکێکیان ئەندازیار و ئەوانی دیکە کاسبن؛ برازاکانیشم قوتابی کۆلیژی پزیشکین... بە سەری ئازیزتان و لۆ خاتری خودێ، ئازاریان مەدەن.
- دەوەڵا هەموویان دەکوژین. دەوڵەتی خیلافە هیچ پێویستی بە خزمەتیان نییە؛ هەی کافر!
- باشە بۆ دەیانکوژن؟ (مامم گوتی) چ سوودێك لە کوشتنیان دەبینن؟

- دەبی زەوی لە کافران پاك بکەینەوە، تۆ ئەگەر پیاوی دێیە ئێرە و ڕزگاریان دەکەی. بزانە یەك شتی دیکە!(ئەم قسانەی بە دەنگێکی گڕ دەکرد؛ هاوشێوەی موەلیدەیەکی سیکراب وابوو) ئێوەش هەموو دەکوژین، سنجار عەرەبییە و هەر بە عەرەبی دەمینێتەوە، خۆری کوردان ئاوابوو؛ نابێ کافر و هەڵگەڕاوەی تیا بمینێت.

خوای گەورە؛ گەر ئێزدی بوون ئەوەندە ناخۆشە؛ ئێزدی مافی ژیانی نییە؛ بۆ ئێمەت دروست کرد؟ تا عەرەب بێن و فەرمانمان بکەن؟ پیاوەکانمان بکوژن و ئێمە هەراج بکەن؟ خۆ ناکرێ ئەوانت لە ئێمە خۆشتر بوێ؟ باشە گەر وانییە بۆ بەم کارەساتە رازی بووی؟ بۆ هیچت بۆ نەکردین؟ ئاخر ئێمە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆمان بووین؛ ئەوان دەست درێژییان کردینە سەر و غەزوویان کردین... ئەی کوا دادپەروەری و میهرت گەورە و گروەندەمان؟

خوای گەورە لێم مەگەرە، بەڵام کاتی چاو دەگێڕم؛ ئەو کراسە تەنکە سوورە دەبینم، ئەوەی دوای هێنانم بە زۆر بۆ ئەم گەرماوە؛ فڕێیان داوەتە ژوورەوە شێت دەبم. ئەو بەرازە نەقۆلایە... ئەبو عەبدوڵڵای بەعاجی؛ داوای لێکردم دوای خۆ شۆرین لەبەریکەم؛ چون ئەوشەو دەبمە بووکی ئەو!

- ئای خوایە، منێك کە خۆم لە هەموو شتێك پاراستووە، تا ئێستا یەك خراپەکارییم نەکردووە؛ تەنانەت لە داوەتیش لە دەستی کوڕێك شاییم نەکردووە؛ ئێستتا دەبی لێرە و لەم حەمامە ساردوسڕە؛ خۆم بۆ عەرەبێکی شەهوەتبازی ناوگەڵ پەرست بڕازێنمەوە؟

بەردەوام پرسیارێك لە خۆم دەکەم و دەڵێم: " دەبی ئەوانە مرۆڤ بن؟". بەتایبەتی کاتی دوا دیالۆگم لەگەڵیان بیردێتەوە. ئەو کاتەی هەردوو بێبەها ئەبو موسا و ئەبو عەبدوڵڵا هاتن. ئەوەم لەبیر چوو بیڵێم؛ بەر لەوان ئەمیرێك هات و ئێمە پازدە کچی دەستبژێر کرد، بۆ سەگ و سواڵەکانی خۆی. ئەبوموسا هات و بە هاتوهاوار تێڕاخوڕین، وەك ئەوەی ئەرکێکی ئایینی جێبەجێ بکات نەوەك تەرەسی؛ گوتی:

- هەر ئێستا هەمووتان بڕۆنە گەرماو، خۆتان خاوێن بکەنەوە؛ بۆ برا موجاهیدەکانمان برازێنەوە. ئەمشەو بە بووك دەچن! هههههه(لە قاقای پێکەنینیدا).

منێك کە ئازایەتی لە باوکم؛ سەرراستی و حەقبێژی لە دایکم فێربوومە، تێمراخوڕی:

- کێ ئەو دەستەڵاتەی پێداوی؛ بە هەوەسی خۆت بە شوومان بدەی؟ ها؟
- تۆ و دەستە خوشکەکانت سەبییەن، ئێوەمان لە جەنگ دەسکەوتووە و مولکی موجاهیدانن. ئەوجا بە هەوەسی خۆمان هەڵسووکەوتتان لەگەڵ دەکەین. چیمان بوێت ئەوە دەکەین. ئەسڵەن بۆ زانیاریت، هاوسەرگیریتان لەگەڵ ناکەین و لاقەتان دەکەین.
- کامە جەنگ؟ بڵێ غەزو، دەست درێژی، تالان و بڕۆ. ئێمە لەسەر ماڵ و حاڵی خۆمان بووین؛ کاتی ئێوە وەك مەغۆل بە شەو هێرشتان هێنا، هەموو شتێکتان کاولکرد. جا نازانم باس لە کامە جەنگ دەکەی؛ تا ئێمە ببینە سەبییە و کەنیزەی ئێوە؟
- ئێمە رۆژی سێی ئاب شەنگالمان فەتح کرد، لە دەست دێوپەرستانمان دەرهێنا. بەپێی یاسای جەنگ پیاوەکانمان کوشت و منداڵ، ئافرەتەکانمان سەبیکرد. ئەمە جگە لەو ئەنفال و دەسکەوتانەی، کەوتنە دەست سوپا شکۆدارەکەی خیلافەت.
- ئێوە کێن هااا؟ کۆمەڵە مرۆڤکوژێك کە نازانین لە کوێوە هاتوون. بە ناپاکی و لە ناکاو هێرشتان هێنا. من و تۆ هاوولاتی عێراقین؛ چ جیاوازییەکمان هەیە بۆ ئەوەی تۆ ئاغا و من کۆیلە بم؟ تەنها ئەوە نەبێت؛ تۆ عەرەبێکی موسوڵمان و من کوردێکی ئێزدیم.
- نەخێر... جیاوازییەکی زۆرمان هەیە، من موجاهیدێکم لە سوپای پیرۆزی دەوڵەتی خیلافەت؛ تۆش کافرێکی مێینەی؛ لە جەنگ

کەوتویتە دەستمان. بەم پێیەش تۆ سەبییەی!

- بەپێی کامە یاسا؟ کامە باو و نەریت؟
- بە پێی یاسای دەوڵەتی ئیسلامی... لەوەش زیاتر لەوچە مەکە. هەر ئێستا برۆ خۆت خاوێن بکەوە و ئەم جلە بپۆشە.
- ئەوە تۆی کە دڵ و مێشکت پێویستیان بە خاوێنکردنەوەیە. کە بە ریف و خەرافە داپۆشراوە؛ چون دەتەوێ بە پێی باو و نەریتەکانی بیابانی عەرەبی، بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵ دونیا بەڕێوەببەی... ناچم و هەر بەو جلانە دەمێنمەوە، ئەوەی باوکە کافرە شەهیدەکەم بۆی کڕیووم. ئەو لاشە پاکەم کە هێشتا بۆنی شیری دایك، باوەشی باوك، خۆشەویستی براکان و شەهامەتی مامەکانمی لێ دێت، بەو جلە رووتانەی ئێوە پیس ناکەم. من ناچمە گەرماو تا بە ئاوی پاك؛ خۆم بۆ مێشك گەنیوێك بشۆم . لەوەتەی هەین خاوێنین؛ ئێمە بە ئاوی پاکی کانی سپی پاك کراوین؛ بە ئاوی سازگاری زەمزەم تێراوبووین. هەموو چڵك و پیسی دونیا ئێمە نەگریس ناکات. من ناچم و تەواو!

کەچی هەر وازیان نەهێنا، دوای کاتژێرێك دووبارە ئەم کەمتیارە تەرەسە هاتەوە و گوتی:

- نۆرەی تۆیە جەیلان... بە ڕاست؛ عەفەرییەکان دەڵێن جەیلان ناوێکی تورکییە و بە واتای ئاسك دێت. بە راستی ئاسکێکی جوان، ناسك و خاوێن دیاری هههههە (پێکەنین)... لەگەڵ تۆمە جەیلان بورجس، چییە کەڕ بووی یان کەر بووی؟ بۆ ناچیتە گەرماو؟ دەتەوێ بەمشێوە ناجورە بچیتە باوەشی موجاهیدێك؟

راستە ناوم ئاسکە؛ کەچی لەو کاتەدا باوك و براکانم بیرهاتەوە؛ خۆم هاوشێوەی پڵنگێکی چنگ بە خوێن هاتە بەرچاو. هیچ لێی نەترسام و بە سەریا قیژاندم:

- من ناچمە گەرماو؛ هەرگیز نابمە بووکی یەکێك لە شێت و

شوارەکانتان؛ ئەم بیرۆکەیە لە مێشکت دەرکە. من بەو بیروباوەڕ و ئەم جلانەوە خاوێنم، پاکیزەم. ئەوە تۆی کە دەتەوێ جلی سوزانیان بپۆشم؛ خۆم بخەمە باوەشی بکوژانی باوك و براکانم. ئاژەڵێکی مێشك ئاودراو؛ بە ئەفسانە، باو و نەریتی بیابان. بیروباوەڕێکی بۆ گەن کە خۆی لە سێکوچکەی کوشتن، تالآن و شەهەوەت دەبینێتەوە. نەتبینی بێمە ژێر بار؛ رازی بم کەس پەنچەیەکم بۆ درێژبکات؛ تێگەیشتی؟

لەوکاتەدا لەندەهۆرێکی گەمژەی دیکە هات؛ بە ناوی ئەبو عەبدوڵڵا و پرسی:

- ئەم سەبییە بۆ هێشتا ئامادە نەبووە؟
- لەوچەیە و نایەوێ خۆی بشوات! (ئەبو موسا گوتی)
- تۆ سەبییە، هەر ئێستا بڕۆ گەرماوەکە؛ دەنا لێرە جەڵدەت دەکەم! (ئەمەی بە زەڕینێکی بەرز گوت)
- پێتانم گوت من کاڵا نیم، تا بە هەوەسی خۆتان بمکەنە دیاری یان بمبەخشن، ناچمە گەرماو و هەر بەم جلانە دەمێنمەوە!(ئەمەم بە هاوار گوت)
- بزانە جەیلان؛ ئێمە لە بەردەم خۆتان؛ باوك و براکانمان کوشتن، دەتوانین لێرە سەگ تۆپت بکەین. ئەوجا بە خۆشی و بە هێمنی بڕۆ خۆت بشۆ. چون ناکرێ بەم پیسی و ئەم جلە ناشایستانە بچیە نوێنی موجاهیدان.
- ئێوە بە نامەردی کەس و کاری ئێمەتان کوشت، بە نامەردیش دەتانەوێ شەرفمان بشکێنن؟ بۆ جاری هەزارمە دەڵێم نەخێر؛ فەرمانتان رەت دەکەمەوە.
- ئەوها؟ دەنا من دەبمە زاوات؛ هەر ئێستا دەچی خۆت دەشۆی و ئەم جلانە بۆ من لەبەر دەکەی. من حەزم بە ئەسپی جەموشە؛ ئەمشەو رامت دەکەم و دەیبینی!

ئێستاش لەبیرمە کاتی ئەمەی گوت؛ بە چاوەکانی ئەوەی شەهوەت، بەدکاری و تەرەسی لێ دەتکا؛ ئاوا سەیری دەکردم. تەماشاکردنێکی زۆر نامەردانە. هەستمکرد بە برژانگە تیژەکانی، هەموو جلەکانمی دڕاند و هەر بە چاو؛ خەریکە لاقەم دەکات!

- هەر ئێستا لێرە بمکوژە باشترە، چونکی ناچم. تۆ وادەزانی من لە مردن دەترسم؟ چیم ماوە لە دەستی بدەم؟ هەموو شتێك رۆیی... خاك، وڵات، خێزان، ماڵ و سامان. تەنها شەرەفم ماوە و ئامادەم بە گیان پارێزگاری لێ بکەم. بۆ لە مردن بترسم؟ مەگەر باوك، برا و مامەکانم لەبەر دەمم نەکوژران؟ سلیان نەکردەوە و یەك چرکە چاویان نەنووقاند. تەنانەت ئایینی خۆشیان نەگۆڕی و سازشیان نەکرد. دیمەنیان کاتی لە خوێن دەگەوزین؛ هەرگیز لە بەرچاوم لاناچی. تەنانەت لاشەکانیشتان ژێر خاك نەنا و بۆ سەگەکانتان جێهێشت. باوەڕبکەن سەگ لە ئێوە بە نمەکترە؛ چون ئەوان بە لەتە نانێك بە ئێمە نەدەحەپین؛ کەچی ئێوە سەدان ساڵە کریفن؛ نانی ئێمەتان خواردووە، لە کۆتاییشدا ئەم ستەمەتان لێکردین!
- دەزانی چییە سەبییە؟ زۆرت گوت!

ئەو ئەبو عەبدوڵڵا ناپیاوە، بە دەستە رەقەکانی کە دەڵێی گیرەیە؛ ملە ناسکەکەی گرتم و بەهەموو هێزی؛ سەری لە دیوار دام. سەرم گێژبوو و لەسەر زەوی کەوتم، کەچی وازی نەهێنا، لە پرچەوە رایکێشام و فرێیدامە ئەم گەرماوە؛ جلەکانی فڕێدایە سەر دەمووچاوم و رۆیشتە دەرەوە.

خوای گەورە لێم ببورە، دەزانم خۆ کوشتن تاوانە، بەڵام خۆ بە دەستەوەدان و بە لاقە رازیبوون تاوانێکی گەورەترە. لێم مەگرە. تۆ کە هیچ یارمەتیت نەدام؛ تا لە دەستیان رزگار بم. هێزم بدێ تا بتوانم ئەوەی لە مێشکمە ئەنجامی بدەم. ئاگاداری دایك، خوشك و براکانم بە، بە سەری خۆت؛ کە

منت نەپاراست ئەوان بپارێزە. لێم مەگرە؛ من تۆم زۆر خۆش دەوێ؛ شەرم دەکەم بە دەستی خۆم؛ خۆم بۆ لاقەکردن خاوێن بکەمەوە؛ تا بکوژێك بێت و بە ناوی پیرۆزی تۆ، پاکیزەییم نەهێڵێ.

چاك دەزانم دوای مردنم؛ لاشەم وەك خێزانەکەم فڕێدەدەرێتە بەردەم سەگان. رازیم هەزارجار سەگ جەستەم بخوات؛ گۆشت و ئێسقانم نۆش بکات، نەوەك داعشێکی لە سەگ کەمتر؛ چێژ لە لاشەم ببینی! سەد جار دەچمە گەدەی گلاوی سەگێك؛ یەك جار ناچمە ژێر داعشێکی گلاو.

دایە، بابە. خوشك و براکانم؛ زۆرم ئێوە خۆش دەوێت. ئەم موسەی دانراوە بۆ خاوێنکردنەوە، دەیکەم بە کەوانی کەمانجە و لە میانی خشاندنی بە مەچەکم؛ سیمفۆنیای ئازادی دەچڕم و بە ئێوە دەگەم. ئەفسوس؛ منێك کە دەمویست ببم بە پزیشك؛ تا برین و کۆڤانی خەڵك چارەسەر بکەم، ژیانی خەڵك رزگار بکەم. ئەوەتا یەکەم نەشتەرگەری لەسەر لاشەی خۆم ئەنجام دەدەم؛ تا ئەم گیانە لە میانەی ئەم برینەوە بێتەدەر؛ بەرەو ئاسمان بفڕی و رزگاری بێت...

- هاوارە خودێ و تاووسی مەلەك.... واااای!

## (53)

# بازاڕی عوکاز

گلەییم هەیە لەو ناوە، ناڕازیم لە شوێنم لەم چیرۆکە. ڕاستە من یەکێك بوومە لە بازاڕەکانی عەرەب بەر لە ئیسلام. لەو چاخەی پێیان دەگوت نەفامی و جەهالەت. لە میانی خیوەتە هەڵدراو و دوکانە بچووکەکان؛ سەودا بە هەموو شتێك دەکرا. هەر لە مشتێك گەنم و نیسك تا دەگاتە مانگا، حوشتر و مرۆڤ! بەڵێ مرۆڤ. بەڵام لەبیرمەکەن کە لە سوچێکی بازاڕەکەم؛ گەورە هۆزانڤانانی عەرەب دادەنیشتن، لە ڕێگەی هەڵبەستی ناسك، وشەی ڕازاوە و هەستی بەجۆش؛ جوانترین هۆزان و شاکارەکانیان دەخستەڕوو. ئەوە لە کاتێك بوو، کە بەهاکانی سوارچاکی باوبوو. وەلی ئەوەی لێرە نووسەر باسی لێوەدەکات، بازاڕێکی تەواو جیاوازە. زیاتر بەو کۆیلەبازاڕانە دەچێت؛ ئەوەی ئەمریکا بە ڕەش پێستەکانی دەکرد. بازاڕێك کە هیچ بەهاکانی مرۆڤایەتی تێدانییە. تەنیا سەودا بە ئافرەت، کچی عازەب و منداڵ دەکرێت.

ئەلێرە کچێکی نۆ ساڵە شاباش دەکرێتە ئەمیرێکی جەزراوی، ئەوەی لە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە؛ بە نێوی ئایین دەیەوێ هەوەسی دامرکێنیتەوە. لێرە ئافرەتێکی خانەدان خۆی و سێ منداڵەکەی؛ وەك مانگایەکی شیردەر بە بچووکەکانیەوە سەودایان لەسەر دەکرێت؛ بە یەك بیکەیسی و ڕەختێك گوللە دەگۆڕدرێت! لەوێ ژنە خانەدانێك کە باوکی سەرۆك هۆزبووە؛ بەرامبەر بە دەمانچەیەکی تۆکاریف دەدرێت بە هەتیوێك؛ باوکی دیار نییە و دایکی لە سوچەکانی دوشەنبە لاشەفرۆش بووە. ئەوە کچێکی چاو مەستی پاکیزەیە؛

بەرامبەر بە سەد هەزار دیناری عیراقی دەدرێتە چەردێکی سۆماڵی سەربڕ. ئەویش هەر شەوەو؛ بە دیاری دەیبەخشێتە برادەرێکی لە خۆی بێبەهاتر!

بەهەرحاڵ، بە باشی دەزانم ناوم بکرێتە (بازاری سەبایا) چون ئەوان وایان ناو نابووم. ببورن کە ئەم قسە جەرگبڕانە دەکەم؛ بەڵام هەوڵدەدەم تەواوی وێنەکە بگەینم.

سەبییەکان بە ئۆتۆمۆبێلی گەورە (مونشەئە)؛ لە هەموو ناوچەکانی خیلافەت؛ راپێچی شاری تەدمور دەکران. لەوێ لە ڤیلایەکی گەورە دادەنران. ئێواران دەبردرانە هۆڵەکەی ژێر زەوی؛ تاوەکو هاشێوەی کاڵا نمایش بکرێن. هۆڵێکی گەورەی شێوە بازنەیی؛ کە لێوانلێو بوو لە داعش، ئەوانەی لەسەر کورسی تایبەت دادەنیشتن بۆ سەیرکردنی نمایشەکە!

سەرەتا ئافرەتەکان دەبرانە ژوورێکی بچووك؛ لە سوچێکی هۆڵەکە، دواتر و لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکان؛ دەبووایە کەسەکە بە سەری کۆت و پرچی کراوە و بێ چاکێت؛ بێتە دەرەوە؛ بەنێو ئەم هەموو کەمتیارە گوزەر بکات. ئەوانەی هەموو لاشەیان ببو بە چاو، تەنیا بە چاوی زەکەریان لەم ئافرەتە بەستەزمانانەیان دەڕوانی. لەگەڵ خوێندنەوەی ناوەکان؛ بێژەرە تەرەسەکە؛ ئاکار، تەمەن و تایبەتمەندییەکانی پاکیزەکە(یان ژمارەی منداڵەکانی) دەگوت. لەو کاتەدا هەراج دەستی پێدەکرد؛ هەرکەس بیخواستبا؛ بە گوێرەی دڵی خۆی نرخی بۆ دادەنا. خۆ ئەگەر ئافرەتەکە جوان و بچووك بوایە، بازاڕ گەرم دەبوو، هەر کەسە نرخێکی دەگوت و لەسەر یەکیان زیاد دەکرد. دواتر ئەوەی بەری کەوتبا؛ دەبوایە کرێی شوێنەکەشی بدابایە خاوەن هۆڵەکە!

ئەم هۆڵانە لە زیاتر لە شارێك بوونیان هەبوو؛ لە حەلەب و دێرلزوریش هەبوون. ئەوەی دێرلزور شتێکی دیکە بوو؛ باوەڕدەکەن یان نا؛ لەوێ مەسەلەکە ئاشکرابوو. کڕین و فرۆشتن راستەوخۆ دەکرا؛ هەموو کەسێك بۆی هەبوو بەشدار بێت، وەك تەدمور تایبەت نەبوو. لە دێرلزور سی داعش و بە پاڵپشتی دەوڵەتی خیلافەت؛ بازارێکی کراوەیان درووستکردبوو. سەبییەکان

دەبرانە ئەوێ و لە ناوەڕاستی بازاڕەکە بازنەیەك هەبوو؛ کە بە داعش دەورە درابوو. ژنێکی داعشی ناوی سەبییەکانی دەخوێندەوە؛ دەبوایە ئەو بەستەزمانە بەسەری کۆت و قژی کراوە؛ بچێتە ناوەڕاستی بازنەکە تا هەمووان ببیبنن، دواتر بە لێواری بازنەکە بخولێتەوە؛ تا کڕیارەکان لە نزیکترەوە ببیبنن. هاوکات ناو، تەمەن، ئاکار و ڕێژەی ئەزبەرکردنی قورئان دەخوێندرایەوە. ئەوسا زۆرکڕی دەستی پێدەکرد. کاتی نرخەکە لەسەر یەکێك جێگیر دەبوو، دەبوایە سەبییەکە لەگەڵ کڕیار بڕوات. ئەگەر ڕەتی کردبایەوە؛ بە قامچی پشتیان لەتلەت دەکرد. جێگای ئاماژەیە کە کڕیارەکانی ئەم بازاڕە؛ خەڵکی ئاسایی بوون. زۆربەیان نەداری نەعل لەپێ و گیچ لە باخەڵ بوون... واتا ئەمەیان هەرزان بازاڕبوو!

لە تەلەعفەر بازاڕەکە شێوازی جیاوازتر بوو. بازاری دەستی دوو بوو! تەنها هی ژنان! وەك بازاری شتی بە تەمەن و بەکارهێنراو. ئەمانە جوانییان مام ناوەندی بوو. لەوێ ڕۆژانە و بە درێژایی مانگێك، ئەم بەستەزمانانە نمایش دەکران. خەڵك بۆ بینین و کڕین دەهاتن. تەنانەت پیر و پەککەوتەش بە عارەبانەکانیان دەهاتن؛ سەیر لەوەدابوو؛ ئەو پەککەوتە لەخوانەترسانە؛ بە هەموو جوانێك رازی نەدەبوون! هەرچەندە پێویستیان بە یەکێك هەبوو خزمەتیان بکات؛ پاشەڵە ڕەشەکانیان خاوێن بکاتەوە. کەچی بەهۆی ئەم هەموو قسەی لەسەر جوانی ئێزدییەکان دەکرا، خوازیاربوون شاجوانێك بکەنە کەنیزە و بەهەموو کەسێك رازی نەبوون... بۆ وا ناکەن؟ مەگەر نەهاتوونەتە بازاڕی دەستی دوو؟ بۆ واناکەن مادامەکی هەرزان و بەردەستە!

بوەستن بوەستن... دەزانن چییە؟ تا من و هاوشێوەکانم نەهاتین؛ شێوازە کۆنەکە لە فرۆشتن بەردەوامبوو، ببورن کە لە خۆمەوە قسە دەکەم، بەڵام وابزانم کاتم هاتووە قسەبکەم. من خالید چاوشینم، ناسراو بە خالید ئوستوڕالی. چی چی؟ پێم خۆشە وادەڵێن... بەڵێ من بازرگانی کەنیزەکانم. چی تێدایە؟ ئەوە کارێکی حەڵاڵە و بۆ خزمەتکردنی دەوڵەتی ئیسلامی

دەیکەم... بۆ تێرکردنی حەزی موجاهیدانمان!

برادەرایەتیم لەگەڵ ئەمیری بەندیخانە رەقە؛ شێخ ئەبو محەمەدی عێراقی هەبوو، بە بەردەوامی دەچوومە لای. بە نێو قاوشەکان دەگەڕام؛ هەر کچێکی جوانی مام ناوەندی، یان سەرنج راکێش بووایە و کەس نەیکڕیبا؛ یانیش راکردوو و بێ خاوەن بووایە؛ بە نرخێکی هەرزانم دەکڕین و دەمبردنەوە ماڵ. دوای رێکخستن و رازاندنەوە، وێنەیانم بە ئایفۆنەکەم دەگرت و خەزن دەکرد. بەینی خۆمان بیت وێنەی جوانم دەگرتن. تەمەن، باڵا و کێشم دەگۆڕین، بە نرخی گرانترم لە ڤایبەر و واتس ئاب نمایش دەکردن و دەفرۆشت. بۆ نمونە؛ سەبییەکی دەستی دووم؛ بە چل هەزار دیناری عێراقی لە بەندیخانە دەکڕییەوە. دوای رێکخستن، رازاندنەوە و پۆشتە کردن، بە هەزارەها دۆلارم دەفرۆشتەوە!

بەردەوام لە ماڵەوە شەش تا حەوت سەبییەم هەبوو. چی چی؟ شەرم لە خۆم بکەم؟ نەخێر؛ من بازرگانێکی بەڕێزم و لە من خراپتر هەیە... بەڵێ؛ ئەو سعودییە تەرەسەی؛ کە تەنها سەبییەی جوانی دەکڕی و شەوانە بە سەد دۆلاری بە کرێی دەدان! پێتان دەڵێم من بازرگان بوومە نەوەك تەرەس! هەر من نیم. دواتر چەندین کەس لاساییانکردمەوە، مسرییەکی بێبەها فێربووبوو؛ سەبییەی دەکڕی؛ لە ماڵەوە بە ژنەکەی دەیرازاندنەوە؛ جلی سەرنج راکێشی لەبەر دەکردن. دواتر وێنەکانی لەسەر تۆڕی ئینترنێت نمایش دەکردن؛ نرخی لەسەر دادەنان!

دوایی دەمەوێ شتێك بڵێم؛ ئێوە بۆ وا بە هەستیاری سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن؟ مەگەر حەڵاڵ نییە؟ ئەوانە مولکی ئێمەن. وەك کاڵاو کەلوپەل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەین. کاتی شەهیدیش دەبن!( من نااا؛ ئەوان، چون تەنها بازرگانی دەکەم و هەقم بەسەر جەنگەوە نییە) وەك میرات بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێنەوە. مەسەلەکە ئەوهایە برالە!

چی چی؟ خراپ بەکارهێنان؟ مەقسەدتان چییە؟ کاتێ من سەبییەك بە

پارە دەکرم؛ ئەوا دەبێتە هی من و کێشەی خۆمە چۆنی بەکار دێنم. بەڵێ ؛ ئەوە دەستووری دەوڵەتەکەمانە؛ کەی رووخاندتان ئەوکات مافی قسەکردنتان هەیە. ئەوکات ئازابن و ئازادیان بکەن. ئەوە ئەگەر هیچ کامتان دۆزییەوە! هههه (پێکەنین)...ببورن کاتی کارکردنە؛ مۆبایلێکم بۆهات و سەودا لەسەر سەبییەك دەکەن.

سەلامون عەلەیکوم؛ سەرەتا پێمباشە خۆمتان پێ بناسێنم. من ئەبو سەیافی ئەمیری داعشم. هاورێی خەلیفە و ئەندامی رەکائزی دەوڵەتی ئیسلامی. نازانم کێ ناوی ئەو بەشەی داناوە، بەڵام هاورام لەگەڵی. جاران لەکاتی جەهالەت و لەپێناو راکێشانی خەڵك؛ بۆ بازاری عوکاز، چەند خیوەتێك بۆ شاعیران دادەنرا، کە سەرجەم خەرجییەکەی لەسەر خاوەن بازارەکە بوو. ئەمەش لە پێناوی راکێشانی ئەو کەسانەی کە هیچ پەیوەست نین بە بازرگانی. بێگوومان ئەمانەش بیانوستبایە یان نەخێر؛ ئەوا لە کۆتاییدا شتیان لە بازارەکە دەکری. خو هەر هیچ نەبا؛ لەم چەند رۆژە نان و ئاویان لەوێ بە پارە دەخوارد.

ئەوەتا ئێمەش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر؛ لە هۆکارێك بۆ راکێشانی گەنجان بۆ نێو خۆمان، خەفەکردنی حەزی خێلە عەرەبە سوننەکان. باسمان لە زۆر شت کرد. لە سندوقی ژەنگاوی دەیان عەتتار گەراین، دەیان کتێبی لاپەرە زەردی بەلاخراومان کردەوە؛ ئەوەی تەونی جاڵجاڵۆکە و تۆزی سەد ساڵەی لەسەر نیشتبوو. بە دوای هۆکارێك وێڵبووین؛ کە پاڵ بە گەنجان بدات بێنە ریزەکانمان؛ سەرباری ئەو کوشتارە زۆر و ئەم هەموو دوژمنانە!

ئەوەبوو لەو هۆکارانە گەراین، ئەوەی پاڵی بە خێلە رێگر و غەزوکاری عەرەبەکان نا بێنە نێو ئیسلام. ئەوانەی کە هیچ لە بیرو باوەرەکانیان نەدەزانی و نەگەیشتبووە دڵ و مێشکیان، هەر ئەوان بوون دواتر بوونە سەرچاوەی فتنە؛ رەگی درووستبوونی خەواریج. لە کۆتاییدا بۆمان دەرکەوت؛ کە شەهوەت، تاڵان و کوشتن سێکووچکەی ئەم شتەن. بۆیە ویستمان بەرگێکی

نوێی بۆ دادڕین؛ بە فەتوا و حەدیس پەردەپۆشی کەین. دواتر لە شوێنێك گەڕاین کە ئەم تالآن و بڕۆیەی لەسەر جێبەجێکەین. ڕاستییەکەی و لە ترسی ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی؛ نەوێراین تخونی کریستیانەکان بکەوین. بۆیە بە دوای کەمینەیەکی بێ پشتوپەنا گەڕاین. ئەوەبوو هەموو ڕێگاکان بەرەو سنجاریان دەبردین! ئەوان بە ئایین ئێزدیین واتا دێوپەرست. بە نەتەوەش کوردن واتا هەڵگەڕاوە؛ کەواتە هەموو وڵاتانی دراوسێ ڕقیان لێیانەو کەس لەسەریان نایەتە وەڵام. جگە لەمەش خاوەن سامانن و کچەکانیشیان جوانن! سەربار؛ خێڵە عەرەبەکانی ناوچەکە پەرۆشی ئەوەن ماڵ و حاڵیان بە تالآن ببەن؛ ناوچەکەش بە عەرەب بکەن! نەخێر... وامەزانن ئەم پیلانە زادەی شەوێکی تاریك بووە. نەخێر؛ مەسەلەکە شەوی شەشی شەوالی هەزار و چوار سەد و سیوپێنچی کۆچی دەستی پێنەکرد. بەڵکو دوا بەدوای فەتحی موسڵ، لە یازدەی شەعبانەوە کارمان بۆی دەکرد. ئەوەبوو هۆڵە گەورەکانی موسڵمان بۆ ئەم شتە ئامادەکرد. جگە لەمە کەشتیگەڵێك؛ لە ئۆتۆمۆبیلی نەفەر هەڵگر؛ ئەوەی پێی دەڵێن مونشەئەی حاجیان؛ بۆ ئەم پرۆسەیە تەرخانکرد. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە؛ هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد؛ ئەم گەلە ئەوەندە ئازا و خۆڕاگربێت. ئاخر ژنەکانیان دەڵێی ماشێرن و زۆر بە شەرەفن. پیاوەکانیشیان جەنگاوەری سەرسەختی بە جەرگن. خۆزگە لە ڕیزی ئێمە دەبوون ئەم جوامێرانە! هەربۆیە وێستمان سکدانی ئافرەتەکان بکەینە کارگەیەك؛ بۆ بەرهەمهێنانی سەربازی نوێی بە جەرگ بۆ خیلافەت... چی؟ بەڵێ بە هەمان پلانە ژیرانەکەی جەنگیزخان؛ لەگەڵ گەلە ژێردەستەکان! ئەگەر پیاوە ئازاکان کوژران؛ ئەوە ئەو سکدانەی ئەوانی هێنایە بەرهەم؛ بەکار دێنین بۆ بە هێزکردنی سوپای خیلافەت!

بەهەرحاڵ؛ ویستم ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەم، ئاخر نەدەکرا ئەم گەنجە موجاهیدانە؛ هەر بە بیرۆکەی بەهەشت و حەفتاو دوو حۆری ئاسمان

رابگیرێن. ئەوان پێویستیان بە حوری هەبوو لەسەر زەوی؛ تا بۆمان بجەنگن. خۆی راستە لە هەندێ شوێن؛ بە تایبەت لە لایەن کۆچبەرانەوە کاری نەشیاو کراوە. بەڵام هیچ شتێك بارتەقای جیهاد نییە؛ موجاهید بۆی هەیە هەموو شتێك بکات. دوایی ئێمە وەك کاڵاو شتومەك سەیری سەبایا دەکەین، نەوەك مرۆڤ! تەنانەت مرۆڤیش قیمەتی بە باوەڕەوەیە! هەر کەسێك موسوڵمان نەبێت؛ بەهای مێشوولەیەکی نییە لای ئێمە! ئەوجا موجاهید چی لە سەبییەی خۆی دەکات ئاساییە. دەیکوژێ، لێی دەدا، بە دیاری دەیبەخشێ، بەکرێی دەدا... دەیخوا؛ ئەوا هیچ گلەیی لێ ناکرێت! تەنانەت لە سێکسدا؛ چۆنی هەڵسووکەوت لەگەڵ دەکا؛ چی لێ دەکا؛ لە کوێی دەکا و لە چ کاتێك دەیکا؛ ئەوا هیچ گوناهی لەسەر نییە. لە پێش، لە پاش، لە تەنیشت و لە ناوەراست؛ تەنانەت لەکاتی بێ نوێژیش هەر ئاساییە... هیچ مەڵێن چون ئێمەش راستییەکان دەزانین؛ بەڵام وانەبا چۆن ئەو پیاوکوژە هەوەسبازانەمان؛ رادەگرت؟

چی؟ من؟ نەخێر، من تەنها سەبییەکی ئەمریکیم هەیە، تا پۆتی ئەمریکای پێ بشکێنم، دەنا نەسرینی خێزانم دەڵێی ئاسکە؛ قژی زەردی زێڕینی بە هەموو دونیا نادەم. ئەوە جگە لەوەی دەڵێی شێرە لە رووبەڕووبوونەوەدا. هیوادارم ناوی خێزانم بسڕنەوە؛ چون عەورتە و نابێ کەسی بیانی بیخوێنیتەوە؛ لە خۆشەویستیان وامگوت. خۆ ئەگەر بزانم ناوەکەی ناسترنەوە؛ لە هەرکوێی بن دێم و بە شمشێری دەستم؛ سەرتان پەل دەدەم... وەقەد ئەعزەرە مەن ئەنزەر!

# (54)

## بیری عەلۆ عەنتەر

مـن بێتـاوانم... زۆریـش بێتـاوان. مـن بیرێکـی گـەورەی بـی ئـاوم؛ نـەوەك گۆڕسـتانی بێبـاوەڕان. نـەخێر؛ بیرێکـی ئاسـایی بـووم لـە نێـوان تەلەعفـەر و عەیازییە؛ تا ئەم دڕندانە هاتن.

هەرچەنـدە زۆر قـوڵم و نـاخم بـە هـەناوی زەوی نووسـاوە؛ بـەڵام زۆر ئاسـودەبووم؛ خـەڵك دەهاتنـە دیـارم بـۆ سـەیرکردنی ئـەو سـەدان کـۆترەی؛ هێلانەیان لـە نـاخم کـردووە و نازناویـان کردبوومـە(بیری کۆترەکـان). هەرچەندە وەك هـەر بیرێکـی دیکـە و لـەماوەی تەمەنـە درێژەکـەم؛ چەنـد نهێنییـەکی بچووکم هەبووە. کە لە ژێر تاریکی شەو؛ و لەبەر هۆکارێکی جیاواز؛ چەند کەسێك بە نەزانی یان دەست بەستراوی کەوتوونەتـە نێـو هـەناوم. بەلام ئەوەندە بایەخدار نـەبووە لام؛ چـون ئـەم ڕووداوانـە لـە ژیـانی هـەر بیـر و چاڵێك هـەن. بۆیە گوێکانم دەگرت و ئەوەندە گرنگیم بـە ئـاهو ناڵـەیان نـەدەدا. بۆ؟ چون خۆم بە گەدەی زەوی دەزانی و توانای هەرسکردنی هەموو شتێکم هەبووە... وام بیردەکردەوە تا ڕۆژە ناخۆشەکە هات!

ڕۆژی بیست و شەشی نیسانی دوو هـەزار و پـازدە. ئـەو ڕێکەوتـەی قـەد لـەیاد نـاکرێ. لـەو ڕۆژەدا داعـش بـە ئۆتۆمـۆبیلی نەفـەر هـەڵگر؛ نزیکـەی پێنچسـەد کەسـی هێنـا لێوارەکـانم، باوەڕبکـەن بـە بینیـان هاتمـە لـەرزین. چـون زۆر پـاك و بێگـەرد دیـاربوون. پیـاوی هێمن، گـەنجی ئـازا، تەنانـەت کۆمەڵـە مێردمنداڵێکیان لەگەڵ بوو. پیاوەکانیـان لـە لێـوارم ریزکـرد، بـە بینینـی لێـوارە خوێناویەکەم زانیان بۆ کوشتن هێنراون؛ لەگەڵ بکوژەکان کەوتنە گفتوگۆ:

- بـۆ ئێمـەتان هێناوەتـە ئێـرە؟ ئێـوە لـە گـەڕەکی خـەزرای تەلەعفـەر بـە

ئێمەتان گوت؛ موحازەرەیەکی گرنگتان پێ دەدەین. کەچی وادیارە موحازەرەیەکە لەسەر درۆ، ناپاکی و ستەمکارییە... ئەوەتا ئێمەتان هێناوە بۆ کوشتن؟ (پیاوێکی بە تەمەن وایگوت)

- نەخێر موحازەرەکە لەسەر کوشتنی بێباوەڕ و هەڵگەڕاوانە! (ئەمیرەکەی داعش)
- بێباوەڕ و هەڵگەڕاوە؟ ئەی ئێمە لە بەردەم ئێوە نەبووینە موسوڵمان؟ ئەی ڕۆژانە لە مزگەوت پێنج فەرزە نوێژ ناکەین؟
- نەخێر ئێوە مونافیقن. هەردەم بۆتان ڕێك کەوی لە دەوڵەتی خیلافە هەڵدەگەڕێنەوە؛ پەنا بۆ حکومەتی هەڵگەراوەکانی شیمال دەبەن. دەچنە باوەش کۆیلەکانی جولەکە و خاچ پەرستان. لەوێ لە بینگەی تەلەفزیۆنەکان دەردەکەون و قسە بە دەوڵەتی ئیسلامی دەڵێن!
- سەیرە؛ کوشتن لاتان ئەوەندە سانایە، ئاخر ئێمە موسوڵمانین چۆن دەکرێ بمانکوژن و بە فەرمانی کێی؟
- بەفەرمانی گەورە و خەلیفەمان ئەبوبەکری بەغدادی؛ خوا بیپارێزیت. ئەمەش بە راوێژکردن لەگەڵ من؛ والی تەلەعفەر!
- تۆ؟ (بە سەرسورمانەوە) ئێمە وامانەزانی تۆ وەك خۆمان کوردی، ئاگادارمان دەبیت و پارێزگاریمان لێدەکەیت. نەوەك بە نووسراو سکاڵامان لەسەر تۆمارکەی جەنابی والی؟
- سەرەتا من موسوڵمانم و کورد نیم، دووەم مەسەلەکە بە نووسراوە نەبووە. خۆم داوای دیداری خەلیفەم کردووە و مەسەلەکەم بۆ روون کردۆتەوە. کە ئێوە لە ترسان بووینەتە موسوڵمان؛ باوەڕیشتان بە رواڵەتە نەوەك لە دڵەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو کاتێك مەترسین؛ لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی. خۆم قەناعەتم پێیهێنا ئەم فەرمانە دەربکات. ئێستاش خۆتان بۆ مردن ئامادەبکەن کافرینە.
- ئێمە کافر و مونافقین؟ ئاخر ئەوە ئێوە بوون کە بێهۆکار هێرشتان

کردینە سەر. ئێوەبوون کە گوتتان بە موسوڵمان بوون دەبنە هاووڵاتی ئارام؛ لە مردن رزگارتان دەبێ. ئێوەبوون کە درۆتان لەگەڵ کردین و بە فێڵ ئێمەتان هێنایە ئێرە! ئێوە کافر، مونافیق و دووڕوون.

- قسەی مەکە هەی کافر... کوا بوەستن و ئامادەبن. سەرزەوییان لێ پاك بکەنەوە و لاشەکانیان فڕێبدەنە ئەم بیرە. ئامادەن بۆ تەقەکردن؟ ئەڵڵاهوئەکبەر... تەق تەق تەققق...
- هاوارە خودێ... رەببی ئەو زوڵمە هەڵنەگری... ئاااە.

دەزانن؛ هەر کاتێك ئەم تاوانەم بیردتەوە شێت دەبم. لە شوێنی خۆم لە خوارەوە؛ ناوی خوام لە هەردوو کۆمەڵە دەبیست. دواتر لەگەڵ کەوتنی قەوانی گوللەکان، لاشە بێنازەکان وەکو گوڵئەستێرە دەگلان و بەردەبوونەوە ناخم. باوەڕبکەن، ناخم پڕبوو لە خوێن، هاوار و لاشەی گلاو. ئاخر زۆرێك نەمردبوون کاتی دەکەوتن؛ چەندین رۆژ بە دەم هاوار و ناڵەیان گێژ ببوم، مێشکم کاسبوبوو. هەرکەسە و هاواری خۆشەویستێك، ئازیزێك یان فریادڕەسێکی دەکرد. ئەوە پیاوێکە و تا گیانی دەرچوو؛ هاواری کچە بچکۆڵەکەی دەکرد. ئەوە گەنجێکە و تا چاوەکانی سپیبوون، هاواری نەو بووکەکەی دەکرد. ئەوە بە ساڵاچوێکە و تا هەناسەبڕبوو، لە خەمان ناوی کچە عازەبەکانی دەهێنا. ناوەکان بە نووسکەنووسك کەمێك بەرز دەبوونەوە؛ کەچی ئەوەندە بێهێزبوون، بە هێواشی دووبارە دەکەوتنە لای لاشەکە؛ هەرگیز لە نێو هەناوم دەرنەدەچوون.

باوەڕبکەن، خەریکە بە فرمێسکەکانم دەخنکێم. وەك گەدەیەك وام؛ کە خواردنێکی زۆر قورسی خواردووە و بۆی هەرس ناکرێت. دڵێك کە ناپاکیەکی گەورەی کردوە و خاوێن نەبێتەوە. مێشکێکی ئاوس بە پیلانێکی قێزەوەن و ئاسوودە نابێت. خەریکە شێت دەبم و کەس گوێم بۆ ناگرێت. لە ناخم هەزاران هیوا، ئاوات و خۆزگە لە چاڵنراوە؛ جگە لە خۆم کەس پێیان نازانێت. زۆرجار خۆم وەك منارەی مزگەوت دێتە بەرچاو، کە لە بڕی ئەوەی لەسەر

زەوی بەرزببمەوە، بە ناخیدا رووچویم و سەرجەم هاوار، نزاو پارانەوەکانم لەگەڵ خۆدا بە زەویدا بردووە. نازانم مرۆڤ بۆ وانە لە رابردوو وەرناگرێت؟ بۆ هەردەم تاوانەکان دووبارە دەکاتەوە، ئەوەنییە دووبارە براکانی یوسف هاتن؛ منیان کردە هۆکارێك بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیان. بەڵام ئەمجارە نە جبرائیل هات؛ تا جەستەکان بگرێت و لە کەوتن رزگاریان بکات؛ نە کاروانی عەزیز بێرەدا رۆیشت ؛تا لە میانی سەتڵێکەوە ئەم گیانە پاکانە دەربکات.

لە بنەرەتدا من بیرێکی ئاوم، واتا کەناڵێك لە نێوان مرۆڤ و ئاو. رێڕەوێك بۆ دەرچوونی ئاو و ئاوەدانکردنەوەی زەوی، پەنجەرەیەك بۆ گەیشتن بە ناخی زەوی، کەچی داعش منی کردە رەوگەیەك بۆ مردن، رێڕەوێك بۆ تاوان. پەنجەرەیەك بۆ گەیشتن بە دۆزەخ. ئاخر ئەوە بیری بۆگەنی داعشە کە بیری ئاو دەکاتە گۆڕستان؛ لە بڕی ئاو؛ پڕی دەکات بە خوێن. باوەڕبکەن؛ لە زەمەنێکی زۆر کۆندا و کاتی منیان لێدا؛ زۆر ئاسوودەبووم؛ دەمگوت لە ژێر زەویم و دەستی مرۆڤم ناگاتێ تا پیسم بکات؛ ئۆخەی کە دوورم لە تاوانەکانی... نەمدەزانی داعش دەمکات بە قوڕقوڕاگەی دۆزەخ.

بەڵام من پاکم... هیچ سووچ و گوناهێکم نییە. بێتاوانم زۆریش بێتاوان. ئاخر من چاڵێکی بێئاوی ئاساییم و گۆڕستانی بێباوەڕان نیم... من بێتاوانم بێتاوان!

## (55)

# پێم دەڵێن بەرات

پارچە گلێکی بچووکم بە قەبارە، بەڵام گەورە بە بەها . ئەوەندەی بوندوقێك دەبم. تێکەڵەیەکی پیرۆز؛ لە گڵی سەر گۆری شێخادی؛ تێراو بە ئاوی پیرۆزی کانی سپی. شێلدراو بە دەستە خاوێنەکانی قەوالان. لەو کاتەی کە بە دڵی تژی لە باوەڕەوە؛ زەمزەمەی نزا و پاڕانەوەیان دێت. زۆرجاران؛ چەند دڵۆپێك لە ئەشکە گەرمەکانیان، دەڕژێتە نێو جەستە قوڕاوییەکەم، ئەمەش جۆش و خرۆشم پێدەبەخشێت.

لەلایەکی دیکە؛ بە دەستی لەرزۆکی لاوانی پاکیزەش درووست دەکرێم؛ کاتی خاکی پیرۆزی لالش؛ تێکەل بە ماست و ئاوی پیرۆزی زەمزەم دەکرێت.

وەرزی من لەکاتی تاووس گێراندا دەست پێدەکات. وەك دیاری دەچمە باخەڵی تاووسگێڕ و زیارەتکاران، تا مردن لێیان جیا نابمەوە. هەر خانەوادەیەك؛ زۆر تەقەت من لە بوخچك یان خەڵات هەڵدەگری. رۆژێ دووجار؛ بەیانی و ئێوارە دەرەوە دەبینم. کاتێ بڕوادارانی شێخادی من ماچ دەکەن؛ دووبارە بە رێزەوە دەمخەنەوە بەرگی خۆیان. زۆر رێزدارم لای گەلی شێخادی و هاوشێوەی تەسکەرە؛ لەگیرفانی هەمووانم!

هەندێجار؛ ئاگری شەڕی گەورەی نێوان هۆزەکان؛ لە میانی گۆڕینەوەم لە پرۆسەیەك کەپێی دەڵێن ( پیرانی )کوژاندۆتەوە. چون تەنیا من مایەی ئارامی و متمانەی هەمووانم. جار هەبووە؛ دوژمنداریکی سەرسەختی باو کوژراو، بەهۆی بوونی من لە نێوان پەنچە پەشیمانەکانی بکوژ؛ لە

تۆڵەکردنەوە خۆشبووە.

ئارامی و ئاسوودەیی بەرقەرار دەکەم. هەر دوو گەنجی ئێزدی بیانەوێ هاوسەرگیری بکەن؛ بەر لە شەوی یەکەم؛ دەچنە ماڵی شێخ و پیر؛ من ماچ دەکەن. ئەمەش دەبێتە مایەی خۆشەویستی، سۆز و میهری نێوانیان. لە لایەکی دی؛ پیاو و ژنانی ئاخیرەت؛ تا ئاوەکەی من نەخۆنەوە؛ نابنە برا و خوشکی ئەبەدی. وەجبەخشم؛ هێزێکی ئەفسووناوی بە گەلی شێخادی دەبەخشم؛ کە هیچ شتێکی دیکە پێیناکرێت. بە شێوەیەك، دوای مردنیش کاریگەریم دەمینێ. هەربۆیە دەمخەنە نێو کونەکانی دەمووچاو و نێو دەستی مردووان؛ بەمەش سەرجەم هەستەوەرەکانیان لە ژیانی دووەم؛ دەکەونەوەکار.

لەکاتی ئەم فەرمانەی دوایی، زۆر دیمەنی جەرگبڕم بینی. لە نێو دەست و بەرگی ئەم بەساڵاچوە بێتاوانانە بووم؛ کاتی سوپای رەشی جەهالەت بە ناحەق کوشتنی. لە هەمووی ناخۆشتر چوارشەممەکەی دارستانی موسڵ بوو، دوای چواردە رۆژ لە سەری ساڵی دووهەزار و پازدەی زایینی. کاتێك چوارسەد کەسیان لە ژن و پیاوان پشکنی. منیان لە گیرفانی دە ژنی رێزدار و پیاوێکی قەدرگران دۆزییەوە. بەبێ رەچاوکردنی تەمەن، قژ و پرچی سپییان؛ لە خەڵکیان جیاکردنەوە. نافیع مەیتوتی دڵڕەش؛ بە خۆی و داروودەستەکەی بە تێلا، قامچی، شەق و پێلەقە وەرگەڕانە سەریان؛ دواتریش بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردن.

نازانم ئەوانە لە کام دۆڵی دۆزەخەوە هاتوون؛ ئەوەندە دڵیان بێبەزەییە و بەم رادە رق و قینی هەڵگرتووە. دەنا دڵ بە قەدەر مشتێکەو؛ نازانم ئەم هەموو پشمە چۆن لەخۆ دەگرێت؟ مێشك بە قەدەر دوومشتەو؛ لەکوێی جێگای ئەم هەموو گەمژەییەی تێدا دەبێتەوە؟

دەزانن، بۆ یەك چرکەش لەم گەلە ستەمدیە جیا نەبوومەتەوە، گەر لە نێودەست و گیرفانەکەنیانیش نەبم، ئەوا لە نێودڵان بوومە. لێرەم تا یەکێك لە چیرۆکەکانی قارەمانیەتی و خۆراگری؛ شێرەژنانی گەلی شێخادیتان بۆ

بگێرمـــەوە. قەڵایـــەك لـــە خـــۆڕاگری؛ خۆرێـــك لـــە بـــاوەڕ، چیایـــەك لـــە ڕووبەڕووبوونەوە. پاڵەوانێك کە بە تەنیایی گیانی سپارد؛ مـن هـاودەم و تاکـە شایەدی بووم.

کاتێ کە باس لە خۆڕاگری ژنان دەکرێت لـە نێـو میللەتانـدا، هـەر گـەلێك بە چەند ناوێك دێتە گۆڕەپان. لەو کاتەی بە درێژایی مێژوو؛ دەیـان خـاوێنی پـاکیزەی خـۆراگر؛ لێرەو لـەوێ؛ بـە بێدەنگی و پـەنهانی سـەریان ناوەتـەوە و باسیان نەکراوە. هاتووم بـاس لـە زەریفـە دەکـەم. زەریفـە قاسـم خەلـەف دەلکـی. درووود لەو دایبابە مەردەی ئەم شێرە ژنەیان بـووە؛ ئـەم ناوەیـان بـۆ هـەڵبژاردووە کـە پـڕ بـە پێسـتیتی. ئـەوەی بـە مانـای شـۆخ، شـەنگ، ناسـك، چەڵـەنگ، سەلار، شەپاڵ. زیـرەك و شـیرین دێـت. بـەڵێ ئـەم شـۆخە تەمـەن بیسـت و دوو ساڵە. هەر لە منداڵییەوە لەسەر دابو و نـەریت و بـەها باڵاکـان پـەروەردەکرابوو. ڕۆژی فەرمانەکـەی تـەباخ، لـە نزیـك چیـا کەوتـە دەسـت داعـش و کـاروانی تراژیدیاکەی دەستپێکرد.

لەوانەیـە بپرسـن چـۆن ئاگـاداری ئـەم هـەموو وردەکاریـەم؟ چـون بـەردەوام لەگـەڵ زەریفـە بـووم و قـەد جێم نەهێشـتووە. لـە ڕۆژی سـێی تـەباخ کـاتی بنەماڵە هەشت کەسییەکەیان لە ماڵەکەی خۆیان؛ لە کێڵگە تایبەتەکەیان؛ لـە گونـدی کـانی سـارکای گـر حەلان؛ بـە دووری سـێ کیلۆمـەتر لـە باشـوری شەنگال؛ بە دوو ئۆتۆمۆبیل دەرچوون. پەلەیان بوو تا بگەن بە چیـا. کـەچی کاتژێر حەوتی بەیانی کەوتنە دەست داعش. تا کاتی دەسـتگیرکردن منـی لـە دەست بوو؛ دواتر لە نێو قەدەکانی جلی شاردمیەوە.

ئیتر لەگەڵی مامەوە، لە کاتی ئاساییدا منی لـە نێـو دەسـتە ناسـکەکانی دەجولاند؛ بە دەم نزا و پاڕانەوە؛ سەری بەرەو ئاسمان بەرز دەکـردەوە. لـە کـاتی تەنگانـەدا، لـە شـوێنێکی تەقـەتی نێـو جلـەکانی دەیشـاردمەوە؛ لـە هەسـتە دلێرەکانی لە نێو دڵدا دەیجوولاندم؛ و لە خۆڕاگری بەردەوام دەبوو.

لەکاتی گواستنەوەدا و لە نێو پاسـە سپییەکان؛ بـە دڵـە سـپییە گـەورەکـەی

باسی خۆراگری بۆ ئافرەتان دەکرد. چیرۆکی قارەمانییەتی ژنە باسییەکانی بۆدەگێڕانەوە؛ چۆن لەگەڵ هاوسەرەکانیان بەرەنگاری سوپای سوڵتان عەبدولحەمید بوونەتەوە؛ دواتریش خۆیان بە دەستەوە نەداوە و فڕێداوەتە رووباری فوڕات. لە دارستانی موسڵ و کاتی گریانی ئافرەتە هاونەتەوەکانی دەبینی، باسی خۆراگری بۆ دەکردن. کە هەردەم راستی، چاکە و دادپەروەری سەردەکەوێت؛ نمونەی مەیان خاتونی بۆ دەهێنانەوە، کە سەرباری کوژرانی عەلی بەگی هاوسەری و سەعید بەگی کوڕی؛ کەچی کۆلی نەدا؛ پەنجا ساڵی خشت لەپشت هاوسەر و کوڕ و تەحسین بەگی نەوەی؛ بەو پەڕی ژیری و دانایی مایەوە. پێویستە ئێمەش نمونەی ئەو بین؛ لە خۆڕاگری و ژیری.

منێك کە هاودەمی بووم. ئاگاداربووم؛ لە سەرجەم قۆناغەکانی بەعاج، تەل بەنات، کۆچۆ. تا جیاکردنەوەی لە دایکە دووگیان و سێ خوشکەکەی؛ چۆن دڵی هەموو لایەکی دەدایەوە. سەرباری هەموو شتێك؛ داوای لێدەکردن پابەندی ئایینەکەیان بن. بیرمە لەگەڵ کۆمەڵە کچێك بەرەو سوریا بە ئۆتۆمۆبیل گوازرانەوە، ئەمجارەیان باسی لە دلێری و خۆڕاگری گەلی شێخادی دەکرد و دەیگوت:

- وره بەرمەدەن، کاتی خۆی شەنگال سی و پێنج هەزار ماڵی تێدا دەژیا، کەچی لە سایەی زۆرداری، دڵرەقی و دڕندەیی تەیمورلەنگ؛ سەراوژێر کرا! کاولبو و کەسی تێدا نەما. تەنها چوارسەد خێزان رزگاریان بوو، پەنایان بردە بەر چیای شەنگال و دواتر چی روویدا؟ تەیمورلەنگ بە لەنگەلەنگ رۆیی و شەنگال گەورەتر بوو؛ ژمارەمان بووە سەدان هەزار؛ دەستەڵاتمان بەهێزتر گەڕایەوە!

ماوەیەك لە کێڵگەیەکی گەورەی هاوشێوەی بەندیخانە؛ لە رەقە جێگیرکران؛ کاتی بینی کچان پەشۆکاون؛ ئامینەی خوشکە بچوکە پازدە ساڵیەکەی دەگریی؛ گوتی:

- ئێمە نەوەی پاکیزە خاوێنەکانین، نەوەی بێرفات، خاتونا فەخرا، ست حەبیبە، ست خەجیجە، ست زەین و ستی ئابسین. ئەوانە پێشەنگی ئێمەن؛ پێویستە ژیانە پڕ لە سەروەریەکانیان بکەینە پەند.

من ئەوەی لە نێو قەدەکانی جلی شاراوەبووم؛ گوێم لەم ناوانە دەبوو؛ بە کڕی فرمێسکم دەڕشت؛ چون هاودەمی هەمووان بوومە؛ دەزانم هەریەك لەمانە شایەنی ئەوەبوو؛ کە لاپەڕەکانی مێژووی پێ برازێندرێتەوە؛ نەوەك لێرە بە نهێنی؛ لە کونجی ژوورێکی شێداری مێشك بۆگەنەکان؛ باسیان لێوەبکرێت.

دواتر خۆی و دوو خوشکیان بردن بۆ بارەگایەك؛ لە شاری حەمس، لەوێ لە یەکتر جیاکرانەوە. زەریفە بە هۆی هەڵوێستەکانی لە زیندان، دەست بەسەر کرابوو. بە راستی سەرم لەم کچە ناسکە سوڕمابوو، ئەم هەموو خۆڕاگری و باوەڕی لە کوێی هێناوە؟ ئەم هەموو زانیاری و هێمنیە؟ ئەم پاکیزەیە لەم بەندیخانە وانەی خۆڕاگری و ئاییینی دەگوتەوە. سەرباریش ئەم کیژە بچکۆلەیە بەرامبەر داعش؛ وەك چیای شەنگال وابوو، ئەم هەموو داعشە لەندەهۆرە لە ئاست بالای؛ وەك مشك دەوەستان و دەرەقەتی دەمەتەقێی نەدەهاتن.

جارێکیان راوەستابوو؛ قسەی سەبارەت بە زەریفە ئوسو دەکرد، ئەو شێرە ژنەی کە ڕێڕەوی جەنگی گۆڕی، کاتێ چوار برا و سێ کوڕی رەوانەی جەنگ کرد، ئەمەش لە فەرمانی فەریق پاشا. دواتر هانی مەحما عەبدۆی دا؛ کە بچێتە شەڕ و پێی گوت:

- گەر لەو جەنگە دوو دڵی؛ خۆم لەگەڵت دەچم!

ئەمەش کاتێك بینی لغاوی ئەسپەکەی گرتووە، لە پاڵ دیوارێك بە دەم توتن کێشانەوە دانیشتووە! هێشتا مەحما دەوی نەکردبوویەوە، کاتێك برجۆنی کوڕی بچووکی زەریفە؛ هەڵساوە و گوتی:

- من لە بڕی دایکم دێم، هەستە با بڕۆین!

غیرەت مەحما عەبدۆی گرت؛ دەلحاز لە شوێنی خۆی هەڵساوە؛ سواری پشتی ئەسپەکەی بوو؛ بەرەو مەیدانی جەنگ ڕۆیی؛ ئازایەتی و جوامێرییە ئەفسووناوییەکەی، کاریگەری لەسەر تەواوی جەنگەکە هەبوو. قسەی تەواو نەکردبوو کاتی داعشییەکی گەمژە هات و گوتی:

- هاا چییە؟ باسی چییان بۆ دەکەی؟
- باسی مانای ناوی خۆمیان بۆ دەکەم، چییە ئەوەش قەدەغەیە؟
- زەریفە؟ بێگومان لە زەرافە هاتووە! هههههه (بە گاڵتەکردن)
- نەخێر، دەزانن کێشەی ئێوە چییە؟ لە هیچ نازانن، تەنانەت لە زمانەکەی خۆشتان. چون زورف لە عەرەبی واتا خێرا، بەم پێیە زەریفە دەبێتە خێرایی. من بە ناوی زەریفە ئوسو کراوم، ئەگەر ئێوە لە مێژووتان شانازی بە خەنسا دەکەنح کە چوار کوڕی لە جەنگ کوژراوە، ئێمە زەریفەمان هەیە؛ ئەوەی چوار برا و سێ کوڕی نارده جەنگ. بەڵام چی بکەین کە ئێوە جگە لە مێژووە خوێناوییەکەی خۆتان، هیچ ناخوێننەوە. ئێوە تەنیا بە سێرەی قەناس و لوولەی تفەنگەکانتان دونیا دەبین.
- بۆ نایەی مێژوو و زمانەکەی خۆشمان فێرکەی؛ سەبییە؟ ئێوەن کە هەموو شتێکتان لە ئێمە وەرگرتووە و ئاوەژووتان کردووە، هەر لە چیای عەرەفەو زەمزەم؛ تا دەگاتە ناوەکەی خۆت، ئەوەتا لە ئەسڵ (ظریفة) یە بە واتای شۆخ و شەنگ، کەچی ئێوە بە نەزانی و نەبوونی پیتی (ظ) ناوەکەتان گۆڕیوە بۆ زەریفە؛ وەك چۆن موسوڵمانی و تەریقەی عەدەویتان گۆڕیوە بۆ دێوپەرستی.
- بەڵێ ئەوە ئێمەین کە بەناوی خودا؛ سەری خەڵك دەبڕین، ماڵی خەڵك تالان دەکەین و خەڵك لاقە دەکەین. ئەوە ئێمەین کە لە ژێر ناوی خودا مەزارگەی پەیامبەران و چاکەکاران دەتەقێنینەوە. ئێمەین بە سالاچووان دەکوژین، مندالان دەرفێنین و ئافرەتان لاقە دەکەین.

دەزانی چییە؟ ئێوە بەم کردەوە نارِەوایانەتان سەرزەمینتان گڵاو؛ ناوی خوداتان پیسکردووە.

- دەزانی چییە سەبییە؟ حەز بە لەوچە ناکەین؛ ئەگەر بزانین بە قسەکانت؛ مێشکی ئەم خەڵکە دەشۆیتەوە، تا دەڕزێیەوە لە زیندانی تاکە کەسیت بەند دەکەین.
- من مێشکی خەڵك دەشۆمەوە؟ بۆ باسی حورییە و بەهەشتیان بۆ دەکەم؟

دوای ئەم قسانە، پاسەوانە دڵڕەقەکان هاتن؛ ئازاریندا و خستیانە زیندانی تاکە کەسی، بەڵام ئەم کچە وردیلە یەك تۆزقاڵ؛ لە بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی لای نەدا. بگرە مکوڕتربوو؛ دەستگرتربوو بە ئایینەکەی. بە هەموو شێوەیەك بەرەنگاری بیری تەسك و بۆگەنی ئەم نامەردانە دەبۆوە.

دواتر گواسترایەوە شاری حمس؛ لەوێ داعشێکی لیبی بە ناوی( ئەبو سلێمان) کڕی و گواستیەوە شوقەکەی خۆی. هەوڵیدا لاقەی بکات؛ کەچی زەریفەی بچکۆڵە؛ بووە حەزیایەك و نەیهێشت. کابرا زۆری لێدا؛ دەرگای شوقەکەی لەسەر گاڵەدا و ڕۆیشت. درەنگانی شەو بە تەنیا و چاوی پڕ لە فرمێسك؛ خستمیە نێو دەستەکانی و بەهێمنی قسەی لەگەڵ کردم:

- بەراتە خۆشەویستەکەم. ئەی بەشێك لە دڵم، بۆنی خۆشی گۆڕی شێخادی و خاکی شەنگال. ساردی ئاوی لالش و گەرمی دەستە بە نوێژەکەی قەوالان. کاتێ لەگەڵ تۆم؛ خۆم بە تەنیا نازانم. چون تۆ واتا لالش، واتا شەنگال، واتا هەزاران ساڵ لە مێژوو، سەدان هەزار لە براو خوشکانم لە ئێزیدخان. دەزانم زۆرم نەماوە؛ ئەمرۆ یان سبەی دەمدەن بە کەمتیارێکی ریشن؛ لە سەربازانی دەوڵەتی خەڵەفاوی خیلافەت. دەمدەن بە پوچێك، مێشکی لەسەری زەکەر و باوەڕی لە نێو لینگانە. بەڵگەی دەمانچەیەکە و بە کەمەری بەستراوە. گەمژەیەك؛ کە دەیەوێت بە بیروبۆچونی کەسانی مردووی بیابان، بە

باو و نەریتی بەر هەزاران ساڵ؛ حوکمی جیهان بکات. کەسێك لە پێناو کوشتن، خواردن و سێکس دەژی. دەنا خوێندن، بیرکردنەوە و مرۆڤایەتی؛ لە ئەجێندا ئاژەڵیەکەی ئەو؛ بوونیان نییە.
ببورە بەراتە خۆشەویستەکەم، هەستدەکەم بە دوا وێستگەی ژیان گەیشتووم. بەرگەی هەموو شتێکم گرت، بەڵام هەرگیز بەرگەی لاقەکردنی ئەو کەسانە ناگرم؛ کە بەر لە من وڵاتەکەیان لاقە و گەلەکەیان فەرمان کردین.
نەخێر؛ ناتوانم ببمە کۆیلەی کۆیلان، بوکەڵەی دەست قڕدۆك و سەبییەی قوڕەیش. پێم باشترە بە کاروانی شەهێدان بگەم. گەر مردن منی لێرە لە سوچی ئەم شوقەیە بیرکردووە. خۆم دەچم؛ بە دوای دەگەرێم و بە توندی باوەشی لێدەگرم. نەخێر خۆم ناکوژم، بەڵکو روحم ئازاد دەکەم. دەڕۆم و ئەم ژیانە نادادپەروەرانە جێدیلم. هەرچەندە تەمەنم بیست و سێ ساڵە؛ کەچی هەست دەکەم؛ بەو دە مانگە بارتەقای بیست و سێ سەدە ناخۆشیم بینووە. لە بیرمان مەکە بەراتی پیرۆز... داواکارم تراژیدیامان بگێڕیتەوە، دەنگی کپکراومان بە هەموو جیهان بگەینی.
لەوکاتەدا بەچاوە جوانەکانی سەیری کردم، بە دەستە ناسکەکانی توند کوشیمی؛ ماچیکردم و بە نیوچاوانمی داهێنا. زۆر بەکڕی منی خستە نێو قەدی جلەکانی... دەمانچەی داعشەکەی لەسەر سەری دانا؛ چەند چرکەیەك دواتر؛ بینیم چۆن روحە جوانەکەی لە پەنجەرەی شوقەکە دەرکەوت. بە شێوەی تاووسێکی سپی لە شەقەی باڵیدا؛ بەرەو بە هەشتی شەنگال گەڕایەوە.

(56)

# خۆ خاوێنکردنەوەم

یەکێکم لە بەها بەرزەکان، ئەوەی هەمووان باسی لێوە دەکەن و بە بەرزترین پێوەرەکانی دادەنێن. بەڵام کێشە لەوەدایە؛ هەر گەلێك لە شوێنێکم دەبینن. رۆژهەڵاتیەکان لە نێو گەلی ئافرەتانیان؛ رۆژئاواییان لە هەڵسووکەوتیان! زۆر سەیرە؛ لەو رۆژهەڵاتە؛ شەرەفی بنەماڵەیەك کە تەمەنی سەدان ساڵە؛ بە تکانی قەترە خوێنێك؛ لە دەلینگی ئافرەتێك دەشکێت! لەو پێناوەدا رووبارێك خوێن دەرژێت و هەر داد نادات! لەو کاتەی رۆژهەڵاتی؛ رۆژئاوابوونی خۆی لە هەتککردنی ئافرەت دەبینی. رۆژئاوا؛ هەڵاتنی شەرەفی؛ لە هەڵاتنی خۆری رۆشنبیری ژنانەوە دەبینێ!

بەڵێ شەرەفم پێ دەڵێن. شتێکی نەبینراوی نەسەلمێندراو. هەر کۆمەڵە و نەتەوەیەك؛ بە جۆرێکم دەخوێننەوە؛ دواتر هەڵسووکەوتی لەسەر بنیات دەنێن. بەڵام ئەوەی من لە گەلی شێخادیم بینیوە؛ زۆر سەرنجی راکێشاوم. زۆر پابەندی بنەماکانن و لە پەیوەندییەکانیان زۆر پاکن. لای ئەوان هەموو شتێك لە بنەڕەتدا پاکە. هەر دڵێك پاك بێت؛ هەموو شتێکی پاکی لێ دەردەچێت. ئەوان سەیری دەمووچاوی ژنان ناکەن، تف لە ناوچاوانی هیچ مرۆڤێك ناکەن. گیانلەبەران ئازار نادەن. خەنجەر بە رووی هەژاران هەڵناکشێن. ناچنە ئەو شوێنانەی کە بەدکارییان لێ هەیە. جوێن نادەن و زمان، دڵ و زار پاك رادەگرن. ژنان و پیاوانیان شەرف پارێزن؛ دەتوانم بڵێم؛ لەم بوارەدا پەرگیرن. ئامادەن هەزارجار بمرن، بەڵام یەکجار ئاوی روویان نەتکێ. لای ئەوان شەرەف وەك شووشە وایە؛ کە ئاوێکی زوڵاڵی خاوێنی تێدایە. هەرکاتێك رژا کۆناکرێتەوە. شووشەیەکە و دەبێتە هەزار پارچە؛ هەموو لایەك بریندار دەکات.

ئـەوەی ئـەمجارە لـە فـەرمانی ئەبوبـەکری بەغـدادیم بینـی، شـتێکی زۆر قـورس بـوو، سـەیرم بـەو جلڕەشـانە دەهـات؛ کـە کەڵکەڵـەی نوێنەرایـەتی ئاسـمانیان بـوو، خۆیـان بـە خەلیفـەی خەلیفـەی خـودا دەزانـی لەسـەر زەوی، وایاندەزانی تەنها ئەوان نمایندەی ئافەریدەن؛ بۆیان هەیە هەموو شتێك بکەن. ئەخلاق، رەوشت، دینداری، تێگەیشتن، دادپەرەوەری، شەهامەت و جوامێری تـەنها لای ئەوانـە؛ خـەڵکیش کۆیلـە و کـەنیزەی ئەوانـە. جگـە لـەوان کەسـی دیکە خواناس نییە، هەمووان لە تاریکی گومڕاییدا دەژین.

لە یەکەم رووبەڕووبوونـەوەیان لەگـەڵ ئێزدییـەکان، مەسـەلەی خۆڕاگری و بەرگری و داوێن پاکی ئەم گەل؛ە سەرە شێواوەکانیانی کاسکرد. ئاخر ئەوانێك کە باسیان لـە فـەتحی رۆمـا و قـودس دەکـرد. وایـان دانـابوو هـەموو گـەلانی دونیا بخەنە ژێر پێیان. وا لە ناوچەیەکی بچووکی وەك شەنگال؛ خۆڕاگری گەلێکی بێ پشتیوانی تەنهایان بینی. کە ژنەکانیان زۆر دلێرانـە بـەرەنگاریان دەبوونـەوە، بەرەنگارییـەکی سـەیر. بـە شـێوەیەك، کـە ئاوریشـم بەسـەر لێـواری تیژی شمشێر سەرکەوت!

لـە رۆژانـی یەکـەم و دوای سـەبیکردنی ئافرەتـان، بزاڤێکـی گـەورەی بەرەنگاربوونـەوە و خۆبەدەسـتەوەنەدان، لـە نـاو ئۆتۆمۆبیلـە نەفـەر هـەڵگرەکان درووست بوو. پاشان لە نێو هۆڵ، زیندان و خانووە گەورەکان چەکەرەی کرد. دواتریش لە نێو ماڵی داعشەکان ئاکامەکەی دەرکەوت.

درووشمی ئەم بزاڤە؛ خۆپاککردنەوە بوو بە خۆکوشتن و خۆبەدەستەوەنەدان. لـە هـۆڵی گەلاکسـی لـە موسـڵ و دوای نیـوەی شـەو؛ لەگـەڵ یەکـەم چرکەسـاتی کۆیلـەکردن؛ دوو پـەری هەوڵیانـدا بـە لەچەگـەکانیان خۆیـان بخنکێنن؛ و سـەرکەوتوو نـەبوون. یەکڕاسـت ئەمیرەکـە کۆبوونـەوەیانی پێکـرد، کەسێکی قـژ لـوولی تـۆزاوی؛ سەروسـیمایەکی تـوکنی قێـزەون؛ لـە مرۆڤـی نیاندرتال دەچوو. دەتگوت تازە لـە کتێبەکـەی (بنەچـەی جۆرەکـان)ی داروین دەرچووە! بە دەنگێکی گڕ دەستیکردە قسەکردن:

- ئێمە وەك سوپای خیلافەت، دەستمان بەسەر ئایین و خاکتان داگرتووە، ئێستا ئێوە سەبایای دەوڵەتی ئیسلامین. ئەم کتێبە پیرۆزەش (قورئانێکی بە دەستەوەبوو) دەستوری ژیان؛ یاسای هەموو کات و شوێنێکە. دەی هەر ئێستا بە دوامی بڵێنەوە تا خاوێن ببنەوە، ئەعزو بیلاهی مینەل شەیتان ئەلرەجیم (کەس دەنگی لێوە نەهات) دەی بیڵێن، بیسمیل لاهیل رەحمان... بۆ قسە ناکەن؟ ئەوها! ... لە سەرەتاوە یاخی دەبن؟ ئاسانە؛ ئێمەی عەرەب دەڵێین " دار بۆ یاخیکاران!". (ئەل عەسا لیمەن عەسا) پاسەوانان (هاواریکرد) بە دار، نیتاق، قامچی و سۆندە وەریانگەڕێنیێ!

بە راستی دیمەنێکی زۆر سەرنج راکێش بوو، کۆمەڵە ئەهریمەنێك کە لە قورقوڕاگەی دۆزەخەوە هاتبوون، ریشنی چڵکنی کەتە، بە هەموو هێزیان، لە کۆمەڵە پەرییەکی جل و دڵ سپییان دەدا. کەچی ئەم ناسکانەی لە پەڕەی گوڵ دەچن؛ هاوشێوەی دارگوێز لە بەردەم رەشەبای تورەی داعش وەستان. ئەوان ماندووبوون و پەرییەکان لە خۆڕاگری نەکەوتن. ئیتر لەم چرکەساتدا، پرۆسەی بەرنگاربوونەوەیەکی زۆرنامۆی؛ بەرنامە بۆ دانەڕێژراو دەستی پێکرد. بەرنگاربوونەوەی درندەیی، توندوتیژی و بکوژی داعش بە خۆڕاگری، هێمنی و بەرگەگرتن. یاخێبوونێکی پێچەوانە. ئەوان شەهوەت و هەوەس لە چاوانیان دەباری، لیکیان لە ئاست ئەم جەستە ناسکانە دەهاتە خوار. کەواتە لێیان قەدەغە دەکرێت، ئەو حەڕامەی ئەوان بۆ خۆیان حەڵاڵیان کردووە، دووبارە لێیانی حەڕام دەکەنەوە.

پێشەنگی ئەم شۆرشە جەیلانی شاجوان بوو، کە لە گەرماو بە موسێك شادەماری خۆی بڕی، مەچەکەکانی بە خوێن خەنەکرد. دواتر جیهانی خوشکی بە هەمان رچە رۆیی. دواتر نۆرەی زەریفەی خۆڕاگربوو لە حمس.

لە بەرامبەریشدا؛ داعشەکان لە تاوانەکانیان نەوەستان. پەرییەکانیان گواستەوە کۆشك و تەلارە بەرزەکان، لەوێ قۆناغی دووەمی یاخیبوون دەستی

پێکرد. فڕین لە قەفەز؛ لە ڕێگای خۆهەڵدان بەرەو ئاسمان! بەڵێ، چون لەو کاتەی لاشەی پەرییەکە لە نهۆمی سێیەم دەکەوتە سەر زەوی، روحە پاکەکان بەرەو بارەگای یەزدان دەفڕین؛ تا سکاڵای ئەم تاوانەی داعش بە ئاسمان بگەینیت.

نازداری نازدار؛ لە شارێك لە سوریا خۆی لە نهۆمی سێیەم هەڵدایە خوارەوە؛ روحە پاکەکەی بە کاروانی نەمران گەیشت. لە سەربازگەی کندی لە موسڵ؛ زێڕی نەوبووك؛ ئەوەی هێشتا مانگی هەنگوینی تەواو نەکردبوو، کاتی زانی داعش بە دیاری دەیبەخشیتە جانەوەرێك، بە لەچەگە سپییەکەی خۆی بە پانکەی ژوورەکە وەکرد و خۆی خنکاند. یەکێك لە داعشەکان ئەدیبەی لە بەندیخانەی رەقە کڕی. دواتر و کاتی ویستی دەست درێژی بکاتە سەر؛ ئەدیبە رایکردە سەربانی ماڵەکە و خۆی هەڵدایە خوارەوە. لەبەر ئەوەی خانووەکە زۆر بەرز نەبوو؛ بۆیە نەمرد و لووت و چەند شوێنێکی شکان. کڕیارەکە بردییەوە بەندیخانە؛ بە بیانووی ئەوەی عەیبی تێکەوتووە! بەرپرسی بەندیخانەکە بە نادڵی وەریگرتەوە؛ وەکو سزایەك؛ تیماری نەکرد تا ئازار بجێژی و بۆ ئەوانی دیکە ببێتە پەند!

بەرفی سمۆقی پاڵەوان؛ خەڵکی دهۆلا، کاتێ داعشێکی پووچ لە بازارێکی شەدادییە کڕی، بە زۆری سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی کرد تا بیگوازێتەوە کولانکەکەی. لە ڕێگاداح بەرفی خۆی فرێدایە سەر ستێرنی ئۆتۆمۆبیلە خێراکە و وەریگێڕا. لەرێگای رۆیشتنی بۆ بەهەشت ؛داعشێکی رەوانەی دۆزەخ کرد و چەندینی دیکەی بریندار کرد.

بەڵێ؛ لەم ماوەیەدا بە موس، لەچەگ، کارەبا، حەبی هۆشبەر، چەقۆ؛ چەندین هەوڵی خۆ خاوێنکردنەوە (خۆ کوشتن) درا. پەرییەك لێرە؛ بیست و شەش چەقۆ لە خۆی دەدات و نامرێت. ئەوەتا پەرییەکی دی؛ بە گوللە لە سکی خۆی دەدات؛ کەچی روح لە شوێنێکی قایمە و ئەم جەستە جوانە جێ ناهێڵێت. جاری واش هەبووەح منداڵەکان دایکەکانیان لە خۆکوشتن پەشیمان

کردۆتەوە یان ڕێگریان لێکردوون!

دوای ئەوەی داعش گەیشتە ئەو ڕاستیەی، کە ئەمانە دەستەموو ناکرێن؛ هەڵسا بیرۆکەی بێهۆشکردنی بەکار هێنا، بە مەبەستی لاقەکردنیان. ئەوەتا پەریبەکی بیست ساڵان، کاتی گرتە ڤدیۆیەکەی خاوەنە داعشیەکەی بینی، شێت بوو! ئەوەی بە گاڵتەکردنەوە نیشاندا؛ کە خۆی و هاوڕێکانی لەکاتی بێهۆشیدا، بە نۆرە لاقەی دەکەن. بەرگەی نەگرت و ئاگری لە جەستە جوانەکەی خۆی بەردا. بە هەمان شێوە؛ لە ڕەقە؛ پەریبەکی دیکە خۆی بەو دەمانچەیە کوشت؛ ئەوەی هی داعشییە لاقەکەرەکە بوو!

بە بەکارهێنانی چەك، بەرەنگاربوونەوەکە قۆناغێکی دیکەی بەخۆوە بینی. ئەوەتا پەرییەك، دوای لاقەکردنی، دەمانچەی داعشەکە هەڵدەگری و دوو گولە بە نیوچاوانی وەدنێ، دواتریش گوللەیەك لە هەنیەی خۆی دەدات. پەرییەکی دیکە و دوای نووستنی داعشەکە. بە دەمانچەکەی ئەو دەکوژێت و دواتریش خۆی دەکوژێت.

کاتی دەڵێم قۆناغی دیکە، دواتر شێرە ژنان بە خۆیان بۆتانی باس دەکەن. بەڵام ئەوەی لێرە دەمەوێ باسیبکەم ئەوەیە؛ بەردەوام خۆکوشتن بە کۆتایی پێهێنانی ژیان دەزانرێت. کەچی ئەم قارەمانانە، خۆ کوشتنیان کردە خۆپاککردنەوە لە تاوانێك؛ کە هیچ ڕۆڵێکیان تیا نەبووە. خۆ کوشتنیان کردە ڕێگایەك بۆ نەمری؛ و نەخشاندنی ناویان لە مێژوو. ئاخر پاکیزەکانی وەك (هەدیە، مونیفە، زەریفە، جەیلان، جیهان، زهور، بەرفی، زێڕی... هتد) و دەیانی دیکەی هێشتا چیرۆکەکانیان پەنهانە. ئەم شێرە ژنانە وانەیەکیان نیشانی جیهان دا، کە قوربانی دەتوانی جەستەی خۆی بکاتە بەردەبازێك؛ بۆ خۆدەربازکردن لە دۆزەخی دونیا؛ و پەڕینەوە بۆ بەهەشت.

گەر داعشەکان، خۆ کوشتنیان کردبووە دێوەزمەیەك، بۆ بڵاوکردنەوەی تیرۆر و تۆقاندن. تاووسەکانی لالش، خۆ کوشتنیان کردە تەقسێکی نامۆ؛ لە خۆپاککردنەوە و ئازادکردنی ڕوح، لە بەندی جەستە.

(**57**)

# پێم دەڵێن حەفت تیر

مـن؟ ئاهـا لەوانەشـە پـێم بڵـێن وەروەر؛ ئـەو نـاوە لـە چییـەوە هـاتووە؟ لـە (**revolver**)واتـا خولانـەوە بـە دەوری خولگەیـەك، ئەمـەش لـە یەکـەم جۆرم هـاتبوو؛ کـە تـۆپڵی بـوو، مـەخزەنی گوللـەکان لـە دەوری خـۆی دەخولایـەوە؛ دواتر وشەی ریڤۆلڤیر؛ لەسەر زاری خەلك گۆردرا بۆ وەروەر.

زۆربەتان دەزانن ئەم جەخسیەی دایهێنام چی وت؟ قسەیەکی نـاخۆش، کـە دواتـر بـووە وێـردی سـەر زاری هـەمووان. بـەڵێ، دروسـتکەرم سـامویل کـۆڵـت، کاتی نۆبەرەکەمانی لە نێو دەستەکانی گرت؛ گوتی:

- ئێستا... ئازا و ترسنۆك یەکسان دەبن!

ئـەوەی گـوت، چـون لای قارەمـان و جـوامێران؛ جـەنگ بریتـی بـوو لـە غارغـارانێی ئەسـپ، شمشـێر وەشـاندن و ئـاگر بـەردان؛ لـە تفەنگـە درێـژە قورسەکان. کەچی ئـەم هاوکێشـەیەم سەراوژێرکرد. هـاتم بـە شـێوەی کچێکـی چـوارده سـاڵان؛ سـووك و ئاسـان، سـەنجراکێش و جـوان. هاوکێشـەکەم ئـاوەژوو کـردەوە! ئەوەنییـە ئێسـتاش کـورد بـە مـن دەڵـێن چواردەخـۆر! بێگومـان نـاوی دیکەشم هەن؛ وەك: (شەش ئاگر، شەش لوولە، شەش سوچ، شەشە لا) بـەڵام من هەر دەمانچەم پێخۆشە.

لێتان ناشارمەوە؛ هەرچەندە قسەکەی ئافەریدەکەم زۆر لا ناخۆشـە، کـەچی ئـەوەی لـە عێـراقم بینـی شـەرمەزاری کـردم، ئەوسـا لـە جـوغزی قسـەکانی گەیشتم. ئـاخر لـە رێگـەی منـەوە، سـەدان هـەزار کەسـی بێتـاوان و بـە تـاوان، سەرباز و سڤیل؛ گیانیان لە دەستداو بە شێوەیەکی زۆر نامەردانە کوژران، لـە دواوە و لە ناکاو. گوللـەیەك لـە پشـتی سـەر دەدرێت؛ و هـەموو شتێك تـەواو

دەبیت! بە راستی بوومە چەکی دەستی نامەردان؛ بە تایبەتی کاتی ئامۆزا بێدەنگەکەم پەیدابوو، ئەو بێ ورتە کاری خۆی دەکرد. رێك وەك ئەوان؛ بێ دید و بێ دەنگ؛ هێمنی نامەردبوو. ناویان نابوو (کاتم) واتا بێدەنگ. من پێی دەڵێم پۆشەر، چون ئەو پوشتە هەموو تاوانەکانی بەم بێ دەنگیە دادەپۆشێ... نامەردی رازبڕ!

بەهەرحاڵ، لەگەڵ دەستپێکردنی فەرمانی ئیبۆ بەدری! (ئیبراهیم ئەلبەدری) کە خۆی کردۆتە ئەبۆبەکری بەغدادی؛ منیان بە نامەردی خستە وێزەی گەلی شێخادی. لە یەکەم رۆژی فەرمانەکە و لە چوارڕیانی حەردان؛ سەربازانی خورافات؛ کۆمەڵە گەنجێکیان بە دەست بەستراوی لە سەر چۆك دانا؛ بە دەم وێنەگرتن داوایان لێکردن دوای رستەی؛(دەوڵەتی خیلافە) وشەی (باقیە) بە هاوار بڵێنەوە! دواتریش لە دواوە، بەو پەڕی نامەردی گوللەیان بەسەر وەنان؛ خەڵەتانی خوێنیان کردن.

هەر لە رۆژانی یەکەم؛ گوڵێ نەمر لە رێگەی ئێمەوە؛ ئەمیرێکی داعشی رەوانەی دۆزەخ کرد. ناخۆشترین شت؛ کاتی بە ئێمە لە سەر و شانی پەرییەکانیان دەدا، ساتی بەرهەڵستکردنی سەبی و فرۆشتن. نازانم ئەم ناپیاوانە؛ رەوشتی کامە بیابان نشینی پووچیان وەرگرتووە؛ بە کامە پێوەر هەڵسووکەوت دەکەن؟ ئاخر لێدانی ئافرەت بەم شێوەیە؛ لای ئاژەڵانیش رەوا نییە؛ کەس پەلاماری ئافرەت نادات؛ مەگەر سەگێکی مێگری خوێڕی نەبێت! کە ئەوان لەوەش کەمتربوون. کاتی ئەم سووکایەتی و لێدانە؛ هاوئاوازی هاواری پەرییەکان؛ دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك. خوێن، فرمێسك، لیکاو و ئارەقەیان لێ دەتکا؛ تێکەڵ بە شەرەفی هەتککراو؛ و پیاوەتی رژاوی ئەم نامرۆڤانە دەبۆوە.

یەك لەو دیمەنانەی تا ئێستاش لە یادمە، ئەو دوو خوشکە ناسکەی لە حەلەب فرۆشران. کاتێ داعشە بێ بەهاکە؛ ویستی سواری ئۆتۆمۆبیلیان بکات. خوشکە گەورەکە پڵینگ ئاسا راپەڕی و بەرهەڵستیکرد. کەچی ئەم

نامرۆڤە منی لە کەمەری کردەوە؛ کەوتە سەروگێلاکی ئەم بەستەزمانە. بەو هۆیەوە لە هۆشخۆی چوو و کەوتە سەر زەوی، ئەوسا خوشکە بچووکەکە پەلاماری دەستی دا؛ وبە ددانی پەنجەیەکی لێکردەوە! بە راستی ئازان.

دەزانن، لە بەرامبەردا؛ ئەم پەرییانە هەرکات دەستیان گەیشتبا من؛ بەزەییان بە داعش نەدەهات. خەمم بۆ زێڕی خوارد؛ کە نەیتوانی ئەم خوێنرێژە بکوژێت و گیانی سپارد. ئەمە جگە لە خۆخێ...

ئاااى لە خۆخە کاڵە نەگەییوەکەم. چیرۆکی ئەم کیژۆڵەیە بەردەوام ناخم دەهەژێنی. کاتی یەکەمجار لە کەمەری داعشیە تەلەعفەرییەکەوە بینیم؛ ئەوەی بە زۆری هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو، لە ئاست جوانی و ناسکی راچڵەکییم. بەڵێ؛ هەر لە یەکەم نیگا؛ زۆرزانی و کارزانیم بە مرووزی بینی. رۆژێکیان داعشەکە منی لە ماڵ دانا و خۆی دەرکەوت. لە شوێن خۆم لە نێو کەنتۆڕەکە خەوم لێکەوتبوو؛ کاتی داعشێکی هەرزەکار و بە دەستە لەرزۆکەکانی؛ منی لەو تاریکییە دەرهێنا؛ خستمیە نێو کیفەکەی کەمەری. دەست و پەنچە ناسکەکانی منیان سەرسام کرد. ئاخر ئەو ناپیاوانە دەستیان وەك دڵیان رەقە و بۆنی خوێنی لێ دێت. کەچی ئەم دەستانە جیاوازبوون! تەنانەت کەمەرەکەش گەورەتربوو. جلە رەشەکانیش پێچەوانەی جاران؛ بۆنێکی خۆشیان لێدەهات. کاتێ بە تیلەی چاو لەو داعشە رامام... یەکسەر ناسیمەوە؛ کورە خۆ ئەوە خۆخێی نازدارەو جلی داعشانی پۆشیوە، تەنانەت وەك ئەوان سەری بە جامانەی رەش بەستووە!

هاوشێوەی هەرزەکارێك دڵخۆشبووم؛ کە لەگەڵ ئەم شۆخە دەڕۆم. کەچی لە هەمان کاتدا هەستم بە ترس کرد. چون ئەم دڕندانە گاڵتە نازانن. ئەو زۆر بە متمانەوە بەنێو شەقامەکان دەڕۆیی، هەستمکرد سینگی بە پەڕۆیەك توند بەستووە؛ تا مەمکەکانی بزربکات؛ هاوشێوەی موجاهیدێکی گەنج دەرکەوێت. بە دیدی خۆی ئەژماری هەموو شتێکی کردبوو، هەمووی جگە لە شتێك؛ کە لەگەڵ یەکەم هەنگاومان بۆ دەرەوەی ماڵەکە؛ بینیم و هەستم پێکرد. لە

کەلەکەی بەستراببووم و هەستم بە رۆیشتنە ئافرەتانەکەی دەکرد. چەندم هاوارکرد: " کچێ خۆخێ ئاگاداربە... تۆ وەك کچێك رێ دەکەی نەوەك کوڕ!" . چەندم هاوارکرد بەڵام گوێی لێ نەبوو. چاوم لە خەڵك بوو کە چەندە بە نامۆیی سەیریان دەکرد؛ بە تایبەتی پۆلیسەکانی حسبە. ئەوانەی هەموو لەشیان چاوە؛ چاوەکانیشیان بە هەموو شوێن و کەسێك دەخشاند و دەپشکنی. ئاخر ئەوان هەر ئەو گەنجە پووچە بێکارانە بوون، ئەوانەی بەر لە درووستبوونی داعش؛ لە بازاڕ و شوێنە جەنجاڵەکان؛ بە دوای کچانەوە بوون؛ شوێن سمت، سینگ و رانی ئافرەتان دەکەوتن، بە چاو و دەست تەشقەڵەیان پێ دەکردن... بۆیە پووچێکیان هاواری کرد:

- تۆ کاکی موجاهید، دەکرێ بوەستی و ناسنامەکەتمان نیشان دەی؟

خۆخێ ئەمەی بیست بەڵام خۆی تێك نەدا، وای نیشاندا کە گوێی لێ نەبووە. تۆزێك پیی کردەوە و هەنگاوەکانی خێراتر کرد. کەچی ئەم پووچە وازی نەهێنا:

- برای موجاهید... تۆ براله، دەکرێ بوەستی؟

خۆخێ بە ناچاری ئاوڕی دایەوە؛ بە بێ یەك و دوو منی لە کەمەری کردەوە؛ دوو گولەی پێوەنا و بەریدایەوە سەر زەوی! کەچی بێبەهاکەی تەکی؛ فیشەگی بە قاچی وەنا و خۆخێ بە برینداری رایکرد. بەڵام بۆ کوێی؟ وەك مامزێك وابوو لە شارێکی لێوانلێو لە کەمتیار. بۆیە دەستبەسەر کراو بردیانە بەردەم دادگای شەرعی؛ ئەوەی بە شەرعی کەمتیاران ستەمی دەکرد. زۆر دڵم لای مایەوە و پرسیارمکرد. دواتر هەواڵم لەو برادەرە زانی، ئەوەی بە تەنگەی ئیبراهیمی کوڕی والی تەلەعفەر!(عەمار موستەفا عەفەری) وە بوو؛ پێیگوتم کە دوای دادگایەکی رووکەش؛ چەندین تۆمەتیان خستە پاڵی، لەوانە هەوڵدان بۆ راکردن لە دەوڵەتی خیلافە و پەنا بردن بۆ کافران، هەوڵدانی کوشتنی پۆلیسی حسبە، لە هەمووشی گرنگتر هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام. ئەبوو بە کووشتن سزا درا و دایانە کوڕەکەی والی؛ تا خۆی

حوکمەکە جێبەجێ بکات. ئەم هەتیوەش بردییە لای بیرێکی زۆر قووڵ، لە باکوری تەلەعفەر بە چەند کیلۆمەترێك، لە نزیك بیرکە بە بریندارى خستیە سەرچۆك و بە گاڵتەوە پێی گوت:

- ها خوخی... نازانم بوخی؛ هەڵاتن و ماندوبوونی بۆ چییە؟ ئێستا لێرە بە خزم و کەسە کافرەکانت دەگەینین. دەزانی ئێرە کوێیە بوخی؟ ئێرە بیرە کافرە؛ گۆڕستانی زیاتر لە پێنچ سەد کافری ئێزدییە لە خزمانت. ئەوانیش وەك تۆ دەیانوویست رابکەن، لەم چاڵەمان نان کە سەرەکەی دیکەی دەکەوێتە دۆڵێك لە جەهەنەم. بوخی بوخی هههههه! (پێکەنین)
- دەنا زووتر بمکوژن تا بەوان شادبم، من بیری باوك، برا، مام و خاڵەکانم دەکەم، سوپاس بۆ خودا دونیا رەشەکەتان جێدێلم؛ لەوێ لای ئافەریدەی هەموو جیهان؛ سکاڵاتان لەسەر تۆمار دەکەم؛ چون بە ناوی ئەو تاوانتان دژ کردین. بڕوخێ دەوڵەتی شەمشەمەکوێران، خیلافەتی مەرگ، تالاّن و کوشتن... سەربەرزی بۆ ئێزدییان... هۆل هۆلا شەرەفەدین.

لەم کاتەدا ئیبراهیمی نا پەسند؛ دوو گوللەی لە مشکی دا؛ بە پۆستاڵە بۆگەنەکەی لەقەیەکی لێدا و لاشەکەی فڕێدایە نێو بیرەکە... باوەڕبکەن کاتی غلۆردەبۆوە؛ گوێم لە دەنگی پێکەنینی بوو. دەتگوت بە رووی کەسانی خۆی پێدەکەنی!

من شایەدی ئەم کۆتاییە ناخۆشەی خۆخێ نازدار نەبووم، بەڵام شایەتی قارەمانیەتی سابرین بووم، کچە پازدە ساڵانەکەی تەلبەنات. پێشتر نەمدەناسی و... نااا با چیرۆکەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

زۆرێك دەستی دەستیم پێکرا، تا لە کۆتایی بە کەمەری پاسەوانێکی عێراقی گیربوومە لە سوریا، ئەو داعش نەبوو، جارجاریش لە بن سەرینەکەیەوە؛ بۆنی بلاك جاك، دەنگی گۆرانی رەدح و پێکەنینی ئافرەتانم

دەبیست. چون ئەو متمانەی بە کەس نەبوو؛ بەردەوام منی نزیك لە خۆی دادەنا. چی؟ دەزانم بەشێك لە داعشەکانیش وان و بە پەنهانی هەموو شتێك دەکەن؛ بەڵام ئەمەیان هیچ قسەی نەدەکرد. وەك ئەوان ناوی خودا، ئایەت و فەرموودە؛ وێردی سەرزاری نەبوو. تێیگەیشتم کە ئەم کەسە بکوژێکی کرێگرتەیە؛ لە لایەن یەکێك لە ئەمیرە ترسنۆکەکان و بە مەبەستی پاراستن بە کرێ گیراوە. بۆیە بەکرێ و چاوکراوەیی لە رەقە بە دوای ئەمیر دەڕۆیشت .

بیرمە رۆژێکیان ئەم داعشە و بە هزرێکی شەهوەتبازی، بە چاوێکی پڕ لە هەوەس چووە بەندیخانەی شار؛ کچێکی لە سەبایا کڕی (خۆی وا بانگی دەکردن). پەرییەکی بچووك کە بە کچی دەشاو ناوی سابرین بوو. کاتی خەریکی پارە ژماردن بوو؛ من هەر سەیری ئەم کیژۆڵەیەم دەکرد؛ دواتر بینیم بە چ هەراو هۆریایەك؛ سواری ئۆتۆمۆبیلی کرد و گواستیەوە شوقەکەی. بە ماتی لە کەمەری خاوەنەکەم لە دیمەنەکەم دەڕوانی. خاوەنەکەم لەم شتەدا یارمەتی نەدا؛ هیچ سیمایەك بە مرووزی دیارنەبوو، تەنها چاودێری رێگا و کەسەکانی دەکرد؛ هیچ شتێکی لا گرنگ نەبوو.

کاتێ گەیشتینە شوقەکەی، ئەم چڵکنە چووە گەرماو تا خۆی بشوات؛ بەر لەوەی ئەم پاکیزەیە لاقە بکات. کیژۆڵەکە بە کڕی دەستیکردە گریان. خاوەنم هیچی نەگوت و هەر چاودێری دۆخەکەی دەکرد. ئەمیر لە گەرماو هاتەدەر؛ فەرمانی بە سابرین کرد خۆی بشوات؛ بە خاوێنی ئەو جلە تەنکە لەبەر بکات؛ ئەوە فڕێیدایە سەر زەوی؛ بەر لەوەی بچێتە لای؛ لە ژووری نووستن.

هەستمکرد کیژۆڵەکە زۆر لە گەرماو مایەوە، لەو کاتەی دەنگی ئاوێکی ئەوتۆ نەهات. بە پەشۆکاوی دەرهات؛ هەستمکرد ئەسڵەن خۆی نەشۆریووە؛ تەنیا بسك و دەمووچاوی تەڕکردووە. دەمووچاوی خەمی لێ دەباری. بەر لەوەی بچیتە ژوورەوە تاوێ دانیشت؛ بە کزی و چاوی پڕ لە فرمێسك؛

ئاوڕی لە خاوەنەکەم دایەوە و گوتی:

- توخوا ئەمە ڕەوایە؟ کەی ئەمە دادی هەقە... من ئێزدییەکی بچووکم، پۆلی دووی ناوەندیم. تا ئێستا کەس دەستی لێنەدوام. کەچی ئەم پووچە دەیەوێت لاقەم بکات!(دەستیکردە گریان)

هەستمکرد خاوەنەکەم بەم قسانە زۆر کاریگەربوو، چۆنم هەستکرد؟ شتێکتان پێ بڵێم؟ بە من دەڵێن چەك. کاتی خاوەنەکەم بە دەستەکانی دەمگرێت؛ دەبم بە بەشێك لە جەستەی؛ سەرجەم هەست و نەستەکانیم پێ دەگات. ئەوکات دەستی لەسەر دەسکەکەم دانا؛ هەستمکرد چ گڕکانێك لە ناخی دەکوڵێ. دڵی خەریکە دەبێتە هەزار پارچە... بۆیە بە هێمنی گوتی:

- ببورە خوشکم، من سەربازی دەوڵەت نیم، تەنها پاسەوانم و تێکەڵ بە کاری ئەوان نابم.
- دەزانی کاکە، ئەم داعشانە باوك، دوو برا، سێ مام و ئامۆزاکانیان لەبەردەممان کوشت. من و دوو خوشك و چەندین دۆتمامیان بە تالآن برد. ئێستاش ئەم نامەردە دەیەوێت هەتکم بکات.
- منیش وەك تۆ عێراقیم؛ حەیفێ ئەم نامەردە فەلەستینییە شەرەفی خۆی لە فەلەستین؛ لەژێر هەڕەشەی ئیسرائیل جێهێشتووە، هاتووە لێرە عێراقی و سوری دەکوژێ... چاکی دەناسم کەسێکی تاوانبار و بەدڕەوشتە، هیچ بەها و ویژدانی نییە. کاتی لێت تێر دەبیت؛ دەرت دەکاتە سەر شەقام و یەکێکی دی دەکرێت. هاوارە لەو دۆخەی کە عێراقی تێکەوتووە. وای لەو گاڵتەجاڕییەی عێراقی پێگەیشتووە... وای بۆ پیاوەتی و غیرەت! (لە چۆکی خۆی دەداو ئاخی هەڵدەکێشا) سوێندم خواردووە پارێزگاری لێبکەم، دەنا لێرە سەگتۆپم دەکرد!
- باشە بۆ دەمانچەکەتم نادەیتی؟(پەرییەکە گوتی) لێمگەڕێ با تۆڵەی باوك، برا و خزمان بکەمەوە، با تۆڵەی گەلی ئێزدی و هەموو عێراقی لێبکەمەوە. بمدەیێ با کوڵی دڵی خۆمی پێهەڵڕێژم.

- دەتوانی ئەمە بکەی دادە؟ ئەم بوێری و دڵە مردووەت هەیە خوشکۆڵە؟ ( بە چاوێکی پڕ لە هیوای جۆشبەخش) من داعش نیم و کرێگرتەم، بەڵام خانەدانم و ویژدانم ئاسوودە نییە. باوەڕبکە کاتی تاوانەکانیان دەبینم شێت و هار دەبم. ئاخر ئەمە ڕەوشتی مرۆڤ نییە، نە ئیسلامی ڕاست و نە عەرەبی ڕەسەن؛ بەم کارانە ڕازی نین. نازانم ئەمانە لە کامە دۆزەخەوە هاتوون، وەیش... وای لێهاتووە بێبەهایەکی فەلەستینی؛ کچە پاکیزەکی عێراقی بە پارە بکڕێت؟ بۆ ناچی پارێزگاری لە شەرەفی خۆی بکات لە فەلەستین؟ خوشکی خۆم! (بە هێز دەستی گرت) تۆ دەتوانی ئەم کارە بکەیت؟
- ئەو دەیەوێت شەرەفم بشکێنی براکەم، دوای لە دەستدانی شەرەف چیم دەمینێ بۆی بژیم؟ تۆ دەمانچەکەتم بدەرێ برام، هەزار جار ڕازیم لە ڕێگای پارێزگاری کردن لە شەرەف بمرم؛ نەوەك ئەم بێبەهایە هەتکم بکات.
- ئەی ئافەرین خوشکە ئازاکەم. هیچ مەترسە!(منی لە کەلەکە کردەوە و بە هێواشی سواریکردم، بە دەم دانم بە دەست سابرین گوتی) ئاوا بە هەردوو دەستت بیگرە؛ تەنها پەنچە بە پەلاپیتکەی وەبنێ. ئارام و لەسەرەخۆبەو مەشێوێ... ئەو ترسنۆکە؛ زۆریش نەوێرۆك. کاتی دەچیە ژوورەوە وەك چیای شەنگال خۆڕاگر و هێمن بە؛ دووبارەی دەکەمەوە من لێرەم، بڕۆ پاڵەوان... خوا پشت و پەنات بێت.

سابرین بە دەستێکی ناسك؛ ئەمما توند منی گرت، سەیرم بەوە هات، کە بۆ یەك چرکەش نەلەرزی، کاتێ چوومە نێو دەستەکانی و بەدەم بیرهاتنەوەی، سەرجەم دیمەنەکانی گرتنی خانەوادەکەی لە نزیك چیا لە قەنێ؛ هاتنی ئۆتۆمۆبیلەکانی داعشم بینی، چۆن پیاوەکانیان لە بەردەم خێزانەکان کوشت؛ دواتر خانەوادەکانیان گواستنەوە بۆ... بۆ سۆلاخ؛ تەلەعفەر؛ بۆردومانی فڕۆکەکان، گواستنەوە بۆ موسڵ و بەندیخانەی

بــادوش؛ دووبــاره بۆردوومــانی فڕۆکــه و هەمــدیس تەلەعفــەر، لــەوێش جیاکردنەوەی لە خوشکەکانی؛ دووبارە موسڵ و دەستبژێرکردنی سەد پەری جوان و ناردنیان بە دیاری بۆ سوریا. گەیشتنی بە بەندیخانەی رەقە؛ کڕینی لەلایەن ئەم ئەمیرە پووچە بە پازدە وەرەقە... هەموو ئەوانەم بە شێوەی شریتێکی سینەمایی بە بەرچاو داهات.

دەستی خستە پشتی و چووە ژوورەوە، لە دواوە داعشەکەم بینی بە رووتی لەسەر تەختەکە راکشابوو. هەردوو دەستی خستبووە پشت سەری و هەڵاژابوو! و بە پێکەنین تەماشای سابرینی دەکرد. بە شێوەی سەگێك زمانی دەرکردبوو؛ چاوەڕێی پارچە ئێسکێکی چەور بوو. دەستەکانی کردەوە تا باوەشی پیا بنێت. کەچی ئەو بە ئارامی و بەخێرایی؛ گوللەیەکی تێسرەواند. لەتاو ئەم شتە چاوەڕواننەکراوە پەلامایدا؛ ویستی دەمانچەکەی لێ بسەنێ، کەچی سابرین هەنگاوێك گەڕاوە دواوە و گوللەیەکی دیٚ لێدا. ئەمجارە کابرا رشتتر هێرشی هێنا، کەچی سابرین خۆی پچکڕاندەوە و گوللەی سێیەمی، لە تەختی نێو چاوانیدا.

لەگەڵ کەوتنی لاشەی بۆ سەر زەوی؛ بارێکی زۆر قورس لەسەر شانی هەڵسا. منی ماچکرد و بزەیەکی هاتە سەر لێوان. زۆر بە خۆڕاگری چووە دەرەوە، منی دایەوە خاوەنەکەم و سوپاسی کرد. ئەویش زۆر بەرێزەوە دەستخۆشی لێکرد؛ بڕیاری گەڕانەوەی بۆ عێراقدا.

سەرەتا ئەو کیژۆڵە ئازایە... سابرینی پاڵەوان چووە خوارەوە. دواتر خاوەنەکەم رۆیشت. زۆر بیرم لە دلێری ئەم کچە بچکۆلەیە دەکردەوە و دەمگوت، دەبێ ئێستا چی بکات؟ بەڵام دواتر کاتی ژیری و خۆڕاگریەکەم دەهاتە بەرچاو، متمانەی تەواوم بەوە دەهات. کە ئەگەر بچێتەوە زیندانیش و دە جاری دیکە بفرۆشرێت؛ هەر بە پاکیزەیی و سەربەرزی دەمینێتەوە. ئەمجارەشیان بیر لە راکردن و پەناگرتن بە ماڵێکی بەشەرەفی رەقە دەکات؛ دواتر رزگاری دەبێت.

خۆزگە دەخوازم داهێنەرم لەژیان بوایەو پێمگوتبا :

- گەوەرم، ئێستا ئازا و ترسنۆك یەك نین، بەڵكو لە دەستی ئازادی پاڵەوانێكی ستەملێكراو زۆر بەهێزتر و ئاسوودەترم... بارتەقای تانكێك كاریگەر و بەسۆم. هەرچەندە ئاگرەكە لە لوولەم دەردەچی؛ بەڵام گومانم لەوەدا نییە؛ كە زادەی جەرگی سووتاو و دڵی هەڵكروزاوی هەڵگرەكەمە!

## (58)

# ئاگری تۆڵەم

دەزانم لە نەخۆشخانەی مەلاتیام لە تورکیا؛ لە بەشی سووتان. بە دووری حەوت سەد کیلۆمەتر لە سنووری کوردستان. چاو بەو ژووره خاوێنە دەگێرم کە سەرتاپای سپییە؛ پێچەوانەی ماوەی رابردوو؛ کە لە تاریکستان و رەشستانی ژێر ئالاو هزری داعش دەژیام. ناوم زهورە سەیدۆیە و خەڵکی کۆچۆم. هەر چەندە تەمەنم بیست و دوو ساڵانە، بەڵام بەو شەش مانگە؛ هەستمکرد زۆر لەوە زیاتر ژیاوم کە پێویستە. چۆن وانابێت لەوکاتەی باوك، برا، مام و خاڵەکانم کوژران؛ دواتر لەگەڵ سەرجەم خانەوادەکەم رفێندراین؛ لە بازاڕەکانی سوریا هەراج کراین.

ئای خوایە لە ستەم و دڵرەقی مرۆڤەکان. کاتی ئادەمیزاد مرۆڤایەتییەکەی لە دەست دەدات، لە هەموو جانەوەرێك خراپتر دەبێت. ئاخر بە چ حەقێك؛ لەگەڵ کۆمەڵە کچێك؛ لە زیندانەکانی رەقە نرخمان لەسەر دانرا و هەرزانفرۆش کراین؟ بۆ ئێمە کاڵابووین یان مێگەلە مەڕ؛ تا ئەم کەیبرانە بە هەوەسی خۆیان بێن و دوای کڕین؛ بە شەق سواری ئۆتۆمۆبیلەکانمان بکەن؟

بە ئەستەم چاوم دەکرێتەوە و سەیری پزیشك و پەرستارەکە دەکەم، ئەوانەی بە دەم سەیرکردنی کاغەزی تاقیگە و پشکنینەکان، بە هێواشی قسە لەگەڵ یەك دەکەن و بە خەمباری سەر دەهەژێنن. نازانم چەندە رۆژە لێرەم، بەڵام هەست دەکەم بەم زوانە دەگەرێمەوە کوردستان؛ و لێم مەپرسن چۆن!

راستیەکەی سەیرم بەو داعشانە دێت، ئەو خەڵکە کاتی قسە دەکەن، تەنها

ورتەیان لێوە دێت. ئەم پزیشك و پەرستارانە وەك كۆتر؛ زۆر بە هێواشی قسە دەكەن و گمەیان دێت! رێك پێچەوانەی ئەوان و بەتایبەتی ئەو سعودییە پووچەی؛ منی بە دیاری خەلیفە پێبەخشرا. ملهوڕێكی بێ مێشك، نازانم چۆن بەم هزرە چل ساڵی بەرێكردووە؟ لەندەهۆڕێكی كەلەپووچ. هەموو ژیانی لە بیابانەكان و بە هاودەمی حوشتر بەسەربردووە. ژیان لای ئەو هەر قاوە، حوشتر و گۆشتی قومقومۆك بووە. تەنانەت بۆنی عارەقەی وەك كەلاكی سەگ وابوو. بۆ وانەبێت گەر خۆشترین خواردنەوەی میزی حوشتر بێت؟

ئەبو ئوسامە هیچ سیمایەكی مرۆڤانەی نەبوو، نەخۆی دەشووشت، نە ددانی پاك دەكردەوە. هەموو دەم بە دەست نانی دەخوارد و دواتر نەیدەشووشت، بۆیە بەردەوام بۆن ساردی لێدەهات. جوانترین جلی دشداشەیەكی بۆری چڵكن(وابزانم بە ئەسڵ رەنگی سپی بووە)نەعلیكی سەندەڵ بوو؛ كە بەسەر پێی وەدەكرد. دوو چاوی بچووك بە شێوەی قۆبچە، لچ و لێوێكی ئەستور وەك هی حوشتر. لووتێكی زل كە زۆربەی دەمووچاوی گرتبوو. ئەمە بەدەر لەو مێشكە بەتاڵەی؛ كە بێهوودە خرابوویە نێو كاسەی سەری و هیچ بە كاری نەدەهێنا. هەموو دەم بە منی دەگوت؛ (كافر، سەبییە، كۆیلە) وەك ئەوەی بە خۆی نەوەی هارون رەشید بێت!

بەردەوام باسی سعودییەی دەكرد؛ وایدەزانی ناوەڕاستی جیهان و یەكەم شوێنی سەر زەمینە. زەوی رووتەختە نەوەك خڕ؛ بە هیچ شێوەیەك ناخولێتەوە. مرۆڤ نەگەیشتۆتە سەر مانگ؛ چونكە ئەگەر ئەم شتە راست بێت؛ كەواتە لەسەر رووی مانگ پیسایی كردووە، ئەم قسەش رێك پێچەوانەی قسەكانی خودایە لە قورئان!

نازانم باوەڕدەكەن یان نەخێر؛ لە سعودییەوە بە تایبەت؛ میزی حوشتری بە دەبە بۆ دەهات! بە خۆشحالی و جێژەوە دەیخواردەوە؛ دەیگوت شیفای هەموو دەردانە. تەلەفزیۆن لای حەڕامبوو. تۆپانێ بیدعە بوو. دەبێ ژن تەنها

چاوی دیاربێت؛ تەنانەت کاتی لە ماڵەوەشە، نەوەك فڕۆکەیەکی کافران بەسەر ماڵەکەی بفرێت و عەورەتی ژنەکە دیاربێت... لەبیرم چوو ئەوەش بڵێم؛ کە ژن هەمووی عەورەتە تەنانەت دەنگیشی!

کاتی توڕە دەبوو؛ بەو دەستە ئەستوورە رەشانەی لێی دەدام و دەیگوت: "ئێوە کافر و دێوپەرستن، دەبێ هەمووتان بکوژرێن!". منیش دەمگوت: " ئێمە بەر لە ئێوە بە هەزاران ساڵ؛ یەکتاپەرست بووین. کاتی ئێمە خوامان دەپەرست؛ ئێوە لە بیابان خەریکی هوبەل پەرستی بوون!" .

سەرباری ئەوەی خۆی بە موسوڵمانێکی پابەند دەزانی، کەچی بە شێوازی زۆر خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکردم؛ پێی وابوو کە ئەو خاوەنی منە و بشمکوژێ؛ حەقبەدەستە و گوناهی ناگاتێ. جارێکیان زۆر توڕەبووم و گوتم:

- چۆن و کێ منی کردووە بە کۆیلە؟ ئەی خۆتان ناڵێن عومەری کوڕی خەتاب گوتویەتی: " چۆن خەلك بە کۆیلە دەکەن، لەو کاتەی بە ئازادی لە دایك بوونە؟" .
- بڵێ ئەمیرول موئمینین هەی کافرە! (بە دەم لێدانەوە) بشلێ رەزیەل لاهو عەنهو... دواتر تۆ بێکەسی و ئێمە تۆمان لە غەزو دەست کەوتووە؛ سەبییە.
- چۆن بێکەسم؟ من کچی پیاو و خوشکی جوامێرانم، گەر ئەوانتان بە ناپاکی و لە ناکاو نەکوشتبا؛ قەد ئەو پیاوە نەبوون ؛ئێمە بە کۆیلە بکەن...
- دەنا باش بزانە، هەموومان کوشتن و لاشەکانمان فرێدا؛ تا سەگ بیانخوات. ئەو سەگەی لاشەی باوکتی خواردووە؛ ئێسکەکانیشی کرۆشتووە؛ دواتر وەك پیسایی فڕێداوەتە سەر زبڵدانێك! ئەوە لە دونیا؛ لە رۆژی دواییش باوکت و هەموو پیاوانتان؛ بە ئاگری دۆزەخ بە هەتایی دەسووتێن؛ کافرباب! هههههە. (پێدەکەنی)

بەردەوام ئەم بەزمە؛ بە پێکەنینی ئەو و گریانی من؛ بە دەم ئازارەوە کۆتایی دەهات، بە دەم هەنیسکەوە لە دڵی خۆم دەمگوت:

- هەی سەی لە بابێ سە، شەرتبێ رۆژێك بە گۆبەندێکت ببەم؛ لە دونیا بە ئاگری تۆڵە بسووتێی، بەر لەوەی لە دوارۆژ؛ بە ئاگری جەهەنەم شادبیت؛ هەی کافر!

زۆرم رق لێ دەبۆوە؛ هەموو دەم؛ دەست و لاقمی بە گوریس دەبەست تا لەگەڵم جووت بێت. زۆری لێدەدام، خواردنی کەمی پێدەدام لە بەرماوەی خۆی. هەر ئەوەندەی پێ بژیم و لە برسان نەمرم. سەربار نەتل و چەکووس بوو! بەم سەرمایە سوپای پێنەدەکرد؛ نەیدەهێشت پێی بکەم و بەردەوام لە سەرمان هەڵدەلەرزیم.

- خاتون، مێوانێکت هاتووە! (پەرستارێك بە هێواشی گوتی)

سەیرم بەم قسانە دێت، کەس لێرە ناناسم؟ ئەو پیاوە رێکپۆشە کێیە کە دێتە پێش؛ خۆ چاوەکانیشم باش نابینن.

- ئەوکاتەت باش خوشکی خۆم، من لە لایەن رەعدی ئامۆزات و ئەبو شوجاع هاتووم، تا بزانم چیت پێویستە؟

دەبی چیم بوێی؟ باوەڕبکەن ناتوانم وەڵام بدەمەوە. رووخسەت بێت تا بە ئەستەمی وەڵامی بدەمەوە:

- سوپاس براکەم... ئەگەر بکرابایە لەو جوامێرانەت پرسیبا؛ چەند رۆژە لێرەم؟

لەبەر چاومە پیاوەکە دەچێتە لای پەرستارەکان؛ بە تورکی قسەیان لەگەڵ دەکات؛ من بیستی مانگم دێتەوە یاد، کاتی بیرۆکەیەکم بۆ هات، وەك هەمووجار دەبەی نەوتم پڕکرد؛ چاوەڕوانی ئەم رەزیلەم کرد؛ تا بێتەوە ئەوجا بە دەستی خۆی سۆپاکە پێبکات. چون خنسەی دڵی نەدەهات بۆ منی پێبکات.

ئێوارەکەی هاتەوە؛ سەرمای کانونی دووەم لە ئێسکی مرۆڤ دەدات لێرە.

وەك هەمووجار لەسەرمان بەتانیەكم بەخۆ دادابوو؛ تۆزەك دوور وەستام. هات و سۆپاكەی بە دەستی خۆی پێكرد و... ماڵ بووە یەك پارچە لە دۆزەخ! دەنگی ئاگرەكە لە تەقینەوەیەك دەچوو. ئەگەر من بەتانیەم لەسەر نەبا؛ وەك ئەو دەبوومە رەژوو. خێن خێن خۆم گەیاندە دەرەوە، كاتێ دراوسێ و برادەرانی هاتن و زانیان سەگتۆپ بووە، منیان بەم بەتانیە سووتاوە؛ فڕێ دایە دەرەوەی شار.

- خوشكم؛ ئەمڕۆ هەشت رۆژە تۆ لێرەی! خەمی پارەت نەبێت، بەڵام پێم بڵێ چۆن بێرە گەیشتی؟

ببورن كابرا هاتەوە و پرسیار دەكات؛ پێویستە وەڵامی بدەمەوە. پەنجەكەم بڵند دەكەم تا قامكە بێ ئەنگوستیلەكەم ببینیێ؛ ئەوەی دایكم بە دیاری پێی دابووم. ئاخر كاتی لەسەر شەقام بە سووتاوی هەڵدەلەرزیم، دەستم لە تەكسییەك راگرت تا من بێنیتە ئێرە. لە بەرامبەردا ئەو پارچە خشلەم پێدا. كە گەیشتمە ئێرە؛ یەكسەر بە مۆبایل هەواڵم بە رەعدی ئامۆزام دا؛ ئەویش پێی گوتم خەمی هیچت نەبێت و رەوانەی ئێرەی كردم.

- سوپاس بۆ ئێوە برام... دەتوانم قسە لەگەڵ رەعدی ئامۆزام بكەم؛ تا سوپاسگوزاری بم؟

دەزانن، هەست دەكەم باش نیم، هەناسەم تەنگە و هیچ هەستم بە لاشەم نەماوە، دەزانم رێژەی سوتانەكەم لە سەدا هەشتا زیاترە؛ ئەستەمە چاك ببمەوە. رووخسەت بێت قسەیەك لەگەڵ ئامۆزاكەم بكەم، ئێستا مۆبایلەكەی ئەو كەسە بەرێزە وەردەگرم؛ دواتر قسەكانم لەگەڵتان تەواو دەكەم. بزانن، نالێم زۆر بەرێزە؟ ئەوە ژمارەكەی لێداو بەو پەڕی رێزەوە؛ مۆبایلەكە دەخاتە دەستم:

- ئەلو پسمام؛ زۆر سوپاس بۆ هەموو شتێك. وادەزانم ئەمە دوا قسەكانمە لە دونیا، هەست بە نزیكبوونەوەی مەرگ دەكەم. لەوكاتەی خودا حافیزیت لێ دەكەم؛ زۆر ئاسوودەم. چون ئەوەی دەست درێژی كردبووە سەرم، هەتكی كردم و بەردەوام لێی دەدام،

کوشتم... بەڵێ؛ بە دەستی خۆم؛ بەنزینم لە بڕی نەوت لە سوپاکە کرد و کردمە بۆمبایەکی بکوژ... بەڵێ ئامۆزا؛ تۆڵەی خۆمم کردەوە و ئەم کافرەم؛ ڕەوانەی ئەو دۆزەخە کرد ئەوەی لێیهاتبوو. دەزانی ئامۆزا؛ زۆر سەیرە، کاتێك قسەت لەگەڵ دەکەم، تونێلێك دەبینم کە دیوەکەی دیکەی زۆر ڕۆشنە... بەڵێ؛ باوك، برا و مامەکانم بە زەردەخەنەوە سەیرم دەکەن؛ چیای شەنگال لە پشتیانەوە دەردەکەوێت... ئەڵڵا لەو سەوزاییە جوانە؛ کە بە لالە، بەیبوون، گوڵاڵەی سوور و کولیکە نیسان ڕازاوەتەوە. خەمی منت نەبێ من گەڕامەوە. کەمێکی دیکە لاتان دەبم لەشنـ....

- ئەلو ... ئەلو دۆتمام بۆ دەنگت نەما ! ئەلو...

## (59)

# حەبی هۆشبەرم

من حەبە سەیرەکەم، نااا بیرتان دوور رۆیی، باسی شینە حەیاتەکە ناکەم. نەخێر من نیوەم شینە و نیوەکەی ترم سپییە. تێکەڵەیەکی ناوازەم و داهێنانێکی داعشیم، زادەی تێکەڵکردنی چەندین ماددەی هۆشبەرم، کە هەریەکەو بۆ مەبەستێکی جیاواز بەکاردێت. بەڵام لە کۆتاییدا من دێمە بەرهەم و هەموو کارەکان دەکەم!

هەندێك بە حەبی ئازایەتی و چاونەترسیم ناودەبەن. بە کەرە خۆکوژەکانم دەدەن؛ بەر لەوەی لە ئاخورەکان دەریان کەن؛ بۆ خەڵك کوشتن و ژیان تێکدانیان بنێرن. چون چاك دەزانن ئەو شێرە بەفرینانە ئینتیحاریانە؛ بە دەرکەوتنی خۆری راستیەکان و نەمانی ئاسەواری من، ورەیان دەڕوخێ و هاواری دایکەکانیان دەکەن. بۆیە بە ناچاری لە دوورەوە دەیان تەقێننەوە!

هەندێکی دیکە بە هێورکەرەوە و ئاسودەبەخش ناوم دێنن. باوەڕبکەن زۆرێك لەم حەبانەیان لە بەندیخانە و زیندانەکان؛ لە نێو خۆراکی تاووسە رەنگێنەکانی شەنگال دەکرد. ئەمەش لە ترسی بەرگری و کاردانەوە توندەکانیان؛ لە ئاست ئەم هەموو ستەمەی لێیان دەکرا. کاتێ ئەم تەیرە رەنگینانەیان دەبردەوە ماڵ، بە هیچ جۆرێك پێیان ماڵی نەدەکرا. بۆیە ئەم حەبانەیان دەدانی، تا لە ژێر باری بێهۆشی و پەردەی خەودا؛ وەك مۆتەکەیەکی قێزەوەن؛ سینگ و بەرۆکیان بگرن؛ بە هەموو شەهوەت، هەوەس و حەزە گڵاوەکانیان؛ جەستە پاکیزەکانیان داگیربکەن؛ دوای ئەوەی نیشتیمانیان داگیرکردن!

باوەڕبکەن زۆر شەرمم لەخۆدەکرد. کاتێ دەمبینی کەمتیارێکی ریشنی

بۆگەنی بێمێشك؛ لە سایەی منەوە؛ خەریکی لاقەکردنی تاووسێکی کلك رەنگینە. ئەم دەستەڵاتەم لەسەر لاشەی ئەم کچە بێتاوانانە؛ بە خیانەت و ناپاکی دەزانی. خۆم بە پاساوانێکی ناپاك دەهاتە بەرچاو؛ کە بە هۆی شیرینی خەو؛ شارێکی قەشەنگی دلێر؛ دەداتە دەست دوژمن. زۆرجار بیرم لەو زانایە دەکردەوە؛ کە ئێمەی داهێنا؛ بۆ کەمکردنەوەی ئازار و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بێئێش. وای ئەگەر دەیزانی ئەم ناپیاوانە؛ ئێستا بۆ چیمان بەکاردێنن! ئارەقەی شەرم دەیگرت و ئەسڵەن درووستی نەدەکردین. بەینی خۆمان بێت؛ زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوەح خۆ ئەگەر منیش نەبام، ئەو نامەردانە بەج ۆرێکی دیکە ئەم پەریانەیان هەر لاقە دەکرد. بۆیە دەڵێم... دەڵێم بوونم باشترە! خۆ ئەگەر هیچ نەبێ؛ بە لای کەم؛ شەرمی ئەم تاوانەم لەسەریان لابردووە!

لە ماوەی سەبیکردنی تاووسەکانی لالش؛ شایەدی چەندین رووداو بوومە. هەندێك لەم پاکانە سوپاسگوزاری ئەوەبوون؛ گوایە داعشەکان تەنها کاری ماڵیان پێدەکەن و دەست درێژیان ناکەنە سەر. نەوەك هەر ئەوەندە؛ بەڵکو هەندێ رۆژ درەنگ لە خەو هەڵدەستان، کەچی سەربار؛ خاوەنەکانیان سەرزنشتیان نەدەکردن! بێخەبەر لەوەی؛ کە دوێنی شەو لە رێگەی منەوە بێهۆشیان کردوون؛ شەو تا بەیانی لاقەکراون؛ بێ ئەوەی ئەم سادە بەستەزمانانە؛ هەستیان پێکردبێت!

کاتێ یەکێك لەمانە پێی زانی؛ ئاگری لە جەست پاکەکەی خۆی بەردا، لە بڕی کانی سپی؛ خۆی بەم ئاگرە شووشتەوە. ئەمەش بۆ خۆخاوێنکردنەوە لە تاوانێك؛ کە هیچ سوچ و گوناهێکی بەرامبەر نەبووە و لێی بەرپرس نییە. جاری واش هەبووە، من کلیلی دەرگا داخراوەکان بوومە؛ بە رووی ئازادی ئەم تاووسانە. تەنانەت هەندێجار منیان لە تێکەڵکردنی چەندین مادەی دیکە؛ داهێناوە!

ئەوەتا چوار پەری و دوای کوژرانی ئەبو هیلالی سەبیکاریان؛ ئەمیری

ناوچەی رەمبوسی؛ بە دەستی هەڵۆکانی چیای شەنگال. وەك کەلووپەل گەڕێندرانەوە بەیتول مال؛ بۆ دووبارە دابەشکردنیان! بیریان لە ڕێگایەك دەکردەوە؛ کە بە هۆیەوە دەرگای ئەم قەفەزە بشکێنن؛ دووبارە لە شەقەی باڵ بدەن و بەرەو چیا بفڕن. کێشە لەوەدابوو؛ کە ئەو بنکەی لێی دەستبەسەر کرابوون؛ بە دەیان پاسەوان چاودێری دەکرد. کەچی بیری ئازادی و رزگاربوون؛ بەردەوام لە مێشکیان دەخوولایەوە. یەکێك لەم پەریانە( کە پێشتر پەرستار بووە) بیرۆکەی دروستکردنی منی؛ لە ڕێگەی تێکەڵکردنی حەبەکانی؛ ئەلەرمین و پاراسیتۆل گەڵاڵە کرد. دواتریش زۆر بە کارزانی خستیانە نێو چای؛ دوای شێو بە پاسەوانەکانیان دا. پاش ماوەیەك چاوەکانیان قورس بوون و کەوتنە خەوێکی قووڵ. تاووسەکانیش لە شەقەی باڵیاندا. ماوەی چوار کاتژێر و نیو لە نێو دۆڵەکان بێ وەستان رایانکرد، تا لە کۆتاییدا بە دیتنی چیای شەنگال شاگەشکەبوون؛ فرمێسکی خۆشیان باراند. تەنها لەوێ بە ئازادی و خۆشی؛ کلکە جوانەکانیان بە رووی خۆری ئازادی کردەوە. باوەڕبکەن؛ ئەمشەوی بە دیار ئەم دە پاسەوانە خەوتووە زۆر پێکەنیوم، چون خۆیان بەو چاوانە دەزانی؛ کە رۆژی دوایی بە هۆی پاسەوانیکردن لە دەوڵەتی خیلافە؛ ئاگری دۆزەخ نابینن. بێخەبەر لەوەی؛ بەیانی و بە تاوانی کەمتەرخەمی؛ بە ئاگری تفەنگی برا موجاهیدەکانیان؛ بۆ هەتا هەتای دادەخرێن، بە نێوی ترسنۆك و ناپاك؛ لاشەکانیان فڕێ دەدرێتە بەردەم سەگان. ئەوەش هەمووی؛ بەر لەوەی لە رۆژی دوایی؛ بخرێنە دۆزەخەوە؛ بە هۆی لادانیان لە هەموو باو، نەریت و ئایینەکانی ئاسمانی و ئەرزی.

دەبا چیرۆکێکی خۆشترتان بۆ بگێڕمەوە، هی پەرییەکی سەلار، ژیرێکی هێمن. تەمەنی بیست و هەشت ساڵبوو. بە زۆری هاوسەرگیری پێکرابوو، لەگەڵ داعشێکی سوری لە رەقە. کاتێ هەندێ بەیانی درەنگ بەسەر ئێشەوە؛ لە خەو هەڵدەستایەوە؛ بە بێهێزی چاوەکانی دەکردەوە؛ گومانی بۆ درووست بوو. تا رۆژێکیان و لەکاتی کۆڵکردن، چەند حەبێکی سپی لە

گیرفانی داعشەکە دۆزییەوە، ئەوسا زانی ئەو حاڵەتە نامۆیەی کەیفخۆشی و خەوە زۆرە چییە!

هیچی نەگوت؛ تەنها بیری لە کاریگەری ئەم حەبانە کردەوە، کاتێك بەندیوانەکەی بەرەو کارێك رۆیی؛ دەرگای بۆ چەند رۆژێك لەسەر داخست، کاتژێری گرتەوە و حەبێکی قوتدا، ئەوکات زانی کە ئەم حەبە بچووکە توانای چەندە گەورەیە. مرۆڤ بە شێوەیەکی نیمچی مردوو دەخەوێنی؛ بە تەواوی لە دونیای دەکات. بۆیە پێی نایە قۆناغی دووەمی پلانەکەی. بە دوای کاتێکی گونجاو دەگەڕا؛ بۆ هەڵفڕین لەم زیندانە. بە مەرجێك؛ کەس هەستی پێنەکات و بتوانێت مۆبایل و بڕێك پارە ببات. تا کاتی تەواوی لەبەردەمدابێت؛ بۆ پەیوەندیکردن بەکەس وکاری لە کوردستان بە مەبەستی بە هاناوەهاتنی. ئەمەشی لە مێشکی دانابوو؛ ئەگەر پێویست بێت بەڕێی قاچاخ بەرەو تورکیای نزیك رابکات. سەربار؛ بیری لە تۆڵەش دەکردەوە، بۆ خوێنی باوك، برا و خزمە بە ناحەق کوژاوەکانی. ئەوانەی لە بەردەمی بە دڵێکی سارد کوژران.

دوای ماوەیەك؛ بەندیوانەکەی خوانێکی بۆ سێ لە هاوڕێی لە خۆی تاوانبارتر؛ سازدا. دوای خواردن؛ داوای چای زهوراتیان کرد. تا بەدەم باسکردن لە هەڵکشانی سنووری دەوڵەتی خیلافەت؛ مێشکیان ئارام بکەن. پەریییەکەمان لەم ماوەیەدا؛ هەشت حەبی لە گیرفانی مێردەکەی دزی بوو. هێنای و جوان جوان کوتایانی؛ هاڕاوە سپییەکەی خستە نێو چاکە، چوار پیاڵەی گەورەی لەسەر خوانچەیەك بۆ دانان.

دوای ماوەیەکی کورت؛ هات و بینی سەد ساڵە خەوتوون؛ سەرەتا دەستی لێدان کەچی هیچ وەڵامەیان نەبوو. دواتر بە شەق و شولاق کەوتە وێزەیان؛ تا کەمێ کۆڵی دڵی خۆی دەربێنی. کلیلی لە گیرفانی بەندیوانەکەی دەرهێنا و خۆی ئامادەکرد بۆ هەڵفڕین. بەر لەوەی دەرچێت؛ زۆر بە ساردی گەڕاوە موبەق؛ تیژترین چەقۆی دەرهێنا، ئەوەی ماوەیەك بوو بە قینی دڵی تیژی

دەکردەوە. لە داعشەکان نزیك بوویەوەو مەچەکی هەر چواری بڕین؛ فەوارەی خوێن فریچقەی کرد؛ لە ژێر مەچەکە ساردەکان؛ جۆگەلەی گرت. مۆبایلی بەندیوانەکەی لەسەر زەوی هەڵگرتەوە و لە گیرفانی نا، مۆبایلەکانی دیکەی شاردەوە. بەرەو دەرگا رۆیی تا بچێتەدەر؛ بەڵام شتێکی بیرهاتەوە. زۆر بە هێواشی گەڕایەوە؛ تفێکی گەورەی لێکردن. ئەوسا نیقابەکەی خستە سەرچاوانی؛ و بە هەنگاوی زۆر جێگیر، لە زیندانەکە هاتەدەر!

## (60)

## عەزیمە سە!

ئەوە چییە؟ کێ ئەم ناوەی پێدان؟ قبوڵم نییە و ئەسڵەن قسە ناکەم. بۆ دەبێ لە چەندین نازناوی جوان، کە بە من گوتراوە، ئەم ناوە ناخۆشە هەڵبژێرن؟ من کە ناوم عەزیمەیە؛ لە منداڵیەوە رقم لە ناوی خۆمە؛ چون بە مانای داوەت و خواردن دێت؛ هەر بۆیە وا قەڵەو و گۆشتنم. چی چی؟ نیازی قایم و پتەو؟ ویستی بڕیار لەسەردراو؟ دەزانم ئەمانە مانای ناوەکەی منن، بەڵام تۆ وەرە لە گەڕەکێکی هەژارنشین بژی؛ ئەوەی شوقەکانی وەك قەفەزی مریشك بەسەر یەکن، لێوانلێو لە نەخۆشی، نەخوێندەواری و خەڵکی ناهۆشیاری خۆهەڵقورتێن؛ ئەوجا باس لەو شتانە بکە!

لە گەڕەکێکی هەژارنشینی کەنار شار گەورەبوومە. باوکم کاسب بوو، بەڵام موسوڵمانێکی توندڕەو و پەڕگیر، هەموو دونیا لای ئەو بە قەد دوو پەنجە بوو. لە تەمەنی شەش ساڵان حیجابپۆشی کردین، هەموو شتێکی لێ قەدەغە کردین. هیچ کات لە گەڵمان پێنەدەکەنی. هەموو لەشی ئافرەت عەورەبوو. تەلەفزیۆن حەرام و پێکەنین بەدڕەوشتی بوو. بەهۆی فشاری دایك و خاڵوانم نەبوایە؛ نەی دەناردینە قوتابخانە، بەڵام چ ناردنێك؟ ساڵانە تەنها دوو جلمان بۆدەکرا، زستانی و هاوینی. زۆربەی کات بێ پارە دەڕۆیشتین و هەر چاومان؛ لە دەستی خەڵك بوو. بۆیە لە منداڵییەوە رقم لە هەموو کۆمەڵگە دەبۆوە. ئەو بەشبڕان و بەکەمزانینە؛ رقێکی زۆری لە دڵم بەرامبەر بە کۆمەڵگە درووستکرد. وام لێهات بە چاوی دوژمنداری سەیری

هـەمووان بکـەم. هـەوڵی ئـازاردانی قوتابیـەکانی هـاوپۆڵم دەدا، شـتەکانم دەشکاند؛ پێنووسـەکانم دەدزی. بـە راسـتی شـەڕانگێز و دەغـەزداربووم؛ بۆیـە منـداڵان ناویـان نـابووم (عەزیمـە سـە) چـون بـە شـێوەی سـەگێکی هـار؛ پـەلاماری هـەمووانم دەدا. هەرچەنـدە خوشـك و براکـانم پێیـان دەگـوتم (عەزعـەز) یـان (عـەزیزە) کـەچی هـەر ئـارام نـەدەبووم ؛ و دڵـم ئـاوی نەدەخواردەوە. ئاخر لەو قۆناغـەی تەمـەن، هەزاران حەز، ئارەزوو و داواکاریم هەبوو؛ کەچی هیچیانم بۆ نەدەهاتە دی. حەزم لە جەنتای رەنگاوڕەنگ، جزدانـی وێنـەی بـاربی لەسـەر، بـەرگی ئـەفلام کـارتۆن، قردێلـەی سـۆری بریقـەدار، پێڵاوی پەمـەیی، کـاتژێری گوڵڕەنـگ بـوو. حـەزم لێبـوو لەگـەڵ خێزانەکـەم بچمـە گەشـت، رابکـەم و پـڕ بـە دەم پێبکـەنم. سـواری حنـدرحۆ و خشخشـۆك بـم. بچمـە باخچـەی ئـاژەڵان، شـاری یـاری. کەسـێك هـەبێت ئاهەنگی لـە دایکبـوونم بـۆ بگێڕێـت و دیـاریم پـێ ببەخشـێت. کێکـی پـڕ لـە کرێمم بۆ بینـی، کـە مـۆمی بەسـەر بێـت و نـاومی لەسـەر نەخشـێندراوبێت... بەڵام ئەفسوس.

راستە قۆناغـەکەم تێپەراند، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز؛ بەشخوراوی و تاڵاوی ئاواتە بەدینەهاتووەکانم تێنەپەڕاندووە. لە ناخمدا هاوشێوەی چیایەکی سەهۆڵبەندان؛ رەگێگکی قوڵی داکوتاوە. هەستێکی تاڵ بە منداڵییەکەی بێ مانای بێتام. دوور لە هەست، سۆز و گەیشتن بە ئامانجە بچووکەکانی دونیای بچووکی منداڵی.

کـاتی خـۆم ناسـی و گەیشـتمە قۆنـاغی هـەرزەکاری. هەسـتمکرد ئـەم دونیایەی من چەندە ناخۆش و ستەمکارە. منێك کە جگـە لـە ورگـم، زۆرێك لە ئەندامەکانی لەشم گەشەیان کردبوو. خـەیاڵ و هـەوای سـەیر دەهاتنـە نێـو مێشکم. تووشی دووڕیانێکی سەخت بووم. ژیان لەو قالبەی باوکم؛ ئەوەی بە تێڕوانینە ئایینیە تەسکەکەی خۆی؛ بۆ داڕێشتبووم و تووشی هەژانی کردم. لەو کاتەی کە دەمبینی هاوڕێ و دەستە خوشکەکانم، بە ئازادی دەژین، زۆر

بە ساکاری هەڵسووکەوت دەکەن. کەی ویستیان لە تریقەی پێکەنین دەدەن؛ بێ ڕەقیب و چاودێر دێن و دەچن. باس لە زنجیرە و دراماکان دەکەن. ناوی بیرمەند، یاریزان، رۆشنبیر و ئەکتەران دەهێنن. کتێبی شیعر و فەلسەفە دەخوێننەوە. لەنێو خۆیاندا رۆمانە جیهانییەکان دەستی دەکەن. بەشداری لە بۆنەو ئاهەنگەکان دەکەن. شایی دەکەن، شانۆگەری نمایش دەکەن. موزیك دەچرن، بە جلی ئاڵاو واڵا هەڵدەپەڕن... کەچی من؛ هەر بەو مانتۆیەی پێش دووساڵ دێم و دەچم؛ ئەوەی دایکم لە هەرزان بازاڕ بۆ کڕیوم. ئەستورە و هاویانان ئارەقەی پێدەکەم؛ بۆنی ناخۆشم لێ دێت. لەوکاتەی لە ترسی باوکم ناوێرم بۆن لە خۆدەم؛ چون هەر پیاوێك بۆنم بکات؛ ئەوا بە داوێنپیسی بۆم دەنووسرێت! مانتۆیەکی قاوایی کە تفتگی دەرچووبوو؛ لەبەر زۆر شۆرینی؛ رەنگی خۆی لە دەست دابوو. تەنانەت زۆر جار لەبەر بێ کارەبایی؛ بەبێ ئوتوکردن لەبەرم دەکرد. لە نیگای کێژۆڵان؛ گاڵتە و سووکایەتی پێکردنم بەدی دەکرد. ناویان نابووم (عەزە) یان (عەزە قۆڵبڕ) چون مرووز و جلکم زۆر لە هی مام عەزیزی خاوەن حانووتی قوتابخانە دەچوو؛ ئەوەی شتومەکی گرانتر دەفرۆشتە قوتابیان.

دەبا شتێکتان پێ بڵێم، ئەوانە هاوڕێ و دەستە خوشك نەبوون؛ قەد خۆشم نەویستوون. بەردەوام دژایەتیم دەکردن؛ دەبوومە چاودێری نهێنی بە سەریانەوە. هەموو هەڵسووکەوت، کەلوپەلی مکیاژ، گۆڤاری هونەری، نامەی نهێنی، قسەی قۆڕ، هۆنراوە قاچاخە پەنهان و نهێنیەکانم؛ لای بەڕێوەبەر دەدرکاند. هەموو پۆل تاقیکردنەوەی دوادەخست جگە لە من. بۆیە خوێندن لام ببو بە خوێك، تاکە ڕێگایەك بۆ ئەوەی خۆمی پێ دەرخەم. بە کورتی... دەبەنگێك بووم کە بە زۆر خوێندن و خۆنزیکردنەوە لە مامۆستایان؛ خۆباش نیشاندان لای خەڵك؛ هەوڵم دەدا نمرەی باش و پێگەی چاك وەرگرم... هەرواش بوو!

ئامادەییم تەواو کرد و چوومە کۆلیژی ئەندازیاری، بەڵام هەر دڵکرمی و نارێکەکەی جاران بووم. هاوشێوەی گووژاڵکێك بووم لە نێو باخچەیەکی

رازاوە؛ لە گوڵ و گولزار؛ تەژی بە کیژوکاڵی جوان. بۆیە هەوڵمدا زیرەك بم و خۆم بە ئایینپەروەر نیشان دەم؛ بە ڵکو کوڕێکی جوانکیلەی دیندار؛ بەم رەفتارانەم سەرسام دەبێت و دەمخوازی! چوار ساڵەکەی خوێندنم بەم شێوازە بەسەربرد. ئەوەبوو لە رێگەی رێکخستنە ئیسلامییەکانەوە پشتگیری و کۆمەك دەکرام. دواتریش هەر لەرێگەی ئەوان و بەسەد دوعا و نزا؛ کوڕێکی ناسکی چاو شینیان بۆ دۆزیمەوە! بە بیانوی ئەوەی جوانی یەکێکە لەو چوار مەرجەی بۆ خواستنی ئافرەت دانراوە، لە ژێر ناونیشانی ئەوەی کە (جوانی ناخ شەرتە). بەڵێ ... وایان لەم بەستەزمانە گەیاند؛ کە من رابیعەی عەدەویم؛ دڵم لە کراسی سپی خاوێنترە؛ ئەوەی من بخوازێت دونیا و قیامەت دەباتەوە... هەی!

باوەڕبکەن، ئێستاش نازانم چۆن بە من رازی بوو؟ ئاخر زۆر ناجورم؛ دەم و لەوسێکی ناڕێك، ددانی پەرتی شاش. دووچاوی بچووك هاوشێوەی قۆبچەی یەخەی کراس! لووتێکی خڕی ناشیرین. دوو برۆی ئەستوری رەش، باوەڕبکەن باز لەسەری بوەستی ناچەمێتەوە. جگە لەمە؛ لەکاتی قسەکردن هەر تف فڕێ دەدەم و زۆر زوو هەڵدەچم؛ هیچ لە ئەتەکێت و رێزگرتن نازانم... لێشم مەگرن چون فێرنەکراوم.

بەهەرحاڵ، من و هاوشێوەکانم کە لە هەموو تەمەنمان کەس ئاوڕی لێ نەداوینەتەوە؛ ئەم رقە ئەستوورەمان لە کۆمەڵگە هەیە. لە ماوەی شەو و رۆژێکدا و لەسایەی دەوڵەتی خیلافە؛ بووین بە خێزانەکانی ئەمیر و وەزیری خەلیفە... چی؟ نااا گەورەمان خواپایەداری بکات تەنها کچی ناسك و جوان دەخوازیت. بووین بە هەموو شتێك؛ جڵەوی دەستەڵاتمان لە دوو وڵات کەوتە دەست. چی؟ کەتیبەکانی خەنساو ئوم رەیحان ؟ ئەوانە هی کچە بێمێردەکانی تەمەن هەژدە تا بیست و پێنجساڵانە، کە باس لە ئایین و بنەماکانی ئیسلام بۆ ژنان دەکەن، تەنانەت بۆیان هەیە سزای هەر ئافرەتێکیش بدەن. راستە ئەمانە زۆر دەستەڵات دارن؛ بەڵام ئێمە بە سەرووی

ئەوانەین. چون خێزانی والی و ئەمیرەکانین! بەڵێ؛ هەموو شتێك بە دڵی ئێمە بوو، تا ئەو سەبییە جوانانە هاتن، ئەوکات ئاگر کەوتە دڵمان و سەرجەم رق، قین و هەست بە کەمایەتی کردن و گرێیە کۆنەکان نوێی بوونەوە. ئاخر ئەوان زۆر جوان بوون. قژی زەرد، چاوی کاڵ، لاشەی ناسك. دەتگوت پەرین. کاتی لە ئاوێنە و بەراورد بەوان سەیری خۆم کرد؛ ئەوجا زانیم بۆ پێم دەگوترا عەزە قۆڵبر... هەرچەندە هەوڵمدا قژم زەردکەم و تۆزێك خۆم جوانکەم، بەڵام لە چاو ئەو پەریە شەنگالیانە؛ خۆم وەك سەلکە ترێلەیەکی ئەخچەم هاتە بەرچاو؛ لە ئاست ئۆتۆمۆبیلێکی سالۆنی بچووکی مۆدێل بەرز!

بۆیە بڕیارماندا، بەڵێ من و هاوشێوەکانم لە دەوڵەتی خیلافەت، کە ئەم دونیایە لەم تیتروسکانە بکەین بە تەوەس و دۆزەخ. لێرە چیرۆکی چەند خوشکێکی هاوشێوەی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە؛ لە عەزیمەکانی عێراق و سوریا بۆ خۆتان گوێبگرن و پێبکەنن، بزانن ئێمە چەندە خاوەن دەستەڵات و زیرەکین. ئەوەتا من واز دەهێنم و مەودا بە عەزیمەکانی دیکە دەدەم تا قسە بکەن.

سڵاو، من عەزیمەی سوریم و خەڵکی ئەدلبم، دوای دەیان ساڵ لە قەیرەیی؛ بەسەد ناڵی عەلی تا مێردم بە ئەمیرێکی سعودی تەمەن پەنجا ساڵەکرد. کەچی لە ناکاو ئەو بێبەهایە؛ سەبییەکی جوانی بۆ هێنامە ماڵ؛ گوایە دیاری خەلیفەیە! ئافرەتێکی بچووکی ناسك، کە کیژۆڵەیەکی جوانی هاوشێوەی خۆی هەبوو. هەرچەندە هاوسەرم بە نێوی خزمەتکار هێنای، بەڵام من چاوە حیزەکەی پیاوان دەناسمەوە. ئەوان بەردەوام بیریان لە سەری هینیانە! بۆیە لەگەڵ هاتنی؛ دەستمکرد بە ئەشکەنجەدانیان و بەتایبەتی کچە بچکۆڵەکە. شەو و رۆژ لێم دەدا. نەمدەهێشت لەگەڵ دایکی بخەوی، قەدەغەبوو بە زمانی کوردی بێباوەڕان قسەبکەن. هەر کاتێك دایکەکە بە کوردی وەڵامی دابایەوە یان قسەی کردبا، بێ یەك و دوو ئەشکەنجەی

کچەکەیم دەدا. ئەویش بە دەم گریانەوە بێدەنگ دەبوو. بە بیانووی فێرکردنی قورئان؛ بە نینۆك قورینجم لێ دەدا تا شوێنەکە خوێنی لێ دەهات. لەسەر کوردی قسەکردن پەنجەکانیم داغ دەکرد.

کاتی ئەم بەستەزمانە؛ وشەکانی قورئانی باش دەرنەدەبڕی، یەك کەوچك بیبەری توونم لە دەمی دەکرد و بە دەستم توند دەمیم دەگرت. ئەو لە قیژەی دەدا و منیش لە تریقەی پێکەنین. دواتر بەرم دەداو نەمدەهێشت ئاو بخواتەوە، دایکی چ حەددی هەبوو ئاوی پێبدات! باوەڕبکەن، دیمەنێکی زۆر کۆمیدی بوو. هاوشێوەی مریشکێکی سەربڕاو لە شوێن خۆی هەڵدەپەری؛ و سەری بەدیوار دادەدا... هههەه! (پێکەنین).

کاتێك شتێکیم پێی ئەزبەر دەکرد و لە بیری دەچوو. بۆ ماوەی سێ رۆژ بێ نان و ئاو؛ لە ژووره تاریك و بچووکەکەی کۆگام؛ بەند دەکرد. لەم شوێنە کە قەبارەی دوومەتر بە دوومەترە؛ لە ترسان و برسان هەر دەگریا؛ ماوەیەك دەنووست و دواتر هەڵدەستایەوە؛ بە نووزەنووز بانگی دایکی دەکرد. دایکیشی لە پشت دەرگا دەگریا و لە خۆی دەدا. دوای سێ رۆژ؛ ئەوجا مەودای دایکیم دەدا تا بیهێنێتە دەر؛ ژوورەکەش لە پاشەڕۆی ئەم منداڵە پیسە خاوێن بکاتەوە!

جاری وا هەبوو، هەر بۆ خۆشی دەمبردە باخچەکە و بە گوریس لە نێوان دوو شەبکە دارم دەبەستەوە، دەستمدەکرد بە ئەشکەنجەدانی. کاتی دایکی دەهات و دەپاڕایەوە؛ دووبارەم دەکردەوە و بە هاوار دەمگوت:

- ئەوەش لەسەر حسێبی دایکت!(ئاوڕم لە دایکەکە دەدایەوە) هەر قسەیەك بکەیت دارێکی دیکە لێ دەدەم. ئەوجارە بە زمانێکی دیکە جگە لە قورئان قسە بکات، پارچە پارچەی دەکەم. ئەگەر لە فەرموودەش نەگات، ڕێك دەیکوژم!

هههەه! (پێکەنین)؛ دەزانن بە چی پێدەکەنم؟ جارێکیان منداڵەکەم لە شوێنێکی تاریك دانا؛ دواتر ماسکێکی ترسناکم لە دەمووچاو کرد، لە ناکاو

چوومە بەرامبەری و دەمانچەم لێی راکێشا... باوەڕبکەن قیژەیەکی لێهات و لەهۆشخۆی چوو... هههههه!(پێکەنین)؛ چییە بۆ پێناکەنن؟ بەهەرحاڵ، دایکی هات و گوتی:

- تۆ لە خودا ناترسی؟
- بۆ ئێوەش خودا دەناسن ؟ ئەوە کافری کچی کافرە و بە هەوەسی خۆمانی لەگەڵ دەکەین.

وام وەڵام دایەوە، کەچی دەزانن ئەو بەرقەشە چی بە من گوت؟ سەیری نێوچاوانمی کرد و گوتی:

- کافر ئەوەیە پیاوی بێ چەك دەکوژی، کافر ئەوەیە ژنی خەڵك بە کۆیلە دەکات، کافر ئەوەیە منداڵی بێتاوان دارکاری دەکات؛ چێژ لە لێدان و ترساندنی وەردەگرێت... تام لە ستەمکاری وەردەگرێت.

باوەڕبکەن، کاتی بەرەنگاری چاوەکانیم بوومەوە؛ هەستم بە ترس کرد. شەقێکم لێدا، بەڵام هیچ رووی وەرنەگێڕا؛ هەر بە دوو چاوی ئاگرین سەیری کردم.

هەرچەندە رۆژێ تەنها دوو ژەم خواردنم پێدەدان؛ هەر بە پیسیم دەهێشتنەوە. کەچی هەستمکرد هاوسەرەکەم بە تامەزرۆییەوە سەیریان دەکات؛ دڵی پێیان خۆشە. بۆیە پێم گوت:

- بزانە پیاوەکە، هەر نزیك بوونەوەیەك لەم سەبییە ماڵت بۆ جێدێڵم؛ نهێنیەکانت ئاشکرا دەکەم؛ برای موسوڵمانی ئەمیری خیلافەت!

ئەویش لەو قسانەم ترساو؛ دوای پێنج مانگ لە مانەوەیان لامان، بە پەلەپەل بردنی، فرۆشتنی و لە کۆڵم بوونەوە.

سەلامون عەلەیکوم. من عەزیمەی میسریم، نازانم چیم دابوو لەو هەموو بینە و بەردە. لەو کاتەی کە مێردە مەنگۆزەکەم لە میسر؛ حسێبی هیچی بۆ نەدەکرا؛ هات و لێرە بە زمانە لووسەکەی بوو بە ئەمیر. کەچی لە ناکاو سەبییەکی جوانی بە چەندین منداڵەوە؛ وەك مانگایەك بە فەرخەوە لێم هینا

ژوورەوە؛ تێم راخوڕی:

- ئەی بەخێر نێیتەوە ناوچاوان سپی، هاوسەرەکەم بۆ تۆی هێناوە؟ دەتەوێ ببی بە هەوێم؟
- دەتوانی لەو بپرسی خانم! (بە خەمباری گوتی)
- من لە تۆ دەپرسم، دەتتوانی قبوڵی نەکەیت.
- ژێردەستەم و هیچ دەستەڵاتم نییە، ئەسڵەن بە بێ ئاگاداریم منی کڕیووە.
- (ینیلو راگل واطی)، دەك داوەشێی و نەفرەتی خوا لە هەموو پیاوان بێت؛ لە دونیا بەر لە قیامەت. هیچ رێز لە هاوسەریان ناگرن. ئاخر منێك کە لەبەر خاتری ئەو؛ وڵاتی خۆم جێهێشتووە و بەگەلی کەوتووم؛ ئەوە پادشتمە؟... نەفرەت لە تۆش بێت هەی کافرە!
- وەك گوتم خاتون، ئێمە بێ دەستەڵاتین؛ منی هێناوە تا بە رۆژ و شەو خزمەتتان بکەم.
- ئەوە منم کە دەبمە مۆتەکەی رۆژ و شەوت سەبییە، شەرتبێ ببم بە جەلاد و روحت بکێشم! (بە توڕەیی وامگوت)
- میهرت بە ئێمەی غەوارە بێتەوە خاتونی گەورە. زۆر بێدەستەڵات و ماڵوێرانین.
- چی لە بەختی رەشم بکەم، لە منداڵییەوە نوێژ دەکەم و پابەندم، کەچی بەو تەمەنە بچووکە هاوسەرە ناپیاوەکەم؛ کافرێکی هێناوەتەوە ماڵ تا ببیتە هەوێم... (یا راگل یا دوون)!
- شوکور بۆ خوا خاتون، ئێمە ئێستا موسوڵمانین و نوێژ دەکەین! ( بە ترسەوە وایگوت)
- ناوەڵڵا ! ئەی تۆ لە بنەڕەتدا ئێزدی نیت هەی نەفرەتی؟ دەزانم تۆ لە کافرەکانی سنجاری... نەفرەت لە خۆت، لە هۆز و لە مێردە پووچەکەم بێت.

- بۆ نەفرەت دەکەی خاتون؟ مەگەر گوناح نییە؟ دواتر با شتێکت پێ بڵێم؛ گەلی ئێمە زۆر لە ئێوە باوەڕدارترن.
- بزانە ئەو کافرە زمان درێژە؛ وەڵامیش دەداتەوە! (بە توڕەیی وامگوت) گوێبگرە کچێ؛ تۆ لێرە ژێردەستە و دیلی، زماندرێژی بکەی زمانت دەبڕم؛ تخونی هاوسەرم بکەوی؛ خۆت و منداڵەکانت دەرمانخوارد دەکەم... تێگەیشتی!

دەزانن خوشکانی هاوهەوێ؛ ئێمە ئەو سەبییانە بشکوژین؛ تاوانبار نین و گوناحمان پێناگات. چون ئەوانە کافرن و بە ناچاری و لە ژێر چەك بووینەتە موسوڵمان. ئەوجا با بۆتانی تەواو بکەم.

ئەم بابان وێرانە زۆر جوانبوو، دوایی دوو هەفتە هەستمکرد پیاوە چاو حیزەکەم ( ئللی تنزەب فی عێنو رصاصە) چاودێری دەکات؛ بە چاوی شەهوەتەوە سەیری دەکات. بۆیە دوای دەرچوونی یەکسەر چووم و لە پرچە درێژەکەی گرتم؛ سەریم بە دیوار دادا.

- هاا، دەبینم هاوسەرم زیاد لە پێویست لێت دێتە پێش؟ ئاگاداربە... لە دوورەوە چاودێری هەڵسووکەوتەکانت دەکەم، کۆیلە!
- ئەی هاوار، ئاش لە چ خەیاڵێك و ئاشەوان لە کام خەیاڵ، خۆت دەبینی، ئەسڵەن من قسەی لەگەڵ ناکەم.

ئەوجا بە راستی وابوو، ئەو ژنە بەردەوام ئاگای لە خۆی نەبوو، دەتگوت چیای لەسەر شانی هەڵگرتووە. بۆیە هەنجەتم پێیگرت:

- ئەی بۆ ماوەیەکە ئایەتی قورئانت پێ ئەزبەر دەکەم؛ کەچی دەبەنگێکی وەك تۆ؛ لەبەریان ناکات؟
- خاتونەکەم؛ من خەریکی کاروباری ماڵ و چاودێری کردنی سێ منداڵم. ئەمە جگە لە چێشت لێنان.
- بەڵێ وایە، بەڵام هەر دەبێ چەند ئایەتێك لەبەرکەی بۆ نوێژکردن کافر. دەنا دارکاریت دەکەم.

- خۆت دەزانی خاتون، تەمەنم بەسەر چووە بۆ لەبەر کردن، مێرد و دوو منداڵم بزرن. نازانم باوك و براکانم چارەنووسیان چۆنە. من خەڵکی کۆچۆم و زۆرمان ناخۆشی بینیووە. تۆش بەم داواکاری و چاودێرییە توندە؛ خەریکە دەمخنکێنی. نازانم ئێمە چیمان کردووە تا ئاوامان بەسەربێت. ئاخر ئێمەش ماڵ و حاڵمان هەبوو... ئەوەنیە لەگەڵتان پێنج فەرزە نوێژدەکەم خاتون؟

- ئەوەندە بەس نییە بێباوەڕ. دواتر خزم و کەست کافربوون؛ سزای دادپەروەرانەی خۆیان وەرگرتووە. ئەوەش هەمووی تاوانی خۆتانە. نابی مرۆڤی کافر لەسەر رووی زەوی بژییت. ئەگەر بەقسەم نەکەی بەوانتان دەگەینم.

هیچی نەگوت و خۆی بە کاروباری ماڵ و منداڵەکانی خەریك کرد. ئاگاداربووم بە بێدەنگی دەگریا. ئەم بابان وێرانە سەرباری ئەم خەم وخەفەت و ئەشکەنجەدانەی من؛ زۆر جوان بوو! (کانت زەیل ئشطە) بۆیە دواجار ئارمم نەماو بە هاوسەرەکەم گوت:

- نازانم تۆ چ ئەمیرێکی فشوفۆڵی و ئاگات لە ماڵت نییە؟ ماوەیەکە هەست دەکەم ئەم کافرە پیلانی راکردن دادەڕێژێت؛ لە پێناو هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام؛ گەڕانەوە بۆ نێو خزم و کەسە کافرەکانی لە شیمالول عێراق... (یا راگل یا فشنگ)

هاوسەرە دەبەنگەکەشم زۆر تورەبوو؛ هەموو قینی دڵی لەو ئافرەتە دەرکرد، ئەوەی نەیهێشتبوو نزیکی بێت. توند لە ملی گرتی و ویستی بیخنکێنی:

- دەتەوێ رابکەی هەی کافر؟

- ئاخ ئاخ! (بە پاڕانەوە) توخوا بەرمدە، لە بەردەم منداڵەکانم ئازارم مەدە.

- منداڵ؟ (دوو شەقی توندی لێدا) بە خوای ئەوجارە هەوڵی راکردن بدەیت، دەتنێرمە بارەگا، وادەکەم پاسەوانەکان یەك یەك و لەبەر دەم

منداڵـەكانت لاقـەت بكـەن، دوێنـی وایـان لـە سـەبییەك كـرد؛ ئـەوەی هـەوڵی راكردنـی دابـوو. باوەڕبكـە لـە پاسـەوانی سـێیەم لـە هۆشـخۆی چوو، كەچی حەفتەكەی دیكە بێگوێدانە باری تەندرووستی؛ كاری خۆیان كرد... تێگەیشتی؟

بەم شێوەیە هەموو رۆژ بە لێدانم دەدا، تا هاوسەرم بێزاربوو؛ چون نەیهێشت لاقـەی بكـات و بـردی فرۆشـتی... (ئـەهو دەل كـەلام؛ دەنـا عـەزیمـەل ول ئەجری عەلەڵڵا!)

سـڵاو، مـن عەزیمـەی سـوری ئـەدلبیم، خێزانـی یـەكێك لـە ئـەمیرە ترسـناكەكانی داعـش، لـە مـاڵی ئـەودا لەگـەڵ دایـك و خوشكەكانی دەژیـام، رۆژێـك لـە ناكـاو سـەبییەكی جـوانی سـی سـاڵان؛ بـە خـۆی و سـاوایەكی شیرەخۆرە و منداڵـەكانی هێنایـەوە ماڵـەوە. بە رۆژ خزمـەتی ئێمـەی دەكـرد و شـەوانیش هاوسـەرم دەیبـردە نـاو جێگـای خـۆی. هـیچ دەسـتەڵاتی هاوسـەرم نەبوو، بۆیە هەموو رق و قینم لەو دەردەكرد. زۆر بە خراپی لەگەڵ ئەم بەرازە كوردە مامەڵـەم دەكـرد، بـەردەوام پێمدەگـوت مـالۆس و نەمدەهێشـت بچێتـەدەر، تێكەڵ بە مێوان بێـت، كـەس ببینـێ و قسـە لەگـەڵ كـەس بكـات. باوەڕبكـەن وەك كـەنیزەم لێكردبـوو. نەمدەهێشـت یـەك خولـەك ئـارام بگـرێ. هههههـە (پێكـەنین) دەزانـن پێكـەنینم بـە چـی دێـت؟ شـەوێك بـەفر دەبـاری؛ نـاردم لـە حەوشە كومبار بشوات، ئـەوجا لـە هـەمووی خۆشـتر، مەلۆتكەكـەی لـە پشـت كردبوو و دەیشووشت! هههەه (پێكەنین). شەوانە كـە سـەرجەم كارەكـانی تـەواو دەكـرد و دەیویسـت بخـەوێ؛ داوای قـاوەم لێـدەكرد. ئـەوجا بڵـێن چـی؟ لەبـەر ئەوەی من دراوسـێ دۆسـتم، ئەگـەر كارەكـانی مـاڵێی تـەواو كردبـا؛ دەمنـاردە مـاڵی دراوسـێ تـا كـار بـۆ ئـەوانیش بكـات! هههـە (پێكـەنین) نـاڵێم ؛ مـن كارەساتم لە هەراسانكردنی خەڵك.

رۆژێك هاوسـەرەكەم بـۆ جـەنگ رۆیـی، ئێوارەكـەی بـە ئەنقەسـت دەرگـام دانەخسـت و خـۆم لـە بۆسـە نـا؛ كاتێـك بینیـنم بـە پەلەپـەل منداڵەكـەی لـە

باوەشکردووە؛ بێئاوڕدانە ڕادەکاتە ماڵێکی دراوسێ. ئاسوودەبووم و گومانم لەوە نەبوو کە دەیگەڕێننەوە. هەرواش بوو. کاتی هێنایانەوە؛ بە چوار ئافرەتان رووتمان کردەوە؛ دەست، لاق و دەومان بەست. تا بەیانی لێماندا. هەر بەوەش نەوەستام، بە فیتی من بەیانی بردمانە لای قازی شەرعی؛ تا بە تۆمەتی راکردن پێی ببڕدێتەوە. کەچی ئەو هیچ سزای نەدا؛ چون ئێمە خاوەنی نین؛ داوای هاتنی خاوەنی کرد، بە مەبەستی ئەنجامدانی سزاکە. بردمانەوە و تا هاوسەرم لە حەلەب هاتەوە؛ ئێمە (من، دایك و خوشکەکانی) هەر لێمانداوە. کەچی کاتی هاتەوە، لە هۆکاری راکردنەکەی پرسی ئەو گەمبۆڵە، ئەویش باسی خراپی مامەڵەکردنی ئێمە؛ ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی بە بیانوو هێنایەوە. باوەڕبکەن ئەو مێردە هەوەسبازەی من؛ هیچ ئازاری نەدا! بەڵکو داوای لێکردین بە باشی مامەڵەی لەگەڵ بکەین؛ چون بۆتە موسوڵمان! زۆر تورەبووم؛ بۆیە چەند رۆژێك دواتر؛ دووبارە دەرگام دانەخست. کەچی ئەوجارە خۆی لە ماڵبوو، هەمدیس گیرا، ئەوجارە زۆری لێدا و بردییە بارەگا تا زیندانی بکەن؛ پاسەوانان بە کۆمەڵ لاقەی بکەن.

دواتر دووبارە هێنایەوە، ئەمجارەشیان لەگەڵ دشەکەم پیلانمان دانا بۆ لە خشتەبردنی، دشەکەم بە برای راگەیاند کە سێبارە پیلانی راکردنی داناوە. ئەوجار لە بەردەممان لە پرچی گرتی و بە ئەرزی دادا.... وای چەندە خۆشبوو؛ لە پێشمان گێرەی پێکرد، ئەوەندەی لێدا تا لووتی بە خوێن هات و هەر وازی نەهێنا؛ تا کفت بوو لێیدا. بە راستی شەوێکی خۆشبوو.

بەر لە مانگی رەمەزان؛ وام لە هاوسەرم گەیاند کە منداڵەکانی بێ سوودن و هەراسانیان کردووین، بۆیە دەکرێ بیانفرۆشێت. ئەویش بەو سەبییەی گوت کە منداڵەکان گەورە بووین، دەیانباتە ریزی ئەشبال خیلافە بۆ مەشقکردن. بۆیە زۆر ترسا و بەردەوام بە نیگەرانییەوە لە رەوشەکەی دەڕوانی. شەوێکیان ئەم ماڵۆسە لە گەڵمان هەڵسایەوە بۆ پارشیو. هەرچەندە گومانم لە بەرۆژووبوونی هەبوو، کەچی هیچ بەڵگەم بە دەستەوە نەبوو.

دوای پارشێو ئاسایی نووستین؛ کاتی بەیانی هەڵسایینەوە رایکردبوو؛ بە ملی شکاوی کلیلەکانی دەرگاشی لەگەڵ خۆی بردبوو؛ تا دوای نەکەوین. بەم شێوەیە رۆیشت و لە یەخەمان بۆوە. پەشیمان نیم و ئافەرین بۆ خۆم؛ کە توانیم ئەم حەوت مانگە بیخەمە نێو دۆزەخ.

چلۆنن؟ من عەزیمەی عێراقیم، ناسراو بە ئوم تارا. ئەبو تارا گەردن شکاوی هاوسەرم، وەك هەر پیاوێکی دیکە، دوای ئەوەی دەستەڵاتی کەوتە دەست، هەر بە پیاو کوشتن نەوەستا؛ بەڵکو ژنیشی بەسەرهینام. ئەوجا چی؟ ژنێکی کافری ئێزدی زۆرجوان . منێك کە دەمووچاوم هاوشێوەی سەمونی سووتاوە؛ کەچی ئەو بابان وێرانە رووەمەتی بریسکەی دەداوە؛ فریشتەوەش. بە راستی زۆر بێزار بووم. لە بەغداوە لەگەڵ ئەو پووچە هاتمە جیهاد؛ کەچی زۆر بە ئاسانی کافرێکی کردە هەوێم! ئاخر چۆن دەکرێ نان بدەمە ئەو بێباوەڕە؟ منێك کە لە منداڵییەوە لە خوا دەترسم؛ ئێستا کاتی لەگەڵ ئەم بێ دینە باش بم؛ دەچمە دۆزەخ! چونکە ناکرێ موسوڵمانی تەواو لەگەڵ بێباوەڕان باش بێت. ئەی هاواار خودایە؛ چۆن نویژ و نزاکانم قبوڵ دەبێت؛ لەو کاتەی کافرێك لەماڵمە! بۆیە بانگمکرد و پێم گوت:

- سوێند بەخوا، ئەگەر هاوسەرم لێت نزیك بێتەوە دەتکوژم، خۆت شێت بکە، قسەو هەڵسوکەوتی شێتانە ئەنجام بدە. خۆت بە پیسی بهێڵەوە؛ هیچ خۆت مەشۆ، بەڵکو تخونت ناکەوێ.

دوای ئەو قسانە کەوتمە سەری؛ ئەوەندەم لێدا تا دەستم هێشا، بە شێوەیەك، چەند رۆژێك لەناو جێگا کەوت و نان و ئاوم پێنەدا. ئەویش لە ترسان بە گوێمی کرد و هاوسەرم لێی بێزار بوو و فرۆشتی. باوەڕبکەن بەختی هەبوو، ئەگەر لە ماڵمان مابایەوە؛ وەك دوو خێزانەکەی ئەبو مەنسوڕم دەکرد، ئەو دوو هەوێیە لە مەنبەج بەردەوام شەڕیان بوو، کەچی ئەبو مەنسوڕی ملشکاو، سەبییەکی ئێزدی بە دوو منداڵەوە بۆیان بردەوە، دوای ماوەیەکی کەم، بە دووان کوشتیان بە بیانووی ئەوەی نوێژ ناکات!

ئەوەم لە بیرچوو بوو بیڵێم، هاوسەرە سەرسەریەکەم و بەر لەوە بیهێنیتەوە ماڵ، دەرزی ئاووس نەبوونی لێدابوو، کە کاریگەری تا سێ مانگە. واتا ئەم ترۆهاتە هەموو شتێکی بۆ هەوەسی خۆی ئامادە کردبوو... وای لە پیاوی سفڵە!

سەلامون عەلەیکوم، من عەزیمەی سوریم و ناوم سەنایە؛ خەڵکی تەبقەم. ئەبو نایفی هاوسەرم کە ناوی راستەقینەی یوسفە؛ بە هۆی ئەوەی ئەمیری سوپای خیلافەت بوو، لەبەر زۆری مێوان و هاتوچۆ، رۆژێکیان سەبییەکی کافری؛ بە خۆی و بە سێ منداڵەوە هێنایەوە.

لەگەڵ گەیشتنیان؛ ئاگری دۆزەخم بۆیان هەڵکرد. هەموو دەم لە منداڵەکانمان دەدا. وایان لێهاتبوو نەدەوێران بگرین. بەردەوام لە سوچێك بە کڕی دادەنیشتن. هەردەم دەمووچاو لاشەیان، بە هۆی لێدانەوە شین و مۆربوو. چی چی؟ میهرەبانی لەگەڵ کافران جائیز نییە. بۆ؟ خودا ئاوامان فەرمان پێدەکات. کێ وادەڵێ؟ ئیمامەکانمان لە وانەکانیان وامان فێردەکەن؛ خۆ ئێوە لەوان باشتر نازان، ئەسڵەن تێمانیان گەیاندووە لەکاتی کوشتنیشیان هیچ تاوانیار نابین. بەڵگە؟ ئەدی ئەوە نییە خودا لە رۆژی دوایی دەیانخاتە دۆزەخەوە؟ بەهەرحاڵ، لێگەرێن با چیرۆکەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

ئەم بابان وێرانە زۆر جوان و بچووك بوو. منداڵەکانی وەك خۆی جوانبوون. خۆم و هاوسەرم پیلانمان دانا؛ کوڕ و کچێکمان لێ هەڵبژاردن تا بەخێویان بکەین، هەم لە کافری رزگاریان دەکەین و هەم خزمەتمان دەکەن؛ کەی لێیان بێزاربووین دەیانفرۆشین! چۆن؟ ئاوایە... بە هەوەسی خۆمانە؛ هاوسەرم ئەمیرێکی باڵای دەوڵەتی خیلافەتە؛ سعودییەکی کۆچبەری موجاهیدە. سەر و ماڵی خۆی بە خوا فرۆشتووە و بۆی هەیە هەموو شتێك بکات!

پیلانەکەمان سەری گرت و خۆی و دوومنداڵمان فرۆشت، گریاو نەیویست بێ دوو منداڵەکەی دیکەی؛ سواری ئۆتۆمۆبیلی کڕیارەکە بێت. بەڵام

چەکدارەکانمان بە پاڵەپاڵ سواریان کرد. وامزانی تەواو چونکە فرۆشتبوومانە شوێنێکی دوور. کەچی بۆ رۆژی دواتر و کاتی یوسف لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی چووبوە دەر. هاتەوە بەردەم دەرگا، لەو کاتە من و کچەکەی دەمانوویست بچینە شوێنێك؛ باوەڕبکەن ئەم سەبییە رووقایمە دەرگای لێگرتین! دەزانن چیم کرد؟ من وەك هاوسەری هەموو ئەمیرەکان، بەردەوام دەمانچەم پێیە. بێ یەك و دوو دەرمهێناو لەسەر سەری کچەکەیم دانا؛ پێم گوت:

- ئێستا لێرە نەڕۆی کچەکەت دەکوژم... دواتر تۆش دەکوژم!

هههههه(پێکەنین) دەزانن بە چی پێدەکەنم؟ بەوەی کچەکەم لێ ستاندبوو و لەوکاتەی ئامادەبووم بیکوژم. لەوەش خۆشتر ئەوەبوو؛ ئەو رۆیشت چون لە چاوانم مکوڕی بینی؛ چی؟ ئەرێ وەڵڵا ئامادەبووم بیکەم! هەردووکیانم دەکووشت؛ چیم زەرەر کردووە؟ ئەوان کافرن و دەچنە دۆزەخ؛ منیش دەچمە بەهەشت چون دوو کافرم کووشتووە. چۆن؟ منداڵە و بێتاوانە؟ با منداڵ بێت، کە گەورە بوو دەبێتە کافر... ئەی حەزرەتی نوح نزای نەکرد خوا گەورە و بچووکی کافران لەنێو ببات؟ چۆن؟ کێ ئەم شتەی فێرکردووم؟ زاناکانی خۆمان و خۆ ناکرێ ئێوە لەوان باشتر لە ئایین بزانن. دەزانن چییە؟ من کارەکەی خۆم بە قەناعەتەوە کرد؛ نازانم ئێستا ئەو سەبییە خۆی و دوو منداڵە بچووکەکەی لە کوێن. بەڵام دوو منداڵە هەراشەکەی؛ وەك کارەکەر و خزمەتکار جارێ وا لامانن.

ئەلسەلامو عەلا مەن ئیتەبەعەل هودێ، بێ یەك و دوو. تەنها من شایستەی ناوی عەزیمەم. چون ئەوەی من کردم هەرگیز ئێوە پێتان ناکرێ... ئەوە ئێوە باسی چی دەکەن خوشکان؟ لێدان، داخکردن، پرچ راکێشان و منداڵ رفاندن؟ ئێوە من ناناسن. لە منداڵییەوە رقم لە هەموو دونیا دەبێتەوە. لە گوندێکی دوورەدەست لە دایك بوومە؛ هەر بە شەق خزمەتی دایباب و براکانم کردووە. هیچ رۆژێکی خۆشم نەدیووە. باوکم زۆر خراپ بوو، بەردەوام لە

دایکمی دەدا؛ کاتی لە بێ دەستەڵاتیان لە قیژەم دەدا، وەردەگەڕایە من و زۆری لێ دەدام. ماوەیەك دەگریام و دواتر دەچوومە هۆری حەیوانان؛ بە شووڵك لە هەموویانم دەدا، هەرچی هاتبایە بەردەمم. لە بزن، قاز، مریشك و تەنانەت جوجەڵەش. چەندین جار پشیلەم گرتووە و گڕم لە پشتی بەرداوە. هەهەهەهە (پێکەنین) دیمەنی گەلێ جوانە؛ کاتێ بە شەو بەدەم گڕی ئاگرەوە رادەکات. هەستم بە خۆشییەکی زۆر دەکرد؛ کاتێ بە لاشە ئاگرینەکەوە رادەپەڕی. هەستمدەکرد ئەوە ئاگری ناخمە؛ لەگەڵ خۆی دەبات و لێمی دوور دەخاتەوە. ئەوکات دەکەوتمە نۆرەیەك پێکەنینی هێستیری؛ دڵم زۆر خۆش دەبوو و هەموو خەمەکانم لەبیر دەکرد.

منی ناشیرینی تەپڵە قوڕ، دوای هەزار تکاو نزا؛ لە رێگەی برایەکم کە لە سوپای خەلیفە بوو؛ هاوسەرێکی بۆ دۆزیمەوە. کەچی رۆژێك ئەم ناپیاوە هاتەوە و پەرییەکی جوانی لە دەست بوو. گوایە ئەمە سەبییەوە و لە جەنگ بەریان کەوتووە. خەڵکی سنجارە و هەموو ئەندامی خێزانەکەی کوژراون و بۆتە موسوڵمان. دەزانن بە پێکەنین چی گوت؟

- با بە رۆژ خزمەتی تۆ بکات و... شەویش هی من!

ئەوکات دەمووچاوە ناشیرینەکەم، وەك هەوێرێکی ترشاو چووە پاڵ یەکتر. پیلانی جەحەندەمیم داڕشت؛ دەستمکرد بە لێدان، ئەشکەنجەدان و هەراسانکردنی. کەچی ئەم ئافرەتە زۆر خۆڕاگربوو. بەرگەی هەموو شتێکی دەگرت. ئەو کات بیرم لەوە کردەوە، کە ئەم کافرە ناسکە بەم شێوەبێت، ئاخۆ دەبێ پیاوەکانیان چەندە ئازا و خۆڕاگربن؟ بۆیە پیلانی کۆتاییم دانا.

لە رۆژێکی ساردی زستانە؛ ناردم کۆڵێك دار بۆ تەندوور بێنی. بە بارێك دار گەڕاوە؛ کە لە سەر شانی دانابو و هەنکەهەنکی لێوە دەهات. خێرا چوومە پشتی؛ لە دواوە و بێ ئەوەی ئاگاداربێت؛ یەك دەبە نەوتی سپیم رژاندە سەر بارەدار و شانی؛ هاوشێوەی خویی منداڵیم؛ بە خێرایی گڕم تێبەردا!

هههههه(پێکـەنین) باوەڕبکـەن دیمـەنێکی زۆر جـوان بـوو، هـەر چەنـدە وەك پشیلەکان راینەکرد؛ لـە شـوێنی خۆی هەڵپـەری و بـە دەم هـاواری یارمـەتی؛ بێهـوودە هـەوڵی کوژاندنـەوەی دا. کـەچی بـە یـادی جـاران؛ لـە شـوێن خـۆم دانیشتم و تا ئـەو بـووە کۆیزوخاڵ پێکـەنیم. ئەوسا ئـاگری دڵـم کوژایـەوە... ئەوجا پێم بڵێن؛ کەس لە من زیاتر مافی ئەو ناوەی هەیە؟ هەقمستی ئەوەیـە نازناوی عـەزیمە سە هەڵگرێت؟

## (61)

# موجاهیدەی نیکاح !

هەرچەندە ئەم نازناوەم گەلەك لا ناخۆشە؛ ئێستا نەوەك موجاهیدە؛ بگرە موسوڵمانیش نیم و باوەڕم بە هیچ نەماوە، بەڵام ئەوە راستییەکەیە. داعش لە ژێر ئەم ناونیشانە؛ منی کردۆتە سوزانی؛ رۆژانە دەمخاتە ژێر چەندین تووکنی شەهوەتبازی ناپیاو؛ ئەوانەی ناویان لەخۆ ناوە موجاهید؛ ئیسلامەتی لە سەری زەکەریان زیاتر نەڕۆیشتووە. بەسەر نەکەوتووە بۆ دڵ، دەروون و مێشکیان!

ئێستا کاتی سەیری ئەو هۆڵە دوو نهۆمییە پیسە دەکەم، ماڵی باوکم بیردێتەوە، یەکێك لە خانووە خۆشەکانی شاری سلێمانی. چون من لە بنەماڵەیەکی ناسراوم، کۆلیژم تەواو کرد و بە هۆی جوانیم، چەندین داخوازیم بۆ هات. بە هەموو کەس رازی نەبووم. تا کورێکی موسوڵمانی رێك لە ئەڵمانیا هاتە داوام، کۆلیژی پزیشکی تەواو کردبوو. کاتی بینیم ناسك، لەسەرەخۆ و رێك بوو، پێی رازی بووم و دوای هاوسەرگیری؛ لەگەڵی چوومە ئەڵمانیا.

زۆرجار قەدەر شتی نامۆ بۆ مرۆڤ دەشارێتەوە. لە هیچمان کەم نەبوو؛ ژیانێکی ئارام و ئاسوودە دەژیاین. تا بەهارە درۆیینەکەی عەرەبی دەستی پێکرد. هاوسەرەم بەردەوام لە رێگەی ئەنتەرنێت؛ لەگەڵ هاورێیە ئیسلامییەکانی قسەی دەکرد. ئەو درۆزنانە داعشیان لێ کردبووە سوپای مەهدی؛ ئەوەی بەر لە کۆتایی زەمان دێت و لە دابقی شام گەمارۆ دەدرێت، ئەوکات پێویستە موسوڵمانانی هەموو دونیا بە هانایەوە بگەن. لای هاوسەرە ساویلکەکەم رووداوەکانی ئاخیر زەمان دەستیان پێکردبوو. بە شێوەیەك، ئەوەی

نەچێتە ژێر باری دەوڵەتی خیلافەت؛ کافر دەبیت! بەم قسانە قەناعەتی پێکردم کە بچینە ریزی دەوڵەتی ئیسلامی؛ تا ئایینمان سەلامەت بێت. گوایە ئەو وەك پزیشك و منیش وەك پەرستار، لەنێو ئەم مەدینەی زەمانی پەیامبەر کاردەکەین. بێخەبەر لەوەی کە ئەمە مەدینەکەی فلیمی ریسالەی عەقاد نییە، بەڵکو رەقەکەی داعشە، لێوانلێوە لە ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب!

گەیشتین و گوتیان پزیشك و مریشکمان ناوێ، ئیمە لە جەنگین و دەبێ هەمووان خولی مەشق و راهێنان ببینن. ئەم ناسکەش وای دەزانی لە بەرلینە و مرۆڤ مافی هەیە، بۆیە لەگەڵ بەرپرسە نەزانەکەی داعش بووە دەمەقاڵێیان. لە ئاکامدا بە شەق بەرەو سەربازگەیان برد. منیش لە شوێنێکی هاوشێوەی ئێرە؛ لەگەڵ سەدان خانەواوی سەرلێشێواوی چەواشەکراو؛ چاوەڕوان بووم. لە یەکەم دەرەفت خۆی دزییەوە و هاتەوە؛ بە پەلەپەل و بێ جەنتا و جلك؛ بەرەو سنووری تورکیا هەڵاتین. کەچی لە بەختی کەچمان دەستگیرکراین؛ ئەوجارە رووە راستەقینەکەی داعشمان بینی؛ بێماسك و بێجوانکاری؛ بێمکیاژی ئەنتەرنێت و درۆ و دەلەسەی ئیسلامی و دەزگاکانی راگەیاندن. ئەوکات زانیمان هاتووینەتە قورقوراگەی دۆزەخ، بە ساویلکەیی و دەبەنگی کەوتینەتە تەڵەوە. بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام ئێمەیان بردە بەردەم دادگای تەجاڵ. ئەویان برد تا سەری پەل دەن؛ منیشیان وەك سەبییە لەگەڵ خوشکە هاونەتەوە ئێزیدییەکان؛ هەڕاج کرد.

بەهۆی جوانیم؛ هەر بێبەهایەك دەیکریم و چەند شەوێك منی دەخستە ژێرەخۆی؛ دواتریش بە نرخێکی گرانتر دەمیفرۆشتەوە. ئەوانە موجاهید نین بەڵکو تەرەسن، هیچ شەرەف و بەهایەکیان نییە. لە دەرفەتێکدا رامکرد، کەچی دووبارە دەستگیر کرام؛ یەکێك لە ئەمیرە بێبەهاکانیان پێی گوتم:

- تۆ زۆر جوانی؛ بۆیە بۆ زەوق و حەزی موجاهیدانمان؛ دەتکەین بە موجاهیدەی نیکاح. رۆژانە دەبی چێژ بە چەندین موجاهید بدەی. بە دەوامێکی کامل لە ژێر خزمەت دەبیت، واتا هەفتەی هەفت رۆژ

و مانگی سی رۆژ! لە کاتی سووری مانگانەش؛ موجاهید بۆی هەیە لە دواوە بەکارت بێنی؛ چون هەموو شتێك بۆ موجاهدین حەلاڵە. بۆشیان هەیە بە دەستە جەمعی؛ چەند کەسێك لەیەك کاتدا لەگەڵت جووت بن!

- چۆن ئەوە دەکرێ؟ (واقم وڕما بوو) کێ بەم کارە رازییە؟ کامە ئافرەتی شەریف وادەکات؟ (تێمڕاخوڕی)
- تۆ باسی چی دەکەی؟ رۆژانە دەیەها ئافرەتی موسوڵمانی لە تۆ بچووکتر و ناسکتر؛ لە رۆژئاوا، ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبی و ئاسیا خۆیان دێن؛ بە خۆشحاڵییەوە بە نێوی جیهادی نیکاح لاشەیان دەخەنە خزمەتی ئەم رێبازە پیرۆزە؛ تەنها رەزامەندی خوایان گەرەکە. خۆیان جوان دەکەن، بۆنی خۆش لەخۆیان دەدەن. تۆش ناڕازی و دەمەتەقێم لەگەڵ دەکەی؛ کوردی کافر؟
- ئەوانەی تۆ باسیان لێوە دەکەی سوزانی و داوێن پیسن، ئێوەش تەرەسن! بە ناوی خوا قەحپەکانی دونیاتان لێرە کۆکردۆتەوە! ئەمانە بەدڕەوشتن هاتوون تا چێژ وەرگرن و چێژ ببەخشن... ئەستەغفیروڵلا، کەی ئەمە ئاکاری ئافرەتی خواناسی شەریفە؟ دواتر کامە رەزامەندی خودا؟ ئاخر ئێوە خواشتان شەرمەزار کردووە؛ کامە مرۆڤی بە شەرەف رووی ئەوەی هەیە ئەم کارە بکات؟ پێم بڵێ؟ ئێوە بەم کارە بۆ خێزان، خوشك و کچەکانتان رازین؟ گەر ئێوە موسوڵمان بن و ئەوەش موسوڵمانیەتی بێت؛ ئەوا حاشا وەلیلا من لەسەر ئەو ئایینە نیم.
- ئەوە تۆ چی دەڵێی کافری هەڵگەڕاوە؟ شەرتبێ بتکەینە سوزانی فەرمی؛ هەموو سەبازانی خیلافەتت سوارکەین!

دوای ئەوەی ئەو ئەمیرە پووچە بەڵێنەکەی بەجێ هێنا؛ لەو رۆژەوە و بە ناوی موجاهیدەی نیکاح ؛منی کردە سوزانی، بڕیارمدا چیتر نوێژ نەکەم! من ئێستا نە باوەڕم بە هیچ ماوە و نە متمانەم بە کەس، ئەوانە ئایین و

شەرەفی خەڵکیان برد.

چی ترس؟ باوەڕبکەن هیچ منەتم بە توڕەییان نەماوە، چی دەکەن؟ لێم دەدەن؟ دەمکوژن؟ چیم ماوە بیدۆڕێنم؟ دوای ئەوەی هاوسەر، شەرەف و هەموو دونیام دوڕاند.

نەوەك ئەوان؛ منەتم بە کەس نەماوە. لەو رۆژەوە لە هەموو دونیا یاخیبوومە، تا بەو دەگەم هیچ ناڵێم. بەڵام کاتێ پێیگەیشتم گلەیی لێدەکەم... گلەییەکی زۆر، باوەڕیش بکەن هیچ ناترسم. دەزانن بۆ؟ چون ئەو زۆر لەوە میهرەبانترە؛ منێك کە خۆم و هاوسەرم خۆشی و بەهەشتی رۆژئاوامان جێهیشت؛ و هاتینە دۆزەخی ئەو لەسەر زەوی؛ تەنها بۆ ئەوەی لە خۆمانی رازی بکەین. کاتی هاتین و تووشی ئەم کارەساتە بووین؛ هیچی بۆ نەکردین .

سەیرم بەوە دێت، ئەو گەمژانە بە رۆژئاوا دەڵێن ماڵی کوفر و دەیانەوێت فەتحی بکەن. لەو کاتەی کە مرۆڤ لەوێ زۆر ئارام و ئاسوودەیە. کەس لەسەر بیروباوەڕ ناکوژرێ، بە کۆیلە و لاقەی ناکرێت. کەچی دارول ئیسلامی داعش؛ بریتییە لە جەنگڵستانێك؛ چەند کەمتیارێکی دڕندە بە پێی شەهوەت، حەز و بیروباوەڕی کەسانی مردوو؛ حوکمی دەکەن. ئەوجا چی؟ هەموو تاوانەکانیان دەخەنە پاڵ ویستی خودا. ئەوەی بە قسەیان نەکات دەچێتە دۆزەخ! مەگەر من لە دۆزەخ نیم ئێستا؟ وادەزانن لە رۆژی دواییش ئەو دەمخاتە دۆزەخ؟ نەخێر؛ خودا زۆر لەوە داپەروەر و میهرەبانترە؛ کە بمخاتە دۆزەخ و لێم توڕەبیت.

باوەڕبکەن، ئەگەر ئەوانە بچنە بەهەشت، ئەوە بەهشتم ناوێت، تەنها مافی خۆم و هاوسەرە پاکە بە ناحەق کوژراوەکەم داوا دەکەم. بەهەشت بۆ داعش جێدێڵم و دەچمە دۆزەخ. ئاگری دۆزەخ زۆر لە بەهەشتێك ئەولە و ئارامترە؛ کە ئەم ریشنە داوێن پیسە بۆگەنانەی لێبێت.

## (62)

# لاویر

چییە لە ناونیشانەکە نەگەیشتن؟ هههههە (پێکەنین) ببورن چون کاتی پێکەنین دەستم لەسەر دەمم دادەنێم؛ چونکە ددانەکانی پێشەوەم نەماون. بۆ؟ جلم هی ژنە بە تەمەنەکانە؛ لەو کاتەی لۆچ لە دەمووچاوم نییە؟ پەلە مەکەن و لێمگەڕێن؛ با چیرۆکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە؛ لە کۆتاییدا زۆر شتتان بۆ رون دەبێتەوە، لەوانەش ئەو ناوە سەیرە.

رۆژی فەرمانەکە بە هاوسەفەری خەڵکی هۆزەکەمان (عەزاوی)، گەیشتین بە زەلیلیە. بڕیار وابوو یەکسەر بەرەو چیا بڕۆین. کەچی خزمان وەك ئەوەی بۆ گەشت هاتبن، گوتیان با لوقمە نانێك بخۆین ئەوجا؛ پەلەمان چییە؟ بێگوێدانە ئەوەی شەنگال و کۆمەڵگەکان؛ لە گۆماوی خوێن نغرۆبوونە.

دەزانن؛ لەم فەرمانە زۆرشت فێربووم، وانەی یەکەم؛ لە کاتی فەرماندا بێ وەستان رابکە؛ تا دەگەیتە شوێنی ئەولە مەوەستە. بەهەرحاڵ، پیاوەکان بە تەمسەری دانیشتن و خەریکی قسەی زلبوون؛ ئیمەی ژنانیش بە پێکەنینێکی پڕ لە ترس، خەریکی هەویر شێلان بووین بۆ فراوین. بە چاوی گومانەوە لە رەوشەکەم دەڕوانی، نیگەرانی و ترسم لە چاوی پیاوان دەبینی؛ کاتی بە مۆبایل قسەیان لەگەڵ خزمان؛ لە نێو شەنگال و دەورووبەری دەکرد. وانەی دووەم؛ خۆت بە کەس مەبەستەوە، چون لەکاتی لافاودا کەس دەستی کەس ناگرێت، هەرکەسە و بەدوای رزگارکردنی ژیانی خۆی؛ وێل دەبێت.

کاتژێر دوازدەی نیوەڕۆبوو؛ کاتی قەرەول و پێشەنگی سوپای ڕەشی خیلافەتی دڵڕەش؛ گەیشتە لامان. سی ئەهریمەن لە نێو دوازدە کەژاوەی مەرگ بوون. کەسانێك دەتگوت تازە لە پاژی تایبەت؛ بە مێژووی تەتەر و مەغۆل لە پەڕاوی مێژوو هاتینەتەدەر. جگە لە چەکە ئەمریکییەکەی دەست؛ ئۆتۆمۆبیلە یابانییەکەی ژێریان؛ هیچ شتێك بەو چاخەی ئێستای نەدەبەستنەوە!

داوای ئیسلامبوونیان لێکردین؛ دواتر نزیکەی سەد پیاویان لێبردین، ئێمەشیان گواستەوە هۆڵی لالش لە شەنگال. وانەی سێیەم؛ لە سایەی حوکمڕانی چەك؛ هیچ بیرمەکەوە و بە قسەی چەکداران بکە. گوتیان ببە ئیسلام؛ ببە... ببە کافر؛ ببە... ببە بە سەگ؛ببە! چونکە لەو کاتەدا دونیا بە لوولەی چەکەکانیان دەبینن؛ مەسەلەی کۆتایی هێنان بە ژیانت؛ وابەستەی جولاندنی پەنجەیەکی بچووکە؛ بۆ سەر پەلاپیتکەی چەکەکەی. بێگوێدانە هیچ شتێك. بەڵێ لەوکاتەدا تەنها چەکەکان خودان؛ هیچ خودایەك لە وانەی بە تەمای خۆتی لەسەر بەکوژبدەی؛ بە کەڵکت نایەن، بۆیە ببە هەر شتێك؛ بەڵام مەبە بە پاڵەوان؛ چون ژیان یەکجارە!

ئەوجا کاروانی ناخۆشی و نەهامەتی دەستی پێکرد. لە شەنگال بۆ تەلەعفەر، دواتر بەندیخانەی بادوش، دووبارە تەلەعفەر، کەسرول میحراب، هۆڵی گەلاکسی لە موسڵ، دواتر گەڕەکی خەزرا لە تەلەعفەر. ئەوەی منی زۆر نیگەران کردبوو؛ تەلەعفەر بوو! نازانم ئەو بەناو موسوڵمانانەی تەلەعفەر؛ بە عەرەب و تورکومان؛ ئەو بڕە زۆرەیان لە قین و تاوان لە کوێی هێناوە؟ ئەوانە دراوسێکانمان بوون و ئێمە نەماندەزانی؟ تۆ بڵێی ئەم هەموو رقە لە کوردی ئێزدی، تورکومانی شیعە و کریستیانەکان لە چی و لە پای چی؟ وانەی چوارەم؛ هیچ باوەڕت بە کەسێکی ئایینداری نەبێت؛ ئەوەی زۆر دەست بە رواڵەتە رووکەشیەکان دەگرێت؛ ئەوجا لەسەر هەر ئایینێك بێت. چون ڕێوڕەسم و شێوەکان هیچ ناگۆڕن. ئاوی دەست نوێژ تەنها دەمووچاو، دەست

و پـێ دەشـواتەوە و هـیچ لـە بیـری پـەڕگیری، ئـاژاوەگێڕی، هـزری لادەر، تایفەگەری و نەتەوە پەرستی لانادات.

لەگەڵ یەکەم بینینـی ئـەم ناپیاوە ناڕەسـەنانە؛ ناسینی هەنـدێ لەوانـە لـە لایـەن خـزم و کەسـانەوە؛ زانـیم ئەوانـە خوازگـار و درۆزنـن، تـاڵانچی و بەدڕەوشـتن. چەواشـەکارن و خۆیـان لـە ژێـر پـەردەی درۆیینـی ئایینـەوە پەردەپۆش کردووە. سوپای خیلافەتی شەهوەت و بەدکارین نەوەك ئیسلام. بۆ دزی و راو و رووت هـاتوون. لـە پێنـاو دامرکاندنـەوەی حـەز و ئـارەزووە گڵاوەکـانی نێـوان لینگـان. مزگـەوت لای داعـش؛ شـوێنی شـەرعیەتدانە بـە لاقـەکردن، بـە زۆرمـارەکردن و دابـەش کردنـی ژنـی خـەڵك. منارەکـەی هاوشـێوەی رەمـزی شـەهوەتیان، بـەردەوام رەپـە و پـەردەی هـەور دەڕاکێنـی. گومەزەکانیش بە چاوی ئەوان مەمکی قیت و پڕی حوورییـەکانی بەهەشتە. بـە کـورتی؛ ئـەوان نـەوەك موسـوڵمان؛ بگـرە مـرۆڤیش نـین! وانـەی پێنچـەم؛ مرۆڤایـەتی بنـەمای هـەموو شتێکە. ئـەو بناغـەیـە کـە ئـایینی لەسـەر بنیـات دەنرێ. کاتی کەسەکە مرۆڤ نەبوو؛ ئـەوا هـیچ ئایینێك نابیت و ئاسمانیش لێی بێ بەرییە!

سـەیر لـەوەدابوو؛ لـە سـەرەتادا زۆربـەیان رووی خۆیـان بـە ماسـکی رەش داپۆشـتبوو، وەك ئـەوەی شـەرم بکـەن یـان بترسـن. ئـاخر تڕحێـو لـەو موسوڵمانانەی لە خوا ناترسن و لە ئێمە دەترسن! شەرم لە ئاسمان ناکەن و لـە ئێمەی دەکەن. راستییەکان پەردەپۆش دەکەن. بۆیـە پێویسـتە بـە هـەمان شێواز لەگـەڵیان هەڵسـوکەوت بکـەین، بـە هـەمان زمـان لەگـەڵیان بئـاخڤین. وانـەی شەشەم؛ لە کـاتی فەرمانـدا و لـە پێنـاو پارێزگـاری کردن لـە ژیـانی خـۆت و خۆشەویسـتانت؛ چەنـدی پێت دەکرێت راسـتیەکان بشـارەوە. چـون نـاکرێ بـە سادەیی و راستگۆیانە لەگەڵ ئەهریمەن مامەڵە بکەیت. بۆ نمونە مـن؛ نـاوم، تەمەنم، باری خێزانیم گۆڕی. چۆن و چیم کرد؟ ناڵێم پەلە مەکـەن... ئێسـتا ورد ورد بۆتانی شیدەکەمەوە. زۆر سـەیرە، زۆرجار قـەدەر شـتێکت لێدەبا؛ یـان

شتێکت پێدەدات، تۆ وادەزانی خەراپە کەچی دواتر لە حیکمەتی دەگەی!

بیرمە لە هەرەتی لاوی لە رەنگی سپی قژم دەترسام، لەبەر ئەوەی ئەم جیاکارییە لەنێو خانەوادەکەمان باوبوو، بۆیە رۆژێ چەندجار لە نێو قژم بە دوای تاڵە مووە سپییەکان دەگەڕام. زۆر لێی دەترسام و دەمزانی وەك زستانێکی پێشوەخت لە ناکاو دێت. بیرمە کاتی چەند تاڵێکم بینی زۆر دڵتوندبووم. کەچی دایکم دڵی دامەوە و گوتی:

- کەس نازانی خێر لە چییە؛ کچە جوانەکەم!

هیچ وەڵامم نەدەدایەوە و لە دڵی خۆم گوتم: " کامە خێر لەوەیە قژت زوو سپی بێت؟". بەشبەحاڵی خۆم هەر حەزم لە رەنگی رەش بووە. هەرواش بوو تا ئەو نیوەڕۆیەی رەنگی رەش هات و نیشتیمانی داگیر کردین. ئێستا قێزم لە هەموو شتێکی رەشە!

هەستمکرد ئەوانە تەنها بە دوای جوان و پاکیزەکان دەگەرێن، ئەوەندە خەمی نێو گەلیانە؛ نیو هێندە خەمی گەلەکەیان نییە. هاتوون ئێمە بکەنە کەنیزە نەوەك موسوڵمان. بۆیە پلانێکی تۆکمەم داڕشت. بە پێی پلانەکەم دەستە جلێکی بەساڵاچوانم لە خزمێك وەرگرت و لەبەرکرد. ئەمە جگە لە لە باوەشگرتنی یەکێك لە دۆتبراکانم. لەکاتی یەکەم ناو تۆمار کردن؛ کاتی خەڵەفاوێکی خیلافەتی خێڵە عەرەبییەکان؛ ئێمەی سەرژمێر دەکرد، منداڵەکەم بە ناوی خۆم تۆمار کرد؛ لە خانەی تەمەن گوتم شەست ساڵان! لە خانەی تێبینی؛ پێمنووسی کە چەندین منداڵی گەوەرم هەنە و نازانم لە کوێن و ئەمەش پاشەبەرەکەمە! بەردەوام تاڵە سپییەکەی قژم لە ژێر لەچەگە سپییەکە دەردێنا؛ لەگەڵ بە ساڵاچوان بە کرێ دادەنیشتم و هاوشێوەی ئەوان رەفتارم دەکرد. وانەی حەفەتەم؛ لە کاتی فەرمان و تێکچڕژانەکان؛ بێدەنگبە و دەمت داخە، کەو تا نەچریکێنی راوچی نایبینێت. تا بە دوای دەنگەوە نەڕوات راو ناکرێت!

بەهەرحاڵ؛ لە یەکێك لەو شار و گوندە زۆرانەی؛ ئێمەیان تیا

نیشتەجێکردبوو؛ کۆنە پلاسیێکم دۆزییەوە، ددانەکانی پێشەوەم بە دەستی خۆم دەرهێناو خۆم کەل کرد. چی؟ ژانی زۆرە؟ ئێوە دەزانن ژانی لاقەکردن و هەتك کردن چۆنە؟ راستە ئازاری گەلێ زۆربوو؛ بەڵام کاتی ئازاری هەتك کردن و لاقەکردنم دەهاتە بەرچاو؛ رادەچڵەکیم... کاتێ یەکێك لەم کەمتیارە تووکنە بۆن ناخۆشانەم دەهاتە بەرچاو؛ کە لاقەم دەکات... هەردوو دەستی گرتووم؛ بە زۆری خۆی لە سەرم دێنی و دەبات؛ هەموو پیسییەکانی نێو گەڵی دەخاتە نێو جەستە پاکیزە خاوێنەکەم، هار دەبووم و رشانەوەم دەهات، بەرگەی ئەم پلانە سەرشێتانەم دەگرت.

لە لایەکی دیکە؛ خەم و خەفەتی ئەم فەرمانە؛ وەك مۆرانە چوبووە بیناقاقام؛ منی بە شێوەی دارێکی گەندەڵ لە ژوورەوە هووڵۆڵ کردبوو. ئەوەبوو دوای چەند مانگێك؛ شێوەم لە کچێکی کاملی گەنجی پاکیزە؛ بۆ پیرێکی شەستساڵەی قژ سپی کەڵۆس گۆڕا. ئەوەی بەردەوام منداڵێکی هەراشی لە باوەشە؛ بێدەنگ لە سوچێك لەگەڵ بە ساڵاچووان دادەنیشێت؛ قولماتی نایەت. دەزانن ئەم کارەساتەی بە سەرمان هات چەندە گەورەبوو؟ گەنج بە یەك کاتژێر پیردەکات. ئاخر کوشتنی باوك و برا؛ کۆیلە کردن و فرۆشتن لە بازاڕکان؛ هاوشێوەی مانگایەکی شیردەر؛ شتێکی وا ئاسان نییە.

زۆریك لەو دانعەمرانەی لەگەڵم بوون؛ خەمیان لەو کریڤیەی خوێن و خوێیە دەخوارد؛ ئەوەی عەرەبی گوندە دراوسێکان؛ بە دیواریان دادا و پابەندی هیچ رەوشت، دەستوور و شەریعەتێك نەبوون. بەشبەحاڵی خۆم و پێچەوانەی هەمووان؛ هیچکات متمانەم بەوانە نەبووە! وانەی هەشتەم؛ باوەڕت بە هیچ  و متمانە بە کەس نەبێت؛ چاوەڕوانی هیچ لە کەس مەکە. هەروامکرد و لە بری ئەوەی وەك بە تەمەنەکانی لەگەڵم (ناتوانم بڵێم هاوتەمەنەکانم) خۆم نەدایە دەست قەدەر و خەونەکانی پەرچۆ؛ موعجیزە و بەرەکاتی نزا و کارە نامۆکان. یەکسەر پلانم دانا. ئەو لاشەی ئەوان؛ هاتبوون داگیری بکەن، کردمە بەردەباز و  بەرەو ئازادی لە سەری پەڕیمەوە. وانەی

نۆیەم؛ لە کاتی تۆفان هەرچیت لە دەستە فڕێی بدە؛ بە زووترین کات بە دوای شتێك بگەڕێ؛ تا بە هۆیەوە سەرئاو بکەوی، ئەگەر هیچت دەست نەکەوت؛ ئارامبە و خۆت بخە سەر ئاوەکە؛ بەرەنگاری شەپۆڵەکان مەکە. بەڵکو بە شوێنێك دەگەی، بەڵام دەمت داخە و خاوەن ئامانج بە!

دوای ماوەیەك لێمان بێزار بوون! منیان لەگەڵ کۆمەڵە پیر و پەککەوتەیەك گواستەوە حەویجە؛ دواتریش بەپێی پێکهاتنێك لەگەڵ هەریم؛ ئێمەیان گەڕاندەوە کوردستان. ئەوان منی گەنجیان بە پیرەژن زانی و ڤەزڤەڕاند، منی پاکیزەیان بە کەڵۆسێکی قژ سپی بینی و ناردمیانەوە، گەڕاندمیانەوە لەو کاتەی لە سوریا؛ پیرەژنی تەمەن هەشتا ساڵانیان لاقەکردبوو!

دەزانن؛ هیچ پەشیمان نیم لەوەی کردوومە. منێك کە هیچ خۆشیم لەم تەمەنە نەبینیووە؛ بۆ دەبێ ئەو باجە قورسە بدەم؟ من کە لە وەرزی زستان لە دایکبوومە؛ سووڕی ساڵم هەر لەم وەرزە وەستاو؛ هیچ بەهارم نەدی، زستان سەری سپی کردم. بارانی فرمێسکەکانی هەزار خۆزگەی بەدی نەهاتوو، سیمایان تەڕکردم و وەکی ئەرزێکی شقارکەوتوو؛ لۆچیان تێخست و بەهار هەر نەهات. ئێستاش نە چاوەڕێی دەکەم و نە دەمەوێت. چون وەك دارێکی رووتی وشك هەڵاتووم لێهاتووە؛ نە تاقەتی چرۆکردنم ماوە و نە خولْقی سەوزبوونم هەیە.

ئەوە چیرۆکی منە... منی لاوی پیر... منی گەنیر؛ گەنجی پیر. منی پاکیزەی ددان کەل، گەنجی قژ سپی و جلی بە ساڵاچوان پۆش!

## (63)

# لەمیا و لەندەهۆر

سوپاس بۆ خودێ؛ ئەوە منم دوای ئەم هەموو ناخۆشی و تاوانە هەوایەکی ئازاد و پاك هەڵدەمژم؟ ئەمڕۆ ڕێك حەوت مانگ تێدەپەڕیت؛ بەسەر راکردنم لە دەست سوپای رەشی جەهالەت. کەچی لێرە لە ستراسبۆرگ؛ وا خەریکە دەچمە نێو بارەگای پەرلەمانی ئۆڕوپی، ئەم هۆڵە... نازانم بۆ هۆڵی گەلەکسیم لە موسڵ بیر دێنیتەوە؟ ئەوەی ئێمەیان تیادا وەك مێگەڵەمەڕ کۆکردبۆوە؛ تا هەرچی چەرچی و هیچو پووچەکانی داعشە؛ بە نێومان بسوڕێنەوەو بمانکڕن. داعش... دەزانن کاتی یەکەمجار گوێم لەم ناوەبوو؛ وامزانی جۆرێکە لە ئاژەڵی دڕندە وەك گورگ، کەمتیار و هەرس. کەچی دواتر بۆم دەرکەوت؛ لە مرۆڤی پەڕگیر دڕەندەتر و پووچتر نییە!

بیرمە کاتێك دەهاتن و کچە بچووکەکانیان دەبرد، چۆن دەستیانمان دەگرت؛ دەمانخستنە پاڵمان تا بزریان کەین. کەچی ئەوان بە دار و تێلا لێمانیان دەدا و لێیان جیا دەکردینەوە. چەندە ناخۆشبوو؛ ئێمە هەر چوار خوشك وەك چوار باڵندەی بەرباران؛ پاڵمان دابووە یەکتر و لە ترسان هەڵدەلەرزین. یەکمان گرتبوو نەوەك شەپۆڵی هەوەس و شەهوەتی عەرەبە پێ پەتییەکان؛ رامان ماڵێ... و لە کۆتاییشدا هەر وای لێهات.

ئەڵڵا... ئەم باڵەخانەیە چەندە جوانە. ئەوەندە خەڵکە زۆرە؛ چەندە رێزدار و بە حورمەتن. رێز و حورمەت! هەم... بیرمە کاتی لە هۆڵەکەی موسڵ بووین؛ سعودییەکی تەمەن سەرووی چل ساڵان هات؛ من و خوشکمی بە

جووته کڕی. به دەست بەستراوی ئێمەی بردە ماڵی خۆی؛ بە یەك شەو و لەسەر یەك پێخەف؛ هەردووکی کردینە ژن! نازانم ئەوانە چییان مرۆڤە؟ ئەوانە پەیڕەوەکاری کامە ئایینن؟ سێ ڕۆژ ئێمەی بە دەست بەستراوی هێشتەوە؛ کاتێك بەرگریم لە هەردووکمان کرد، زۆری لێدام و خەریکبوو بمخنکێنێ ئەم ناپیاوە. لە پێناو تەمێ کردنمان؛(بە قسەی خۆی) ئێمەی بردە بنکەیەکی داعش لە ڕەقە، وامزانی ئامۆژگاریمان دەکەن. کەچی دەرگای لەسەر داخستین و چل گورگی هاری داوێن پیسی تێبەردایین! شەو تا بەیانی لاقەیان کردین! ئاای چەندە کاتێکی ناخۆشبوو. ئەمە بێنە بەرچاوت؛ کە دوو کیژۆڵەی تەمەن شازدە و هەژدە ساڵ؛ بخرێنە بەردەست چل تەرەس؛ چل بێناموس، چل دێو. ئەو سعودییە نامرۆڤە ئێمەی بردە مەغارەی عەلی بابا، رادەستی چل چەتەی بەدڕەوشتی کردیین؛ کە هەرچی زێڕ و گوهەری شەڕەف و هەستی مرۆڤایەتی لەنێو لاشەمان بوو؛ لێیان دزین. وای لەو ستەمە. ڕاستە ئەوان هاوشێوەی دڕندە بوون؛ بەڵام وەك ئاسکێکی سەرکەشی چیای شەنگال؛ هەرگیز خۆم بە دەستەوە نەدەدا. هەر باوەڕم بە یاخیبوون هەبوو. هەر بەهێز بەرەنگاریان دەبوومە؛ چون من گوزارشتم لە ژیان، جوانی، پاکی و ڕەنگی سپی، ئەوانیش تژین لە مردن، کرێتی، پیسی و ڕەنگی ڕەش. دواتر و دوای ئەوەی لە ئێمە تێربوو، هەرزانفرۆشی کردین، هەریەکمانی بە سەد و پەنجا دۆلار؛ فرۆشتە چەکدارێکی لە خۆی خوێڕیتر.

وا دەچمە نێو هۆڵە گەورەکەی کۆبوونەوەکان و لەگەڵم بن. ئەمڕۆ ڕۆژێکی پڕشنگدارە لە مێژووی گەلی شێخادی. من و نادیە لێرەین لە بارەگای سەرەکی پەرلەمانی ئۆروپی. بە ڕاستی شوێنێکی دڵگیرە، باڵەخانەیەکی قەشەنگ. ئەرزییەکی خاوێن، بنمیچێکی بەرز، ڕەنگی ئالاو والا، پەنجەرەی زۆر... دەزانن؛ پەنجەرە زۆر شتم بیردێنیتەوە! ...هەم، دووبارە گەشتێکی ناخۆش لە ژێر سێبەری ئالاڕەشەکەی داعش. لە ڕەقەوە

ئێمەیان گواستەوە و لە موسڵ گیرسباینەوە؛ لە ماڵی گەمبۆڵێکی دیکەی خیلافەت. کە لە ژوورێکی بچووك بەندی کردم. کەچی لە یەکەم دەرفەتدا وەك پاسارییەکی بچووك، بە کەلێنی پەنجەرەکەوە خۆم فڕێدایە خوارەوە. پیاوێکی بە تەمەن لە دراوسێکان؛ منی بردەوە ماڵی خۆی و سێ ڕۆژ نەوای دام. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ ژمارەم لانەبوو و هیچ کەسم نەدەناسی؛ لە ترسی داعش؛ کە خەڵکی موسڵ تا ڕادەی تۆقین لە داعش دەترسان، چون سزاکان بەدەربوو لە هەموو یاسا و ڕێساکان. سزای داڵدەدانی بێباوەڕ و سەبییە لای ئەوان کوشتن بوو؛ چون نەواکردن لە هەڵگەڕاوەیەك خیانەتە! بۆیە هەواڵی دایە دوو لە چەتەکانی داعش؛ کەوا کچۆڵەیەکی دۆزیوەتەوە. ببورن گەیشتمە شوێنی خۆم، دەبێ بە بێدەنگی دانیشم و ماوەیەك لە قسەکردن بوەستم، چون لێرە ئەم ژن و پیاوە بەڕێزانە؛ باس لە کارەسات، کۆمەڵکوژی و فەرمانی گەلەکەمان دەکەن... ببورن وا دانیشتم.

ئۆف ئۆۆف، دەزانن چییە؟ ئەوەی من بینیوومە مۆتەکەبووە. هەموو سات و کات؛ بە هەموو شتێك ئەو پێنچسەد و هەشتا ڕۆژەم بیردێتەوە. بڵێ پێنچسەد و هەشتا ساڵ؛ کە هەر چرکەیەکی بارتەقای ساڵێك بوو لە ژێردەستی، کەساسی و کوێرەوەری. بۆ نموونە؛ ئەو کۆمپیوتەرەی بەردەمم ئەو لاپ تۆبەم بیر دێنێتەوە؛ ئەوەی داعش بۆ زانیاری کۆکردنەوە و تۆماری کەسان بەکاری دەهێنا. ئەوەبوو دوای گەڕاندنەوەم لە لایەن دراوسێکان؛ داعش لە ڕێگەی لاپ تۆبەوە؛ بە گەڕان بەنێو ناوی سەبییەکان؛ خاوەنمەیان دۆزییەوە؛ منیان وەك سپاردە... وەك پارچە کەلوپەلێکی ونبوو؛ دایەوە دەستی کڕیارەکەم. ئەم نامەردە خۆی و شەش لە هاوڕێ چەتەکانی زۆریان ئەشکەنجەدام. بەڵام بانگی ئازادی لە سینەم وەك کەنارییەکی خۆشئاواز دەیخوێند. ماوەیەکی کورتی دواتر و لە یەکەم هەلدا؛ دووبارە لە شەقەی باڵمدا و ڕامکرد. کەچی ئەوجارەیان زووتر دەستگیرکرام و دووبارە ئەشکەنجەدرام. کاتی نامەردەکە زانی هیچ سوودی نییە لەگەڵم، لە ترسی

بە ئاوچوونی پارەکەی؛ منی فرۆشت! ببورن پێویستە گوێبگرم، ماوەیەك دادەبڕێم، دەبی خۆم ئامادەبکەم. چون هەرکاتێك بانگ کرام دەبێ بڕۆم.

چەندە خەڵکی زۆری لێیە ئێرە! هەموو وڵاتان لێرەن؛ ئینگلتەرا، فرەنسا، رووسیا، ئەڵمانیا... همم ژنە ئەڵمانە باشەکە! کاتێك فرۆشرام، ئەوجارەیان بێبەهایەکی موسڵاوی سەرسپی منی کڕی. بە قەد باوکم بوو. کاتێ منی برد؛ سوێندم پێدادا هیچم لەگەڵ نەکات چون وەك باوکمە، کەچی ئەو هیچی نەگوت. هەرچەندە ژن و کچی هەبوو، بەڵام بە ئاگاداری ئەوان منی لاقەدەکرد و بەردەوام ئازاری دەدام. هانام بۆ دایك و هاوسەری برد؛ بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەم تاوانە بکات. خۆ من بەکچی ئەو دەشام، کەچی ئەو بێمێشکانە زۆر بە ساردی تێیان گەیاندم؛ کە ئەوە مافی خۆیەتی چون من کەنیزەیەکی کافرم! زانیم قسەکردن لەگەڵ ئەم پووچانە؛ وەك کۆکردنەوەی ئاوە بە بێژینگ. دواتر زانیم کە ئەم سەرسپییە بێبەهایە؛ هاوسەرێکی دیکەی جوانی هەیە. ناسکی دڵناسك، چاوشینی دڵسەوز. بە ئەڵمانی قسەی دەکرد. نازانم چۆن ئەم ئاسکە ناسکە؛ بەم کەمتیارە دڵڕەقە رازی بوبوو؟ دوومانگ لە ماڵەکەی مامەوە... ماڵی چی بڵێ دۆزەخ! سێبارە هەوڵی راکردنم داو بۆ چوارەم جار فرۆشرام.

باوەڕدەکەن! نازانم چۆن وەسفی ئەم هۆڵە گەورە جوانەتان بۆ بکەم. ئەم خەڵکە زۆرەی لێرە دانیشتوون. حەفسەد و پەنجا پەرلەمانتاری ئۆروپی؛ بە ئامادەبونی نوێنەرانی لالش، میر و کوردستان؛ ئەمڕۆ لێرە خەڵات دەکرێین. راستە ئێرە هۆڵێکی پڕ لە خەڵکە. بەڵام دڵم پڕ لە خەمە. ئاخر هۆڵەکەی ئەمیری داعش؛ ئەوەی منی لە موسڵاوییەکە کڕیەوە؛ بەم شێوەیە پڕبوو لە خەڵك. بەڵام بە پیچەوانەوە، خەڵکانێك لە هەوڵی تێکدانی ژیان بوون. گەر ئێرە کارگەیەك بێت بۆ ئەفراندن؛ هەوڵی بنیاتنانی بەهای مرۆڤایەتی و رۆشنکردنی بیر. کارگەی ئەمیرەکەی داعش؛ تژی بوو لە تەقەمەنی شل، کەرستەی کارەبایی، چەك، بۆمب و ئۆتۆمۆبیلی ئامادەکراو بۆ مینرێژکردن.

به کورتی کارگەیەك بوو؛ بۆ کوشتن و روخاندن. بەڵێ؛ ئەم خوێنڕێژە منی ناچارکرد؛ لە کارگەیەکی پشتێندی مینرێژکراو کاربکەم. کاری من وایەر بەستن بوو؛ تا بێهۆشە خۆکوژە کەرەکە؛ خۆی پێ بتەقێنیتەوە. رۆژانە پەنچا پشتێندمان درووست دەکرد. بیرمە لە دەرەوە بەردەوام دەنگی هێرشی فرۆکەکان دەهات. باوەڕبکەن؛ هەمووکات نزام دەکرد کە ئەم کارگەیە بۆمبا باران بکات؛ ئێمەش لەگەڵی هەلابەهەلا بکات. زۆر بێزارببووم و ئاواتەخوازبووم بمرم و لەکۆڵ ئەم ژیانە... ژیانی چی؟ ئەم کولەمەرگییە ببمەوە. تا رۆژێکیان کۆمەڵە کچێکی ئێزدی کڕی و هێنایانی؛ تا سەرباری لاقەکردن، لەم کارگە جەهەنەمیە کاربکەن. زۆرڕی پێنەچوو ئەوانیشم بە بیری ئازادی و سەربەستی هوشیار کردەوە؛ ئەمجارەیان بە دەستە جەمعی لەشەقەی باڵماندا و هەوڵی راکردنماندا، بەلاّم ئەفسوس؛ هەمدیس نەمانتوانی لە تۆڕی رەشی داعش دەرچین.

ببورن ناوم خوێنرایەوە و دەبێ بچم؛ قسەیان بۆ بکەم. باس لە مەینەتی گەلی شێخادی و هەموو گەلانی ژێردەستەی جیهان بکەم. باس لە بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و منداڵان بکەم. هەزاران نەفرەت لە جەنگ، کوشتن، پەرگیری و بەکارهێنانی ئایین بۆ دوژمنداری مرۆڤایەتی بکەم. هەر نوێنەری گەلی شێخادی، کوردستان و عێراق نیم؛ نوێنەری هەموو ئافرەتانی قوربانی دەستی جەنگم؛ لە سەرتاسەری جیهاندا. دەزانن؛ کاتێ لەپشت ئەم پۆدیۆمە وەستاوم؛ و قسە بۆ ئەم هەموو خەڵکە دەکەم؛ وەستانێکی دیکەم بیر دێتەوە. زۆر جیاوازتر لەوەی ئێستا؛ کە بە جلی نەتەوەیی؛ سەربەست و ئازادم. ئەوکات لە قەفەزی بەندی؛ بە کەنەفتی و ماندوویی؛ دەمووچاو شینهەڵگەراو؛ ناخ ئازاردراو وەستابووم.

کاتێ دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر؛ منیان بردە بەردەم حاکمی نادادپەرەوەری داعش لە موسڵ؛ بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ راکردن لە دەوڵەتی ئیسلامی. حاکم سەیری لاشە بچووکە شێلدراوە لێدراوەکەمی کرد. بینی

چۆن بەم شێوە ئازاو سەرسەختە؛ بێشکانەوە وەستام. سەیری بە من هات. لای نامۆبوو ئەم هەموو پلان و هەوڵانەی راکردن؛ لە کچێکی تەمەن هەژدە ساڵان بێت و گوتی:

- تۆ سەبییە...
- ناوم هەیە و دەتوانی بەو بانگم بکەی، ناوم لەمیا حەجی بەشارە.
- راست دەکەن کە بە سەرسەخت، یاخی، لاسار و منجر ناوتیان بردووە.
- نەخێر، من ئافرەتێکی بە ناحەق دیلکراوی لاقەکراوی فرۆشراوم. دوای کووشتنی باوك و برا؛ فرۆشتنی خۆشك و داگیرکردنی وڵات؛ دەتەوێت چۆن بم؟
- گوێبگرە سەبییە، بۆت نییە لێرە لەوچە بکەیت. تۆ سێجار بە تەنها هەوڵی راکردنت داوە. جاری چوارەم خەڵکت هانداوە و بەگەل خۆت داون. بۆیە بڕیار دەدەم بکوژرێی؛ یانیش قاچێکت ببڕدرێت؛ تا جارێکی دیکە هەوڵی راکردن نەدەیت.

ئەو قسەیەی زۆر بە مکوڕی کرد، وای زانی ئێستا دەترسم و لێی دەپاڕێمەوە، کەچی بە پێچەوانەوە؛ بە چاوان بەرەنگاری بوومەوە و گوتم:

- دەزانی چییە؟ دە وەڵڵاهی قاچێکم ببڕی بە قاچەکەی دیکە رادەکەم. ئەوی تریشم ببڕی لەسەر دوو دەستم رادەکەم. هەر چوار پەلم لێکەیەوە بە خشکەخشك هەوڵی راکردن دەدەم. ئەگەر بشمکوژی؛ روحە وێڵەکەم ئازاد دەبێت و بەرەو چیای شەنگال؛ لە شەقەی باڵ دەدات.

لێرەدا ئەمیرە شەهوەتبازە پارە پەرستەکە قسەی کرد؛ لە ترسی ئەوەی زەرەرمەندبێت پێشنیازی فرۆشتنمی دا. ئاخر مرۆڤ لە دەوڵەتی خیلافەتی داعش کاڵایە و تەنها پارە گرنگە. ببورن منیان پێشکەش کرد؛ دەبێ قسە بۆ ئامادەبووان بکەم.

دەزانن؛ کە لێرە وەستاوم و سەیری خەڵکەکە دەکەم، ئەوانەی بەوپەڕی رێز

و کاریگەییەوە گوێمان لێدەگرن؛ وەك مندالێکی شەرمن هاوسۆزی لە چاوانیان سەر دەردەکات. لە دوورەوەش ئالای ئەلمانیا دەبینم، ئەو دەولەتەی لە نەخۆشخانەکانی هەولی چارەسەریم بۆ درا دوایی... دەزانن؛ چی سەیرە؟ پزیشك لای ئەوان واتای کەسێك کە ژیان دەپارێزی، کەچی ئەو پزیشکەی منی کڕی؛ هەموو شتێکی پێچەوانەبوو. هەر لە ناوی کە ئیسلام بوو، لەو کاتەی نە ئیسلام و نە سەلام هیچ پەیوەندییان بەو نەبوو. تا دەگاتە پیشەکەی؛ کە هەرچەندە پزیشك بوو؛ کەچی رۆلی هەبوو لە کوشتنی سەرباز، پێشمەرگە و خەلکی سڤیل؛ بە هۆی ئەوەی جێگری والی کەرکوك بوو. دواتر کرایە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی حەویجە. ئەم لەندەهۆرە قەلەوە موسلاوییە؛ هەموو بیری لای کوشتن و هەوەسبازی بوو. ئەمە جگە لە خواردن؛ کە هێندەی یەك فیلەتەن نانی دەخوارد.

کاتێ منی کڕی؛ یەکسەر دەست درێژی کردە سەرم. ئەم لاهێرە گەمژە؛ کچۆلەیەکی ئێزدی دوازدە سالانیشی لاقەکردبوو. ئەم بەستەزمانە بەرگەی نەگرتبوو؛ لە ئەنجامی خوێن بەربوون گیانی لە دەست دابوو. ئەوجارەیان پلانم گۆڕی و ژیرانەتر هەلسوکەوتم دەکرد. ئەو بە قسەی خۆی منی کردبووە موسولمان؛ لە نەخۆشخانەکە دایانابووم؛ تا یارمەتی بدەم. بەم پێیە مۆبایلیشی بۆ دابینکردبووم؛ تا هەر کاتێك منی بووێت بچەمە لای. لە هەمان کاتدا کاری خاوێنکردنەوە و چەند کارێکی دیکەم پێم سپاردبوو. داوای لە هەندێ هاوڕێ کردبوو؛ لە رێگەی خێزانەکانیانەوە فێری قورئان، نوێژ، فەرموودە و ئایینم بکەن. منیش دەچووم و لەرێگەی ئینتەرنێت؛ قسەم لەگەل خزمان دەکرد؛ پلانی دەربازبوونم دادەڕشت.

ئێستا کاتی سەیری نادیە دەکەم، برازایەکەم دێتەوە یاد. کاترینی هەژدە سالان؛ ئەوەی ئەم لەندەهۆرە لەگەل کیژۆلەیەکی دیکە بە ناوی ئەلماس؛ کە تەمەنی تەنها نۆ سالان بوو؛ وەك سەبییە کڕیبوونی. باوەڕدەکەن یان نەخێر... هەردووکی بە خۆشحالییەوە لاقەکردبوو. ئەی هاوار مندالێکی نۆ سالان؛ کە

نازانیٚ چۆن لە ئاودەست خۆی خاوێن بکاتەوە؛ چۆن دەست درێژی دەکرێتە سەر؟ ئەم بەستەزمانە بەردەوام دەگریا و نەیدەزانی چ باسە!

بەهەرحاڵ، لەگەڵ مامم قسەم کرد؛ قاچاخچییەکی عەرەبی بۆ دۆزینەوە؛ کە بە حەفت هەزار و پێنچ سەد دۆلار؛ دەمانگەیەنتە کەرکوك. شەوی سێزدەی نیسان؛ بە چواران دەستمان کردە راکردن. بەڵام ئەفسوس؛ کاتژێر چواری بەیانی و بەر لەگەیشتن بە چەپەرەکانی پێشمەرگە؛ کاترین قسەی لەگەڵ ئەلماس دەکرد، دەستی گرتبوو و رامان دەکرد، لە ناکاو هەستمکرد لە ئاسمان دەفڕم. کاتیٚ کەوتمە سەر زەوی؛ بەرچاوم تاریك بوو و هیچم نەدی. بەڵام هەستمکرد هەموو لاشەم کونکون بووە. چەندم هاوارکرد بەڵام دەنگی هیچکامەیان نەهات. ببورن هەموان لێرە بێدەنگن و کاتی منە کە قسە بکەم. بەڵام بەر لەوەی هیچ بڵێم؛ ئەوەتان بیر دێنمەوە؛ کە ئەوان ویستیان گەلی ئێمە لەناوببەن. لە رەگ و ریشەوە دەرمانخەن؛ بێخەبەر لەوەی ئێمە دەمێنین و ئەوان دەڕۆن. چون ئێمە لەسەر هەقین و بەرگە دەگرین. بوونم لێرە لەو کۆڕە نێودەوڵەتییە؛ ئەوە دەردەخات کە ئێمە تەنیا نین. من لێرە گوزارشت لە خۆم ناکەم؛ بەڵکو لە تەواوی قوربانییەکانی جەنگ لە سەرتاسەری جیهاندا. دەنگی من ئەمڕۆ دەنگی هەموو ئافرەتانی جیهانە؛ بە تایبەتی تاووسەکانی گەلی شێخادی.

# (64)

# پشتی من و سکی دایکم

- ئەوە ئەنجامماندا دایە گیان!... شوکور بۆ خودا، لێرەوە هەر ئۆتۆمۆبیلێك دەبێت؛ تا بەرەو سنووری رۆژاوامان هەڵگرێت. ئاوڕ لەم چیا مەزنە سەرکەشە بدەوە دایە؛ کێ باوەڕ دەکات بە دووان سەرکەوتین و هاتینە خوارەوە؟
چی؟ حەزت لە مێوەیە؟ بەسەرچاو... یەك خولەکم بدەیێ دایکە. با لە کۆڵمت بێنمە خوارەوە و لەسەر ئەم بەردەت دانێم. تا لەم بستانە بە دوای شتێك بگەڕێم؛ تا بە دووان بیخۆین. ئاها لای ئەم مامە ئیختیارە دانیشە و بە یەکەوە سیگارەیەك بکێشن؛ تا من دەچم و شتێك پەیدا دەکەم.

ناوم دەخیلە، راستە تەمەنم سی و نۆ ساڵانە و چاوێکم نییە، بەڵام شوکور بۆ خودا؛ خاوەن جەستەیەکی وەرزشیم. ئەوەنییە دایکم لە کۆڵ هەڵگرت، بەسەر چیا کەوتین و هاتینە خوارەوە! چی؟ برام لە کاتی فەرماندا هەمووان پاڵەوانن. پاڵەوان ئەوەیە کە بتوانێت گیانی خۆی و خۆشەویستانی بپارێزێت. ببورن، وادیارە هاوسەفەری ئەو پیاوەی دایکم لەتەك داناوە؛ لێم دێتە پێش و دەبێ قسەی لەگەڵ بکەم.

- ماندی نەبیت برا، من دەخیلم خەڵکی گوندی سولاخ. ئەوەی لەوێ باوکتە؟
- سڵاو، من ئەلیاسم؛ باوەڕبکە چەند رۆژە باوکم لە کۆڵ کردووە؛ بەسەر چیام خست و هێنامە خوارەوە. شوکور بۆ خودا کێشی سووکە دەنا دەفەوتام. ئاها؛ ئەوە دایکتە؟ مەلێ منیش وامکردووە؟! چون

دایکت بە تەمەنترە و کێشی زۆر زیاترە. دەزانی چییە؟ وادیارە زۆر ماندوویی، تۆ لێرە دانیشە و من ئەو چەند گندۆرەیان بۆ دەبەم. تا ئەوان دەیخۆن؛ حەزدەکەم چیرۆکە سەرسورهێنەکەتم بۆ بگێڕیتەوە هاوڕێ ئەلیاس... دەزانی بۆ دەڵێم هاوڕێ؟ چون هەردووکمان بە هەمان شێوە باوانمان لە کۆڵە و بەڕێدا دەڕۆین... من دەچم و دوای ماوەیەکی کورت دێمەوە.

دەزانن؛ کاتی لە سۆلاخ خەڵکی تەلبەناتم بینی، ئەوانەی بە لێشاو رایاندەکرد؛ زۆر لە دایکم ترسام. ئەو تەمەنی هەشتا و نۆ ساڵانە؛ قاچی شکاوە. ئێمەش هیچ هۆکارێکی گواستنەوەمان نەبوو، بۆیە خستمە نێو سندوقی ئۆتۆمۆبیلی خزمێك؛ خۆشم بە پێیان لەگەڵ پیاوان تا میهرەکان رۆیشتم. لەوێ و لەبەر قەلەباڵغی؛ دوو رۆژ بە برسیەتی و تێنوویەتی ماینەوە.

- گەڕامەوە هاورێ، ئەوجا پێم بڵێ لە کوێوە سەرکەوتن؟ مەڵێ لای بیری میهرەکان. رەوشەکە لەوێ زۆر ناخۆشبوو، لە برسان و تێنان خەڵك زیرەی لێ هەڵسابوو.
- دەوەڵڵا لە میهرەکان سەرکەوتین، دەزانی؛ سەرباری بێخۆراکی و بێئاوی؛ هەندێ کەس لەوێ مانەوە. دایکم لە پشتکرد تا گەیشتین بە (چوتکین سلافکەها). ئاگاداربووم هاوڕێیەکم بە مۆبایل لەگەڵ خزمانی قسەیکرد؛ تا بگەڕێنەوە میهرەکان؛ تراکتۆر و ئۆتۆمۆبیلەکەی بێنی، زۆرم پێگوتن دوژمن ئەوێی داگیرکردووە! کەچی گوێی پێنەدا و دووکەسی لە خزمانی بردو رۆیشتن. لەم کاتەوە مۆبایلی داخراوە و نازانین چییان لێ بەسەرهاتووە.
- دوعای بۆ بکە برام، بەڵام ئەوەی لەوێبوو هەمووی دەستگیر کراوە. تەنانەت خانەوادەکانیش لە لایەن داعشەوە رفێنراون. پێم بڵێ چۆن بوو ئەم بیرەت بۆهات؛ کە بەم لاشە بچووکە و بە یەك چاو؛ دایکت لە

کۆڵ بکەی و بەسەرچیا کەون؟ بە راستی ئافەرین.

- رەوشەکە لەوێ زۆر پەرێشان بوو. باوەڕبکە لەبەر جەنجاڵی چەند دڵۆپە ئاوێکیشم بەرنەکەوت. لەگەڵ خەڵك بەرەو ناوچەی چل میران بۆ سەرچیا رۆیشتین. دەبووایە ئێمەش بە پێ بڕۆین. چون فەقیرین؛ نە پارەمان هەیەو نەگوێدرێژ، بۆیە یەك رێگەمان لەپێش بوو بۆ سەرکەوتن؛ ئەویش کۆڵی من بوو!

دەزانی برام؛ لە فەرمان و تەنگانەدا؛ خەڵك بەهای خوشك و برا دەسەنگێنیت، ئەوکات دەزانی برا پشتە، خوشك دەستە و ئامۆزا قاچە. باوك هێزە و دایکیش میهرەبانی. باوەڕبکە کاتی ئەو چوار برایەم دەدی؛ ئەوانەی لەگەڵمان پێ بە پێی سەردەکەوتن، کە دایکیان لەسەر سەدییەك هەڵگرتبوو. ئیرەییم پێیان دەبرد. ئاخر منیش سێ برام هەبایە؛ ئەوا هەرهیچ نەبا؛ لەگەڵم قۆناغ بە قۆناغ هەڵیان دەگرت. بەهەرحاڵ، چوومە لای دایکم و پێم گوت:

- پێمباشە بە یەکەوە پێ بەپێ سەرکەوین. تۆ ببە بە چاوم و منیش دەبم بە لاقەکانت!

- نەخێر کوڕی خۆم، (بە دەم گریانەوە) من لێرە دەمێنمەوە. تەمەنم گەورەیە و کێشم قورسە. تۆ خۆت رزگاربکە، گەنجی و دونیا لە پێشە. بڕۆ و من لە دوای خۆت جێبێڵە. بڕۆ رۆڵە... نەوەك دوژمن؛ تەنانەت دڕندەکانی چیاش؛ هیچ لە پیرەژنێکی تەمەن بە سەرچووی وەك من ناکەن. باوەڕناکەم ئازارم بدەن.

- نەخێر دایە گیان، تۆ زۆر هەڵەی. راستە دڕندەکان هیچ ناکەن، بەڵام ئەوانە لە دڕندە هۆڤانی و بێەهاترن. دڕندە تەنها لەکاتی برسیبوون و بۆمانەوەی لە ژیان؛ دەخوات. کەچی ئەوانە بە برسیەتی و تێری. لە خۆشی و ناخۆشی. لە سەرکەوتن و نوشوست؛ خەڵك دەکوژن. دەزانی بۆ؟ چون مانەوەیان پەیوەستە بە مردنی خەڵکانی دیکە. ئەوانە

مرۆڤ نین بەڵکو ئەهریمەنی دۆزەخ و پەیامبەری مردنن؛ هاتونەتە سەر زەوی. جێت ناهێڵم دایە گیان، گەر دەتەوێ لێرە بە یەکەوە دەمینێینەوە. گەر دەشتەوێ بە یەکەوە هەنگاو بەهەنگاو؛ بەسەر ئەم چیا سەختە زاڵدەبین. بە یەکەوە دەژین یان پێکەوە سەر دەنێینەوە.

- گەر گەشتەکەمان لە پێدەشت بووایە؛ دەتتوانی هەڵمبگری، بەڵام ئێمە لە بناری چیایەکی سەختین، دەفەوتێی بە دەست منەوە. بڕۆ رۆڵە گەردەنت خۆش و ئازاد بێت.

- بو کوێی بڕۆم بێ تۆ دایە گیان؟ بێ تۆ بە کوێی دەگەم لەم ژیانەدا؟ بیرتە دایە گیان نۆ مانگ منت لە سکت هەڵگرت؟ ئەو کات من هێندەی دەنکە فاسوڵیایەك بووم؛ بە شێوەی سەرەمێکوتە؛ منت لە جیهانی ناخت پاراست و گەورەکرد. کاتێ برسیم دەبوو؛ لە گەدەی خۆت نانت پێدەدام. جار هەبووە نیوەی شەو بە هۆی برسیەتی؛ یاخود پێویستیم بە مادده یان ڤیتامینێك بووە! تۆم لە خەو کردووە؛ لەژێر ناوی مەگیرانی؛ ناچارم کردووی شتی ترش یات توون بخۆیت! کاتێك پێویستیم بە کالسیۆم بووایە؛ بێ پرس لە ددان و ئێسکەکانتم دەبرد؛ بێگوێدانە ئەوەی دواتر ددانت دەکەون یان تووشی ئێسکە نەرمە دەبیت. کاتی دڵم ناخۆش دەبوو؛ ئەم هەستەم بۆ تۆ دەگواستەوە و تۆش لە خۆڕا لە قوڵپەی گریانت دەدا. کاتی دڵم خۆش دەبوو؛ لەقەم لە سکت دەدا تا ئاگاداربیت. ئەوکات من و تۆ دوو دڵ بووین لە ناو یەك لاشەدا، دوو روح لە یەك جەستە؛ تەنیا پەردەیەکی تەنکی نێو سکت؛ لە یەکی جیادەکردینەوە. بۆیە زۆر هەستمان بە یەك دەکرد. تۆ کە منت نۆ مانگ بەگەرما و سەرما، خۆشی و ناخۆشی، برسیەتی و تێری؛ لە نێو سکت هەڵگرتووە. دەشت، کێو و هەردت بە من بڕیووە، ئێستا دەتەوێ لەم بنارە و بەم فەرمانە؛ جێت بێڵم دایە گیان ؟ دە سوێند بەو خودایەی ئێمەی

درووستکردووە، پشتم بۆت دەکەم بە کەشتیەکی ئارام و بەرەو ئارامیت دەبەم. ئاخر تۆ بڵێی گوێدرێژێك لێرە ئەم کارەی پێ بکرێت؛ منی کوڕە گوێ ڕایەڵە خۆشەویستەکەت نەیکەم؟ ناوی خودا بێنە دایکە، ئەوە پشتم بۆت نەوی دەکەم؛ وەرە کۆڵم و خودێ کەریمە.

ئیتر بە یەکەوە رۆیشتین و زۆر ماندووبووین. بە یەکەوە پێچە تەنگەبەر، هەوراز و نشێوە سەخت و تاشە بەردەکانمان بڕیووە. راستییەکەی کێشی قورسبوو. زۆرماندوو بووم، ماوەی هەر چەند کیلۆمەترێك دەوەستاین؛ دەمهێنایە خوارەوە پشوومان دەدا. دواتر بە یارمەتی هاوسەری براکەم؛ یان خێرەومەندێك؛ دووبارە هەڵم دەگرت و دەڕۆیشتین. زۆر زوو تێنووم دەبوو، بەڵام خەڵکی خێرەومەند، بەردەوام بە هانامانەوە دەهاتن. ئەوەی منی دەبینی؛ بەم شێوە دایکم هەڵگرتووە، سەرەتا هەڵوەستەیەکی دەکرد؛ دەوەستا، نزای خێری بۆ دەکردین؛ ئاو یان خۆراکی پێ دەبەخشین.

بیرمە کاتێك گەیشتینە بیری عەنز لە کولی بوکو، خەڵك دەچوون و ئاویان هەڵدەهێنجا. کاتی چووم؛ بینیم گەنجێك شۆربۆوەتەوە ناو بیرەکە؛ ئاو بە سەتڵ بۆ خەڵکەکە بەرز دەکاتەوە. دەستخۆشیم لێکرد و پرسیم لە کەیەوە لە خوارەوەیە؟ لە وەڵامدا زانیم کە چەندین کاتژێرە لەوێیە؛ تا هەموو خەڵك تێراو نەبێت ناڕوات. تەنانەت گەر شەوی بەسەردابێت. چون " ئەمڕۆ رۆژی مەردایەتی و هاوکارییە!" وەك خۆی گوتی، سوپاسگوزاری بووم و لەرۆیشتن بەردەوام بووم. هەرکاتێ ماندوو، بێزار و توڕە دەبووم. بیرم دەهاتەوە کە ئەو؛ بێ بێزاری و بۆڵەبۆل منی نۆمانگ لە سکی هەڵگرتووە. تەنانەت جارێکیان داوای شتێکی سەیری لێکردم، دڵی سیگارەی دەویست، سەرەتا توڕەبووم، دواتر دامناو زۆر پێکەنیم، ناچار چووم و لە خەڵکم دەرۆزە کردووە. دانیشتم تا بە ئیسراحەتی خۆی کێشای؛ تاوێك بۆ

ڕەوشی خراپی گەلەکەمان بە دووان گریاوین، ئەوسا دووبارە هەڵمگرت و ملی ڕێگامان گرت.

- ئەی کاتی گەیشتنە سەرەوە چتیکرد؟
- گەیشتینە گەلی کیروخ، مامم بەرەکات و خزمانی لێبوو. دوای مانەوەی دوو ڕۆژ؛ بەهۆی سەختی بژێوی سەرچیا نیگەران بووین. مامە هات و مژدەی کرانەوە ڕێگای ڕۆژاوای پێداین. بڕیارم دا بچینە خوارەوە، نیگەران بوو بە هۆی ئەوەی کە ناتوانی یارمەتیمان بدا؛ بەزەیی بە من هاتەوە؛ پێی باشبوو لە سەرەوە بمێنینەوە، کەچی تێمگەیاند کە سواربوون عەیبێك و دابەزین دووان. من دایکم جێناهێڵم، ئێوە بڕۆن و چۆن قۆناغ قۆناغ سەرکەوتین، ئاواش پێ بە پێ دادەبەزین. ئەوەبوو بە هەمان شێواز هاتینە خوارەوە. ئێستاش لەم بستانە لامان داوە؛ چون ئەو حەزی چۆتە گندۆرە، دەیخۆین و دواتر ڕێگاکەمان تەواو دەکەین هاوڕێ، ئەوەنییە تۆش بە هەمان شێوە باوکت هەڵگرتووە و ملی ڕێت گرتووە؟
- بەڕای تۆ؛ کەس لەمن و تۆ ماندووتر هەیە؛ لەم فەرمانە برام؟ ئاخر سەرکەوتن و دابەزینی چیا بە تەنیا سەختە؛ چ جای لە کۆڵکردنی کەسێك؛ هاوڕێی شیرین!
- منیش هەروامدەزانی هاوڕێ؛ تا یاسری نۆزدەساڵانم بینی. ئەو گەنجە پەککەوتەی کە پێیەکانی لە کارکەوتوون. ئەم قارەمانە خەڵکی تەلبەناتە. ئۆتۆمۆبیلی خێزانەکەیان لە مەزاری ئامدین وەستا. لە قەنێ لە باشووری چیا بۆ بیری ئۆرا؛ دواتر مەزاری شەرەفەدین لەسەر دەست رۆیشتووە. باوەڕدەکەی؟ ماوەی هەشت ڕۆژ لە سەردەست و چۆك خۆی خشاندووە، پێستی ناودەست و سەرچۆکی هەمووی داماڵرابوون. دوایی هەر مەودایەك رۆیشتن؛ ماوەی پێنچ خولەك پشووی دەداو دواتر بەردەوام دەبوو. دەزانی هاوڕێ؛ مەودای

نێوان گەلی مێرکا لە قەنێ تا بیری ئۆرا بیست کیلۆمەترە؟ ئەو مەودایەی بەنێو چیادا بڕی؛ لەو کاتەی تەنها یەك بوتڵ ئاوی لابووە! وەك خۆی بۆی باسکردم؛ سێ فانیلەی دڕاندووە؛ لەسەر چۆك و ناو لەپی بەستووە؛ تا بتوانێت بەردەوام بێت. بەستەزمانەی زۆر بە تاشە بەردی لێوار تیژ و دڕك و داڵی ڕێگا؛ ئازاری خواردبوو، کەچی هەر نەوەستا و توانی بەسەر چیا زاڵبێت. باوەڕبکە؛ ئەوە لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان بووایە، ناوی دەچووە نێو کتێبەکان و وەك پاڵەوان دەناسێنرا. بەڵام ئێمەی کڵۆڵ؛ تەنها ناومان دەچێتە نێو فەرمانی ستەمکاران هاوڕێ.

# (65)

# دوو شایەت

- سوپاس بۆ خودای گەورە؛ ئەوە خۆرە زەردەکەی ئاڵای کوردستان دەرکەوت. لە کۆتاییدا خۆم و خێزانەکەم دەوڵەتی تاریکی داعشمان جێهێشت؛ گەیشتین بە یەکێك لە بازگەکانی هەرێمی کوردستان.

ناوم ئەبو ئوسامەیە... ئوسامە؛ کوڕە نۆبەرەکەم؛ ئەوەی ژیانم بۆی تەرخانکرد، کەچی ئەو ژیانی لێ تێکداین! چی ما بۆی نەکەم؟ بۆ وەك من دەرنەچوو؟ بۆ تۆزێك بە من نەچوو؟ منێك کە لە سەرەتای ژیانمەوە ڕێگای ئایینداریم گرت؛ لەگەڵ باوانم باشبووم؛ تا منداڵەکانم لەگەڵم بە میهربن.

بەم مەبەستە چووم و لە باشترین بنەماڵە؛ چاکترین کچم خوازبینی کرد. تا دایکێکی میهرەبان بێت. ئەم کێڵگەی کە تۆوی کوڕەکەمی لێ دەچێنم؛ زەوییەکی ئادان بێت. کوڕم بە باشترین شێوە دەربچێت، لە ئازایەتی، جوامێری و مەردایەتی بە خاڵەکانی بچێت. کەچی ئەفسوس؛ هەموو هەوڵەکانم وەك فووکردن وابوو بە کوندەیەکی بەتاڵەوە.

دەزانن، کاتی ئەم پێشمەرگە لاوانە دەبینم. ئەوانەی لە پشت بازگەکەن؛ لەسەر ئەم تاتە بچووکە نوێژ دەکەن؛ دواتر ئاوا بە هێمنی و ڕێکی قسەمان لەگەڵ دەکەن، چاو لە ئاست ئافرەتان بەرزناکەنەوە. هەموو ئەو درۆ و دەلەسەی داعشم بیردێتەوە؛ کە گەلی کورد بەگشتی بە هەڵگەڕاوە؛ ئێزدی بە تایبەت بە کافر؛ کریستیان بە گومڕا وەسف دەکەن. دەوەڵڵاهی ئەوان هەڵگەراوە، لادەر و گومڕان؛ ئەم بێ بەهایانە.

باوەڕدەکەن؛ هاوڕێیەکی بێ مێشکی کوڕە سەرەڕۆیەکەم بینی. گوایە

پزیشکە و لەکەنەدا هاتۆتەوە؛ کەچی بە پێخواسی دەڕۆیی. کاتی لە هۆکاری ئەم هەڵسووکەوتەم پرسی، زۆر بە متمانەوە گوتی:

- مامی خۆم، ئەم خاکە خاوێنە و هەزار پەیامبەری لەسەر رۆییوە، لاشەی سەدان پەیامبەر، هاوەڵ و پیاوچاك لەخۆ دەگریت. چۆن دەکرێت بە پێڵاو لە سەری بڕۆم.
- ئەی باشە وەرە پێم بڵێ؛(خۆم بۆ نەگیراو و قسەم کرد) تۆ چۆن دەچیتە سەرئاو و پاشەڕۆ دەکەی؟ مەگەر پیساییەکەت دەچێتە کوێی؟ خۆ ناڵێ دەچێتە ئاسمان لە برِی ژێر ئەم زەوییە موبارەکە! (بە گاڵتەوە)

دەمێك دمق ما، دواتر تێمڕاما؛ وەك ئەوەی سەیری بوونەورێکی نامۆ بکات. بە شێوەیەك رق لە چاوانی دەباری و گوتی:

- دەزانی کێشەی ئێوەی نابڕوادار چییە؟ کێشەتان ئەوەیە لێمان تێناگەن. بەڵام گلەییت لێناکەم... تۆ وەك خەڵکی دیکەی ئەم شارە؛ تازە دەگەڕێنەوە نیو ئیسلام؛ لە ماوەی داهاتوودا؛ ئیسلامی راستەقینە دەبینن و زۆر شت تێدەگەن.
- چی چی؟ (بە توڕەیی) کوڕی خۆم تۆ لە پشتی باوکت بووی؛ کاتی دووحەج و سێ جەنگم بینیووە. تۆ تازە دێیت و ئیسلام بە من دەناسێنی! لە گەرمەی جەنگ نوێژم کردووە ؛ کەچی تۆ تازە دێیت و بەم پانتۆڵە کورت و ئەم ریشە دریژەوە؛ فشەفشم لەسەر دەکەی؟ پێتان وایە رۆما دەکەنەوە؛ لەوکاتەی تا ئێستا بە مێشکێکی کراوە؛ لە ئیسلام نەگەیشتوون.

ژیانێکی سەیرە، من و خێزانەکەم کە لە دەست داعش رامانکردووە، لێرە لە بازگەی هەولێر وەستاوین؛ تا بچینە ژوورەوە. ساڵەهای ساڵە کوردمان لە بازگەی موسڵ راگرتووە؛ ئازارداوەو سووکایەتیمان پێکردوون. کەچی ئەوان زۆر بە رێزەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن. رایانگرتووین تا کەفیلەکەمان

دەگـات و کـارڕایی پێویسـت ئـەنجام دەدات. سـەیر لەوەدایـە کەفیلەکـەم برادەرێکی کاتی کۆلیژە، برایەکی پێشمەرگەی بە دەستی سوپای عێراق کوژراوە. ئەو سوپایەی کە مـن و هاوشاریانم کۆڵەکـەی سـەرەکی بـووین؛ سـاڵەها سـاڵ خزمـەتمان کـردووە. بـە تانـك، تـۆپ و فڕۆکـە شـارەکانی کوردستانمان بۆردوومانکردووە.

کاتێ سەیری ئەم پێشمەرگانە دەکەم؛ کە هاوتەمەنی ئوسامەن؛ زۆر خەم دەخۆم. ئاخر من چ خراپەیەکم کردبوو؛ تا کوڕم وابێمێشك و گەمژە دەرچێت؟ دەزانـن؛ کـاتی پـەرگیری دەچێتـە نێـو مێشـکی مـرۆڤ، ئـەوا هـزری تێـا نامینێت. کاتێك دڵ داگیر دەکات میهرەبانی لێی دەردێت. نەمدەزانی چی لەگەڵ بکەم، کۆمەڵە برادەرێکی خراپی هەبوو. لە ترسی سیاسەت گوتم با خەریکی وەرزش و کاری رۆشنبیری بکەم، کەچی لە دەست دەرچوو. کاتی بـەرەو مزگـەوت و رێگـای ئاییـنداریم ئاراستەکرد، گەلحۆیـەکی تونـدڕەوی لێدەرچوو. زۆرم هەوڵدا ئامۆژگاری بکەم. بیگەرێنمەوە رێگای میانڕەوی، کەچی رایکرد و ماوەیەك بزربوو. تا لە هیکەوە؛ لەگەڵ سوپای جەهالـەتی داعش گەڕاوە موسڵ و... خۆزگە نەهاتبایەوە!

درەنگـانی ئێـوارەی دەی حـوزەیران، لـەو وەختـەی رەوشـی موسـڵ زۆر ناخۆشبوو؛ لە دەرگا درا. بە ترس و لەرز کردمەوە؛ بینیم ئوسامە ئەفەندی بـە جلێکـی ئـەفغانی رەش، قژێکـی ئـەفریقی تـۆزاوی، ریشـێکی سعودی ناشیرین و هزرێکی بۆگـەنی بیـانی هاتـەوە. هیچی عێراقـی تیـا نـەمابوو. تەنانـەت بـە زمـانێکی عـەرەبی پاراو قسـەی دەکـرد. چاوەکـانی بـەدکاری و توندڕەویان لێ دەتکا. هاتەوە و وەك ئەوەی لەگەڵ سوپای پەیامبەر هاتبێ؛ مەککـەیان فـەتح کردبێت. ئـەوان هـاوەڵن و ئێمـەش تولـەقاین؛ تـازە بـە زەبری چەکی ئـەمریکی و خوێنڕێژی ئـەمیرە شیشـانیەکانیان؛ بووینەتـە موسوڵمان! هاتـەوە و بـە دیـدی خۆی؛ منـەتی ئـەوەمان لەسـەر دەکـات؛ کـە هـاتووە لـە جەهالەت و گومڕایی رزگارمان بکات؛ بەم شێوە لافی لەسەر لێ دەداین.

باس هەر باسی خەلیفە، جیهاد، دەوڵەتی ئیسلامی، ئاڵای ڕەش و فەتحی دەکرد.

بەڕاستی داعش بوونەوەرێکی نامۆیە. ئایدۆلۆژیایەکی ترسناك؛ کە مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر سەیر دەگۆڕێت. هەموو شتێکی لێ دەسێنێتەوە و دووبارە بە شێوێندراوی درووستی دەکات. هەر لە ناوەکەی؛ کە لادەبرێت؛ بە نێوی منداڵێك دەکرێت کە هێشتا نەهاتۆتە بوون! (ئەو ملهوڕەش ناوی لەخۆی نابوو ئەبول بەڕا). دواتر کەسایەتی دەسڕێتەوە و دەیکاتە موجاهیدێك لە سوپای خیلافەت؛ کە هیچ خۆشەویستی و سۆزێکی بۆ خانەوادە، شار، گەل و نیشتیمانەکەی نامینێت. بە نێوی وەلاوبەڕا؛ دڵسۆزی هەر بۆ خەلیفە و خیلافەت دەبێت. تەنانەت جل، شێوەزار، بیرکردنەوە و هەڵسووکەوتیشی وەك ئەوانی لێدێت. بەکورتی دەبێتە گورگێکی چاوسووری نێو گەلە دڕندەیەك. ژمارەیەك؛ لە نێو هەزاران ژمارەی هاوشێوە!

باسی لە کوشتنی سەرباز، پۆلیس، پێشمەرگەو فەرمانبەر و... چوزانم هەمووان دەکرد. گوایە پەیامبەر گوتوویەتی (بەسەربڕین هاتوومەتە لاتان)؛ ئەوەی لەگەڵیان نەبێت؛ ملی شایستەی حەربە و قەمەکانیانە. نابێ میهر بە هیچ کافر، گومڕا و هەڵگەڕاوەیەك بکەن. بەڵکو دوای کوشتنیان خێزان و سامانیان حەڵاڵە. لەوەش زیاتر؛ دەبێ تەرمەکانیان لە گۆڕستانی موسوڵمانان نەنێژرێت؛ بدرێت بە سەگەکانی دەوڵەتی ئیسلامی؛ تا ئەوانیش برسی نەبن!

قسەکانی خوێنیان لێ دەچۆڕایەوە، بۆنی بۆگەنی لە مێشك و گۆرەوییەکانی دەهاتن. زمانی بە شێوەی ناوکەفی پێڵاوەکەی درێژ و ڕەشبوون. نازانم ئەم هەموو قین و ڕقەی لە کوێ هێناوە؟ ئەم بیرە تەسکەی لە کوێ فێربووە؟ چۆن دەکرێ بەم ماوە کەمە؛ بەم شێوە گەورەیە بگۆڕێ؟ ئاخر بیرمە؛ کاتی یەکەمجار منی بینی سەری مریشکێك دەبڕم؛ چەندە گریا و ماوەی مانگێك لە ترسان لێم نزیك نەبۆوە؛ ماوەیەکی درێژیش گۆشتی نەخوارد. کەچی ئێستا مۆبایلی تژییە لە دیمەنەکانی سەربڕین،

سووتاندن و کوشتن. نەوەك هەر ئەوەندە؛ بەڵکو بە پێکەنین و دڵێکی خۆش نیشانمانی دەدا! لەوەوە هەستمکرد ئەوەی هاتۆتەوە کوڕی من نییە، راستە بە جەستە هەر ئەوە، بەڵام مێشکی شوراوەتەوە؛ ئەم رۆڵە گوێڕایەڵ و خوداناسە نییە؛ کە من پەروەردەم کردووە. بەڵکو گەلحۆیەکی مێشك تێراوە بە بیری بیابان. زانیم ئەم بوونەوەرە دەبێتە مایەی کێشە و سەرئێشە. بەڵام قەد نەمدەزانی بەم شێوە تراژیدیە کۆتایی پێدێت!

بیرمە دوای سێ هەفتە لە گەڕانەوەی. رۆژێك بە شادومانی هاتەوە؛ باسی لەوە دەکرد کە ئەبوبەکری بەغدادی بە خەلیفە دانراوە؛ دەوڵەتی ئیسلامیش لە موسڵەوە راگەیانراوە. بەم نزیکانەش سوپای خیلافەت رۆژهەلات و رۆژاوای زەوی ئازاد دەکات. بە سەرکردایەتی محەمەدی مەهدی قودس رزگار دەکەن. زۆرم سەیر بەو کرچ وکاڵی و هەپرەییە دەهات. چۆن دەکرێت مرۆڤ ئەوەندە ساویلەکە بێت؟ چۆن دەکرێت بنیاتی دەوڵەت لەسەر بنەمای فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراو بێت؟ چۆن دەکرێ ئامادەکردنی نەوەی نوێ لەسەر ئەفسانە و قسەوقسەلۆك بکرێت؟ راستییەکەی؛ نەمویست دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئەم هەرزەیە والاکەم. بەلام کاتی بینیم بیروڕایە پەڕگیرەکەی داعش؛ ئەم کوڕە گەورەم بەرەو هەڵدێر دەبات. ویستم بە نەرمی لەگەڵی بدوێم، تێبگەینم کە داعش دەسکەلای دوژمنانە، دەنا ناکرێت بەم ماوە کەمە؛ ئەوەندە چەکە پێشکەوتووەی دەست کەوێت؛ ئەم هەموو خەڵکە بیانییەی بەگەڵ کەوێت! بتوانێت ئەم هەموو زەوییە داگیر بکات؟ ئەم هێزە زەبەلاحەی لەسەر زەوی بجولێنینت؛ بێ رەزامەندی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی؟ ئاخر کەژاوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی لەبەر چاوی مانگە دەستکرد؛ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان جرتوفرتیان بوو، شاریان داگیر دەکرد، لەوکاتەی کە هوتافی (مەرگ بۆ ئەمریکا )وێدری سەر زاریان بوو! ئاخر نە داعش دەوڵەتی ئیسلامییەو؛ نە ئیبراهیم عەوادل بەدری ئەبوبەکرە و نە ئەبو عومەریش ئیبن تەیمیەیە.

بەپێی قورئان؛ ئیسلام بەرنامەی ژیان و پڕۆژەی بووژاندنەوەیە. کەچی داعش بۆتە هۆکارێك بۆ مەرگی ئەندامانی و خەڵکانی دیکە. ئەوان تەنها دەستیان بە چەند دەقێکی بێبنەما؛ بە هەڵە لێکدراوی موفتیە خۆ بەزانا نەزانەکانی خۆیان؛ گرتووە! وەك تووتی دەیڵێنەوە و هیچ رایەکی دیکە قبوڵ ناکەن!

رۆژێکیان چەند هاورێیەکی لەگەڵ خۆی هێنایەوە ماڵەوە، کە بۆن بۆگەنیان هێری کردم. لەگەڵیان دانیشتم و گوێیم لێیان گرت. باسیان لە پاڵەوانیەتە قێزەوەنەکانیان دەکرد. من وەك خۆشڕەفتاری پیرۆزبایی (ئازادکردنی) موسڵم لێیانکرد. کەچی گەورەکەیان کەوتە قسان و گوتی:

- لە رۆژی فەتحی موسڵ، بازگەیەکمان لە گەڕەکی ریفاعی نزیك هوتێلی موسل دانا. بە پشتیوانی خودا نزیکەی بیست هەڵگەڕاوە و رافزیمان لەوێ کوشت. دواتر چوار سەربازی رافیزی و کۆمەڵەك ئێزدی دێوپەرستمان کەوتە دەست. راستیەکەی نەمزانی چییان لێبکەم. دەزانم ئەوانە کافرن؛ بەڵام نەمدەزانی چۆن دەبێ رەفتاریان لەگەڵ بکرێت. هەندێك لەو خەڵکەی بەوێدا رەت دەبوون و دەیانزانی ئەمانە ئێزدین؛ دەیانگوت: " لێرە بیانکوژن و سەریان پەل دەن!" . هەندێکی دی دەیانگوت: " هەر لێرە تیربارانیان بکەن!". هەشبوو هاواری دەکرد: " لێرە و لە تۆڵەی دوعا؛ سەریان بە بلۆك پان بکەنەوە!". دەیانگوت: " میهرتان بەم بێباوەڕانە نەیەتەوە و رەوانەی دۆزەخیان بکەن!". ئەو بەستەزمانانەش لەترسی ئەم قسانە؛ تفیان قووت دەدا؛ رەزامەندیان نیشاندا ببنە موسوڵمان. یەکیان گوتی: " ئێمە چیمانکردووە دەمانکوژن؟". راستییەکەی من بە موسوڵمان بوونەکەیان رازی نەبووم؛ باشە ئەوان گەر راست دەکەن، بۆ بەر لەهاتنی دەوڵەت و فەتحی موسڵ نەبوونە موسوڵمان؟ بۆیە هیچم نەگوت و مەسەلەکەم خستە ئەستۆی زانایان. ئەوانم لەگەڵ خۆم بردە

یەکێك لە دادگا شەرعیەکان؛ کاتی مەسەلەکەم خستە بەردەم شێخێك؛ تەنها بە دوو وشە وەڵامی دامەوە: " سەویهوم تاوە!" . واتا بە دۆزەخیان موشەرەف بکە. دووبارە سواری ئۆتۆمۆبیلیانم کرد. لە وادی حەجەریش بازگەکم دانا؛ لەوێش کۆمەڵە رافزەیەکم کەوتە دەست. هەمووانم بە ئۆتۆمۆبیل بردە دەرەوەی شار؛ لای گەڕەکی ئەهرامات. کاتی گەیشتینە زبڵدانەکەی دەرەوەی شار؛ ویستم لەوێ سەریان ببڕم. بەڵام نەومیست بەم لاشە بۆگەنانە؛ تەنانەت زبلخانەکانی موسڵیش پیس بکەم!

- لەوێ نەبوو کاتی یەکێك لە ئێزدییەکان؛ داوایکرد لەگەڵت قسە بکات؟ (کوڕە گەمژەکەم گوتی)

- بەڵێ، هاتە لام و گوتی: " من ماوەیەکە موسوڵمانم. بەڵگەشم هەیە، ئێمە بە هۆی پاڵپشتیمان لە دەوڵەتی ئیسلامی؛ لە بەندیخانەی موسڵ لە فەیسەڵییە بەندکرابووین. لە تەك قاووشی ژمارە یازدە؛ لەگەڵ کەمە نەتەوایەتییەکان دانرابووین. لە رێگەی هەندێ لە برایانی موسوڵمان؛ لەم بەندیخانەیە بووینە موسوڵمان. بۆیە لە راهی خوا ئازادمان بکەن و میهرەبانیت بە ئێمە بێتەوە!" . نازانم بۆ لە قسەکانی هەستمکرد راستی دەڵێت؟ بە تایبەتی کاتی ناوێ هەندێ لە سەرکردەکانمانی هێنا؛ ئەوانەی لەگەڵی بەندکرابوون. ئەوەبوو دووبارە سواری ئۆتۆمۆبیل بووین؛ تا گەیشتین بە تولە رێگایەکی کەنار رووبار؛ ئەوکات هەمووانم دابەزاند.

- باوکە (کورە هەرزەکارەکەم گوتی) گەر بتدیبا چۆن سەربازە رافزیەکانمان لەنێو چاڵێك دانا، هەرچەندە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد: " ئێمە سەربازین!" . لەوکاتە بە مۆبایلەکەم وێنەم دەگرت. ئەبو دوجانەی موهاجیر کە پاڵەوانێکی سعودییە، بە دەستی خۆی دووانی سەربڕی؛ دواتر ئەوانی دیکەمان گولەبارانکرد. ئەوجا ئەمیر داوایکرد

ئێزدییەکان بینینە خوارەوە.

لەوکاتەدا بە ترسەوە لەکوڕەکەکەم رامام؛ کە چۆن بە شادومانیەوە باسی لەم تاوانە دەکرد، هێلبوومەوە؛ ئەمیرەکەش لە قسان بەردەوامبوو:

- داوامکرد ئێزدیە دێو پەرەستەکان بێنن؛ لە هەمان چاڵمان دانان. بەر لەوەی فەرمانی تەقەکردن بدەم. دوامکرد ئەو کەسەی قسەی کردبوو لە چاڵەکە بێتەدەر. دواتر یەکێکی دی پاڕایەوە و داوی قسە کرد؛ دەرکەوت بە گوللەی سوپای مالیکی بریندار کراوە و شوێنی برینەکەی نیشان دام. ئەو دووەم لادا؛ داوامکرد بەچاوی خۆیان کوشتنی هاوڕێ کافرەکانیان ببینن. هاواری ئەوانی نێو چاڵەکەمدا کە ببنە موسوڵمان، کەسیان ورتەی لێوە نەهات و یەکێك هاواری کرد؛ کە ئایینیان ناگۆڕن. بۆیە فەرمانی تەقەم بە موجاهیدان دا و هەر هەموویانم کوشتن... وابزانم ژمارەیان پێنچ کەس بوو.
- بیرتە گەوەرم! (کوڕە هەڵەپاسەکەم بە شانازیەوە) یەکێکیان نەمردبوو و دەجولایەوە، بینینم و بەڕێزتم ئاگادارکردەوە؛ تۆش گوتت (کوا چەکوچەکەم بدەیی) منیش دەمانچەکەم بە تۆ دا؛ تۆش مەخزەنەکەت لە مێشکی بەتاڵکرد و لەگەڵ هەر گوللەیەك هاوارت دەکرد: " ئەی بێباوەڕ... دەتەوێ نەمری؟". نازانم بۆ ئەوەندە لێی داخداربووی؟ (بە پێکەنین)
- ئەو نەیدەویست بمری برام، وەك پشیلە وابوو بە حەوت روحان!

ئەوان لە قاقای پێکەنیناندا و منیش ماوەیەك بێدەنگ بووم، دواتر زۆر بە هێواشی پرسیارم کرد:

- دەکرێ پرسیارێك بکەم جەنابی ئەمیر؟ تۆ گوتت ئەوانی کوشتمان سەرباز، رافیزە و پۆلیس بوون. باشە بە دیدی تۆ ئەوانە موسوڵمان نین؟ مەگەر ئەوەی شایەتمان بینیت موسوڵمان نییە؟ ئەگەر وابێت ئەم شایەتمانە خۆێنی حەڕام ناکات؟ چۆن دەکرێ بیانکوژن؟

- مـامی خۆم؛ (بـه هێمنـی) ئەوانـه كـاتی بـه حكومـەتی رافیـزە، شـعوبیەت و ماسـۆنیەتی مـالكی رازی بـوون، لـه بازنـەی ئیسـلام هاتوونەتـەدەر. نـەوەك هـەر ئەوەنده، بـەڵكو سـەرجەم وڵاتـانی ئیسلامی كـه لـه رووی سیاسـیەوە؛ بـه پێـی شـەریعەت و یاسـاكانی قورئـان بەرێوەناچن؛ به وڵاتی كوفر دادەنرێن و شەڕكردینان واجیبه!
- ئـەوەش بـه پێـی فـەتوای رابـەر و شـەهیدی مـەزن؛ ئـەبو عومـەری بەغدادی؛ خوا به شـەهیدی قبـوڵ بكـات. ئەمـەی لـه نامیلەكەكەی بەنێوی (قول ئینی عەلا بەینەتیتن مین رەبی) نووسیووە.
- دەسـتخۆش ئـەبول بـەڕا، بـەم پێیـەش تێكـرای هێـزە سـەربازی و دەزگاكـانی پـۆلیس كـافرن، ئەمـەش چـون پارێزگـاری لـەو تـاغوت و سیسـتەمە كافرانـه دەكـەن. ئەوانـەی كـه موسـوڵمان دەچەوسێننەوە و ناهێڵن شەرعی خودا حاكم بیت؛ رێگـری لـه رزگـاركردنی فەلەستین دەگرن.
- ئەمەش به پێی وته دەنگییەكەی وتەبێژی دەوڵەت؛ رابەر مەحەمـەدی عـەدنانی بـه نێوی (ئەلسـلمیه دینـو مـەن). كـه تیایـدا زۆرێـك لـه بابەتەكانی پەیوەست به جیهاد؛ شەن و كەو كردووە.
- ئەی ئافـەرین موجاهیدی رۆشنفكر، بەم پێیەش ئەوەی لەگەڵ ئەم دەستەڵاته كافره مامەڵه بكات؛ له پرۆسەی سیاسی بەشداری بكات؛ ئەویش كافره. جا با هەتا بەیانی ناوی موسوڵمان له خۆ بنێت. بەم پێیه جگه له رێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی له عێراق و شام؛ سەرجەم كۆمەڵه، گروپ و حزبەكانی دیكه كافرن؛ و دەبێ له نێو ببرێن.

بەرامبەر بەو كافركردنه دەسته جەمعییه دۆشدامام. كەچی كوڕە گێلەكەم گوتی:

- بـەپێی راسـپاردەكانی ئـەبو عومـەری بەغـدادی؛ هـەر كەسـێك لـه پرۆسەی سیاسی بەشدار بێت؛ كـافر و هەڵگەڕاوەیـه. چـون بەرنامـەی

کافران پەیڕەو دەکات و لە بازنەی موسولمانان دەرچووە.

ئیتر بێدەنگبووم و نەمویست لەم گەمژانە بگەینم؛ کە هەرکەس شایەتمانی هێنا موسولمانەوە؛ بە پێی فەرموودەکان خوێنی لە کەعبە پیرۆزترە. لە قورئانیشدا خوا مرۆڤی سەرپشك کردووە؛ کە باوەڕ بێنی یان نەهێنی؛ لە رۆژی دواییش خۆی دەیدوێنی و دادگایی دەکات.

ئەوکات ئەمانەم وەك پۆلە قازێك هاتە بەرچاو؛ کە هەر بە قسەکانی ئەبو فلان و بۆچونی ئەبو عیلان دەقیرێنن؛ بۆ یەك چرکەش بیرناکەنەوە. بە راستی ئەو هەڵپە، هەڵەپاس و هەڵپەرستانە زۆر نامۆن. چەند دەقێکیان گرتووە و جگە لە توێکڵ؛ لە هیچ نەگەیشتوون. ئاخر هەر ئەو ئیبن تەیمیەی ئەوان سەرزار و بنزار باسی لێدەکەن؛ گوتوویەتی: " هیچکەس بۆی نییە هیچکام لە موسولمانان بە بێباوەڕ دابنێ؛ تەنانەت ئەگەر هەڵە و گوناهیشی هەبێت. تا بەڵگەی لەسەر تەواو نەکرێ و بەڵگەشی بۆ روون نەکرێتەوە. ئەم مەسەلەیە بە گومانبردن ناکرێت! ". کەچی ئەوانە جگە لە خۆیان؛ هەموو کەسیان پێ کافرە. لە لایەکی دیکە خودی جەنگکردن لە ئیسلام نەریتێکی تایبەتە و بە ئایەت رێکخراوە. سیستەمێکی بەرگرییە نەوەك پاوانخوازی. تەنانەت خودی پەیامبەر؛ هەرگیز جەنگی دژی بێباوەڕانی لاشەڕ و ئاشتیخواز نەکردووە. کەچی کەس لە دەست داعش سەلامەت نەبوو؛ عەرەب، تورکومان، کورد، بە سوننە و شیعەوە. ئەوە جگە لە کریستیان و ئەتنیکە جیاوازەکان.

لەگەڵ رۆیینی کات؛ هەستمکرد کوڕەکەم ناناسمەوە، خەریکە دەبێتە دێوەزمیەك، زڕە دێوێك. کەس لە ئێمە حەزی نەدەکرد بگەڕێتەوە ماڵەوە. وەك مێملێکی لێهاتبوو بە سەرشانی هەمووانەوە. لەبەر من نەبووایە؛ براو خوشکەکانی پەلکێشی ناو داعش و ئەشبالی خیلافە دەکردن. تەنیا دایکی هاوسۆزی بوو، ئەویش سۆزێکی تێکەڵ بە ترس و نیگەرانی. هەموو شتێك لای حەڕام بوو. تەلەفزیۆن، گۆرانی، شانۆ، سینەما و تۆپی پێ. رۆژێکیان

زۆر دڕندانە فانیلەی ریال مەدریدی لەبەر برا بچوکەکەی دڕی؛ تێڕاخوڕی کە ئەم فانیلە وێنەی خاچی لەسەرە؛ پاشان ئەم ئیسپانە کافرانە عەرەبیان لە ئەندەلووس دەرکردووە، کاتێ تۆ جلیان دەپۆشی واتا خۆت بەوان دەچووێنی! کوڕە بچوکەکەم زۆر گریا و منیش تێمڕاخوڕی:

- ئیسپانیەکان ئیسپانیایان داگیرکرد؟ قسەی قوڕ... ماڵی خۆیانەو حەقی خۆیانە چی لێدەکەن! پێم بڵێ عەرەب لەوێ لە غەیری کۆشکی نایاب، تەلاری زەبەلاح، ئاوپڕژێنی قشت و مزگەوتی نامۆ چیان جێهێشتووە هاا؟ هەر خەریکی خۆشی و گوزەرانی خۆیان بوون. لە ماوەی چوار سەد ساڵ حوکومڕانی؛ نەیانتوانی چوارسەد ئیسپانی بە هزر و هەڵسووکەوتیان بکەنە موسوڵمان. لە برات گەڕێ؛ ئەو دڵی بە وەرزش خۆشە. ئاخر ئەوانیش لە ئەندەلوس هاوشێوەی ئێوە داعش بوون و خەڵکیان بە کۆیلە دەکرد. دەنا ئەگەر بە ڕووێکی جوان ئیسلامیان نمایش کردبا؛ هەرگیز دەرنەدەکران. دەزانی چۆنم دێتە بەرچاو؟ ئەوکات لە جیاتی ریال مەدرید و تۆپی پێ. کچە ئیسپانەکان دەبوونە کەنیزەی ئیبن رامۆسی مەجریتی!

ماوەیەك بزربوو، دواتر ئەم ئێوارەیە بە یاوەری لەندەهۆرێکی چەرد هاتەوە. ئەوەی جلێکی رەشی تۆزاوی لەبەر بوو، بن هەنگڵی ئارەقەی کردبوو، پەڵەی خوێی دەریاچەی سپی بە بەن باڵەکانی نەخشاندبوو. بۆنی کەلاکی تۆپیوی لێدەهات. کاتی پێدەکەنی چاوەکانی بزر دەبوون و ددانە زەردە گەورەکانی دەردەکەوتن. ئەوەی هەر دانەیەکیان بەقەد داشێکی دۆمنیۆ بوو. زگە گەورەکەشی بە شێوەی دووگیانێکی نۆ مانگان دەردەکەوت. لەکاتی پێکەنینیش بە شێوەی تۆپە هەوێرێکی ترشاو دەلەریەوە. بەخێر هاتنم کرد و بە ناچاری لەگەڵیان دانیشتم. سەرەتا ئەمەش وەك هەر فسفس پاڵەوانێکی دیکەی داعش؛ باسی لە قارەمانیەتیەکانی خۆی بۆ کردم. کە چۆن لەو هێرشە ناڕەوایانەی سەر کوردە هەڵگەڕاوەکان بەشداری کردووە. بە شانازیەوە

باسی لە کۆمەڵکوژی گوندی زەلیلیە دەکرد. چۆن خۆی و نزیکەی سی موجاهید؛ سەرجەم پیاوەکانی گوند، ئەوانەی ژمارەیان هەشتا کەس دەبوو؛ لەوانەش سەرۆك هۆزەکەیان کە ناوی قەد لەیاد ناکەم (سالْح قاسم) لەگەڵ کوڕەکەی کە خۆی وەك رۆژنامەنووس ناساند. ئەوانیان بە سێ نۆرە کوشتووە؛ دواتر نزیکەی سێ سەدو پەنچا ئافرەت و منداڵیان؛ وەك سەبایا بردۆتە بنکەی لالش لە شەنگال؛ پاشان لە نێوان خۆیان دابەش کردووە و فرۆشتوە!

- وابزانم کەنیزەیەکی جوانت بەرکەوت برام (کوڕە بەد رەوشتەکەم گوتی)
- بەڵێ ، تەمەنی زۆر بچووك بوو، دوای هەوەسبازی و کردنی بە ژن فرۆشتم. پارەیەکی باشی کرد چون ناسك بوو!(چاوێکی لێکرد)
- بەڵام کەی ئەمە رەوشتی موسوڵمانانە ( خۆم پێ نەگیراو وامگوت؛ کاتێ عایشەی کچە بچووکە یازدە ساڵانەکەم هاتە بەرچاو) بناغەی مامەڵەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئیسلامی؛ لەگەڵ هاووڵاتیانی ناموسوڵمان؛ لەسەر بنەمای چاکەکاری و هاوکارییە. چاکەکاری لە رووی مەعنەوی؛ هاوکاری و بەخشین لە رووی مادییەوە. لەو کاتەی کە ئەمانە هاووڵاتی باش و بێ زیان بن. لە کاتی هەر خراپەکاریەکیش ئەوا بەپێی دادگاکان؛ بە دادوەری مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
- ئەی خودای گەورە لە قورئان؛ فەرمانمان پێ ناکات کە لە هەر کوێیەك بیاندۆزینەوە بێ یەك و دوو بیانکوژین؟ (ئوسامە ئەفەندی گوتی)
- بەڵام ئەوە کامە بێباوەڕە کە تۆ باسیان لێوە دەکەی؟ تێکەڵی مەکە کوڕی خۆم. ئەوانەی جەنگین و نیازی هێرشکردن و جەنگیان هەیە. دەنا ئەوەی لاشەڕ و ئاشتیخوازە؛ دەوڵەتی ئیسلامی بۆی هەیە پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ؛ بەتایبەت ئەگەر رێگای ئاشتیان

هەڵبژارد. واتا حوکمی جەنگ پەیوەستە بە جەنگکردنیان دژی موسوڵمانان. ئەوکات کاربەدەستان بۆیان هەیە؛ بە پێی بەڵگە و رووداوەکان؛ جەنگیان دژ رابگەینن. دەنا بۆ هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی و لە ژێر هیچ بیانوویەك نییە؛ هێرش بکاتە سەر هەر گروپ یان تاقم و میللەتێك؛ بۆ ئەوەی تالانیان بکات یان بە زۆری موسوڵمانیان بکات؛ چون ناچاریکردن لە ئاییندا رەوا نییە. ئەوە ئەو ئایینە راستەقینەیە کە تێیگەیشتووین، نەوەك تۆ بچی و بە ناڕەوایی تالان، بڕۆ و کوشتار بکەی.

هەستمکرد ئەم هوولە سعودییە توڕەبووە، ئەمەش لە میانەی بۆنە ناخۆشەکەی، کە هەرچەندە توڕەتر دەبوو، هاوشێوەی دەعبای بۆگەنکە؛ بۆنی ناخۆشتری لێدەهات. گوێچکەکانی وەك دەبدەبەیان لێهاتبوو؛ خوێنی لاملەکانی و لە میانی دەمارە رەشەکان؛ خوێنیان تیا قەتیس بوبوو. دەتگوت ئێستا وەك چوپی ناو تایەی لۆریەك دەتەقیت. بۆیە لە قسەکردن وەستام. کوڕە پووچەکەم ویستی رەوشەکە بگۆڕێت، بۆیە گوتی:

- بزانە باوکە، ئێمە نەهاتووین تا گوێی لە راو و بۆچوونەکانت بگرین. تۆیەکی ملئازادکراو! هاوشێوەی خەڵکی مەککە تۆڵەقای؛ بۆت نییە باس لە دەوڵەتی خیلافەت بکەیت. خۆ ئەگەر باوکم نەبای حیسابێکی دیکەمان بۆ دەکردی. من هاتووم تا پێت رابگەینم؛ ئەبو دوجانەی جەزیری برایەکی موهاجیرە. یەکێکە لە پاڵەوانانی ئیسلام بە پلەی سەربڕ. ئەم قارەمانە و بەو دەستە موبارەکانەی؛ سەری سەدان هەڵگەڕاوە، بێباوەڕ و خۆفرۆشی لە لاشە جیا کردۆتەوە. سیمبولێکی خیلافەتە و خۆشەویستی خودی خەلیفەیە؛ خودا تەمەنی بپارێزی. ئەو برا نازدارەم داوای کردووە خزمایەتیمان لەگەڵ بکات، منیش بە شانازیەوە رازی بوومە. هاتووم پێتانی رابگەینم؛ بووك ببەین و بڕۆین.

- بووك؟ كوا له ماڵی ئێمه كێ له تەمەنی هاوسەرگیری هەیە؟ (بە سەرسوڕمانەوە ئەمەم گوت)
- گوێبگرە باوكە، من عائیشەی خوشكم داوە بەم موجاهیدە؛ لەبەر ئەوەی تازە بوویتەوە موسوڵمان؛ بۆیە بۆت نییە وەكالەتی بكەی. بۆیە من وەكالەتیم كردووە. خۆشت دەزانی كچ لە ئیسلامدا لە تەمەنی نۆ ساڵیدا مارە دەكرێت؛ عائیشەش دوو ساڵی تێپەراندووە. بۆیە من فاتیحەشم لەگەڵی خوێندووە؛ تەنها ئەوە ماوە كە بیبات. دە ئێستا بڕۆ و هەوالیان بدەیێ؛ با خۆی بۆ هاوسەری برازێنیتەوە تا بچێتە ماڵی خۆی، ئەبودوجانە پەلەیەتی چون دەگەڕێتەوە بەرەكانی جەنگ.

كاتی ئەم قسانەم بیست؛ زانیم ئەوەی بەرامبەرم دانیشتوە كوڕم نییە، بەڵكو ئەرژەنگێكە. روحی ئەبوجەهلە و لە گۆڕی خۆی لە بنی بیری قولەیب؛ لە نزیك بیرەكانی بەدەرەوە دەرچووە؛ هاتۆتە نێو لاشەی ئوسامە. بەڵێ؛ ئەم دەمووچاو تاریكە، ئەم دڵ تاریكە، ئەم بیر تاریكە، ئەم پووچەی بەرامبەرم دانیشتووە؛ حاشا وەلیلا كوڕی من نییە. بەڵكو كۆپیەكی رەنگاوڕەنگە؛ لە خەوارجەكانی نیمچە دورگەی عەرەب. بە زۆری خۆمگرت و رووخسەتم خواست و داوامكرد بە تەنیا قسە بكەین، هات و زۆر بە توڕەیی پێم گوت:

- لە خەو رابە كوڕی خۆم. تۆ دەتەوێ خوشكە بچووكە منداڵەكەت؛ ئەوەی هەموو ساڵ بە یەكەم دەردەچی و تازە شەشی سەرەتاییە؛ بەو جاهیلە فیلەتەنە رەشئەسمەرە بدەی؛ كە بۆنی سەگی لێدێت؟ لە خەو هەڵسە رۆڵە. ئەوانە چییان لە مێشكت كردووە؟ تۆ رای خوشكت وەرگرتووە؟ بە دایكت گوتووە؟ پرست بە من كردووە؟ ئاخر من باوكتم و بێ رەزامەندی من چۆن دەتوانی كچم بە شوو دەی؟ ئاخر لە شەرعیش من وەكیلیم. هەڵسەوە لەو بێ ئاگاییە رۆڵە جوانەكەم.

تۆ لە بنەماڵەیەکی ناوداری و کوڕی پیاوانی؛ چۆن بەگەڵ ئەم پووچانە دەکەوی؟

- دەزانی چییە ئەبو ئوسامە؟ تۆ بێتامت کردووە و من تا ئێستا لە ترسی خودا؛ بەرگەی ئەم هەموو گەوچی و کوفرەی تۆم گرتووە. بەڵام کاتی ئەوە هاتووە راستیەکانت پێ بڵێم. تۆ هیچی ئێمە نیت. کەسێکی بێسوودی و لە ئیسلام نەگەیشتوویی. ئەسڵەن تۆ شایستەی دایکم نیت. ماوەیەکە بە دوای موهاجیرێکی موسوڵمان دەگەرێم؛ کە بە دایکم رازی بێت؛ لە چنگ تۆی بێباوەڕی رزگارکەم... ئەوجا لەوچەلەوچی مەکە و برۆ بووکمان بۆ ئامادەبکە؛ تێگەیشتی؟ دەی هەر ئێستا! (بە دەنگێکی بەرز)

راستیەکەی شۆك بووم، زانیم ئەم زۆڵە کوڕی من نییە و خۆم گرت، چوومە ژووریّ و تۆزەك لەگەڵ هاوسەرەکەم قسەم کرد و هەموو شتێکم تێگەیاند. ئەویش زۆر خۆڕاگربوو. هیچ خۆی تێك نەدا، بە بێدەنگی دەستی لەسەر شانم دانا؛ سەری بە ئەریّ هەژاند و من لە هەموو شتێك گەیشتم.

هاتمە دەرەوە و بەم زۆڵەم گەیاند؛ کە ئایا بووك هیچ مارەیی نییە؟ شتێك کە بە دیاری پێی بدرێت؟ لەوکاتەدا ئەبو دوجانە پێکەنی و ددانەکانی بەدەرکەوتن و گوتی:

- راست دەکا، ئەمەمان لەبیرچوو و حەقی خۆیەتی. فەرموو ئەم دەمانچەیەم کە زۆر کافرم پێکووشتووە؛ دیاری بێت بۆ ئەم پاکیزە بچووکە، بۆی ببەرە ژووریّ حاجی... بەڵام پێویستیمان بە دوو شایەد دەبێت تا کارەکە تەواو بکەین.

دەمانچەکەم لێی وەرگرت؛ بەر لەوەی بچمە ژوورەوە؛ ئاورێکم لێیان دایەوە و بە زەردەخەنەوە گوتم:

- زۆر راست دەکەی، من دوو شایەدی باشم هەیە بۆتان...

یەکسەر دەمانچەکەم سوارکرد و دووگولەم بە نیوچاوانی هەردووکیان وەنا،

کاتی لاشەکان کەوتنە سەر زەوی؛ چوومە سەریان و تفێکم بە لاشەی کوڕەکەم داکرد و گوتم:

- نەفرەت لەو بیروباوەڕ و ئەم رەوشت و ئەم پەروەردەی تۆ بێت... هەی زۆڵ!

# (66)

## خانەی خەڕەقێ

باڵەخانەیەکی زەبەلاحی شووشەشین، ناوێکی گەورەی بێناوەڕۆك، ئاخر من رۆڵەی بیژووی کەسێکی سەرنەکەوتووم. کە لە ماوەی بیست ساڵدا هەوڵیدا ئاشتی بپارێزی؛ کەچی هیتلەر هەموو هەوڵەکانی لە ئاوکردن؛ کاتی لە یەکی سیبتێمبەری هەزار نۆسەد و سی و نۆ هێرشی؛ کردە سەر پۆڵەندا. بەڵێ من لە سکدانی جەنگی جیهانی دووەم دەرچووم. کاتی کۆمەڵەی گەلان لە جەنگی دووەمی جیهانی کوژرا! ئەوەبوو لە بیست و چواری ئۆکتۆبەری هەزار و نۆسەد و چل و پێنج لەدایکبووم. دەزانن؛ نەوەك هەر بنکەی سەرەکیم لە نیویۆرکە، بەڵکو ئەمریکا چارێگەکی بوودجەکەم دابین دەکات. تەنانەت ناوەکەم لە پەراوێزی وتارێکی باوکی روحیم؛ رۆزفلتەوە هاتووە. کاتی لە سەری ساڵی هەزار و نۆسەد و چل و دوو؛ دەستەواژەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەکارهێنا؛ ئەمەش بۆ گوزارشت کردن بۆ هاوپەیمانیەتی دژ بە ئەڵمانیا. ئەوەبوو دواتر و دوایی سەرکەوتنیان لە جەنگ؛ منیان دروستکرد. هەرچەندە بە پارەی ئەمریکی، لەسەر خاکی ئەمریکا و بە بڕیاری کۆنگریسی ئەمریکی هاتمە کایەوە. بەڵام چوار وڵاتی دیکەش مافی ڤیتۆیان هەیە... مافێکی سەیر؛ کە هەرچەندە جیهان لاف و گزافی دیموکراتیتەت لێدەدات؛ بەڵام لە ژێر ناوی منەوە؛ ئەم پێنج وڵاتە دیکتاتۆرانە حوکمی زەوی دەکەن!

دەزانن چییە؟ بە کوردی و بە کورتی؛ من زۆر لەو ژوورە دەچم؛ ئەوەی ئێزدەیەکان پێی دەڵێن خانەی خەڕەقێ! ئاها... نازانن ئەم ژوورە چییە؟

ژووری سیپاڵی پەلاسە، واتا ئەو شوێنەی کەلووپەلی کۆنە، پەڕۆ و لبادی کۆنەی چڵکن، شڕەی ئەستوور، کۆن و دڕاوی هەژارانی تیادا کۆدەکرێتەوە. ئەمە جگە لە کولیك و شاکلاوەکانی سەری هەژاران؛ کە لەم پەناگەیەدا کەڵەکە دەکرێن. لەوێ دەمێنێتەوە تا دەڕزن و دەبن بە خۆڵ.

واتا شوێنێك کە کەلووپەلی پیرۆزی بەکارهاتوو، دڕاوی ماوەبەسەرچووی تیا دادەنرێت. دوای ئەوەی لە کاردەکەوێت؛ پیرۆزی و گرنگیەکەی لە دەست دەدات. تا لەوێ بەهێواشی و دوور لە چاوان لەناوچێت. واتا شوێنێك کە بەناو زۆر گەورەیە؛ کەچی بە فیعلی هیچ بایەخێکی نییە! شوێنێك وەك گوڕی دایك فەرامۆشکراوە؛ کەچی مرۆڤ بە گەورەترین سوێندی دادەنێت!

سەیرکەن، لە سەرەتای دامەزراندنم و تا ئێستا؛ هەرچی بەرپرس، سیاسەتکار و پرۆفیسۆرە؛ دوای ترۆکردنی لە کاری سیاسی وڵاتەکەیان. دەکرێن بە بەرپرسی من، تا لەوێ پارەیەکی باشیان دەسکەوێت؛ دواتریش بە پلەی ئەمینداری گشتی خانەنشین بکرێن. هەر لە یەکەم ئەمیندار (تریگفە لی) تا دەگاتە (بان کی مۆن)ی چاومۆن، هەر هەمووان جگە لە دەرکردنی بەیاننامەی ناڕەزایی، دەربڕینی نیگەرانی، خستنەڕوو و هۆشیارکردنەوە، دەرخستنی ترس، ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی؛ لەمە زیاتر هیچیان نەکردووە. چەندین جار مرۆڤایەتی لە لێواری جەنگی جیهانی بووە، کەچی ئەمینداری گشتی و لە کۆشکەکەی خۆی؛ داوای لە گشت لایەنەکان کردووە خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بە خۆیاندا بچنەوە و هێمنی بنوێنن. هەر کاتێك لایەنێك ویستی شتێك بکات؛ ئەوا ڤیتۆیەك بە بناگوێی دەکەوی. کۆرت فالدهایم بە ڤیتۆی چینی دەرکرا، بوترس غالی بە هی ئەمریکی ترۆکرا. کوفی ئەنان دوای گەندەلیەکانی کوڕەکەی هەڕەماڵکرا!

لەوانەیە لە هۆکاری ناوهاتنم لەم رۆمانە بپرسن. ئاخر ئەوجارەشیان لە ئاست ئەنفالکردن، کوشتن و سەبیکردنی میلەتی کورد؛ وەك سێ مەیمونەکەی چیرۆکە یابانیەکەم کرد. بەردوامیش لە ئاست گەلانی ژێردەستە

وامكـردووه! وەك (میـزارۆ) چـاوم گرتـووه و هـیچ نـابینم، وەك (كیكـازارۆ) گـوێیم داخسـتووە و هـیچ نابیسـتم؛ هاوشـێوەی (ئیـوازارۆ) دەمـم داخسـتوە و هیچ نادركێنم! چۆن واناكەم كەخاوەن مـاڵ وای بوێت؟ بیرمـە سـاڵی هـەزارو نۆسەد و حەفتا و چوار؛ لە كۆنگرەیـەك؛ كێشـەی گـەلی كوردییـان بەرامبـەر بـە بەرمیلـە نـەوتێك فرۆشـت. سـەدام و شـای ئێـران یـەكتریان مـاچ كـرد و ئاشبەتاڵیان بە شۆرشی گەلێك كرد. ئەوكات بوومە كیكازارۆ و لە ئاست ناڵە و هـاواری گـەلێكی بێ پشـتیوان؛ گـوێم داخسـت. دواتـر لـە سـاڵی هـەزار و نۆسـەد و هەشـتا و هەشـت؛ بـە فڕۆكـەی فڕەنسـی، كیمیـاوی ئـەڵمانی، پشـتگیری ئـەمریكی، رەزامەنـدی بریتـانی و خۆگێلكردنی رووسـی؛ گـەلی كورد كیمیاباران كرا. ئەو كاتیش هاوشێوەی میـزارۆ؛ چاوەكـانم داخسـتن؛ وەك ئەوەی نە با هاتبێت و نە باران!

ئـەوكات پێـنچ براكـە؛ بیـانووی نـەزانین و نەبیسـتن و ئاگـادار نـەبوونیان هێناوە. بەڵام هـەرگیز داوای لێبووردنیـان نـەكرد. نـازانم ئـەمجارە چ پاسـاوێك دەهێننـەوە؟ ئـاخر كاتێـك دەوڵـەتی تیـرۆری داعـش؛ بـە چـەكی ئـەمریكی و پشتگیری توركی هات و شەنگالی داگیركرد. لەبەر چاوە كراوەكـانی مانگـە دەستكردە رووسیەكان كۆمـەڵكوژی كـرد، بـە ئۆتۆمـۆبیلی ئـەڵمانی كیژوكاڵـە ئێزدییەكانی گواستەوە. لەبەردەم فڕۆكـە فڕەنسیەكان منداڵانی فرۆشت، بـە دەسـتی تیرۆرسـتە بـە رەگـەز بریتانیـەكان سـەری رۆژنامـەنووس و سـڤیل بڕدرا... نازانم ئەمجارەیان چۆن وەڵامی كۆمـەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەنەوە!

شورەییە، مردن و سەرشۆڕییە؛ لە سـەدەی بیسـت و یـەك؛ ئـافرەتی ئێـزدی لـە بازاڕەكـانی موسـڵ و رەقـە بفرۆشرێن؛ و جگـە لـە نیگـەرانی و هەڵوێسـتە سارد و سڕەكانی بان كی مۆن؛ هیچی تر نەبیستین! ئاخر میللەتی شێخادی گـەلێكی هـەژارە، سـتەمدیدەیە و سـامان و بـانكی نییـە؛ تـا بـانكی مـۆن خەمەیان لێبخوات!

دەزانن؛ لە سەرەتای غەزوەكە داعش سڵی دەكردەوە، بەڵام كاتی بێخەبەری

و خەمساردی و گوێنەدانی نەتەوە خەوتووەکانی بینی؛ لەسەر تاوانەکانی ڕشتتربوو! کاتێ هیچ کاردانەوەیەکی لە نەتەوە بێ هەڵوێستەکان نەبینی؛ زیاتر پێی لێنا و تاوانی گەورەتری ئەنجامدا.

زۆرجاران هەست دەکەم بارەگام لە نیویۆرك نییە، بەڵکو لە گوێی گایە، ئەمینداری گشتیم مرۆڤ نییە، بەڵکو کۆتەڵی ئەبولهەولە، جاڕنامەکانم هی زەوی نین، بەڵکو باس لە هەسارەیەکی دیکە دەکەن. ئەندامەکان مرۆڤ نین بەڵکو دیناسوڕن... چون جگە لە دەرکردنی بەیاننامە، سمینار، کۆڕ، دەعوات و دەعواتکاری هیچی دیکەیان لێ نابینم. شوێنێکم بۆ قسەکردن و وتاردانی بێ مانا. شەرعیەت دان بە بەدکاری گەورەکان. ئەنجامدانی پێکهاتنی سیاسی پشت پەردە. سفێفەم بۆ ڕاگرتنی خوێن بەربوون؛ بەڵام بێ چارەسەرکردنی بنبڕی کێشەکان!

بیرمە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە نۆسەد و دوو؛ لە دوازدەی ئۆکتۆبەری هەزار و نۆسەد و شەست. بۆ بێدەنگکردنی سەرۆکی شاندی فلیپینی، خرشۆفی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات؛ بە تاکە پێلاو لە پۆدیۆمی بەردەمی دا؛ دواتریش پێڵاوەکەی لەسەری جێهێشت و بە تاکێك پێڵاو گەڕایەوە شوێنی خۆی! ئەوەیە لۆجیکی زلهێزەکان؛ بە پێڵاو مامەڵەم لەگەڵ دەکەن. هەرچی گەلە ستەمدیدە و ژێردەستەکانن، دەبێ چاوەڕوانی ئحمێکی من بکەن؛ بێخەبەر لەوەی من هیچ نیم؛ جگە لە بوکەڵەیەك بە دەست زلهێزانەوە!

نازانم تاکەی وەك ئاودەڵ و کۆسەمەمە؛ لە نێو کێڵگەی گەلانی جیهان دەمێنمەوە، کە بریتیم لە بوکەلەیەکی ئاخنکراو بە پوش و پەڵاش، ئەوەی بۆ ترساندن و دەرکردنی پاساری و ڕەشۆلە دانراوە، لەوکاتەی داڵاش و بازەکان جیقم لەسەر دەکەن؛ یەك زەڕڕە منەتیشم نازانن! بۆیە و لە میانی ئەم چەند لاپەڕەیە؛ داوای لێبووردن لە گەلی شێخادی دەکەم، پێیان دەڵێم؛ بەخۆتان کێشەکانتان چارەسەر بکەن، چاوەڕێی هیچ لە من نەکەن؛ مەگەر لە

پەراوێزی کۆبوونەوەیەك باستان لێوە بکەم؛ بە سایەی ئێوە سزای وڵاتێکی جەموش بدەم، یانیش هەندێ بێکەلکی دیکە دابمەزرێنم و تێر خواردنیان بکەم!

# (67)

## ئەڤین لە کاتی فەرماندا

کاتی بە بینینی چاوە جوانەکانی ڤیان؛ وەك تیرێکی سەرتیژی کیۆبید، خۆم گەیاندە دڵی عەلی، نەمزانی هاوشێوەی ئەفسانەکانی خۆشەویستی زەمانی زوو؛ ئەڤیندارییەکەیان ئەوەندە کاریگەر و پیرۆز دەبێت! دوو لاوی ئێزدی ئاسایی. ئەو کە خەڵکی کۆمەڵگای کۆهیل بوو، بە بینینی ئەم شۆخە نازدارەی کۆمەڵگەی حەردان سام دایگرت؛ هەموو دونیای لە یادکرد. بە یەکەم نیگا عاشقی بوو. جارووبار؛ لێرە و لەوێ و لەسایەی مندا یەکدیان دەبینی. دیدارە خێرا و کورتەکان؛ لێوانلێو بوو لە چاوچاوانێ، دڵە کوتە، وشەی ئەوین و دەستە لەرزە. ئەوینێکی پاك وەك ئاوی کانی سپی. ناسك بە وێنەی پەڕی کولیلك. پیرۆز چەشنی گومەزەکانی لالش، پتەو بە شێوەی چیای شەنگال.

لەو ژووانە خێرا و کورتانە؛ باس لە هەموو شتێك دەکرا؛ هەر لە ناوی یەکەم منداڵ، ئاهەنگی هاوسەرگیری، پێکەوەنانی ماڵ، جلی بووکینی... بەڵام قەدەر شتێکی دیکەی بۆ ئەوان شاردبۆوە. شەوێکی تاریکی ئەنگووستەچاو؛ کە سەرجەم دەڤەرەکە نغرۆی ڕەشاتی دەکات.

گەرمای تەباخ هات و دووبارە کارەساتی لەگەڵ خۆی هێنا. ئەمجارەیان هێرشی سوپای یەئجوج و مەئجوج بۆ سەر میللەتی شێخادی. ڕژانی خوێنی لاوان، پلیشاندنی لالەکانی لالش لە پاکیزەکانی شەنگال. عەلی کە سەرقاڵی دەربازکردن و رزگارکردنی خانەوادەکەی بوو، بەردەوام پەیوەندی بە ڤیان دەکرد. لە ڕێگای سەرکەوتن بوو بەسەر چیای شەنگال؛ کاتێ ڤیان هەواڵی

دەستگیرکردنی پێدا. ئەو کاتە لە ناوەڕاستی ڕێگا و؛ لە بەردەم دوو بژاردە وەستا. شیرنترینیان وەك گووژاڵك وابوو. جیهێشتنی خانەوادەکەی و گەڕانەوە بۆ رزگار کردنی ڤیان. یانیش بەردوامبوون تا گەیاندنی ماڵەوە بە پەناگەیەك؛ دواتر گەڕانەوە لە پێناو ڤیان!

ئاگاداری ئەو گەنگەشە سەختەبووم؛ لە نێوان مێشك و دڵی. لە نێوان سۆز و هزری. ئەوەی خەریکبوو مێشکی کون و دڵی شەق بکات. ماوەیەك لەسەر چۆك کەوت، بەڵام هەر زوو بڕیاری خۆیدا، رووی وەرگێڕا لە پێناو گەیاندنی خانەوادەکەی بە نەوایەك؛ لە هەرێمی کوردستان. دوای سازکردنی شوێنێك بۆیان،. وەك سوارچاکێك سواری پشتی چارەنووس بوو و خۆی گەیاندەوە رۆژاوا؛ پاشان لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی گەل؛ خۆی گەیاندەوە چیای شەنگال، لەوێ بەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی شەنگال کەوت؛ بەردەوام لە بەردەم خۆی دەیگوت:

- تا ڤیان رزگار نەکەم، شەنگال ئازاد نەبێ ناسەکنم، چاوەکانم تێر خەو نابن، دڵە ماندووەکەم ئارام نابێت، تا تۆڵەی میللەت لەو چەتانە نەکەمەوە ناخم ئاسوودەیی بە خۆیەوە نابینێت... شەرتبێ دەستەکانم بە خوێنیان لە خەنە نێم؛ بەر لەوەی لە نێو دەستە ناسکەکانی ڤیان؛ بە ئارامی بخەون.

ئەم لاوە خوێن گەرمە سەری سوڕکردم، ئامادەبوو لەپێناو دلبەرەکەی هەموو شتێك بکات. زۆرجار بیری سەرشێتانەی بۆ دەهات. وەك چوونە نێو داعش بۆ گەڕاندنەوەی. هێرشی خۆکوژی بۆ ئازادکردنی. بەردەوامیش چاوەکانی لە ڕێگاکانی بنار بوون، هەردەم مۆبایلی کراوەبوو بۆ زەنگێك، نامەیەك، هەواڵێك، هەست و خوستێك... ئاگری تۆڵە و عیشق؛ بە هێواشی جەرگی دەسووتاندن.

هەندێجار؛ بە خەیاڵی ئەوەی داعشێکی ریشنی پیسکەی چڵکن؛ وا خەریکە دەست بۆ خۆشەویستەکەی درێژ دەکات، لەوکاتەی ئەو بێهوودە

هاواری عەلی دەکات. لە شوێن خۆی هاواری دەکرد و دڵی شەقی دەبرد؛ ماوەیەك وەك شێتان مشتی لە هەوا رادەوەشاند، سەری لە بەرد دەدا، پەنجەی دەگەست، پێی لە ئەرز دەکوتی... کەچی دواتر دادەنیشت و دەکەوتە نۆرەیەك گریان؛ تا ئاوی چاوی وشك دەبوون. تەنانەت لە کاتی جەنگدا زۆر شێتانە هەڵسووکەوتی دەکرد. چاونەترسێکی سەرکێش. هەر جورجێکی داعش کەوتبایە بەر لوولەی تفەنگی؛ دۆزەخێکی بۆ گڕدەدا. کەچی هەر دڵی ئاوی نەدەخواردەوە؛ بۆیە دوای کەوتنی لاشەکەش؛ گەر تەقەی راگرتبا. لە هاواری تاساو بەردەوام دەبوو. هاوارێك کە دونیای پێ دەسووتاند.

لە بەرامبەردا سەیری دڵسۆزی و خۆشەویستی ئەم کیژۆڵەم دەکرد؛ کە بەردەوام لە خەمی عەلیدا بوو. چاوی کەسی نەدەبینی، هەستی بە بوونی کەس نەدەکرد. دونیا لای هەر عەلی بوو، عەلیش لە چیا بوو. کەواتە چیای شەنگال تاکە ئارامگەیەك بوو، دەبووایە بەهەر شێوەیەك بێت خۆی بەوێ بگەیەنیت. وەك هەزاران پاکیزەی دیکە، ناچار کرا ببێت بە موسوڵمان. لەگەڵ خوناڤی خوشکی بە پاسە سپییەکان؛ گواسترانەوە شاری رەقە؛ دواتر دوای هەفتەیەك گەڕێندرانەوە عێراق. لەگەڵ پێنچسەد تاووسی دیکە؛ لە یەکێك لە بنکەکان دەستبەسەر کران. ڤیانی قەشەنگ زۆر چاوی لەسەر بوو، بەڵام ئەو چاوی لەسەر قارەمانی چیای شەنگال بوو. بەردەوام وای نیشان دەدا کە ژنە؛ هاوسەر و منداڵە بچووکەکەی لێ ون بووە. ئەمەش لە پێناوی دوورخستنەوەی مێش و مەگەزەکانی داعش؛ ئەوانەی بەردەوام بە دەوری شیرینی و جوانی کۆدەبنەوە. دوای پێنچ رۆژ گواسترانەوە گوندی تەلبەنات، ماوەی بیست رۆژ لەگەڵ خوشك و ئامۆزاکانی مایەوە. لەم ماوەیەشدا مۆبایلە قاچاخەکانی هەندێ پاکیزە؛ تاقە پەیوەندیان بوو لەگەڵ جیهانی دەرەکی. تاکە پەنجەرەیەك کە شنەبای فێنکی چیای بۆ ڤیان دەهێنا. وشەکانی عەلی وەجبەخش و ئارامکەر بوون؛ چون هەموو دونیای ڤیان لە نێوان پیتەکان عەین و یاء بوون.

لەگەڵ بەردەوامی پارێزگاریکردنی ڤیان لە جەستە و دڵی؛ خۆ بەدەستەوە نەدانی، لە بەرامبەردا عەلی لە جەنگی مان و نەمان و بەرگریکردن بەردەوام بوو. چیای شەنگال لای رێك ببو بە ڤیان. ڤیان و شەنگال ئاوێتەی یەکتربوون. خۆشەویستی نیشتیمان سەرەتا خۆشەویستییە کە مرۆڤ فرمێسکی بۆ رشتووە، ئەوەتا بابە ئادەم و دوای دەرکردنی لە بەهەشت؛ چەندین ساڵ بە دیار ئاسمانەوە گریاوە. ئێستاش نەوەکانی لەکاتی دڵتەنگی و هەست کردن بە غەوارەیی؛ سەیری ئاسمان دەکەن، بێ ئەوەی هەستی پێبکەن، سەر بەرز دەکەنەوە و بەدوای یەکەم نیشتیمان و ئارامگەیان لە ئاسمان چاو دەگێڕن!

شەوانە لەسەرچیاو بەدەم سەیرکردنی مانگ؛ رووی ڤیانی دەبینی و قسەی لەگەڵ دەکرد، هەواڵی دولەبەرکەی لێ دەپرسی. ئایا ئارامە یان شلەژاوە؟ نانی خواردووە یان هێشتا برسیە؟ دەگری یان پێدەکەنی؟ ئارەقەی کردووە یانیش لە سەرمان هەڵدەلەرزی؟ منی لەبیرە یانیش تەنانەت ناوی خۆی لەبیرکردووە! هەموو جاریش بە خەیاڵ دەستی ڤیانی دەگرت و دەیخستە سەر دڵی. چون لە هەر کوێیەك بێت؛ هەستی پێدەکات کە نزیکە، زۆریش نزیك... تەنها چەند ئەنگوستێك لەبن ملی و لەلای چەپ گیرساوە! ڤیان بە هەمان شێوە؛ هەر کاتێك سەیری خۆری دەکرد؛ هەستی بە گەرم و گوڕی و هێزی عەلی دەکرد. گومانی لەوەدا نەبوو؛ کە رۆشنایی خۆشەویستەکەی؛ ئەم شەوە رەشەی داعش رادەمالێ.

عەلی لە پەیوەندی بەردەوامدابوو لەگەڵ ڤیان. لە رێگەی براکەی پەیامی خۆڕاگری بۆ دەناردن؛ هانی دەدان چاودێربن و لە بچووکترین هەل رابکەن. بەردەوام سۆزی ئەوەی پێدادان؛ کە دوای راکردنیان لە هەر کوێیەك بن؛ بە زووترین کات دەگاتە لایان. تەنانەت ئەگەر پێویستیش بێت؛ گیانی خۆی دەکاتە قوربانی ئازادبوونیان. لە شەوێکی ئەنگوستەچاوی زمەنی تاریکی؛ لەو کاتەی چەتەکانی داعش سەرقاڵبوون. ڤیان و براکەی لەو ماڵە

رایـانکرد؛ ئـەوەی لـە تەلەعفـەر تیایـدا دەستبەسـەر کرابـوون. عـەلی بـەردەوام ڕێنـوینی بـۆ دەکـردن. ڤیـانی سەرمەسـتی ئـازادی و سـەرگەرم بـە عیشـق؛ دەستی براکەی گرتبوو و لە راکردن بەردەوام بوون. لەبەر شپرزەیی و تاریکی؛ سەرەتا ڕێگایان لێ ونبوو؛ بە ئاڕاستەی پێچەوانە و بەرەو موسڵ ڕۆیشتن. دواتر هەستیان بەم هەڵە گەورە کرد، خەریبکوو چۆك بدەن؛ چون چەندین کاتژێر بە قولایی داعش ڕۆیشتبوون؛ لە بڕی راکردن بەرەو چیا. ئەوکات نۆرەی مـن هـات، ئـاخر چۆن دەهێڵم ئەو دڵە گەرمەی ڤیان؛ کە تژیـە لـە خۆشەویستی سارد بێتەوە؟ چۆن مەودا دەدەم ئەم دڵە جوانەی لێوانلێوە لـە ئـەڤین؛ سست بێت؟ خۆشەویستی و هێزێکی زۆرم خستە نێو دڵی، بـە شێوەیەك؛ کە لە چاوە ماندووەکانی بریسکەی دایەوە، دەستی براکەی گرت و دڵی سەوزی چەکەرەی کرد. بێوەستان کەوتنەوە ڕێگا؛ پشت لە موسڵ و ڕوو لە چیا.

دەزانـن کـاتی دەڵـین خۆشەویسـتی پـەرجۆ و مـوعجیزە دروست دەکـات، دەزانن نهێنیەکەی لە کوێیە؟ لە مـن؟ نـەخێر لـەو دڵـە پاك و بێگەردانەیـە کـە منیان کردۆتـە کەشتی، متمانـەیان کردووە بە چارۆگە؛ بە سەوڵی هەوڵدان بەرەو کەناری کامەرانی؛ دەریای ژیان دەبڕن. ئەوەتا بەم شەوە تاریکە؛ ڤیـان داوای ئاڕاسـتە لـە عـەلی دەکـات، لەوکاتـەی خەریکـە دووبـارە لـە بیابـانی نائومێدی دەشتی شـەنگال بزربێت، عـەلی سەرشێت دەچێتـە سـەر دوشـکە؛ ئاسمان دەکاتە یەك پارچە ئـاگر و ڕێگـای نیشـان دەدا. هههههـ... دەزانـن بـۆ پێدەکەنم؟ لەو کاتەدا هەستمکرد ئەم گوللە گەرمانە؛ لـەنێو دڵـە گەرمەکـەی عەلی سەرچاوە دەگرن؛ نـەوەك لولـەی دۆشـکە، باوەڕبکـەن ئـەم دڵـە بچووکـە ناسـکەی عـەلی؛ لـە ترسـی دووبـارە لـە دەسـتدانی ڤیـان لـە لایـەك؛ و نزیکبوونەوەی دیداریان لە لایەکی دیکە؛ لە لوولەی دۆشکەکە گەرمتر بـوو. لەو زیاتر دەجولا و دەلەرزی، لـەو بە جۆشتر بـوو. سوپاس بۆ خودا؛ دواجار ڤیـان گەیشـتە پەناگـەی چیـای شـەنگال؛ لـە باوەشـی پـڕ سـۆزی عـەلی

گیرسایەوە.

باس لە بەشەکەی دیکەی چیرۆکەکە ناکەم؛ لە گەیشتنیان بە هەرێم؛ دواتریش گەشتکردنیان بۆ ئەڵمانیا؛ بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەری دەروونی بۆ ڤیان. گێرانی ئاهەنگی دەزگیرانیان لە هانۆڤەر و دواتر هاوسەرگیریان... بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە؛ هێزی من زۆر کاریگەرە. ئەوەتا بەسەر باو و نەریت، قسەوقسەڵۆك، کلتوری کۆنی کۆمەڵگەی دواکەوتوو زاڵبووم. ئەو کلتورەی کە ئافرەتانی لەسەر کارێك بە کوژدەدا، کە خۆیان هیچ دەستیان تیادا نەبووە. بەڵکو خۆیان قوربانی بوون؛ نەوەك تاوانبار و لادەر.

دەبا شتێکتان پێ بڵێم؛ دوای ئەم دوو خۆشەویستە، چەندین عاشقی پاکی دیکە منیان کردە مەشخەڵ؛ شەوەزەنگی داعشیان پێی رووناککردەوە. ئەوەتا ئەسمەهانی رزگاربوو لە دەست داعش؛ بە جەمالی خۆشەویست و پاڵەوانی چیای شەنگال گەیشت؛ لە لالشی پیرۆز هاوسەرگیریان کرد. سەفا و موحسین، دونیا و عەزابیش بە هەمان شێوە.

دواشت کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە؛ خۆشەویستی کاریگەرترین چارەسەرە؛ بۆ جەنگ دژ بە پەڕگیری و بنبڕکردنی تیرۆر، چون دڵێك خۆشەویستی تیابێت؛ هەرگیز شوێنی شەڕ و شۆڕ، ئاژاوە و رقی تێدا نابێتەوە.

## (68)

# ئاوی پیرۆزم

" لەوکاتەی لە سەروو؛ لە ئاسمانەکان هیچ نەبوو، لە ژێرەوەش زەوی نەبوو. تەنها سێ خواوەند هەبوون، ئەبسۆ (ئاوی شیرین) مەمۆ (تەم) و تیامات(ئاوی سوێر) ئەوەی هەموویانی هێنایە بوون. " ئەمە دەقی ئەلنیوما ئیلیشە؛ داستانی ئافەریدەبوونی هەموو شتێك لای بابلیەکان. لای جووەکان لە سەرەتادا روحی خودا لە سەر رووی ئاو وێنای دەدایەوە، لای موسوڵمانان هەموو شتێك لە ئاو دروستکراوە، تەنانەت عەرشی پەروەردگار لەسەر ئاو بووە. لای گەلی شێخادی بە هەمان شێوە، سەرەتا تاریکی هەموو شتێکی داپۆشیووە و لە ژێرەوە تەنها ئاو هەبووە. کەواتە من سەرەتام، خاوێنترین و پاکترین دروستکراو. دایکی هەموان و پێکهاتەی سەرەکی هەموو کنیات.

من تۆوی یەکەم ژیانم، وەك چۆن ئاوی پیاو؛ دەچێتە ماڵزارۆکی ئافرەت و بوون درووست دەبێت. بەم شێوەیە لە ئاسمان دێمە خوارەوە؛ بۆ نێو پزدانی زەوی و هەموو شتێك دەژێنمەوە.

من ئاوی سازگارم، کییەی رەوانی ژێر زەوی، ئەوەی لە نێو دڵی خاکەوە هەڵدەقولێم؛ سارد و شیرین دەڕژێم و سەرزەوی خاوێن دەکەمەوە. هەندێك من بە ئاوی بەهەشت دەزانن؛ کە سەرچاوەکەم لە چیا بەرزەکانی بەهەشتە؛ دوای دابەزین و رۆچۆنم بە کرۆکی زەویدا، ناخی زەوی پاك دەکەمەوە؛ بەر لەناخی مرۆڤەکان. دواتر دووبارە فوارە دەکەم و لە ناوچەی پیرۆزی لالش دێمەدەر؛ تا میللەتی تاووسی مەلەك خاوێن بکەمەوە.

کاتێ منداڵ دێتە بوون؛ لە لایەن پیاوانی ئایینی؛ سێجار ئاوپرژێن

دەکرێت بە مەبەستی مۆرکردن. چون توخمێکی پیرۆزم، گوناح دەشۆمەوە و دەیکەم بە خوودێکی پاك و بێگەرد. لەم کاتەدا زمانحاڵم دەڵێ:

- بە دەروونێکی پاکەوە وەرە ناخم؛ دەست و پێ و جەستەت بە ئاوە زوڵاڵەکەم بشۆوە. با دڵۆپەکانم تێکەل بە گەردیلەکانی جەستەت بن؛ لە هەموو درِنی، پیسی و هەوەس خاوێنیان بکەنەوە. من ئاوێکی خاوێنم و لە منداڵدانی زەوییەوە دێمەدر؛ هاوشێوەی دەرچوونت لە پزدانی دایکت خاوێنت دەکەمەوە.

لەگەڵ دانانی هەوێنی زەوی لە لالش؛ وەك ژەکی مەمکی دایك؛ لە تاشە بەردە رەق و سپیە پیرۆزەکانی لالش دەرچووم؛ تا مرۆڤ بە خورِەوشتە جوانەکان شیرەخۆرەبکەم و خاوێنی بکەمەوە. هەر بۆیەش رەنگم سپییە، ئاوی زوڵاڵم وەك شیری دایك پاکە، حەڵاڵە و شایستەی سوێند پێخواردنە، شایستەی مۆرکردنە.

پێچەوانەی لەشکری خێوی داعش، کە جلوبەرگ، ئاڵا، ناخ، دڵ و هەموو مێژوویان رەشە. میللەتی شێخادی هەموو شتێکیان سپییە. ئاو، گومەزی پەرستگا، جلوبەرگ، ناخ، دڵ و رابردوویان. کاتی لە سکی دایکیان دێنەدەر؛ زووبەزوو دێنەوە باوەشم تا مۆربکرێن. دواتریش لەکاتی ئەنجامدانی هەر تاوان؛ یاخود لە ئەگەری بیرکردنەوەی خراپ؛ دووبارە دێن و باوەشیان لێدەدەم و خاوێنیان دەکەمەوە. وای لە پاکی ئەو دڵە ناسکانەیان، ئەوەی بە یەك دوو دڵۆپە خاوێن دەبنەوە. چون ناخیان خاوێنە، گوومانم هەیە کە ئەم خێوانەی داعش؛ بە هەموو ئاوی زەوی خاوێن ببنەوە. بوونەوەری نامۆن؛ لێوانلێون لە خراپە و تاوان. زۆرجار بەزەییم بە بەزەوی دێت؛ کە چۆن دەتوانێ لەسەر پشتی خۆی هەڵیانگرێ؟ چۆن بەرگەی بۆندرِنیان دەگرێ؟ ئاخر هەر تاوانێك جۆرە بۆنێکی هەیە و لە مرۆڤەکانە دەردەچێت؛ بە پێی گەورەیی و خراپی تاوانەکە؛ برِ و جۆری بۆنەکە دەگۆرِێت. بەڵام بۆنی ئەمانە زۆر قورِس و کەللەهەژێن و قێزەونە. تێکەڵەیەکی ناوازەیە لە تاوان،

پاشەڕۆ، پیسایی، هەوەس، ئارەقە، بۆگەنی و شێداری.

راستیەکتان پێ بڵێم؟ زۆر خەمبار و بێزارم بە هۆی ئەوەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە. ئەو کوشتن، بڕین، بە تاڵانبردن، کڕین و فرشتنەی پاکیزەکان و ئایین گۆڕینی زۆرەملی. ئاخر لە ئایینە داخراوەکەی شێخادی؛ هەندێ تاوان هەن. کە خۆیان وادەزانن من ناتوانم خاوێنیان بکەمەوە چون سپیم؛ و تەنها رەنگی سووری خوێن خاوێنیان دەکاتەوە. بێخەبەر لەوەی من لە هەموو شتێك بەهێزتر و خاوێنترم. زۆر دڵم لای ئەو تاووسە کلك رەنگینانەیە؛ ئەوانەی لە دەست داعش رزگاریان دەبێ. نەوەك بە چەقۆی تیژی شەرەفپارێزی پشوازیان لێ بکرێت؛ لەوکاتەی ئەوان بێگوناهن، نیگەرانم لە ترسی ئەوەی؛ ئەو لالە ناسکانەی بنار چیای شەنگال؛ بکەونە بەردەم رەشەبای تورەی دابوونەریت. دوای رزگاربوونیان لە دەستی رەشی داعش، بە دەستی رەشی ناموسپارێزی بڕۆن.

ئاخر مرۆڤ زۆر سەیرە. شەرەف لە جەستە و نێو گەلی ئافرەت دەبینی؛ لەوکاتەی کە دڵ و مێشك پیرۆزترین شوێنی مرۆڤن؛ زادەی دەربڕینی هزر، هەست و سۆزن. ناوگەلیش قێزەوەنترین بەش و شوێنی پاشەڕۆیە. بۆ دەبێ کوشتن چارەنووسی مرۆڤێك بێت؛ کە بێ ویستی خۆی؛ لەسەر ئایینێك لە دایك بووبیت؛ کەی پێگەیشت و ویستی؛ رای خۆی دا؛ یان هزری خۆی گۆڕی؛ چرکەساتەی دەرچوونی لەم ئایین یا ئایینزایە؛ هەمان سات بێت کە بڕیاری کووشتنی دەرچێت؟ ئاخر لە سەر چ بنەمایەك؟ بە بڕیاری کێ؟ هی ئایینێك کە پێی رازی نەبووە و جیهێشتووە!

بۆ دەبێت سزای چەند خولەکێك لە ئیشتیها، حەز و شەهوەت کوشتن، بەردباران و سەربڕین بێت؟ مەگەر ئەوەش تاوان نییە؛ کە لە بڕی هەڵەیەکی کاتی؛ چەند خولەکێك؛ بە هەتاهەتایی ژیان لەم مرۆڤە بسەنرێتەوە؟ ئاخر ژیانی مرۆڤ گەورەترین سامانە لەسەر زەوی؛ و جگە لە ئافەریدەی؛ کەس بۆی نییە لێ بسەنێتەوە. نازانم مرۆڤ چۆن رێگا بە خۆی دەدات؛ لە بڕی

راگۆڕین یا شەهوەتێکی کاتی بیکوژێ و بە ئەبەدی نەفرەتباری بکات!

بە سەرپڕی لە ناخەوە هەڵدەقوڵام، لە توڕەییان فوارەم دەدا. نەمدەزانی چیبکەم. دڵم هەر لای میللەتەکەی خۆم بوو، سەرباری ئەو هەموو قوربانی و ستەمە، کەچی هەست بە سەرلێشێواوی دەکەن؛ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانییەکان. ئاخر لەم رۆژهەڵاتە ناوینە، باو، نەریت و کلتور وەك تەونی جاڵجاڵۆکەیەکی کۆن وان؛ نەوەك هەر دەست و پێی مرۆڤ کۆت دەکەن؛ بەڵکو هزریشی دەبەسترێنن! ئاخر زۆر سەیرە؛ لێکدانەوە و نەریتی مردووانی چاخی کۆن؛ زیندووان بە شێوازە کۆنە بەسەرچووەکە؛ بەرێوەببات!

بیرمە بەیانیەکی گەرمی مانگی تەباخ. رێك بەر لە گەلاویژ هەڵاتن؛ لەو کاتەی یادی کارەساتەکانی گرعوزێر، سیباشێخدر و کۆچۆم دەکردەوە. لە دوورەوە دەنگێکی ئاشنای خۆشم هاتە بەرگوێی. دەنگە بە سۆزەکەی قەوالان تێکەڵ بە نەوای نەی و زکری دەف بوبوو، سیمفۆنیایەکی ئاسمانی تێکەڵ؛ بە خشپەخشپی پێی کۆمەڵێك لە بڕواداران. ئەوانەی بە ئاگادارییی و رێزەوە لەسەر خاکە پیرۆزی لالش دەڕۆیشتن. هەستمکرد هەندێك لە هەنگاوەکان هێواش و دوودڵن؛ پێیەکان بە سستی و شەرمندەیی هەنگاو دەنێن. کاتی پەرییە پەڕسپییەکانم بینی هەڵوەستەیەکم کرد. ئەو تاووسە بێگوناهانەی لە لایەن خێوەکانی داعش رفێندرابوون. هاوشێوەی تاووسی سپی بە بەرگی سپییەوە هاتوون؛ تا بە ئاوی سپی خۆم خاوێنیان بکەمەوە، بەڵی ئەوان زۆر بە ترس و خۆداشکانەوە هاتن؛ تا دووبارە موریان کەم؛ لەو هەموو ستەم و ئەشکەنجە خاوێنیان بکەمەوە. دیمەنێکی ناوازەبوو. فرمێسکی گەرمیان تێکەڵ بە ئاوە ساردەکەم بوبوو و خەریکبوو بمسووتێنی. ئاگری دڵە خاوێنە بەجۆشەکانیان؛ منی هێنایە کوڵ. کاتێ لە باوەشیانم گرت، ئەوەندە خاوێن، بیگەرد و جوانبوون. باوەڕبکەن خەریکبوو بڵێم ئەوان منیان پاك کردەوە، ئاخر ئەوەی خاوەنی ئەم دڵە ناسکە بێگەردە بێت، نەوەك داعش بە هەموو جیهان

پیس نابێت.

ئەوان هەر بەپاکی هاتن؛ بۆیە هەر بە بێگەردی و جوانییەوە دەرچوون. هەستمکرد هەموو نیگەرانی، رووساردی، دوودڵی و ترسیان لەگەڵ دڵۆپە ئاوەکانم لە لاشە هاتەدەر؛ بە دەم خەندەوە رۆیشتن. دواتر و کاتی ئەم پۆلە گەنجە جوانەم بینی؛ ئەوانەی بە چەپکە گوڵ و دەست لەسەر دڵ؛ پێشوازییان لێکردن؛ زانیم ئەم میللەتەمان چەندە مەزن و بەخشندەیە. لە دڵەوە شادمان بووم؛ چون ئەوەی بە حەفتاو چوار فەرمان نەکرا، ئەوا هەرگیز ناکرێت. گەلی شێخادی ئەم ئاستەنگەش دەبڕێت؛ لەم هەورازەش سەردەکەوێ. سەربەرزانە لێرە لە لالش درێژە بە ژیان دەدات.

# (69)

# پێم دەڵێن شەوەڕەشە

- ئـەلو... برایەکـەم بـۆ خـاتری خـودێ، ئەگـەر شـوێنمان دەزانـن بۆمبـا بارانمـان بکـەن؛ بـەڵکو ئاسـوودە دەبین...(بـە گریـان) تـازە ژیانمـان نەماوە، ئەگەر ناشیکەن؛ دەچم خۆم دەکوژم... چەند کچێکیش ئەم بەیانییە وایانکردووە!

هۆ کـاکی بـرا، پێشمەرگەی یـان شـەرڤان؛ سوێندت دەدەم بە یـەزدان. ئەگـەر دەزانـی مـن لـە کامـە باڵەخانـەوە قسـەت لەگـەڵ دەکـەم؛ ئـەم باڵەخانـە نەفرەتیـە بەسـەرمان خـاپور بکـەن. ئـاخر چـۆن خـودا قبـوڵی دەکات؛ لە بەیانیەوە تا ئێستا؛ سی جار لە لایەن ئەم نامەردانـەوە لاقـە کراوم! لەوکاتەی هێشتا نیوەڕۆ نەهاتووە؟ (گریان)

باوەڕکـە براکـەم، ئەوەنـدە ئـازار دراوم، ئەوەنـدە ئێشـم هەیـە کـە نـاتوانم بچەمە سەرئاو! سوێندت دەدەم بە هـەرچی پیـرۆزە، هەرچیـەك بـاوەڕت پێی هەیـە و لات بـە سـۆزە. یارمـەتیمان بدە و کۆتـایی بـەم ژیانـەمان بێنە... چیتر ناتوانین لەم مۆتەکەیە ژیان بەسەر بەرین.

بۆ دەگری براکەم؟ هێندە قوڕسە داواکەم؟ گوێم لێبگـرە و گریـان بخـە لاوە، هـیچ ئومێدم بـەو ژیانـە نـەماوە، باوەڕبکـە برالـە... تەنانـەت لـەم دۆزەخەش رزگارم بیت؛ توانا و تاقەتی ژیانم نەماوە و دواتر هەر خۆم دەکوژم!

ئەوەی سەروو دیالۆگێکی نێو فلیمێکی هیندی نییە. نەخێر؛ ئەمـە دەقـی پەیوەندیەکی راستەقینەی نێوان کچێکی رفێنـدراوی دەست داعـش؛ و یـەکێك لـە پێشـمەرگەکانی شـەنگالە، هەرچەنـدە نـاو و پێناسـەی ئـەم کیژۆڵەیـە

نەناسراوە، نەزانراوە لە کوێوە پەیوەندی دەکات؟ مۆبایلی چۆن کەوتۆتە دەست و دواتر چارەنووسی چۆن بووە؟ بەڵام ئەمە بەشێکە لە تراژیدیای ژیان؛ لە ژێر ئاڵای رەشی داعش. وا زانراوە کە دڵی پێشمەرگەی بەرەکانی پێشەوە؛ بەردی چەخماخییە؛ لە تاشە بەردە ئاسنینەکانی کوردستان داتاشراوە، کەچی ئەم دەنگە تاساوە، گریانی ئەم کچە بێناوە، ئەم داواکاریە نامۆیە؛ پێشمەرگەی هێنایە گریان؛ بە شێوەیەك، کە دمق ما؛ یەك وشەی بۆ نەگوترا!

ببورن گەر بەم بەسەرهاتە ناخۆشە دەستمپێکردبێت. من کێم؟ هەرچەندە بەگوێرەی ناوەکە نیم، بەڵام دەبی بیڵێم و هیوادارم لێم بگەن. پێم دەڵێن شەوەڕەشە... بوەستن؛ پەلەمەکەن و لێمگەڕێن با سەرەتا قسەکانم بکەم. چی؟ بوختان و شتێکی هەڵبەستراوم؟ چیتر؟... تۆمەتێکی بێبنەمام؟ تکایە لێگەڕێن با قسەکانم تەواوبکەم؛ ئەوجا ئێوە سەرپشکن چۆن رای خۆتان دەردەبڕن. هەر لە سەرتای مێژووە من وەك تۆمەتێك و پەڵەیەکی رەش؛ بە مێژوو و نیوچاوانی زۆرێك لە گەلانی ستەمدیدەی کەمینەن؛ لە نێو کۆمەڵگەیەکی زۆرینەی بڕوادار نراوم. منیان کردۆتە تۆمەتێك و خستۆیانەتە ئەستۆی ئایین و کۆمەڵگە داخراوەکان؛ تا لەبەر چاوی خەڵك سووکیان بکەن. کۆمەڵگە بە چاوی کەم و بێبایەخ سەیریان بکات؛ دواتر رقی لێیان ئەستور بێت؛ هەموو دەم بیانووی لەنێوبردن و کۆمەڵکوژیان ئامادە و بەردەست بێت.

شەوێك لە بەدڕەوشتی و گومڕایی، شەوێکی تاریکی ئەنگووستەچاو، کە سەرجەم چراکان بە چرای عەقڵەوە تیایدا دەکوژێنەوە؛ هۆش و هزر هیچ بەهایەکیان نامینێت. تەنیا ئیشتیاو هەوەسبازی باڵادەستن. لەم شەوەدا مرۆڤ ئاژەڵە بەستراوەکەی ناخی بەرەڵڵا دەکات و وابەستەی هیچ نابێت. نە ئایین، نە باو و نەریت و نە هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی دیکە. بەڵکو لە ژێر باری ئەم تاریکیە؛ هەموو شتێك بۆ خۆی حەڵاڵ، ڕێپێدرا، درووست

و شایان دەکات. تەنیا بە چاوی شەهوەت و حەز دەبینی؛ جگە لە زمانی ئیشتای جەستە هیچ زمانێکی دیکە نازانێت. ئەوەی سەیرە کە من وەك مێژوو، رووداو و راستی؛ لە هیچ ژیار یان چاخێکی تایبەت تۆمار نەکراوم، بەڵکو شتێکی ئەفسانەییم و مرۆڤ دەماودەم لە کۆنەوە؛ وەك شتێکی قێزەوەنی نامۆ دەیگێڕێتەوە؛ هەر میللەتێك دەیخاتە ئەستۆی ناحەز، نەیار و دوژمنانی خۆی.

ئەوەتا تورك ناوم دەنێن ( شەوی بەرخ) دەمخەنە ئەستۆی جووی دۆنمە، گوایە لە شەوی بیست و دووی ئادار؛ پیاو و ژنانیان بێ رەقیب و گوێدانە هیچ؛ لە تاریکی بە نێو یەك دەکەون، گومان لەوەدانییە کە تورك؛ ئەم کۆمەڵە بە رووخێنەری خیلافەتی عوسمانی دەزانن؛ زۆریان رق لێیانە. هەرچی سوننەی عەرەبە؛ ناوم دەنێن (شەوی خامۆش) و دەمخەنە ئەستۆی شیعە. گوایە لە شەوی پازدەی شەعبان (لە هەندێ قسەی دیکە شەوی عاشورا) دوای زکر و تەهلیلە، رێك پاش نیوە شەو؛ سەرجەم چراکان خامۆش دەکەن و دەکوژێننەوە و بە هەمان شێوە؛ نێر و مێی سەرمەستی شەهوەت؛ بە نێو یەك دەکەون، خۆ ئەگەر لە ئاکامی ئەم کارە نەشیاوە کوڕ هاتە بوون؛ ئەوا دەبێتە (سەید) و کچیش دەبێتە (سەیدە). بێگومان خاوەنی ئەم بوختانەش هیچ بەڵگەیان بە دەستەوە نییە. هەر لەبەر ئەوەی کاکەیی کوردی شیعەن؛ بۆیە رقی نەتەوایەتی عەرەبی؛ بەشی وانیشی لەم تۆمەتە بەخشیوە.

گەلی مرۆڤدۆستی شیخادی، ئەوەی وەك کەمینەیەکی ئایینی؛ لە نێو دەریایەك لە دوژمنی پەرگیری هاونەتەوە و نەتەوەی جیاواز دەژی، هەر لە کۆنەوە؛ کەوتۆتە بەر هەڕەشە و گوڕەشەی دەیان تانە و تەشەر و بوختان. جارێکیان دێوپەرستن، جارێك هەڵگەڕاوەن، جارێکی دیکە یەزید پەرستن. لە هەمووشی قێزەوەنتر بوختانی هەڵبەستراوی (شەڤڕەشکە) یە. گوایە لەم شەوەدا بڕوادارانی شێخادی؛ لە نزیك مزاری پڕ شکۆی شێخ و لەسەر خاکی پیرۆزی لالش؛ ئەم کارە نابەجێیەی پێشووتر باسم لێوەکرد؛ ئەنجام دەدەن!

هههههههه... ببورن؛ بەڵام دەزانن بەچی پێدەکەنم؟ بەو نووسەرە نارۆشنبیر و کەلەپوتانەی عەرەب، ئەوانەی بێ بەڵگە و دوور لە هیچ بەهاییەك؛ ئەم تۆمەتەیان دەخەنە پاڵ. لەوکاتەی خۆیان چاك دەزانن؛ کە ئێزدییەکان لە مەسەلەی شەرەف و ناموسپارێزی پەرگیرن؛ و هیچ سازشیان نییە. چاوەکانیان تەنها خوێن دەبینێت؛ کاتی باس لە شەرەف دەکرێت؛ خەنجەرەکان لە دەبان دەردێن. کوردیش کاتی دەستی بۆ خەنجەر برد و لە دەبانی دەرهێنا؛ ئەوا بێگوومان رایدەوەشێنی!

یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی ئایینی ئێزدی ئەوەیە؛ نابێت ئێزدی سەیری دەمووچاوی ژنان بکات، نابێ بەرامبەر هاودەمەکەی پێی درێژبکات؛ دەبی خۆی لە جوێن دان و زمان پیسی بپارێزی. بۆی نییە بچێتە بەزمگاکانی وەك ( تیاترۆ، سەماخانە و مەلهاکان). باشە کەسێك ئەوە رەوشتی بێت؛ چۆن شەوەرەشە دەکات؟ و لە کوێ؟ لە پیرۆزترین و پاکترین شوێن لایان! ئاخر ئەوان ناوێرن بە پێڵاو بەسەر خاکی لالش برۆن؛ هاوشێوەی موسا بە پێی پەتی بەسەر خاکەکەی گوزەر دەکەن. چون لالش ئەو دۆڵە پیرۆزەیە؛ کە یەزدان داوای لە موسا کردبوو؛ لەبەر پیرۆزی پێڵاوکانی لەپێ بکاتەوە.

دەزانن من وەك شەوەرەشە؛ خۆم لە کوێی دەدۆزمەوە؟ لەو ساتەی کە لەشکری دەعباکانی داعش؛ لە ناکاو هاتن و موسڵیان داگیرکرد. دواتر بە پشتگیری و فەر و بەخششی؛ توندئاژۆکانی عەرەبی موسڵ و دەورووبەری؛ لە هۆزەکانی سەردەمی جەهالەت؛ بەرەو کوردستان پەلوپۆیان هاوێشت؛ شەنگالیان خستە ژێر رکێفی رەشی خۆیان.

بەڵێ، لە دوای دەی حوزەیران دێوەزمەکانی داعش؛ شەوێکی رەشی ئەنگووستەچاویان بەسەر ناوچەکە سەپاند، شەوێکی درێژخایەن؛ کە چەندین ساڵی خایاند. رەشەبایەك کە هەموو چراکانی رۆشنبیری، زانست، رەوشت، هونەر و ئەفراندنی کوژاندەوە. ئاخر بیری وا بۆگەن هزری وا بەسەرچوو، تەنیا لە شوێنی تاریك و کەرۆو لێدراوی شێدار؛ سەرهەڵدەدات و تەشەنە

دەکات؛ ئەوەی خۆری راستی پێناگات. بناغەی ئەم شەوە رەشەی داعش، ئەم دەیجورەی خیلافەت؛ لەسەر سێکوچکەی (پەرگیری، تاوان، شەهوەت) بنیاتنراوە. بڵاوکردنەوەی بیری نامۆی وەك داعش؛ لە کۆمەڵگەیەکی خۆپارێزی نا رۆشنبیری داخراو؛ پێویستی بە ئاکاری سەرنج راکێش هەیە؛ بۆ پەلکێشکردنی گەنج و پیاوان بۆ رێزەکانی. ئەوەبوو سەرتا بە نێوی بڕوا و سەرخستنی ئایینی خودا، رزگارکردنی خاك، بەهەشت و پەری؛ بەشێکی زۆریان لە لاوان تەفرەدا. کەچی لەگەڵ گەرمبوونی جەنگ و کوژرانی بەشێکی زۆر بێ هاتنەدی هیچکام لە ئامانجەکان. ئەوکات گەنجان هەڵوەستەیان کرد؛ چیتر ئارامیان لەسەر شەهیدبوون و خۆشیەکانی بەهەشت نەما؛ فشارەکانیان لەسەر چڕ بۆوە. کاتێك خەلیفە و راوێژکارانی هەستیان کرد خەریکە پیاوانیان سارد دەبنەوە؛ هیچ شتێك نییە شەهوەت و هەوەسیان خامۆش بکات. بە تایبەتی دوای لەناوبردنی دەزگاکانی راگەیاندن؛ قەدەغەکردنی فلیم و گۆرانی و هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی. تێگەیشتن ئەو چەکدارانە خەریکە سوێی چاویان دێت بۆ رابواردن و سێکس. ئەوانێك کە هەموو بیر و هزریان لەنێو گەڵیانە. چییان داوە لە گەلی فەلەستین و موسوڵمانانی بۆرما؟ ئەوانێك کە لە کۆمەڵگەیەکی داخراو ژیاون؛ جگە لە لم و بەردەتراویلکە؛ هیچی دیکەیان لە بیابانەکانی رۆژاوا و بەشی کۆنی شاری موسڵ نەدیوە. چیتر سەبری شەهیدبوون و حوری و غولمانیان نەماوە. بۆیە خەلیفە بڕیاریدا؛ بە شێوەیەکی ئەوتۆ چارەسەریان بۆ بکات؛ کە زیاتر وابەستەی دەوڵەتی خیلافە بن؛ لەسەر جیهاد و شەڕانگێزی رشتتربن.

سەرانی گەنیوی خیلافەت؛ پیلانێکی قێزەوەنیان دارشت؛ کە ئەوەندە پەیوەست نەبوو بەفراوانکاری و داگیرکردنی زەوی نوێی، ئەوەندەی غەزوێکی عەشائیری جەهالەت، دزی، تاڵان و فەرزیدی بوو (فەرهودی ئێزیدی)!

ئەوەتا و لەکاتی بەرهەڵداکردنی پیر و پەککەوتەکان لە لایەن داعش؛ (دوای رێکەوتنێك لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە)حەجی مەهدی یەکێك لە

ئەمیرەکانی داعش؛ بە دیلەکان دەڵێت:

- ئێستا رادەستی هێزە کوردیەکانتان دەکەین. خۆشتان دەزانن دەوڵەتی ئیسلامی تەعدا لە کەس ناکات، ئەوەی بەسەرتان هات؛ بە دەست دراوسێیەکانی خۆتان بوو؛ لە هۆزەکانی عەرەبی شەنگال!

لەم هێرشەی خێلی خێوی خیلافەت؛ بۆ سەر مەملەکەتی تاووسستان؛ و جگە لە دەسکەوتی دارایی ملیۆنان دۆلار، بە تالانبردنی هەزاران خانوو، سەدان کارگە، هەزارەها ئۆتۆمۆبیل و سەدان هەزار سەر ئاژەڵ. دەوڵەتی خورافات ژێرخانی بازرگانیەکی دیکەی دامەزراند. کلتورێکی زەمانی جاهلی؛ کە داعش بە خۆشحالیەوە و بە نێوی سونەت ژیاندیەوە، وەك ئەوەی لە بڵاوکراوەکانیان نوسیوویانە! بەڵێ بڵاوکراوە فەرمیەکەیان (دابق) مـوژدەی گەڕاندنەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دایە جیهان! بازرگانیەك کە زیاتر لە سەدان ساڵە باوی نەماوە؛ داعش وەك یەکێك لە دەسکەوتەکان باسی لێوە دەکات.

لەم پێناوەدا کەشتیگەلێکی زەبەلاحی لە ئۆتۆمۆبیلی گواستنەوە، هۆڵی تایبەت و سەرجەم پێداویستیەکانی سەبیکردن ئامادەکردبوو. ئەمەش لە بنەڕەتدا هەر زیندووکردنەوەی سونەت نەبوو. بەڵکو هۆکارێك بوو؛ بۆ پەلکێشکردنی گەنجان و سەرمەستکردنی پیاوان. ئەوانەی لە کۆمەڵگەیەکی خۆپارێزی تۆندئاژۆ دەژین. کە سەرجەم پەیوەندیەکانی یەکترناسین، هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بەر لە هاوسەرگیری قەدەغەدەکات. لەوکاتەی کە نێرە خۆ بەموسوڵمان زانەکانیان؛ ئەوەندە چاوحیز و شەهوتبازن، کە سەیری سمتی پشیلە و گوانی مانگاش دەکەن! واز لە ماکەریش ناهێنن. زۆرترین کەسانن لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان؛ سەیری سایتە رووت و پۆرنەکان دەکەن. ئەو دوژمنانەی تۆمەتی شەوەڕەشیان دابووە پاڵ گەلی شێخادی، خۆیان شەوێکی رەشیان بەسەر شەنگال هێنا؛ دوور لە هەموو دابونەریتێك؛ ئاژەڵئاسا... بگرە نزمتر لەو ئاستە؛ کەوتنە وێزەی تاووس، ئاسك و

پاكیزەكان.

مـن دەیجـوری داعشـم ئـەوەی زیـاتر لـە سـێ سـاڵ بـەردەوام بـوو. لـەم ماوەیەشـدا هـیچ بەهایـەكی مرۆڤایـەتیان پـەیڕەو نـەكرد؛ و پابەنـدی هـیچ نـەبوون. شـەوەكەیان بـە فـەتوای ئەهریمـەنێكی ریـش پـانی دەلینـگ كـورت؛ دەسـتی پێكـرد. هـەر مێینەیـەك لـە تەمـەنی حـەوت سـاڵ زیـاتر؛ كەوتـە ژێـر هەڕەشی لاقە و هاوسەرگیری زۆرەملی.

لـەم هـەزار و سـەد و بیسـت و شـەش شـەوە؛ چـی مـا داعـش نـەیكات؟ شــەوی یەكــەمی غــەزوەی ســنجار و دوای گواســتنەوەی پاكیزەكــان، لــە گونـدێكی موسـڵ؛ سـێ داعـش بـە دەسـتەجەمعی و لەبـەردەم هـەمووان؛ كیژۆڵەیەكی دەساڵانیان لاقە كرد! داعشی وا هەبوو لـە دوای نـوێژكردن و لـە كـەنار بەرماڵەكـەی؛ بـە دەسـت نـوێژەوە پاكیزەیـەكی ئێـزدی لاقـەكردووە! لـە مەیادین لە سوریا؛ داعشێكی هـەرزەكاری پـووچ؛ پیرەژنێكی هەشتا و پێـنج ساڵان لاقە دەكات، ئەمەش تەنها بۆ گاڵتـەكردن و شكۆشكاندن! لـە حەویجـە بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، ئـەو پزیشـكە شـێت و شـوورەی داعـش، كیژۆڵەیـەكی نـۆ سـاڵان لاقـەدەكات. لـەكاتی سێكسـدا و بـە هەڵوێسـتە ئاژەڵئاسـاكانی؛ كیژۆڵەكـە تووشـی خـوێن بـەربوون دەكـات و لـە ئاكامـدا دەمرێـت. لـە موسـڵ سعودیەكی نـەخۆش؛ بـە یـەك كـاتژێر و لەسـەر هـەمان تەختـە؛ دوو خوشـكی هەرزەكار لاقەدەكات؛ دواتریش و بە بیانووی تەمبێ كردن؛ دەیانبەخشێتە چـل كـەمتیار؛ بـۆ ئـەوەی بەدەسـتەجەمعی و لـە یـەك ژووری بچووكـدا لاقـەیان بكەن.

لە سوریا داعشێك هەڕەشـە لـە دایكێـك دەكـات؛ ئەگـەر خـۆی بەدەستەوە نەدات ئەوە مەلۆتكەكەی سەر دەبڕێ!... نەوەك هـەر ئەوەنـدە؛ بـەڵكو بـەردەوام ئـەم منداڵـە بەسـتەزمانەی ئەشـكەنجە دەدا؛ تـا دایكـە كڵۆڵەكـە داواكاریـە نامۆكـانی بێنیتـە دی! بـەڵێ؛ داعشـەكان سـەیری فلیمـی پۆڕنیـان دەكـرد؛ داواكـاری ئـەوتۆیان لـەم پـەریان دەكـرد؛ كـە هـیچ ئـایین و نـەریتێك قبـوڵی

ناکات.

له باب؛ سعودییەکی بێبەها؛ شەوانە دایك و کچێکی لەسەر یەك پێخەف کۆ دەکردەوە؛ لەبەر چاوی یەکتر لاقەی دەکردن؛ ئەمەش بە بیانووی ئەوەی؛ ئەو موجاهیدە و ئەوانیش سەبایا و هەمووشتێکی بۆ رێگەپێدراوە. دواتر و دوای ماوەیەك؛ ئەم دووەی فرۆشت و جۆتە کوترێکی دیکەی کڕی (وەك خۆی دەیگوت) بە هەمان شێوە و بۆ هەمان کار؛ کەچی ئەمجارەیان تەمەنی کیژۆڵەکە؛ تەنها حەوت ساڵان بوو!

ئەوەتا پزیشکێکی ئافرەت لە رەقە؛ کاتی پشکنین بۆ کیژۆڵەیەك دەکات، بە توڕەییەوە هاوار دەکات:

- ئەم سەگانە چییان لێکردووی؟ وادیارە سەیری فلیمی رووت دەکەن؛ هەمووی ئەوەی دەبینن بە سەرتی جێبەجێ دەکەن! وادیارە هەموو کەلێنەکانی ئەم جەستە بچووکەتیان بەکارهێناوە... ببورە کچی خۆم؛ هیچم لەگەڵ ئەو ئاژەڵانە پێناکرێت!

ئەوەتا لە موسڵ؛ کەمتیارەکان دوو کچی بچووکی تەمەن حەوت و یازدە ساڵان لاقە دەکەن. کاتی ئەم کیژۆڵانە دەگەڕێنەوە بنکەی دەستگیر کردن؛ کچە بە تەمەن گەورەترەکان لێیان دەپرسن چی روویداوە، زۆر بە بەرائەتەوە دەڵێن نازانین چیان دەکرد و دەپرسن؛ ئایا هاوسەرگیری ئاوایە؟ هەر لە موسڵ؛ دوو کچی جوانیان لە بنکەیەك دانابوو، بە شێوەیەك؛ کە بۆ هەمووان بەردەست بێت؛ ئەوەی ئارەزووی هەبوو بچێتە لایان. لە هەموو سات و کاتێك ئامادە بن!

لەوێ لە تەلەعفەر؛ داعشە هەرزەکارە قژ درێژە مێشك سفرەکان؛ وەك ئەوەی فلیمی سێکس نمایش بکەن، ئەم پاکیزانە دەبەن و بە هەموو شێوە و جۆرێك لاقەیان دەکەن، رۆژانە چەندینجار و سەربار سەودایان پێدەکەن... بەڵێ، لە نێوان خۆیان لەگەڵ سی دییە رووتەکان؛ دەیانگۆڕینەوە! نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بۆ وەرگرتنی چێژی تەواو؛ کۆندۆمەیان بەکار نەدەهێنا؛

پاکیزەکانیـان ناچـار دەکـرد حـەبی منـداڵ نـەبوون بـەکاربێنن؛ دەرزی تایبـەت لێدەن.

لە شەدادیە؛ ئەمیرێکی گەمبۆڵی بە تەمەنی یەك قاچ. رۆژانە سەردانی بنکەکانی داعشی دەکرد؛ هەر جارێك کچێکی هەڵدەبژارد و دەیبرد، بەیانی لـە ژێـر بـارێکی زۆر خـراپ دەیهێنایـەوە. کـاتێ لـە نێـو کـۆڕی بڕوادارانـی داعش دادەنیشت، تەنها بە یەك شت شانازی دەکرد، کە زیاتر لە پەنجا کچی پـاکیزەی کردۆتـە ژن، گوایـە هیواخـوازە ژمـارەی پێوانـەیی بشـکێنی لـە مبوارەدا!... بەردەوام ئەمەی بە پێکەنین دەگوت و دواتـر باسـی لـەوە دەکرد؛ کە هەمووجار نێچیرەکەی بە گوریس لە تەختە دەبەستێتەو، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لاقەی دەکـات. تەمـەن و جۆر لای گرنـگ نـەبوون، تـەنها دەیویست خـاوەنی ژمـارەیی پێوانـەیی بێت، تەنانـەت جارێکیـان کیژۆڵـەی نـۆ سـاڵانی لاقەکردبوو؛ ئەوەی لە ئاکامدا تووشی خوێن بەربوون بوبوو.

لە شەدادیە؛ داعشێکی بێمێشك؛ سەرەڕای لێدان، ئازار دان و لاقـەکردن. تاووسە رەنگینەکەی ناچارکردبوو خوێنی مـرۆڤ بخواتـەوە. هـەر لـەم شارەدا سعودیەکی تەرەس؛ گەوادی بـە سـەبییەیەك دەکرد؛ شـەوانە بـە سـەد دۆلاری بـەکرێی دەدا! هـەر لـە هـەمان شـار و کـاتێ خێوەکـان؛ مۆبـایلێکی قاچاخیـان لای پەرییـەك دۆزیبـۆوە؛ خستبوویانە بـەر شـەهەوەتی سـەرجەم پاسـەوانەکانی بنکەکـە؛ تـا بـە نـۆرە لاقـەی بکـەن. لـە بـەعاج سـزاکە جیـاوازبوو، دوای دۆزینەوەی مۆبایل لای پەرییـەك؛ بـە مەبەسـتی پاداشـتکردنی پاسـەوانان بـۆ ئەم دۆزینەوە گرنگە! سزاکە بریتی بوو لە خشتەیەك. بـەم پێیـە رۆژانـە تـەنها شەش پاسەوان بە نۆرە لاقەیان دەکرد!

لە رووداوێکی دیکەدا؛ ئەمیرێکی تەرەس شاجوانێکی خسـتە ژوورێك؛ بـە نـۆڕە سـەرجەم پاسـەوانانی نـاردە گـژی، هـەر چەنـدە ئـەم پەرییـە لـەتاو ئـەم هـەموو دەسـتدرێژیە؛ لـە کەسـی چـوارەم لـە هۆشـخۆی چـوو، کـەچی ئـەم ناپیاوانە لە دەست درێژیکردن نەوەستان؛ بـەردەوام بـوون لـە لاقـەکردن! هـەر لـە

موسڵ؛ کیژۆڵەیەکی سێزدەساڵی؛ بە زۆر بە شوو دەدەنە موسڵاویەك؛ دوای کوژرانی بە یەك کاتژێر؛ فیلە تەنەیەکی داعشی چل ساڵان ؛ وەك سەگێکی هار هێرش دەباتە سەر کچە تەنیاکە؛ بە تەختەی نووستنی دەبەستێتەوە؛ بەشێوە و جۆری جیاواز لاقەی دەکات! سەیر لەوەدایە؛ ئەم کەمتیارانە لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی بەم پەریانە دەکەن؛ بە کاتژێر و بە رۆژ؛ بە یەکتری دەبەخشن!

لە موسڵ؛ ئەمیرێك دوو پاکیزە لە شوێنێك دادەنێ تا بگەڕێتەوە لایان، کە یەکیان تەمەنی دوازدە ساڵانە، پاسەوانەکە لە هەوڵی ئەوە دەبێت؛ دەست درێژی بکاتە سەر ئەم کیژۆڵەیە، کەچی خۆی بە دەستەوە نادات؛ دواتر هەوڵێ لێدان و بە زۆر لاقەکردنی دەدات، لە ئاست ئەم تراژیدیایە؛ کچە گەورەکە کاردانەوەی دەبێت. ناهێلیت و بە ناچاری جەستەی خۆی پێشکەش بە پاسەوانەکە دەکات، تا واز لەم منداڵە بێنیت!

ئەمە جگە لە داعشێکی تەرەس؛ ئوستورالی بەرەگەزنامە؛ بە ناوی خالید شروفە؛ کە بە شێوەی ئاشکرا سەودایی بە کچان دەکات، بە بڕی چل هەزار دینار دەیانفرۆشێت!

بەڵێ ماوە هەبوو نرخەکان دابەزی بوون، داعش بە ئاشکرایی نرخەکانی لە بڵاوکراوەکانی خۆی خستبووە روو. نرخەکان لە نێوان پەنجا هەزار تا دووسەد هەزارە، کەس بۆی نییە لە سێ سەبییە زیاتری هەبێت؛ جگە لە تورك، سوری و خەلیجیەکان! وادیارە ئەوانە نەوەی هارون رەشیدن؛ بۆیان هەیە بە هەوەسی خۆیان کەنیزە و سەبایەیان هەبێت. کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی نییە بە ئایین؛ بەڵکو پەیوەستە بە پشتگیری تورکیا و خاکی سوریا و پارەی کەنداو.

من شەوی رەشی داعشم؛ هیچکات پەیوەست نەبوومە بە بەها و رەوشت؛ ئەوەتا دیوانی بانگەوازی و مزگەوتەکانی دەوڵەتی خیلافە لە ویلایەتی بەرەکە (حەسەکە)؛ لە مانگی رەمەزاندا پێشبڕکێی ئەزبەرکردنی سورەتەکانی

پەیوەست بە جەنگ و جیهاد دەکات(ئەنفال، تۆبە، محەمەد و فەتح). ئەمە شتێکی ئاساییە وانیە؟ باشە بەڵام دەزانن پاداشتی سێ کەسی یەکەم چییە؟ سەبییەیە... بەڵێ باوەڕبکەن؛ سەبییەکی ئێزدی!

بوەستن لەوەش نامۆتر هەیە، کۆمەڵە چەکدارێکی عەرەبی رەگەز جیاواز لە دێرلزور؛ کە ژمارەیان حەوت کەمتیار بوو، بە دەستە جەمعی کۆمەڵە پەرییەکی تەمەن بچووکیان کڕی. گواستیاننەوە سەربازگەیەکی دوورەشار؛ کە هەریەکە و کابینەیەکی بچووکی کردبووە ماڵ. شەوانە و دوای حەب لێدان؛ کێشانی ماددەی هۆشبەر. ئەم کیژۆڵانەیان لەسەر مێزی هەوەس وەك کارتی قومار لە نێوان خۆیاندا دابەش دەکرد. لاقەیان دەکردن و دەیانگۆڕینەوە؛ بە بەردەوامی بە نیمچە رووتیان دەهێشتنەوە!

هەندێ شەو بە دەستە جەمعی سەیری فلیمی رووتیان دەکرد؛ دوای بۆنکردنی مادەی هۆشبەر؛ بە گاڵتەوە لەنێوان خۆیان دەیانگوت (کاتی خوێندنەوەی قورئانە) وەك گورگ دەکەوتنە وێزەی ئەم کاریلە بچووکانە، ئەوانیش جگە لە هاوارکردن و گریان؛ هیچی دیان نەبوو؛ گریان و هاوارێکی کوردی؛ کە نە بەکەس دەگەیشت و نەکەس وەڵامی دەدایەوە! بۆیە ئەم کچانە وایان دەزانی؛ دوعا بەکوردی لە ئەرزی عەرەبان قبوڵ نییە، نەوەك ناکرێ ئەم ستەمە بەم شێوەیە بەردەوام بێت!

لەوەش قێزەوەنتر؛ ئەوەتا لە تەبقە؛ سێ موجاهیدی بە دەمار؛ بە سێیان ئافرەتێکیان کڕیبوو؛ بەردەوام بە تاك و بە کۆمەل دەست درێژیان دەکردە سەر. کە لەوانەشە بە جەماعی خێریشی زیاتر بێت! نازانم باس لە کامە ئایین دەکەن ئەوان؟ ئەوەتا قازی موسل بە پاکیزەیەك رادەگەینی؛ راستە تۆ بۆ ئامۆزاکەت دەزگیرانداری؛ راستیشە ئەو لێرەیە و بۆتە موسوڵمان، بەڵام ئەم دەزگیرانداریە پووچە؛ چون پسمامت جارەك شەش مانگی لە ئیسلامەتی تەواو نەکردووە! کەواتە سیفەتی شەرعی مارەکردنتی نییە، بەپێی ئەو دەستەڵاتەی پێمدراوە؛ دەتدەم بە داعشێکی موسوڵمانی موجاهید!

ئەوانە مرۆڤن؟ کە گەمبۆلێکی داعشی تەمەن سەرووی هەشتا ساڵ، کچێکی تەمەن دوازدەساڵان لاقە بکات؟

ئەوانە مرۆڤ نین؛ چون پیروپەککەوتەش لە دەستیان رزگاری نەبووە! لە موسڵ و بەهۆی لێدانی بەردەوام بە سۆندە، دار و کێبلی کارەبا؛ پەرییەك تووشی پەککەوتن بوبوو؛ پێیەکانی لەکار کەوتبوون، کەچی بە دەست هەڵیان دەگرت و دەیانبرد شوێنی لاقەکردن! بە پێکەنین دەیانگوت: " راستە پێی لەکار وەستاوە... بەڵام خۆ هەرامەکەی سەلامەتە و کار دەکات!" .

ئەمانە مرۆڤن؟ لە رۆژی یەکەم و لە نزیك دووڕیانی دووگری؛ کاتی ژنێکی بە تەمەن؛ لە میانی هەوڵدان بۆ پارێزگاریکردن لە دوو کچە پاکیزە بچووکەکەی؛ لەگەڵ پاسەوانان بە شەڕ دێت. چون ئەوانەی لە پشتی پیکەب دانیشتوون دەست بۆ کچەکانی درێژدەکەن. بە هۆی دەست گرتنیان، فڕەی دەدەنە خوارەوە؛ لەبەرچاوی کچەکانی و لە ئاکامی کەوتنی بە سەرسەریەوە گیان لەدەست دەدات. تەنانەت داعشەکان ئۆتۆمۆبیلەکەش راناگرن؛ گوێی بە لاشەکەی نادەن و لە رۆیشتن بەردەوام دەبن. بە بینینی ئەم دیمەنە ترسناکە؛ یەکێك لە کچەکان باری دەروونی تێك دەچێت و شێت دەبێت. هەر دەگریی و لە خۆی دەدات. کەچی داعشەکان وازی لێ ناهێنن؛ سەرباری باری دەروونی خراپی؛ بەردەوام دەبن لە لاقەکردنی!

ئەوجا بڵێن چی؟ ئەوانە نەوەك هەر پیاوەکانیان، بگرە ژنەکانیان لە خۆیان خراپترن و نەخۆشی سێکسیان هەیە! ئەوەتا دایکی رەحمە کە داعشێکی تورکە؛ لە پێناو جیهاد؛ سنووری بەرەو سەریا بەزاندووە؛ هەرچەندە هاوسەرگیری لەگەڵ داعشێکی خەڵکی رەقە کردووە؛ کەچی تێنوویەتی نەشکاوە و حەز بە جۆرێکی دیکە لە جیهاد دەکات، ئەویش جیهادی کوسکوسانێیە! لەم پێناوەش ناوە ناوە پەرییەکی جوان؛ بە نێوی خزمەتکردن دەکرێت؛ بەڵام لە راستیدا بۆ پانپانۆکێ و دامرکاندنەوەی حەزکانی خۆی بەکاریان دێنی!

هەر لە ڕەقەی پایتەختی خیلافەت، موجاهیدی بە شەرەفی ئەوتۆ هەیە؛ سەبییەکەی خۆی بەرامبەر یەك پاکەتە جگەرە دەبەخشێت!

دەزانن؛ من شەوە ڕەشەی داعشم و شەرم لە خۆم و ناوم دەکەم. لە ئاست ئەو هەموو کردەوانە؛ ئارەقەی شەرم دەتکێنم. ئەوەتا دلڤینی تەمەن دە ساڵان؛ لە ماڵی موجاهیدێکی لیبی بە بەردەوامی لاقە دەکرێت؛ بە هۆی چارەسەر نەکردنی خوێن بەربوونەکەی، بەرگە ناگرێت و گیان لە دەست دەدات. باوەڕبکەن هەگبەم پڕیەتی لە چیرۆکی تراژیدی، لە لێدان، ڕاکێشان، لاقەکردن، کوشتن و بڕین... بەڵام لەوە زیاتر بەرگە ناگرم و بێدەنگ دەبم.

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم کە ئەو دەیجورە ئەنگوستە چاوەی داعش. ئەو شەوە ڕەشەی داعش سەپاندی؛ چیرۆکی وای لەخۆ گرتووە؛ کە زۆر لە چیرۆکەکانی هەزار و یەك شەوەی شەهرزاد نامۆترە. شەوێکی درێژ کە هەوەس، شەهوەت، کوشتن، تاڵان و بڕین حاکم بوو. هەموو بوونەوەرە شەوی و زیندەوەرە پیسەکانی تاریکی؛ لە شەمشەمەکوێرە، کوندەبۆ، مار، دووپشك، سیسرك، هەزار پێ و قالوچەی لە خۆکۆکردەوە. لەم شەوەدا یاسای ڕێکخستنی ژیرانەی لاشەی مرۆڤ ئاوەژوو بوویەوە. پێچەوانەی باری ئاسایی؛ بەرسك (شەهەوەت) چووە سەرەوە و سك (خواردن) چووە ناوەڕاست و مێشك (هزر) نەوەك هاتە خوارەوە، بەڵکو کەوتە خوارەوە و بوونی نەما. وشەی سەبییە و نیکاح ئەلجیهادیان داهێنا؛ لە ژێر ئەم ناونیشانانە شەرەفی پاکی هەزاران پاکیزەیان؛ کردە قوربانی شەهوەت و ناو گەلی خۆیان. بە یەك وشە هەموو حەرامێکیان نەوەك هەر حەلال؛ بگرە پیرۆزیش کرد. باوەڕبکەن من چەندە بە قێزەوە لە کتێبەکانی مێژوو باس دەکرێم ، گوایە شەوڕەشی پەڵەیەکە بە نیوچاوانی گەلان، بەڵام غەزوەی سنجاری داعش؛ پەڵەیەکی گەورەیە بە نیوچاوانی هەموو مرۆڤایەتی. چون لە سەدەی بیست و یەك کۆمەڵێك دز، جەردە، تاوانباری نەفس نزم؛ ڕەوەڕەوەی ژیانیان بۆ چاخی تاریکی گەڕاندەوە؛ شەوێکی درێژی تاریکیان؛ بەسەر گەلێکی ستەمدیدەی

ئاشتیخواز سەپاند.

تەواو چیتر تۆمەتی شەڤرەشك مەخەنە پاڵ گەلی خۆر، چون داعش بە بەڵگە سەلماندی خۆی دەاهێنەری ئەم تۆمەتە و شایستەیەتی، خۆی تاکە گروپە کە بە تەواوی جێبەجێی کردووە.

## (70)

# من گەرماوم

بەڵێ، من ئەو شوێنەم کە مرۆڤ خۆی لێ دەشوات و دڕنی لەشی دەردەخات. بەڵام بە خوا ناتوانم؛ چڵك و بۆگەنی مێشك دەرکەم... ببورن!

لە ماوەی مێژوومدا زۆر شتی سەیر و سەمەرەم بینیوەوە. بەڵێ، من زۆر کۆنم، باوەڕ بەوە مەکەن کە عەرەب منیان داهێناوە. نەخێر؛ من لە زۆربەی شارستانیە کۆنەکان بوونم هەبووە. لەوانەیە لە سەردەمی ئیسلامی بووژایمەوە بە تایبەتی لە لایەن ئەندەلووسی و تورکان. بەڵام کیلۆباترای فیرعەونەژنی میسری؛ خۆی بە شیر و گوڵاو دەشووشت؛ دواتریش شیلەی گوڵپەڕی لە لێوەکانی دەسوویی!

دەزانن، لەم غەزوەی بەسەر گەلی شێخادی هات، شایەتی رووداوگەلێکی نامۆ بووم... بەڵێ؛ بێگومان لە کووشتنی شەرجەرەتول دوری دوا شاژنی ئەیوبییەکان لە میسر سەیرتر.

سەرەتا کاتێ بە زۆری پاکیزەکانی شەنگالیان دەنارد؛ بۆ خۆشەوشتن و خۆ پاککردنەوە؛ تا کەمتیارێکی مێشك بۆگەن بێت؛ هەموو پیسی و گڵاوی خۆی پێدا بکات؛ بە ناوی سەبیی هەرچی خوا پێی ناخۆشە بیکات. زۆر شەرمم لە خۆدەکرد و خۆم وەك تەرەسخانەیەك دەهاتە بەرچاو. دڵم شەقی دەبرد؛ کاتی گریان و پاڕانەوە بێ وەڵامەکانی ئەم کیژۆڵانەم دەبینی. دەگریان، لە خۆیان دەدا، قژی خۆیان رادەکێشا، رنۆکیان لە سینگ و روومەتیان دەخشاند، دەپاڕانەوەو نزایان دەکرد... کەچی بێهوودەبوو. تاکە هاوار لەو ناوە دەنگی داعشێکی پیس بوو؛ ئەوەی لە پشت دەرگا و بەدەم

ڕەپبوونی شەهوەتی؛ چاوەڕوانی دەکرد؛ تا ئەم پەرییە پاکیزانە بە خاوێنی لاقە بکات. بێگوێدانە هیچ ڕەوشت، نەریت و ئایینێك. ڕاوەستابوو و ناوەناوە لە دەرگای دەدا و دەیگوت:

- خێراکە خۆت بشۆ؛ پاشان ئەم جلە تەنکە ڕەنگاوڕەنگە بە تۆ دراوە، بە خاوێنی لەبەرکە!

ئای لە تەنکی مێشك، بەتاڵی دڵ و بێ ئابڕوویت کەمتیاری پووچ. یەکێك لەو دیمەنانەی قەد لە یادی ناکەم؛ ئەو پەرییە جوانەبوو، ئەوەی بەندیخانەی ڕەقە. هات و بێ خۆ ڕووت کردنەوە دانیشت؛ سەیرێکی جلە تەنکەکەی کرد و دەستیکردە گریانێکی بێ پسانەوە. زۆر گریا تا هێڵنجی هاتێ و ڕشایەوە.

هەستمکرد دەریای خەم لە دڵە ناسکەکەی شەپۆڵ دەدات و خەریکە دەتەقێ. سەرەتا ئاوی نەکردەوە و خەریکبوو بە فرمێسك ئەم لەگەنەی بەردەمی پڕبکات. تا کەمتیارێك لە دەرگای داو هاواریکرد:

- چییە بۆ دەنگی ئاو نایەت؟ ئەگەر پێویستیت بە یارمەتیە خۆم دێم و دەتشۆم ئازیزم!

بە بیستنی ئەم ڕستەی دوایی ڕاچڵەکی؛ ئاوەکەی کردەوە و بە خوڕتر گریا. ئەوکات شتێکم بیرهاتەوە! دەڵێن کاتێ بە هۆی لە خۆبایی بوون و سەرکێشی کردن؛ خودا لە فریشتە تاووس تووڕە دەبێت. ئەوا فڕێیدەداتە نێو ئاگری دۆزەخەوە. حەوت هەزار ساڵ لە ناو ئاگری دۆزەخ دەمینێتەوە. هەرچەندە ئازار و ئێشێکی زۆری دیوە، کەچی بە هۆی ئەوەی بەسەریهاتووە دەستیکردۆتە گریان . گریانێکی بەردەوامی بە خوڕ، فرمێسکی گەرمی هەڵوەراندووە. ئەوەندە گریاوە تا حەوت کوجەڵەی پڕکردووە. ئیتر خودای میهرەبان بەزەیی پێهاتووە و لێی خۆشبووە؛ گەڕاندوویەتیەوە بەهەشتی باڵاو؛ دووبارە شوێن و پێگەی خۆی پێداوەتەوە.

بە پێی کلتوری ئێزدی، خوای گەورە داوایکردووە هەر حەوت کوجەڵەکە

بە پڕی؛ لە پەنایەکی دۆزەخ دابنێن، هەرکاتێ شێخادی لە زەویەوە گەڕایەوە، بەو فرمێسکانە ئاگری دۆزەخ بکوژێنیتەوە؛ نەتەوە و گەلی خۆی پێ بپارێزێ.

باوەڕبکەن؛ ئەم فرمێسکانەی ئەم پەرییە رشتی؛ ئەوەندە گەرم و بەخوڕبوون، بە یەك قەترەی نەوەك گۆزەیەك؛ شایستەی ئەوەبوون جەهەنەم نغرۆی تۆفانێك بکەن؛ نەوەك هەر ئاگرەکەی بکوژێننەوە!

نامەوێ باس لەو خوێنە ئاڵەی بکەم، ئەوەی لە مەچەکی رژا و لەگەنەکەی بەردەمی سوورکرد؛ پاشان لەگەڵ ئاوەکە رژانە نێو هەناوم و لە منەوە؛ بەرەو دەرەوە جۆگەلەیان گرت؛ هەموو ناوەکەی نغرۆی خوێنێکی ئاڵی گەش کرد. گومانم لەوەدا نییە؛ ئەم خوێنە پاکەی ئەم پاکیزەیە لە مەچەکی رژاندی؛ لە بری رژانی ئابڕوی؛ چۆڕانی خوێنی پاکیزاتی لە نێو لاقەکانی بەهۆی لاقەکردنەوە. ئەم خوێنە تورە بەناحەق رژاوە؛ دەوڵەتەکەی داعش نغرۆی خوێن دەکات.

چیرۆکەکان زۆرن؛ بەڵام دەمەوێ یەکێك لە نامۆترینتان بۆ باس بکەم، کە لەم هێرش و غەزوەی داعش بۆ سەر شەنگال؛ روویداوە.

شوێن: هۆلی گەلاکسی لە موسڵ. کات: سەرەتای هێرشەکەی داعش بە چەند رۆژێك؛ واتا سەرەتای مانگی تەباخ.

زۆرێك لە خانەوادەکانی ئێزدی و بە تەواوی ئەندامانی لەوێ بەندبوون؛ نەیان دەزانی چارەنووسیان چۆن دەبێت. لە ناکاو و لەنێو ئەم حەشامەتە؛ کە سەدان کەس لە شوێنێکی بچووك کۆبوبوونەوە، داعشەکان وەك گورگ بە نێو مەڕی بێ شوان کەوتبن؛ چاوە پڕ لە بەدکاری و شەهوەتەکەیان دەگێڕا. کیژۆلەیەکی جوانیان بینی؛ بە دوای رۆیشتن تا بە دایکی گەیشتن. یەکێك لە چەتەکان بە دایکی گوت:

- ئەو کچە جوانە هی تۆیە؟
- بەڵێ... خێرە؟ (دایکەکە بە ترسەوە)

- ماشەڵڵای لێبیت زۆرجوانە...( بە چاوێکی بەدی پڕ لە شەهوەت) ئەوە هەر شایستەی یەکێك لە ئەمیرەکانی دەوڵەتی خیلافەتە؛ ئەم پەرییە جوانە... ماشەڵڵا!
- بەڵام ئەوە هاوسەرگیرە! (دایکەکە بە شلەژاوی و بێ بیرکردنەوە) کوا!...( بە دەم ئاوردانەوە) تازە هاوسەرەکەی لێرەبوو؛ نازانم بۆ کوێی رۆیشت. وادیاری چۆتە بەشی پیاوان.

داعشەکە بە چاوی مرۆڤێکی هەوەسباز سەیری سینگ و حەوزی کرد؛ بە پێکەنین لە دڵی خۆی گوتی:

(مەگەر پێشتر کاری من هەر چاودێریکردنی ئافرەتان و تەرەسی نەبووبێت! تۆ دەتەوێ من چەواشە بکەیت پیرەژن؟ )

ئەوجارە بە متمانەوە دەنگە گڕەکەی هەڵبری؛ کەوتەوە قسەکردن:

- بەڵام ئەمە زۆر بچووکە، لە لاشەی دیارە هاوسەرگیری نەکردووە؛ ئافرەت!

دایکە مەعلانەکە زانی لە بەردەم گەمبۆڵێکی تەرەسە؛ کە دەیەوێت کچەکەی لێ بسەنی، بۆیە بێ بیرکردنەوە گوتی:

- ماشەڵڵا هەمووان وادەڵێن!(بە پێکەنینێکی درۆیین) ماوەی چەند مانگێکە هاوسەرگیری کردووە؛ بۆیە پێیەوە دیارنیە!
- هەرچەندە باوەڕ ناکەم؛ بەڵام گرنگ نییە. بەیانی دێین و دەیبەین بۆ پشکنین؛ ئەگەر قسەکانت درۆ دەرچن؛ دەلحاز دەیبەین و دووبارە چاوت پێی ناکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لەسەر درۆکانت دارکاری دەکرێی.
- پشکنینی بۆ چییە؟ چییە باوەڕ بە من ناکەی؟ قاتی بەم پرچە سپییەوە درۆتان لەگەڵ بکەم؟
- قسەی زیاد مەکە پیرێژن، بەیانی هەموو شتێك روون دەبێتەوە...

داعشەکە رۆیشت، من وەك چەند ژوورێکی چڵکنی بێ بایەخ؛ لە تەك

ئاودەستەکان؛ لە لایەکی ئەم هۆڵە ساردوسڕە بێنازە؛ سەیری دیمەنەکانم دەکرد. دڵم خەریکبوو شەق ببات. لە بنەڕەتدا ئەمە هۆڵی ئاهەنگە؛ سەدان هاوسەرگیری و خۆشگوزەرانی بە خۆیەوە بینیووە، کەچی لە ژێر سایەی داعش کراوەتە گرتووخانە؛ گەلی شێخادی لێرە دەستبەسەر کراون. شکۆ شکێندراون، هەراجکراون، خەریکە کچەکان دەفرۆشرێن، بە تەمەنەکان دەکوژرێن و پیاوەکانیش بەرەو چارەنووسی نادیار دەبردرێن. ئاورم لە هەرلایەك دەدایەوە، چیرۆکێکی ناخۆش و بەسەرهاتێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام ناخۆشترینی؛ دۆخی ئەم ئافرەتە بوو، کە تەنها چەند کاتژێرێکی لەبەردەم مابوو، بەر لەوەی کچەکەی لێ بسەنن. لە دوورەوە و لەنێو ئاپۆڕای ئەم خەڵکە سەر لێشێواوە؛ خەمبارە چارەنووس نادیارە بینیم؛ هەر چاوم لەسەر ئەم داماوەبوو. دوای رۆیشتنی ئەم قوڕمساغەی داعش، یەکسەر لەسەر زەوییەکە دانیشت. سەری خستە نێو دەستەکانی و کەوتە بیکردنەوەیەکی قووڵ، هەرچەندە نەگریا؛ بەڵام هەستم بە نیگەرانی و ئاخێکی زۆر کرد. بیرکردنەوەیەکی زۆر بە ئازار؛ هاوشێوەی لە دایکبوونێکی ناساز، بەم شێوەیە؛ بیرۆکەیەك لە مێشکی؛ بەو هەموو ئێش و ئازارە لە دایکبوو!

قاسیدێکی بە دوای کوڕە گەنجەکەی نارد؛ ئەوەی لە سوچێکی هۆڵەکە لای پیاوان دانیشتبوو. بە پەلەهات و لە دوورەوە و لەشوێنی خۆم بیستم؛ چۆن سەرجەم رووداوەکەی بۆگێڕایەوە، کوڕەکەش هەڵوەستەیەکی کرد. ئاخر زۆر ناخۆشە خوشکت لە پێشت ببەن و هیچ دەستەڵاتت نەبێت. بەڵام ئەمە فەرمانە و لەکاتی فەرماندا؛ هەر دەنگی خراپەکاران بەرزە. عەقڵ، هۆش و ژیری هیچ بوونیان نییە. بە دڵتەنگی گوتی:

- چیبکەین دایە؟ دەستەڵات چییە؟ ئەوان هەر دەیبەن، جا ئەگەر پاکیزەبێت یان نا... خوشکم زۆر بەرچاوە و لێرەی ناهێڵن. پێم بڵێ چی بکەین دایە گیان؟
- ئەوەی لەسەرمانە دەیکەین رۆڵە، گرنگ ئەوەیە بەیانی کاتی ئەم

پیرەژنــە فلّقێیــە دێــت؛ بــە پەنجــە پیســەکانی نــاو لەشــی دەپشــکنی، ئــەوکات خوشــکت ژن بێــت و نەیبــەن! (بــەم شــێوەیە ســەیرم مەکــە) بــا سبەی نەیبەن و خوا کەریمە بۆ دواتر...

- باشە دایە گیان، بەڵام بەم شەوە لە کوێی هاوسەرێکی بۆ بدۆزینەوە؟ چــۆن بــەم شــەوە؛ بــە حــەڵاڵی و پــاکی بــە شــووی بــدەین؟ (ســەری بەرزکردەوە) ئەم تاقیکردنەوە قورسە چییە بەسەرمانت هێناوە خودایە؟
- کوڕی خۆم، لەبڕی ئەوەی هاوشێوەی بێوەژنێك؛ گلەیی لە بەختت بکــەی، بــڕۆ و وەك برایــەکی ژیــری مــەرد؛ هاوســەرێکی بــاش بــۆ خوشــکە پاکیزەکــەت بــدۆزەرەوە. تــۆ رازی کــافرێکی گــڵاوی داعــش شەرەفمان بشکێنی؟ بێگومان رازی نێت!(نەیهێشت قسە بکات) بڕۆ رۆڵە گیان، گەنجێکی وەك خۆت ئازاو خاوەن هەڵوێست پەیدا بکە. بەم شێوەیە سەیرم مەکە... بڕۆ دەی.

لە شوێن خۆم زۆر عـادز بـووم. بینیم کوڕەکە بەنێو گـەنجان دەڕوات؛ بە چاوی دڵ بە دوای کەسێکی باش دەگەڕێت! کاتی لای هەندێکی باسکرد پێیان گوت:

- ئــەوە تــۆ باســی چــی دەکــەی براکــەم؟ بــەم فەرمانــە کــەی کــاتی هاوســەرگیریە؟ بــۆ ئێمــە چارەنووســی خۆمــان دەزانــین؛ تــا کلۆڵێــك وابەستەی خۆمان بکەین؟

ئــەوانی جێهێشــت و چــووە لای کۆمــەڵێك لــە گــەنج و پیــاوانی گونــدی سۆلاخ؛ بەوپەڕی ئازایەتی قسەی کرد:

- خوشـکێکی زۆر جـوانم هەیـە، کـەس لـە ئێـوە دەیـەوێت بیخـوازی بـەر لەوەی داعشێکی کافر بیبات؟
- سوودی چییە براکەم ؟ گەر هاوسەرگیریش بکات و ئەوان بیانەوێ ئەوا هەر دەیبەن. ئەمانە لە خوا ناترسن .

براکەی بە خەمباری سەری هێنایە خوارەوە؛ دواتر زۆر بە نەرمی سەری

هەڵبڕی و گوتی:

- ئاها؛ ئەو کیژۆڵە جوانە دەبینن؟ (هەمووان سەیریان کرد) ئەوەی لەسەر زەوی لە تەك ژنە کراس سپییەکە دانیشتووە؟ ئەوە خوشکی منە، گەر ناتانەوێ کافرێك بیبات و سەبی بکات؛ یارمەتیمان بدەن و با یەکێکتان هاوسەرگیری لەگەڵ بکات.

لە دوورەوە لە چاوی گەنجەکان رامام؛ هەستمکرد یەکێکیان بەو سەیرکردنە دڵی لێیدا و نیگاکەی جیاوازتربوو، بێ یەك و دوو، لە ترسی ئەوەی نەوەك یەکێك بەر لەو قسەبکات؛ گوتی:

- من رازیم، ئامادەم هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم؛ گەر خوا یار بێت تا هەتایی لەگەڵی دەمێنمەوە، بەڵام لێمگەڕێ سەرەتا خزم و کەسم ئاگاداربکەمەوە؛ تا بیانهێنمە لای دایکت و بە فەرمی داوای بکەین.
- ئەی ئافەرین کوڕی مەرد!(بە دڵخۆشیەوە) زۆرباشە، با ئەوانیش شاهێدبن لەسەر ئەم هاوسەرگیریە. بەڵام یەك مەرجم هەیە. هەر ئەمشەو هەموو شتێك تەواو دەکەین؛ دەتوانن هاوسەرگیریەکەشتان ئەنجامبدەن!
- ئەمە چۆن دەکرێ براکەم؟ (کوڕەکە بە سەرسوڕمانەوە) ئامادەم تا دەگەین بە شوێنێنکی شایستە؛ ئارام بگرم. ئەوکات مەودای هەموو شتێکمان دەبیت؛ دەتوانین وەك ژن و مێرد هەڵسووکەوت بکەین... هیچ پەلەم نییە.
- بەڵام ئێمە پەلەمانە براکەم! (براکەی گوتی) ئازیزم... گەر تا بەیانی ئەو خوشکەم پاکیزە بێت؛ دەیبەن. وابزانم باش لە من دەگەی! ئەمشەو و دوای هاوسەرگیریتان؛ مافی خۆتانە هەرچییەکی بکەن.
- راست دەکەی؛ بەڵام ئەمە چۆن دەکرێ براکەم؟ لەم شوێنەدا هەزارەها کەس هەن، مەودای جوولەکردن نییە نەوەك نیکاح!
- تۆ خزم و کەست بێنە؛ ئەوەی دیکە لەسەر ئێمە جێبێڵە جەنابی زاوا!

دەزانن، زۆرم سەیر بەم ڕەوشە دەهات. بە ڕاستی خەڵکێکی شەرەف پارێزن، رازین بە گەنجێکی ئاسایی نەناس؛ کە بەم شێوە و لەم شوێنە هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکەیان بکات. نەوەك تەرەسێکی داعش! (ئەوجا ئەمیر بێت یان سەمیر) بۆ هەوەسی خۆی بیبات!

لەکاتی دیاریکراودا گەنجەکە خزمانی هێنا؛ هاتنە لای دایکی کچە؛ بە شێوەیەکی فەرمی داوای کچەکەیان کرد و ئەوانیش رازی بوون، بەم جۆرە بەشە ئاسانەکەی هاوسەرگیریەکە تەواوبوو. دوای ڕۆیشتنی هەموان، دایکەکە هەردووکی دانان؛ کوڕی خۆی و نەوزاوا؛ تا پلانی چۆنیەتی بەیەك گەیشتنی هەردوولا؛ تەواو کردنی هاوسەرگیریەکەیان بۆ روون بکاتەوە. ئەم ژنە سەلارە مایەی سەرسوڕمانم بوو. ژیر، ئازا و چاونەترس. لەبەر ژاوەژاوی نێو هۆڵەکە گوێم لە پلانەکەی نەبوو. بەڵام لە دوورەوە هەر چاوێکم لەسەریان بوو تا بزانم چی دەکەن!

لە ژێللا بینیم؛ دایکەکە هەر چاوی لای ئێمەیە؛ واتا لەسەر کۆمەڵەی گەرما و تواليێتەکانە. نەمدەزانی چی لە مێشکە. بەڵام زانیم ئێمە بەشێکین لە پلانەکەی. دوای نیوەشەو؛ کاتی خەڵکە ماندووە پەرێشانەکە؛ لەشوێن خۆیان؛ وەك مەڕی گێژ بە دەم بیرکردنەوە لە چارەنووسی نادیاریان؛ خەوتن و جوولە کەمبوو. بە تایبەتی هاتوچۆ بۆ گەرما و تواليێتەکان. چون لەکاتی جەنجاڵیدا؛ هەر یەك لەوانەی نێو هۆڵەکە؛ یەك کاتژێر دەوەستا تا نۆرەی ئێمەی بەردەکەوت.

دوای نیوەشەو، دایکەکەم بینی خۆی و کچی هاتن؛ پەتووەکی سووریان پێبوو. سەرەتا دایکەکە هاتە نێوم؛ منی خاوێن کردەوە و پەتووەکەی ڕاخست؛ پاشان کچەکەی هاتە ژوورەوە. لە هیکەوە دایکەکە بانگی کوڕەکەی کرد؛ بە دەنگێکی بەرز هاواریکرد:

- هۆهۆ کوڕۆ...
- بەڵێ دایە! (بە پێی پلانەکە نزیك وەستابوو)

- گەرماوەکە گیراوە کورم، بزانە وەستای بۆری ناهێنی؛ تا چاکی بکاتەوە؟ دەی کورم دەست و برد کە!

کوڕەکە تۆزێك خۆی هێنا و برد، بێگومان وەستاکەش زاوا بوو، ئەوەبوو لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی زاوای وەستا؛ دایکەکە چووە دەرەوە و هەردووکیانی جێهێشت؛ تا سەرجێی لەسەر پەتووەکە بکەن؛ لەگەڵ کوڕەکەی لە دەرگا وەستان؛ گوایە نۆرەی خۆیانە و چاوەڕێی چاکبوونی بۆڕیەکان دەکەن؛ تا بچنەوە ژوورەوە! بە راستی زۆرم سەیر بەم هەموو وردەکاریە هات! بە ژێری دایك، خۆڕاگری برا، ئازایەتی زاوا و گوێڕایەڵی بووك. هاوسەرگیریەکی نامۆی ناوازە. بەڵام لە پێناو خۆپاراستن بوو لە سەبیکردن و کۆیلایەتی.

دەزانن؛ ئەوکاتەی ئەوان لە نێو هەناوم خەریکی هاوسەرگیری بوون، هەستم بە سۆزێکی خۆشەویستی کرد؛ لە نێوان ئەم دوو گەنجە. باوەڕبکەن لە میانی ئەم هەموو ژاوەژاوە، ترس، نیگەرانی و چارەنووسە نادیارە، هەستم بە تەزووێکی پاکی خۆشەویستی کرد؛ بە لاشەیان گوزەر دەکات. بە راستی مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە. چون بە دەستگرتنی خۆشەویستەکەی، بە لە باوەشکردنی دڵدارەکەی، بە دیتنی دڵخوازەکەی هەست بە ئارامی دەکات؛ تەنانەت ئەگەر لە نێو قوڕقوڕاگەی دۆزەخیش بێت. هەر بۆیەش لە رۆژی دوایی؛ سەرەتا هەستی خۆشەویستی لێ دەسێنرێتەوە؛ تا تەنها لە خەمی خۆی دابێت؛ ئەوجا رەوانەی دۆزەخ دەکرێت... چون لەو باوەڕەدام؛ ئەوکاتیش واز لە خۆشەویستەکەی ناهێنێت؛ دوورنییە بە ئاگری هەتا هەتایی رازی بێت؛ بۆ ئەوەی دڵدارەکەی لە خۆشی نەبڕاوە بژێت! یانیش بە دۆزەخ رازی بێت هاوشانی دڵدارەکەی؛ لە بری سووتان بە ئاگری جوودایی لە بەهەشت! ئەوەی خۆشەویستی نەکردووە نازانێ؛ کە دابڕان زۆر لە ئاگری دۆزەخ بە سۆترە!

بابێینەوە سەر چیرۆکەکەمان، بەم شێوەیە کاکم بە زاوا بوو. دوایی تەواوبوونی کارەکەشی وەستا چووە دەرەوە. یەکسەر دایکەکە خۆی بە ژۆرێ

داکرد؛ کچەکەی لە باوەش گرت و دڵی دایەوە. بە هێواشی کچەکەی ناردە دەرەوە؛ لە پاشان پەتوەکەی هەڵگرت و خۆی دەرچوو. زاوا چۆوە لای خزمان و بەدەم سەرسورمان بەم شێوازە لە زاوابوون؛ پیرۆزباییان لێیکرد!

هەر لە دوورەوە چاودێری ئەم دایکە جوامێرەم دەکرد. چۆن پڵنگ ئاسا؛ لە هەوڵی پارێزگاریکردن لە کچەکەی بوو، یەك چرکەشە هەدادانی نەدا. ئەوەبوو دووبارە کوڕەکەی بانگ کردەوە و پێی گوت:

- بە یەکجار زێی ئەم بووکە گەورە نابێت، پێویستە زاوا جارێکی دیکە بێت و کارەکەی تەواو بکات.

کورەکە شێت بوو، لە تاوان هەڵسایەوە سەرپێ، زۆر بە نیگەرانی گوتی:

- ناوی خودا بێنە دایە گیان، ئێستا بچم چی بە زاوا بڵێم؟
- هەزارجار بە ناوی خودا! (بە میهرەبانی گوتی) پێی بڵێ با ئەمشەو نەخەویت؛ دەبێ بەر لە بەیانی و بەهەمان شێوەی جاری یەکەم؛ بچێتە لای خێزانی. خەمت نەبێت؛ دوای چەند کاتژێرێك هەموو دەخەون و کەس ناچێتە گەرماو...

باوەڕبکەن؛ کاتژێر چواری تەواو. دووبارە ئەم چوارە کەوتنەوە کار. ئەم ژنە بە خۆی، پەتووی دەستی و کچەکەی هاتن، بە هەمان شێوە بانگی کاکی وەستای زاوایان کرد. کەچی ئەوجارە کچەکە یاخی بوو و گوتی:

- ئەوە چیدەکەی دایە گیان؟ توخوا وامەکە، توخوا وازبێنە. دەزانی جاری یەکەم چەندە ئازارم خوارد؟
- ببورە رۆڵە!(بە دەم نیوچاوان ماچکردن) بەڵام هەمووی لە بەرژەوەندی تۆیە. نامەوێ لە دەستت بدەم، نامەوێ ئەم ناپیاوانە بتبەن رۆڵە...
- تو خودێ راوەستە دایە!(بە تکاوە) ئاخر ئەوەی تۆ دەیکەی زۆر ناخۆشە. هەست دەکەم کەرامەتی خۆم و خانەوادەکەم بریندار دەبێت؛ کاتێك تۆ وەك... وەك تەرەسێك لە دەرگا دەوەستی؛ ببورە بۆ ئەم قسەیە و حاشا لە تۆ دایکە میهرەبانەکەم... بەڵام من بەو کارەت

رازی نـیم؛ بـۆ توناشـیٚ... ناشـیٚ نـااا دایـە گیـان! (دەسـتی مـاچ دەکات)

- بە دەست خۆمان نییە کچە جوانەکەم،(لە باوەشیکرد) ببورە، بەڵام ئەوە فەرمانە و من وادەکەم؛ تا ئایین و شەرەفمان پارێزراو بێت. ئەوە دەکەم بۆ ئەوەی تۆ لە دەست ئەو بێبەهایانە بپارێزم، کچی خۆم.
- ئاخر بەم شێوەیە نا! (کچەکە گریا) تو خودیٚ وازبینە دایکە.

دایکەکـە لـە خـەمان ئـەژنۆی شـکا، ماوەیـەك لەسـەر زەوی دانیشـت. باوەڕبکەن هەستم بە ناخۆشی رەوشەکەی کرد. ئاخر کچەکەی راستی دەکرد. بەڵام دایکەکە ئامادەبوو هەموو شتێك بکات؛ چون دەیزانی ئەوکچەی جوانە؛ ئەگەر بیبەن نەوەك هەر ئاییـنی دەگۆڕن؛ بەڵکو لاقەی دەکەن و تـا رۆژی دوایی نایبینێتەوە. ئێستا بەم شێوە نەگونجاوە هاوسەرگیری بکات؛ زۆر لەوە باشترە؛ کە بیکەنـە کاڵایـەك و لـە بازاڕەکانی خیلافـەت هـەراجی بکەن. بیٚ ئەوەی هەست بکات، فرمێسکێك لە چاوی چەپی هاتە خوارەوە؛ کاتی رژایـە سـەر ئەرزیەکـەم؛ هەسـتمکرد وەك تیـزاب تـاڵ، گـەرم و سـووتێنەرە. لـە ناکـاو هەڵسایەوە و گوتی:

- مـەودای گـەڕانـەوە نـەماوە؛ بـا کارەکـەمان تـەواو بکـەین کچـی خـۆم، هیچ شەرمیش مەکە؛ ئەوە هاوسەری شەرعیتەو؛ ئێمە هیچ کارێکی هەڵە ئەنجام نادەین رۆڵە.
- باشـە دایـە گیـان، خـۆت باشـتر دەزانـی؛ لەبـەر ئـەم زۆریـەت نـەبا؛ هەرگیز رازی نەدەبووم.

دووبـارە وەسـتای زاوا هـات و لەسـەر پەتوەکـە؛ بـە خێزانـی گەیشـت. بـە هەمان شێوە دایکەکە لە دەرگا بە هێمنی راوەستا؛ داوای لێکردن بە بێدەنگی کارەکـە ئـەنجام بـدەن. لەوکاتـەدا هەسـتمکرد ئـەم ژنـە چەنـدە برینـدارە، کـاتی خۆی بەم شێوەیە دەبینی؛ کە لە بەردەم دەرگایەك وەستابێت؛ گەنجێك بنێریتـە لای کچەکەی... هەستم بە برینێکی قووڵ کرد لە ناخی، بەڵام خۆی بـەهێز

و خۆڕاگر نیشان دەدا. ئەو ناچاربوو تا پارێزگاری لە نامووس، ئایین و مانەوەی کچەکەی بکات.

بەیانی داعشەکان فلقێیەکی تەرەسیان هێنا؛ دوای پشکنینی دەستی دەرکەوت کە ئەمە ژنە. لەم کاتەشدا زاوا نزیك وەستابوو، بە دەمارەوە لە رەوشەکەی دەڕوانی؛ خاوەنداریەتی هاوسەرە جوانەکەی دەکرد.

ئەو رۆژەیان بەم شێوەیە بەسەربرد، پاشان بە یەکەوە وەك هاوسەر گواسترانەوە. نازانم دواتر چییان بەسەرهات؛ بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە ماوەیەکی کورت بە یەکەوە دەبن؛ چون بە هەر شێوەیەك بێت؛ داعش ئەم کیژۆڵە جوانە سەبی دەکات. دواتر و لە قسەکانی چەند کەمتیارێکی داعش ئەوەم زانی؛ کە دوای نۆ مانگ لە تەلەعفەر؛ پیاوەکان لە ژنەکانیان جیاکراونەوە؛ بەرەو حەمام عەلیل بردران؛ تا ئێستاش سۆراخیان دیارنییە.

هەرچەندە هەڵوێستی ئەم دایکە زۆر نامۆ و ژیرانەبوو، بەڵام چۆنی دەزانم خودا حەقە، ئاواش گومانم لەوەدانییە؛ کە ئەم شازادەیە دواتر بەرەو رەقەی پایتەخت دەبردرێت؛ دایکەکەشی لە موسڵ کۆیلە دەکرێت؛ براکەشی لەگەڵ هاوسەری شوێن بزردەکرێن. چۆن دەزانم؟ زۆر ئاساییە، چون ئێمە لە زەمانی داعشین؛ کە تەنیا شەهوەت و هەوەسبازی حاکمە و هیچی تر...

## (71)

# پۆڵە پەپوولە

زەوییەکی سەوزی رووتەخت؛ کە بە کولیکە نیسان، لالە و نێرگزی کێوی رازێنراوەتەوە. ئاسمانێکی شین؛ کە ماوە ماوە هەورێکی سپی جوانی پێدا گوزەر دەکات. بێدەنگیەکی دڵگیر؛ کە تەنیا چریکەی چۆلەکە دەنگی دێت. کەشێکی دڵڕفێن؛ کە هیچی لە بەهەشت کەمتر نییە.

لە ناکاو؛ کۆرپەلەیەك بەخشین هات. بە شێوەیەك؛ ناوکە پەتکی بە دوای خۆی رادەکێشا، خوێنی لێ دەچۆڕایەوە و هێشتا ئاوەڵمناڵەکەی لەگەڵ بوو، کاتێ سەیریکرد کەس لەم شوێنە نییە؛ بە گڕوگاڵێکی خەماوی هاتە ئاخاوتن:

ـ هێشتا کەس نەهاتووە، من یەکەمینم، پێتان سەیر نەبێت کە بەم شێوەیە دەڕۆم، من... نازانم ناوم چییە چونکە بەر لەوەی ببم منیان کوشت! بەڵێ، بە گوللە منیان لەو بەهەشتە ئارامەی سکی دایکم، تیرۆر کرد! دایکم... باوەڕ بکەن نازانم شێوەو روخساری چۆنە؛ بەڵام دەزانم ناوی (باسمە)بوو، بە دەنگێکی خۆش دەیلاواندمەوە و قسەی لەگەڵ دەکردم؛ باسی(خەلیل)ی باوکمی بۆدەکردم. برایەکی حەوت ساڵان و چوار خوشکم هەبوو. هەر ئەوەندە دەزانم لە رۆژی هێرشەکەی داعش؛ بەیانی زوو لای بنکەی گرزک؛ لە ئاکامی ئەو تەقە هەڕەمەکیەی داعش دەیکرد؛ گوللەیەک بە سکی دایکم کەوت و منی پێکا. دایکم کەوتە سەر زەوی و منیش لە نێو سکی لە خوێنی هەردووکمان گەوزیم. دوا وشە کە بیستم؛ هاواری خوشک و براکانم بوو؛ کە بە گریانەوە هاواریان دەکرد (دادێ..دادێ) کە لە دەوری جەستە

خوێناویەکەی خۆم و دایکم چەرخەیان دەکرد. شوکر بۆ خودێ من مردم و دایکم ژیا! نازانم ئێستا چۆنن و چی دەکەن؛ بەڵام توخوا پێیان رابگەینن کە زۆرم خۆشدەوێن؛ هیوادارم ئێستا دۆخیان ئارامتر بێت.

لەو کاتەدا کورێشگەیەکی جوانکیلە هات؛ کە خوێن لە سەر و دەموچاوی دەچۆڕایەوە، بە ئارامی سەیری ئەو کۆرپەلەی کرد و کەتە قسان:

- چۆنی بچکۆل گیان؟ ئێوە چۆنن؟ من ئەنوەرم، تەمەنم شەشساڵانە. ببورن زۆر دڵم لای دایک و تەواوی ئەندامی خێزانەکەمانە، چون ئەو کاتەی لە هەوڵی دەرچوون بووین لە شەنگال؛ بەر دەسڕێژی گوللەی داعش کەوتین، لە ئاکامدا ئۆتۆمۆبیلەکەمان وەرگەڕا، وەک دەبینن من گیانم سپارد و چەندین قوربانی دیکە هەبوو. هەرچەندە بیریان دەکەم، بەڵام لە خودێ داواکارم ئارام و ئاسوودەبن.

لەو کاتەدا مەلۆتکەیەکی دیکە بە گاگۆڵکێ هات، جەستەی وشک ببویە و چاوەکانی هەڵپڵۆقیبوون ، بە نوسکەنوسک گروگاڵی دەکرد:

- ببورن لە تێنان قسەم بۆ ناکرێت، ناوم پاشایە و خەڵکی شەنگالم، رۆژی یەکەم لەگەڵ خانەوادە گەورەکەمان؛ لە دەست داعش رامانکرد. دوای وەستانی ئۆتۆمۆبیلەکان لای پێچەکانی بناری شاخ، هەموان بە پێ بەسەرکەوتن، لە باوەشی باسمەی پورم بووم، ئاخر ئەو زۆری خۆشدەویستم، باوەڕبکەن لەبەر تێنویەتی عەجمانم نەمابوو؛ لە هۆشخۆم چووم. هەرچەندە پلکم هەوڵیدا؛ منی هێناوبرد کەچی بێهوودەبوو، دواشت کە لە میانەی پێڵووە قوڕسەکانم بینیم، فرمێسکێ ئەو بوو؛ چاوم داخست و ئیستا لاتانم... دەزانم ئەو زۆری خۆشدەوێم و لاشەکەم فڕێ نادات؛ تەنانەت بە کەسیش ناڵێت رۆیشتووم، نەوەك لە ژێر کۆمەڵە بەردێکم دانێن؛ دواتر سەگ بمخوات، گومانم لە وەدانیە تا مەزاری شەرەفەدین ئەو لاشە وشکەم

دەبات، بەینی خۆشمان بێت؛ منیش زۆرم خۆش دەوێت؛ تەنانەت کە ئێستاش لای ئێوەم؛ هەر بۆنە خۆشەکەیم بۆمدێت و دەزانم منی نەداوەتە کەس، ئێستاش بە دەم نزاوە فرمێسکم بۆ دەبارێنی. ئەوە چییە؟... هەست دەکەم لێوەکانم تەڕن، دڵم لێدەدات... ئەوە چییە؟ ببورن دیارە ئەو پلکە ئازیزەم کۆڵی نەداوە؛ نزاکانی قبوڵ بوونە و من بەرەو دونیا دەباتەوە... ببورن دەبی بڕۆم، وا دیارە رۆژم ماوە... بە خوداتان دەسپێرم؛ دەبی هەر ئێستا روحم بچێتەوە نێو لاشەکەم؛ لە چیای شەنگال.

لەو کاتەدا منداڵێکی دیکە هات، تەنها ئێسک و پێست بوو، زۆر لات و کز، بە ئەستەم دەجولایەوە. شوێنی کانیولای بە دەستەوە دیار بوو، دوای ئەویش چواردە منداڵی دیکەی تەمەن جیاواز گاگۆڵکێیان دەکرد.

- سڵاوی خوداتان لێبیت، ببورن زۆر شەکەتم و ناوی خۆم لە بیرنەماوە، تەنانەت ناوی دایک و باوکم. ئەوەندەی دەزانم خەڵکی کۆچۆم و لەگەڵ ئەم چواردە منداڵە؛ لە گۆڕستانی گوندی کەسرولمیحرابەوە هاتووین، ئێستاش چارەنووسی باوانم نازانم.

چی؟ بۆ چارەسەریم بۆ نەکراوە لەگەڵ ئەوەی زۆر نەخۆشم؟ ئازیزم پێت دەڵێم کۆچۆییم... واتە لە رەحمی کارەساتەوە هاتووم، باوکم بزرە و دایکم سەبییەی دەست داعشە، ئەم بێبەهایانە ئاوی تانکی ژەهراویان بە ئیمەدەدا؛ دایکم ناچاربوو شیرم بەو بۆ بگرێتەوە؛ لە ئاکامدا ژەهراوی بووم، دایکم بە خێرایی منی گواستەوە نەخۆشخانەی تەلەعفەر. نەخۆشخانە؟ بڵێ موسافرخانەیەکی پیسی بێ خزمەتگوزاری بۆگەن. بەهەرحال کانیولایان بۆ بەستم؛ دایکی کڵۆلم بە خەمبارییەوە لەسەر زەوی؛ لە تەنیشت تەختەکەم دانیشت. دەزانن کێشە لە چی بوو؟ دایکم گەنج و جوانبوو، دوو دشداشە لەبەر هاتن، کە بۆنیان زۆر لەو دایبییە دەچوو، کە رۆژێکبوو بە

سکچوویی له پێدامبوو! کاتێ زانیان دایکم ئێزدیه، لیکاوی دەمەیان لەگەڵ هۆشیان رژاو؛ به شێوەی دوو گورگ که ئاسکێک ببینن وا رەفتاریان دەکرد، دەیانوویست دایکم بڕفێنن و جێبێڵم، تا لەم نەخۆشخانەیه به تەنیایی بمرم.

کاتێ دایکه قارەمانەکەم هەستی بەمەکرد و پیلانیانی بیست، خۆی دزیەوە؛ سۆندەی کانیولەکەی دەستمی لێکردەوە و منی له باوەش گرت؛ دووباره به تەکسی گەڕاینەوە گوندی کەسرولمیحراب، لای دیلەکانی دیکه، راسته ئێمه لەو رفاندنه رزگارمان بوو، کەچی هەردەهات و بارودۆخم خراپتر دەبوو، چەند رۆژێک مامەوە و هیجم بۆ نەدەخورا. تەنیا سەیری چاوه گەوره و جوانەکانی دایکم دەکرد. دەزانن؛ زۆرم خوشدەویست و حەزم نەدەکرد جیێ بێڵم، باوەشی زۆر نەرم و خۆشبوو. له کۆتاییدا ئەونده شپرزەبووم، بەر لەوەی روحم بێته لاتان؛ خوێن رشامەوە. ئەویش جەسته بجووکه ناسکەکەمی لەگەڵ بەشێك له دڵی، له گۆڕستانی گوندەکه ناشت؛ له تەک ئەو ئازیزانەی لەگەڵم هاتوون. که هەریەکێکیان خاوەن چیرۆکێکی جەرگبری هاوشێوەی منه؛ که هێمایه لەسەر دڕندەیی دەوڵەتی ئایینی.

لەو کاتەدا کچۆڵەیەکی جوان، بەکزی هات که هەموو لاشەی مۆر هەڵگەرابوو، خوێن لەسەر لێو و لووتی وشك ببۆوە.

- ناوم هاینه و تەمەنم سێ ساڵانه، لەگەڵ دایکه جوانەکەم (سەحەر) کەوتینه دەست داعش. کەچی له بەختی کەچی خۆمان، داعشەکی تونسی نامرۆڤ دایکمی له بازار کڕیەوە، ئەم ناپیاوه کەسێکی زۆر دڵڕەق و بێبەزەیی بوو. لام سەیره کەسی وا گەلحۆی کەللەپووت؛ به مرۆڤ ناوزەد بکرێت. ئەم دڕندەیه زۆر رقی له من دەبۆوە. تەنیا بیری لای شەهوەتی خۆیی بوو، وای دەزانی من دایکم لەو سەرقاڵ

کردووە. بۆیە زۆر بە توونديی ئەشکەنجەی دەدام، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە کەس بیری لێناکاتەوە، ناوەناوە منی دەگرت و لە پێیەوە بە داری هەڵدەواسیم، وەک چۆن یاریزانی بۆکسێن؛ بە مشتەکۆلە لە تلیسێکی پڕ لە خۆڵ دەدات، ئاوا لێیدەدام؛ تا لە هۆشخۆم دەچووم و خوێن لە لووت و دەمم دەهات؛ نەدەوەستا! ئەوجا منی دەخستە سەر زەوی، بیبەری تیژی لەسەر برینەکانم دادەنا؛ تا بە هۆش خۆم بێمەوە!

سێ مانگە لەسەر ئەم حالەم، ئیمڕۆ بە توڕەیی هاتەوە، زۆرِی لێدام و کاتێ دایکم گریاو لێی پاڕایەوە، زیاتری لێدام و گوتی: " ئەم منداڵە ناجسنە لە باوکێکی بێباوەڕ هاتووە؛ بۆیە ئەشکەنجەدان و کوشتنی حەلاڵە؛ بەم کارە دەستم سەوز دەبێت! ". هەرچەندە دایکم دەستەکانی ماچکردن بەڵام سوودی نەبوو، سەرسوڕەم گرت و چاوەکانم قوڕسبوون؛ ئەوە ئێستا لاتانم .

شوکر بو خودا لە دەستی رزگارم بوو. ئەوە چییە! گوێتان لەم دەنگەیە؟ ئەوە دەنگی دایکمە و بانگم دەکات. وەی وەی بۆ هەست بە برینەکانم دەکەم؟ بۆ وا دەزورێنەوە!... ئەوە چییە؟ ببورن من نەمردووم و دەبێ بگەڕێمەوە لای دایکم. بە داخەوە دەگەڕێمەوە ژیان... خودێ هاوارە؛ کەی لەم ژیانە پڕ لە ئێش و ئازارەی خۆم و دایکم رزگارمان دەکەیت؟ ببورن دەبی بگەڕێمەوە ژیان.

لەوکاتەدا کیژۆڵەیەکی جوان هات؛ ملی بە لایەک شۆربۆوەو پەتێکی تێئالابوو.

- ناوم رازیەیە، خوا هەرگیزاو هەرگیز لەو ئەفغانیە کەللە پوتە رازی نەبێت؛ ئەوەی ئەو کارەساتەی بەسەر هێنام. تەمەنم چوار ساڵانە و خەڵکی کۆچۆی بریندارم، لە باوەشی دایکم (دایە نورا) هاوشانی هەموو کچ و ژنانی گوند؛ دوای کوشتنی باوکەکانمان بە

ئۆتۆمۆبیل گواسترایینەوە، ئەم شار ئەو شاریان پێ کردین؛ تا دواجار لەگەڵ دایکم؛ لای بزنێکی ئەفغانی ریش درێژی بۆن ناخۆشی بێ مێشک، گیرساینەوە، زۆری رق لە من دەبۆوە و زۆری ئازاردەدام، هەر بە (کچی کافری) بانگی دەکردم. ئەرێ بە راست کافر یەعنی چی؟ چون ئەوەندەی باوکم خوای خوشدەویست؛ نیو هێندە ئەو ئەفغانیە بۆن تەگەیە خوا ناناسێ!

سەربار زۆر رەزیل بوو، بەردەوام برسی بووین، رۆژێکیان بە دایکم گوت برسیمە، نەمزانی ئەم پوچە لە دوامان وەستاوە، زۆر بە تورەیی گوتی: " برسیتە؟ ئێستا دەچم خواردنتان بۆ دێنم!" . ئێمەی ساویلکەش باوەڕمان کرد و هەر چاوەڕێی بووین. دوای دە خولەك هاتەوە، لە بڕی خواردن گوریسێکی درێژی لە دەست بوو، چاوەکانی بەدکاری و خراپەیان لێدەباری. وەك ئەوەی دایکم هەست بە شتێك بکات تێبراخوری و گوتی: " ئەوە چییە لە دەستت و بەتەمای چی؟". هاوشێوەی سەگێکی هار بەسەر دایکمی راخوری: " تۆ و ئەم کچە کافرەت لە سێدارە دەدەم، ئەمرۆ بە کوشتنتان خودا لە خۆم رازی دەکەم!" . دایکم توند منی گرت و بە گریانەوە پاڕایەوە و گوتی: " لە خوا بترسە، چۆن دەستت دێ شتی وا بکەی؟ ئاخر گوناحت دەگا!". ئەویش بە گاڵتەوە گوتی: " گوناح؟ دەبزانم کێ ئەمرۆ ئێوە لە دەستم رزگاردەکات؟". دایکم گوتی: " خودا ... چییە تۆ لە خوداش ناترسی؟". گوتی: " خودا خۆی فەرمانمان پێدەکات بێباوەر و کافران بکوژین!". دایکم گوتی: " ئێمە کافر نین، ئەی ئەوە نییە بوینەتە موسڵمان؟ تەنانەت لەو کاتەی کە ئێزێدیش بووم هەر هەمان خوام دەپەرست، ئاخر ئێوە هەڵە تێگەیشتوون؛ ئێزدی یەکتاپەرستن و باوەڕیان بە هەموو پەیامبەران هەیە، بەر لە هەموو ئایینەکان خوایان ناسیوە و پەرستووە!" .

کەچی ئەم نەفامە گاڵتەی بەم قسانە هات؛ لەقەیەکی لە سەری دایکم دا؛ بەریداوە سەر زەوی و لە هۆشخۆی چوو، سەرەتا دایکمی بە بنمیچی ژوورەکە هەڵواسی؛ دواتریش من!

چون دایکم کێشی زیاتربوو؛ بۆیە ئاگاداربووم کە بە چاوە زەقەکانی؛ سەیری دەکردم و خۆی دەپچکڕیەوە، دەزانم خەمی منی بوو نەوەک هی خۆی. تاقەتی هیجم نەمابوو، زۆر بە ئاسانی ملم خواربوویەوە و چاوە ماندووەکانم داخست.

ئێستا بە تەنها لێرەم، شوکر بۆ خوا، وادیارە یەکێک هاتوە و دایکمی رزگارکردوە؛ دەنا ئەم بێباوەڕە دەبەنگە؛ نیازی کوشتنی هەردووکمانی هەبوو.

من نازانم بۆ ئەم داعشە پووچانە، خوایان تەنها بە ناوی خۆیان کردوە؛ وا دەزانن هەر هی ئەوانە؟ ئەی ئەم خوایە ئێمەشی دروست نەکردووە؟ مەگەر ئەم خواپەرستیە لە وڵاتی ئێمەوە بەرەو ئەفغانستان نەچووە؟ ئەوجا ئەو پووچە وادەزانێت بە خۆیی و سیواکی، دەلینگە کورت و ریشە پڕ لە رشکەکەی؛ تازە خوا بە ئێمە دەناسێنی؟ نازانم ئەم دەست نوێژ شووشتنەی ئەوانە چ سوودێکی هەیە؛ لەوکاتەی کە ناتوانێت ئەم هەموو رق و قین وتوندڕەویە؛ لە دڵ و دروونیان خاوێن بکاتەوە!

لەو کاتەدا کیژۆڵەیەکی ناسك هات، پەرییەکی جوان کە خوێن لە دامێنی دەچۆڕایەوە، زۆر بە شەرمەوە لە سوچێک دانیشت و دەستی کردە قسەکردن:

- ناوم دلڤینە، خەڵکی شەنگالم، تەمەنم ؟ دەساڵانە. لەگەڵ خانەوادەکەم سەبی کراین، شار بەشاریان پێکردین لە نێوان عێراق و سوریادا، وەک کاڵایەک دەکڕاین و دەفرۆشراین. تا لە کۆتاییدا کەمتیارێک بە ناوی زەکەریای لیبی منی کڕی، باوەڕبکەن

نەمدەزانی سەبی، کڕین و فرۆشتن چییە؟ نەمدەزانی ئەم ناپیاوە بۆ منی کڕیووە؟ تا ئەو شەوەی هاتە لام و گوتی: " با زەواج بکەین؟".
وامزانی هاوسەرگیری ئەوەیە کە جلی سپی لەبەر بکەم و دەسکێک گوڵ هەڵبگرم، ئەویش قاتێکی رەش لەبەر بکات و دەستم بگری؛ جوکلێت بە سەرمان داباریێنن و بە ئۆتۆمۆبیل بمانگوازنەوە. نەمزانی زەواج بەم شێوە ناخۆشەیە، زۆر شەرمم کرد کاتێ جلی لەبەر کردمەوە و لەسەر پێخەف درێژی کردم... کەچی دواتر زۆری ئازاردام، زۆر گریام؛ بەڵام ئەو هیچ گوێی پێنەدام.
نازانم بۆ خوێن لەنێوان لاقەکانم هات و برینەکەی زۆر زورایەوە. ئەو بێبەهایە جێی هێشتم، ئازارەکانم هەر دەهات و زیادی دەکرد، خوێن نەدەوەستا؛ کەسیش لەوماڵەی ئەو؛ گوێی پێنەدام، چەند رۆژێک هەر سك و بن سکم ئێشی هەبوو. زۆر ئازارم هەبوو؛ بەڵام کەس نەیبردمە نەخۆشخانە، تا لە کۆتاییدا خودێ منی هێنایە لای ئێوە.
بە راستی ئەگەر زەواج کردن ئاوایە؛ ئەوا زۆر ناخۆشە. دەزانن؛ زۆر گریام و هاواری دایکم کرد؛ بەڵام تەنیا بووم و کەس بەهانام نەهات.
ئەوجارەیان کۆمەڵە منداڵێکی بچووک هاتن، کە لە تەمەنی جیاوازدابوون؛ لە چل رۆژی تا دەگاتە چەند مانگی. هەمووان زۆر خەمباربوون، ئەوەی شەش مانگان لە هەمووان هەراشتر دەردەکەوت:
- دەزانن ئێمە کێین؟ ئێمە لە ئەنجامی لاقە کردنی پەرییەکانی شەنگال؛ بەدەست دێوەزمەکانی داعشەوە هاتینەتە بوون، نەخێر؛ هەرگیز... قبوڵمان نییە بە ئێمە بڵێن بیژوو! دایکە خاوێنەکانمان هیچ تاوانیان نەبووە، لاقەکراون و ئەو ناپیاوە جلڕەشانە؛ بە زۆری تۆوی هەوسیان هاویشتۆتە نێو منداڵدانیان. باوەڕبکەن هەر کۆرپەلەیەك؛ بەخۆشییەوە چاوەڕوانی ئەو کاتە دەکات؛ وەختی دایکی دەست لەسەر سکی دادەنێت؛ قسەی لەگەڵ دەکات. بەڵام هی ئێمە زۆر

جیاوازتربوو، ئاگامـان لێبـوو بەردەوام دایکەکانمـان؛ بە دەم گریـانەوە دەستیان لەسەرمان دادەنـا. بە دەم واوەیـلاوە کە منـداڵی لەو تاوانبـارە دەبێـت؛ ئـەوەی بـاوک، بـرا و هاوسـەری کوشـتووە، ئەو بـۆگەنەی لاقەی کردووە، ئەو خوێڕیەی فەرمانی بەسەر گەلەکەی هێناوە.

ئاخر چۆن دەکرێ منداڵی دوژمن لە باوەش بگرێت، شیری مـەمکی خـۆی پێبـدات؟ چـۆن دڕنـدەیەک بەخێـو بکـات، تـا دواتـر ببێـتە ئامێرێکی کوشتن بە دەست خەلیفەوە؟

چۆن بێچوە گورگێک بەخێو بکات؛ تا گەلەکەی بخوات... چۆن؟

ئاخر چۆن دەبێ ناوی بچێتە نێو ناسنامەی چەکدارێکی داعشی؛ و ببێتە دایکی؟

بـۆیە لە نێـوان خۆیـان پێکهـاتبوون؛ بەکـرێ یارمـەتی یـەکیان دەداو ئێمەیـان لەبـار دەبرد. ئەهـا سـەیری دواوەم بـکە. بە سـەدان منـداڵی هاوشێوەم هەیە. هیچ تاوانمان نییە، جگە لەوەی لە پشتی بـاوکێکی بێمێشـکی هەوەسـباز هـاتووین. توخـودا ئـێمە گوناحمـان چیـیە فڕێبـدرێینە نێـو ئـاوەڕۆ و سـەبەتەکانی خـۆڵ؟ ئێمە ئەو قوربانیانـەی داعشـین؛ ئـەوەی کەس باسیان لێوەناکـات، چـون بە مـرۆڤ ئەژمـار ناکرێین!

کچێك لێی چووەپێش و بە هێمنی پێی گوت:

- خەفەت مەخو براکەم، باوەڕبکە رەوشمان زۆر لەوانە باشترە کە هاتنە بوون، چون دوای رزگاربوونی دایکە دیلەکانیان؛ دەدران بە خانەوادەی تر و حاشاییان لێدەکرا! دەیان منداڵ دەناسم باوانیـان دیـارنین؛ ئێستا لای خـانەوادەی دیکـەن لـە سـوریا و عێـراق. ئـاخر زۆر ناخۆشـە وەك (گورووس) لە دایک بیت! بوونەوەرێکی نـامۆ، کە نیـوەی گـورگی رەشی داعش بێت؛ نیوەکەی دیکەشی تاووسێکی رەنگینـی شـەنگال. ئاخر کەس قبووڵی ناکات، ئەویش هاوشێوەی گورگ ماڵی ناکرێت و

وەك تاووسیش ناتوانی بفرێت!
هەر بۆیە زۆرێك لە خوشك وبراكانمان ئێستا لە هەتیوخانەكانی سوریاو عێراقن. تاكە منداڵێك كە لەم رەوشە بەدەر بێت؛ كوڕی نەسرین خانە! ئەو دایكە میهرەبانەی رازی بوو؛ پەیوەندی لەگەڵ هەموو دونیا ببڕێ؛ بەڵام پارێزگاری لە منداڵەكەی بكات! راستە ئەو برایەمان لە بری هەتیوخانە؛ لە باوەشی سۆزی دایكیەتی. بەڵام دایكە كلۆڵەكەی ئێستا لەخانەیەكی داڵدەدانی ئافرەتان؛ بە تەنیا ژیان بەسەردەبات!
لەو كاتەدا كچۆڵەیەكی قشتی خەمبار هات، سەروسیمای لێوانلێوبوو لە نائومێدی و بێهیوایی، بە كڕی سەیرێكی هەمووانی كرد و بە دەنگێكی كز كەوتە ئاخاوتن :
ـ پێویست ناكات ناو و ناونیشانم بڵێم، من یەكێكم لە قوربانیەكانی داعش، تەمەنم دوازدە ساڵە، هەشت مانگ سەبی بووم لای داعش؛ دواتر لە نیسانی ساڵی دووهەزار و پازدە توانیم رابكەم و بێمەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئەم هەشت مانگە لە مێشكم دەرنەدەچوو، هەر كەسێكی ریشدارم دیبا؛ وەک جووجەڵەیەک دەلەرزیم، كە گوێم لە دەنگی بانگ دەبوو لە ترسان دڵم خورپەی دەكرد. كاتی كەسێک بە عەرەبی قسەی دەكرد؛ وامدەزانی ئێستا دێت و لاقەم دەكات، واملێهاتبوو لە هەموو كەس بە گومانبم، تەماشای هەر چواردەرم دەكرد خۆشەویستێكم نەدەبینی، كەس لە خانەوادەم نەمابوو؛ ئەوەی كوژرابوو؛ ئەوەی بە دەست داعش دیل بوو، ئەوەی دیكە بەرە و هەندەران؛ وەكو كۆترێكی لانەواز هەڵفڕیبوو.
جیهانم وەك زیندانێك دەهاتە بەرچاو؛ رقم لە هەموو شتێک ببۆوە؛ تەنانەت لە جەستەی خۆم. ئەو جەستەی ناپیاوەكانی داعش هەموو گەشی، بەرائەت و پاكیزەیان لێ هەڵمژیبوو، هەستم دەكرد جەستەم گڵاو بووە، هەركاتێ بیرم دەهاتەوە ئەم نامرۆڤانە چیان لێ دەكردم؛ و چۆن شەهوەتی

خۆیان لێ بەتاڵ دەکردم؛ شێت دەبووم و بەمن بوایە، لاشەم پارچە پارچە بکەم، هەر شوێنێک دەستیان لێدابوو؛ لاشەیان بەرکەوتبوو بۆن بۆگەنی لێ دەهات!

کاتێ رزگاربووم، وامزانی دەگەڕێمەوە بەهەشت؛ بەڵام ئەفسوس؛ لە بەندیخانەیەک لە دەوڵەتی داعش بۆ مەنفایەک لەنێو نیشتیمان. راستە گەڕامەوە بەڵام بۆ کوێی؟ خیوەتگایەکی فەرامۆشکراو! نەقوتابخانە، نەچاودێری تەندروستی و نەهیج سۆزێک؛ لە خۆشەویستانی لە دەست چوو. لەوێ لە نێو چوار دیوار دیلبووم ؛ لێرەش لە بن خیوەتێکی نێو کەمپێك ئازادم!

منداڵان لەم کەمپانە بە پێخواسی و قژی پڕ لە ئەسپێ؛ پێستی هەڵرووشاو بەهۆی هەستیاری و سوورەبۆوە بەهۆی مێشوولە یاری دەکەن. خیوەتی بچووک، هاتووهاوار، ژمارەی کەمی گەرماو و ئاودەست، قڕی ئاو و کەمی کارەبا. ڕاڕەوی نێوان خێوەتەکان هەمووی خۆڵە و لەگەڵ یەک پشکە باران؛ دەبێتە چلپاو، پیسایی لە هەموو شوێنێك بڵاوبۆتەوە. کێشە و بێکاری باڵیان بەسەر رەوشەکە داگرتووە.

زۆر غەریبی باوان، خوشک و براکانم دەکرد، بۆ گەرموگوڕی خانوەکەمان دەگریام، حەزم لە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە و بینینی هاورێکانم بوو، بەڵام بە داخەوە، ئەوانە هەمووی وەک رابووردوویێکی خۆشی لێهاتبوو؛ کە هەرگیز گەڕانەوەیان بۆ نەبوو. بۆیە دوای ماوەیەکی کورت لە گەڕانەوەم بۆ کوردستان،لەوپەڕی بێئومێدی پەنام بۆ خۆکوشتن برد. بەڵکو لەو دونیا بە خۆشەویستانم دەگەم. ببوورن ئەم دڵە بچووکەم بەرگەی ئەم هەموو خەم و خەفەتە گەورەی نەمابوو.

لەو کاتەدا منداڵێک هات، کە هەموو گیانی خوێن بوو، لەسەر زەوی دەخشی و نەیدەتوانی بڕوات، زۆر ماندوو دیاربوو، کچکۆڵەیەک کە تەنانەت هێزی قسەکردنی نەبوو.

- ناوم تولایە، تەمەنم ساڵ و نیوێکە، ببورن زۆر ماندووم، هەست دەکەم سـەدە و نیوێـک ژیـانم لە دۆزەخـدا بەسـەر بـردووە. چیرۆکێکـی تراژیـدی لێوانلێـو لە مەیـنەت و دەردەسـەری. کچـی بچـووکی سەرتاشێک بووم لە تەلقەسەب. باوکم پیاوێکی خواپێداو بوو، ئێمەی زۆر خۆشدەویست. دایکم زۆر جوان بوو، تەمەنی بیست ساڵان بوو، خوشکی گەورەم ناوی ئینجی بوو، برایەکی لە خوم گەورەترم هەبوو بەناوی نوار. ڕۆژی یەکەمی کارەساتەکە؛ بە ئۆتۆمۆبیلە جوانەکەی بـاوکم لەگەڵ خزمـان چـووینە نـاوچەی (قەنـێ)ی عەشـیرەتی میهرەگـان. لەوێ خەڵکێکـی زۆر کۆبوبـوونەوە. دواتـر داعـش هـاتن، نەمانـدەزانی داعـش چییە؛ بەڵام شێوەیان زۆر قێزەون و بۆنیـان زۆر ناخۆش بوو. هەموو پیاوەکانیان برد. باوکم، باپیرەم، چوار مـام و دوو خـاڵم. لە باوەشـی دایکـم خەوم لێکەوتبـوو؛ کـاتی بە دەنگـی دەستدرێژی گـوللە ڕاچڵـەکیم. نـازانم لـۆ دڵـم خـورپەی کـرد؛ کـاتی دایکم منـی توونـد لە باوەشگرت و هـاواری کـرد (نەخێر... نەخێر!) دووبارە لە باوەشی خەوم لێکەوتەوە، بێخەبەر لەوەی ئێمەیان بـە سـواری پاسێک بـردە تەلەعـفەر، بـادوش، تەلەعـفەر، کەسرولمیحراب. هەستم کرد دایکم بەردەوام ئینجی خوشکە چوار ساڵانەکەم دەشارێتەوە؛ لـە ترسی بردنی.

دوایی هاتن و بە ناو ئێمەیان بانگکرد، تـا بچینـە لای بـاوکم. زۆر بە خۆشـحاڵیەوە سـواری ئۆتۆمۆبیـل بـووین. ئـاخر زۆر غـەریبی باوەشـی بـاوکم دەکـرد. کـەچی ئەمەیـان بـردە گۆنـدێک بەنـاوی قزلقیـو، دواتـریش شـەدادیە. درۆیـان لەگەڵ کـردین و ئـەمجارە ئێمەیـان بـردە زینـدانێک. هـەرگیز ئەو ڕۆژە لە یـاد نـاکەم کـاتێ داعشـیکی قەڵەوی سـمت ئەسـتوور هـات؛ دایکمـانی دا بە پـووچێکی ڕیشـن بە نـاوی ئەبـو موسـعەب، گـوێم لێبـو کـاتی پێـی گـوت: (بە بـۆنەی

سـەرکەوتنەکانی دەوڵەتـی خـیلافە لـە ناوچـەی سـنجار، ئەم ژنە جوانەت پێدەبەخشین. ئەمـەش وەک خـەڵاتێك بـە هـۆی ئـازایەتی و قارەمانیت لەم غەزوە موبارەکەدا).

دایکم لە شوێن خۆی هەڵنەستایەوە، هەر چەندە هەوڵیاندا بەڵام ئەو نەجوولایاوە، زۆر ترسام کاتێ دەمانجەی لەسەر سەری دایکم دانا، بەڵام دایکە ئـازاکەم هەر گـوێی پـێ نەداو گـوتی: " بمکـوژە؛ مـن هاوسـەری کەسـێکی دینـدارم و هاوسـەری خـۆم خۆشـدەوێت، ئێـوە درۆتان لەگەڵ کردم؛ بە بیانوی کۆکردنەوەم لەگەڵ هاوسەرم؛ منتان هێناوەتە ئێرە. گوایە لە زیندان بەرهەڵدابووە و ئێستا لە شەدادیەیە!". راجاڵەکیم کاتێ لە وەڵامدا ئەو پووچە گوتی: " هاوسەرت کافربوو و کوشتمان! ". زور بە ساردی وایگوت و دواتر دەمانچەکەی خستە سـەری بـراکەم و گـوتی: " وەڵـڵا ئێسـتا ئەم کـافر کـوڕی کـافرە دەکـوژین!" . وەرن بیـبەن، پاسـەوانان براکـەمیان راکێشـایە دەرەوەی بەندیخانە؛ دایکم بە راکردن بە دوایان کەوت و ئینجی خوشکمان بە دوامان هات، نواریان سواری ئۆتۆمۆبیلێک کرد؛ ئێمەش بە ناچاری لەگەڵـی سـوار بـووین. بەم شـێوەیە رۆیشـتین تـا گەیشـتین بە رەقەی پایتەختی تـاوان، مـاڵی ئەم تیرۆرستە تونسییە لە ئەپارتمانێک بـوو؛ لە نهـۆمی دووەم. کـاتی گەیشـتن و بـەو سـەرمایە سـوندەی ئـاوی ساردی کردەوە؛ لەسـەر ئینجی و نـواری دانـا؛ دواتـر منـی بە زۆر لە دایکم وەرگرت و لەسـەر زەوی دانـام و هەرسێکی تەڕکردین. دایکـم زۆر تووڕەبـوو و گـوتی: " بەو ئـاوە سـاردە؟ ئەوانە رەق دەبـنەوە!" . کەچی پفنەکە هاواریکرد: " ئاوی گەرم نییە، نەکارەبا و نە نەوتمان هەیە؛ بۆیە لێمگەڕێ ئەم بۆگەنانە بشۆم!" . دایکم رازی نـەبوو و سۆندەکەی لە دەست ستاند، کەچی ئەو بە توڕەیی کلکە دەمانچەکی لە سەری نوار داو خوێن لە دەم، لووت و گوێی هـات. لە ترسان لە

قیژەمـدا. دایکـم ئـێمەی بـردە گەرماوەکـە و بە پـارچە پەڕۆیەک؛ خاوێنی کردینەوە و خوێنی براکەمی راگرت.
لەو رۆژەوە کەوتینە دۆزەخ، دوای لە دایکم کرد نوێژبکات و بیست ئـایەت لە قورئـان ئەزبەر بکـات. دایکـی کلۆڵیشم نەخوێنـدەوار بـوو، بۆیە تورە دەبوو و ئەم رقەی لە ئێمەی بەستەزمان دەردەکرد!
بەردەوام لە ئـێمەی دەدا و بـە نـەوەی کـافران بـانگی دەکـردین، رۆژێکیـان دەسـتی برامـی بە تەنافێـک بەسـت و بە ئۆتۆمۆبیـل بە دوای خۆی راکێشا. دایکم هاواری کرد و خەڵک کۆبوویەوە؛ بەڵام کەس نەدەوێـرا قسـەی لەگـەڵ بکـات. دایکـم بە راکـردن بە دوایـان رۆیشــت، خــۆی خســتە بــەردەم ئۆتۆمــۆبیلەکە و پێشــی لێگــرت. هـاتەخوارەوە و بـە هـەموو هێزی؛ لەقەیەکی لە سکی دایکم دا؛ بـە شێوەیەك، کـە کەوتە خوارەوە و نەیتـوانی هەڵسێتەوە، سـەرباری ئێشـی بەڵام خۆشحاڵبوو؛ چون برامی لەو بێویژدانە رزگارکرد.
رۆژانە ئەشکەنجەی نـواری دەدا؛ تـا خوێن لە لـووتی دەهـات، دایکـم داوای یارمـەتی لـە هـەر کەسێك دەکرد، بـە ترسـەوە دەیگـوت: " ئێمە دەرەقەتی ئەو ئاژەڵانە نایەن!" . دواجار لای قـازی سـکاڵای لێکـرد. کـاتی قـازی بـانگی کـرد گـوتی: " جەنابی قـازی، ئەم ژنە کـافرە؛ راستە بە رواڵەت بۆتە موسڵمان، بەڵام بە بەردەوام جوێن بە پـەیامبەر دەدات و نـوێژ ناکـات، جگـە لەمە، ئەم منـداڵە کـافرانەی ماڵیـان پـڕ کـردووە لە گونـاح و تـاوان!" . دایکـم گـوتی: " درۆ دەکـات جـەنابی قـــازی؛ ئەو ســـتەمکارە، بـــەردەوام نـــوێژدەکەم و دوازدە ئـــایەتم ئەزبەرکـردووە. ئەم منـداڵانەش بێـدەنگن و هـیچ گووناحیـان نیـیە!" . بەڵام قازیە بێبەهاکە لایەنگیری ئەوی کرد؛ چون بە قسـەی خۆی؛ ئەو موجاهیـدێکی موهـاجرە و ئـێمەش کـافری سـەبیکراوین. دواتـر و دوای دوومانــگ ئــێمەی فرۆشــت و وامــانزانی رزگارمــانبووە،

نەمـانزانی لە دەسـت سـەگ رزگارمـانبووە و کەوتینەتـە دەسـتی گورگ. داعشێکی لیبی بە نێوی ئەبوو جیهاد ئێمەی کڕی. هەر کە بینـیم زانـیم ئەمە شـێتە و نەخۆشـی دەروونـی هەیە. بە زۆری دایکمی فێرە چەکداری کرد؛ داوای لێکرد بەگەڵی کەوێت و بچێتە جەنگی کافران؛ لە شەنگال، لە وڵامدا دایکم گوتی: " تولا منداڵە و نـاتوانم جێیبـێڵم!" . ئەم بێبەهایـە خوشـک و برامـی لە دێرلـزور جێهێشت؛ لـە تەلەعفـەر منـی خستە نێـو کەنتـۆڕ و دەرگـای لەسـەر داخستم. چەندە هاواری دایکم کرد، بەڵام سوودی نەبوو، لـە میانـەی کەلێنی کەنتۆڕەکە بینیم؛ چۆن کلاشینکۆفی بە دایکم هەڵگرت؛ بە زۆری سواری ئۆتۆمۆبیلی کرد و رۆیشتن.

لەو تاریکیەی نێو کەنتۆرەکە تۆقیبووم؛ بەردەوام دەمگـوت (دادێ... دادێ!) نـازانم چەنـدیان پێچـوو، لە ترسـان خەوم لـێکەوت. دواتـر بە دەنگی کـردنەوەی کەنتۆڕەکە چاومکردەوە. بەڵام لە برسان تـاقەتی وەستانم نەبوو، دایکم منی لە باوەش کرد. باوەڕبکەن، ئەوەندە شەکەت بـووم هـیجم بـۆ نـەخورا، لە هیکـەوە ئەم پووچـە هـات، لە دەسـتی دایکمی دەرهێنام و زۆر خراپ لێیدام! دایکم گریاو هاواری کرد: " بـۆ لێیـدەدەی؟ چیـیە میهرەبـانی نـازانی؟" . گـوتی: " میهرەبـانی لەگەڵ کـــێ؟ کچـــە کـــافر؟ ســـوێند بە خـــوا هەر بە لێـــدان دەیکوژم...رۆژانی داهاتوو دەبینی چی لێدەکەم!" .

بـۆ رۆژی دواتـر دەچـووە سـوریا بـۆ جەنـگ؛ خەوتبـووم کـاتێ بە توونـدی لە دایکمـی سـتاندم؛ خسـتمیەوە نێـو کەنتـۆڕ؛ نەوەک هەر دەرگای کەنتۆر، بگرە ئـەوجارەیان دەرگـای ژوورەکەشی؛ بە کلیـل و کلۆم داخسـت و رۆیشـت. گـوێم لـە هـاوار و پاڕانـەوەی دایکـم بـوو. کەچی بێهوودەبـوو. باوەڕبکـەن ماوەیـەکی درێـژ لـەم شـوێنەبووم. هـەر هـــاوارم دەکـــرد (دادێ... دادێ!) یـــەك چرکـــەش نەخـــەوتم، هـــەر

دەنووزامەوە؛ بەردەوام گوێم لە گریان و لەخۆدانی دایکە کلۆڵەکەم بوو. وەك شێتانی لێهاتبوو؛ هەوڵی شکانی دەرگا ئاسنینەکەی دەدا، بەڵام بە شێوەی دڵی ئەم داعشە سەخت بوو و نەدەشکا. ماوەیەك خەریکبوو قفلەکە بشکێنی بێهوودەبوو. گوێم لە دەنگی دراوسێ تورکەکەمان بوو کاتی گوتی: "ببورە ناتوانم دەرگا بشکێنم... بەڵام بڕۆ بارەگای هێزەکان و سکاڵای لەسەر تۆماربکە." . دایکم بە راکردن چوو؛ کەچی هاتن و گوێم لێبوو کە گوتیان: " ئەبو جیهاد گوتویەتی؛ هیچ یارمەتی ئەم سەبییە و منداڵەکانی مەدەن!" . ئاخر نازانم ئەو ئەبو قۆندرە خۆی بە چ دەزانی و لە سەر چ ئایینێکە؟ ئەم سەگانەی داعش چ خوایەك دەپەرستن؛ کە ئەوەندە دڵڕەقن و یارمەتی منداڵێك نادەن؛ کە چەندین رۆژە لەنێو کەنتۆڕێك بێخواردن و خواردنەوە گیری خواردووە؟ لەم شوێنە تاریکە نەمدەزانی شەو و رۆژ چییە؛ هەر هاواری دایکم دەکرد، کاتێك گوێم لە دەنگی راکردنی دایکم و کرانەوەی دەرگای ژوورەکە و دواتریش کەنتۆڕەکە بوو، هەستمکرد دایکم لەبەر بۆنم هەڵوەستەیەکی کرد. چون لەگەڵ کرانەوەی بۆنێکی ناخۆشی میز و پیسایی هێڕیکرد. ئاخر من لەو ماوەیە و لە ترسان؛ هەر لە نێو کەنتۆڕەکە هەموو شتێکم کردبوو. کاتی دەریهێنام هەزار جار گوتویەتی: "چاوی دایە کوێر بێت!" . وەك مردووانم لێهاتبوو، کۆمم ئەستور بوبوو، لاشەم مۆر هەڵگەڕابوو. هەر کە دەرگاکە کرایەوە و چاوەکانیم بینی خۆم بە باوەشی داداو؛ لە برسان دەمویست لەچەگەکەی سەری بخۆم!

وەیش دایکم چەندە میهرەبانە، بە دەم گریانەوە منی خاوێنکردەوە. شلەمەنی پێدام تا گەدەم ئازار نەخوات. گوێم لە هاورای ئەم پووچە بوو کە دەیگوت: " وامزانی بەم حەوت رۆژە تۆپیوە؛ لەگەڵ گەڕانەوەم لاشە گەنیوەکەی دەدەمە سەگان. بەڵام ئەمجارەش ئەو

ئەهریمەنەی دەیپەرستن رزگاریکردووە، دە بەو خوایەی دەیپەرستم، ئەم کچە کافرە لە دەستم رزگاری نابێت؛ هەزار ئەرژەنگی بە دواوەوە بێت؛ دەبا هەر یارمەتی بدات و ببینی؛ کە چۆن کۆتاییەکەی لەسەر دەستی من دەبێت!" . دایکم بە گریانەوە گوتی: "دەزانم ئێمە لە دیدە بۆگەنەکەتان کافرین، بەڵام ئەم منداڵە بەستەزمانە نازانی باوەڕ و بێباوەڕی چییە...ئەمە پەپوولەیە!" . بە بیستنی ئەم قسانە، ئەم پووچە دووبارە هێرشی کردە سەری، وەك سەگێکی هار منی لە دەستی ستاند و بە توندی سەرمی بە دیوار دادا؛ سەرم شکاو خوێنی لێهات؛ لە تاو ئازارەوە قیژاندم. جگە لە فرمێسك رشتن دایکم هیچی بۆ نەکرا. منی لە باوەشکرد و بردمیە گەرماو؛ بە دیتۆڵ برینەکەمی خاوێنکردەوە؛ بە دەم بەستنەوەی؛ فرمێسکی گەرمی دەرباراند.

بۆ رۆژی دواتر و لەبەر نزاو تکای دایکم، گوایە دەمباتە پزیشك؛ کەچی لەبەر دەرگا بە سۆندە وەرگەڕایە من، لە قیژەمدا و دایکم بینی و بە راکردن هات؛ خۆی خستە سەر من و لەبری من؛ لێدانەکەی خوارد و هاواریکرد: " لە تاوان نوتقی نەماوە، تۆ چ خواوەندێك؛ چ ئەهریمەن یان کۆتەلێك دەپەرستی ئەوەندە بێویژدانی؛ و هیچ میهرت نییە؟" . زللەیەکی لە دایکمدا و فڕەیدایە سەر زەوی، منی بردە ژوورێکی تەنیا و تاکە پۆستاڵێکی هێنا؛ بە هەموو هێزی لە ژێر پێیەکانمی دەدا تا ئەستووربوون. دایکم چەندە هاوریدەکرد و خۆی دەپچکڕیەوە و هەوڵی دەدا؛ بەڵام بێهوودەبوو؛ چون ئەو بەهێزتر بوو. ئەوجا تەنەکەیەك ئاوی ساردی هێنا؛ سەرمی دەخستە نێو ئاوەکە تا هەناسەبڕ دەبووم؛ ئەوجا دەریدێنا! زۆر سەیربوو. لەگەڵ گریان و هەناسەبڕیم؛ دڵێ زۆر خۆشبوو و پێدەکەنی. زۆر ماندووبووم، لەوە زیاتر بەرگەم نەما و بێدەنگبووم. سەرجەم لاشەم لەسەرمان تەزی. ئاگاداربووم کاتی لەبەردەم گەرماوەکە منی هەڵگرت؛ وەك

دەستەجلێکی کۆن لە ناوەڕاستەوە منی وێك هێنایەوە و قەدی کردم! باوەڕبکەن، گوێم لە دەنگی شکانی بربڕەکانی پشتم بوو. ئێشێکی زۆر؛ وەك ئەوەی کارەبا لێیدابم. پێیەکانم سڕبوون. هیچ تاقەتی گریانم نەبوو. لەهۆشخۆم چووم. تەنیا گریانی دایکم دەهاتە بەرگوێم، دواتر قسەکانی ئەو پووچەم بیست؛ کاتێ بە دایکمی گوت: " مەترسە؛ ناهێڵم وا زوو بمرێت، ئەوە پشتم شکاند، بەڵام بەردەوام دەبم لە ئەشکەنجەدانی ئەم کافرە. وادەکەم تا بچمە بەهەشت؛ ئەویش لێرە بخەمە دۆزەخ؛ بەر لەوەی هەتاهەتایی لە دۆزەخی دواییدا بسوتێ!" . چاومکردەوە لای پزیشك بووم! وادیارە لەسەر داواکاری دایکم من بردبوو، زۆرم سەیر بەم دڕندەیە دەهات، دەزانم نەخۆشی دەروونی هەبوو. کاتێ منی هێنایەماڵەوە، بەشی خوارەوەم پەك کەوتبوو. منی بەرامبەر خۆی دادەنا دەیگوت: " دەستت بەرزکەرەوە دەنا دەتکوژم!" . منیش لە ترسان دەستەکانم بەرزدەکردەوە. باوەڕبکەن، ئەوەندە لە خۆم نەدەترسام ئەوەندە لەوە دەترسام؛ دایکم ئازاربدات؛ بۆیە گوێڕایەڵی بووم. هەرجارێك ئازاری منی دابا؛ دووهێندەی لە دایکم دەدا.

تاکە خۆشیم ئەوەبوو، کاتی ئەو خێوە دەچووەدەر، خۆم دەگەیاندە دایکم و بۆنی باوەشم دەکرد؛ بە کڕی فرمێسکم دەرشت. دواتر دەهاتەوە و بەکاتژێر منی لە نێو کەنتۆڕەکە زیندانی دەکرد؛ دەرگای لەسەر دادەخستم. بیست ڕۆژ بەم شێوەیە بەردەوام بوو، کەچی هەر بەرگەم گرت. ئەوجارە سزایەکی نوێی دۆزیەوە، بە دەم پێکەنینەوە چای گەرمی بەسەر هەموو جەستەم داکرد و سووتاندی. دڵی دایکم بە شێوەی کەباب گڕی تێبەربوو. دوای دوو ڕۆژ؛ بە ناولەپی و بە هەموو هێزی لە چاومیداو چاوم ڕژا. هاوارمکرد و گریام. دایکم خەریکبوو شێت بێت، کەچی ئەو بە پێکەنین گوتی: " پێم ناڵێی تۆ کەی دەتۆپی کچە کافر؟ ئێستا هاوشێوەی ئەو ئەهریمەنەی

دەپەرستی تاك چاوی!" .

دەزانن؛ ئەسڵەن لام گرنگ نەبوو، چون تەنها یەك چاوم پێویست بوو تا دایکە جوانەکەم ببینم. ئەو بینایی چاوانم بوو. ئەم گەمژەیە سەری سوڕمابوو؛ چۆن بەرگەی ئەم هەموو ئازارە دەگرم؟ بێخەبەر لەوەی، باوەشی دایکم تاکە پەناگەبوو، هێزم لە چاوە جوانەکانی ئەو وەردەگرت؛ بەردەوام میهر و خۆشەویستی باوکم لە نێو دڵم بوو.

سەرباری ئەو هەموو ستەمە؛ کەچی ئەو ئارامی نەما! دوای دوو رۆژ هات و پێیە بێ هەستەکانم، ئەوەی بە دوای خۆمم رادەکێشا؛ درێژکردبوو. بە هەردوو پێی بەسەریان کەوت و شکاندی... زۆر گریام. کەچی هەر وازی نەهێنا، رۆژی دواتر هات؛ دەستی گرتم و بە هەر چوار دەوری خۆی وەك پارچە پەرۆیەك منی سوڕاند؛ تا پیلەکانم دەرچوون. ئەوجا منی بەرزکردەوە و بە هەموو هێزی چەند جارێك بە زەوی دادام؛ هەر بەوەش نەوەستا بەڵکو بە هەموو هێزی بە دیواری دادام و لەهۆشخۆم چووم. ئەوجا چووە گژ براو خوشکەکەم؛ بە تەنیا لە ژوورێك زیندانی کردن. دایکم توڕەبوو و تێیڕاخوڕی: " نازانم کێ لە ئێوەی گەیاندووە بە ئەشکەنجەدانی منداڵان و لاقەکردنی ئافرەتان دەچنە بەهەشت؟ زۆر چاك بزانن؛ ئێوە تەنانەت لە دۆزەخیش شوێنتان نابێتەوە؛ نەوەك بەهەشت!" .

رۆژی دواتر؛ دوای ئەوەی بینی لە گیانەڵڵام و هیچم نەماوە، کەوتە ویزەی براکەم. سەرجەم جلەکانی لەبەرکردەوە؛ بەم گەرمایەی تەباخ؛ بێئاو و بێخۆراك؛ یەك رۆژی تەواو لە توالێتی بەندکرد. گوێم لە دەنگی بوو کاتی هاوشێوەی من هاواریدەکرد: " دادێ... دادێ؛ مردم لە تێنوان، زۆرم برسیە!" . دایکم ویستی دەرگا بکاتەوە، کەچی ئەوهات و منی دووبارە خستەوە کەنتۆڕ، دایکم راپەڕی و پەلاماری دایە دەرگای توالێت؛ کەچی ئەم بێبەهایە وەریگەڕایی بە کلکە

ماسیحان، ئەوەندەی لێدا تا دارەکە شکا. بە تووڕەیی چوو و دەرگای توالێتەکەی کردەوە و مەسینەکەی دەرهێنا؛ پڕی کرد لە میزی خۆی و پیلی براکەمی راکێشا؛ هەمووی بەسەرسەری داکرد! بۆیە دواتر براکەم تووشی نەخۆشی پێست بوو و هەموو پێستی سووتا. هەر بەوەش نەوەستا؛ خوشکە چوار ساڵانەکەمی فرۆشت، کەچی بە هۆی گریان و پاڕانەوەی بەردەوامی دایکم؛ و یارمەتی دراوسێکان؛ گەڕاندیەوە. بیرمە لەم ماوەیە زۆر لە دایکمی دەدا، جاری واهەبوو دوو داری ماسیحەی لەسەر پشتی دەشکاند، دواجار دایکم بەگریانەوە هاواریکرد: " بۆ بە جارێ نامانکوژی؟ هەم تۆ و هەم ئێمەش ئاسوودە دەبین!" . کەچی ئەو پووچە گوتی: " ئاسوودەبوونی من وابەستەی ئەشکەنجەدانی ئێوەیە، دەبێ ئەم منداڵە کافرانە بە هێواشی و ئازارەوە بمرن!" .

بۆ بەیانی و وەك هەمووجار؛ منی خستە کەنتۆڕ تا لە نوێژ هاتەوە... بە راست، نازانم ئەمانە لە نوێژ چی دەڵێن؟ تۆ بڵێی ئایینیان هیچ وشەیەکی سەبارەت بە میهر، لێبووردەیی، خۆشەویستی و جوانی تێدابێت؟  بۆ وا دەڵێم؟ چون کاتی هاتەوە منی لە کەنتۆڕ دەرهێناو پێی گوتم: " کوا لەسەر پێیەکانی خۆت بڕۆ؟" . رۆیشتنی چی؟ من بڕبڕەی پشتم شکابوو، ئەمە جگە لە پێیەکانم، بۆ دەمتوانی بوەستم؟ بە زۆری من راگرت کەچی بەربوومەوە... زۆر تووڕەبوو، منی بەرزکردەوە و بە توندی بە زەوی دادام. هەر بەمەش نەوەستا؛ منی بردە ژووری نووستن و بە شەبکە داران وەرگەڕایە سەرم؛ تا کفت بوو لێیدام! چاوەکەی دیکەم شین بوو و بە ئەستەم دەکرایەوە. لەشم هەمووی مۆر بوبوو. دایکم بە گریانەوە هات و منی لە باوەشکرد، سەرم خستە سەر سینگی. ئاگاداربووم بەر لەوەی بچێتەوە مزگەوت؛ ئینجی خوشکمی خستە نێو کەنتۆڕ و نواریشی لە توالێت بەندکرد.

منــی مانــدوو بــە ئەســتەم هەناســەم دەهــات و بــە راســتیش زۆر ماندووبووم. کاتێ هاتەوە منی لە باوەش دایکم وەرگرت؛ بە تورەیی تا سەرسەری بەرزیکردم و بەر لەوەی بە هەموو توانای بە زەویمدا بدات؛ بە چاوە نیمچە کراوەکەم سەیرێکی دایکم کرد؛ وەك ئەوەی دوا خوداحافیزی لێبکەم. لەگەڵ بەرکەوتنم بە زەویدا گویم لەشکانی ئێسکەکانم و دڵی دایکم بوو...

دەزانن، کاتی بەرزەوی کەوتم هاوارمکرد، ئەو قیژەیە هی ئێش نەبوو؛ ئەوەندەی هاوارێك بوو بۆ ئاسمان؛ تا فریشتەکان ئەم ساتە ببینن و لە پەڕاویان یاداشتی بکەن. هاوارێك کە تا کەشکەلانی فەلەك بڕوات؛ بەڵکو ئاسمان؛ ئاوڕێك لە ئێش و ئازاری گەلە ستەمدیدەکەی شێخادی دەداتەوە.

کاتی روحم بەرەو ئێرە هات، ئاگاداربووم ئەم پووچە بە لەقە لە لاشەکەمی دەدا و دەیگوت: " ئەم کافرەمان بۆ دۆزەخ بەڕێکرد. وەرە ئەم کەلاکە لێرە هەڵگرە" . وەك پڵینگێکی بریندار؛ دایکم بە ددان و چرنۆك هێرشیکردە سەری، بەڵام ئەو بەهێزتر بوو و دوو داری ماسیحەی لەسەر پشتی شکاند؛ دواتر چوو دانیشت و زۆر بە ئارامی قاوەی خواردەوە؛ وەك ئەوەی هیچ نەبوویێت!

ببورن کە بەم چیرۆکە ناخۆشە کۆتایی بەم کۆبونەوەی ئێرە دێنم. ئاگاداربن کە رۆژانە ئەم چیرۆکە تراژیدیانە دووبارە دەبنەوە. رۆژانە چەندین روحی ناسکتر لە پەڕی کولیکە نیسانح لێرە کۆدەبنەوە؛ لە رێگایان بەرەو ئاسمان، بەم شێوەیە دەردەدڵ دەکەن.

لە ئاست ئەم هەموو تاوان و فشارە؛ سەرجەمەیان دەستیان کردە گریان. لە دوورەوە دەنگی نەیەکی خۆش هات. ئەوەی هاوشانی دەفێکی بە جۆش؛ بەرەبەرە بەرز دەبۆوە. رێك هاوشێوەی ئەو ئاهەنگەی؛ قەوالەکان لەکاتی تاووسگێڕاندا سازیاندەدا. بەڵام تەنها میوزیك بوو بێ گۆرانی. بە بیستنی

ئەم دەنگە خۆشە منداڵەکان ژیربوونەوە. هەڵسانەوە سەرپێ. تاووسێکی سپی زۆر جوانیان بینی؛ کە لە ناکاو؛ لە عەدەمەوە دەرکەوت و بەنێویاندا بە هێمنی ڕۆیشت. کلکە درێژەکەی بە دوای خۆی رادەکێشا. بە تەك هەر کامەیان دەچوو؛ کلکێکی لێدەداو؛ یەکسەر قۆزاخەیەکی ئاوریشمی جوان؛ لە بنی پێیەکانی پەیدا دەبوون؛ بە هێواشی بەرەو سەرەوەی دەکشا؛ منداڵەکەش بەهێمنی و بێ دەنگ؛ لە نێو قۆزاخەکەی دەچووە سوڕی متبوون.

تاووسەکە یەك یەك بەسەریان چوو؛ تا لەکۆتاییدا ناوەکە پڕبوو لە قۆزاخە. لەگەڵ وەستانی دەنگی موزیکەکە؛ تاووسەکە گەیشتە ناوەڕاستی هەمووان. ماوەیەك بێدەنگی باڵی بەسەر دیمەنەکە کێشا. لە هیکەوە تاووسەکە قیڕاندی. بە هێزی دەنگی قۆزاخەکان وەك هێلکە؛ یەك بەدوای یەك ترووکان. کۆمەڵە پەپوولەیەکی جوانی باڵڕەنگینی درەوشاوەیان لێ هاتەدەر. کە بە هێواشی باڵەکانیان لێکدەکردەوە. لە نشکەوە؛ تاووسەکە باڵەکانی کردەوە و لە شەقەی باڵیدا و هەڵفڕی؛ پۆڵە پەپوولەکەش بە دوای کەوتن؛ تا کەشەکەلانی فەلەك نەوەستان؛ لە ڕێگا دوورەکەیان بەرەو بەهەشت.

## (72)

# تاووسەکانی تەوەس

وای چەنــدە مانــدووم؛ چەنــدە تێنــووم. ئــەی مــانگی تــەباخ بــۆ هێنــدە گەرمی؟ ئەوە لە دامێنی چیای شەنگال و لەژێر دارێك پاڵکەوتووم. بۆ هێندێك فێنکی و ئارامیم پێ نابەخشی؟

ئـای تـەباخ چەنـدەت نەهامـەتی بـۆ گەلەکـەمان هێنـاوە؟ دەڵێـی تـۆش پـەیامێکی مـەرگی لـەو بیابانـەی عێـراق؛ ناوەنـاوە هـوڕەت فـەرمان و سـوپا پەنهانەکانی ژێر لمی؛ بیابانەکانی دوورگەی عەرەبمان بۆ دێنی؟

ببورن؛ زۆر تاقەتی قسەکردنم نییە. مـن کـەنێ حەسـەنم، دەتـوانن پێم بڵێن دایـە کـەنێ، لـە هـەژارترین خانـەوادەکانی شـەنگالم. ماوەیـەکی زۆرە پشـت و پـەنام لـە دەسـت داوە؛ بوویمەتـە تاکـە نـەوای خێزانەکـەم. کـارمکردووە و بـە یارمـەتی پیاوچاکـان؛ توانیوومـە بژێـوی خانـەوادە خێر لەخۆنەدیووەکـەم دابـین بکەم.

بەر لەچەند رۆژێك؛ کاتی سوپای رەشی دەوڵـەتی رەشستان؛ بە ئـاڵای رەش، مێـژووی رەش، جلـی رەش، چـەکی رەش، قـژی درێـژی رەش، ریشـی پانی رەش، دڵی بێ هەستی رەش، مێشکی بەتاڵی رەش و کردەوەی رەشتر؛ هێرشیان هێنایە سەر شەنگال، لەگەڵ خەڵکەکە رامـانکرد. پـەنامان بردە بـەر تاکە پشت و پەنامان، بەر ئارامگەی کەشتی نوح. هەرچەندە کەشتیەکە لێرە نەماوە، بەڵام نەواکەی لێرەیە. بەڵێ، چیای شەنگال تاکە پشت و پەنایـە؛ لـە دەست تۆفانی رەشی سوپای داعش.

بیرم نایێ چەندە رۆژە لێرەم، لەگەڵ خەڵك دەرچووم و شـەنگالم جێهێشت.

کەچی نەمتوانی لە کاروانی سەرکەوتن بەردەوام بم. هەستم بە برسیەتی و تێنوویەتی کرد. لە ڕێگای پیادە لامدا؛ لە یەکێك لە قەدپاڵەکان و لە ژێر ئەم دارە ڕاکشام؛ بەڵکو تۆزەك وزە بە جەستە ماندووەکەم دێتەوە؛ دواتر هەڵدەستم و ڕێگاکە تەواو دەکەم. کەچی وادیارە لێرە خەوم لێکەوتووە. زۆرم برسی و تێنووە؛ ئەمەش ئەوە دەگەینی کە ماوەیەکی درێژە لێرە ڕاکشاوم. تەنانەت دەنگی هاتووچۆش لەودیو ئەم پێچەی لێیهاتووم؛ کەمترە.

دەزانن، کاتی مرۆڤ بە تەمەن دەڕوات؛ دەنگی بەرز یەکێکە لەو شتانەی هەراسانی دەکەن. تەنانەت وەك چەکوشێکی لێدێت؛ کە بە توندی بەر دیوارەکانی مێشکی دەکەوێت. بۆیە بە ساڵاچووان زۆریان حەز لە بێدەنگی و گۆشەگیریە. ئەم شوێنە زۆر هێمن دیارە، ئاسمان چەندە ڕوونە؟ ئەم دارە چەندە میهرەبانە؛ لێرە بە کرێ و بێدەنگی سێبەری بۆ کردووم. خۆزگە قومە ئاوێك لێرەدەبوو؛ هەست دەکەم زمانم وەك تۆپەڵێك قوڕ وایە لەنێو دەمم.

تاقەتی هیچم نەماوە، تەنانەت ناتوانم سەرم هەڵبڕم نەوەك هاواربکەم؛ بەڵکو کەسێك بە هانام دەگات. خۆزگە هەر لەسەر ڕێگاکە ڕاکشابام و نەهاتبامە ئەم شوێنە لاچەپە. بەڵام لەو باوەڕە نەبووم؛ کە هێزی ئەوەم نەمینێ؛ بگەڕێمەوە ڕێگای گشتی هاتووچۆی خەڵك. نازانم ئەم خەوەرە چییە و بەرم نادات؟

ئەوە چییە؟ ئەوە تاریکی داهات؟ دەبی ئەمە چەندین شەوبێت لێرەم؟ ئەم ئەستێرانە چەندە جوان و بریسکەدارن؟ خودێی گەورە بە هانام وەرە، کەسێك بنێرە تا بێت و لەم غوربەتەی ئێرەم ڕزگاربکات. یەکێك لە دەروێشەکانی شێخادی؛ ببێتە فریادڕەسم و بە هانام بێت. دەزانن، کاتی سەیری ئاسمان دەکەم و ئەم هەموو ئەستێرە دەبینم؛ ئەوەی وەك مورووی سپی ڕژاون و دەبریسکێنەوە؛ ئەم سەرگوزەشتەم دێتەوە یاد؛ کە باس لە ئاسمان دەکات. گوایە جارێکیان خودێی گەورە؛ شێخادی و دەروێشەکانی بانگ کردۆتە خوانێك؛ لە ئاسمان. بەڵام کاتی زانیویانە لە ئاسمان کا دەست ناکەوێت؛ بۆ

ئەسپەکانیان، شێخادی فەرموویەتی بە یەکێك لە دەروێشەکانی؛ بچێتە خوارەوە بۆ سەر زەوی؛ و لە خەرمانەکەی کا بێنێ. دەروێشەکەش فەرمانەکەی جێبەجێکردووە و کایەکەی بردووە، بەڵام هەندێکی لە سەر ڕێگاکە لێ کەوتۆتە خوارەوە، تاکو ئێستاش شوێنی ئەم کایانە بە ئاسمانەوە دیارن، هەر بۆیە پێی دەڵێن (ڕێگای کاکێشان) ! خۆزگە یەکێك لەم دەروێشانە لە ئاسمانەوە منی دەبینی، کەسێکی دەنارد تا بە هاوارم بگات. نامەوێ لێرە لەم قەدپاڵە گیان لە دەست بدەم. خۆزگە منیش وەك بە تەمەنەکانی میللەتەکەمان؛ ئێستا سێ چوار کوڕم هەبووایەرو گەر نەشیانتوانیبا هەڵمگرن؛ بە تەنیایان لێرە جێ نەدەهێشتم... ئاخر خودایە من هەموو ژیانم چاکەم کردووە؛ بۆ دەبێ لێرە بە تەنیایی بمرم و کەس پێم نەزانی؟ دڵم لایانە؛ دڵم لای خانەوادەکەمە. لای میللەتەکەمە، لای ئەو خەڵکە لێقەوماوەیە... دیسان خەوم دێت و دەن...

تیشکی خۆر لە نێوان گەڵاکانەوە لە چاوم دەدات. نازانم ئەمە چەندەم ڕۆژە لێرەم. بەڵام هەست بە برسیەتی و تێنویەتیەکی زۆر دەکەم. خودێ هاوارە، تاووسی مەلەك بە فریام کەوە. خودایە بۆ خاتری خاکی پیرۆزی لالش و گۆڕی شێخادی، ئاوی کانیا سپی و زەمزەم؛ میهرەبانیت بە سەرم بڕێژە. بە جاهی هەر شتێکی پیرۆز؛ کە تۆ درووستت کردەوە و لای گەلی ئێمەت بە سپاردە داناوە. بۆ خاتری بەرانەکەی ئیسماعیل، دار عەسا و مارەکەی موسا، تاسی سولەیمان. شانەی ریشی شێخ جونەیدی بەغدادی، داردەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، پشتێندی شێخ ئەحمەدی ریفاعی، چوارچێوەی پەنچەرەکەی شێخادی؛ ئەوەی لەسەری دانیشتووە، قالیچە موبارەکەکەی شێخادی، سنجەقە پیرۆزەکەی دەستی شێخ حەسەن... خودایە بۆ خاتری تاووسی مەلەك فریادڕەسێکم بۆ بنێرە؛ تا لەم قەدپاڵە دڵنەواییم بداتەوە. دیسان خەو!

ئەو دەنگە خۆشە چییە؟ ئاها ئەو باڵندە جوانە ڕەنگاوڕەنگە چەندە

نامۆیە؟ چەندە جوان و دڵگیرە؛ تۆ بڵێی خەون نەبینم؟ ئەم تەیرە دەڵێی لە بەهەشتەوە هاتووە. چەندە ناوازەیە. سەرەکەی رەنگاورەنگە؛ بەشی سەرەوەی زەردە و هی خوارەوەی سەوزە و لێوار دەنووکی رەشە. هەرچی خودی دەنووکەکەیە ئەوا شینە! ئەڵڵا چەندە جوانە... باڵ و باسکی خەنەییە، تەنانەت کلکە درێژە جوانەکەشی نایابە. بەشی سەرەوەی ئەوەی بە سکی نووساوە زەردە و بەشە درێژەکەشی؛ سپییەکی خاوێنە.

- ئای خودێ دەنگی چەندە دڵگیرە، ئەی باڵندەی رەنگین؛ تەیری بەهەشتی خۆشخوین... تۆ چی دەکەی لێرە؟
- ئەی تۆ هاودەمت نەویست؟ داوای هاوەڵت نەکرد لەم تەنیاییە؟ منیان نارد تا هاودەنگت بم...
- ئەوە چییە؟ تۆ قسە دەکەی یان من هورێنە دەکەم؟ لەبەر بێ نان و ئاوی هۆشم لە دەستداوە و هزرم پەرتوبڵاوبووە؟ چییە کنێ شێت بووی؟ وادەزانی تەیرێك لە بەهەشتەوە هاتووە و دەمەتەقێت لەگەڵ دەکات؟ (لەگەڵ خۆی کەوتە قسەکردن) با چاوەکانم داخەم بەڵکو ئەم وەهمە دەبڕێتەوە... ئەوەچییە؟ خۆ ئەوە هەر لێرەیە!
- لێرەم و نارۆم پور کنێ، هاتووم دڵنەواییت بدەمەوە. تا بە یەکەوە گەشتێك بە نێو رووداوەکان بکەین؛ چارەنووسی هاوتەمەنەکانت لەگەڵی شێخادی ببینی؛ ئەوانەی بە یاوەری خانەوادەکانیان کەوتنە ژێر دەستی داعش. لەگەڵ خۆمت دەبەم. تۆ چاوەکانت داخە؛ ناوی خودێ لە دڵت بەو پەری باوەڕەوە بێنە؛ دواتر چاوەکانت بکەوە. روحت لەگەڵ روحم تێکەل دەبیت و دێتە نێو جەستەم؛ بەدەر لە سنووری کات و شوێن؛ بە یەکەوە چەند دیمەنێك دەبینین؛ دواتر خۆت سەرپشك بە کە چ دواکارییەك لە خودێ دەکەی، ئەوکات هەرچ نزایەك بکەیت بۆت قبول دەبێت؛ ئامادەی؟
- ئامادەم... ئەوە چییە؟ جەستەی خۆم لە ژێر دارەکە دەبینم؟ وا

سەیری خۆم دەکەم! واتا ئێستا من لە نێو لاشەی تەیرەکەم؟

وا لەشەقەی باڵدەدات و هەڵدەفریت، ئاای فڕین هەستێکی چەندە خۆشە. ئەوە کوێیە؟ ئەوە سۆلاخە، ئەوە چییە ئەو داعشانە ئەو هەموو ژنە بە ساڵاچووەی گوندی کۆچۆ بەرەو کوێی دەبەن؟ ژمارەیان هەشتا ژنەوە وا لە چاڵەکەیان پەڕاندنەوەو... ئەی هاوار؛ ئەوە هەموویان بە رەشاش رشاندن! وای لەو تاوانە گەورە؛ ئەوە شۆفەریان هێنا و هەر لەوێ لەگۆڕیان نان؟ بڕۆ تەیری جوان... هەڵفڕە؛ نامەوێ لێرەبم.

ئەوە کوێیە؟ ئاها ئەوە کۆچۆیە، وادیارە داعشی لێیەو کەس لە خەڵکەکەی نەماوە! ئەو خانووە دوو نهۆمیە چییە؟ کوا لێی نزیك ببەوە، پففف... ئەو بۆنە ناخۆشە چییە؟ ئەهاا ئەوە خانوێکە و تایبەت کراوە بە بەساڵاچوەکانی میللەتی شێخادی، ئەوانەی بە زۆر موسوڵمان کراون. ئاها ژمارەیان سی و هەشت کەسن. با لەسەر ئەو پەنجەرەیە بنیشین و سەیرێکی رەوشەکە بکەین. ئاها ئەوە کۆمەڵێك چەتەی داعش هاتنەلایان؛ با بزانین چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. خودێ هاوارە؛ خۆ ئەوانە میزیان پێدادەکەن، ئەی هاوار لەو تاوانە، ئاخر ئەوانە وەك داپیرە و باپیرەی ئێوەن هەی بەد رەوشتینە. بزانە ناهێڵن تەنانەت دەستیان بۆ دەمووچاویان بەرز بکەنەوە و میزەکە بە دەمووچاویان دادەکەن! خوایە هاوار و ئەم ستەمە قبوڵ نەکەی. با بڕۆین تەیرۆ؛ تو خودا هەڵفڕەو لێرەم دوورخەوە.

ئەو هەرایە چییە؟ کوا تۆزێك لەم شوێنە نزیك بەوە، ئەوە قزلقیوە گوندی شیعەکان. چییە ئەم هەموو ژن و کچەی کۆچۆ چی دەکەن لێرە بێ پیاو؟ وادیاری ئێرە گرتووخانەیەکی کراوەیە. با لەسەر ئەم دارتێلە بنیشین. ئەوە داعشەکان بە ئۆتۆمۆبیل هاتوون؛ دوای بردنی کچەکان دەیانەوێت ژنە لاوەکان ببەن. ئەی ئافەرین وادیارە ژنە بە تەمەنەکان رێگریان لێدەکەن. ئەوە چییە؟ لە پێناو پاسکردنی کچ و بووکەکانیان؛ ئەم شێرە ژنانە هێرش دەکەنە سەر داعش! هاوارە تاووسی مەلەك بەفریایان کەوە؛ وا داعشە بێبەهاکان

کێبڵ و قۆنداغە کلاشینکۆف بەکاردێنن. لە بەرامبەریش ئەوانە بە دەست و ددان پارێزگاری لە ناموس و شەرەفیان دەکەن... شێر هەر شێرە چ ژنە چ مێرە. بەرگەی ئەم هەموو ئێسك شکان و فیچقە خوێنە ناگرم. با بفڕین و دوورکەوینەوە.

ئۆخەی؛ ئەوە ئاسمانی شەنگالە، بەڵام بۆ وا پیسە؟ ئەم هەموو دوکەڵە رەشە چییە لە ئاسمانی شار؟ فەرمانە و سوپای رەشێنی بەرەو هەر کوێی بڕوات؛ کووشتن و کاولکاری لەگەڵ خۆی دەبات. ئاهاا ئەوە مام عەباسی بە تەمەنە. پیاوێکی کوردپەروەری چاونەترس؛ ئەوە چییە؟ وادیارە ئەمانەیان بەدیلگرتووە؛ لە بەردەم باڵەخانەی ئاسایش دەیانگوازنەوە. سەیری ئەم پووچانە بکە، ئالای کوردستانیان لەسەر زەوی راخستووە تا دەستگیرکراوەکان بەسەری تێپەڕن... ئەوەی من دیتم تۆ دیتت تەیرۆ؟ خۆ مام عەباسی پاڵەوان بەسەری نەکەوت! ئاخر شوێنی ئەم ئالایە نێو دڵانە نەوەك ژێر پێیان؛ هەی پووچینە. ئاهاا داعشەکان توڕەبوون؛ دەترسم بیکوژن! ئەوە دەست و چاویان بەستەوە، بە تەمای چین ئەوانە؟ ئەوە بەچوار دەستی بڵندی دەکەن... ئەی هاوار بە هەموو هێزیان فڕێیان دایە سەر ئەم کۆمەڵە ئاسن و کەرستە جێماوە. ئەی هاوار من لەم بەرزاییەوە گوێم لە شکانی پشت و پەراسووەکانی بوو. کوا نزیك بەرەوە تەیرۆ؛ نا شوکور بۆ خودێ نەمردووە. بەڵام ئازاری زۆرە و هەموو گیانی برینداره. تو خودێ بفڕە و لێرەم دوورخەوە.

ئەوە کوێیە؟ ئاها ئەوە تەلەعفەرە. ئەوە مام بەدەلە، دەیناسم و تەمەنی نزیکەی سەدساڵە. ئەوە چییە؟ بۆخاتری خودێ... داعشێك خەریکە سەری بە چەقۆ دەبڕیت چون نەبۆتە موسوڵمان! ئاخر هەی ستەمکارینە ئەوە لە دایکبووی هەزارو نوسەد و حەڤدەیە؛ ئەهریمەن دەستی لێ شوشتۆتەوە! ئەی هاوار... بفرە تیرۆ و نامەوێ ئەم تاوانە ببینم.

ئەو شوێنە دڵرفێنە کوێیە وا دڵگیر و سەوزە؟ ئاها ئەوە کێڵگەی مام

یوسف خانەسۆریە. ئەو پیاوە ژیرە خاوێنەی؛ کە سەرو سمێڵێکی سپی جوانی هەیە. ئەوەتا لەگەڵ داعشەکان قسەدەکات و کارسی کوڕیشی لەگەڵیەتی. ئەوەچییە؟ ئەم داعشە ملهوڕە بۆ حەڕبەی دەرهێناوە؟ بێگومان بۆ سەربڕینی بەرخێك لە مێگەلەکەی مام یوسف. ئەو بە سەخاوەت و دەستکراوەیی ناسراوە... ئەوە چییە؟ بۆ مام یوسفیان بە دەست بەستراوەیی درێژکردووە؟ ئەی هاوار لەو دڕندانە! یەکێك سەری دەبڕی و ئەوانی دیکە بە ساردی وەستاون بە مۆبایلەکەیان وێنەی دەگرن! هاوارە تاووسی مەلەك، ئاخر ئەم پیاوە بەساڵاچووە هیچ زیانی نەبووە... بەرزبفڕە تەیرۆ و لێرەمان بە دووربخە، نامەوێ هیچ ببینم.

ئەوە کوێیە؟ ئاها گەڕایەوە کەسرولمیحراب؟ سەیرکە ئەوە مام شەمۆ خدرە... عەجەب بەو تەمەنە گەورەیە لە هەوڵی راکردن دایە و بەهێواشی رێدەکات. ئەی هاوار ئەوە داعشەکان بە ئۆتۆمۆبیل بەدوایەوەن... خۆ ئەوە گرتیان؛ نەکا ئازاری بدەن ئەم دڕندانە. ئاها ئەوە بەستیانەوە و سێ داعش ئەشکەنجەی دەدەن و سووکایەتی پێدەکەن. ئەوە سمێڵە جوانەکەیان تاشی، باشە بۆ بەم شێوە نامۆیە لەسەر زەویان کردەوە؛ دەست و قاچی لێك دەکەنەوە؟ ئەم ئۆتۆمۆبیلە بۆ وا بەخێرای دێت؟ ئەی هاوار خۆ بەسەری کەوتن و شێلایان! گوێت لە دەنگی شکانی سینگ و پەراسووەکانی بوو تەیرۆ؟ هەڵفڕەو با بڕۆین ...

ئاها؛ لێرە تۆزێك بنیشە، ئەوە مەزاری مەحمەد رەشانە، چەندە ماندوو دیارن ئەم بەساڵاچوانە، خۆزگە لایان بووام. وا لەدوورەوە داعش دەبینم، بڕۆ سەر ئەم پەنجەرەیە با بزانین چییان لێیان دەوێت. ئەوە چۆنە خواردنیان بۆیان هێناوە؟ نا خواردن نییە... ئەوە لوقمە! بەڵام بۆ وا رەنگی جیاوازە؟ دەکرێ... دە وەڵڵاهی ئەمانە هەموو شتێکیان لەدەست دێت؛ مەیخۆن... هۆ خوشکۆڵە مەیخۆن. ئەوە باران خانە یەکێك لە مجێورەکانی چل مێران؛ بزانن چەندە ژیرە نەیخوارد و بەشەکەی لە پێشەخۆ دانا. کەچی هەشت دانعومرەکەی دیکە لە

برسان خواردیان. ئەی هاوار بزانە چۆن گەدەی خۆیان دەکوشن؛ خۆیان لەسەر زەویەکە وێك هیناوەتەوە لە بەر ئازار. دەبی ئەم داعشانە دەرچووی کامە دۆزەخ بن؛ تا بەسالاَچووی برسی بە شیرینی ژەهراوی بکەن؟ هەلْفرە تەیرۆ؛ لە داخی ئەم دیمەنە؛ خەریکە گەدەم دەتەقیٚ لە خەمان.

منت گەڕاندەوە کەسرولمیحراب؟ دەلێی لە بازنەیەکی داخراو دەفڕین تەیرۆ. ئەو ژاوەژاوە چییە؟ کوا نزیکم کەوە؛ ئەم پێنچ بە تەمەنە دەناسم (خناف و کوری خوشکی؛ گولیٚ، کوری و منیٚ) بەلاَم داعشەکان بۆ وا بە توڕەیی قسەیان لەگەلْ دەکەن؟ ئەوە گوێیم لێیە جوێنیان پێدەدەن و بە جادوکەر ناوزەدیان دەکەن... بۆ؟ ئاها چون نایانەویٚ موسولْمان بن، هانی کچەکان دەدەن ئایینیان نەگۆڕن و هاوسەرگیریان لەگەلْ نەکەن. ئاها با نزیکتر بینەوە... باس لە رەوانەکردنیان دەکەن بۆ دۆزەخ... ئەوە دووریان خستنەوە و... ئەی هاوار لەم تاوانبارانە؛ ئاخر چۆن دەستتان چو ئەم پرچ سپی دلْ سپیانە گوللەباران بکەن؟ ئاخر ئەمانە زیانیان بۆ کەس نەبووە و هەر خەریکی نزا و پاڕانەوە بوون. تو خودیٚ بفڕە تەیرۆ و لەم دۆزەخەم دوورخەوە.

ئەمە کۆمەلْگەی دووکریە، ئەوە داعشە مالْەکان دەسووتێنی، ئەو کچە هێمنە ناوی وەحیدەیە؛ دەیناسم نەخۆشی دەروونی هەیەو دایك و وەتمەی خوشکی زۆر بە نەرمی و ئاگاداریەوە؛ مامەلْەی لەگەلْ دەکەن. ئاها ئەوە سواری پشتی پیکەبیان کردن و بەرەو شەنگالیان دەگوازنەوە. داعشەکە دەست بۆ وەحیدە درێژ دەکات و دایکی دەستی دەگری. ئەم گەمژەیە نازانی ئەم کچە نەخۆشە؟ ئەی هاوارهەیش؛ لەو کاتەی زۆر بە خێرایی دەرۆیشتن دایکی وەحیدەیان فڕێدایە خوارەوە. ئەم بەستەزمانەش کەوتە سەر سەری و گیانی سپارد. خۆ ئەمانە ئۆتۆمۆبیلەکەیان رانەگرت و هەر ئەوە وەحیدە لە خۆی دەدات و قژی دەپچڕێتەوە! ئەی هاوار وەتمەی بەستەزمان؛ ئێستا دەبی ببیتە دایك و خوشك بۆ ئەم بەستەزمانە... بفڕە تەیرۆ بەرگەی ئەم

دیمەنە ناگرم.

ئێرە کوێیە؟ ئاها؛ ئەوە گەلی حاجیە؛ لای مەزاری مەهمەد رەشان. ئەو حەوت لاشەیە چییە؟ هی کۆمەڵە بەساڵاچوێکن ئەوانەی لە تێنوویەتی خنکاون؟ ئەی هاوار لەم بێوژدانیە، داعش ترومپاکەی ئاوی تێکشکاندووە، تا ئەم خەڵکەی ئێرە لە تێنوویەتی بخنکێن. ئەها ئەوە هێزێکی داعش هات، ئەو ئەمیرەی قسەی دەکات؛ لە شێوەزاری میسری دیارە، ئەو بێبەهایە دووبارە داوا لە خەڵکەکە دەکات بینە موسوڵمان؛ ئەو بەساڵاچووە کێیە ئەوەی بەرەنگاریان بۆتەوە و دەڵێ: " بشمکوژن ئایینم ناگۆڕم؟" . گوێبگرە ؛ دەڵێ: " زۆرم نەماوە و مومکین نییە؛ بەو ئاخیر عومرە ئایینم بگۆڕم!" . ئاها ئەوە قۆڵبەستیان کرد و بەرەو کۆچۆی دەبەن. گومانم لەوەدانییە لەوێ دەیکوژن. بزانێ چۆن لێیدەدەن و سووکایەتی پێدەکەن! هەی پووچینە ئاخر ئەوە بە قەد باپیرەتانە... هەڵفرە تەیرۆ بابڕۆین. دەزانی چییە؟ زۆر ماندووبووم؛ بڕۆ و ئەم عێراقەی داعش جێبێلە و باچینە سوریا؛ بزانین ئەوێ چ باسە.

بێگومان ئیرە ئاسمانی سوریایە؛ چون دەنگی بۆمبا و بۆنی بارود؛ تەیر بە ئاسمانەوە هێڕ دەکات. ئاها وەرە خوارەوە ئەم دانعەمرانە لە جلوبەرگ و شێوەیان دیارە ئێزدین. بەڵام بۆ دەبی لەم چۆڵەوانییە ریزکرابن لەو کاتەی دەوریان بە داعش تەنراوە؟ ئەوە چییە؟ داوایان لێدەکەن وشەی حەڕام بڵێن؟ شایەتمان بێنن؟ ئەوە چییە.... ئەی هاوار ! خۆ ئەوە سەری دەیان لێ بڕین، ئەوەی یازدەهەم و کاتی چەقویان لەسەر ملی دانا هاواریکرد: "یا موحەمەد!" ئەوجا وازیان لێهێنا! دەبی ئەوانە لە چ درووست کرابن؟ لە قوڕی بنی کامە زۆنگاوی دۆزەخ؟ کامە خواوەند بپەرستن ئەو بێ میهرانە؟ بفڕە تەیرۆ و لەم سەربڕخانەم بە دوورخەوە!

ئەو ئیختیارە کێیە؟ وادیارە لە میللەتی خۆمانە، بەڵێ ؛ بەڵام ناوی نازانم. ئەو کلۆڵە نەوەی هەیە؛ کەچی بە زۆری بە شوویان داوەتە ئەم کەمتیارە بە ساڵاچووە داعشیە. سەرباری ئەوەی زۆر پیس و بەدفەڕە؛

کەچی بەردەوام لێشی دەدات! هەڵفڕە .

ئێرە دێرلزورە، ئەوەش پێگەیەکی داعشە. ئەو دوو هەرزەکارە لە پاسەوانانی ئەبو بەتاری لیبین، ئەوە چییە؟ ئەوەبۆ ئەم ژنە بە ساڵاچووە دەخەنە سەرزەوی؟ من دەیناسم ئەوە خەڵکی شەنگالە ئەو بەستەزمانە و تەمەنی لە حەفتا ساڵ زیاترە... ئەی هاوار خۆ ئەوانە خەریکی لاقەکردنین! گوێت لێیە یەکێکیان چی دەڵێت؟ بەرقەشەی بە تەمسەری دەڵێت: " ئەوە سەبییەکی بێهاوسەرە، بۆیە بۆمان هەیە ئەم کارەی لەگەڵ بکەین. ئێمە بەو کارەمان پێچەوانەی فەرمایشتی خوامان نەکردووە، چون ئێمە موجاهیدین، کافر و هەڵگەڕاوان دەکوژین و ژنەکانیان سەبی دەکەین؛ کەی پێویستیش بوو؛ لە بازاڕەکان دەیانفرۆشین!" . هاوارە خودێ؛ گوناحە ئەم بوونەوەرە بێبەهایانە لەسەر زەوی تۆ بژیین و بە مرۆڤ ئەژمار بکرێن. درۆتان کرد ئەی دڕندەینە؛ خوای بە میهر؛ بێبەریە لە کردەوە گلاوەکانتان. ئێستا تێگەیشتم خودێ بۆ وابەتوندی نەفرەت لە هەندێك میللەت دەگری؛ لەسەر زەوی دەیانسڕیتەوە؛ چون هاوشێوەی ئێوە بوونە. چاوەڕێی نەفرەتی خودا بکەن؛ خێلی خێو! هەڵفڕە و بمگەڕێنەوە؛ ئەوەندە بەسە باڵندە ڕەنگینەکە...

باوەڕبکەن؛ لەکاتی گەڕانەوەمان بە ئاسمانی عێراق و سوریا؛ لە چەندین شوێن و لە شارەکانی ( ڕەقە، شەدادیە، مەیادین، دێرلزور، حەلەب، تەدمور، تەلەعفەر، موسڵ و حەویجە ) هەراجخانەی فرۆشتن و سەوداکردنمان بە پاکیزەکانی گەلی شێخادی بینی. تاووسی ڕەنگین لە نێو تەوەسی دەوڵەتی خیلافەت، بە دەست تەرەسەکانی داعش بەندکرابوون. چاوەڕوانی فرۆشتنیان دەکرد. کیژۆڵەی بچووك، ژن بە منداڵەوە، بە ساڵاچووی پشت کوڕ. هەموویان وەك کاڵا دانرابوون بۆ نمایشکردن. هیچ تاوانێکیان نەبوو جگە لەوەی ئێزدین. جوگرافیای ناوچەکەیان؛ ئەوانی کردۆتە دراوسێی خێلی خێوی خیلافەت. دراوسێی ئەوتۆ؛ کە بە لاشە لە سەدەی بیست و یەك دەژین؛ کەچی بە هزر؛ لە سەدەی جەهالەتی هۆزە عەرەبیەکانی بیابان لەسەر

غەزو، تالآن و سەبیکردن دەژین. دیدێك کە هەموو شتێك بۆخۆیان حەلآڵ و لە خەڵکی دی حەرام دەکات. هەموو بیریان لای جەنگ، تالآن و سێکسە.

بمبەوە شوێنی خۆم لە چیای شەنگال؛ ئەی باڵندە رەنگینەکەی بەهەشت. ئێمە تاووسەکانی ئەم تەوەسە... ئەم دۆزەخە؛ لەو هەموو رەوشە ماندوو بووین و پێویستمان بە ئارامیە. بمبەوە بن دارەکەی جەستەم لێی هەلآژاوە؛ بەرگەی ئەم هەموو تاوانە ناگرەم تەیری نورانی. دەزانن؛ تەوژمی هەوا لەو بەرزاییە زۆر توندە و چاکتر وایە چاوەکانم داخەم؛ بەڵکو چیتر ئەم دیمەنە ناخ هەژێنانە نابینم؛ و کەمێك روحم ئاسوودە دەبێ.

- ئەوە چییە؟ خۆ ئەوە چاوم کردەوە و لەشوێنی خۆمم؛ لە بن دارەکەی هەمان قەدپاڵ! شوکور بۆ خودا لەم مۆتەکەیە هەڵسامەوە.

ئەوە خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕوات، سوپاسگوزاری خودام؛ کە بە ئارامی لەم شوێنە چۆڵە هێمن پاڵکەوتووم! هەست بە بۆنێکی خۆش و بایەکی فێنك دەکەم. باوەڕبکەن نە تێنوویەتی و نە برسیەتی؛ بەڵکو هەستێکی زۆر خۆش. دونیا بەرەو تاریکی دەڕوات و چاوەکانیشم قورس دەبن؛ هەمدیس خەوەر دەمگرێتەوە. دەڵێن لە دوا ساتەکانی مرۆڤ زۆر لە خودا نزیك دەبیتەوە؛ بۆیە هێمنی و ئۆقرەیی باڵ بەسەر ناخی دادەکێشی .

لەوکاتەی ئامادەم ژیان جێبێڵم ئەوا هیچ پەشیمان نیم. من کە تەمەنێکی زۆر ناخۆشم بەسەربرد، بەردەوام خەریکی کارکردن بوومە و هیچ خۆشیم نەدیووە؛ بۆ دەبێ لە مردن بترسم؟ جاران کاتی لاو بووم؛ دەستم بە ژیانەوە گرتبوو؛ زۆر دەترسام و دەمگوت دەبێ روح کێشان چەندە قورس و بە ئازار بێت. کەچی قەد نەمدەزانی ئەوەندە ئاسان و ئارامە.

ببورن، هەست دەکەم جەستەم ماندووە و کەمێك خۆم دەجوولێنم، ئەوە دەستەکانم رادەکشێنم و چاوم بەرەو ئاسمان بەرزدەکەمەوە، هەستدەکەم ئارامیەتی نەوەك لاشە ماندووەکەم؛ بەڵکو هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە.

- خودایە بۆ خاتری خۆت؛ رێگایەکی دەربازبوون بۆ ئەم میللەتە بکەوە؛

بەڵکو لە ئابلوقەی ئەم چیایە رزگاریان دەبێت. گەلی شێخادی بپارێزە و بە میهری خۆت لەگەڵیان بکە؛ من بە ئارامی ببەوە مەلەکوتی خۆت.

خوای گەورە؛ ئەم لاشەیەم سپاردەی تۆ بێت؛ تا ئەوکاتەی منداڵەکانم دەیدۆزنەوەوە و بە خاکی دەسپێرن؛ هیچ دەعبا و بوونەوەرێك نەیشێوێنی. نە گیانەوەر و نە ئەو دڕندانەی خۆیان بە مرۆڤ دەزانن!

خوای گەورە؛ من زۆرم خۆشدەوێی و هیچ کات فەرامۆشم نەکردوی... وادێمەوە لات و لە میهرت بێبەشم نەکەی. پەروەردگارە؛ ئەم تاووسانەی لالش لە تەوەسی داعش ئازادبکە و بیانگەڕێنەوە؛ تا لە ئاسمانە پیرۆزەکەی لالش لە شەقەی باڵبدەن... ئامین!

# (73)

# نامەیەکی بێ ناوونیشان

زۆر ماندووم؛ لە ناخەوە تێکشکاوم. خەوەر دەمگرێتەوە. بەڵام جەنگ ناهێڵی بنووم. لێرە لە سووچێکی ئەم کەمپە جەنجاڵە؛ هاتوومەتە هێمنترین شوێن بۆ ئەوەی تۆزێك بنوم... تۆزێك؟ بە خودێ گەر هەزار ساڵ بخەوم؛ ئارام نابم لە ئاست ئەوەی بینیومە. تەنانەت لێرەش دەنگی تۆپ و تەیارە؛ هاواری جەنگاوەران وازم لێناهێنی. سەرینەکە دەخەمە سەر سەرم؛ کەچی دیمەنەکان وەك مۆتەکەیك دێنە ژێر سەرینەکە و یەخەم دەگرن.

دایە، وای چەندم پێویست پێتە؛ بە سۆزت؛ باوەشت، سەرم لەسەر سینگت دانێم؛ دەست بخەمە نێوقژت بۆنی بکەم و ماچی بکەم. بۆ ئەوەندە زوو رۆیشتی و جێت هێشتم؟ ئاخر جارێ لە تۆ تێر نەبوبووم. هەمووجارێ بە منت دەگوت: " دوای باوکت تۆ پیاوی ماڵی!" . کەچی وادەرنەچووم و دوای کوشتنی باوکم؛ لە یەکەم رۆژی داگیرکاری؛ نەمتوانی هیچ بکەم... ببورە دایە گیان.

دەزانی دایە گیان؛ کەی درکم بەوەکرد کە زۆر بێکەسم؟ نا... کاتی باوکمیان برد، ئەوکات سەیری نیوچاوانیم کرد؛ ئازایەتی هەموو دونیام تیا بینی، بەر لەوەی سواری ئۆتۆمۆبیلەکە بێت و لەگەڵ خەڵکەکە بڕوات؛ بە نیگای چاوی سەیرێکی کردم. سەیرکردنێك؛ کە هەزاران وشەی لە خۆوە دەگرت. هەستمکرد بە چاوەکان پێم دەڵێ:

- من دەڕۆم کوڕی خۆم. ئەگەر نەهاتمەوە دایك، خوشك و براکانت سپاردەی تۆ بن. وەك ئیزدیەکی جوامێر هەڵسوکەوت بکە. پیاوبە و

نەکەی بگری، بەرخی نێر بۆ سەربڕینە رۆڵە. ئەم ملە ئەستورەی پیاوان؛ گەر بۆ چەقۆ نەبێت ئەوا دۆقاتی لێدەدرێت!

دەزانی دایە، بە دوای کەوتم، کەچی داعشێك رایگرتم و سەیرێکی بن هەنگڵی کردم؛ تێڕاخوریم تا بگەڕێمەوە لای ژنەکان؛ سواری بارهەڵگری مەرگ نەبم. بە خەندەوە سەیری کردم؛ وەك ئەوەی بڵێ: " پەلەت لە چییە؟ تۆش دەمری... بەڵام بۆ ئێمە دەمری نەوەك بە دەستمان!" . پێکەنی و شەقێکی لە پشت دام. لە هەڵسووکەوتەی تێنەگەیشتم، نازانم سوپاسی خودا بکەم کە لەم شوێنەی رزگارکردم؛ یانیش سوپاسگوزاری مووەکانی بن هەنگڵم بم؛ کە سەریان دەرنەکردبوو!

دایە گیان، نازانم ئەمە کامە قەدەری گەلی شێخادیە؛ کە منداڵێکی وەك من بەماوەیەکی کەم... زۆر کەم؛ باوانی لە دەست دات! بیرتە دایە گیان؛ لە رێگای نێوان کۆچۆ تا بەعاج و دواتر تەلەعفەر؛ بە منت دەگوت: " ئارامبە کوڕم، تۆ ئێستا پیاوی ئێمەی؛ دەبی هاوشێوەی پیاوان هەڵسووکەوت بکەی!". دەستت گرتبووم و نزات دەکرد، لە ئاسمان دەپاڕایەوە بەهانامان بێت. سەیری خوشکە گەورەکانمت دەکرد و بەخوڕ دەگریای؛ ئاوڕم لە برا بچووکەکەم دایەوە و بینیم لە باوەشی خوشکەکانمە. من تەنها نەبووم دایە گیان؛ ئێمە شازدە منداڵ بووین و خۆمان لە پشت دایکەکانمان شاردبۆوە؛ لەناو پاسەکە بە کڕی دەگریایان. کاتی گەیشتینە سۆلاخ؛ ئێمەیان بردە پەیمانگە، نەمدەزانی ئەوە دوا ساتەکانمانە بە یەکەوە، ئاخر ئەوان هەر ئەمشەوە کچەکانیان برد و خوشکەکان لێمان جیابوونەوە. زۆر گریام؛ هەستم بە بێتوانایی و بێهێزی خۆم کرد. کاتی نەمتوانی خوشکەکانم لەم کارەساتە رزگارکەم. زۆر گریام و هاتمە باوەشت. ئاخر جارەك دە کاتژێر بەسەر رۆیشتنی باوکم نەچوبوو و ئەوە خوشکەکانیشم جیاکرانەوە. بیرمە لە باوەشت کردم و گۆتت: " ئارامبە، تۆ کوڕی پیاوانی و فرمێسکت بسڕەوە کاتی گریان نییە. لە فەرماندا پیاوان ناگرین، پیاوان خۆڕاگر و ئازا دەردەکەون.

هیچم لە تۆ ناوێت؛ تەنها یەك شت نەبێت. خۆت مەدۆڕێنە! نەکەی... نەکەی بکەویە ژێربار؛ ئەوجا لە ترسان بێت یانیش فریووت دەن، تۆ ئێزدی و هەر ئێزدی بە؛ با هەڵت نەخەڵەتێنن، لە خشتەت نەبەن. چون بە لە دەستدانی ناسنامەت؛ خۆشت لە دەست دەدەیت. ئەوکات گرنگ نییە بژی یان بمری، چون مردنیش پیاوی دۆڕاو و بێ هەڵوێستی خۆش ناوێت رۆڵە. خۆت بپارێزە و ناسنامەت لە دەست مەدە!" . یەکڕاست هەستمکرد بوویمە پیاوم و بەرپرسیاریەتیم کەوتۆتە سەرشان. ئاخر لە کاتی فەرماندا منداڵی نامینێت، ئەوکات دەمری یانیش دەبیتە پیاو. بەڵام رۆیشتننت زۆر کاریگەربوو دایە گیان. ئەو بەیانیەی کە ئەبو زیاب و چەتەکانی هاتن و ئێوەیان بردە دەرەوە، لەگەڵ برام و منداڵەکانی دیکە بە دواتان کەوتین. کەچی ئەبو زیاب تێراخوڕین و گوتی: "ئێوە بۆ کوێی؟ بگەرێنەوە لای دایکەکانتان!" . دەموویست بڵێم ئاخر ئەوەی چووە دەرەوە دایکمە، کەچی ئەو سعودیە پووچە چەکی بە رووماندا بەرزکردەوە و گوتی: " پەلەتان نەبێ نەوەی کافران؛ نۆرەی ئێوەش دێت بە وان بگەن... لێرە برۆن نەوەك دارکاریتان دەکەم!" .

بیرمە ئەم نامەردانە تۆ و ژنە گەورەکانیان بانگهێشت کردە دەرەوە، لە کەلێنی دەرگاوە سەیرم دەکردن؛ بینیم چەند بە ئازایی و ئەسپایی لای دیواری پەیمانگە وەستان و... نەفرەت لەو سعودیە بێ بەهایە. جەساری پووچ، خۆم بینیم کاتی خۆی و هاوەڵەکانی؛ چۆن ئاگریان لە تفەنگەکانیان بەردا و ئێوەیان شەهیدکرد. باوەڕبکە دایەگیان، بینیم هیچکام لە ئێوە نەکەوتن، گوللەکان بەردیوار کەوتن و بەنێو جەستەتان تێپەرین؛ بێ ئەوەی بەرتان کەون! تۆ سەیرێکی منتکرد؛ نازانم چۆنت زانی سەیرت دەکەم. کاتی چاوەکانمان بە یەك گەیشتن؛ دڵم خورپەیکرد! زەردەخەنەیەك هاتە سەر لێوانت، بە چاو سڵاوت لێکردم. هاوشێوەی پەری باڵتان گرت و بەرەو ئاسمان فڕین. لەوکاتەدا هەستمکرد نەوەك پیاو؛ بێ تۆ بوومەتە بەساڵاچوێك و هەموو قژم سپی بووە. گەر دوای رۆیشتنی باوکم پشتم شکابیت، بە

فرۆشتنی خوشکەکانم شەرەفم تکا بێت، بە کۆچی تۆ ناخم وەك شوشە تێکشکا. خۆم بە شێوەی گەڵایەکی وەریووی دەم پاییزە گەردەلوول؛ هاتە بەرچاو.

پێم بڵێ دایە گیان؛ فەرمان ئاوا جەرگبڕە؟ بەم شێوە پشت شکێنە؟ ئاخر بە کەمتر لە بیست و چوار کاتژێر؛ هەمووتانم لە دەستدا. خانەوادە گەوەرکەمان وەك وردەکای بەر رەشەبا؛ تەفروتوون بوو. دەزانی دایە؛ تا ئەو کات ئەهریمەنم نەبینی بوو و لێی دەترسام. بەڵام کاتی ئەوانەم بینی؛ خۆشمویست و زانیم لەوانە بێ بەریە! باوەڕبکە دایە؛ ئەوکاتە ئەهریمەن بە گریانەوە هاتە بەرچاوم؛ کە لە خوا دەپاڕایەوە؛ بۆ ئەوەی لەسەر زەوی بباتەوە. چون ئەوانە سەر زەوییان گڵاوکردووە.

دوای ئێوە دایە؛ ئێمە بیست منداڵ بی سەرپەرشتماینەوە؛ بردمانیان بۆ تەلەعفەر؛ دوای دوو هەفتە بردمانیانە لای کچە خاڵەکانم لە گوندەکانی قزلقیو و کەسرولمیحراب؛ سێ مانگ لەوێ ماینەوە. دوای سێ هەفتە ئێمەیان بە سەربازکرد؛ بە نێوی بەچکەشێرانی خیلافەت؛ بردمانیان بۆ سەربازگەی عەینل عیسا بۆ مەشقی سەربازی. لەم ماوەیەدا بەردەوام دەستی براکەم گرتبوو، لە ترسی ئەوەی لە یەکمان جیا بکەنەوە. ئەو تەمەنی یازدە ساڵبوو، هەرچەندە تەنها دووساڵ لەو گەورەترم، بەڵام لەسەر سپاردەت؛ ببوم بە باوك و دایکی.

دەزانی دایە ئەوان چییانکرد؟ گەلێك زوو لە هەموو شتێکیان داماڵین. پیلانێکی ئەهریمەنانە؛ بۆ تێکشاندنی مرۆڤەکەی ناخمان و درووستکردنی زڕە دێوێك. سەرەتا لە خانەوادەکانیان کردین. دواتر ناوەکان. باوەڕدەکەی من ناوم ببوە ئەبو شتێك لە بری ناوە خۆشەکەی خۆم؟ ئەوجا قسەکردن بە زمانی خۆمان قەدەغەبوو، چەندین جار و لەسەر یەك وشەی شیرینی کوردی؛ بە دار و سۆندە لەناو دەستیان داوم. ئەو زمانەی تۆ لای لایەت بۆ دەکردم؛ باوکم قسەی خۆش و باپیرەم ئەفسانەی چیای بۆ دەگێڕامەوە؛ یەساغ بوو.

دواتر جلەکانیان پێ گۆڕین؛ جلی ئەفغانی و بیری بیابان و هەڵسووکەوتی خێڵەکیان پێ لەبەر و لە روح کردین! خۆ ئەگەر بە دەستیان بووایە؛ دەرمانیان پێ دەدایین تا ریشمان لێ بڕوێت و یەکسەر ریشن دەرکەوین. پاشان ئێمەیان بردە سەربازگە؛ بۆ ئەنجامدانی یەکەم قۆناغەکانی شووشتنەوەی دڵ و مێشکمان لە ژێر ناوی (مەشقی بنەڕەتی).

دایە گیان؛ ئەوان بە ئێمەیان گوت، ئێوە تازە لە دایکبووین، ئەو دایکە نا کە ئێوەی لە منداڵدانیدا هەڵگرت؛ نەخێر ئەو کافربوو. ئێوە لە منداڵدانی غەزوەی سنجار لە دایکبوون. بە نێوی عەرەبی و ئایینی ئیسلامی و بیری تەسك؛ ناسنامەی نوێیان بۆ دەرهێناین؛ رێك وەك هاووڵاتیەکی دەوڵەتی خیلافەو پێیان گوتین: " ئیسلام ئایینی راستەقینەیە و تاکە ئایینی خودایە. کاتی دەبنە موسوڵمان؛ گیانتان لە دونیا و روحتان لە دوارۆژ دەپارێزن. بەڵێ، لە دونیا لە ئاگری تفەنگەکانمان و لە رۆژی دواییش لە ئاگری خودا!" .

لە سەربازگەی فاروق لە سوریا، ئێمەیان کرد بە داعشی بچووك، ئێمە نزیکەی پەنجا منداڵی ئێزدی بووین. جگە لە ئێمە؛ پەنجا منداڵی موسوڵمانیش هەبوون. ئەوانەی باوانیان داعش بوون. زۆرمان رق لێیان دەبۆوە، چون وەك ئێمە بە زۆری نەهاتبوون، بەڵکو بە حەزە و هاتبوون؛ تا ببنە موجاهید لە سوپای خەلیفە. بێگومان هەموو ئەوانەی نێو سەربازگە؛ بە چاوێکی کەم سەیریان دەکردین. سەرباری ژیانی کولەمەرگی، برسیەتی، سووکایەتی پێکردن و بە کەم زانین. ئەم هەستە وەك حەڕبەکانی لا تەنیشتمان تیژ و سەربڕبوو. بە شێوەی بوونەوەرێکی نامۆی سەر هەسارەیەکی دیکە سەیریان دەکردین. تەنها لەبەر ئەوەی خودێ ئێمەی لە باوانی ناموسوڵمان هێناوەتەبوون. بێخەبەر لەوەی بوون و مردنی مرۆڤ؛ بە دەستی خۆی نییە. بەڵکو سەرجەم ئەو کارانەی لە نێوان ئەم دوو رووداوە دەیکات؛ هی خۆیەتی و لێی بەرپرسیارە... هەرچەندە ئێمە لەوەش بەرپرسیار نین؛ چون بووینەتە پووشکەیەك لە دەریایەکی بەجۆشوخرۆش هاتوو؛ سەرجەم جوولەکانیشمان

کاردانەوەیە نەوەك کار!

بەڵێ دایەگیان؛ ئەوان بە ناوی خودا قسەدەکەن. گوایە نمایندەی ئەون لەسەر زەوی و خۆشیان دەوێت، لەو کاتەی کە نایناسن و رێك پێچەوانەی فەرمایشتەکانی ئەو هەڵسووکەوت دەکەن!

لە ماوەی سێ ساڵەی ژێر دەستی داعش، چەندین سەربازگە، بنکەی مەشق و ئۆردووگایان پێکردین. لە عەینل عیسی، سلوك، رەقە. باوەڕبکە دایە لە سەربازگەی بەلقیس لە رەقە؛ هەشت مانگ لە ژێر زەوی بووین و رووناکی خۆرمان نەبینی.

دەزانی دایە گیان؛ زۆر بە دڵرەقی لەگەڵمان دەجوولانەوە؛ لە هەر سەربازگەیەك چاڵەقورێکیان سازکردبوو بە نێوی ئەلجاموقە؛ هەرکەسی گوێرایەڵیان نەبا فڕێیان دەدایە نێوی. زۆرمان چەشت، سەرەتا لە عەینل عیسا؛ وانەی فیقهوعەقیدەمان خوێند، پێیان گوتین: " تەنیا ئیسلام ئایینی خودایە و ئێزدی کافر، کریستیان گومڕا و جوولەکەش بەرنەفرەتی خودا کەوتوون. هەموو میللەت و گەلانی دیکە بێبەرین لە میهری خودا!" . کەچی باوەڕناکەم ئەو خودایەی ئەم هەموو گەل، نەتەوە و ئایینەی درووستکردووە؛ تەنیا موسوڵمانی خۆشبوویت و ئەوانی دیکە رەوانەی دۆزەخ بکات. ئاخر گەر وابێت دایەگیان؛ دۆزەخ لێوانلێو دەبێت لە مرۆڤ و تەنیا بەشێکی کەم دەچێتە بەهەشت. گەر وابێت؛ دەبێ دۆزەخ هەزار هێندەی بەهەشت بێت و ئەوجا شوێنی ئەم هەمووەشی تێدا نابێتەوە. هەر بە هزری ئەوان بەهەشت مێرگ و بیابانە؛ چون باوەڕناکەم لە بەهەشتیش ئەم نەفامانە بگۆڕێن!

لەنێو زیاتر لە دووسەد منداڵ، ئێمە بیست و پێنج ئێزدی بووین. مامۆستاکان سعودی، عێراقی و سوری بوون. باسیان لە پەروەردەی جەنگی دەکرد. لە یەکەم وانەدا پفنێکی سعودی گوتی: " پەنا بە خودا؛ دەوڵەتی ئیسلامی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی. بەردی بناغەی پەروەردەی

ئیسلامیمان دەستپێکردووە؛ ئەمەش لەسەر بنەمای قورئان، لە رۆشنایی فەرمودەکان و تێگەیشتنی پێشینە کارچاکەکان.(سەلەفی سالح) بە دیدێکی رۆشن؛ نە رۆژهەڵاتی و نە رۆژاوایی. بەڵکو خودکاری پەیامبەری؛ دوور لە هەوا و رای پڕوپووچ. دوور لە گومڕایەکانی سۆسیالستی رۆژهەڵاتی و قۆرخکاری سەرمایەداری رۆژاوایی. دوور لە حزبایەتی و پەیڕە و پرۆگرامە لادەرەکانی سەرتاسەری جیهان! " .

بەڵێ؛ ئێمەی بەردی بناغە؛ لە تەمەنی شەش تا شانزدەساڵ لەم سەربازگانە کۆکرابووینەوە. بە ئەزبەرکردنی جوزمەکانی قورئان؛ ئەوانەی پەیوەستە بە جەنگ، ئەربەعینی نەوەوی، سێ کتێبەکەی محەمەدی کوری عەبدولوەهاب، ئوسوڵ، عەقیدە، سیاسەتی شەرعی، مێژوو، جۆگرافیا و ئەدەب. بێگومان ئەوانەی دوایی لە دیدی تەسکی داعشەوە.

باوەڕبکە دایە لە دۆزەخ دەژیاین، هەموو شتێك لێمان قەدەغەکرابوو. تاکە گۆرانی گوێمان لێدەگرت ( سەڵیلڵ سەوارم) ی داعش بوو. هەمووشی لەسەر کوشتن و بڕین بوو. تاکە شت کە دەمانبینی؛ فلیمەکانیان بوو لەسەر چۆنیەتی تەقاندنەوە، سەربڕین، کوشتن و کەرتکردن. گاڵتەیان بە یاریکردن دەکرد، هەموو شتێکی جوان لای ئەوان قسەی قۆڕ و یاری منداڵان بوو. ئاوایان فێردەکردین کە وەلاوبەرامان تەنها بۆ خیلافەت بێت. ئەگەر باوان، برا و خوشکەکانمان؛ قسە و رەفتاری نابەجێیان دژ بە دەوڵەتی خیلافەت ئەنجامدا؛ دەبی هەواڵیان لێبدەین. باوەڕدەکەی دایە؛ هەندێك لەو منداڵە مەشقکارە موسوڵمانانەی گەڵمان؛ سکاڵایان لەسەر دایبابی خۆیان تۆمار کردبوو؛ هەندێکیان راپۆرتیان لەسەر دەنووسین؛ بۆیە ئێمەی ئێزدیش لە یەك دەترساین و متمانەمان بە یەك نەمابوو؛ تەنانەت لە نێوان خۆشمان بە عەرەبی قسەمان دەکرد!

جیهانی داعش زۆر ناخۆشە دایەگیان. تەنانەت قوتابخانەشیان وەك خەڵك نییە. لەوێ خوێندن نۆ ساڵە. پێنچی سەرەتایی و دووی ناوەندی و دووش

هی ئامادەیی. جگە لە بەچکەشێرانی خیلافەت؛ لاوانی بەغدادی و کەتیبەی خەنسای کچانیشیان هەبوون.

لەو رەشستانە دایە؛ هەموو ئەوانەی دەرەوەی بازنە داعش کافرن، دوژمنن، دەبی بکوژرێن، سەریان لە لاشە جیابکرێتەوە و بە کۆیلە بکرێن.

چی بڵێم دایە، باوەڕدەکەی تەنانەت وانەی بیرکاریش جەنگی بوو! نموونەکانی باسی لە ژمارەی دەبابە و قەبارەی لوولەی کلاشینکۆف دەکرد. وانەی عەرەبی داوا دەکات وشەکانی (بۆمبا، پشتێندی مینرێژکراو) بخرێتە رستە. هەموو لاپەڕەکانی مێژووشیان وەك دەستیان، بەخوێنی دوژمن و نەیاران سوور بوو. بە کورتی جیهانێکی لیوانلێوە لە رق، قین، بێمتمانەیی و توڕەیی. منداڵ لە سێبەری دەوڵەتی داعش؛ چەکدارێکی تەمەن بچووکە، فەرخە دڕندەیەکی ددان ورِدی ئامادەیە بۆ کووشتن.

دواتر ئێمەیان بۆ ماوەی پێنچ مانگ؛ بردە سەربازگەی سلوك، ئەمجارەیان بۆ مەشقی سەربازی. رۆژەکان زۆر قورسبوون دایە. بەیانی زوو ئێمەیان بۆ نوێژ هەڵدەستاند، دواتر تۆزەك دەخەوتین و کاتژێر هەشتی بەیانی هەڵدەستاین؛ بەرچامان دەکرد و دواتر وانەی ئایینی، قورئان و عەقیدەمان دەخوێند. هەمووشی لەسەر جەنگ و جیهاد بوو. دوای نیوەڕۆ لە کاتژێر یەك تا پێنچ؛ بەرنامەی مەشقی سەربازی دەستپێدەکرد، لەسەر کلاشینکۆف و بە گوللەی راستەقینە. دەزانی دایەگیان لەم سەربازگەیە چییان فێرکردین؟ چۆنیەتی سەربڕین، یەکەمجار بوکەڵەیەکی لەوەی لە مەغازەکان جلیان لەبەر دەکەن هێنا؛ چۆنیەتی قژ گرتن و گەڕاندنەوەی سەر بۆ دواوە و دانانی چەقۆ لەسەر گەروو؛ دواتر بە دەم هاوارکردنی ئەڵڵاهو ئەکبەر؛ چەقوەکەی لە مل دەسووین و گەرووی دەبڕین. لە کۆتاییشدا سەرە بڕاوەکە لەسەر پشتی لاشەکە دادەنێین. باوەڕبکە دایە؛ وانەی دووەم بوو، کاتی فلیمی سەربڕینی دوو پێشمەرگیان بۆ لێداین؛ نازانم بۆ وینەیان وەك باوك و مامم هاتە بەرچاو! لە وانەی سێیەم تەرمی دوو پێشمەرگەیان هێناو لە پێشمان

سەریان بڕین. وای دایەگیان خوێن چەندە سەیرە. کاتێ سەری ئەم دوو لاشەیان لێکردەوە، وامدەزانی چەقو لە ملی من دەسووڕێ. سەری خاڵمە و لێدەکرێتەوە. تۆ بڵێی ئەگەر ئەم دوو لاشە هی کوردان نەبووایە؛ ئەوەندەم خەم لێدەخوارد؟ ئای دایە خوێنی کورد چەندە هەرزانە. لاشەی کورد چەندە بێ ڕێزە؟ تەنانەت دوای مردنیش؛ دوژمن سووکایەتیمان پێدەکات!

لەوەش سەیرتر دایەگیان، ئەرکی ماڵەوەیان بەو قوتابییە موسوڵمانانە دەدا، ئەوانەی دوای تەواوبوونی مەشقەکان؛ دەچوونە ماڵەوە؛ وەك ئێمەی بێ کەسوکار لە سەربازگە نەدەمانەوە. ئەرکەکە چیبوو؟ هەریەکەو حەربە و بوکەڵەکیان پێدەدا؛ تا لە ماڵەوە سەری ببڕن و بە سەربڕاوی بیان هێننەوە!

ڕۆژگارێکی ناخۆشبوو دایە. ئێمەی ئێزدی شەوانە بە کڕی بۆ بەختی خۆمان دەگریاین؛ نەماندەهێشت کەس پێی بزانی. تەنانەت لە پێش یەکتریش نەدەگریاین. ناڵێم دایە؛ متمانەمان بەکەس نەمابوو... تەنانەت بە خۆشمان!

بە تەواوبوونی ئەم ماوەیە، گوتیان ئێوە قۆناغی خۆسازکردنتان تەواوکرد، ئێستا مەشقی سەربازی چڕ دەبینن. ئێوە لە ئامادەکارین بۆ جەنگ. ئەوەبوو ئێمەیان بردە ڕەقە و لەوێ مەشقی سەربازی تەواو دەستپێکرد. لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو. هاژووتنی ماتۆرسیکل و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستیی. هەڵگرتنی پشتێندی مینڕێژکراو؛ بە شێوەی پەنهان و تەقاندنەوەی، دانانی مین، ئەنجامدانی بۆسە و کەمین، مەشقی سەربڕین و مەشقی هێرشبردن بە گوللەی ڕاستەقینە.

بیرمە جارێکیان زۆر ساردبوو، ئێمەیان بردە گۆڕەپانی تیر ئەندازی و نیشان شکێنی. مامۆستاکە گوتی: " وابزانن ئەوەی بەرامبەرتان کافرێکی ئێزدیە و دەبێ گوللە بە تەختی نیوچاوانی بنێن!" . دەلحاز وێنەی باوکم هاتەسەر ئامانجە لە دار درووستکراوەکە؛ چەندی کردم و کردم کەچی پەنجەم نەچووە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکە. کاتی بینیم مامۆستاکە لە دوورەوە و بە توڕەیی بەرەو رووم دێت؛ لە ترسان چاوەکانم داخست و تەقاندم... زۆر داوای

لێبووردن لە باوکم دەکەم. ئەوشەوی تا نزیك بەیانی لە ژێر پەتوەکە گریام؛ وەك ئەوەی تاوانێکم ئەنجام دابێت.

دوای شەش مانگ ئەو برا شێتەم، کە کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەوان؛ لەسەر داوای خۆی چووە بەرەکانی جەنگ، دواتر بۆی گێڕامەوە؛ کە پەیوەندی بە کەتیبەی ئەبو موعتەزی قورەیشی کردبوو لە حەما. لە یەکەم رووبەڕووبونەوەدا سوپای سوری بە چل تانك هێرشی کردبووە سەریان؛ لە ئەنجامی شەڕێکی قورس؛ تەنها چواریان لە ژیان مابوونەوە لە کۆی چل منداڵ! دواتر لە شەڕی باب دژی قەڵغانی فوراتی سوپای تورکیا؛ بەشداری کردبوو. بۆی گێڕامەوە کە فەلاح ناوێکی خەڵکی تەل قەسەب کوژرا، کە دوو ئامۆزای ناوی خۆیان بە خۆکوژ تۆمار کردبوو، دواتر خۆیان بە سوپای عێراقی لە موسڵ تەقاندەوە.

دەزانی دایە، ئەم کوڕە بچووکە ناسکەت وەك خۆی نەماوە، داعش کردبوویە ئامێرێکی ساردی کوشتن. نیشانە شکێنێکی مەعلان، هاوەن هاوێژێکی لێزان. ئەو باوەڕی بە داعش کردبوو؛ پێی وابوو سوپای خیلافەت هەموو دونیا ئازاد دەکات و دەگاتە رۆما! هەرچی منم، باوەڕم بە هیچ لەو شتانە نەبوو. شەوانە لە خەو لەگەڵ تۆ، باوك و خوشکەکانم دەگەڕامەوە کۆچۆ، تۆپێنم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد. دەچووینەوە لالش، لە کانی سپی دەمووچاوت دەشووشتم و خاوێنت دەکردمەوە. ئاوە زولالەکەی زەمزەمت دەرخواردەدام.

دوو ساڵ لە سەربازگە مامەوە؛ دواتر لەگەڵ هەشتا کەس دەرچووم. زۆرم پێخۆشبوو کە لە کۆتاییدا لە سەربازگە دەچمەدەر. گرنگ نییە دەچمە جەنگ؛ گرنگ ئەوەیە ئازاد دەبم. ئەوجا کامە ئازادی؟ لەبەر بێکەسی و بێجێوشوێنی لە مزگەوتەکان دەنووستم. یەك پوولم پێنەبوو. بەردەوام سەمون و چایەم دەخوارد. ئێمە کۆمەڵە منداڵێکی ئێزدی بووین؛ دوای دەرچوون بە ناچاری بەگەل هێزەکان کەوتین. چون هەر هێزێك چەندین منداڵی لەگەڵ

بوو؛ زۆربەی کات کاری سەرکێش یان خۆکوژییان پێ ئەنجام دەداین.

باوەڕبکە دایە، زۆرێك لە هەڤاڵانم هزری داعش ئاوا لە مێشکی دابوون، خۆیان بۆ کاری خۆکوژی ناونووس دەکرد؛ یان لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بوون. یازدە ئێزدی لەگەڵ من دەرچوون؛ لەوانە دەیان خۆیان تەقاندەوە یانیش کوژران. کەچی من بەردەوام سپاردەکەی تۆم دەهینایەوە یاد و خۆم لە دەست نەدا.

دەزانی دایە؛ زۆر چیرۆکی سەیرم لایە! ئەوەی هەڤاڵەکانم لە سەربازگە و بەرەکانی جەنگ بۆیان گێڕاومەتەوە؛ تەنها لای تۆی دەدرکێنم. باوەڕبکە کاتی ئەو بەناو رۆژنامەنووس، توێژەر و نووسەرانە دێن؛ حەزناکەم قسەیان بۆ بکەم. چون هەموو شتێکیان لێمان دەوێت و هیچ شتێکمان بۆ ناکەن. هەر چیرۆکە ناخۆشەکانمان پێ دووبارە دەکەنەوە؛ دواتر بە ناوی خۆیانی بڵاو دەکەنەوە و ریکلام بۆ خۆیان دەکەن؛ بێخەبەر لەوەی ئەم چیرۆکانە وەك برینێکی سارێژنەکراون، لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەك؛ قەتماغەی سەریان هەڵدەڕوشێ و دووبارە خوێنی لێ دەچۆرێ!

دەزانی دایە گیان؛ لە یەکێك لە گوندەکانی حەویجە؛ داعش کۆمەڵە منداڵێکی وەك پاسەوان بەسەرچەند خاڵێك دابەشکردبوو. ئەوانیش بە هزری منداڵی خۆیان؛ خاڵەکانیان جێهێشتبوو و خەریکی یاری تۆپی پێ بوون. دواتر مەفرەزەیەك بەوێدا تێپەڕیبوو، شەشیان لەوانەی یاریان دەکرد بەندکرد؛ دواتر هەریەکە و بیست جەلدەی لێدرا؛ ئەمە جگە لە خاوەن بیرۆکەکە، ئەو پەنجا جەلدەی خوارد. چون تۆپێن یاری منداڵانەوە ناکرێت موجاهیدی راستەقینە؛ لە کاتی جیهاددا یاری بکات!

لە شوێنێکی دیکە؛ تۆماس و کۆمەڵە منداڵێکیان لە دوای مەشقکردن؛ گواستبوویەوە شوێنێنکی دوورەدەست بۆ پاسەوانی. دوو هەفتە هیچ جۆرە خواردن و خواردنەوەکیان پێ نەگەیشتبوو. لەم ماوەیەدا؛ رۆژانە تەنها دوو خورما و پەرداخێك میزی خۆیان دەخواردەوە!

دەزانی دایەگیان؛ ئەم منداڵە بەستەزمانە هەشت ساڵانەیان کردبووە ئامێری کوشتن، بە تەمای ئەوەبوون کارێکی خۆکوژی پێ ئەنجام بدەن، بەڵام بەر لە ئەنجامدان؛ فڕۆکە لەو باڵەخانەی دا؛ کە تیایادا گردبوبوونەوە لە موسڵ؛ داعشەکان بە جەهەنەم موشەرەف بوون؛ تۆماسی بچووکیش بریندداربوو. هههههە (پێکەنین) ببورە دایە؛ بەڵام دەزانی بەچی پێدەکەنم؟ کاتی سوپای عێراقی تۆماسی لە ژێر داروپەردووی باڵەخانە دارمیوەکە دەرهێنا؛ خەریکی سارێژکردنەوەی برینەکانی بوون؛ لێیان پرسی چیت دەوێ؟ دەزانی داوای چیکرد؟ داوای پیپسی کرد؛ باوەڕ دەکەی؟ نازانم پێبکەنم یان بگریم؟ ئاخر ئەو منداڵە و هیچ لە جەنگ، مردن و کاولکاری نازانێ... ئەفسوس بۆ منداڵیەتی ژێر ئاڵای داعش.

جارێکێکیان دوو برای ئێزدی هەوڵی راکردنیان دا و سەرکەوتوو نەبوون، زۆر ئەشکەنجەدران، لێیان درا، رۆژانە چەندین کاتژێر سەریان دەخرایە نێو توالێت. ئاگاداربووم گەورەکە بەردەوام سەری بە توندی لە دیوار دەدا؛ لە ئاست ئەو ئازارەی بینیوویانە. نەمدەزانی بۆ وادەکات و بەترسەوە لە خۆمم دەپرسی دەبێ لاقە نەکرابن؟ چون جاری واهەبوو دەیگوت: " نازانم بۆ نامرم ... بۆۆۆ؟" . دووبارە بە توندی سەری لە دیوارەکە دەدا!

بیرمە دایە، هههە (پێکەنین)ببورە کە دووبارە پێدەکەنم، چەند منداڵێکمان لەگەڵ بوو لەسەربازگەی سلوك. کاتی فڕۆکەی هاوپەیمانان بە شێوەیەکی نزم بەسەر سەرمان دەفڕین؛ بە دوایان دەکەوتن و بە دەست سڵاویان لێدەکردن؛ ئاماژەیان بۆ دەکردن بەڵکو رزگارمان بکەن. لەوکاتەدا داعشەکان بە پێکەنین دەیانگوت: " خۆتان ماندوو مەکەن، کەس لە دەست ئێمەتان رزگار ناکات!" . منیش بە هێمنی سەیریانم دەکرد و زمانحالم دەیگوت: " خۆتان ماندوو مەکەن، ئەوانە داعشیان درووستکردەوە؛ نە بوردومانیان دەکەن و نە لەسەر ئێمە دێنە وەڵام. ئاخر کاتی لە کۆچۆ باوکم، مام و خاڵەکانم تیرباران کران. بیرمانە فڕۆکەکان بەم شێوەیە؛ بە نزمی بەسەر گوندەکە دەسوڕانەوە و جگە

له سەیرکردن؛ هیچیان بۆ نەکردین!" .

لەوە سەمەرەتر دایە گیان، جارێکیان سێ دیلی کوردیان هێنایە شاری یاری دێرلزور، بە دەست بەستراوی خرانە بەردەم سێ منداڵ، دووانیان سەریان بڕا و ئەوەی دیکە بە دەست منداڵێکی چوار ساڵان؛ بە دەمانچە کوژرا! جارێکی دیکە دوو روسیان هێنا؛ گوایە سیخوڕی دەکەن، لە بەردەم خەڵك منداڵێکی تەمەن کەمتر لە دەساڵانیان هێنا؛ لە نێو ئاپۆرای تەکبیرات و هاندانی خەڵکەوە؛ بە دەمانچە هەردووکی کوشتن. باوەڕبکە دایە گیان ئەم تاوانەیان بە هەموو کەس نەدەسپارد، بەڵکو بە پاداشت دەدرا ئەو منداڵانەی؛ کە لە مەشقکردن سەرکەوتوو دەبوون، یان ئەو هەتیوانەی؛ باوانیان لە جەنگ بە بۆمبای فڕۆکەکان کوژرابوون، لەم تەمەنەوە تۆوی تۆڵە و رقی نەیارانیان؛ دەخستە نێو ئەو دڵە بچووکە بێگەردەیان!

دەزانی دایە گیان؛ سەرباری ئەم هەموو وانە و مەشقە؛ بەڵام ئێمە وەك منداڵە ئێزدی دوو بەش بووین. ساواکان (ئەوانەی وەك برام) باوەڕیان بە بیری داعش کردبوو، بە حەماسەتەوە لە جەنگ بەشدار دەبوون. دەکرانە خۆکوژ؛ ئەوەتا هەردوو برا ئەمجەد و ئەسعەدی خەڵکی تەلقەسب خۆیان بە هێزە عێراقیەکان لە موسڵ تەقاندەوە. تەنانەت هەندێ منداڵ لەگەڵ دایکەکانیان رایان نەکرد؛ بە نێوی ئەوەی کە نایانەوێ بگەڕێنەوە نێو کافران! تا رادەی ئەوەی هەندێکیان؛ هەڕەشەیان لە خزم و کەسیان دەکرد و پێیان دەگوتن: "ئێمە نایێینەوە و ئەگەر قاچاخچی بنێرن هەواڵیان لێدەدەین... خۆتان ماندوو مەکەن؛ شوکور بۆ خودا ئێستا ئێمە موسوڵمانین؛ شەرت بێت دەستمان پێتان بگات؛ سەرتان لە لاشە جیا بکەینەوە؛ ئەی دێوپەرستینە!" . هەرچی ئێمەی هەراشترین، دەمانزانی مەسەلەکە چۆنە؛ ئێمە ئێزدین نەوەك موسوڵمان؛ کوردین نەوەك عەرەب؛ خەڵکی چیاین نەوەك بیابان نشین، هزرمان پاکە و هیچکات بیری غەز و تاڵان؛ کارمان تێناکات.

باوەڕدەکەی دایەگیان، کاتی پلانی راکردنم دارشت؛ سەرەتا نەوێرام بە

برای بچووکم بڵێم، بەڵکو گوتم با بچینە ئاهەنگێکی ژن گواستنەوەی هاورێیەکمان، دواتر کە گەیشتینە شوێنی ئازادی دوور لە قەڵەمڕەوی داعش؛ تەنها ئەکات تێمگەیاند و بە دووان بەرەو تەرکیا رامانکرد؛ بە یارمەتی خزمان گەیشتینەوە نیشتیمان، ئێستا لە کوردستان نیشتەجێی کەمپێکی بێ نازین. هەرچەندە زۆر لە کەمپەکانی مەشقی داعش جیاوازتر نییە؛ بەڵام لێرە مەشق و نوێژی زۆرەملی نییە!

بەڵێ دایە؛ لە کۆتاییدا توانیم براکەم بێنم و بگەڕێینەوە، بەڵام بمبورە کە گۆشەگیرین و ناتوانین ئاوا زوو؛ ئەزمونی تاڵی ئەم سێ ساڵە تێپەڕێنین... پێویستمان بە کاتی زیاترە دایە.

دەزانی؛ هەرچەندە ئێستا لە نێو خزم و کەسی خۆمانم؛ بەڵام زۆر بیرتان دەکەم. بۆ ئەو رۆژانە دەگریم کە بە یەکەوە لەسەر یەك خوان نانمان دەخوارد. گرنگ نەبوو لەهەر کوێیەك راکشابام و خەوم لێکەوتبا؛ چون کاتی چاوم دەکردەوە؛ خۆم لەنێو پێخەفەکەم دەدیتەوە. چاك دەزانم هەرگیز کاتژێرەکان ناگەڕێنەوە دواوە؛ هیچ شتێك وەکو بەر لە سێی تەباخی لێنایەت. زۆر ئەستەمە ئەوەی بەسەر ئێمە هات لە هزرم دەرچێ. من باشترم؛ بەڵام براکەم کاتی زیاتری پێویستە؛ زوو تورە دەبێت. کاتی پرسیاری لێدەکرێت بە گوومانەوە وەڵام دەداتەوە؛ لە کاتی قسەکردندا چاو دەگێڕی و بەردەوام گۆشەگیرە.

خەمت نەبێ دایە؛ من لەگەڵیم و یارمەتی دەدەم. دەزانی رەوشی ئەو لە زۆران باشترە. منداڵێکی حەوت ساڵان دەناسم؛ هەرچەندە هاتۆتەوە؛ کەچی ئێستاش کاتی تورە دەبیت؛ جوێن بە ئێزدیان دەدات و بەکافر ناوزەدیان دەکات! یەکێکی دیکەی هاوتەمەن؛ دوای هاتنەوەی و تا دوو مانگ؛ رۆژانە چەندین جار دەست نوێژی هەڵدەگرت و خاولی رادەخست و نوێژی دەکرد! نوێژی چی؟ هەندێ وشەی عەرەبی و کوردی لەبەرەخۆی دەگوتەوە. منداڵێکی دیکەی چوار ساڵان؛ ئێستاش کاتی مۆبایلی بەرامبەر رادەگرن،

وادەزانی وێنەی دەگیرێ و پەنجەی شایەتمانی بەرزدەکاتەوە؛ بە پێکەنین هاوار دەکات (باقیە) چون فێرکرابوو دوای گوتنی (دەولەتل ئیسلام) وا بڵێ.
پێویستە ئەم دەمارە داعشیە؛ لە نێو هزری ئەم مندالانە لە رەگەوە دەربهێندرێ. نەوەك لە داهاتوودا ئەوانە دەبنە خەنجەرێکی چەقیو لە پەراسوو، بۆمبێکی کاتی سووتێنەر و بە رووی هەمووان دەتەقنەوە.

دەزانی دایە؛ لەو هەموو ناخۆشیە چی فێربووم؟ خوێن بە خوێن و تۆڵە بە تۆڵە چارەسەر نییە. ناکرێ ئەو مندالانەی باوانیان داعشین؛ بە سزای ئەوانەوە بچن و تۆڵەیان لێبکرێتەوە، چون ئەوکات هیچ جیاوازیەکمان لەگەڵ ئەوانەوە نابێت؛ ئەم گێژەلووکەی کوشتن بەردەوام دەبێت. باشتر وایە هەوڵبدەین برینەکان سارێژ بکەین، لە شوێن هەر دڵۆپە خوێنێکی سووری سەر زەوی؛ لالەیەکی سور بچێنین. لە شوێن هەر مینێك؛ نەمامێك بروێنین. لە شوێنی کارگەی تەقەمەنی؛ کارگەیەکی بەرهەمهێن؛ لە شوێنی هەر سەربازگەیەك؛ قوتابخانەیەك و لە شوێنی هەر عەمبارێکی چەك؛ باخچەیەك سازبکەین. پێویستە خۆشەویستی بلاوکەینەوە؛ جلی رەشی ئەهریمەن بدرین و هی ئالاو والا بپۆشین. لە شوێنی هەوری رەش و ئالارەشەکان؛ کۆلکە زێرینە درووست بکەین و پەنچەرەکان بکەینەوە... چی؟ دەڵێی ژیربووی و قسەی جوان دەکەی؟ ئەو ئەزموونەی پێی تێپەریم؛ منی داتاشی و کردمیە مرۆڤێکی نوێی دایە گیان. دەزانی لەوەش زیاتر چییە؟ دەستم بە نووسین کردەوە؛ تا دەنگی گەلی ئێزدی بە هەموو جیهان بگەینم؛ نەهێڵم چیتر فەرمان بکرێتە سەرمان... هەموو شەوێکیش ئەم نامە بێ ناوونیشانەت بۆ دەنووسم و دەزانم ناگات.

روحت شاد دایە گیان؛ واژوو سەیفی کورە خۆشەویستەکەت نەوەك سەیفی عێراقی؛ وەك ئەوەی داعشیەکان بانگهێشتیان دەکردم. چون من ئێزدیم و شانازی بەم ناسنامەیەم دەکەم؛ دادێ...

## (74)

# زۆر پەشیمانم

- توخـوا دایـە گیـان گـوێم لێبگـرە و مۆبایلەکـە دامەخـە. بـەخوا پەشـیمانم... زۆریـش پەشـیمان! بـەڵێ دایـە مـن کـوڕی تـۆم؛ ئـەو نـازدارەی کـە تـا نیـوەڕۆ دەخـەوت، خـواردنی دوێنـێ نـەدەخوارد. بـۆ گۆڵێکی یاری کلاسیکۆ دونیای دەهێنایە هەژان. کەچی ئێستا لـە رەقـە نانـە رەقـە دەخـۆم و هـەر دەبـێ گـوێی لـە درۆ و دەلەسـەکانی داعـش بگـرم. مـەگری دایـە گیـان و گـوێم لێبگـرە. ئـەوە مـنم کـە پێویستە بگریم بۆ تەمەنی بە هەدەرچوو. بۆ ئاواتی بە با رۆیشتوو، بۆ ئەو ئایینەی کە وەك شیری تۆ خاوێن بوو، کەچی بە بیری پـووچ و کردەوە قێزەوەنەکان بۆگەنمان کرد.

کـاتی ئامۆژگاریـەکانتم بیردێتـەوە دایـە گیـان؛ خـۆم دەخـۆم. کـاتی هەوڵەکانی باوکمم دێتە بەرچاو؛ ئەوەی دەیکرد بۆ دوورخستنەوەم لـە بـرادەرە تونـدڕەوەکانم؛ دەگـریم. ئـاخر منێکـی دەبـەنگ چـۆن وا زوو باوەڕم بەم پـەڕگیرە بێ سـەوادانە هێنـا؛ بـە ریشـی درێـژ و دشداشـەی کورتیان هەڵخەڵەتام! وامزانی ئەوان لەسەر بەرنامەی پەیامبـەر دەڕۆن؛ نـەمزانی ئەوانـە بانگیـاری دەرگـای دۆزەخـن؛ خۆیـان و ئێمـەش بـە فەتارەت دەدەن.

کـاتی هـاتم وامـدەزانی بـەرەو شـاری پەیامبـەر؛ بـەرەو یوتوبیـای ئەفلاتون و مەدینە فازیلەکەی ئیبن روشد دێم. نەمزانی فریـودراوم و بـە پێـی خـۆم دێمـە جەنگڵسـتانی بەغـدادی و دیسـتۆبیای داعـش.

مەگری دایەو گوێم لێبگرە؛ ئێمە هاتبووینە ئێرە تا نەخشەی جیهان بگۆڕین. ستەم لابدەین و دادپەروەری بڵاوبکەینەوە. کەچی جیهانمان نغرۆی ستەم و تاوان کرد.

نەخێر دایە گیان ئەوانە برای من نین؛ ئەوانە بکوژ، تاوانبار، بەدڕەوشت، نەفام و شێتن. ل ەهەموو جیهان هاتوون و لێرە کۆکراونەتەوە. تەنانەت یەك بەهرەمەند یان بیرمەندیان لەگەڵ نییە. بە کورتی گەلە گورگێکی نامەردن؛ بەرازێکی مخەنەت سەرکردایەتیان دەکات. ئاخر سەرباز بوون لە لەشکرێکی لەمجۆرە چ دڵخۆشیەکی پێوەیە دایە گیان؟

ئەوەتا نەخوشێکی دەروونی و دوای کووشتنی مامی لە لیبیا؛ لە دەست یاسا رادەکات و لێرە خۆمان لێدەکاتە موجاهید. بە نێوی ئەبو جیهاد منداڵە ئێزدییان ئەشکەنجە دەدات و دەکوژێ! راب بێژێکی بریتانی بە رەچەڵەك میسری؛ دێت و لێرە رۆژنامەنووسان سەردەبڕی. راب بێژێکی دیکەی ئەڵمانی بە رەچەڵەك ئەفریقی؛ دێت و خەڵك دەکوژی. ئەوەتا قوتابییەکی یاسا؛ کە لە میسر خەریکی سوشیال میدیا و لەشجوانی بوو؛ لێرە دەبێتە سەربڕ و لە شەقامەکانی موسل بە سواری ئەسپەوە خۆی نمایش دەکات؛ وادەزانی ئەبو فیراسی حەمدانییە! ئەوەتا هەندێ هەوەسبازی ئۆروپی و دوای ئەوەی بۆی فرێندەکانیان وازیان لێهێناون؛ هاتوونەتە ئێرە؛ تا بە زەواجی نیکاح جەستەیان تێربکەن!

چی بڵێم دایە؟ لێرە جگە لە دەنگی چەك هیچ دەنگێك بەرز نابێتەوە، هاواری( هاتووین تا سەرتان ببڕین) لە سەدای قورئان و فەرموودە و هزری مرۆڤایەتی بەرزترە. ئەوانە پەیڕەوی هیچ ئایین یا نەریت یاخود یاسایەك ناکەن. هەر بەدوای سرووشت و خووی کوشتن، تالان و سێکسن. تاکە ئایەت لە قورئانی پیرۆز کە پەیڕەوی دەکەن؛ هی

سەربڕینە. ئەویش بە هەڵە تێگەیشتوون و بۆ مەرامەکانی خۆیانیان شێواندووە.

ئەوەی لێرەیە چادری موسوڵمانان نییە، بەڵکو تێکەڵەیەکی ناوازەیە لە پەڕگیر، بەعسی، قەومی، دز، جەردە، بکوژ، هەوەسباز، نەخۆشی دەروونی، خەڵکی خێڵەکی و سیخوڕی وڵاتان. بە کورتی داعش قەزانێکی رەشەو چێشتێکی بۆگەن لە خۆوە دەگرێت؛ ئەوەی هیچ گەدەیەکی ساغ هەڵیناگرێت... تەنانەت لە رشانەوەی سەگیش گڵاوترە.

چی دایە؟ بۆ ناگەڕێمەوە؟ ئۆف ئۆۆف؛ دایە گیان من کەلکی گەڕانەوەم نەماوە، وەك سەگێکی سپڵەم لێهاتووە؛ کە بە نەزانی گوندی جێهێشت و بەگەڵ مێگەڵە گورگێکی هار کەوت؛ سرووشتی گۆشت خواردنی هەڵگرتووە؛ نەدەتوانی بگەڕێتەوە گوند و نە تاقەتی بەردەوامبوونی ماوە.

ناتوانم بێمەوە دایە، ببورە کە بەم شێوەم لێهاتووە، نەخوا لێم خۆشدەبێت و نە خەڵکیش لێم رازی دەبن. دەبی مۆبایلەکە داخەم دایە. ببورە و بەخوا زۆر پەشیمانم لەسەر هاتنم بۆ ئێرە؛ بەڵام پەشیمانی داد نادات. دەست و پێی خۆت و باوکم ماچ دەکەم... ئاگاداری خۆتان بن و نزای خوالێخۆشبوونم بۆ بخوازن. (مۆبایلەکە دادەخات)

ئای ئەبو عەبدولرەحمانی سعودی چیت لە خۆکرد؟ کامە زونگاوە ئەوەی لێرە لە رەقە تیایدا چەقیوی؟ تۆ لەپێناو سەرخستنی ئایینی پەروەردگار هیجرەتت کرد بۆ سوریا؛ کەچی لێرە بوویە سەربازێك لە سوپای ئەهریمەن و رزگاربوونت بۆ نییە. ئەفسوس بۆ ئەم هەموو نزا و پەرستشکاریە؛ ئاخر من سی و سێ ساڵە خودا دەپەرستم و نزای دۆزینەوەی راستە رێگا دەکەم؛ کەچی لە کۆتاییدا سەرم لە خۆم شێواند و بەگەڵ خەواریج کەوتم.

چیت بە خۆت کرد هەی نەفام؟ بیرە تەسك و رایە پەڕگیر و

توندڕەویەکەت تۆی بە کوێی گەیاند؟ خەونت بە جیهاد و ڕزگار کردنی نیشتیمان دەبینی؛ کەچی بوویە دار دەستی بێگانە بۆ تێکدانی وڵات و کووشتنی موسوڵمانان.

نەخێر؛ من نەمدەزانی شەڕ دژی موسوڵمانان دەکەین، وایان تێگەیاندبووین کە دژی کافر و هەڵگەڕاوان دەجەنگین، بەڵام سەرجەم کوژراوەکانی دەستمان موسوڵمانن. هەر بۆ کوێی چاو دەگێڕم هەموو لایەنەکانی جەنگ موسوڵمانن. ئەمریکا چەکمان پێدەدات؛ رووسیا بە شەڕمان دێنێ و جوولەکەش پیلان پێدەکەنن. بەڵێ؛ ئەوان داعشیان درووستکرد و ئێمەیان تەفرەدا.

ئاخر گەمژەیەکی وەك من هاتبوو دژی ئەمریکا بجەنگی و قەوارەی زایۆنی لەناو ببات، هاتبوو ئاڵای یەکتاپەرستی بەرز بکاتەوە. کەچی بە چەکی ئەمریکی موسوڵمانمان کوشت، بە فیتی ئیسرائیل وڵاتمان خاپوور کرد، بە تەڵەکەی ئێران نیشتیمانمان نغرۆی خوێن کرد؛ ئاڵایەکی رەشمان بەسەر ئەو کەلاوەیە شەکاندەوە؛ ئەوەی پێی دەگوترێ جیهانی ئیسلامی.

ئێمە وەك کەرێکی دێزەی رەش؛ لووشکەمان بە هەموو لایەکدا هاویشت. تۆ بڵێی ئەم هەمووە هەڵەبن و تەنیا ئێمە راست بین؟ شیعە دەستی ئێرانن، نەسیری سیخوڕن، کوردستان ئیسرائیلی دووەمە، سوننە نۆکەری ئەمریکان و ئێزدیش دێوپەرستن؟ تۆ بڵێی ئەوەی ئێمە دەیکەین، بنیاتنانی دەوڵەتی خیلافە بێت؛ لەو کاتەی کە تەنیا موسوڵمان دەکوژین و تا ئێستا یەك گوللەمان بە ئەمریکا، ئیسرائیل و ئێران نەناوە؟

بەڵام من چیبکەم؟ نەخێر نەخێر... شایستەی هەموو ئەوەم کە بە سەرم هاتووە. منێك کە دەرچووی کۆلیژم و لە باوانێکی رۆشنبیر و بنەماڵەیەکی دیارم، چۆن وا بەئاسانی تەفرە درام! خۆم دایە دەست ئەو نەفامانەی کە لە غەیری ئایەتەکانی مایەی رای جیاواز، فەرموودەی تاك و سوودەکانی میزی حوشتر، هیچ نازانن؟ دەك هەق مستت بێت گەمژەی پەڕگیر. ئەی

ئەوەی بە دوای بیری تەسکی بیابان کەوتی، لە جیهانێك کە ئاسمانی بە سەتەلایت تەنراوە. لەو کاتەی شێخم دەیگوت: " هەموو ئەو قسانەی باس لە چوونە سەرمانگ، خرِی زەوی، ئەستێرە و هەسارەکان دەکرێت درۆن. زەوی رووتەختەو لە شوێن خۆی جێگیرە؛ خۆریش بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە!" .

ئاای داعش، واای بەغدادی؛ ئەوەی ئێمە بەم سێ ساڵە بە جیهانی ئیسلامیمان کردووە، ئیسرائیل حەفتا و پێنج ساڵە پێی نەکراوە. ئەوەندەی ئێمە خەڵکمان لە خوا دوور خستۆتەوە، ئەهریمەن بە درێژایی مێژوودا پێی نەکراوە. ئاخر ئێمە لە سوپای مەغول خراپترین. هۆلاکۆ تەنیا دجلەی بەخوێنی موسوڵمانان سوورکرد. لەوکاتەی ئێمە دجلە، فوراِت، عاسی، لیتانی، کەنداو و دەریای سپیمان نغرۆی خوێنی موسوڵمانان کرد.

- دایکی میلان لە کوێی؟ وەرە ئێرە. دەزانی چییە؛ منداڵەکانت بخەوێنە؛ چەند قسەیەکم هەیە لەگەڵتی بکەم، وابزانم کاتیەتی!
- باشە، بەلاَم مەودام بدە. لە مرووزە گرژەکەت هەست بە پەشێوی دەکەم؛ کەمم پێدەچیت و دەگەڕێمەوە.

دەزانن، هەر چەندە سەیری ئەم ئافرەتە ئێزدیە دەکەم؛ پووچی خۆمان و بۆشی بیرۆکەکەمانم دێتەوە یاد. ئاخر ئەم بەستەزمانە خێزان، هاوسەر و ماڵی خۆی هەبوو. ئێمە چووین و هەمووومان تێکدا، وێرانکرد و کوشت. بەر لە سێ مانگ خۆی و پێنج منداڵەکانیم بە چوارسەد هەزار دینای عێراقی لە ئەبو ئیبراهیمی سوری کڕی. توخودا ئەوە ریسوایی نییە؟ شەش مرۆڤ بە نزیکەی سێ سەد دۆلاری ئەمریکی؟ ئاخر ئەم تاوانەشیان بە نێوی ئیسلام پەردەپۆشکردووە؛ گوایە سەبیکردن سونەتێکی پەیامبەرە. بێخەبەر لەوەی هەڵسووکەوتێکی جاهیلیە؛ کاتی ئیسلام نەیتوانی بە جارێك بنبڕی بکات چون ببوە کلتور. چەندین چارەسەرە رێگەی دانا بۆ ئازادکردنی مرۆڤەکان؛ وەك سەرەتایەك بۆ نەهێشتن و قەدەغەکردنی کۆیلایەتی بە یەکجارەکی.

کاتی مرۆڤ دەبێتە داعش. لەگەڵ پۆشینی جلی ڕەش، بیروباوەڕی ڕق دەخەنە دڵی؛ تا ڕەش بێت. چاویلکەیەکی ڕەش دەخەنە سەرچاوی؛ تا دونیا بە ڕەشی ببینێت و هیچ تروسکایەك لە دڵ و چاوی نەمینێت. ئەوە نییە چەکدارەکانی بە دڵێکی سارد خەڵك دەکوژن؟ بە دڵی سارد؟ بەڵکو بە جۆش و خرۆشەوە؛ وەك ئەوەی عیبادەتێك ئەنجام دەدەن. ئەدی ئەوەنییە گەمژەیەکی خەڵکی تەبقە، بە فیتی داعش و لەبەرچاوی خەڵك، لە ناوەڕاستی شاری ڕەقە و دوای نوێژی هەینی؛ دایکی خۆی کوشت؛ چون داوای لێکردبوو واز لە داعش بێنیت!

- فەرمو ئەبو عەبدولرەحمان؛ ئەو کارە گرنگە چییە کە دەتەوێ لامی بدرکێنی؟
- باش گوێم لێبگرە دایکی میلان. بەم نزیکانە کردەیەکی خۆکوژی ئەنجام دەدەم و تۆ ئازاد دەبیت.
- جا بۆ وادەکەی بۆ؟ تۆ جارەك گەنجی و کێ منەتی بەم کارەی تۆ هەیە؟ بۆ جەرگی دایکت دەسووتێنی؟ ئەو دایکەی بەردەوام مۆبایلت بۆ دەکات و چاوەڕوانتە؟ کەسی وەك تۆ گوناهە بمریت، ماوەیەکی درێژە لێرەم و کەسم بە باشی، میهر و تێگەیشتنی تۆ نەدیوە.
- لێمگەڕێ باسەکەت بۆ تەواو بکەم. جارەك من هیچ جیاوازیەکم لەگەڵ ئەوان نییە. منیش داعشم و سەگێکی بەغدادیم، گەر وانەبووایە ئەسڵەن لێرە چیم دەکرد؟
- وانییە؛ تۆ زۆر جیاوازی، باوەڕبکە ئەو سوریەی بەر لە تۆ لای بووم، بەردەوام سووکایەتی پێدەکردم و بە سەبییە ناوی دەبردم. بەردەوام لە میلانی دەدا؛ چون منداڵبوو و زمانی عەرەبی نەدەزانی تا قورئان ئەزبەر بکات. ئەوە بێجگە لە هاوسەرە دڵڕەقەکەی؛ کە زۆر بە توندی لە هەر پێنچ منداڵی دەدام؛ بە منداڵە کافر بانگی دەکردن. باوەڕبکە، ڕۆژانە دوو ژەمی زۆر کەم خۆراکی پێدەداین؛ بەردەوام

منداڵەکان لە برسان دەگریان؛ ناچار هەموو دەم بەشی خۆم بە وان دەدا. تۆ خۆت بە ئەبو ئیبراهیم بەراورد مەکە، دەزانی ئەم بێبەزەییە چۆن سووکایەتی پێدەکردم؟ چەندین جار ئاگادارم کردبۆوە؛ لە بەردەم منداڵەکان نزیکم نەکەوێتەوە. کەچی ئەو دڕندە گوێی بە هیچ نەدەدا؛ بەردەوام لە بەردەم منداڵەکان لاقەی دەکردم. باوەڕبکە، لەوکاتانە حەزم دەکرد بمرم و منداڵەکان ئەم دیمەنە نەبینن. نازانم ئەمە چ مرۆڤێك بوو، بەڵام لێرە لەگەڵ تۆ باشترین. تۆ ئازارمان نادەی و بەردەوام لە بەرەکانی جەنگی؛ مانگانە چەند رۆژێك لە ماڵی. زۆرجار بیر لەو جیاوازیە دەکەمەوە، دەکرێ دوو جۆر ئیسلام هەبێت؟ هی تۆ و هی ئەوان؟ باوەڕبکە کاتی خۆی کە باسی ئیسلام و موسوڵمانان دەکرا، زۆر رێزمان لێیان دەگرت. چون ئەوان باسی دادپەروەری، شەرف، راستگۆیی و ئازادیان دەکرد. کەچی ئەوەی لە سێی تەباخ بینیمان؛ رێك پێچەوانەی ئەم هەموو شتە بوو. پێم بڵێ مەسەلە چییە؟

- نەخێر؛ خوای یەك ئیسلام هەیە، ئەوەی کە پەیامبەر موحەممەد دروودی خوای لەسەربێت هێناویەتی. ئەوەی خوێنی مرۆڤی پێ لە کەعبە گەورەترە. ئەوەی ئاژەڵیش بە نەتەوە دەزانێت و ئەشکەنجەدانیان قەدەغە دەکات. ئەوەی هانی کاری چاکە، راستگۆیی، دادپەروەری و دامێن پاکی دەدات. هەرچی ئەوەی لەمەڕ ئێمەیە ئایینێکی دیکەیە؛ بەر لە هەزار و چوار سەد ساڵ هاوتەریب لەگەڵ ئیسلام رۆیشتووە. کۆمەڵێك لادەر و خەواریج دایانهێناوە. ئەوجا هەر ماوەیەك؛ بە ناوێك و لەسەر دەستی پەڕگیر و توندڕەوێك زیندوو بۆتەوە. ئایینی ئێمە داعشە؛ چوار پیت کە چوار وڵاتی کاوڵ کرد. دالەکە؛ دزی، دەمەڵ، داپڵۆخان، دەرد، دەستی دەرەکی، دڕك، دۆڕان و دووژمنە. ئەلفەکە؛ ئەرژەنگ، ئاهوناڵە، ئاگر، ئاژەڵبوون، ئاستەنگ، ئاژاوە، ئاشوب، ئاڵۆزی، ئاوەگڵی و ئاوەڕەش هێنانە. عەینەکە؛ عار، عزرائیل،

عاجبـاتی و عەوتەعـەوت. هـەرچی شـینەکەیە؛ شـامار، شـەپاڵ، شەڕانگێز، شەڕواڵ پیس، شووم و شێرپەنجەیە.
بزانە خاتون، من تەفرەدرام و فریوم خوارد. لە خشتەیان بردم و منیان هێنایە ئێرە. باوەڕبکە سەرەتا زۆرشتم دەبینی و خۆم لە گێلی دەدا. ئـەو کووشـتنە زۆرەی دیـل، ئەنـدامانی پـۆلیس، سـوپا و زۆرێـك لـە دیاردە قێزەونـەکانی دیکـە. بـەڵام کاتی نۆرە هاتـە سـەر هاووڵاتیـانی ناڕازی و خاوەن رای جیاواز؛ هەڵوەستەم کرد. هەرچی دوای غەزوەی سـنجارە؛ کـاتی ئـەم هـەموو کوشـتن و بـە کۆیلەکردنـەم بینـی؛ زانـیم شتێکی هەڵە هەیە. ئاخر نیاز وابوو ئێمە بەغدا رزگار بکـەین؛ بـەرەو نەجـەف و کەرەبـەلا بـڕۆین؛ خێربـوو لـە هیکـەوە پێشـڕەویمان لـە نزیـك سامەڕا راگرت؛ هێرشمان کردە سەر کورد؟ لەوکاتەی ئەوان مـوسـوڵمان و سـوننەن وەکـو خۆمـان؛ جـەنگیان دژ بـە ئێمـە رانەگەیانـدووە؟ ئـەم هەموو کوشتارەی ئێزدیان لە پای چی؟ باشە ئەگـەر ئـەوان ئەهریمـەن پەرست بوون، خۆ بەشێکیان بوون بە موسوڵمان و پابەندیان بـە ئیسـلام نیشـاندا؛ خێـرە دواتـر ئـەوانیش کـوژران؛ هاوسـەر و منداڵـەکانیان بـە کۆیلەکران و فرۆشران؟!
کـاتی تاونبـاری وەك ئـەبو زیـابم بینـی، ئـەو خـوێن رێـژە بەعسیەی خـەڵکی بادوشـە؛ چـۆن بـە شـادوومانیەوە بەسـاڵاچو و منـداڵی لـە پەیمانگـەی سـۆلاخ دەکوشـت؛ زانـیم پاشـماوەی بـەعس رۆڵـی لـە مەسـەلەکەدا هەیـە. کـاتی یەکـەم رۆژ؛ ئـەو هێرشـەی خێڵـە عەرەبـە دراوسێکانم بینی بۆ سـەر سنجار، راکردنـی هـەموو کوردانم بینـی بـە موسوڵمان و ئێزدیەوە؛ دواتر ئەم رقە ئەستوورەی هۆزەکانم دیت؛ زانیم مەسەلە ئیسلام نییە. ئاخر من لەوێ بووم؛ لە پڕۆسـەی گۆڕینـەوەی دیلـەکانمان بـە بەسـاڵاچو و پەککەوتـەوەکان؛ کـاتی سـەد و نۆهـەد و حەفت بەساڵاچو وپەککەوتـەی ئێـزدی، دوو موسـوڵمان و دکتـۆرێکی

مەسیحیمان رادەستی هێزە کوردیەکان کردەوە؛ هەردوو لێپسراوی داعش حاجی مەهدی و حاجی خەلیفە گوتیان: " ئێستا رادەستی هێزە کوردیەکانتان دەکەین، خۆتان باش دەزانن؛ ئێمە لە دەوڵەتی ئیسلامی شەریعە پەیڕەو دەکەین و تەعەدا لە کەس ناکەین، ئەوەی بەسەرتان هات لە سنجار؛ لە دراوسێکانتان بوو، لە عەشیرەتە عەرەبیەکانی ناوچەکە؛ لە خاتونی، متێوتە و عەفەریەکان!" .

بەڵێ؛ کاتی یەکەم رۆژ لە قەنێ؛ زیاتر لە هەشتا پیاوی ئێزدیان بە خوێنکی سارد؛ و لە بەردەم خانەوادەکانیان کووشتن؛ زانیم مەسەلە ئیسلام نییە. کاتی رۆژی دواتر و لە زەلیلیە؛ نزیکەی سەد پیاوی دیکەی بێدیفاع کوژران؛ زانیم مەسەلە ئیسلام نییە. بەڵێ، ئەو گومانەی ناخم رۆژ دوای رۆژ گەورەتر دەبوو؛ دواتر هەستم بە شتێکی دیکە کرد؛ ئەو موجاهیدە کوردانەی لە گەڵمان بوون؛ هەرچەندە زۆر دڵسۆزی دەوڵەتی ئیسلامی بوون. کەچی بەهۆی ئەم مەسەلە و هێرشکردنە سەر کوردستان؛ هەڵوەستەیان کرد و رایان جیاوازتر بوو. بۆیە داعش دەستی بە هەڵمەتێك کرد؛ بەم پێیە هەرچی شەڕی خۆترێن و سەخت هەبوو؛ دەیخستە ملی ئەو کوردانە؛ ئەم نەزانانەی رەوانەی ئاتونی جەنگێکی دۆڕاو دەکرد؛ لە ئاکامدا هەموویانی بەکوژدا!

من وامدەزانی دەوڵەتەکەمان زۆر خاوێنە؛ لەسەر پەیڕەوی ئیمامی عومەرە لە دادوەری؛ بەڵام کاتی بینیم نەوت دەدزن و دەفرۆشنەوە تورکیا، لە کەنداوەوە ملیۆنەها دۆلاریان دەرژێتە سەریان؛ زانیم شتێك هەیە. باوەڕبکە ئێمە لەنێو خۆمان گاڵتەمان بە فڕۆکەکانی ئەمریکی دەکرد. چون لە ئێمەیان نەدەدا، کەچی زۆر لە هی رووسی و فڕەنسی دەترساین. لە غەزوەی سنجار بەشداربووم؛ کۆمەڵکوژیەکانی کۆچۆ و زەلیلیەمان لە بەردەم فڕۆکەکانی هاوپەیمانان ئەنجامدا، بە روونی

دەیانبینی چ دەکەین؛ بەڵام هیچ کاردانەوەکیان نەبوو!
ئەم هەموو راستیەو زۆر شتی دیکەم لە مێشکم هێناو برد؛ کاتێك زانیم داعش یارییەکی نێودەوڵەتیە؛ بۆ پەرتەوازەکردنی موسوڵمانان و لاوازکردنی عێراق، سوریا، لیبیا و یەمەن درووستکراوە؛ هەڵوەستەیەکم کرد. کاتێ هاندان و رۆڵی تورکیام لە غەزوەی سنجار زانی؛ دووجار بیرمکردەوە. لەگەڵ چەند برایەکی دیکە ئەو لێکدانەوەمان بە ترسەوە باسکرد. بیروبۆچونمان ئاڵوگۆر کرد، گەیشتینە ئەو راستیەی کە هەوڵی گۆرانکاری بدەین؛ بەعسی، سەدامی، عەشایەر و پیاوکوژەکان لە نێو ریزەکانمان دووربخەینەوە، ئاخر تاوانباری هەموو دونیا لە شیشانی، ئۆزبەکی، ئەفغانی، عەرەب و ئۆروپیمان لێ کۆببۆوە. بە چاکمان زانی ریزەکانی جیهاد لەو دەغەڵ و زیوانە خاوێن بکەینەوە؛ تەنها شاگۆڵەکان بمێنن؛ تا خەرمان و پەرێزمان خاوێن بێت. چون ئێمە شەڕی دژی هاوپەیمانان ناکەین؛ جەنگی ئێمە گۆڕانکاریە لە وڵاتانی عەرەب. ئەوەی کێشەی لەگەڵ ئەمریکا، روسیا و ئۆروپا هەیە؛ با بچێت و دوور لە ئێمە و لە وڵاتی خۆی؛ ئەنجامی بدات.
ئەوەبوو ئەو پێشنیازانەمان بە ئاشکرا؛ لە هەندێ کۆر و گردبوونەوە باسکرد. سەرکردایەتی داعش بەم پێشنیاز و بیروڕایانە زۆر تورەبوو. بەشێك لە هاوڕایە عێراقیەکانمان لە بارودۆخی پەنهان بزربوون، هەندێکی دیکە و بەتومەتی سیخوڕی و هەڵگەرانەوە؛ تیرباران کران. بەشێکی دیکەش رەوانی شەڕی خۆترێن کران. لەبەر ئەوەی سعودیم و لەرێگای خەڵکانێك هاتووم؛ کە لە سەرچاوەی دارایی و هەواڵگری نزیکن؛ بۆیە لێم کڕبوون و دەسکاریان نەکردم. بەڵام زانیم لێم دوودڵ و نیگەرانن، خۆشت دەزانی دوودڵی لای داعش؛ تەنها یەك چارەسەری هەیە!
هەرچەندە زانیوومە؛ بەشێك لە عێراقیەکانی نارازی نێو داعش

خـەریکی کـەنارگیرین. بەتـەمان لـە ناوچـەی مـەکحول و چیاکـانی حەمرین و بە هەڵدانی ئاڵای سپی؛ جێنشین بن و جیابوونەوەی خۆیان لە داعـش رابگـەین. بـەڵام نەبەوان دەگـەم؛ نـە هـیچ پشت و پەنایـەکم هەیە لێرە. بۆیە بەر لەوەی بێن و لەژێر ناوی ترسنۆك، سیخوڕ سـەرم لە لاشە جیابکەنەوە. ناسنامەم بشێوینن و نازناوی خانەوادەکەم لەکەدار بکەن. خۆم داوامکردووە کارێکی خۆکوژی ئەنجام بدەم!

- ئـەوە شـێتاتی و راکردنـە؛ تـۆ خـۆت بـاوەڕت پێـی نییـە. دوای ئـەم هەمووەی باستکرد، چۆن دڵت دێت بچی و خۆت بە کۆمەڵە لاوێکی هاوئایین، هاوڕەگەز، هاوزمان، هاوئایینزای هاوتەمەن بتەقێنیەوە؟

- خەمت نەبێ و هەرگیز واناکـەم... داوای لێبوردنت لێدەکـەم، هیـوادارم چاك بزانی داعش هیچ نـەبوو؛ جگـە لـە ئـامێرێکی کووشـتن. ئـەوەی فەرمانی پێداین هێرش بکەینە سەر سنجار و بەرەو هەرێمی کوردستان بکشـێین؛ دراوسـێیە خراپەکـەتان بـوو. باوەڕبکـە هـیچ نـەگۆڕاوە. ئـەمجارەش فـەرمان لـە ئەسـتەمبول هـات؛ موسـڵ تـەنها ئـامێری جێبـەجێکاری بـوو... هەم؛ زۆر شت هەیـە دواتـر مێژوو بۆتـانی روون دەکاتەوە!

- ئەی من چی بکەم؟ بۆ دەماندەیەوە دەست داعش تا دووبارە هەراجمان بکەن؟ تا لاقەم بکەن و منداڵەکانم بکوژن؟

- خەمت نەبێ دایکی مـیلان. پسـوولەی ئـازادبوونتم ئامـادەکردووە و لـە دادگـای شـەرعیم راسـتاندووە. بـەر لـەوەی بـڕۆم پێتـی دەبەخشـم و ئـازادت دەکـەم. دواتـر شـوفێرێکت بـۆ سـازدەکەم؛ تـا بتانگوازێتـەوە سـنووری تورکیـا. بڕۆنـە ئـەوێ و لـەوێڕا بگەڕێنـەوە وڵاتـی خۆتـان. دووبارە و هەزار بارە داوای لێبووردن دەکـەم. داواکارییـەك کـە هـیچ لـە مەینەتیەکانتان ناگۆرێ. تۆ ئەمە لەمن قبول بکە؛ کاتی گەیشتیەوە سـنجار بـە کەسـوکارت رابگەینـە؛ کـە هـەرگیز داوای لێبـوردن لـەو

ولّاتانە قبول نەکەن؛ ئەوانەی پشتیگری داعشیان کردووە و بوونەتە دەروازە بۆیان. ناچاریان بکەن سنجار ئاوەدان بکەنەوە؛ دەنا لە دادگاکانی نێودەوڵەتی سکالّایان لەسەر تۆماربکەن. ئەوەنییە ئەمریکا و لە بەرامبەر خستنی فڕۆکەیەکی نەفەر هەڵگر؛ ملیۆنەها دۆلاری لە لیبیا وەرگرت. هەر لەم سونگەیەوە؛ بۆ ولّاتانی پشتیوانی داعش ناچار نەکرێن ولّاتتان ئاوەدان بکەنەوە؟

- تۆ باسی چی دەکەی؟ من تێت ناگەم!
- ئەم قسانە بە گەورەکانتان بگەینە خوشکی خۆم. هیچم نەماوە؛ ئەم قسانە دەکەم بەڵکو خوای گەورە لێم خۆش دەبێت. ئێستا من موجاهیدی داعش نیم. نەخێر تاوانبارێکی بکوژم، تۆبەکردنیشم ئەوەیە؛ کە ئەم لاشەم لە دونیا بخەمە دۆزەخی داعش؛ بە خوێنی ئەوان دەست نوێژی تۆبەکاری هەڵگرم؛ و داوای لێبووردن لە پەروەردگار بکەم.
- لەم قسەیەت واتێدەگەم؛ خۆت لەنێو داعش دەتەقێنیەوە؟
- تۆ هەقت بەم شتە نەبێت، دوای کەمتر لە هەفتەیەك لە رۆیشتنم؛ کەسێك بە ناوی من دێتە لاتان. لەم ماوەیەدا دەرگا لە کەس مەکەنەوە. بەخوات دەسپێرم خوشکم لە مرۆڤایەتی.

دەزانی؛ مرۆڤایەتی بەردی بناغەی هەموو شتێکە؛ تا مرۆڤ نەبین هیچی دیکەمان لێ شین نابێت. تۆ تەنیا مرۆڤبە و لەگەڵ مرۆڤەکان لەسەر ئەم بنەمایە کاربکە. ئەوکات گرنگ نییە چ ئایینێك هەڵدەبژێری. ئەوەتا پەروەردگار خۆی دەفەرمی( بەندەی خوا بن بە برایەتی )واتا بەندایەتی بە برایەتی وابەستە کردووە. بەخوات دەسپێرم خوشکی خۆم؛ ئەو خوایەی هیچ سپاردەیەکی لا ون نابێت...
و ببورە!

## (75)

# من هۆزانڤانم

گرنگ نییە ناوم چییە، هەر چ ناوێکم لێ دەنێن رازیم. هیچ شتەك لام گرنگـی نـەماوە تەنانـەت ناوەکـانیش. دەتـوانن پـێم بڵـێن دەلال. لـە رۆژی فەرمانەکە من... بە راست بەر لەوەی هیچ باسبکەم؛ دەمەوێ پێتان بڵێم کە من هۆزانڤانم، بۆیە چاکتر وایە گەشتە ناخۆشەکەم لە شەوە زەنگی داعش؛ بە چەند کورتە پەخشانێك باسبکەم. ئەگەر بە دڵیشتان نەبوو بیخوێننەوە. چون خودێ شاهێدە لە چ بارودۆخ و رەوشێکی خراپ نووسراون. ئاخر لە ماوەی بیست و چوار کاتژێر؛ منی کچی بنەماڵە و قوتابی زانکۆ، منی پاکیزەی تەمەن نۆزدەساڵ، بووم بە کەنیزە و خزمەتکار لە ماڵی کەسانێك؛ کە کەس نازانی کوڕی کێن؟ باوەڕبکەن، گەر ئەو نووسینانەم نەبووایە هەر لە سەرەتاوە خۆم دەکووشت، بەڵام وەك هۆزانڤانی عەرەب ئەبو قاسم لشابی دەڵێ: " ئەگەر رۆژێگ گەل ویستی بژی؛ پێویستە چارەنووس بە دەنگیەوە بێت. شەوەزەنگ بڕوات و کۆتیش بشکێت" .

- **رۆژی حەشر...**

لە ژیانمدا و لە چەندین سەرچاوەی ئایینی جیاواز؛ زۆرێك بابەتم لەسەر رۆژی حەشر خوێندبۆوە. قەد لەو باوەڕە نەبووم بەم گەنجیەتیە بیبینم. یان بە زیندوویی رووبەڕووی ببمەوە! ئاخر ئەوەی ئیمڕۆ سێی تەباخ روویدا؛ رۆژی حەشربوو. سوپای ئەهریمەن بە رۆژی رووناك و لە بەرچاوی هەموو دونیا، بە نێو شەنگال کەوت. بە هەڕەمەکی تەقەیان دەکرد و لە بەر دەممان دووکەسی بێگووناهیان کووشت. دەبی ئەوانە لە رەگەزی مرۆڤ بن؟ زۆر بە

خوێنی سارد خەڵك دەكوژن. نەوەك هەر جل؛ بەڵكو ئاڵا، دڵ و مێشكیان ڕەشە. چاویان بە جوانی، ڕووناكی و كاری ڕاست هەڵنایەت. زۆر ناشیرین، قێزەوەن و ناجورن؛ بۆیە ناویان دەنێم شەمەشەمەكوێرە.

ئێمە لە پێچەكانی بەردەم چیای شەنگال، لە نێو حەشامەت گیرمان خوارد، ئەوان بە شێوەی تسونامیەكی ڕەش هاتن؛ هەموو شتێكیان ڕاپێچا. خەڵكێكی زۆریان لێرە لە بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شەنگال بەندكردووە، من و خوشكمیان لە خێزانەكەمان جیاكردۆتەوە. لە كاتژێر یەكی نیوەڕۆوە لێرەین و ئێستا هەشتی شەوە، ئەوە ئەمیرەكەیان هات و نازانم چێیان لێمان دەوێت... خوا ستر بكات!

- **هۆڵی بلاك هۆڵ...**

گاڵتەتان بەم ناوە نێت، من ئەوەم داهێناوە. ئێستا ئێمە لە موسڵین، دوای ئەوەی لە خانەوادەكەمان جیا كراینەوە؛ لە یەكەم شەودا ئێمەیان لەگەڵ كۆمەڵە كچێك هێناوەتە ئێرە. هۆڵی گەلاكسی لە موسڵ... قسەی قۆڕ، گەلاكسی واتا كاكێشان. گەردوون، ئەستێرەی جوانی پەرش و بڵاو. ئێرە شوێنێك بووە بۆ ئاهەنگ گێڕانی خێزانی؛ سەدان بووك و زاوا لێرە بە یەك شادبوونەتەوە. هەر گۆشەیەك لێرە شاهێدی خۆشی، تیلی لی، هەڵپەڕین، چۆپی و شادوومانیەكی زۆرە. دەیان كوڕ و كچ و لە میانی ئاهەنگەكان؛ لێرە چاوچاوانێیان كردووە و دڵیان بە یەك سپاردووە. كەچی ئێستا بۆتە گرتووخانە و زیندانێك بۆ پەپوولەكانی شەنگال. هەرچی ئافرەت هەیە لێرە كۆكراونەتەوە و نازانین چارەنووسمان چۆنە. دەڵێن ئێوە سەبایان و بەسەر موجاهیدانمان دابەش دەكرێن. تۆ بڵێی ئەمە ڕاست بێت؟ ئەوەندە نامەرد و دەبەنگ بن؟ ئاخر هەقمە بڵێم ئێرە درزی ڕەشە (بلاك هۆڵ) ئەو چاڵانەی لە ئاسماندا هەن و هەموو شتێك قووت دەدەن. بەڵێ ئێرە هەموو خۆشی، ئاوات و هیوای ئێمەی قوتداوە. باس لە كەمخۆراكی، بێئاوی و نەبوونی هیچ خزمەتگوزاریەك ناكەم؛ باس لە سووكایەتی داعش، ناو تۆماركردن و

بەنێو گەڕان بە چاوی پڕ لە شەهوەت ناکەم. باس لەو هەموو هەوڵانەی خۆناشیرین کردن، دانانی هیس لەسەر دەمووچاو، بە رنۆك هەڵرووشاندنی روومەت، سەرین لەسەر سك بەستن، خۆشتێکردنە ناکەم؛ ئەوەی دەمانکرد بۆ دوورخستنەوەی چاو لەسەرمان. بەڵام لەم شوێنەدا زۆر گریاوین، بە قەد ئەستێرەکانی گەردوون فرمێسکمان رشتووە. زۆر پاڕاینەوە و بە قەد هەسارەکان نزامان کردووە؛ لە خۆمان داوە بۆ چارەنووسی پیاوە بردراو، ئایینە بە زۆر سەپێنراو، خێزانە لەیەك ترازاو و شکۆ شکاوەکەمان. بە کورتی ئێرە وەك درزە رەشەکان؛ هەموو شتێکی قوتداو ئێستا ئێمە بێناو، بێناسنامە، بێکەسایەتی، بێئایین و بێچارەنووسین.

- **پاسی تاوان...**

دوای شازدە رۆژ لە هۆڵی گەلاکسی؛ وا ئێمە بە سواری پاسی گەورەی سپی بەرەو سوریا دەگوازرێینەوە. یەکەم شت کە سەرنجی راکێشام ئەوەبوو، پاسەکە جیاواز لە هەموو شتێکی داعش رەنگی سپی بوو. بەر لەوەی سواری پشتی بم، وشەی (حج)م بینی کە بە عەرەبی لەسەری نووسرابوو. وادیارە ئەم پاسە یەکێك بووە لە کشتیگەلی عێراقی لە موسڵ، بۆ گواستنەوەی حەجاجان بۆ مەککە. واتا هۆکارێك بووە بۆ خۆشی و خۆخاوێنکردنەوە. بۆ دیدەنی پەروەردگار لە ماڵی خۆی، بۆ رووتێکردن لە شوێنی پیرۆز کە رۆشنایی و پاکوخاوێنی لێدەباری. چون وشەی حەج بە عەرەبی واتا دیدەنی و رووتێکردنە. کەچی هەموو شتێك لە رەشستانی داعش ئاوەژوو دەبێتەوە. ئەوەتا ئەم پاسانە؛ رێك بۆ کاری پێچەوانە بەکاردێن. بۆیە حەزم دەکرد پێنووسێکم بە دەست بایە؛ پیتی رائم لە ناوەڕاست زیاد کردبا و بمکردبایە (حرج) کە بە عەرەبی چەندین مانا لە خۆوە دەگرێت. بەڵام هەموویان لەگەڵ دۆخی ئێمە دەگونجێن. مانای یەکەمی واتا ( تەنگاوی، شلۆقی و پشێوی ) کە رێك گوزارشت بوو لە دۆخی ئێمە. باوەڕبکەن پشێویەك ئێمەی گرتبوویەوە، کە بەدرێژایی گەشتەکە هەر گریاویین، هاواری

خودێ و تاووسی مەلەکمان کردووە. دۆخێکی شلۆق کە نەماندەزانی چی ڕوودەدات. تەنگاویەك بۆ فریادڕەسێك کە هەرگیز نەبوو. مانای دووەمی (تاوان، سووچ و گوناح)ە کە ئەمەش پڕ بە پێستی ئەم گەشتە بوو. کە بەرەو تاوانی فرۆشتن و لاقە کردنیان دەبردین. بەبێ هیچ سوچ و گوناهێك. ڕێك پێچەوانەی حەجەکە؛ بەرەو شاری تاوان و پایتەختی تیرۆر (ڕەقە)؛ بەرەو گوناح و خراپەکاری دەیانهاژووتین. مانای سێیەمی وشەکە بە واتای (جەنگەڵ و دارستان) دێت. کە ئەمەش هەر ڕاست بوو. ئێمەیان بەرەو جەنگڵستانی داعش دەبرد؛ کە مرۆڤ تیایدا هیچ بەهای نییە؛ لەوانەیە بە دیاری بدرێت؛ یان هەروا بە هەوەس بکوژرێت!

ببورن؛ گەر دەسخەتم خۆش نییە. چون من لەناو پاسم و بە چاوی پڕ لە گریان ئەو دێڕانە دەنووسم. تا ئێستا خوشکم لەگەڵمە، بەڵام هیچ سەبارەت بە خانەوادە جێهێڵراوەکەم نازانم. بە ڕاست پەخشانە شیعرێکم بە ناوی (شەنگال خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە) نووسیبوو، بەڵام لەبەر تەنگەتاوی؛ لە هۆڵی بلاك هۆڵی موسڵ جێما.

ئەم ڕێگایە هەمووی تاریکە و نازانم ئەوە شەوەو نابڕێتەوە؛ یانیش دەستووری داعش وایە؛ کە هەموو شتێك نغرۆی ڕەشی قەتران بکات.

- **من ئێزدیم...**

هۆۆۆ... تۆ ئەی شیشانی بە ناو موجاهید، بەڵێ تۆ ئەبو جیهادی شیشانی. ئەی ئەو پاڵەوانەی شیشانت بە دەست ڕووس جێهێشتووە؛ هاتووی لە وڵاتی ئێمە بووی بە فسفس پاڵەوان؛ جیهاد بە خوێنی بێگوناهان لە موسوڵمان، کریستیان و ئێزدیان دەکەی. هیواخوازی بە کووشتنی ئەوان؛ بەهەشت و حەفتاو دوو حۆری مسۆگەر بکەیت. ڕاستە من وەك پاداشت و دیاری بە تۆ دراوم، بەڵام من مرۆڤم، من ئێزدیم و سەدان خوێنڕیژی لە تۆ بە هێزتر و زۆردارتر؛ هاتوون و ڕۆیشتوون و ئێمە ماوین. نەخێر من کافر نیم. بەر لەوەی تۆ لە پێدەشتەکانی ئاسیا خوا بناسی، من لە بنار چیای شەنگال

خوام ناسیوه و پەرستوومە. ئەسڵەن ناوی ئێزید بە واتای خوای پادشا وەرگیراوە، لە ئاڤێستا یەزتا بەواتای ئەوەی شایستەی پەرستن دێت؛ واتا ئەوانەی خوایان پەرستووە. لەوکاتەی وڵاتی ئێوە لەوەڕگای گای مسکی رووسەکان بووە. سۆمەریەکان ئێمەیان بە نێوی (ئی زی دی) ناسیووە؛ واتا (ئەوانەی لەسەر رێگای راست دەڕۆن و پیس نین).

دەزانی گاڵتەم بە چی دێت؟ ناوت ئیسلامە کەچی لە ئایینی ئیسلام؛ لەو ناوە زیاتر هیچت بەرنەکەوتووە! پەڕگیرێکی بێمێشك، بکووژێکی گەلحۆ، تەنانەت زمانە عەرەبیەکەشت وەك تێگەیشتنت لە قورئان سەرچیخ، رواڵەت و رووکەشە. باشە ئەگەر من کافر بم، ئەوە چۆنە ئەو رۆژە دیلێکی موسوڵمانت هێنا بەردەمم تا سەری ببڕم؟ ئەوە تۆ بەڕاستیتە؟ لە ئایینە ئاشتیخوازەکەمان بۆمان نییە چۆلەکەیەك ئازار بدەین؛ تا بێین و لێرە دیل بە نێوی خودێ سەربڕین! سەیرم بەو ژنە سوریە هەرزەکارەت دێت؛ ئەوەی بە شانازیەوە باس لە کووشتنی دیلێکی عەرەبی هاوڕەگەز و هاووئایینی دەکرد؛ بە دەمانچە لەسەر داواکاری تۆ! دەك پیرۆزت بێت ئەو ژنە بکووژە، بەڵام من گلەیی لە کێ و چی بکەم؟ مەگەر دایکت وەکو خۆت نییە؟ ئەوە سێ مانگە لاتانم و من فێری زمانی شیشانی بوومە، کەچی ئێوە هەر سێکتان یەك تۆزقاڵ؛ فێری مرۆڤایەتی نەبوون و هەردەم خراپن لەگەڵم.

بە راستی ناخم پڕە لەو گەمژەیی و گومڕاییەی لێیدەژین. باوەڕبکە لە بچووکترین دەرفەت رادەکەم و چی دەبێ با ببێت.

- **لالەکانی لالش...**

لالش؛ ئەی هەوێنی زەوی و حەجی ئێزدی و لانەی باپیران. ئەی کۆکەرەوەی گیانی زیندوو و روحی مردووان؛ ئاوی خاوێنت شوێنی پاکبوونەوەمە، خاکی پیرۆزت بەراتمە، تۆ گەلیە پیرۆزەکە، یەکەم پەرستگای خوا لەسەر زەوی... بیرت دەکەم!

لە دووریت وەك لاشەیەکی بێروحم لێهاتووە؛ روحم وەك کۆترێکی سپی بە

دەوری گومەزە سپییەکانت دەسووڕێتەوە.

لالـش ئـەی باوەشـی دایـك، میهرەبـانی بـاوك و پشـت و پـەنام. ئـەی مەنزلگەی دابەزینی مەلایکەت و ئارامگەی شێخادی، لە دووریت چی بڵێم و چی بنووسم ؟

دەزانی لەو غوربەت و غەوارەییە لێمە، لەو جەنگلستانەی چڕەی داعش. لەو کاتانەی دەرگای بەندیخانەم لێدەکرێتەوە و ئاسمان دەبینم، چاو بە ئاسمان دەگێرم؛ تا شوێنت دەست نیشان بکەم، بەڵکو بە ئاڕاستەت دەوەستم و نزات بۆ دەکەم.

ئێمـەی پاکیزەکـانی شـەنگال، کۆمەڵـە لالەیـەك بـووین؛ کـولیکی سـووری نیسان و بە دەم ئاهەنگەکانی سەری ساڵ؛ لە دەورت دەڕوایین. ناسك، دڵگیر و بە رەنگی خوێن. بە دەم بای شەمال دەشناینەوە. تـا رەشـەبای داعـش هـات و هەمووی هەڵقەناندین؛ بە نێو وڵاتانی پەراگەندە کردین.

کاتی خۆی لە مانگی گوڵان دەهاتمە سەردانت، سەیرم بەم ژمـارە زۆرە لە کولیکە نیسان دەهات؛ ئەوانـەی لـە گـەلی و دامێنـی چیـا سەرکەشـەکەت رووان، بەڵام ئێستا زانیم کە ئەم لالانە روحی هەمـوو ئەو پاکیزانەن؛ ئەوانـەی لــە فەرمانەکانــدا رفێنــدراوون؛ و دوورەوڵات ســەریان ناوەتــەوە. دوای مــردن روحـەکانیان هاتۆتـەوە؛ شێوەی لالـەی وەرگرتـووە و لـەم نـاوە رووا‌وە؛ تـا چیتـر فـەرمان نـەکرێن. تـا لێـرە و لـە پاڵـت؛ هەسـت بـە ئـارامی بکـەن و ناوەکـە برازێننەوە. بەڵێ هـەر لالەیـەك پەرییەکـە، هـەر لالەیـەك شاهێدی چیرۆکێکـە، هـەر لالەیـەك خـوێنێکی ئـاڵی بـە ناحـەق رژاوە، هـەر لالەیـەك فرمێسـکێکی تکاوە؛ ئاهێکی تاساوە، ناڵەیەکی نەبیستراوە...

ئەوەتا لێرە خوێنی زهوری بە ناحەق رژاو؛ بەهاری داهاتوو وەك لالەیەك و هاوشانی سەدان شەهیدی دیکەی ئەمساڵ؛ دێتە خزمەتت!

مـن لێرەم؛ ببـورە دەنگـم پێت ناگـات، ویسـتم پێت شـاد ببمـەوە بۆیـە لـە شەقەی باڵمدا. کەچی دوای هەوڵێکی سەرنەکەوتووی راکردن؛ دەستگیرکرام.

ئەبو جیهادی شیشانی زۆری ئەشکەنجەدام و فرۆشتمیە ئەمیرێکی سعودی چەتە، بە نێوی ئەبو وەلید. ئەوە دوو هەفتەیە لای ئەوم و لێم بێزارە! چون باش نیم لەگەڵی و رووی پێنادەم! هەی؟ هێشتا ئەو دەیەوێت بە دڵەوە لەگەڵی بم... سەمای بۆ بکەم و خواردنی لە دەم نێم! باوەڕدەکەی؟ من باش نیم چون خۆم لە دەست نەداوە!

دەزانم لەم ماوەیەدا دەمفرۆشیێ. لەوانەشە هەر بمفرۆشێتە هاوڕێیەکی سعودی خۆی؛ چون زمانی عەرەبی بە باشی دەزانم. بەڵام کەی ناسنامەی کەیبرِ لای بەرخ گرنگە؟ من سەربڕدراوم و رەگەزی سەربڕەکەم لا گرنگ نییە.

- **ئافرەتم و شانازی دەکەم...**

تۆ ئەی زادەی بیری بیابان؛ ئەبو جەهلی سەدەی بیست و یەك. ئەبو عەبدوڵڵای سعودی. بە ناو ئەمیری داعش، من ئافرەتم و شانازی دەکەم. من ئێزدیم و دڵخۆشم. کوردم و سەربەرزم. کاتێ تۆ بە سەبییە، ئافرەت و کەنیزە بانگم دەکەی؛ خۆت و بەناو دەوڵەتەکەتان؛ تاوانبار دەکەی کە کەسی بێگوناح دەکوژێت، پاکیزە بە ناوی خودا لاقە دەکات، مرۆڤی ئازاد بە کۆیلە دەکات و لە بازارِ؛ وەك مێگەڵ هەراجیان دەکات.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە؛ ئاوا بەکەم سەیرکردنی ئافرەتە لە لایەن ئێوەوە، لەوکاتەی کە بەپێی ئایینەکەتان پیاو و ئافرەت بە یەکەوە هاتوونەتە سەر زەوی؛ لە هەموو شتێکدا هاوبەشن! چەندین جار خودا ئیلهام و سرووشی بۆ ئافرەتان ناردووە، لە قورئاندا سورِەت بە نێوی ئافرەتان هەیە. کەچی ئافرەت بە دیدی ئێوەی توندئاژۆ؛ هەمووی عەورەتە؛ لاشەی، بیری، دەنگی و تەنانەت سێبەریشی. ئەوەنییە دوو مانگە دەرگات لەسەر داخستووم؛ نەدەهێڵی بێمەدەر و نەدەهێڵی کەس ببینم. دەبا شتێکت پێ بڵێم، دەزانی یەکەم خواوەند لەسەر زەوی چی بووە؟ دایك ... دەزانم باوەڕناکەی و ئێستا دەڵێی پەنا بە خوا و ئەستەغفیرِوڵڵا. من باس لە بیردۆزەکان دەکەم نەوەك

ئایین. مرۆڤی چاخی بەردین، وەك ئاژەڵ پەیوەستی دایكی بووە. لە پەنای ئەو دەژیا، باوەڕی وابوو؛ دایك هاوشێوەی خواوەند؛ مرۆڤ دروستكەرە؛ چون منداڵ لە سكی خۆی هەڵدەگرێ و دواتر دەیهێنیتە سەر زەوی.

كەچی لای ئێوە ئافرەت شەهت و گەوجە. دەبێ تەنها دوو كونە چاوی دیاربێت. چون لای ئێوە ئافرەت؛ بریتیە لە دوو كونی شەهوەت و هیچی تر. من دەزانم زۆرێك لە پیاوان؛ بەرامبەر بە ئافرەتان لەسەر یەك ئایینن. ئەویش ئایینی پیاوسالاریە. لەمبورەدا توندئاژۆیەكی ئێزدی؛ كە لە ئافرەت دەدات و لە میراتی بێبەشی دەكات؛ لە كاتی بە شوودان بە خوازبین دەڵێت: " من كریە پیلاڤ د لینگی وی كر! " . چ جیاوازیەكی لەگەڵ هەر پیاوسالارێكی دیكە نییە! هەر نێرەیەك لە ئافرەتی دا؛ لەسەر هەر ئایین، بیروباوەڕ و ئایدلۆژیایەك بێت، لە هەر نەتەوەیەك بیت؛ ئەوا پیاو نییە. خۆ بە هەموو نێرەیەكیش ناگوترێ پیاو! ئەگەر بە سمێل بێت؛ هی پشیلە ناسكتر و جوانترە؛ ئەگەر بە ریش بێت؛ ئەوا هی مەرەزە قەشەنگتر و درێژترە.

هەی ناپیاوی دڵپیسی شەهوەتباز. دەزانم منت لێرە لە شوقەیەك بەندكردووە؛ تا كەسایەتیم بشكێنی و ناخم بكوژی. باوەڕبكە خەریكبوو سەركەوتن بە دەست بێنیت. چون لەو غوربەتە و لەو تەنیایە؛ چەندین جار بیرم لە خۆكووشتن كردۆتەوە. بەڵام كاتی بیرم لە خێزانەكەمان دەكردەوە؛ بەیتە شعرە پڕ لە جۆشەكانی ئەبو قاسم لشابیم بیر دەهاتەوە؛ متمانەم بە خۆم زیاتر دەبوو؛ دەمزانی تاریكترین كاتەكانی شەو؛ ڕێك ئەوەی بەر لە رۆژهەڵاتنە.

تۆ هەی توندئاژۆ، دوای كڕینی من لە ئەبو وەلید، وامەزانە دڵ، هزر و بیروباوەڕت كڕیوم. تۆ بە ناحەق تەنیا لاشەكەی منت كڕیووە، لە كەسێك كە ئەسڵەن خاوەنداری نییە. لە ڕێگەی شەریعەتە نامرۆڤەكانەتان ئێمەتان كردۆتە كاڵا. زۆرم لا سەیرە؛ كاتێ نووسینەكانم دەبینی ئاوا بە توڕەیی پەلاماریان دەدەی و دەیانـدڕێنی. ئاخر ناڵەیەك بۆ دایك، شیوەنێك بۆ نیشتیمان،

فرمێسکێك بۆ شەنگال، ئەشکێك بۆ گوڵی ژاکاو، هەنیسکێك بۆ چارەنووس چ پەیوەستە بە ئایین و بیروباوەڕ؛ تا خۆتیان لەسەر تورە بکەیت؟ هەی جاهیل... زۆرم لا سەیرە کە شیعر، موزیك، هونەر، خۆشەویستی بە ناوی تاوان دەخەیتە پاڵ ئەهریمەن. لەوکاتە کە غەزو، کوشتن، تالآن، سەبیکردن، سەربرین وبەردباران بە ناوی جیهاد دەخەیتە پاڵ خودا! تۆ بڵێی ئەوەی ئێوە دەیپەرستن خودی ئەهریمەن نەبێت؟

- **خولێرە...**

بیرمە کاتێ منداڵبووین. لە جەژنی مردووان. دوای ئەوەی یارمەتی دایکماندا، کولیچەمان درووستکرد و بەسەر هەژارانمان بەشییەوە. دایکم ئەستورکێکی گەورەی درووستکرد؛ دەنکە مێوژێکی تێخست بەمەش بووە خولێرە. دوای حەوت رۆژ باوکم بە شوێن پیاوێکی بێگانەی نارد. کاتی هات؛ باوکم خولێرەکەی خستە سەر پشتی برای بچووکم؛ کابراش بەسەر هەر پێنجمانی بەشیەوە. بیرمە ئێمە کردمانە قاژەقاژ، هەر زووبەزوو ئەستورکەکەمان لە یەك کردەوە؛ تا بزانین ئەم دەنکە مێوژە بەر کێ کەوتووە، لە ئەنجامدا بۆمن دەرچوو. بە شانازیەوە سەیری باوانم کرد، دایکم بە زەردەخەنەی رەزامەندیەوە تەماشای کردم، باوکم دەستی لەسەرسەرم داناو گوتی: " ئەی ئافەرین کچە جوانەکەم، مادامەکی ئەمەت بۆ دەرچوو، بەخت یاوەرت دەبێت، دوارۆژێکی پڕشنگدار و ژیانێکی ئاسوودە و کامەرانت چاوەڕوانە! ". ئای بابە گیان، نازانم تۆ لە کوێی و ئایا لە ژیان ماوی یاخود نا، بەڵام گەر من خولێرەم بەرکەوتبی و ئەوە پێنچ مانگە؛ لای چەتەیەکی سعودیم بە نێوی ئەبو رەعد کۆیلەم، ئەی دەبێ برا و خوشکم؛ کە نەیاندۆزیەوە و بەخت یاوەریان نەبوو؛ حالیان چۆن بێت؟

شەوەکەی داعش زۆر درێژەی کێشا باوکە گیان، وەك کالآیەکم لێهاتووە، هەر ماوەیەك لە ماڵی چەتەیەکم، نازانم بۆ سعودیەکان وازم لێناهێنن؟ دەبی لەبەر ئەوەبێت کە خولێرەکەی بۆم دەرچوو؛ مێوژی ترێیەکی تایفی بووبێت؟

یانیش لەبەر ئەوەیە کە زمانیان باش دەزانم؟ نەفرەت لە خۆیان، هزر و بیری پووچیان.

هۆباب، لێرە دراوسێیەکی ئێزدیم هەیە، ئەویش لای تیرۆرستێکی گەورەی داعشە؛ بە نێوی ئەبو سەیاف، ئەم پفنە سوریە ئەندامێکی گەورەی خیلافەتیانە و بازرگانی بە نەوت دەکات. بینیوومە؛ یەکێکی ورگنی کورتی تیکچەقیووە، پرچ و ریشێکی درێژی رەش؛ برینێکی وەك مۆری ئەهریمەن بە نێوچاوانی وەیە. نازانم بۆ کاتی دەیبینم؛ شێوەی یەکانەم دێتە بەرچاو؟ باوەڕناکەم لە هیچ بزانی جگە لە تەرەسی، چون چاوەکانی زۆر نز و شۆڕ دیارن.

دەزانی باوە، کاتی سەیری ئەم ناپیاوانەی داعش دەکەم؛ میهر، لەسەرەخۆیی، دڵە گەورە و حەیای تۆم دێتەوە یاد؛ گومان لەوە دەکەم کە ئەمانە پیاوبن یاخود مرۆڤ! بیرمە لە ئاست ژنانی دەر و دراوسێ سەرت بەرز نەدەکردەوە، بە شەرمەوە قسەت لەگەڵ دەکردن و دەتگوت حەڕامە سەیریان بکەم، هەموویانت بە دایك، خوشك و کچ دەزانی. باشەی ئەی بۆ ئەوانە هێندە بەرقەش و بێئابڕوون؟ بۆ ڕێگا بە خۆیان دەدەن سەودا بە کچ، ژن و دایکی خەڵك بکەن؟ لاقەیان بکەن و بیانفرۆشن؟

دوێنێ ئەو گەمژەی منی کڕیووە پێی گوتم: " ئەهریمەن پەرستـ!" . منیش پێمگوت: " کێ ئەهریمەن پەرستە؟ ئەو گەلەی بێ پەیامبەر خوای ناسیووە؟ یانیش ئەوەی سەرباری سەدان پەیامبەر و چەندین کتێبی ئاسمانی؛ بە ناوی خودا خەڵك فەرمان دەکات و ئەهریمەن شەرمەزار دەکات؟ کێ ئەهریمەن پەرستە؟ ئەو گەلەی بێ نێردراو و کتێب خودای خۆشویستووە، یانیش ئەوەی لە خودا ناترسێ و بە نێوی ئەو؛ بەندەکانی فەرمان دەکات؟ ئەو گەلەی لە نزاکانی بە گریانەوە هاواری خودا دەکات؟ یانیش ئەوەی لەکاتی سەربڕین ناوی دێنی؟" . ئاخر ئەهریمەن چییە؟ بوونەوەرێکە و وەسوەسە بە خراپە دەکات؟ خۆ داعش هیچی لە وەسوەسە نەهێشت؛ و هەموو

خراپەکانی دونیای ئەنجامدا.

دەزانی باوکە، هەست دەکەم ئەوانە سوپای ئەهریمەنن، وەك ئەو هەموو شتێکیان رەشە و رقیان لەهەموو شتێکی جوان دەبێتەوە. بۆنیان درنە، بیریان پووچە و کردەوەیان قێزەوەنە. ئاخر تەنیا ئەهریمەن کچی هەشت ساڵان لاقە دەکات و بەساڵاچووی تەمەن سەدساڵ سەردەبرێ.

ببورە باوکە گیان؛ لێم تورە نەبیت چون نەمتوانی لە ئاست ئەم هەموو جەبەرووتەی ئەوان؛ پارێزگاری لەخۆم بکەم، چون وەك کاڵایەکم لێهاتووە و بە رواڵەت ئاییم گۆڕیووە. من هەر کچەکەی تۆم، هەر کابانەکەی جارانم. ئەو گەمژانە نەیانتوانیووە یەك زەڕڕە لە بیروباوەڕ، رەوشت و هەڵسووکەوتم بگۆرن. سەرباری ئەم ماوە زۆرە؛ بەڵام نازانم بۆ ئەمجارە دڵم روونە کە رزگاربوونی خۆم و خوشکم نزیکە.

ئەو بەستەزمانەش تا ئێستا چەندین ماڵی کردووە، دوای کوژرانی ئادەم شیشانی؛ لەسەر دەستی پاڵەوانانی کۆبانی، فرۆشرایە شیشانیەکی دیکە بە نێوی ئەبو دوجانە، لە هەوڵی راکردن سەرکەوتوو نەبوو؛ دوایی دادگایی و بەندکردنی؛ ئەوجارەیان ئەبو عەبدولرەحمانی ئەندەلوسی کڕییەوە...( ببورە کە وشەی کڕین بەکار دێنم) دواتر بووە بەشی زۆڵە کوردێکی خەڵکی ماردین، مێشك بۆگەنێکی داعشی بە نێوی ئەبو جەندەل، ئەوەیان لەگەڵی زۆر خراپ بوو؛ بەڵام توانی رابکات و ئێستا لەگەڵ دایکمە؛ پەیوەندیمان هەیە و لە هەوڵی رزگارکردنمن.

نازانم ئەم نامەیەت پێدەگات یان نا باوکە گیان؟ نازانم لە ژیان ماوی یانیش نا... بەڵام هەموو شەوێك نزا لە خودێ دەکەم. کە جارێکی دیکە هەموومان لەسەر یەك خوان کۆبکاتەوە، تۆ، دایە، من، خوشك و برام. باوەڕبکە ئەوجارە کاتی دایکم خولێرە درووست دەکات؛ مێوژەکە دەدەین بە تۆ، چون بێ تۆ بێ پشت و پەناییین، ئەی جوامێرترین و باشترین پیاوی دونیا... یەکێك لە دوا پیاوە رێزدارەکانی جیهان.

# (76)

## گیانی بەرخودان

دەزانن من کێم؟ ئەو هۆکارەی کە مرۆڤی لەسەر زەوی هێشتۆتەوە، تاکە هۆکارێك کە وای لە مرۆڤ کردووە؛ بالآی ڕێك و سەری بەرز بێت. دەنا بە دەست ستەمکار و خۆبەخوا زانەکانی سەر زەویبا؛ لە مێژبوو مرۆڤ ملی شۆڕ و بالآی کورت دەبوو. لە مێژبوو مرۆڤەکان لەکاتی ڕۆیشتندا سەرنز و چاوشۆڕبوون. هاوشێوەی کیسەڵ سەریان لەنێو شانەکانیان دەرنەدەهێنا و دەشاردەوە. ئەوە منم وامکردووە بالآی بە قەد بەیداخ بڵند بێت؛ سینەی دەرپەڕێنی و سیخناخ بێت لە شانازی. بەڵێ، منم ئەو ئاگرە سوورەی سینەی مرۆڤەکان دەسووتێنم، تا بە ژێر دەستی و سەرشۆڕی ڕازی نەبن، منم کورەی شۆڕش لە دڵی شۆڕشگێڕان دادەگیرسێنم و ئاگرەکەی خۆش دەکەم.

لەوکاتەی خوای گەورە؛ سێ چیاکەی دەوری لالشی وەك سێ برای پارێزەر؛ بە دەووری خوشکە جوانەکەیان خولقاند؛ دواتریش لە سینەی ئەم خاکە پیرۆزەی ئەم دایکە میهرەبانە، دوو کانی لە شیر دەرپەڕاند (کانی سپی و زەمزەم) ئەم شوێنەی کرد بە کەعبەی روحی ئێزدییەکان؛ کە لەوێ نیشتەجێبن. ئەوکات منیش لەم ناوە دۆستایەتیم لەگەڵ گەلی شێخادی پەیداکرد. نەوەك هەر چوومە سینەی پیاوانیان، نەخێر؛ بۆشایی سینەی هەموانم بە پیاو، ژن و منداڵ کردە مەنزڵگا. باوەڕبکەن؛ لەگەڵ یەکەم قەترە ژەك لە مەمکی دایکەکان دەرژێمە نێو شادەمارەکانیان. بۆیە داگیرکاری و ستەم قبول ناکەن.

ئـەوەتا بـەر لـە زایـین بـە چـوار سەدسـاڵ، لەوکاتـەی زەینـەفۆن بـە سـوپا شکست خواردووەکەی؛ هاتـە خـاکی پیـرۆزی کوردسـتان؛ بـەر لـەوەی ئـامۆزا کاردۆخیـەکانیان دەست بوەشـێنن، هـەموو ترسـی لـەوان بـووە، لـە شـەڕانێگزی (پێزیدی یان پێسیدیەکان) تۆقیبوو. دواتریش و کاتی عوتبەی کوڕی فەرقەد هاتە کوردستان، لە ناوچەکانی باعەزرا، حیتون، داسـن و سـەرجەم شـوێنەکانی دیکـە رووبـەرووی بـەرەنگاری دەبێتـەوە. ئـەوەتا سـاڵی هەشت سـەد و سـی و نۆی زاییـنی، جەعفـەری کوڕی خرجسی سـەرۆکی کـوردان؛ لـە عەباسـییەکان رادەپـەڕی؛ لـە ناوچـەی داسـن و چیاکـەی؛ شـەڕی والـی موسـڵ دەکـات. دواتریش پشکۆی ئاگری بەرخودان؛ لەم ناوچەیە قـەد نەکوژاوەتـەوە. هەربۆیـە بەدرەدین لوئلوئی والی موسڵ و دواتر سوڵتانەعوسمانیەکان؛ ئێستاش داعش؛ فـەرمان بـەدوای فـەرمان بەسـەر ئـەو گـەلـە قارەمانـە دێـنن. لـەم فەرمانـەی خەلیفە ئەبوبەکر، لە رۆژی یەکەمـەوە لـە سـەنگەرە خۆڵینـەکانی بـەرگری لـە گـرزرك ئامـادەبووم. کـاتژێر دووی نیـوەی شـەوی دوو لەسـەر سـێی تـەباخ؛ داعش دەستی بە هاوەن بارانکرد. ئەو جوامێرانەی پـەنچا و سێ رۆژبـوو ئـەم خالانـەیان چۆڵ نـەکردبوو؛ کەوتنـە بـەرخودان. پێشـمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، خۆبـەخش؛ هـەمووی لـە سـەنگەری شـەرەف بـوون. دوای کـاتژێر چـواری بـەیانی؛ خـەڵکی گونـدەکانی دەورووبـەریش بـە هانایانـەوە هـاتن. سـەرەتای هێرشـەکە؛ داعـش وایـدەزانی گـەلی شێخادی وەك سوپای عێراقـی رادەکـات، بۆیـە بـە ئۆتۆمـۆبیلی ئاسایی دەبـڵ ئـەکسـل هـاتن. ئـەوەبوو هێرشـەکە شـکا؛ زەرەر و زیـانێکی زۆریـان پێگـەیشـت، زانیـان بەرامبـەر گـەلێکی ئـازان، بۆیـە پەنایان بردە بەر سەرجەم هێزەکان و کاریگەرترین چەکیان.

کـاتی خـۆر دەرکـەوت و داعـش گۆڕەپـانی جـەنگی بینـی؛ ئـەوەی بـە کەلاکی سەدان چەکداری رەشلەبەر رەش هەڵگەراوە، وەك قاڵوچە لەسەر پشت کەوتوون و لەم ناوە پێنج ئۆتۆمـۆبیلی بۆتـە کویزوخال، هەسـتی بە شپرزەیی کـرد. ئـەوەبوو کـاتژێر شـەش و بیسـت خولـەکی بـەیانی؛ یەکـەم هەمـەڕی

زرێپۆشی لە چەپەرەکە پەڕاندەوە... باوەڕدەکەن لەو خاڵەی ئەم دەعبا گولەنەبڕە پەڕیەوە؛ پاڵەوانێك شەڕی دەکرد کە ناوی حاجم خالتی بوو. مام حاجمی تەمەن شەست و حەوت ساڵان لە تەقەکردن بەردەوام بوو؛ پەنجەی لەسەر پەلاپیتکە هەڵنەگرت، خەریکبوو هەمەڕەکە بیشێلی؛ کەچی ئەو هەرتەقەی کرد و شوێنەکەی جێنەهێشت؛ پێی سەیربوو ئەو ئۆتۆمۆبیلە ناجورە هیچی لێنایەت! تەنها ئەوکات داعش توانی لە سەنگەر بپەڕیتەوە، بەڵام قارەمانان لە جەنگ نەوەستان و زیاتر لە بیست و حەوت پاڵەوان شەهیدبوون. لە میانی ئەو تەپوتۆز، دووکەڵ و ئاگربارانە، مام حاجم رزگاری بوو، بەڵام وڵاتی برای و ماهیر و تەمۆی ئامۆزاکانی شەهیدبوون.

بەڵێ بەرخودان لەم چەپەرە خۆلینەی گرزرگ زووتر دەستیپێکردبوو. کاتی دوای نیوەڕۆی رۆژی دووی تەباخ؛ داعش هێزی کۆکردەوە، لە سەنگەری بەرامبەردا شێخ موحسین ئادانی بە حەماسەتەوە قسەی بۆ بەرگریکاران کرد و گوتی: " ئەم چەپەرە جێ ناهێلین و دەبێتە گۆرستانمان، راستە چەکەکانی دەستمان سووکن؛ بەڵام ورەمان بە قورسایی چیای شەنگالە!" . هەرواش بوو؛ تا چەپەرەکە بە خوێن سوورنەبوو؛ هەمەڕە زرێپۆشەکان نەپەڕینەوە. خوێنی خۆبەخشی ئێزدی و پێشمەرگە تێکەڵ بە خاکی نیشتیمان بوون و تابلۆیەکی جوامێریان نەخشاند. کەچی لە هیکەوە؛ خانە نووستوەکانی داعش لە نێو شەنگال دەستپێشخەریان کرد و رەوشەکەیان بە تەواوی شێواند. شەنگال بە تەنیا مایەوە و کەوتە چەقی گێژاوێکی داعشی. سەرباری ئەم پاشاگەردانییە؛ کەچی کۆمەڵە قارەمانێك لە شەڕ نەوەستان ، ئەوەتا رائید دڵدار تەنها بە خۆی و شوفێرەکەی لە خاڵی تەلبەنات بۆ شەڕکردن مابوونەوە؛ لەوکاتەی عەرەبەکانی عەشیرەتی متێوتە لە پشت گوندەکەوە سوڕابوونەوە.

لە سینەی جانگوریان کەوتمە جووڵە؛ لەپێناو رزگارکردنی زیاترین ژمارە لە خێزانەکان، ئەوەتا قارەمانی رۆژی تەنگانە؛ خدر عەلۆ حەکۆی ناسراو بە

خدر خاتونا؛ وەك شێر راپەری و لەگەڵ کۆمەڵە پاڵەوانێك؛ لە دەروازەی سیبا شێخدر قاچیان لە زەوی کوتی، وەك چیا شەنگال خۆڕاگربوون. زمانحاڵیان دەیگوت: " لێرە نارۆین و ئێوە خانەوادەکانتان رزگاربکەن، خوێنمان لێرە تێکەڵ بە خاك دەبێت؛ ئەم خاڵە دەکەینە دروازەی دۆزەخ بۆ داعش!" . شەڕ گەرمبوو و هێرشەکان چڕتربوونەوە، بۆ ماوەی پێنچ کاتژێر ئەم قارەمانە کەوتە شەڕی دەستەویەخە. بیکەیسی لە دەست بوو بە پێوە شەڕی دەکرد. دوو ئۆتۆمۆبیلی داعشی سووتاند و زیاتر لە یازدە چەتەی لێ کووشتن. کاتی رەختەی لە فیشەگ بەتاڵبوو، دەمانچەی پشتی دەرهێنا و ئەویشی بەتاڵکرد... جگە لە یەك فیشەگ، کاتی زانی کار لەکار ترازاوە و بە چەتە دەورەدراوە؛ فیشەگەی بەسەری خۆی وەنا؛ تا نەکەوێتە دەست ئەم نامەردانە. تەنانەت دوای شەهیدبوونیشی؛ ماوەیەك داعش لە ترسان پێشڕەوی نەکرد. بەم شێوەیە ترسی خستبووە دڵیان! دواتر داعش لەو خاڵە پەڕیەوە؛ ئەوەی پێنچ کاتژێربوو؛ لەبەر ئەم قارەمانە لێیان عاسی بوبوو؛ نەیاندەتوانی پێشرەوی بکەن.

بەڵێ؛ جەنگەکەی شەنگال وادەستپێکرد. بۆیە کەس نەڵێ بەرگری نەکراوە؛ ئەوانەی چەپەری پێشەوە تا گوللەیان پێبوو شەریانکرد. پاشان پەیوەندیان کرد و داوای چەك، تەقەمەنی و هێزی پشتیوانیان کرد. کەچی وەڵام نەبوو؛ لە بەرخودان بەردەوام بوون تا داعش سەنگەرەکانی بە هامفی و زرێپۆش بڕی. دواتریش ئەم قارەمانانە تا شەهیبدبوون لە شوێن خۆیان هەڵنەستان. ئەو رۆژی زۆرێکم بینی؛ ئەوەی دەمەوێ باسیکەم ئەو قارەمانانەن؛ کە ئاگری منیان خستە نێو سینە؛ ئاڵای بەرەنگاربوونەوە و هزری رزگاریان لە یەکەم رۆژ هەڵگرت. بە دەستی ماندوو، نیوچاوانی بە ئارەقە، جلی نغرۆی تۆز و غوبار؛ سێی تەباخ لە گەلی کیرۆخ کۆبوونەوە. بەڵێ، بەیانی یەکەم رۆژ؛ ئەو حەڤدە پاڵەوانە بڕیاری بەرخودانیان دا، یەك هاوەنی هەشتا ملیم و سێ قومپارە، بیکەسییەك و دوو شریت. لەگەڵ حەڤدە

کلاشینکۆف؛ ئەوەندە سەرمایەی بەرخودان بوون. مەزاری شەرەفەدینیان کرد بە پێگە؛ لەوێوە شەرەفی یەکەم دەستڕێژی شەری ئازادیان بەرکەوت. بەڵێ، لەم گەلیەدا قاسم، حەیدەر، خدر، شەمۆ و پاڵەوانانی دیکەی گەلی شێخادی؛ بڕیاری خۆیاندا. بەرەنگاری لە نزیك پێچەکانی چیای شەنگال دەستیپێکرد، پاڵەوانان یەکەم ئۆتۆمۆبیلی داعشیان سوتاند. چوار چەتەیان کووشت و دۆشکەیەکی چوارلوولەیان کەوتە دەست. بەم پێیە و لە یەکەم بەرەنگاربوونەوە؛ پشکۆی بەرخودان گەشایەوە؛ شکۆی داعش شکاو پێشرەویەکەی وەستێنرا.

دەزانن، ناکرێت بە چەند دێرێك باس لەو پیاو و ژنانە بکەم؛ ئەوانەی شەرەفیان لێ دەتکێ؛ باڵای هەر یەکێکیان بە قەد چیای شەنگالە. ئەوەی من لە خەباتی گشت گەلان جیادەکاتەوە ئەوەیە؛ لە زۆر شوێن ژنان لە پاڵ پیاوان شەڕیان کردووە. کە ئەمەش لە مێژووی بەرخودان؛ لە رۆژهەڵاتی ناوین رووی نەداوە. ئەوە من بووم ئاگری تۆڵەم لە دڵەکان جۆشدا. هەر من بووم چوومە ناخی ڤیان تا دەنگ هەڵبڕی. سەرجەم پەرلەمانتارانی کورد و عێراقیم جۆشدا تا بەم شێوەیە دەوری ڤیان بگرن. من بووم دڵی ڤیانم کردە کورەی ئاگرین؛ تا بەو پەری ئازایەتی و بەرخودان هۆڵی پەرلەمان بهێنیتە هەژان. من بووم چوومە سینەی فرۆکەوانانی عێراقی و هاوپەیمانان؛ تا دۆزەخ بۆ داعش لەسەر زەوی بکەنەوە؛ بەر لەوەی بیانخەنە دۆزەخی هەتاهەتایی. من بووم لەسەر داواکاری مامۆستا داوود موڕاد خەتاری؛ کەوتمە نێو سینەی فڕۆکەوان و ستافی دوو هەلیکۆپتەری عێراقی؛ بە نێوی هەڵمەتی مام یوسف؛ زیاتر لە چل داعشیان رەوانەی دۆزەخ کرد.

بەڵێ؛ زۆر لەو ئاگرە بەسۆتتر بووم؛ ئەوەی بە لقەدار چنار بۆ گەرمکردنی لاشەی بەرگریکاران کرایەوە. چون بە ئاگری تۆڵە؛ هەناویانم دەسووتاند. ئەم ئاگرەم هەر نەخستە ناخی جانگۆری، خۆبەخش، پێشمەرگە و شەرڤانان؟ نەخێر... ئاگرم لە دڵی کچە رفێنراوەکان بەردا؛ ئەوانیش

دەستیانکرد بە بەرخودان و دوژمن کووشتن. ئەوەتا پاکیزەی شاجوان (سارە سەعید) خەڵکی تەلقەسەب، دەمووچاو و لاشەی خۆی بە ئاگر دەشوات؛ تا خێوەکانی داعش لاقەی نەکەن. ئەم جەستە جوانەی کردە خۆراکی ئاگر و گڕی بەرخودانی لە جەستەی بەردا. من؟ چ باسی خۆم بکەم؟ چ باسی ئازایەتی، دلێری و جوامێری گەلی ئێزدی بکەم؟

ئەوەتا پاڵەوان ( شەمۆ رەشۆ نەقبا ) لە گوندی جەواڵە دەمینێتەوە؛ سەرباری توندی هێرشەکان جێی ناهێڵی. ئەم قارەمانە زیندانی سیاسی و کۆنە پێشمەرگەبوو، بیرمە هێشتا مووی لێنەهاتبوو؛ کاتی بەگەڵ رێکخستنەکانی شۆرشی گوڵان کەوت، زیندانیکراو حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچوو، بەڵام حوکمەکە جێبەجێنەکرا و ئازادکرا. لە کاتی هێرشەکەی رۆژی بیست و چواری تەباخ؛ کاتی داعش بە شەش هەمەر و یازدە مەرزیەی لێوانلێو؛ لە داعش و تالانچی هۆزە عەرەبەکان؛ ئەوانەی بۆ دزی هاتبوون. هێرشەکە بە پێشرەوی شۆفەر و حەفارە دەستپێکرد، بە مەبەستی رێگا کردنەوە. کەچی پاڵەوانانی چیای شەنگال رێیان لێگرتن، (شەمۆ عەمشا) خۆی و هەڤاڵەکانی لە چەپەرێکی تۆکمە شەریان دەکرد. لەسەر ئەو گردەی دەروانێتە سەر پێدەشتەکەی؛ داعش لێیەوە هێرشی هێنا. بە دۆشکە چوار لوولەکەی کەوتە دروونەوەیان. بە شێوەی ئەژدیهایەکی چوار سەر ئاگری تورەی؛ لە دەمەکانی بەسەر دەبارانـدن. کاتی ئەم ئەژدیهایە ماندووە لە کارکەوت. داعش وای زانی هەمووانی کوشتووە، زیاتر لە بیست داعشی خۆیان هەڵدایە نێو سەنگەرەکە، بۆ ئەوەی بە دەستە رەشەکانیان ئاڵای رەشی ئەهریمەنی لەسەر بچەقێنن؛ ئاهەنگی سەرکەوتن بەسەر ئەم قارەمانانە بگێرن. لە ناکاو؛ دووبارە ئەژدیها کەوتەوە ئاگر باران؛ کاتی گوللەکانی تەواوبوون؛ شەمۆ بیکەسیەکەی هەڵگرت؛ وەك زرەدێوێك لێیان هاتە دەست؛ هێرشبەرانی تەفرووتوون کرد. لە بەرامبەر ئەم پلانە ناوازە. داعشیەکان زانیان ئەو سەنگەرە بە مرۆڤ ناشکێت؛ بۆیە پەنایان بردە بەر ئەسپە ئاسنینەکان.

(هەمـەرە زرێپۆشـەکان) توانیـان سـەنگەرەکە بشـکێن و شـەمۆی قارەمـان بـە برینـداری بگـرن، لـە تـاو ئـەو شکسـتە، ئـەو هەمـەر و سـێ ئۆتۆمۆبیلـە تێکشکاوەیان، هەردوو دەستیان لێکردەوە و زۆر دڕندانە شەهیدیان کرد؛ کەچی تا گیانی دەرچوو؛ هەر سەری بۆ دانەنواندن. پاشان داعش گومەزی شێخ مەنـدی تەقانـدەوە؛ چەنـدین پیـر و پەککەوتـەی کووشـت. بـەڵام هـەرگیز نـەیتوانی مـن لـە سینەی گـەلی شێخادی دەربێنـی. دواتـر نـاوی گەلیەکـە گۆڕا بۆ گەلی شەهید شەمۆ.

ئـەوەتا (شـێخ خـدر خودێـدە) لـە شـێخەکانی شـێخوبەکر لـە مـەزاری بیـری ئۆرا؛ هـاوار لـە پیـاوانی ئێزدی دەکـات کـە: " رۆژێکەو ئـەمڕۆ. هـۆ گـەلۆ بـەرخی نێـر بـۆ سـەربڕینە؛ کـاتی مـەردان هـاتووە تـا وەڵامـی ئـەم نامـەردە رەشپۆشانە بدەنـەوە!" . خـۆی چـەکی هـەڵگرت و پارێزگـاری لـە مەزارەکـەی کرد؛ دەیان لاوی خوێن گـەرم لـەم خاڵـە ئـاڵای بـەرخودانیان بـەرزکردەوە. شـێخ ئـاگری سینەی لـە میـانی لوولـەی ئارپیچیەکانـەوە بەسـەر دوژمـن دەبارانـد؛ شـەڕەکانی زێـراو و زورافـا شایەدی جوامێری ئـەم نـەمرەن. ئـەم خاڵـەی کـە دەیـان کیلۆمـەتر لـە چیـا دووربـوو بوبـووە خـاڵی وەرچـەرخان؛ خـاڵی بـە هانەوەهاتنی رزگاربووان و پێگەیەك بۆ گەیشتنیان بـە چیـا. مۆلگەیـەك بـۆ کۆکردنەوەی لاوە خوێن گەرمەکان. ئەوەتا هەر خەڵکە و لـە چیـا دادەبـەزی و بـەگـەل ئـەم هێـزە دەکـەوت؛ لـە سـەرەتای مـانگی ئـەیلول چوارڕیـانی چـوار کۆمەڵگەکەیان ئـازاد کـرد. هێزەکـەیان بـووە (یەکینـەکانی پاراسـتنی شـەنگال) چالاکیـەکانیان لـە قۆنـاغی بـەرگری گواسـتەوە بـۆ هەڵمـەتبردن و رزگـاری؛ سەرباری هەموو ئەو چالاکیانە؛ شێخ خۆراکی بۆ لانـەوازان و بێنـەوایان دابـین دەکـرد؛ ئەوانـەی هانایـان بـۆ مـەزار دەهێنـا. ئەفسـوس... لەرێگـەی مینێکـی چێندراو؛ دەستی رەشی داعشی پێگەیشت و چووە ریزی کاروانی نەمران.

ئەوەتا لە تەك ئەو، مجێورانی بیری ئۆرا چەندین کۆمەڵگەیان رزگارکرد. توانیان ببنە دەستێکی درێژی بەرخودان بۆ هێرشکردنە سـەر قـولایی داعـش؛

و ئارامگەیەك بۆ رزگاربووانی دەستی ئەهریمەن سازبکەن. ئەمە جگە لە گواستنەوەی تەرمی دەیان قوربانی و شەهید؛ بە مەبەستی ناشتنیان لە شوێنی ئارام.

(هەڤاڵ کاوە) لە شەڕی گەلی حەجی دەکەوێتە نێو هێزەکانی دوژمن و تا دوا گوللە بە شەڕدێت. دواتر خۆی دەتەقێنیتەوە تا نەکەوێتە دەستیان. هەرچی (حەواس حسێن کنۆ)ی قارەمانە، وەك خۆبەخشێك دەچێتە ریزی هێزی فریاگوزاری و هەر شوێنێك پێویستی بە جەنگاوەر هەبێت رووی تێدەکات. لە سەرجەم بەرەکان شەڕدەکات. لە کۆتاییدا و لە شەرێکی دەستەویەخە؛ لە دووریانی دهۆلا بەشێوەیەکی قارەمانانە شەهید دەبێت. بەو جۆری کە خۆی ئاواتی پێدەخواست؛ لاشەی ببێتە سەرەدرو بێژینگ لە پێناو گەلی ئێزدی؛ چون قارەمان بە یەك گوللە ناکوژرێ؛ بەڵکو جەستەی شاهێدی ئەو جەنگە دەبێت؛ کە تیایدا کوژراوە!

هەرچی (ئەمین فەیسڵە) خۆی تەرخان کردبوو بۆ دۆزینەوەی رزگاربووان و بەهاناچوونیان. جارێکیان چەند پەیوەندییەکی لە لایەن دوو کچۆڵەی گوندی کۆچۆ بۆ دەکرێت، گوایە لە نێو مەزاری ئامدینن و داعش راوەدوویان دەنێت. لە ترسی ئەوەی نەوەك بۆسە بێت؛ بە تەنیا دەچێت. تا ژیانی کەسی دیکە نەخاتە مەترسی. هەرواش دەرچوو؛ دوو چەکداری داعش کە شارەزاییان لە شێوەزاری خەڵکی شەنگال هەبوو؛ پەرۆیەکانی ناو مەزاریان لە خۆ وەرئاڵاندبوو بە هاوار دوای فریادرەسیان دەکرد. لەوکاتەی شەهێد لێیان چووەپێش؛ هێزە نامەردەکەی داعش تەقەیان لێکرد و شەهیدیان کرد.

لە شەرێکی دیکە (عەلی قاسم) بریندار دەبێت و (دکتۆر حوسێن) برینەکە قوڵەکەی بە دەرزی و داوی دروومان دەدوورێتەوە! لە رۆژی یەکەم و لە نزیك لۆفەکان؛ لەو کاتەی داعش هێرش دەهێنێتە سەر چیا، (مەڕوان عەلی) بە تاقی تەنێ شەڕدەکات و دەتوانی سێ دیل لە دەستیان رزگاربکات؛ کەچی خۆی بە سەختی بریندار دەبیت. بەڵێ ئەوە من بووم کە

(عەدنان جەلکی)م لە سەربازێکی ئاسایی لە ریزی پاسەوانی نیشتیمانی؛ کردەوە پیشمەرگە و شەرڤان. بە شێوەیەك، کە کەناڵە ئاسمانیەکان وێنەی شەرە قارەمانەکەی لە نێو شەنگال راستەوخۆ بگوازنەوە. واملێکرد ببێتە نێچیرڤانی داعشان؛ سوارێکی هێندە سەرکێش؛ کە رۆژانە و تا کاتی شەهیدبوونی؛ لە نێو شەنگال بە هەمەرەکەی پیاسە بکات و بە قەناسەکەی داعش راوبکات.

زۆرن ئەو قارەمانانەی منیان لە سینە؛ لە تەك خوداو خاکی نیشتیمان هەڵگرت. ناتوانم باس لەو هەموو قارەمانە بکەم، باوەڕبکەن قارەمانیەتی هەندێکیان نایەتە باس. ئەوەتا شێخی بەرگریکاران و شێخی سکێنێی. پاڵەوانی نەوەی قارەمان. کە بەرخودان لەم بنەماڵەیە رەگی داکوتاوە، شێخ خدری باپیرەی و بە پاڵپشتی فرەنسیەکان؛ لە ئینگلیز راپەڕی و توانی ناوچەکانی رۆژاوای شەنگال رزگاربکات. قارەمانێکی بە سام و هەیبەت؛ تەنانەت کاتی عەرەبەکان دەیانوویست منداڵەکانیان بترسێنن دەیانگوت: بخەوە؛ شێخ خدر هات!" . دواتریش لەو فەرمانە پەنهانەی کە لە رۆژمێری فەرماندا ئەژمار نەکراوە، سەرباری ئەوەی دەسپێکی فەرمانەکانی ئەنفال و داعشە؛ مەبەستم لەگەڵ (تەعریبە). ئەوەی بەعس لە حەفتاکان کردی. هاوکات لەگەڵ هەڵقەناندنی ئێزدییەکان لە شوێن خۆیان. دەوری شەنگالیان بە دەیەها گوندی عەرەب نشین مینرێژکرد. ئەمەش هەمووی دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول. ئەوکات (شێخ موارد)ی کوڕی شێخ خدر؛ پەیوەندی بە سوریا کرد و داوای کۆمەکی کرد؛ بە مەبەستی درێژە پێدان بە شۆڕش دژ بە رژێمی بەعس. ئەوەبوو هەندێ هۆزی ناو ئێزدیان گلەییان لێکرد؛ تا واز لەم پلانە بێنیت. چون نایانەوێ لەم کاتە ناسکەدا بەربەرەکانی رژێم بکەن. بە تایبەت دوای ئەوەی پشت و پەنایان؛ بە لە ناوچوونی شۆرش لە دەست داوە. کەس نازانێت چۆن کۆپی نامەکەی کەوتە دەستە رژێم. ئەوەبوو (شێخ موراد) بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە دەوڵەتێکی دووژمن؛ لە بەندیخانەی ئەبوغرێب

بەندیكرا. لە بیست وحەفتی تەباخی ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و هەشت؛ دوای دووساڵ لە بەندیكردن لە سێدارەدرا. هەردوو كوڕەكانی (شێخ خدر) و (شێخ مەشعەل) پەنایان بردە بەر سوریا؛ لەوێ سەرپەرشتی ناردنی مەفرەزەكانی بەرخودان و تۆڵە سەندنەوەیان دەكرد؛ بۆ نێو خاكی عێراق. دوای راپەڕینی بەهاری هەزار و نۆسەدو نۆهەد و یەك؛ گەڕانەوە و بەشەكەی دیكەی خانەوادەكەیان رووی لە هەندەران كرد. من لەوە زیاتر قسە ناكەم و لێدەگرێم شێخ خۆی قسەبكات.

ببورن، سەرباری ئەم هەموو پاڵەوانەی شەنگال؛ نازانم بۆ منتان هەڵبژاردووە تا قسەتان بۆ بكەم؟ خۆ ئەگەر مەسەلە ئازایەتی بێت؛ هەموویان لە خۆم بە ئازاتر و جوامێرتر دەزانم. ئەگەر بە تەمەن بێت؛ تەمەنم پەنجاو نۆ ساڵە كەچی ئەبو جەمال (عەلی حاول) لە من بە تەمەنترە و پێشمەرگەی دێرین بووە؛ بە مەبەستی بەرخودان لە ئەڵمانیا هاتۆتەوە. قارەمانێكی ئەوتۆیە؛ بە نیازبوو بە قومپارە هێرشی خۆكوژی بكاتە سەر هەمەرەكانی داعش! خۆ ئەگەر بە چاونەترسی بێت؛ كەس لە (سەعید هبۆ) جوامێرتر نەبوو، كە رۆژی یەكەمی داگیركاری و سەرباری برینە سەختەكەی؛ لە شەڕكردن نەوەستا؛ داعشەكان دڕندانە لە سەرتەختی نەخۆشخانە شەهیدیان كرد؛ كەچی چاویشی نەتروكاند و بە خەندەوە بە كاروانی شەهیدان گەیشت. ئەگەر بە هەڵوێست و چاو نەترسی بێت. كەس وەك حەجكۆ (حەجی گارس) جوامێر نەبووە، ئەوەی لە نزیك شەقامی سەرەكی بەعاج؛ ئاڵایەكی گەورەی كوردستانی لەسەر خانوەكەی بەرزكردبۆوە، بێترس و دڵەڕاوكێ لە قاعیدە و عەرەبی شۆفێنییەكانی ناوچەكە. لە ئاكامدا شەوی جەژنی ساڵی دوو هەزار و هەشت؛ چەتەكانی قاعیدە هێرشیان كردنە سەر؛ زۆر نامەردانە خۆی، برا، كوڕ و نەوەكانیان نغرۆی خوێن كرد؛ لە ژێر ئاڵای كوردستان شەهیدبوون. ئەگەر بە خۆڕاگری بێت؛ كەس وەك (قەوال منت جردۆ) نەبوو، كە لە خانووەكەی لە سۆلاخ

دەرنەچوو؛ تا پێیکرا شەڕیکرد و چەندین چەتەی داعشی کوشت؛ بەر لەوەی بە گوللەی قەناس و لە دوورەوە شەهیدی بکەن. چون کەس نەدەوێرا لێی نزیك بێتەوە!

من کەسێکی ئاسایيم؛ خزمەتکارێکی گەلی خۆمم. هەرگیز نەمویستووە لە خاکی پیرۆزی لالش دووربم. تەنانەت ئەو هەشت ساڵەی غەوارەییم؛ وەك مۆتەکە وابوو. مرۆڤ تا ئاوارە نەبێت قەدری نیشتیمان نازانێت. راستە لە شام بووم، بەڵام کوردستان لە خوێنم بوو. شام شەکرە بەڵام وڵات هەنگوین. باوەڕبکەن لە نیشتیمان هەموو شتێك خۆشتر، جوانتر و دڵگیرترە. تەنانەت دەنگی ئەو جرجرانەی شەوان لە نێو دەوەن و تەڕاشەکان دەخوێنن، لە بولبولی غوربەت بە جۆشترە.

شەنگال لای من وەك دایك وایە؛ دوور لەو هەستمدەکرد هەتیوم. کاتی هاتمەوە گەشامەوە، زۆرجاران دەمە و ئێوارە پیاسەم دەکرد؛ بەڵکو قەرەبووی ساڵەکانی غوربەت و غەوارەیی بدەمەوە. بە منیان دەگوت: " بۆ ناچیتە لای ماڵ و منداڵت لە سوید؟ چیت داوە لە کوردستان؟". دەمگوت : " دۆزەخی کوردستانم زۆر لە بە هەشتی هەندەران پێخۆشترە، دەزانن بۆ؟ چون ئەم دۆزەخە وڵاتی منە! مرۆڤ لە دۆزەخیش خزم و کەسی هەبێت هەست بە تەنیایی ناکات! هههه ( پێکەنین) چیم داوە لە بەهەشتێك؛ کە کەسی تیایدا ناناسم!" .

ئەو رۆژەی پۆڵی کوللەی بیابانەکانی باشوور؛ هێرشیان هێنایە سەر ئەم شارە و ئاسمان و رێسمانیان رەشکردین، هاوشانی میرخاسانی هۆزەکەمان لە قەیرانیە؛ شەڕمانکرد، تا ئەوکاتەی ئاڵای رەش بەسەر ئاسمانی شەنگال هەڵدرا. سەرەتا و لەسەر ئەو گردەی دەڕوانێتە گوندی شێخ قەدری؛ داعشمان شکاند. چووم تا لە ماڵی فەیسەڵ حەیدەر بەرچا بکەم. کاتێ هاوار هەڵسا کە دوژمن بە زرێپۆش؛ لە بەرەی رۆژاوا هاتۆتە نێو کۆمەڵگە، گەڕامەوە سەر گردەکە و زۆر توندتر شەڕمانکرد. کاتی دوژمن زانی لە

بەرەی ئێمەوە ناتوانی پێشڕەوەی بکات؛ دەستیکردە نامەردی و ماڵەکانی دەورووبەری هاوەنباران کرد. ڕۆژێکی مێژوویی بوو، نۆ پاڵەوانمان لێ شەهیدبوو. هەرچەندە دوژمن هێرشی چڕتر دەکردەوە، کەچی لە بەرامبەردا گەنجانمان ڕشتتر دەبوون. ئەمەش لە پێناو ڕزگارکردنی خێزانەکان. تاکە خێزانێك ئەوەی جێما و کەوتە دەستیان؛ خێزانی ئەحمەد شەرکۆی قارەمان بوو. ئەو قارەمانی لەم چەپەرەدا حەوت داعشی کوشت؛ لە بەرامبەردا داعش سەرجەم بنەماڵەکەی لەنێوبرد.

سەیرم بەوانە دێت؛ کە دەڵێن شەڕ نەکراوە؟ لەو ڕۆژەدا و تەنها لە سەنگەرەکانی گرزرك و شەنگال؛ دووسەد و پەنجا و شەش شەهیدمان دا، کە دواتر لە لایەن داعشەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵ، لە باشووری ڕۆژاوای کۆمەڵگە ژێرخاك خران.

پاشان بەرەو چیای شەنگال پاشەکشەمانکرد. لەوێش دووبارە کەوتینە شەڕی دەستەویەخە؛ ئەمەش لە پێناو پاراستنی خەڵك. ئەوەندەم بیکەیسی تەقاند تا دەستەکانم سووتان. باوەڕبکەن، هیچ هەستم پێی نەکرد؛ بەهۆی ئەو ئاگرەی لە سینەم هەڵاوی کردبوو. ئەوکات بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات؛ کە بەرەی ڕۆژاوای باشووری چیا وەرگرین. لەوکاتەدا هەربیرم لای کۆکردنەوەی کۆمەك و چەك بوو؛ بۆ بەردەوامی بەرخودان. داعش وەك هەشتپای دەریا بۆ هەرکوێیەك دەست بجوڵێنی؛ نایگەڕێنیتەوە و پێشڕەوی دەکات. بۆیە بەر لەوەی لاشە لیقنەکەی بێنیت و جێگیربکات؛ پێویستە دەستەکانی ببڕین. بۆیە لە مێشکی خۆم دوو پلانم دانا؛ یەکێکیان خێراو بەم پێیە؛ (خێری هۆرا) و کۆمەڵەیەکم ڕاسپارد کە بازگە لە بناری چیا دابنێن؛ چەك لەوانە وەرگرن کە بە یاروەی خێزانەکانیان پاشەکشە دەکەن؛ نیازی بەرەنگاربوونەوەیان نییە. داواملێکردن بە هێواشی لە خەڵکەکە بگەینن: " مادامەکی شەڕی پیناکەن؛ ئەم پارچە ئاسنە قوڕسە چیە بە شانتان وەکردیە؟ خۆ لەبڕی ئەوە منداڵێکی خۆتان یان هێ خەڵك؛ لە کۆڵکەن باشتر نییە؟ یان هەر هیچ نەبێ؛ خوانچە

نانێك بەسەر چیا بخەن. ئەگەر چەك بەكارنەهێنی بۆچیتە؟ هاوشێوەی پارچە دارێكە؛ جگە لە بارگرانی هیچ بەهای نییە!" . ئەوەبوو زیاتر لە سەد پارچە چەكمان كۆكردەوە. بەڵام جەنگ دژ بەم چەتانە؛ كە چەكی سووپای دوو دەوڵەتیان لایە؛ بە دوعا و سەلام ناكرێت! پێویستی بە چەكی قورس و ئۆتۆمۆبیل هەیە. بۆیە لە هەمان شوێن مۆبایلم بۆ شێخ مەشعەلی برام كرد؛ و پێمگوت: " بزانن، رۆژ رۆژی میرخاسانە، كاتی خۆشی و پارەكۆكردنەوە تەواو. چێشتخانەكان دەفرۆشیت و خۆت، برا و كوڕە براكانت دێنەوە، كوڕەكانی خۆشم لە بیرنەكەی. نیشتیمان پێویستی پێتانە. ناكرێت لێرە میللەت فەرمان بكرێت؛ ئێوەش لە هەندەران خەریكی كارو كەسابەت وگەشت بن. وەرنەوە با لێرە كورەی مەرگ بۆ داعش گڕبدەین، مردن و قوزەڵقورتیان دەرخوارد دەین. گوێت لێیە؟ بە زووترین كات دێنەوە. گرنگ نییە؛ ماڵەكان هەرزانفرۆش بكەن تا خەڵك سووكمان نەكات. ئێمە لە شێخەكانی مەلەك فەخرەدینین براكەم؛ میللەت چاوی لێمانە!" .

هەستمكرد ئەم رستەی دوایی كاری خۆیكرد. مەشعەل كۆبوونەوەیەكی پێیان ئەنجامدا. بڕیاردرابوو گەنجەكان یەكسەر بگەڕێنەوە و براكەم بمینێتەوە؛ تا چێشتخانەكان دەفرۆشێت. ئەوەبوو دوای دوو رۆژ؛ سی گەنج لە رێگەی زاخۆ هاتنەوە و بەگەڵمان كەوتن. دوای فرۆشتنی سێ چێشتخانە براكەم بە چوار سەد هەزار دۆلار گەڕایەوە و دەستمانكرد بە كڕینی چەك، تەقەمەنی و ئۆتۆمۆبیل بۆ بەردەوامبوونی بەرخودان.

هەر لە سەرەتاوە هێزەكەمان زەبری كوشندەی وەشاند. ژمارەمان زیاتر لە سێسەد چەكدار دەبوو. سەرەتا بۆ شكاندنی گەمارۆی داعش؛ بازگەی سكێنیمان كردەوە، لە میانەی ئەو رێگایە خەڵكەكە توانیان سەدان ئۆتۆمۆبیلی رزگاربكەن. دواتریش رێگای شلۆمان كردەوە. دەستمانكرد بە پاراستنی ناوچەكانی (شلۆ، سكێنی، حەیالی و رزگا). زۆرێك لە پیر و پەككەوتەكانمان بەرەو چیا پەڕاندەوە؛ چون ئەوان بەزەییان بەمانەش

نەدەهاتەوە. میینمان لە قەراجەکان بۆ داعش دادەنا و هێرشی خێرامان دەکردنەسەر. لەم بەرە فراوانە کە درێژییەکەی دوازدە کیلۆمەتربوو، چەندین هێرشی داعشمان تێکشکاندووە و بە دەیان کەلاکمان پێ جێهێشتوون.

داعش هەستی بە کاریگەری هێزەکەمان (هێزی بەرخودانی شەنگال) کرد. هێرشەکانی لەسەرمان چڕکردەوە. بەر لەوەی هێرش بێننە سەر بەرەکانمان؛ چەتەکانی داعش خوداحافیزیان لە یەك دەکرد؛ وەسیەتنامەیان دەنووسی چون دەیانزانی لە دەست ئێمە رزگاریان نابێت.

هەست دەکەم ئیمڕۆ زۆر دڵخۆشم و نازانم بۆ؟ چوارشەممەیە بۆیە؟ یانیش چون لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دوو هێرشمان شکاندووە؟ بیرمە چوارشەممەی رابردوو؛ پازدەی ئۆکتۆبەر هێرشی یەکەمیان هێنایە سەر مەزاری شێخ حەسەن لە گابارا و بە سەرشۆڕی گەڕانەوە، رۆژی یەك شەمەی دواتر؛ هێرشیان هێنایە سەر شلۆ و کۆمەڵێك هەمەر، ئۆتۆمۆبیل و چەتەیان بە سووتاوی جێهێشت و رایانکرد؛ وادیارە ئیمڕۆ هێرشی سێیەم دەهێنن.

دەزانن، بەردەوام بە کوڕەکانم دەڵێم؛ کاتی دەڵێم کوڕەکانم مەقسەدم هەموو جوامێرەکانی هێزەکەمانە؛ نەوەك هەر تەنها کوڕەکانی خۆم. چون من باوکی هەمووانم. بەردەوام پێیان دەڵێم: " کوڕ ئەو کوڕەیە کە بۆ نانخواردن و قسە خۆشەکانی دوای شەڕ بمینێتەوە، واتا شەڕ بکەن، ئازا دەرکەون، بکوژن بەڵام خۆتان بەکوژ مەدەن. دەمەوێ بەردەوام سەلامەت و ئارام بن. ئەم جەنگە درێژخایەنە. دەجەنگین، سەردەکەوین، پاشەکشە دەکەین، دووبارە هەڵمەت دەبەین و خاکمان رزگار دەکەین. ئاخر لە جەنگدا هەموو شتێك روودەدات. گرنگ ئەوەیە ئێوە ئازا و ژیرانە شەڕبکەن!" .

ببورن؛ هەمدیس چەتەکانی داعش بە هێزێکی زۆرەوە هاتوون تا سکێنی داگیربکەن، بەڵام من لێرەم... بەر لەوەی بڕۆم و ئەم کوللانە بە دەرمانی کوللە(هاوەن) قڕبکەم. دەزانن چی دێتە خەیاڵم؟ مردنێك وەك هی شێخ

خدری مجێور. بەرۆژوو بوو کاتی چووە بەر دلۆڤانی خودێ. حەزدەکەم لە جەنگێکی قورس شەهیدبم. دوای شەهیدبوونم کوڕەکانم لە بەرخودان نەوەستن؛ ئەم شەهیدیەم ببێتە مایەی سەرکەوتن و ئازادکردنی خاك. تەرمم نەکەوێتە دەستی داعش، دواتر ببرێتەوە لالشی پیرۆز.

زۆرە وانییە؟ لەم کاتی جەنگە چۆن ئەم هەموو شتە بۆ پیاوێکی بە تەمەنی بێ پلە و پایەی وەك من دەکرێت؟ دەزانن، لە هەموو ژیانم بە دوای پۆست و پایە نەگەڕاوم؛ چون بەردەوام بە کۆتم زانیووە. تەنها باوەڕم بە ئازادی نیشتیمانەکەم هەیە. باوەڕبکەن باوەڕ لە ناخی مرۆڤ گەورەترین چەکە. هەر ئەوەشە کە گەلان سەردەخات. ئێمە بە درێژایی مێژوو فەرمانکراوین. بەختی ئێمە وایە کە دوژمنی ئەمجارەمان زۆر جیاوازترە. زیاتر لە گەلە گورگێك، رەوە سەگێك ، پۆلە کوللەیەك دەچی لەوەی مرۆڤ بن. چەکی زۆر بە هێزیان پێیە کە گوللە و تۆپ نایبڕێ، ولاتانی پارەدار کۆمەکیان دەکەن. ئەوان هاتبوون گەلەکەمان لەنێو ببەن. نەیانزانی ئەم کارە مەحاڵە. وایاندەزانی داگیرکردنی شەنگال کۆتایی بە هەموو شتێك دێنیت. بێخەبەر لەوەی ئەمە هەنگاوی یەکەمیانە لە ڕێگای شکست؛ پێیان ناوەتە زۆنگاوێك کە دەرچوونی بۆ نییە. ئێمە تەنها یەك بژاردەمان هەیە، ئەویش سەرکەوتنە، دەنا مردن و خۆبەدەستەوەدان بژاردە نییە؛ و لە هزری ئێمە بوونیان نییە.

دەزانن جیاوازی نێوانمان چییە؟ ئەوان بۆ تالان، کووشتن، بڕین و دزی هاتوون. گەر دەستیان کەوێت یان نەکەوێت دواجار ماندوو دەبن، کاتی جەنگ درێژە دەکێشی شپرزە و بێ هیوا دەبن. هەرچی ئێمەیە؛ بۆ ولات، ئایین، شەرەف و بوونی خۆمان دەجەنگین. بۆیە نەبێزار و نەماندوو دەبین. گومان لەوەدا نییە کە لە کۆتاییدا سەرکەوتن هەر بۆ ئێمەیە. چون خودێ، خاك، راستی، مێژوو، ئاسمان و رێسمانمان لەگەڵە.

ببورن و کاتی ئەوە هاتووە بە یارمەتی پسمامم بۆمبا بارانیان بکەم.

هەرچەندە لەوەش بەراورد ناکرێین؛ چون هی ئێمە هەشتاو دوو ملیمە؛ کەچی هی ئەوان سەدو بیستە، بەڵام باوەڕبکەن هی ئێمە کاریگەرتر و بەهێزترە، چون بە دەستێکی توندی بەهێزی پڕ لەهیوا؛ دەخرێتە نێو لولەکە؛ هاوشێوەی گڕی بەرخودان لە نێو سینەمان ئاوا پڕ گڕ، داخدار و سووتینەرە.

هۆ هۆ مەشعەل، مەجدەل، ئەمیر... کوڕەکانم؛ گوێبگرن هەمووتان. ئەمڕۆ هێرشی سێیەمی داعشە بۆ سەر بەرەکەمان. ئەوان بە نیازن ورە و شکۆمان بشکێنن. ئێوە نەوەی ئەو قارەمانانەن؛ ئەوانەی لە بەشی رۆهەڵاتی چیای شەنگال؛ لە سوپای حافز پاشا عاسی بوون. هاوشێوەی ئێمە بەڵێنی شەهیدبوونیان دا. سوێندیان خوارد لە پێناو ئایین و شەڕەفیان بمرن. سەد و پەنجا قارەمان سوێندیان بە خودێ و تاووسی مەلەك خوارد؛ دواتر پێی خۆیان بە گوریسی ئەستوور بەستەوە؛ تا لەکاتی تەنگانەدا کەس شوێنی خۆی جێنەهێڵێ و رانەکات. ئەوەبوو ئەم سوپا زەبەلاحە چوار هێرشی بۆ بردن؛ کەچی بەردی چیاکە جولایەوە و ئەم جوامێرانە یەك ئەنگووست نەبزوین. چوارسەد و پەنجا جەندرمەیان کوشت؛ لە بەرامبەردا تەنها شەش قارەمان شەهیدبوون. نەوەك هەر هەند، بەڵکو لە کاتی شەودا بیست و پێنج جانگۆری؛ بە جلی جەندرمە چوونە نێو ئۆردوگای سوپای تورکی. دوای کووشتنی کۆمەڵێك جەندرمە بە چەقۆ و شمشێر، جگە لە چەك، بڕێکی زۆر خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ خۆیان بردەوە چیا. بۆ بەیانی سوپای تورکی لە ترسان خۆی تێکنا و هەڵات. ئێوە نەوەی ئەم قارەمانانەن. هەر چییەك روویدا بیرتان بێ کە ئێوە ئێزدین؛ لەسەر هەقن و هەموومان بە خۆمەوە؛ ئامادەین بۆ شەهیدبوون. بۆیە هەرگیز ورە بەرنەدەن.

دواشت کە دەمەوێ بیلێم. نەوەك ئەمە دوا قسەکانم بێت... لە رێگای بەرخودان بە دوای خۆر بکەن نەوەك کاروانکوژە. بە دوای هەق بکەون نەوەك کەسان. چون پیاو بەهەق دەناسرێ نەوەك پێچەوانە. ئەوەتا (خالد سەعید) ئەمیری داعش ئێزدیە و لە شێخەکانی حەردانە؛ کەچی لە دژمان

دەجەنگی. لەوکاتەی پێشمەرگەو شەڕڤانان موسولڵمان و هاوسەنگەرمانن. کەواتە برام ئەوەیە کە هاوشانم دەجەنگی؛ نەوەك ئەوەی سەنگەری دژم گرتووە. هۆل هۆلا تاووسی مەلەك... هۆل هۆلا سوڵتان ئێزیا.

دەزانن، لەمرۆژەدا شێخ زۆر جوامێرانە شەری کرد. بەڵام بە هۆی دەستنیشانکردنی شوێنی؛ قومپارەی هاوەنێك نزیکی تەقییەوە و دوو ساچمە بەر ئەو سینگە دەرپەریوەی کەوت؛ ئەوەی سیخناخ بوو بە خۆشەویستی خاك و نیشتیمان. بە پەلە گواسترایەوە سەرچیا، بەڵام لەبەر نەبوونی پزیشك و هۆکارەکانی فریاگوزاری پێویست؛ بە کاروانی شەهیدان گەیشت.

تەرمی پیرۆزی بە فڕۆکە گواسترایەوە فیشخابور و لەوێش بۆ لالش، بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان پێچرا و لەسەر شانی جەنگاوەر و پێشمەرگان هەڵگیرا. قەوالان بە فووکردنی نەی و لێدانی دەف بە پێش تەرمەکەی کەوتن. بەدەم هوتافی گەنجان، ئاخ هەڵکێشانی جەنگاوەران و تیلی لی ژنان بەرەو گۆرستان بەڕێکرا؛ لە تەك پیاو چاك و شەهیدان نێژرا. لە بەرەی جەنگیش و تەنانەت دوای کوژرانی شێخ؛ سەرباری هەڵمەتی چڕی داعش؛ کوڕەکانی شێخ لە بەرخودان نەوەستان و لە دژە هێرشێکدا؛ گوندی سکێنیان ئازاد کردەوە. ئەو رۆیی بەڵام رێبازەکەی جێما؛ بووە سیمبوولی بەرگری و شێخی بەرخودان و شەهادەت.

## (77)

# فەرمان

بۆ وا تاسان و دەمووچاوتان تێکنا؟ مۆڕەم لێمەکەن من وشەیەکی فارسی ئاساییم ؟ لە شەش پیت پێک دێم و تەنانەت ئێوەی کوردیش بەکاری دێنن! گوزارشت لە ویست و بڕیار یان دەستورێکی سوڵتانی دەکەم. هەرشتێک سوڵتان پێی باش یان خۆش بێت، بێگومان ویستی ئەو کارێکی ڕەوا و راستە، ئەوجا لە ئاکامی راوێژی راوێژکاران یانیش خەیاڵاتێکی ئاو دەست بوویێت. ئەکید وایە؛ چون سوڵتان ترۆپکی داری پیرۆزی خیلافەت و سەڵتەنەتە لەسەر زەوی.

بەهەرحال؛ من لە ئەستانەوە دەردەچووم، پاشگری جوانی وەک (شەریف، هەمایۆنی، بەرز، راژەکراو)م لەگەڵ بەکاردەهات، دەزانن چی من لە هەموو شتێکی دیکە جیادەکاتەوە؟ چی چی؟ کاغەزە درێژ و تەسکەکەی لەسەری دەنووسرێم ؟ نەخێر. ئەو بۆشایەی دوای وشەی (ئەلحەمدولیلا)دێت کە بە گەورەی لە ناوەڕاستی کاغەزەکە دەنووسرێت؟ نەخێر. ئەو بۆشاییە زۆرەی لە نێوان حەمد و ناوەڕۆکی بڕیارەکەیە؛ توغراو و مۆری سوڵتانی بە گەورەیی لەسەر کراوە؟ نەخیر. دێرە نووسراوەکان لە لای راست دەست پێدەکەن؛ بەرەو سەرەوەتر دەچن بۆ لای چەپ؟ نەخێر... نەخێر!

ئەوەی من لە هەموو شتێك جیادەکاتەوە ئەوەیە؛ رەتکردنەوەو پێداچوونەوەم بۆ نییە. هاوشێوەی شمشێری دەستی جەلـلاد؛ کە دەرچووم تا بە خوێن سوورنەکرێم ناگەڕێمەوە کالان. چۆن دەنووسرێم و خەتمی شەریفی دەستی

سوڵتان دەچێتە سەرم... دەبێ ئاوا جیبەجی بکرێم! دەزانم... دەزانم هەموو شتێک مایەی پێداچوونەوەیە؛ تەنانەت ئایەتی قورئانیش نەسخ و پووچەڵکردەوەی هەبووە... بەڵام چیبکەم گەر من نەمبێ!!

لای گەلانی ژێر حوکمڕانی سەڵتەنەتی عوسمانی؛ من خۆشی و ناخۆشی، سەرکەوتن و نشوستی، پاداشت و سزا دەگەیەنم، کە چی لای گەلی شیخادی، تەنهاو تەنها وابەستەی ڕەشەکوژیم. بەڵێ، لای ئەوان من واتای خاک داگیرکردن، سەربڕین، تالاَن، ئاوارەکردن، بە موسوڵمانکردن، سەبیکردن، لاقەکردن، سوتاندن، ماڵوێرانکردن و خراپەکاری دەگەیەنم. هەرچەندە یەکەم فەرمان لەسەر دەستی غولامەکی بنەچە ئەرمەنی و بە رواڵەت خو بە ئیسلام زان؛ بە ناوی بەدرەدین لوئلوء؛ ساڵی هەزار و دووسەد و چل و شەشی زایینی ئەنجامدرا. کەچی دواتر لە ئەسفەهان و ئەستانە دەردەچووم. لەم ماوەیەدا هەر فەرمان بووم تا موفتی دەوڵەتی عوسمانی؛ ئەبو سعودی عیمادی لە ساڵی هەزار و پێنج سەدو شەست و شەش کردی بە فەتوا! بە مەش فەرمانەکان بە فوڕمێکی ئایینی پەردەپۆشکران و شەرعیەتیان وەرگرت. هەرچەندە کێشە لە نێوان میر حوسێنی داسنی و میر سەیفەدینی سۆرانی هەبوو، بەڵام حاکمی عەمادیە سوڵتان حوسێن بەگ و لە پێناو فراوانکردنی قەڵمڕەویەکەی؛ بە شێوەیەك؛ کە دهۆک و تەواوی بادینان بخاتە ژێر رکێفی خۆی، دەیان راپۆرتی لەسەر داسنیەکان ڕەوانەی ئەستانەکردح تا ئەم فەتوایەیان لەسەر دەرچێ.

بەهەرحاڵ؛ فەتوا دەرچوو و هەموو ئەو خوێن، کوشتار و خراپەکاریە لە ملی ئەوانە، چون تا ئێستاش چەندین فەتوای ناحەقی دیکە؛ لە روشنایی ئەم فەتوایەوە دەرچوون، دواهەمیشیان فەتواکەی خەلیفە ئەبوبەکری بەغدادییە.

هەرچەندە ئەمجارە ژمارەم حەفتاو چوارە، کەچی بە گوێرەی رووداوە مێژوویەکان؛ ژمارەم لە سەد و شەست زیاترە. چون فەرمان واتا کوشتن،

تالآن و بڕۆ، جا فەرمان هەبووە تەنها ناوچەیەک، گوندێک یا چەند گوندێکی گرتۆتەوە. فەرمانیش هەبووە سەرتاسەری بووە، کاولکاری زۆربەی هەرەزۆری شەنگالی لێکەوتۆتەوە.

هەر لە یەکەم فەرمان تا ئەوەی داعش زۆرم بینی؛ زۆر گریاوم، ئاخر ئەوەی رودەدات هیچ دڵ و هزرێک قبوڵی ناکات. نازانم ئەوانەی دێنە سەر گەلی ئێزدی چ جۆرە دڕندەیەکن؟ بە درێژایی مێژوو؛ هەر چەند ساڵ جارێك؛ ئەهریمەنێک لە قوڕقوڕاگەی دۆزەخەوە دەردەچێت؛ بە بیانوی ئەهریمەن پەرستن، سوپایەکی دڕندە لە خێو دەهێنیتە سەر گەلی ئیزدی؛ دۆزەخیان لەسەر زەوی بۆ گڕدەدات. بەڵی، هەر لە سەرەتاوە ئەهریمەنەکانی سەر زەوی و بەناوی پەرستنی ئەهریمەن، فەرمانی گەلی ئێزدی دەکەن. من نازانم کێ ئەهریمەن پەرستە؟ ئەوەی بێ پەیامبەر خودای ناسیووە و پەرستووە؛ یان ئەوەی بە فیتی ئەهریمەن گەلێکی خوداناس فەرمان دەکات؟ ئەوەی لە نزاکانی هاواری خودا دەکات؟ یانیش ئەوەی لە کاتی سەربڕین ناوی خودا بە زمانە گڵاوەکەی پیس دەکات؟ کامەیان کافرە؟ ئەوەی لە ئەهریمەن دەترسێ؟ یانیش ئەوەی لە خودا ناترسێ و بە ناوی ئەو گەلان فەرمان دەکات؟

پرسیارێک دەکەم و هیوادارم هەڵپە نەبن و لێی بگەن و بیری لێبکەنەوە. سەرەتا گەلی ئێزدی ئەهریمەن ناپەرستن و خوداپەرستن. بەڵام توخوا کامەیان کێشەو دەردەسەری بۆ مرۆڤایەتی دروست دەکات، پەرستنی ئەهریمەن بە ئاشتی و بێکێشە نانەوە، یانیش خوداپەرستیەک؛ کە زەوی نغرۆی خوێن بکات و کاولکاری بڵاوکاتەوە؟

تا ئێستا نازانم ئەهریمەن کێیە و کێ ئەهریمەن پەرستە؟ بەڵام ئەوەی دەزانم خودای پەروەدگار میهرەبانە و بە میهرە، یەک بەشی میهری خۆی ناردۆتە سەر زەوی و نۆهەد و نۆی بۆ خۆی هێشتۆتەوە، بۆیە گومانم لەوەیە ئەو خودایەی ئەم بکوژ، دڕندە و جانەوەرانە دەپپەرستن ئەهریمەنە.

مەگەر ئەوەنیە بە ناوی ئەو پیاو سەردەبڕن، ئافرەت لاقە دەکەن، منداڵ دەکوژن، ماڵ تالآن دەکەن و دژی هەموو شتێکی جوان و پاک و راستن.

بیرمە لە یەکێك لە فەرمانەکان عومەر وەهبی پاشا (والی موسڵ)؛ فەریق پاشای ناردە سەر شەنگال و شێخان، کاتی شێخ میرزا مامك خۆی بە دەستەوە نەدا؛ دواتر و دوای دەستگیرکردنی سەری لە لاشە جیاکردەوە؛ لەو کاتەی هاواری دەکرد (هۆل هۆلا تاووسی مەلەکا). دواتریش عەلی بەگ رەتیکردەوەو ببێتە موسوڵمان و بەرەو سیواس دوورخرایەوە.

بیرمە لەو کاتەی حوسین بەگ خۆی بە دەستەوەدا، هەر یەک بووبایە موسلمان فەریق پاشا جامانە سوورەکەی لەسەر دەکردەوە و جامانەیەکی رەشی پێدەدا؛ تا بە بەستنی بێبەری خۆی لە ئێزدیاتی دووپات بکاتەوە. ئەمە جگە لە پێدانی لیرەیەکی زێر. لەو کاتەوە تا ئێستا جامانەی رەش بە جامانەی فەریق پاشا ناسراوە؛ بۆتە سیمبولی خۆبەدەستەوەدان و موسوڵمان بوون. بۆیە ئێزدیەکان لە خۆیان حەڕامکردووە.

لە فەرمانی میری کۆرە، گەلی شێخادی پەڕاگەندە بوون، بەشێکیان پەنایانبردە بەر چیاکانی جودی، تورعابدین و شەنگال، بەشێکی دیکە لە دۆڵەکان خۆیان حەشار دا، بەشە زۆرەکەش رووی کردە شاری موسڵ، کەچی والی موسڵ و لە ترسی زەبری میری کۆرە؛ پردەکەی روخاند. بەشێکیان بە مەلەوانی پەڕینەوە؛ کەچی ژن، منداڵ و پەککەوتەکان لە دەرەوەی شار لە گردی قویونچق چەند رۆژیک مانەوە. تا ئەوکاتەی سوپای رەواندز گەیشتە لایان و رەشەکوژیکردن؛ یەک کەسیشیان بە زیندوویی لێ نەهیشتن. بە راستی دیمەنێکی قێزەون بوو، شمشێرەکان لە خوێن رشتن ماندوو بوبوون، خەڵکی موسل لە نێو شارەکەیان گوێیان لە هاواری قوربانیەکان دەبوو. ئەوانەی هاوار، گریان و نزایان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک. بەڵام کەس بە هاواریان نەچوو و لەسەریان نەهاتە وەڵام، ئەم ناوە بە خوێنیان سووربوو. ئای مرۆڤ بوونەوەرێکی چەندە

ترسنۆک و خۆپەرستە، چەندە دڵڕەق و خوێن ڕێژە، چەندە بەستەزمان و لاوازە!

ئەوەتا لە فەرمانی حافز پاشا و دوای ئەوەی ژن، منداڵ، پیر و پەککەوتە خۆیان لە ئەشکەوتەکان دەشارنەوە، جەندرمە بەردەم ئەشکەوتەکان دەگرن و بۆمب فڕێدەدەنە نێوی؛ دواتریش گڕیان تێبەردەدەن. لە ئاکامدا بەشێکیان سووتاو بەشەکەی تر خنکا. هەرچی لە ترسی مردنیش رایدەکردە دەرەوە؛ بە گوللە و قەمە پێشوازی لێدەکرا!

لەم فەرمانەی ئەمجارە، چەندین دیمەن، وێنە، کاردانەوە و هەڵسوکەوتم بینی، ناڵیم منی تاساند؛ چون من لە ناوخن مانای هەرچی خراپەیە لە خۆوەدەگرم، بەڵام لێرە و لە میانی ئەو چەند لاپەڕانەوە بۆتانی باسدەکەم. باسەکەی من لە سنوورێکی دیاریکراو نابێت. بەڵکو باس لەو وێنانە دەکەم؛ ئەوەی کەس نەیبینیووە و باسیان لێوەنەکراوە.

لەگەڵ بەخۆوەکەوتنی شانە خەوتووەکانی خێوی شەڕ؛ رەشەکوژی دەستپێکرد. ئەوەتا لە رۆژی یەکەمی فەرمان؛ داعش لە رێگەی ئەندامانی؛ لە بەعاجی و عەفەریەکان؛ ئەوانەی لە نەخۆشخانەکان کاریان دەکرد، فەرمانیان دایە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی؛ چارەسەری برینداران نەکەن؛ دواتر دەستیانکرد بە کووشتنی نەخۆش و بریندارانی غەیرە عەرەبی؛ نەخۆشخانەی شەنگال. ئەمەش لە رێگەی دەرزی تایبەت، پێدانی بڕی زۆر لە دەرمان، دانانی مەگنیسیۆم لە ئاوی دڵۆپێنراو و دەمانچەی بێدەنگ. پەرستارە داعشیەکان بوونە دەستی ئەهریمەن؛ سەرجەم نەخۆشە ئێزدی و شیعەکانیان لەنێوبرد؛ یاریدەدەری نەخۆشەکانیشیان دەستگیرکرد.

لە رۆژی یەکەمی غەزوەکە، لەوکاتەی پیاوانی گرزرك خەریکی شەڕبوون و جەنگ گەرمبوو. خەڵکی رەمبوسی کە توانای داراییان باشتربوو؛ بوونە دووبەش. بەشێکیان لە چەپەر لەگەڵ براکانیان وەستان؛ بەشەکەی دیکە خانەوادەی گرزرکیان لەگەڵ خۆیان بۆ شوێنی ئارام گواستەوە. هەرچی

ئەوانەن کە لە نێو شەنگال مانەوە؛ رووبەڕووی کووشتن، سووکایەتی پێکردن، رفاندن و دەستگیرکردن بوونەوە. ئەوەتا بەساڵاچوێك و دوای ئەوەی نەیتوانی لەگەڵ خەڵك بچێتە چیا. لەسەر جێی خۆی لە ماڵ رادەکشێ تا لە برسان و تێنووان گیانی لە دەست دەدا. ئەوەتا دایی ئەرزان لە خانووە سادەکەی خۆی سوتێنرا.

داعش چەندین کۆمەڵکوژی لە باسا، دووڕیانی حەردان، قەنێ، زەلیلیە و کۆچۆ ئەنجامدا. ئەوەتا (عومەر مەحما) کە لە کۆمەڵکوژی قەنێ رزگاری بووە، دوای رۆیشتنی بکوژەکان هەوڵدەدات بە دوای براکانی (فەیسەڵ، غازی و ئەکرەم) بگەڕێت، بەڵام لەبەر زۆری لاشە کەلەکەبووەکان، خوێنبەربوون و سامناکی رەوشەکە؛ ناتوانێت هیچ بکات. دواجار بە خۆخشاندن و گریانەوە خۆی لە چاڵی مردن رزگار رادەکات.

لێرە (دایی ئەرزان) لە یەکەم رۆژدا؛ برجسی هاوسەر و سێ کوڕی؛ بەرزان قوتابی کۆلیژی زانستیەکان، رێزان قوتابی کۆلیژی پزیشکی و حەسەنی دوومانگان لە دەست دەدات. سێ کچ و کوڕێکی دیکەشی دەرفێنرێت. دواتر دوو لەو کچانە جەیلان و جیهان خۆیان دەکوژن تا شەرەفیان بە دەست داعشەوە نەشکێت؛ لەم خانەودا گەورە تەنیا دلگەش و حوسێنی بۆ دەگەڕێنەوە.

لەوێ لە کێلگەیەك لە باکووری کۆمەڵگەی گرعزێر. بە هۆی بەرەنگاربوونەوە داعش (فەقیر موراد جردۆ) بە تەور سەردەبڕی و دواتریش هەر پێنج کوڕەکانی (دایی غەزال) لەبەرچاوی دەکوژن. بەرەکاتی کوڕی گەورەی لە باوەشی گیان دەسپێریت. ئەم ژنە کلۆڵە دەچێتە نێو باخچەکە و لە ناوەڕاستی هەر پێنج تەرم؛ شەو تا بەیانی دەگری و هاوار دەکات. سەیر لەوەدایە عەرەبە دراوسێکان ئەم کارەیان ئەنجامدا؛ کە دەیان جار نانی ئەم بنەماڵەیان لرفکردبوو! کەچی سەگەکانی بەرەکات بە وەفاتربوون؛ هەر لەسەر تەرمی خاوەنەکەیان لوورین و نانیان نەخوارد تا لە ئاکامدا ئەوانیش فەوتان.

ئەو رۆژە لێشاوی خەڵك؛ هاوشێوەی دەریایەکی بێ هەدادان بەرەو چیا دەڕۆیشت. وێردی سەرزاری هەمووان (چەندمان ماوە بگەینە چیا؟) چون چیا بوبووە نەوایەکی دوور. هەرکەس حەولە روح بوو؛ شار بێ ساحێب، تۆڕی مۆبایل وەك دەنگە قەبەکەی هەندێ بەرپرس لەم رۆژە کز و لاواز بوبوو... وەك ئەوەی ئەم رۆژە تۆڕی گەیاندنیش لە ترسان نوزەنوزی بێت و نەیەوێ ئازیز و خۆشەویستان بە یەك بگەینی! ئۆتۆمۆبیلەکان لە پێچەکانی خوارەوە گیریان خوارد و کۆچڕەوێکی بە کۆمەل دەستیپێکرد، زۆرێك لەوانە پێڵاوە نا گونجاوەکانیان بۆ چیاڕۆیی دڕا؛ بە پێخواسی سەرکەوتن. ئا ئەلێرە دیمەنی سەیری جەرگبڕم بینی...

زۆرجاران چیای شەنگال بە کەشتی نوح دەزانم. چون بەردەوام گەلی شێخادی؛ لە تۆفانی دڕندە و جانەوران پاراستووە. بەڵام سەرکەوتنی چیرۆکێکی دیکەیە. ئەوەتا لێرە لە پێچەکانی خوارووەی؛ لاشەی چەندین شەهید بێناز لەناو ئۆتۆمۆبیلەکانیان جێماون. لێرەولەوێ بە سالاچووە سسترەوەکان لە خانەوادەکانیان دواکەوتوون؛ سەریان شێواوە و نازانن روو لەکوێ بکەن. هەندێکیان لەبەر برسیەتی، تێنوویەتی و تەنگەنەفەس گیانیان لە دەستداوە. ئەوەتا لەم ناوە چەندین منداڵی بچووك بە شێوەی شەتڵەرەحانی ناسك کەوتوون. لە تەمەنی یەك مانگ تا یەك ساڵ؛ بە هۆی تێنوویەتی گیانیان لەدەست داوە؛ وەك رێواسی بن بەفر لە پەنا بەردەکان جێماون. زەیتون ژنێکە لە تەلقەسەب. کاتژێر چواری بەیانی رۆژی فەرمان جمکێکی بوو، دواتر بە هەنکەهەنك لەگەڵ خەڵك رایکرد. لە دامێنی چیا؛ کاتی داعش هێرشی هێنا، زەیتونی کلۆڵ خۆی و دوو مەلۆتکە بە پڕەپڕ سەرکەوتن. کاتی گەیشتە گەلی حاجی؛ ئەوەی زۆر رك و سەختە. بەربۆوە و لە ترسی ئەوەی بکەوێتە دەست داعش؛ بەگریانەوە کوڕێکی فرێدایە نێو گەلی. ئەوەی دیکەی توندگرت و لە سەرکەوتن بەردەوامبوو. بەڵام نزیك چلمێرا؛ تووشی خوێن بەربوون هات و گەیشتە لێواری مردن؛ هەر ئەوەندە هێزەی هەبوو؛ کە

کوڕەکەی دیکەش فڕێبداتە نێو گەلی!

ئـەوەتا خەلـەف بـە هانکـەهانك بەسـەر چیـا دەکـەوێت؛ لەوکاتـەی باوکـە نۆهـەد سـاڵانەکەی لـە کۆڵکردووە. دایکیشـی رادەکێشـی ئـەوەی کـەوتووە و دەستی شکاوە؛ لـە دواوەش بـووکی کوڕەکـەی بـە لاکـەلاك و جلی خوێنـاوی دەڕوات. چـون بـەر لـە چەنـد کاتژێرێـك و لـە پـەنا بـەردێك؛ منـداڵی بـووە! منداڵەکـەی بـە پارچـە پەڕۆیـەك وەرپێچـاوە و لـە بـاوەش گرتـووە. خەلـەفی پێشــڕەوی ئــەم کاروانــە سەیروســەمەرەیە هــەر دەڕوات و دەگــری؛ چــون هەژدەکەسی لە خانەوادەکەی لە دەستداوە؛ تەنیا ئەم سێ کەس و نیوەی لـە ژیاندا ماوە!

ئەوەتا لێرەو لەوێ دەیان کەس؛ بە هۆی بێئاوی لە گیانەڵڵادان؛ بە چاوی کراوەی پڕ لە فرمێسك سەیری ئاسمانێك دەکەن. ئەوەی هاوشێوەی ئاسنی سوورکراوەی لێهاتووە؛ وشك، گەرم و بێبەزەیی.

لێرە بە ساڵاچوێك زۆر بە هێمنی لە پەنا بەردێك گیانی سپاردووە، کەچی ناوی لەسەر کلاوەکەی سـەری تۆمـارکردووە (شێخ ئـەلیاس) تـا بناسرێتەوە و خزمـانی بینێژن. لێرەش لـە یـەکێك لـە ئەشکەوتەکانی گـەلی سیسارك؛ بـە ساڵاچوێك لەگەڵ کوڕەکـەی؛ بـە هـۆی تێنوویـەتی گیانیـان سپاردووە، دواتـر جانگوریەکانی چیا لاشەکانیان دۆزینەوە؛ کە بڕێك پارە و خشڵیان پێبوو؛ زۆر بە ڕێزەوە و بە هەموو سپاردەکانەوە؛ بۆ خانەوادەکەیان گەڕاندنەوە.

ئـەوەتا نـایف حـەجی پەککەوتـە؛ لەسـەر کورسیەکەی لـە ناوچـەی گابـارا گیانی لەدەستداوە و سەگ لاشەی دەخوات، چون لەبەر داعش کەس ناوێری بە خاکی بسپێری.

هەرچەنـدە دیمەنـەکانی ئـەم رۆژە بەشـێك بـوون لـە رۆژی حەشـر، بـەڵام رووداوی سـەمەرم بینـی. ئـەوەتا دوو ژن لـە ناوچـەی گابـارا؛ خەریکـە لـە برسیەتی و تێنوویـەتی گیـان لـە دەست دەدەن. دوای رزگارکردنیـان بـەگوێی درێژ دەگوازرێنـەوە؛ چـون هێزیـان لەبـەر نـەماوە. دوایـی گـەیشـتنیان بـۆ سـەر

چیاو هاتنەوە هۆشیان. یەککێکیان کە تەمەنی سەرووی حەفتا ساڵانە؛ داوای کیسەیەك چبس دەکات... بەڵێ چبس! ئاخر نەنە گیان لەکاتی فەرماندا چپس لە کوێی هەیە؟ مەگەر ئەم هەتاوە گەلی شێخادی وەك پەتاتە نەبرژاندووە؟ تۆ باسی چی دەکەی داپیرە؟

سەربار؛ ناخی راستەقینەی مرۆڤەکان نیشان دەدەم، چون وەك کورەی ئاگرم و تەنها زێڕ و پۆڵا رزگاری دەبیت. دەنا هەرچی زبڵ، خاشاك و ئاردەدارە دەسووتێ و هیچی لێ نامینێت.

پیاوانی رۆژی تەنگانە؛ لە میانەی منەوە دەردەکەون، لێرە شیعەیەکی خەڵکی تەلەعفەر؛ رانە مەڕەکەی ئەوەی هەزار و پێنچ سەد سەرە؛ بە خەڵکی برسی چیا دەبەخشی. لێرەش قاسم دەلکی مێگەلە مەڕە چوار سەد و پەنجا سەریەکەی؛ بە هەمان شێوە دەبەخشی. سەیرم بەو خەڵکە دەهات کە چۆن ئەم گۆشتەیان دەخوارد. ئاخر هیچ ئامێرێکی لێنان نەبوو، ناچار گۆشتەکەیان لەسەر پارچە تەنەکەیەك لەسەر ئاگر دادەنا؛ لە برسان گورگ ئاسا بێ خوێ و ئاو؛ حەپەلووشیان دەکرد.

ئەوەتا دەیان جانگوری لە چیا دادەبەزن؛ دەچنە ناوچەکانی ژێر دەستی داعش؛ بە زەبری چەك و بە ئۆتۆمۆبیلی جۆری کیا؛ خۆراك بۆ چیا سەردەخەن. بەڵێ بە مانەیان دەگوت خۆکوژ، لەوکاتەی خۆکوژی داعش خۆی بە خەڵك دەتەقاندەوە، خۆکوژی ئێزدی گیانی دەخستە مەترسی؛ تا خەلك لە برسان و تێنوویەتی رزگار بکات. شێخدری مجێور و هاوڕێیەکی لەم پێناودا شەهید دەبن. هێزەکەی تەرمەکان دەگوازێتەوە؛ ئاردە بە خوێنەکەش دەباتەوە، دواتر دەکرێت بە نانی خێر و بەسەر برسیان دابەش دەکرێت.

فەرمان زۆر سەیرە، لەو کاتەی خالید سەعید لە شێخەکانی حەردان بۆتە ئەمیر، سمێلی قوتکردووە، ریشی بەرداوەتەوە، عەقلی فڕێداوە و جلێکی ئەفغانی دەلینگ کورتی لەبەرکردووە؛ بەشانازیەوە دەڵێ: " خەڵکی

حەردانمان لە روون دا! (سەوێناهوم تاوە)" . لەوکاتەی داعشێکی سۆرانی لەگەڵ دوو داعشی متێوتە دەبێتە شەڕیان، لەسەر ئەوەی دەیانەوێت نۆزدە ئێزدی لە بەردەم ماڵی خۆیان گوللەباران بکەن. کەچی غیرەتی نەتەوایەتی ئەو داعشە دەجولێت؛ بە ئۆتۆمۆبیلی خۆیی دەیانباتە نزیك چیا. بەر لەوەی بەرێیان بکات ئاویان پێدەدات و دەڵێت: " بڕۆن خۆتان رزگار بکەن!" .

لێرە ئەحمەد یوسفی خەڵکی گرزرك؛ خۆی دەخاتە نێو بۆدی ئۆتۆمۆبیلێکی موسوڵمانان؛ بۆ ئەوەی لە دەست داعش رزگاری بێت، کاتی داعش لە ماڵە موسوڵمانەکە دەپرسن، دەڵێن ئێمە موسوڵمانین ئەوەش کوڕی ئێمەیە. لە شوێنێکی دیکە و لەوکاتەی داعش؛ حەوسەد ئێزدی کۆدەکاتەوە گوایە بووینەتە موسوڵمان، شیعەیەکیان لەگەڵ دەبێ، دەڵێ من ئێزدیم و تازە بوویمەتە موسوڵمان؛ بەم شێوەیە وازی لێدێنن! چون بیانزانیبا موسوڵمانی شیعەیە؛ دەلحاز سەریان لە لاشە جیا دەکردەوە!

ئەوە فەرمانە و هەڵوێست و کاردانەوەکان جیاوازن، لەوکاتەی کە بیست و هەشت ئێزدی راکردووی گوندی کەسرولمیحراب؛ لە تەلەعفەر هانا بۆ کیخوای گوندی عەینول حیسان (قاسم حەمزەی خاتونی) دەبەن، یەکسەر هەواڵیان لێدەدات؛ بە بڕێك پارە دەیانفرۆشێتە داعش. لەوکاتەی (شێخ حواس ئەلسەدید) سەرۆکی یەکێ لە عەشیرەتەکانی هۆزی شمەر، رێگا لە کاروانەکی سەبیکردن دەگرێت. ئەوەی رۆژی دووەم بەرەو رەقە دەڕوات؛ داوای ئازادکردنیان دەکات. لەگەڵ پاسەوانانی داعش دەیکات بە کێشە. ئەوانیش پەیوەندی بە سەرووی خۆیان دەکەن؛ پێی رادەگەینن لەمە زیاتر تێکەڵ بە کاری دەوڵەتی ئیسلامی نەبێت؛ دەنا تووشی کێشەی گەورە دەبێت. بۆیە کاروانەکە دەگەڕێتەوە شەنگال. ئای ئەگەر چەند سەرۆك عەشیرەتێکی مەردی دیکە هەڵوێستیان دەبوو، هەرگیز ئەم کارەساتە رووی نەدەدا!

لە فەرمانداا؛ مرۆڤ بە هەموو شێوەیەك لە مردن رادەکات، ئەوەتا شەوی

یەکەم دووگەنجی گوندی گرزرك؛ لە ترسی دەنگە دەنگ؛ بە پێی پەتی دەردەچن؛ دوای برینی دەیان کیلۆمەتر؛ بە پێخواسی بە چیا دەگەن؛ لەوکاتەی کە خوێن لە پێیەکانیان دەچۆڕێتەوە.

کاتی داعش چووە مەزاری مەهمەد رەشان؛ لە گەلی حەجی لە ناوچەی سۆلاخ. بە شێوەیەك پیر و پەککەوتەکانی ئازاردا، کە ئاوی لێ برین؛ لە ئەنجامدا حەوتیان خنکان. ئەوانی دیکەیان کۆکردنەوە تا بەزۆر بیانکەن بە موسوڵمان. لەم پێناوەدا بڕیاریاندا بیانگوازنەوە. کە نەواف جێلکی پەککەوتە لەسەر کورسیەکەی بوو، لەبەر ئەوەی گواستنەوەی زۆر ئەستەمە. بۆیە داعشەکە لەقەیەکی لە عارەبانەکەیدا؛ خلۆریکردەوە ناو شیوەکە! کەچی ئەم پاڵەوانە کۆڵی نەدا. شەو تا نیوەڕۆی رۆژی دواتر لەسەر پشت خشی؛ تا بگاتەوە سەرەوە. دواتریش لەلایەن شەڕڤانانەوە رزگار کرا.

ئەوەتا لە هەمان شوێن گەنجە ئازاکەی دەلەکانی (کەمالی کوڕی عومەری بەننا) کە خەڵکی تەلقەسەبە. بە توندی رووبەڕوویان دەبێتەوە؛ نەیویست ئایینی خۆی بگۆڕی. داعشەکان بە قۆنداخە تفەنگ لێیاندا و خستیانە سەر زەوی؛ دەستیان کەلەپچەکرد. ئەمیرە میسریەکە لێی پرسی:

- واتا نابیتە موسوڵمان؛ هەر لەسەر گومڕاییەکەی خۆت دەمێنیەوە؟
- شانازیەکی گەورەیە لە پێناو ئایینەکەم بمرم...

ئەمیرەکە زۆر توڕەبوو، دەمانچەکەی لەسەر نیوچاوانی دانا؛ داوالێکرد وشەی حەڕام بڵێت و جوێن بە ئەهریمەن بدات.

- کامە ئەهریمەنت مەقسەدە؟ ئەوەی وای تێگەیاندوون کە ئێوە نوێنەری خواوەندن لەسەر زەوی؛ بەکووشتنی ئێمە دەچنە بەهەشت؟ باشە بۆ ئێوە وادەزانن کە ئەڵڵا تەنها خوای ئێوەیە و هی کەسی دیکە نییە؟ مەگەر ئێمە ئەومان لەو کاتە نەناسیووە؛ کە ئێوە لە بیابانی نیمچە دوورگەی عەرەب بتتان دەپەرست ؟

لەو کاتەدا؛ لە ناکاو کەمال بە هەردوو دەستی بەستراوی؛ دووجار زۆر بە

تووندی لە سینگی ئەمیرەکە دەدا؛ بە دەم هاواری:

- یا ئەڵڵا و یا تاووسی مەلك؛ یا ئەڵڵا و یا تاووسی مەلك...

ئەمیرەکە لە ترسان و لە ئاست ئەم جوولە پێشبینی نەکراوە؛ دەکەوێتە سەر زەوی. کەچی پاسەوانەکەی یەك مەخزەنی لێ بەتاڵ دەکات. لەم کاتەدا شیرینی دایکی خۆی فڕێدەداتە سەر لاشەکەی؛ دەست دەکات بە گریانێکی بەکوڵی بەردەوام، هیچ ژێر نابێتەوە؛ بۆ رۆژەکەی دواتر لە خەمان گیان دەسپێریت. دواتر لاشەی ئەم قارەمانە بە دەست بەستراوی لە گوڕ دەنرێت؛ تا لای خوای گەورە شاهێدی ئەم تاوانە بدات. ئای فەرمان چەندە سەیرە، بەن احەق کوژراو و بکوژی زۆردار؛ هەردووك هاواری خودا دەکەن! هەرچەندە کوژراوەکە دەست بەستراو بوو؛ بەلام هزری کراوە و دڵی ئازاد بوو. کەچی بکوژەکە مێشکی بەستراو و دڵی کوێربوو!

ئەوەتا داعش هێرش دەکاتە سەر مەزاری شێخ مەند لە جەدالە؛ بە ساڵاچووانی ئەوێ؛ بە گوللەیەك لە نیوچاوان دەکوژێت. هەرچی مجێوری مەزارەکەیە، بە دەست دەخنکێنن؛ لەگەڵ تەقاندنەوەی مەزارەکە؛ دوو بە ساڵاچوو لەگەڵی دەتەقێنیتەوە؛ لاشەیان لە ژێر داروپەردوی مەزارە دارماوەکە دەمینێتەوە.

ئەوە فەرمانە و ئەوەتا کوڕێکی میهرەبان؛ کە تازە نەشتەرگەری کردووە؛ بەردەوام دایکە نەخۆشەکەی لە کۆڵ دەکات، سەرباری ژان و ئازار کەچی رەتیدەکاتەوە جێیبیلێ. کاتی دایکە میهرەبانەکە هەست دەکات بۆتە ئەرك بەسەر کوڕە نەخۆشەکەی؛ لەسەر چیا و نزیك هەڵدێرێك داوای پشوو دەکات. دادەنیشن و لەوکاتەی کوڕەکە سەرقاڵی پشوو دەبێت؛ دایکەکە خۆی هەڵدەدێری؛ تا چیتر کوڕی بە دەست ئەم ئەرکەوە ئازار نەخوات!

مانگی تەباخە و ئاسمان پارچەیەکە لە ئاسنی سوورکراوە، زەویش بەردێکی بێبەزەییە؛ بە درێژایی رێگا بۆ سەرچیا خەڵك کەوتوون. هەندێ مردوون؛ هەندێکی دیکە لە هۆشخۆیان چوون. کەمێك جێماون و کەمێکی

دیکە لەبیر کراوان. هەندێك بە بێئاگایی لە تەك خەڵکی مردوو راکشاون! هەموو وەك سەرخۆش بەرە و سەرچیا دەڕۆن. تەباخ ئاگری لە دونیا بەرداوە؛ خەڵك لە تێنووان ئاوی ناساز و پڕ لە زێروو دەخواتەوە، لە برسان پەلکە چرو و دار بەڕوو دەخوات. هەموو لەشیان نغرۆی عارەقەیە؛ نەوەك هەر جلەکان بۆنەتە بار بەسەر خەڵك، تەنانەت روحە ماندوو شکستخواردووکانیشیان پێ هەڵناگیرێ! خەڵك لە گەرمان پارچەپارچە جل فرێدەدات. ئەوەتا باوکێکی ماندووی بێهێز؛ خەریکە کچە بچوکە جوانەکەی بە دوای خۆی رادەکێشێ؛ ئەوەی خەریکە لە تێنوویەتی بخنکێ؛ هەموو قاچەکانی شەق شەق بوونە و خوێنیان لێ دەتکێ.

من وەك فەرمان؛ بەشێوەی هەموو جارێك هەر تەنها کووشتن، خوێن و کاولکاریم لەگەڵ خۆ نەهێناوە. نەخێر، بەڵکو دووبارە گرانی و قاتی و قڕیشم یاوەرە، ئەوەتا لە سەرجەم مەزارەکان خەڵك پەناهەندەن و لەو ناوە؛ وەك گەلای پاییز کەوتوون. مجێور و خزمەتکاران نان و چێشت بە بەردەوامی درووست دەکەن. بەڵام ئاخۆ لە فەرمان کەس تێر دەبیت؟ نەخێر؛ لەوکاتەدا خەڵك بە شێوەی کوللە تەنها دەخوات و هیچ تێرنابیت. شەویلاکەکانیان هاوشێوەی ددانی منشار هەردەبڕن و بەردەوام برسین. ئاخر ناحەقیان نییە؛ نازانن چارەنووسیان بە چی دەگات و ئاخۆ ژەمێکی دیکە دەبێت تا بیخۆن؟ مرۆڤ لەکاتی فەرماندا وەك تارماییەکی لێدێت؛ زۆربەی کات خۆشی نازانیت چی دەکات و بۆ دەیکات.

ئەوەتا ماوەی شەش رۆژ لە مەزاری بیری ئۆرا؛ لە خۆرهەڵاتەوە تا ئاوابوون؛ بەردەوام چێشت لێدەنرێت و بەش ناکات! هەر کە چێشتەکە کوڵاو ئامادەبوو؛ یەکسەر دابەش دەکرێت و دووبارە ژەمێکی دیکە دەخرێتە سەر ئاگر. بەینی خۆمان بیت؛ نانی گرانیش قەد ناخۆش نییە؛ چون لەوکات گەدە بەردیش هەرس دەکات؛ ئەوەندەی لە خەمی پڕبوونیەتی نیو هێندە لە پرسی جۆر و تام نییە! ئەوەتا دادی کۆچەر؛ بەرپرسی دابەشکردن لە

مەزارەکە بە سەرسوڕمانەوە لەو دیاردە دەڕوانیت و دەڵێت: " ئای خودایە، لە کاتی قاتوقڕیدا مرۆڤ هەرگیز تێر نابیت!" . بەڵێ ئەو راست دەکات، مەگەر لەم شەش رۆژەدا خۆی و زینەخان؛ دە تۆن گەنمەیان نەکردۆتە نان و خەڵك هەر داواکار و برسی نیە؟

بەڵام من زیاتر حەزم لە خوێنە، ئەوەتا لە رۆژی یەکەم پەنجاو دوو گەنجی هۆزی قەیرانی؛ لە خانەوادەکانیان جیاکرانەوە؛ بردرانە گەراجی کۆن لە کۆمەڵگەی سیباشێخدر. سەرەتا داوایان لێکردن ببنە موسوڵمان، ئەوانیش داوای مەودایان کرد؛ چون وا بە ئاسانی بڕیار لە شتێکی وا نادرێت، کەچی داعشەکان بێ هیچ مەودایەك؛ یەکسەر ئاگریان لە لولەی تفەنگەکانیان بەردا و ئاڕاستەی ئەم گەنجە بێتاوانانەیان کرد. سیمفۆنایەکی ناوازە لەم ناوە بەرزبۆوە، دەنگی گوللە بە دەم هاواری ئەڵڵاهو ئەکبەر؛ تێکەڵ بە هاواری خودێ و تاووسی مەلەك و پاڕانەوەی گەنجان بوو، هاوکات لەگەڵ قیژە، فیزاع و پرچ رنینەوەی دایکان. دەنگێك تا کەشکەلانی فەلەك بەرزبۆوەو؛ دوو دەریای لە دوای خۆی جێهێشت، دەریایەکی سووری ئاڵ لە خوێن، یەکی تری سپی لە فرمێسك. داعشەکان بە پۆستاڵە رەشەکانیان بەسەر هەردووکیان پەڕینەوە؛ تا پیرۆزبایی ئەم فەتحە لە یەکتر بکەن.

ئەوەتا ئەبو زوبێری لیبی؛ خوێنی کەسێکی سەربڕاو دەهێنێ؛ تا بە زۆری دەرخواردی پەرییەکی شەنگالی بدات؛ کەچی ئەو رەتی دەکاتەوە. دەمانچەی دەخاتە سەری و بە زۆری بە دەمی وەدەکات. کاتی پەرییەکە هێڵنجی دێتێ، کەمێك شەربەت دەخاتە نێو پەرداخێك و پڕی دەکات لە خوێن. بە زۆرِی بەسەر دەمی وەدەکات و هەمووی پێ دەخواتەوە، زۆرێك لەم شەرابە حەڕامە؛ بەسەر مل و لێوی پەرییەکە شۆڕدەبێتەوە، چۆن نەیدەویست بیخواتەوە، داعشەکە بە چێژەوە ئەمانە بە زمان دەیلێستەوە و لە هەمان شوێن لاقەی دەکات! باس لە دراکۆلا دەکرێت؟ مەگەر ئەم داعشانە لەو بەهێزتر نین؟ ئەوەتا لە بەردەم خۆریش بێ ترس گوزەر دەکەن، بە رۆژی رووناك خەڵك

دەکوژن؛ بە ساردی و گەرمی خوێن نۆش دەکەن!

هەر خوێنی خاوێن؟ ئەوانە تەنانەت ڕەچاوی خوێنی پیسیشیان نەدەکرد، لە کاتی سوڕی مانگانە پەرییەکانیان لاقە دەکرد. تەنانەت کاتێ لێیان توڕەدەبوون؛ ئەوەندەیان لێدەدان تا خوێن لە لەشیان دەهات؛ لە نێو رووبارێك خوێن و فرمێسك جێیان دەهێشتن. ئەوەتا ئەمیرە سعودیەکەی بە نێوی (ئەبو سەعدی جەزراوی) کاتی دەیەوێ ئەو کچە یازدە ساڵیە لاقە بکات، ئەوەی پێشتر دایکی لاقەکردبوو. کیژۆڵە بەستەزمانەکە خۆی ناداتە دەست، بۆیە ئەمیری پاڵەوان؛ بە کلکە ماسیحەو سۆندە دەکەوێتە سەری، لە نێو دەریایەك لە خوێن جێیدیلێ.

ئەوە فەرمانەو گورگ و سەگ خوێن فڕدەکەن و لاشە دەخۆن. ئەوەتا شەهنازی تەمەن هەژدەساڵ؛ کاتی کۆمەڵە سەگێك دەبینی؛ کە لە چەند لاشەیەك وەرهاتوون، سەرەتا جلەکان دەدڕن تا بەگۆشت بگەن. دواتر بە رنۆك و کەڵبە ورگەکان هەڵدەزڕێنن تا ناوسك، ریخۆڵە و جگەر دەربێنن؛ بە لموزی خوێناوی لە سەری بەشەردێن و لەنێو دەمی یەکتر؛ راکێش راکێشیانە تابیخۆن. بە بینینی ئەم دیمەنە راچڵەکی و تەسبۆوە. کاتی ئاوڕی دایەوە و سەری پیاوێکی باش و خواناسی خەڵکی گوندی؛ لە نێو دەمە خوێناویەکەی سەگێکی هار بینی؛ بە دەم قیژەلێدان تووشی هێستریا بوو.

ئەمە فەرمانەو لەوانەیە کۆمەکیش ببێتە مایەی ئازار! ئەوەتا خەڵك لەسەر چیا لەبەر بێ ئاوی و تێنوویەتی دەناڵێنن، کەچی کاتی لە بەرەبەیانی رۆژی دەی تەباخ؛ هەلیکۆپتەرەکان بە کارتۆن ئاو هەڵدەدەنە خوارەوە؛ خانەوادەی خالید عیدۆ قیرانی؛ لە سایەی بەختی رەشیان لەو شوێنە خەوتوون؛ ئەوەی دەیان کارتۆنی لێدەکەوێتە خوارەوە. دەلحاز کۆچەری خێزانی شەهید دەبێت و خالیدیش هەموو لاشەی دەشکێ و لە هۆشخۆی دەچێت؛ بە پەلە دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەکانی رۆژاوا؛ دوو مانگ لە ژێر چاودێری ورد دەمینێتەوە.

ئەوە فەرمانەو لەپێناو رزگاربوون مرۆڤ هەموو شتێك دەكات. ئەوەتا رۆژی هەشتی تەباخ ؛نایف عەلی تەمەن سێزدەساڵ؛ هەوڵدەدات بچێتە نێو هەلیکۆبتەرەکە؛ لەسەر پەیژەکانە کاتی دەڵێن شوێن نەما، کەچی هەر ناچێتە خوارەوە؛ هەلیکۆپتەرەکەش بە ئاسماندا دەفڕێت. نایفی کلۆڵ گیردەبێت و نەدەتوانی بچێتە ژوورەوە و نە بێتە خوارەوە. دوای بڕینی پازدە کیلۆمەتر و لە بەرزایی سەد مەتر؛ سەرباری ئەوەی یەکێك لە ستافی فڕۆکەکە دەستی گرتووە، کەچی بالانسی لە دەست دەدات، دەکەوێتە دۆڵێك و گیانی بەرەو سەروو دەچێت... تەنانەت بەرزتریش لە فڕۆکەکە و بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە.

بەم چەند دیمەنەی فەرمان لە چیای شەنگال دادەبەزین؛ بە گەڵ کاروانی قوربانیان دەکەوین، ئەو لالە سوورانەی لە بناری چیا لێکرانەوە و بەرەو بیابانی هزری داعش گواسترانەوە، سەرەتاش لە کۆچۆی شەهید دەست پێدەکەین، ئەو گوندەی بووە سیمبولی فەرمانی ژمارە حەفتاو چوار، لانکەی شەهیدان. سەرنجراکێشترین دیمەن؛ هی خێزانی یوسفی شەنگالی بوو. کاتی داعشیەکان ناسیانەوە و بەهۆی ئەوەی پێشووتر بە زۆری موسوڵمانکراوە، لە قوتابخانەی کۆچۆیان دەرهێنا و گواستنیانەوە کۆمەڵگەی تەلبەنات. یوسف و هاوسەری گریان؛ چون دەیانوویست لەگەڵ خەڵکی گوند بەرەو چیا بڕۆن! بێخەبەر لەوەی قەدەر ئەوان لە مردنێکی مسۆگەر رزگار دەکات.

لەوێ لە موسڵ؛ نەجات باپیری دایکی پێنج منداڵ، کوڕە دە ساڵانەکەی لەژێر کارتۆنی بەفرگرە دەشارێتەوە نەوەك بیبەن. لە هەمان کاتدا؛ کچەکە گەورەکەی فێرکردووە رۆڵی شێت بگێڕی. کاتی هەر داعشێك دەهات بۆ کڕینی؛ دەیبینی پێنج منداڵی هەیە و یەکیان شێتە پەشیمان دەبۆوە. تا ئەوکاتەی لەگەڵ پەنجاوسێ ژن و منداڵی دیکەی بەندی؛ لە گوندی کەسری جومعەی رەقە؛ بە وەزیرێکی داعشی و هاوسەرەکەی دەگۆڕدرێنەوە، ئەوەی یەپەگە دەستگیری کردبوون!

ئەوەتا لە باب حەلەب؛ پەرییەکی شەنگالی تەمەن بیست ساڵانەی

دووگیان؛ دوای هەوڵێکی ناسەرکەوتووی راکردن؛ زیاتر لە مانگێك بەندی دەکرێت و هەر لە بەندیخانە منداڵی دەبێت. دوای چوار رۆژ لە منداڵبوون وەك سەبییەکی ئامادە بۆ سێکس هەرزان فرۆش دەکرێت! لەوەش ناخۆشتر ئەوەیە کڕیارەکەی ئەبو مەنسوری مەنبجیە، ئەوەی کچێکی جوانی خەڵکی کۆچۆ بە نێوی حەلا بە لێدان دەکوژێت؛ چون نوێژنەکەرە، هەرچەندە خاوەنی دوومنداڵی ساوابووە!

ئەوەتا رەیحانی پەری نۆزدەساڵان؛ خۆی و منداڵە شیرەخۆرەکەی دەفرۆشرێتە داعشێکی بە تەمەن. کاتێ ناهێلی لاقەی بکات؛ داعشەکە دەست دەکات بە لێدانی شیرەخۆرەکەی؛ تا رەیحانە لە ترسان خۆی بە دەستەوە بدات.

لەوێ لە بەندیخانەی تەلەعفەر؛ پاسەوانێکی داعشی و بە مەبەستی لاقەکردن؛ پەلاماری نوڕای خەڵکی تەلبەنات دەدات، هەرچەندە نوڕا منداڵە ساواکەی هەڵگرتووە، کەچی ئەم تەرەسە جگە لە شەهوتی خۆی هیچ نابینێ؛ نەگریانی منداڵ، نەپاڕانەوەی دایك و نە هاواری ژنەکانی ئەو شوێنە. لاقەی دەکات چون دەنگی شەهوەتەکەی بەسەر دەنگی هەموو مرۆڤایەتی، ئەخلاق و تەنانەت خواش بەرزترە! دواتریش کاتی ئەم کلۆڵە بە گریانەوە لای ئەمیرەکە سکاڵا دەکات، لە وەڵامدا دەڵێ: " حەقی خۆیەتی، چون ئەو موجاهیدە و تۆش سەبییەی؛ بۆت نییە رەتی بکەیەوە..." . بە بیستنی ئەم وشانە؛ نوڕا لە هۆشخۆی دەچێت و ئەمیرەکەش لە قاقای پێکەنین دەدات.

لە رەقە ئەبو مالکی سعودی؛ پەرییەکی دووگیانی شەنگالی شازدەساڵی دەکڕێت. دوای منداڵبوون قبوڵی ناوی سۆزدار ناکات؛ بە زۆر ناوی دەنێت موحەمەد؛ دوای تەنها دوو رۆژ لاقەی دەکات! لە سوریا کچێکی حەوت ساڵان لە لایەن داعشێکی نەفس نزمەوە لاقە دەکرێت. دەگریت و نازانی مەسەلە چییە. ئەوەندە ئازاری دەبێت، کە تەنانەت ناتوانی بچێتە سەرئاو و

هەر هاواری دایکی دەکات.

مـن فـەرمانم فـەرمان... ئـەوەتا زیـاتر لـە شێست و دوو پـەری شـەنگالی؛ وەك وەجبەی یەکەم دەخرێنە بەندیخانەی رەقە، دواتریش حەفتاو پێنچی دیکە لـە کۆچـۆ وەك وەجبـەی دووەم دەخرێنەسـەر. بازاڕیـان پێدەکرێتـەوە و نرخـی سـفتاح تـەنها سـی هـەزار دینـاری عێراقـی دەبێـت! ئـەوەتا بـە مەبەسـتی شکاندنی شکۆی نەتەوەیـەك؛ لـە هـەمان شوێن بێریڤـان خۆی و دوومنـداڵی تـەنها بـە پێـنچ هـەزاری عێراقـی دەفرۆشـرێت! ئـەوەتا داعشـیەکان لـە بەندیخانـەی رەقـە؛ لـەنێو خۆیـان گاڵتـە دەکـەن و یـەکێکی لەنـدەهۆر؛ بـەوەی تەکی دەڵێت: " ئەم ژنە ئێزدیانە زۆر بێ نرخن، ئیمڕۆ سێ دانـەم فرۆشتووە تـا چـپس بـۆ منداڵـەکانم بکـرم!" . ئەوسـا بێنرخـترین و بێبـەهاترین بوونـەوەر لەسەر زەوی؛ لە قاقای پێکەنین دەدەن.

هـەر لـە رەقـەی پایتـەختی تـاوان؛ تەرەسـێك بـە نـاوی بازرگـانی کـردن؛ پەرییەکان دەفرۆشێ و بەکرێ دەدات. جارێکیان پەرییەك بـۆ مـاوەی دوو رۆژ بەکرێ دەداتە ناپیاوێك؛ بەرامبەر پاکەتێك جگەرە، ئەمـەش هەر بـۆ شـکاندنی شکۆیە.

ئەوە فەرمانە و دووبارە دەرگای ئەشکەوت رما؛ خێوەکانی تاریکی کۆتیان شکاند و هێرشیان هێنایـە سـەر میللەتی خۆر. ئـەوەتا ئـەمیری منـبج؛ خالـد محەمـەدی ناسـراو بـە ئـەبو وەلیـدی منبجـی؛ لـە رۆژی نـەورۆز هـەر سـێ منـداڵی چاوگـەش (مـەنار- پێنچ ساڵ، قەیسـەر- دووسـاڵ و نیـوو، ئەسـیر- مەلۆتکەی سی و شەش رۆژە) ژەهرخوارد دەکات؛ وێنەی هەر سێ تەرمەکە لە ئەنتەرنێت بڵاو دەکاتەوە و لەژێری دەنوسی ( دیارییەك لە رۆژی نەورۆزدا پێشکەش بە کورد، بۆ ئەوەی چیتر ئاهەنگ بەم رۆژە نەگێڕن، چون حەڕامـە و ئێمـە وەك موسـوڵمان تـەنها دوو جـەژنمان هەیـە (رەمـەزان و قوربـان) جگـە لەمانە جائیز نییە ئاهەنگ بگێڕین). بیرمـە لـەم رۆژەدا هەڵوەستەیەکم کرد؛ راستە من فەرمانم بەڵام بەو تەمەنە درێژەم درکم بـە شتێك کردووە؛ مـرۆڤ

هەر شتێك بكات دواتر باجی دەداتەوە! بەڵێ بەڵێ؛ ئەمە یەكێكە لە یاساكانی ژیان و بە سەر هەمووان جێبەجێ دەبێت... هەمووان بێجیاكاری. داعش جەژنی نەورۆزی كردە بەهانەیەك بۆ كووشتنی سێ منداڵ؛ كێ ناڵێ دوای سێ ساڵ؛ سی ساڵ... سێ سەدە؛ بە سەدان منداڵی خۆیان و لەم رۆژەدا نابن بە سوتووی ئاگر و ژەهر خوارد ناكرێن؟

لەوەش قێزەوەنتر؟ بەڵێ بینیم... وەزحەی بابان وێران؛ چوار منداڵی پێ بوو؛ كە یەكیان شیرەخۆرەبوو. داعش سێ هەراشەكەی لێبرد؛ هەرچەندە گریا، هاواریكرد و لە خۆی دا كەچی بێهوودەبوو. رۆژی دواتر مەلۆتكەكەشیان لێبرد. هەرچەندە زۆر گریا و بە رنۆك دەمووچاوی هەڵڕووشی و قژی هەڵپچكڕیەوە؛ كەچی بێهوودەبوو. بۆیە لە نۆرەیەكی توڕەبوون و نائومێدی؛ جوێنی بە هەموو شتێك دا؛ كفری بە هەموو شتێك كرد، بێبەریبوونی خۆی لە هەموو شتێك راگەیاند؛ ئەوێك كە هەموو شتێكی دۆڕاندەوە (هاوسەر، خێزان، شەرەف، ئایین و ئازادی) چی ماوە دەستی پێوەبگرێت؟ باوەڕی بە چی بمێنێت؟ متمانەی بە چی هەبێت لە مەودوا؟

لە دەوڵەتی رەشی خیلافە هەمووشتێك رەشە؛ هاووڵاتیان بێمێشك، بێگوێی، بێزمان، بێرەوشت، بێئایین، بێبەزەیی و بێهزر... هەموو (بێ) یەك؛ تەنها دووشتیان هەیە؛ چاوێكی حیزی شۆڕ و زەكەرێكی رەپی قیت؛ لەوە زیاتر هیچ ئەندامێكیان كارناكات. وەزحەی بەستەزمان تا بەیانی نوزەنووزی بوو؛ بە شێوەیەك، هەموو خەڵكی ئەم بەندیخانەیە بۆی گریا... تەنانەت دار، بەرد و شیشەكانی زیندان. بۆ بەیانی وەك ئەوەی داعش میهری بەم بەستەزمانە هاتبێتەوە؛ كە چەندین رۆژە لەگریان ژێر نەبۆتەوە و هیچی نەخواردووە. خواردنێكی خۆشیان تایبەت بۆ ئەو نارد؛ برنج، شلە و گۆشت. بە بێدەنگی لە بەردەمیان دانا؛ گوتیان بخۆ و چارەیەكت لێدەكەین. دوای تەواوبوونی خواردن؛ ئەمیرەكە خۆی هات ؛ بە خەندەوە سەیری كرد و هیچی نەگوت. وەزحە بە پاڕانەوە داوایكرد؛ كە ئەگەر هیچ نەبێت شیرەخۆرەكەی بۆ

بێننەوە تا سێبوری بداتەوە. ئەمیرەکە بە سەرسوڕمان پرسی کە چۆنی نەیدیووە؟ گوتی: " خۆ ئێمە ساواکەمان بۆ هێنایەوە! باوەڕبکە جوان شووشتمان و کوڵاندمان، بە بۆن و بەرامەوە لەسەر برنجەکەمان دانا بۆت! بەڵێ هەی کافر؛ ئەوەی خواردت گۆشتی منداڵەکەت بوو... تۆ جنێو بە خەلیفە دەدەی و کفر بە خوا دەکەی؟ دەبیخۆ دەی!" . بە بیستنی ئەم وشانە وەزحە لەهۆشخۆی چوو. ئەمیرەکەش هاواری دەکرد تا هەموان گوێیان لێبیت: " ئەوە سزای هەر کەسێکە جوێن بە دەوڵەتی خیلافە بدات..." . لە ئاکامدا ئەم ئافەرتە نازدارە شێت بوو، بەردەوام دەگریا، لە خۆی دەدا و خۆی دڕشاندەوە.

دەبا شتێکتان بۆ بڵێم؛ بە درێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی، کوشتنی ساوا و خواردنی گوشتی؛ یەکێك بووە لە رەفتارەکانی ئەهریمەن پەرستان. گومانم هەیە خودی ئەهریمەن بەمە رازی بێت. یان قبول بکات بیپەرستن، چون ئەویش لە پەروەردگار دەترسی و تەنانەت سوێند بە گەورەیی دەخوات. کەچی ئەم بوونەوەرە تووکنە بۆگەنانە لە هیچ ناترسن؛ دەست لە هیچ ناپارێزن و ریکۆردی تاوانیان شکاندووە.

ئەوەتا دایکێکی کلۆڵ، لە ترسی بردنی منداڵەکانی خۆی کەڕ، لاڵ و کوێر نیشان دەدات. کەچی ئەمیرێکی لەندەهۆر؛ چەردێکی گڵاو؛ لچۆیەکی بۆن تەگەی لێ پەیدا دەبێت؛ مۆڵەتی بیست و چوار کاتژێری پێدەدات. پێی رادەگەینی کە بەیانی زوو کچەکەی بۆ برازێنیتەوە بۆ ئەوەی بیبات! دایکە کلۆڵەکەش زۆر سکی بەم کیژۆلە بچووکەی دەسووتێ. چاك دەزانێ لە ژێر شەهوەتی ئەم فیلەتەنە هەوەسبازە؛ مەحالە رزگاری بێت و بێگومان دەمرێت. بۆیە بڕیاری خۆی دەدات؛ دەستی کچەکەی دەگرێت و لەگەڵ منداڵەکانی؛ دەچنە نهۆمی سێیەمی ئەو خانووەی لێی دەستبەسەر کراون. دەمە و خۆر دەوەستێ ئەوەی خەریکی ئاوابوونە، دەگری و دوای لێبوردن لە خوا دەکات چون نیازی شتێکی خراپی هەیە. قسە لەگەڵ خۆر

دەکات و داوای رزگاربوون دەکات لەم ڕەوشە. زۆر نزا لەم پیاوە خراپە دەکات، بە گریان دەپاڕێتەوە؛ فرمێسکی دەسڕێتەوە و دووجاران کیژۆڵەکە دەگری و رایدەوەشێنی؛ تا فڕەی بداتە خوارەوە، کەچی ئەم بەستەزمانە توند گۆزینگی دایکی دەگرێت؛ خۆی بە باوەشی دادەدات و دەگریی... جاری سێیەم دایکە بێچارەکە بە دەم گریانەوە لەم هەوڵانەی دەوەستێ؛ روو لە ئاسمان دەکات و دەڵێت: " بۆ خاتری خۆت خودای گەورە؛ لەم تەنگژەمان رزگارکە. ئەی خۆر ئەوەی بە فەرمانی خودای گەورە؛ شوێنت لە تاقی ئاسمان جێدێڵی و ئاوادەبی، بە فەرمانی ئەو بەیانیان لە پشت چیاکانەوە هەڵدێی. یارمەتیم بدە تیشك زێرین؛ یان بەیانی هەڵمێ تا ئەم پووچە نێت و کچم ببا؛ یانیش وابکە نزاکانم قبول ببن و رزگارمان بێت لە دەست ئەم ناپیاوە!" . پاشان چووە خوارەوە؛ کەچی دوعاکانی رێی خۆیان دۆزیەوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشان. چەند کاتژێرێکی پێنەچوو، هەواڵی کوژرانی هات و خۆرئاوابوونی ئەم رۆژەی نەبینی.

ئەوەتا پەرییەکی شەنگالی تەمەن بیست و سێ ساڵ؛ کچە برایەکی بە تەمەن حەوت ساڵان لەگەڵ خۆی دەبات؛ گوایە کچیتی. کەچی داعشەکان دەیانبەنە مەیادین لە سوریا؛ بیابان نشینێکی کەللە پووت دەیانکڕێ. کاتی هەوڵی لاقەکردنی دەدات؛ پەرییەکە لە دەستی رادەکات. دەستی منداڵەکە دەگرێت و روو لە بیابان دەکات. بێهوودە، بێ زانیاری و بێئاو و خۆاك؛ تەنها لە پێناو پارێزگاریکردن لە ناموسیان وادەکەن. لە ناوەڕاستی بیابان کەللەپووتەکە پێیان دەگات و بەگالتەوە دەپرسی: " بەرەو کوێی؟ لەم بیابانە بێسنوورە لەنێو دەچن! " . پەرییەکەش بە زمانێکی تێنوو تێی دەگەینی؛ کە مردن لە بیابانێکی بێئاو و سەوزایی؛ زۆر باشترە لە مردنی سەرشۆرانە لە دەوڵەتێکی رەش، کە ناپیاوانی نامرۆڤ حوکمی دەکەن. بیبان نشین ئەم قسانەی بە دڵ نابێت و زۆریان لێدەدات؛ بە پرچ لەسەر لمی گەرمی بیابان رایان دەکێشی؛ یەکڕاست دەیانباتەوە بازاڕ، دەیانفرۆشێتە ئەمیرێکی بێ میهر

بە نێوی ئەبو حەفسی جەزراوی؛ ئەو ناپیاوە بێگوێدانە هیچ؛ هەردووکان لاقە دەکات!

بەڵێ ئەوە فەرمانە... لە فەرماندا هیچ سنوور، رەوشت، ئاکار و ئایین بوونی نییە. لەوکاتەدا دوو جۆر قوربانی بوونیان هەیە. مردوو؛ و کەسانێك کە ئیرەیی بە مردووان دەبەن!

ئەوەتا جیهانی شاجوان؛ کاتێك دەزانی داعشێکی بۆگەنی ناوگەل پیس دەیەوێت دەست درێژی بکاتە سەری. دەست بە کارەباوە دەگرێت و رازی نابێت دەستی بدرێتێ. دیمەنێکی زۆر سەیر؛ جیهانی ئێزدی تەمەن شازدە ساڵان، بە هێمنی بەرەو سۆکێتەکەی کارەبا رۆیشت؛ پێیخۆشبوو سەدان ئەمپێری کارەبا بەم لاشە ناسکەی بڕوات؛ نەوەك دەستی داعشێکی بۆگەنی پێبگات و شەهووتی بخاتە جەستەکەی. بەکرێ و سەربەرزی دونیای رەشی داعشی جێهێشت. بێکامیرا، راگەیاندن، سۆشیال میدیا و وەسیەتنامە. رێك پێچەوانەی جیهانی ئوردنی؛ ئەو کیژۆڵە بیست ساڵانەی؛ کە لە نیسانی دووهەزار و نۆ؛ بەبیانووی خۆکووشتن؛ بەسەر باڵەخانەیەکی بەرز کەوت لە یەکێك لە چوارڕیانە جەنجالەکان، پەیوەندی بە هەموو دەزگاکانی راگەیاندن کرد، دوایکرد وەزیرێك قسەی لەگەڵ بکات. وەلحاسل هەموو ئوردن و جیهانی سەرقاڵ کرد و مەسەلەکەش کۆمەڵایەتی دەرچوو! کەچی جیهانی ئێمە هیچ داواکاریەکی نەبوو؛ جگە لە پاراستنی شەرەفی، داوای کەس و هیچی نەکرد. سەری بەرزکردەوە بەرەو ئاسمان و بە خەندەوە لەو دیدارەی دەڕوانی؛ کە بە جەیلانی خوشك و پێشەنگی دەگات. دەست لە ملانێی لەگەڵ کارەبا کرد. هەرچەندە لاشەکەی هاوشێوەی جەیلان فڕێدرایە بەردەم سەگی کۆلانان؛ بەڵام خۆ لە دەست سەگە گلاوەکانی داعش رزگاری بوو! ئاخر گەلی شێخادی جگە لەخودێ؛ کێی هەیە تا چیرۆکە خەمناکەکانی بە جیهان بگەینێت؟ تا دەنگی جیهان بە جیهان بگات و نەوایەکیان هەبێت؟ دەنا جیهانی تەلعوزێر زۆر لە جیهانی مادبای ئوردن زیرەکتر، جوانتر و بە

هەوڵوێستر بوو.

لـە فـەرمان هـەموو شـتێك ئـاوەژوو دەبێتـەوە، كریـڤ دەبێتـە گـورگ و گـورگیش بـە كریـڤ! بـەڵێ، لێرە كریـڤ هـەواڵ لـە كریڤـی خـۆی دەدات و دەیداتە دەست داعش. لە بەرامبەردا؛ كۆمەڵە راكردوویێكی دەستی داعش؛ لـە رێگای نێوان كارگەی چیمەنتۆ و چیای شـەنگال؛ دوو كـاتژێر بـە یـاوەری و پارێزگاری گورگێك دەڕۆن!

دەزانن، ئەوان وایان دەزانی گورگە، كەچی روحێكی وێڵ بـوو رێـی نیشـان دەدان؛ ویســتی یارمــەتیان بــدات و نــەهێڵی بوەســتن، چــون داعــش بــە دوایانـەوەبوو. بۆیـە كـاتی لـە نزیـك چیـای شـەنگال گەیشـتنە شـوێنی ئـارام؛ وازیٚ لێهێنان و جێیهێشتن.

ئـەوە فەرمانـە و نامرۆڤـەكان هاوشـێوەی سـەگی هاریـان لێـدێت. ئـەوەتا رزگاربوویێك؛ كاتی كاسە سەری یەكێك لە قوربانیانی گۆڕە بە كۆمەڵەكەی كۆچـۆ؛ لەوانـەی بـاش نـەنێژراون لـە نێـو دەمـی سـەگێك دەبینـی. كـاتی لـە هەولیٚ لێسەندنی دەبێت؛ بە مەبەستی ناشتنی، یەكێك لـە كریڤـانی دوێنـیٚ و داعشانی ئەمڕۆ؛ هەڕەشەی لێدەكات گوایـە: " ئەمـە جومجومـەی كافرێكـە كە رەتی كردووە موسوڵمان بێت. با ئەم سـەگە بـە هەوەسـی خـۆی گۆشـتەكە بخوات و یاری بە كاسەكەی بكات. ئێستا روحی لە دۆزەخ نەمرە... خـەڵكی ئـەم گونـدە نەیانوویسـت ببنـە موسـوڵمان؛ بۆیـە هـەمووەمان كردنـە تەشـریب و نـاردە جەهەنـەم. قەیـدی چـی تیایـە بـا سـەگیش بەشـی خـۆی؛ لـەم داواتـە هەبێت؟" .

ئـەوە فەرمانـە؛ كـەس سـەر لـە هـیچ دەرناكـات. فڕۆكـەی هاوپـەیمانان بـە نێوی بۆمبابارانی داعش؛ دەیان دیل و قوربانی لە گەلی شێخادی لە عێراق و سـوریا شـەهید دەكـات. بەسـەر رەتلـی هەمـەرە رەشـەكان دەڕوات و هـیچ نـابینی، كـەچی دەچێت و ئـەو شـار و گوندانـە بۆمـب بـاران دەكـات؛ ئـەوی لێوانلێوە لە سڤیل؛ لە ژن و منداڵ!

ئەوە فەرمانەوەو خوشكی بچكۆڵە دەبێتە دایك، لەوكاتەی موسڵاویەك كچێكی خەڵكی كۆچۆ دەكرێت؛ بە مەبەستی ئازادكردنی لە راهی خودا؛ پەیوەندی بە مامی دەكات و دواتر بە عەبای رەشی داعشی دەیگەیێنێتە كەركوك؛ بە خزم و كەسانی شاد دەكات. ئەوەی لەم چیرۆكە نامۆ بوو، ئەو مەلۆتكەیە بوو كە بەردەوام لە باوەشی دایكی بوو؛ كەچی لە راستیدا خوشكی بچووكی بوو. لە ترسی لاقەكردن لە تەلەعفەر؛ لە دایكی وەرگرتبوو گوایە هی خۆیەتی. ماوەیەكی زۆر ئەم مەلۆتكە هەر شیری قوتوی دەخوارد چون دایكە خوشكەكەی شیری نەبوو! تەنانەت هێشتا مەمكەكانی توند نەبوبوون. سەیر لەوەدایە دوای گەڕانەوەشی؛ هەر بە دایكی خۆی دەزانیێ و یەك چركەش لە دووری ئەو ژیر نەدەبۆوە!

ئەوە فەرمانەو شەقی زەمانە خانەوادە پەرت و بڵاو دەكات؛ بە شێوەیەك، یەكتری نەناسنەوە. ئەوەتا دوو خوشك لە تەلبەنات دەگوازرێنەوە سوریا؛ لەویێ لە یەك جیا دەكرێنەوە، خوشكە گەورەكە دوای سیێ ساڵ و نیو لە ژێر دەستی؛ دواجار رادەكات و لەرێگەی حەسەكە خۆی دەگەینیتە كۆبانی، لەویێ دەچێتە بارەگای یەپەژە؛ تا بیگەڕێننەوە بۆ كوردستان. پاسەوانی بارەگاكە كچێكی دوازدە ساڵانەو بەخێرهاتنی دەكات؛ بە مەبەستی بینینی بەرپرسان دایدەنێت؛ ماوەیەك بە یەكەوە قسە دەكەن بێخەبەر لەوەی خوشكن! چون كاتی لەیەك جیاكرابوونەوە؛ ئەم بچكۆلە تەمەنی تەنها نۆ ساڵان بووە!

ئەوەتا دوای نۆ رۆژ لە ئابلوقەی چیا؛ دوای گواستنەوەیان بە پاس بۆ رۆژاوا لە لایەن یەپەگەوە، مانەوەیان سیێ رۆژ لە خیوەتگە. هاوسەری رۆژنامەوان لەیلا سەیدۆ؛ بە پەرۆشی لە كوردستانەوە دێت و بە دوای دەگەریێت. كاتی دەیبینی رەت دەبێت و ناییناسێتەوە! دەڕوا و لە گەڕان بەردەوام دەبێت، تا ئەوكاتەی لەیلا بانگی دەكات. ناهەقی نییە، چون ئەوەی بەرامبەری نەوەك دوازدە رۆژ؛ بگرە تەمەنی دوازد ساڵ زیادی كردبوو؛ بە هۆی ئەو هەموو ناخۆشی و كارەساتەی بەسەری هاتبوو!

ئەوە فەرمانەو سوفیان جاسمی پاڵەوان، بەچکە شێری تەمەن دوازدە ساڵ؛ دوای سەبیکردنی دایکی. واز لە تافی منداڵی دەهێنێت و یەکراست دەبێتە پیاو، چەکی شەڕەف لە شان دەکات و بەگەڵ جانگوریانی چیا دەکەوێت. بەردەوام بە دوای دایکی دەگەڕێت و لە هەواڵی دەپرسیت. لە فێس بوك ئەکاونتێك بەنێوی ( دایکم بینایی چاومە) دەکاتەوە و لە دووری دایکی بەردەوام دەناڵێنی. بەڵام ئەفسوس؛ چەند رۆژێك بەر لە رزگاربوونی دایکی؛ لە ئاکامی بۆمبابارانی فڕۆکەکانی تورکیا؛ لە نزیك گوندی کورسی شەهید دەبێت. بەر لەوەی چاوەکانی بە دایکی شاد بن؛ بۆ هەتا هەتایی دایان دەخات. بە بیستنی هەواڵەکە دایکی خۆشی رزگاربوونی لێ دەبێتە ناخۆشی، بە لە خۆدان و فرمێسك دەچێتە سەرگۆڕی؛ دووبارە ئاسمانی ژینی غەرقی رەشاتی دەبێت.

من فەرمانم و ئەو دایکەی نۆ مانگ منداڵەکەی لە سك هەڵگرت؛ تەمەنێك بەخێوی کرد؛ ئامادەیە خۆی لێ بێبەری بکات. ئەوەتا دایکی ناسر عەرەب؛ ئەوەی رۆژێك بەر لەفەرمان بە برینداری دەگوازرێتەوە نەخۆشخانەی شەنگال. رۆژی فەرمان داعش سەرجەم بریندارەکان دەکوژێت؛ هەوڵی دەستگیرکردنی هاوەڵەکان دەدات. دوای شەهیدبوونی و لەپێناو پاراستنی کەرامەتی خۆی، دایکی بەگریان تەرمی کوڕەکەی جێدێلیت؛ بەرەو چیای شەنگال رادەکات.

ئەوە فەرمانە و ئاگر بارانی عەرەب، تورك و فارس هەمووی گۆشتی ئێمە دەسووتێنن. ئەوە فەرمانەو شمشێر لەوان و خوێن لە ئێمە، ئاگر لەوان و جەستە لە ئێمە، ستەم لەوان و بەرگەگرتن لە ئێمە. ئەوە فەرمانە؛ ئەو تاقیکردنەوەیەی کە زۆربەی فشۆڵ، نەتەوەپەرست، خۆنیشاندەر و راست نەبێژانی لێ رووت دەبنەوە. ئەوەتا وارد بەدر سالمی نووسەر، ئەوەی رۆمانەکەی (پاکیزەی شەنگال) پێشەکەش بە نادیە و ئێزدیان دەکات. هەرچەندە رۆمانەکەی هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی ئێزدییەکان لە کورد، لادانی

تاوانـەکان لەسـەر عـەرەب و لکانـدنی بـە ئـەفغانی و نەتـەوەکانی دیکـە؛ بـە شـێوەیەك هیچـی لـە تاوانـە گـەورەکانی داعـش دەرنەخسـتووە، بـەڵام دواتـر و لەسەر گەشتێکی ئاسایی نادیەی باڵوێزی نیازە پاکەکان، ماسکەکەی فرێدا و لەلاپەرەی خۆی باسی لە هێڵی سوور و عێراقچیەتی کرد. وەك ئەوەی ئەم کارەساتەی بەسـەر گـەلی ئێزدی هـات؛ بـە دەسـت بوونـەوەرانێك بێـت کـە لـە هەسارەیەکی دیکـەوە هـاتبن؛ دراوسـێی عـەرەبـە عێراقیـەکانی شـەنگال؛ وەك گورگ لە خوێنی یوسف بێبەری بن!

ئـەوە فەرمانـەو لەوکاتـەی ئافرەتـانی کـورد؛ لـە نـاوە و تاراوگـە خـەریکی ئاهـەنگ گێـڕان، خۆجـوانکردن، گەشـت، خشـڵ و کـەیفو سـەفان، ژنـە ئینگلیزێك بە نێوی (راشێل میللەر) سەرجەم خشلەکانی خۆی دەفرۆشێت، پارەکەی لەپێناو ئازادکردنی پەرییەکی شەنگالی دەبەخشێ. ئەوەتا پارێزەری لوبنـانی ئەمـەل کلـۆنی کێشـەی گـەلی شـێخادی دەورووژێنـی و بـە هـەموو دونیا دەگەینی. لەلایەکی دیکە کەسانێك هەن بازرگانی بە کێشـەکە دەکـەن؛ هەریەك بە جۆرێ، لە پێناو ئامانجێ و لە ژێر ناونیشانێ. ئەوەتا خەڵکێك بـە نـاوی قوربانیـان؛ خـەڵکی ناشایسـتە رەوانـەی ئـەڵمانیا دەکـات. خـەڵکێك بـە دوای دەسـکەوتی حزبـی دەگـەڕێت. هەنـدێکی دیکـە مانـدوبوونی خـەڵك لـە تۆمارکردنی چیرۆکی قوربانی و رزگاربووان دەقۆزێتـەوە؛ بابـەت و توێژینـەوە بە ناوی خۆی بڵاودەکاتەوە. بەڵام لە هەمووی سەیرتر بانگەشەکانی ستیڤ مامـانی جـووی کەنەدیـە. کـە گوایـە دەزگایـەکی بـە نێـوی (ئـازادکردنی منـداڵانی مەسـیحی و ئێـزدی لـە عێراقـدا) درووسـتکردووە؛ توانیویـەتی لـە ماوەیـەکی کورتـدا سـەد و سـی و هەشـت منـداڵ رزگاربکـات؛ کـە زۆربـەیان ئێـزدین! جگـە لەمـەش توانیویـەتی دووهـەزار و سـێ سـەد و یـازدە ئێزدی لـە دوورگـەی لیسـفۆس دەربخـات. هـەروەها لـە مەکـدۆنیا بـە هانـای هـەزار و چوارسەد ئێزدی هاتووە، ئەوانەی لە خیوەتگەیەك دەژیان ؛کە رەوەشی ژیانیان زۆر خـراپ بـووە و هـەمووانی گواسـتۆتەوە کـەمپی بـەترا؛ لـە نزیـك چیـای

ئۆلمپۆس!

هەرچەندە هیچکام لەم هەوڵە ئەفسووناویە خەیاڵیانەی مامان؛ لە هیچ لایەنێك پشت ڕاست نەکراوە؛ کەس نازانی ئەوە کەسە کە خۆی بە (ئۆسکار شیندلەر) ی سەدەی بیست و یەك دادەنێ (ئەو بزنزمانە ئەڵمانیەی توانی ژیانی هەزار و دووسەد جوو؛ لەکاتی حوکمی نازیەکان ڕزگار بکات). ئەم ژمارانەی لە کوێی هێناوە و کوا ناوی ئەو کەسانەی ڕزگاری کردوون؟ بەڵام لە کاتی فەرماندا تەجالی وا زۆردەبن، تا لەپاڵ ئێش و ئازاری قوربانیان، برێك پارە و زۆرێك ناوداری بێ بنەما؛ بۆخۆیان پەیدا بکەن.

ئەوەتا دەرهێنەری ئێرانی (بەهرۆز نورانی پور) فلیمێك بە ناوی (**A157**) لەسەر سێ ئافرەت دروست دەکات؛ بە نێوی ئێزدیان نمایشی دەکات تا هەست و سۆزی جیهان لەو ڤیستیڤاڵانە بە لای فلیمەکەی رابکێشێت. لەوکاتەی کە سێ پاڵەوانی ڕاستەقینەکەی چیرۆکەکەی؛ کوردی موسوڵمانن! لەولاش دەرهێنەر (حوسێن حەسەن) لە فلیمی (ڕەشەبا)؛ دیمەنی کوشتنی پەرییەکی شەنگالی لەسەردەستی باوکی نیشان دەدات؛ لەوکاتەی کە قوربانیە ئازاد کراوەکان؛ لە پەرستگای لالش ڕێوڕەسمی تایبەتیان بۆدەکرێت، بەدەم ژەنینی نەی و لێدانی دەف؛ لە ئاوی کانی سپی پاك دەکرێنەوە؛ دواتریش لە لایەن گەنجانەوە؛ بە چەپکە گول پێشوازیان لێدەکرێت.

من فەرمانم... پشت شکێن و جەرگبڕم. ئەوەنییە هەر بە کوژتان دەدەم، بەڵکو تەفروتونتان دەکەم؛ وەك نانی خێر بە نێو گەلانتان دابەش دەکەم. ئەوەتا ئەوجارە چەندم بە دەست داعش کووشت، هێندەم لە ڕێگای کۆچکردن لە ئیجە خنکاند؛ دە هێندم پەڕاگەندەی ئەڵمانیا و ئۆڕوپا کرد. من هاتووم تا بوونتان نەهێڵم؛ ئەگە بە مردن نەبێت ئەوا بەکۆچکردن و توانەوەیە لە تاراوگە! ئەوجا بلێین چی؟ لەوێش بە دواتانم و داعشتان بۆ دەنێرم. ئەوەنییە داعشەکەم بۆ ئەشواق حەمید ناردە ئەڵمانیا؟ بۆیە چاوەڕوان نەبن وا بە ئاسانی یەخەتان بەردەم!

لـە کۆتاییـدا بەداخـەوە دان بـە شـتێك دەنـێم؛ حـەفتاو چـوار جـارە دێـم و ئازارتان دەدەم. دەست دەخەمـە بیناقاقاتـان. کـەچی هـەر ئێوە سـەردەکەون. بـە دڵسۆزی، یەکگرتوویی و پشووی درێژتان بـەرەنگارم دەبنـەوە. ئـەوجارەیان بـەم هـەموو رەشـاتی و قینـەوە هـاتم و سـەرنەکەوتم. دونیایـەك بکـوژ، شـێت و پەڕگیری قڵ و پرچ درێژی نەزان، ئـاڵای رەش و دڵی رەشترم هێنـاو؛ هـەر ئێوە سەرکەوتن.

پاڵەوانیـەتی حـوزنی مـوراد لـە دۆزینـەوەی ناونیشـانی جـەیلانی خێزانـی دوای دوو سـال و نیـو لـە رفانـدنی؛ بـە کـوژدانی ئـەو داعشـیە لەنـدەهۆرەی هاوسـەرە خۆشەویستـەکەی رفانـدبوو لـە جەرگـەی موسـڵ؛ هاوکـات لەگـەڵ رزگـارکردنی و گەڕاندنـەوەی بـۆ کوردسـتان؛ سەریشـێواندم. ئـارامی و پـلان دانان و ئازایەتی ئەم پۆلیسە ژیرە؛ ریسەکەی لێکردمەوە بە خوری.

چیرۆکــی هاوشــێوەی عــەزاب و دونیــا چــۆکی شــکاندم، ئــەم دوو خۆشەویسـتـەی خـەڵکی کۆچـۆ؛ کـە پـەیمانی خۆشەویسـتیەکی بێگـەرد و هاوسەرگیریان بەستبوو. هـاتم و لـە یـەکم جیاکردنـەوە. دونیـام کـردە سـەبییە و هـەرچی عەزابـە لـە دەستم رایکرد و چووە چیـا. ئـاخ لـەو چیایـەی هـەموو جارێ پیلانەکانم سـەراوژێردەکات؛ نـاهێڵی گـەلی شێخادی لـەنێو ببـەم. هـاتم ئــەو دونیــای ئــەم دوو خۆشەویســتە خــەویان پێــدەبینی؛ کــردە عــەزاب و ئەشـکەنجە. بــەڵام لــە کۆتاییــدا و کــاتی دونیــا رزگــاری بــوو، عــەزاب پەیمانەکەی گەیاندە سەر و هاوسەرگیری لەگەڵ کرد. نەوەك هـەر ئـەم دووە؛ بــەڵکو ڤیــان و عــەلی، ئەســمەهان و جــەمال، ســەفاو موحســین... ئەمانــە بەخۆشەویستی، راستگۆیی، قوربانیدان و دڵسۆزیان جەرگیان بـڕیم و گـرەویـان لێ بردمەوە... ئازایەتی، بوێری و راستبێژی نادیە و لەمیا زمانی بڕیم. دڵە سـەوزەکەی شـاهین نـازداری نـازدار؛ جەڵـدەی دڵـی بـۆ هێنـام. قارەمانیـەتی هەڵۆکانی بەرخودان لە شەنگال لەپەلوپۆی خستم...

کـات هـاتووە و دەبی بـڕۆم، حەزمـدەکرد زیـاتر بڵێم، بـەڵام وادیـارە بـە لـە

دەستدانی موسڵ و ڕەقە؛ تاریکی من بەرەو هەڵدێران دەڕوات. ناڵێم ئاوابوون، چون خۆم لە ئاوابوونەوە گەڕابوومەوە و تاریکیم بەسەر خۆر زاڵکردبوو. باوەڕکەن وامدەزانی من کۆتا پاژی ئەم کتێبەم و دوای من هەمووان دەمرن؛ بەڵام چیبکەم؟ ئەمجارەش نەمتوانی کارەکەم تەواو بکەم و ببمە بەشی کۆتایی... زۆر شادومان نەبن، چون دێمەوە! بەڵێن بێت دیمەوە... بە ئاڵا، ناو، ناونیشان و دەمووچاوی جیاوازتر دێمەوە!

# روحی ڕەحمانی نابێت فانی

بەو برووسکەی ئەوەی
شەو لە تاریکی دادەدڕی...
تا تێتبگەینی کە شەو ڕۆژە
ئەگەر برینەکانی
لە ئازار سارێژبن...
ئارام بگرە
وەك ئەو ئاسمانەی ئەوەی
بەرگەی سەنگی هەور دەگری
بەر لەوەی بیبارێنی
تەرزە لە گەواڵەکانی...
بۆ ئەوەی دونیا زەردەخەنەت پێببەخشی
لەگەڵ بەهاری ساڵ!

ببورن کە بەم پەخشانە هۆنراوە دەست پێدەکەم، من کێم؟ من پاشماوەی مرۆڤێکم و لە خیوەتگای خانکی دەژیم، هەموو دڵ، لاشە و بیرەوەریەکانم لە تەلبەناتە؛ لەگەڵ لاشەی هاوڕێ سەربڕاوەکانم لەوێ نێژراون.

من ڕۆڵەی خۆرم
ئاگری ئاشتی
لە نێو دەستەکانم دەگرم
من ژانێکم
لە لالش...
بەر لە هەڵاتنی خۆری مێژوو
هاتمە بوون...

لەگەڵ یەکەم پەرتەو
ئەوەی کەوتە سەر رووی زەوی
لە سکی ئازارەوە لە دایکبوومە

ناوم شاهین خەلەف رەشکانیە، ناسراو بە شاهین نازدار. ببورن کە بە هێواشی قسە دەکەم و دەنگم نووساوە، وەك دەبینن؛ ئەوە شەوی دەیەممە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری بەغدام... بۆ لێرەم؟ چیم لێهاتووە؟ بە دەستی کێ؟

کوللەی بیابان
کلـکی زەرافە
خێوی جەنگڵستان
و مشـکی خیلافە
من برینداری دەستی رەشی داعشم، چی... دەپرسی ئازارم هەیە؟
لە ئێش مەپرسە
ئازاری چۆنە و چیـکرا
ئەو رۆڵەی شەنگالەو
خوێنی بـە ناحـەق برا
بەر لە خـۆر هەڵاتن
گۆشاوگۆش سەری بڕا

تۆ لە ئێشێ بپرسە لە کامە دڵ دەرناچێ؟ کامە مێشکە هەزار ساڵە تۆی وەك شەراب؛ لە هزری خۆی هەڵگرتووە؟ ئێمە هەزار ساڵە سەردەبڕێین و رووباری سێیەممان؛ لە نێوان دجلە و فوڕات هەڵقوڵاندووە. لە چەقۆ بپرسە کامە ملە کە دەیناسێتەوە و حەفتاو چوار جارە؛ لە ژووانێکی بەردەوام پێی شاد دەبێتەوە؛ بە لێوە تیژەکەی ماچێکی کوژەری دەکات و خوێنی دەخواتەوە؟

ببورن، بۆ شایەرێکی وەك من؛ ئەو فەرمانەی دوایی کارەسات بوو، من

گەنجێکی ئاسایی بووم، دونیا لام بەهار بوو. تا تەباخ هات و ئاسمان و ڕێسمانی سووتاند. ئەوکات تەمەنم بیست و شەش ساڵان بوو، بیست و شەش ساڵ لە درۆ و فریوخواردن!

دەزانن، سەرەتا ماوەیەك نەمتوانی ڕەوشەکە لێك بدەمەوە، شیبکەمەوە، هەر دەگریام و لە زمان کەوتبووم. دواتر زۆر توڕەبووم و کوفرم بە هەموو شتێك کرد، بە هەموو ئەو دەستەواژە جوانانەی؛ کە باسیان لە برایەتی، پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەکرد. دواتر هەڵسام بە لێکدانەوەی هەموو شتێك؛ گەلێ شتم بۆ دەرکەوت.

ببورن، کە کەمکەم قسە دەکەم، ئاخر گوللەی ئەو تیر ئەندازەی داعش؛ کە بە سینەم کەوت؛ خوێنی ژەهراوی کردم! چەندە سەیرە؛ ئەوان نەوەك هەر بیروڕایان... بگرە گوللەشیان ژەهراویە! بەینی خۆمان بیت، شوکری خودێ دەکەم کە توانیان خوێنم ژەهراوی بکەن؛ نەوەك بیرم بۆگەن بکەن؛ وەك هەندێ لاوی نەفام.

هەرچەندە دوو نەشتەرگەریم بۆ کراوە و بارم جێگیرنییە. بەڵام دوێنێ سوپاسنامەیەکم بۆ سەرجەم ئەو دۆست و برادەرانە بڵاوکردەوە، ئەوانەی هاوخەمم بوونە و هاوسۆزی خۆیان بۆ دەربڕیووم.

چۆن؟ من پاڵەوانم! نەخێر ئەسڵەن، من ئێزدییەکی ئاساییم. ئەوەی بۆ نوێژی بەیانیان بەرامبەر خۆر دەوەستێ؛ بەر لەوەی نزا بۆ خۆی بکات؛ بۆ خەڵکی دیکەی دەکات.

بیرتانە لە سەرەتای قسەکانم؛ باسم لە ڕۆژەکانی یەکەمی هێرشی داعش کرد. ئەوکات بێ ئومێدبووم. ڕقم لە هەموو شتێك دەبوویەوە و گلەییم لە هەموو کەسێك دەکرد؛ چون کەس بە هانامان نەهات و هیچی بۆ نەکردین. ئەوانەی هێرشیان هێنایە سەر. ئەوانەی ڕێنیشاندەریان بوون، بە پێشیان کەوتن و ماڵیان تاڵان کردین. ئەوانەی پارێزگاریان لێ نەکردین. ئەوانەی هەموو شتێکیان دەبینی و دەزانی و لە سەرمان نەهاتنە وەڵام. ئەوانەی

هۆکاری هەموو کارەساتەکە بوون؛ ئێستاش دوای ئازادی؛ جگە لە نانەوەی کێشە؛ داریان لەسەر بەرد دانەناوە بۆ ئاوەدانکردنەوە ئەم خەراباتە. گلەییم لە هەموو کەس و شت هەیە. ئاسمان، زەوی، چیا، مرۆڤ، باڵندە، ئەهریمەن، مەلایکەت... تەنانەت خودێش! ماوەیەك گۆشەگیربووم و بیرم دەکردەوە چی بکرێت؟ چۆن لەم شکستە رزگارمان بێت؛ بە چ شێوەیەك لەم نوشستیە هەڵسینەوە؟

دەبوایە چی بکەین تا بۆ جاری حەفتاو چوارەم فەرمان نەکرێین؟ چۆن ئەمجارە لە دژی فەرمان بوەستین و رێگری لێ بکەین!

باوەڕبکەن؛ هەموو کتێبەکانی مێژووم خوێندەوە، سەرجەم بابەتەکانیم شەن و کەو کرد، هێنام و بردمن، تێڕامام؛ بیرمکردەوە، شیکردنەوەم بۆ رەوشەکە کرد. خۆمانم وەك ئاسکە گەلێك هاتە بەرچاو؛ کە بەردەوام بە گەلە گورك و رەوە درندە دەورەدراوە. ناوەناوە هێرش دەهێنن و ئێمەش رادەکەین. دوای ماوەیەك؛ کاتی لە گۆشتمان تێر دەخۆن و لە خوێنمان تێنوویەتیان دەشکێنن. مر دەبن و لە راوکردن دەوەستن و ئێمەش دووبارە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان؛ لە چاوەڕوانی فەرمانێکی دیکە؛ بە ترسەوە ژیان بەسەر دەبەین!

هەزار ساڵە ئەم یارییە بەردەوامە. هیچ شتێك نەگۆڕاوە. دیمەنەکان هەروەك خۆیانن. هەمان رووداون و تەنها ناو، ژمارە و رێکەوت دەگۆڕێت؛ دەنا هەر هەمان شانۆگەریە و لەسەر تەختی هەمان شانۆ نمایش دەکرێت.

باشە چ شتێك وادەکات ئەم هەموو درندەیە لغاوبکرێن؟ چ شتێك وادەکات ئەم هەموو ئاسکە لە دڵەراوکێ وترس بوەستن؛ ئاسایی بژین؟ ئایین؟ یاسا؟ بەرگری؟ پێبژاردن؟ تۆڵەکردنەوە؟ پەیماننامە؟ بەڵێن؟ دەستی دەرەکی؟ دەستەڵات؟ نەتەوە یەکگرتووەکان؟

ببورن، دووبارە ئەم سەرئێشەیەم هاتەوە. هەندێجار لەگەڵ ئەم سووکە سەر ئێشەیە؛ شتی سەیرو سەمەرەم دێتە بەرچاو، باوەڕدەکەن یان نا؛ ناتوانم لای کەسی باسکەم نەوەك بڵێن شێت بووە. کەچی حەز دەکەم بۆ ئێوەی بگێڕمەوە.

هەندێجار واهەست دەکەم؛ ئەوە ژیانی یەکەمم نییە و چەندین جار و بە شێوازی جیاوازتر ژیاوم. بەڵێ؛ لەوێ لە خوار قەڵای هەولێر و بازاڕی قەیسەریەکە نانەوابووم؛ کولێرەی گەرمم دەفرۆشتە خەڵك. جارێکی دیکە یەکێك بووم لە سەربازەکانی (شێخ عزەدین) لەگەڵ بەرەکاتی کوڕی هەوڵی پاراستنی گەلی ئێزدیمان دەدا. سەرەتا لە گوندی باقرا دەرکراین و دواتر (سوڵتان حوسێن) میری ئامێدی؛ بەهرامی کوڕی نارد و ئێمەیان لەم ناوە راونا. بە هۆی ئێمەوە یەکەم فەتوایان دژ بەگەلی شێخادی دەرکرد، لە یەکێك لە جەنگە بێبەرابەرە دەستە و یەخەکان کوژرام. شوێنی ئەو تیرەی پێمکەوت پەڵە و نیشانەیەکی گەورەی؛ لەسەر جەستەی ئێستای جێهێشتووە! بەڕاست... هەر مرۆڤێك پەڵەی هەبوو ئەو شوێنی کوژرانیەتی لە ژیانێکی رابردوو!

جارێکی دی کچێکی موسڵاوی بووم؛ لە تەمەنی چوار ساڵان لەگەڵ دایك و خزمان چووینە حەمام عەلی؛ بۆ گەشت و چارەسەرکردنی نەخۆشی، لەوکاتەی نزیك بیرەکانی حەمامەکە یاریم دەکرد، کەوتمە نێو یەکێکیان و تەنها نەعلە گەورەکەی دایکم؛ ئەوەی لەپێمکردبوو لەسەر رووی ئاوە گەرمە بۆگەنەکە مایەوە و خنکام. دەزانن، باشبوو لەم تەمەنە زووە مردم؛ چون دایکێکی بێگوێی بێخەمم هەبوو، لەناو بیرەکەوە گوێم لە هاواری بوو کاتی دەیقیژاند: " باوکی لەبەرەی جەنگە، کاتی هاتەوە چی پێ بڵێم؟" . واتا ئەوکاتیش لە باوکم دەترسا؛ زۆر زیاتر لەوەی خەمی منی بێت!

جارێکی دیکە کەڵەگابووم؛ لە جەژنی قەباغدا قائیدیەکان؛ منیان بەسەر شاخ خست و هێنایە خوارەوە. بیرمە کەسێك کوژرا و خۆشاوی ئەو رۆژەیان لێ بووە ژەهری مار! بەڵێ، بیرمە کاتێ منیان بۆ سەربڕین دەبرد؛ بێوەژنەکە چۆن لە خۆی دەدا و منداڵەکانی کو دەگریان. قەد نیگاکانی بکوژە مێردمنداڵەکەم لەبەرچاو لاناچێ. باوەڕبکەن ئەوەندە لە خەمی ئەودابووم؛ نیو هێندە خەمم بۆ خۆم نەدەخوارد. بەشێوەیەك؛ کاتی منیان دایە دەستی مجێور

بۆ سەربڕین؛ هەر ئاوڕم لەو خەمبارە دەدایەوە و حەزمدەکرد شتێکی بۆ بکەم!
جارێکیشیان زاوای چەند مانگە بووم؛ کاتی گەڕامەوە بەرەی جەنگی عێراق و ئێران، لە لیوای حەفسەد و چواری پیادە لای عەمید روکن ( پاشا شێخ خەلەف ناسر ئال هسکانی )سەربازی بێتەل بووم. ئەو پیاوە چاونەترسەی رۆژی بیست و حەوتی ئەیلولی هەزار و نۆسەد و هەشتاوشەش؛ لەگەڵ ئێمە شەهیدبوو. بەڵێ، لەکاتی هێرشکردنمان بۆ سەر سەنگەری ئێرانیەکانی؛ نیمچە دوورگەی فاویان داگیرکردبوو. تا دوا ساتەکان لە تەکی بووم. بیرمە لە ئامێرەکە هەر هاواری دەکرد کە سەنگەرەکانی پێشەوەی خوێڵین؛ مەملەحەمان ئازاد کردووە و پێویستمان بە کۆمەك و هانایە؛ کەچی مردن هات و هیچ هێزێك بە هانامانەوە نەگەیشت!
بیرمە گەنجێکی ئەرمەنی خوێن گەرم بووم؛ لەگەڵ کۆمەڵە هاورێیەکم لە ریزی ئەو چوار فەوجە خۆبەخشە بووین؛ کە تایبەت بوو بە ئەرمەن و نەستۆڕیەکان؛ لە ریز سوپای رووسی خزمەتمان دەکرد. لە بەهاری ساڵی دووەمی جەنگی جیهانی گەورە؛ بە سەرکردایەتی جینیراڵ گیۆرنزۆبۆف شاری رەواندوزمان داگیرکرد. باوەڕبکەن؛ جەرگە سووتاوەکانمان لە ئاست کۆمەڵکوژی ئەرمەن ئەوەندە تێنووی تۆڵەبوو. لەبەرچاوی هێزە رووسیەکە؛ کەوتینە وێزەی خەڵکی ئەم شارە و هەرچی خراپەبوو کردمان. زیاتر لە پێنج هەزار پیاو، ژن و منداڵمان کوشت... بە گوللە؟ هەرگیز نەخێر! بەڵکو فرێماندەدانە نێو خەرەند و رووبار. شتەکتان پێ بڵێم؟ جیاواز لە هەمووان؛ من زۆر داخداربووم و نازانم بۆ ناوی رەواندوز برینە کۆنەکانمی دەکولاندەوە؟ وەك ئەوەی لە ژیانێکی پێشووتر بە دەستی خەڵکی ئەم شارە فەرمان کرابم! لەمەش زیاتر؛ لە سیمای منداڵ و ئافرەتان ورد دەبوومەوە، وەك ئەوەی بە دوای کەسانێکی ناسیاو بگەڕێم! بە داخەوە زۆرمان خراپە کرد؛ بیرمە هاوڕێکەم لەسەر دینگەی مزگەوتە گەورەکە؛ شتێکی نووسی لەسەر گەڕانەوەو تۆڵەکردنەوە. باوەڕبکەن لە هەزار خانووی ئەم شارە؛ تەنها بیست

بە پێوە مایەوە، ئەوەش ئەو شوێنانە بوو؛ کە بارەگاکانمان لێی جێگیرکردبوو. دواتر و بە هۆی ناشارەزایی و کەم ئەزمونی؛ لە کاتی راوەدوونانی هەندێ لەو هۆزانەی هاتبوونە پاڵپشتی شارەکە؛ لە میانی رۆیشتنمان بە دۆڵێکی تەسك؛ هێرشمان کرایە سەر؛ بە تفەنگی کوردێکی چاو سەوزی باڵا بەرز کوژرام. لە دوورەوە بینیم؛ لە ژێر کڵاو وجەمەدانیە قیتەکەی؛ زۆر بە رقەوە سەیری دەکردم. هەستمکرد دیدی دڵمی پێکا؛ بەر لەوەی گوللە گەرمەکەی ملم ببڕی و بکەومە سەر زەوی!

جارێکی دیکەیان کچێکی جوانبووم. پسمامی خۆم خۆشدەویست؛ دوای کێشەو چەرمەسەریەکی زۆر بە یەك شادبووین. دواتر و بە دوو گیان بوونم زۆر شادومان بووم، جل و ناوم بۆ منداڵەکەمان ئامادەکردبوو، زۆری نەبرد و سوپای عەجەم هات؛ ناوچەی شێخانی داگیرکرد و هەموو گوندەکانی خاپوور کرد. هاوسەرە نازدارەکەم و هاوڕێکانی تا شەهیدبوون بەرگریان کرد. دواتر هاتن و ئێمەیان رفاند، چەندە پاڕامەوە و چەندە گریام سوودی نەبوو. لە پێشم بە قەمە سەری چەندین منداڵیان بڕی؛ سکی چەندین مێردمنداڵی دیکەیان دڕی؛ بە مەبەستی لاقەکردنی دایکەکانیان. نۆرەی من هات؛ بەڵام بەر لە جەنگەکە؛ ئێمە هەموو دۆخین و پەتکی شەرواڵەکانمان بەگرێی کۆرە شەتەك دابوو؛ سەرباریش خۆمان نەدەدایە دەست. ئەو ملهورەی هاتبوو لاقەم بکات؛ لەو هەموو شتە بێزاربوو و دەستیکرد بە لێدانم. قەمەی لەسە سکم دانا؛ وەك هێمایەك بۆ کوشتنی من و منداڵەکەی ناو سکم. بە دەست ئاماژەم بۆ کرد؛ کە وانەکات و بە هەموو شتێك رازیم. بە خۆشیەوە لە دیارم وەستا، لە دوورەوە و لەژێر هەر دار و بەردێك؛ قیژەی ئافرەتێکم دەبیست؛ کە بە دەم لاقەکردنی لە زیڕەی دەدا. لیکاوی دەمیم بینی؛ کاتێ خۆم بە کردنەوەی گرێیەکان سەرقاڵکردبوو. زۆرم خۆ هێناوبرد بەڵکو فریادڕەسێك؛ خدری زیندەیەکمان لێ پەیدا دەبیت؛ کەچی بێهوودەبوو. هێمام بۆیکرد کە گرێیەکان نابنەوە و قەمەکەم پێبدات بەڵکو بیانبڕم؛ بە خۆشیەوە پێیدام. یەکڕاست قەمە

تیژەکەم زۆر بە هێز لە لای چەپی سکم راکرد و بە توندی بەرەو لای راستم راکێشا... باوەڕبکەن، بە رلەوەی بمرم ریخۆڵەی منداڵەکەی خۆم بینی لەسەر ئەرز؛ لە نێو گۆماوی خوێن کەوتبوو! جارێکی دیکەیان منداڵێکی حەوت ساڵان بووم، دایکم بە گریانەوە منی لە کۆڵکرد؛ باپیرەم برا بچوکەکەمی هەڵگرت و بەرەو چیای شەنگال رامانکرد. باوکم نەهات و دایکم زۆر لێی پاڕایەوە، بیرمە پێیگوت: " تو خودێ بەگەڵمان کەوە، دەڵێن ئەبو لەیلا سوپایەکی زەبەلاحی هێناوە بۆ فەرمانکردنی ئێزیدیان!" . مرووزە بەردین و دوا وشەکانی باوکم لەبیرە؛ کاتی بەدەم سەرماچکردنەوە گوتی: " ئێمە دەبی بجەنگین تا ئێوە مەوداتان هەبێت و بەسەر چیا کەون. گوێبگرە گولێ؛ هەرچیەك روویدا دانەبەزن؛ منداڵەکان ببە و لەگەڵ باوانم برۆن. والی بەغدا سلێمان پاشا بە تەنیا نییە. هەندێ میری خۆفرۆشی کورد و چڵکاوخۆری عەرەبی لەگەڵە... باوەڕبکە وا بەئاسانی ناگەنە ئێرە. خودێ و تاووسی مەلەك پارێزگارتان بن!" . رۆیشتین و بە پەلەپەل سەرکەوتین، بەڵام دوای چەند رۆژێك، بە بەڵێن و پەیمانی ئەوان دابەزین. دایکم ناڕازی بوو، کەچی باپیرەم گوتی: " هەر ئێمە نین، نزیکەی هەزار ژن، بەساڵاچوو و منداڵمان لەگەڵە. مەترسن ناچینە ژێر دەستی ئەوان، شوێنێکیان بۆ دەست نیشان کردووین؛ تا لەوێ جێنشین بین! ". ئەوەبوو دابەزین و چووینە گەلییەك. زۆری پێنەچوو و لە ناکاو؛ لەهەر چوار لاوە ئاگریان تێبەرداین، رووی تفەنگ و تۆپ هاوێژەکانیان لێکردین. دیمەنێکی تۆقێنەر بوو، گوێم گرتبوو و دەگریام. دایکم پەنای لە خۆم و براکەم کردبوو. لە هیکەوە؛ هەستم بە بایەکی توند کرد؛ شتێکی گەرمی تیژ لە دواوە لێیدام و لە سینگم دەرپەڕی؛ شلەیەکی سووری گەرم لە نێو دەم و سینگم هاتەدەر؛ چاوانم داخستن...

بەڵام با لەگەڵتان راستگۆ بم، کاریگەرترین چیرۆك؛ کە زۆر سەخڵەتیکردم؛ هی ئەو جەنگاوەرە ئازایە بوو، چۆڵۆ کوڕی خەنجەر. هەر

چەندە زۆر ئازا و سەرکێشبووم کاتی لە جەستەی ئەودابووم، کەچی بە شێوەیەکی دراماتیکی کوژرا! بە جۆرێك؛ ئێستاش نازانم سەری لە کوێیە. بەڵام نیگەرانی ئەو بۆ زانینی هەواڵێك سەبارەت بە غەزالەی هاوسەر و میرزا کوڕی؛ وەك نەخۆشییەك بۆ من گوازرایەوە. منی سەڵت ئێستاش زۆر جاران بە دوایان دەگەڕێم! وەك ئەوەی بە راستی بە دوای هاوسەر و منداڵی خۆم بگەڕێم! بۆیە لەگەڵ فەرمانی ئەوجارە؛ خۆم بۆ دۆزینەوە و رزگارکردنی ئافرەت و منداڵە رفێندراوەکانی دەستی داعش؛ تەرخانکرد. لەم پێناوەدا دەیان زانیاریم کۆکردۆتەوە؛ لەگەڵ سەدان کەس قسەم کردووە. دواتریش لەکاتی ئازادکردنی موسڵ وەك خۆبەخش، رزگارکەر و وەرگێڕ بەگەڵ هێزەکان کەوتم.

چی؟ نااا هەرگیز شێت نیم. باوەڕبکەن؛ هەست دەکەم ئەمە ژیانی نۆهەمینمە و ئەوجارە ئەگەر خودێ لێم رازی بێت؛ روحم بەرەو بەهەشت دەچێت و لەوێ ئۆقرە دەگرێت.

دەزانن، ماوەیەك بەر لە ئێستا دڵم زۆر خۆشبوو؛ کاتی توانیم منداڵێکی ئێزدی؛ بە ناوی ئەیمەن لە ناوچەی رەشیدیەی بەری چەپی موسڵ؛ رزگاربکەم. دەبا شتێکتان پێ بڵێم؛ لە رزگارکردنی قوربانیان؛ هەرگیز ناسنامەی کەسکەم لا گرنگ نەبووە، کە ئێزدیە، فەلەیە یان موسوڵمان. ئاخۆ کوردە، تورکە یان عەرەب. ئامادەبوومە بەهانای هەر قوربانییەك بچم؛ و یارمەتی بدەم.

ئەوەبوو ئەمجارەیان؛ کاتی بینیم دایکێکی کلۆڵ لە خۆی دەدات؛ چون کچێکی بچووکی لە نێو ئەو خانووە رووخاوە جێماوە؛ ئەوەی داعش تەقەی بەرەو دەکات. خۆم پێنەگیرا؛ هەرچەندە کراسی دژە گوللەم لەبەر نەبوو، بەڵام خۆم وەك چۆلۆ هاتە بەرچاو؛ کە میرزا لەو خانووە گیری خواردووە و هاوارم دەکات. بۆیە بەڕاکردن چووم و لە باوەشم کرد، کاتی بەرە و هێزەکانی خۆمان دەهاتم. ئەوا تیرێك... ببورە تیرئەندازی داعش گوللەیەکی لە

سینەدام. باوەڕبکەن هیچ لە راکردنم کەم نەکردەوە؛ تا منداڵەکەم بە شوێنی ئارام نەگەیاند؛ نەوەستام. تەنها ئەوکات لەسەر زەوی راکشام و چاوەکانم داخستن؛ کاتی سەیری ئاسمانم کرد؛ بینیم چۆلەکە لە ئاسمانەوە بە زەردەخەنەوە سەیرم دەکات؛ میرزای لە باوەشگرتووە و هاوشانی غەزالە؛ بەچاوی پڕ لە سوپاسگزاری سڵاوم لێدەکەن و بەیەکەوە دەڕۆن، ئەوکات چاوەکانم داخستن و ئێستا کردوومەتەوە؛ ئەوەتا قسەتان لەگەڵ دەکەم...

ئای شەنگال
بەر لە کۆچکردن؛ واهاتم
بە دەروونێکی شێواو
با دڵمت پێشکەش بێت
بەڵکو پێی دەزانی
شوێنێکی تیدا نەماوە
بۆ ئارامی...
بەگلەییەوە سکاڵات لێدەکەم
بە ماندوویی
خۆت باش دەزانی
چیتر دڵی مرۆڤ لە سینەم هەڵناگرم...
سەر لێشێواوم و تەنیا هزرم پێیە
بە فرمێسکەوە
پاشماوەی زەمەنەکان دەپەرمەوە...
ئای شەنگال...
چەندم خۆشدەوێی؛ یەکەم و دوا مەنزلگەم
شوێنی یەکەم خۆشەویستی
خاکی یەکەم رێژوان
شەنگال ئەی کۆژان

چۆن دەتوانم هۆنراوەکانم
تا مردن جەڵدە بکەم؟
چۆن مردن بێوەستان
لە سییەکانی زەمەن تێپەڕکەم!
دڵکونی هەلاهەلام ئەز
بە پەڕەمووچێکی رەش
بۆت دەنووسم بێکاغەز

بەڵێ؛ ئێستا من بە تەنیا قسەدەکەم، جگە لە ئێوە کەسم لانییە؛ تا گوێی بۆ قسەکانم بگرێ و تۆماریان بکات. خۆزگە هاوڕێگا و هاوسۆزم بۆ شەنگال؛ سەعد حەمۆ لێرە دەبوو. بەڵێ هاوڕێ؛ من و تۆ بە خۆشەویستی شەنگال چاومان کردەوە، لە بەردەم شنەبای ئازادییەوە هەراش بووین. بەرلەوەی ئێمە شەنگال ئاوەدان بکەینەوە، ئەو ناخ و دەروونمانی داگیرکرد. ئەی تۆ لە کوێی عەلی خانسۆری؟ تۆ ملۆی برام؟ بیری هەمووتان دەکەم.

دەزانن، من تژی بوویم لە عەشقی چیای شەنگال و ئەسمەر حەیران. ئەم عەشقە زۆر شتی فێرکردم؛ ئاها بیرتانە لە سەرەتایی قسەکانم؛ باسم لە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی فەرمان کرد؟ دوای شەن وکەو کردنی سەرجەمی بابەتەکە لە مێشکم؛ بە چەند ئاکام و راسپاردەیەك گەیشتم، نیازم وابوو بۆ رێگەگرتن لە فەرمانی حەفتاو پێنج؛ بڵاویان بکەمەوە، بۆ دەربازکردنی گەلی شێخادی لەو کێڵگە مینەی تیایدا دەژی؛ کە هەر رۆژەی پێ لە یەکێکیان دەنێت و پێمان دەتەقیتەوە. دەزانن دەرمانی ئەم هەموو دەردانە چییە؟ تاکە دەرچەیەك لەو تۆنێلە تاریکەی لێی دەژین؟ خۆشەویستیە... بەڵێ خۆشەویستی! تەنها بە خۆشەویستی رزگارمان دەبێت لەو گەلە گورگەی دەورمان. لەو دەریا شەپۆڵ بەسەر یەکداکەوتووەی دوژمن و ناحەزان. چۆن؟ با بۆتانی شیبکەمەوە.

کاتی مرۆڤ لە دۆخی خۆشەویستی دەبێت، خۆی و دەورووپشتی خۆش

دەوێت. بە ئاسمان و رێسمان، زەوی و گیانەوەر، دار و بەرد... تەنانەت دوژمنەکانیشی خۆش دەوێت. بەڵێ ئازیزان رق، کووشتن و توندڕەوی تەنها بە خۆشەویستی چارەدەکرێت. ئێوە سەیری پەیامی سەرجەم پەیامبەر، پیاو چاك، بیرمەند و فەیلەسوفان بکەن. هەموویان یەك نامەیان هەبووە. هەمان ئەو نامەیە کە خودێ لە ئاسمانەوە؛ بە دەستی مەلایکەتانی بۆ سەر زەوی رەوانەکردووە. سەرەتا دەبێ خۆمان خۆش بووێت. بەڵام خۆشەویستیەکی پاك کە نەگاتە رادەی خۆپەرستی. چون خۆپەرستی یەکەم تاوان بوو مرۆڤی لە بەهەشتەوە وەدەرناوە.

کاتی ئێمە خۆمان خۆشوویست، هەوڵ دەدەین جوانتر و چاکتر بین. کاتی بەرامبەرمان خۆشوویست؛ مامەڵەمان لەگەڵی باش دەبێت؛ لەسەر بنەمای رێز، ماف و ئەرك بنیاتی دەنێین. ئەوکات پێکەوەژیان ئاسایی دەبێت. چون ئەوەی بەرامبەر یان برامە لە ئایین، یا هاوزمان، یان هاونیشتیمان یانیش هاوشێوەمە لە مرۆڤایەتی، خۆ ئەگەر هیچ نەبێت ئەوا هاوهەسارەین! گەر وابیر بکەینەوە، ئەوا نەوەك ئامادەم قبوڵی بکەم؛ بەڵکو ئامادەییم تێدایە؛ گیانی خۆمی لە پێناو ببەخشم.

منێك کە باوەڕم بە کراس گۆڕینەوە و لەناو نەچوونی روح بیت. بێگومان بم لەوەی؛ کە مرۆڤ بۆی هەیە هەزار و یەك جار؛ بە شێوە و شێوازی جیاواز بێتەوە سەر زەوی؛ بۆ هەموو شتێکم خۆش نەوێت؟ کێ ناڵێت ئەو روحەی لەنێو ئەو دار، بەرد، ئاژەڵ و مرۆڤانەن برا یان خوشکم نیین؟ ئێزدیەك نییە و لەم کاتەدا روحی لە کراسی یەکێك لەم بوونەوەرانە بەند نییە؟ بۆ ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە هەڵسووکەوت نەکەین؛ هەموو بوونەوەر و ئافەریدەمان خۆش نەوێت؟

رەچەڵەك، نەژاد و بنەڕەت چییە؛ ئەگەر روحەکانی ئەم سەر زەمینە بەردەوام بن لە کراس گۆڕێن؟ مەگەر پەروەردگار روحی بە هاویەکی نەدابێتە هەمووومان؟ هەمووشمان بەم کراس گۆڕینە تاقی نەکاتەوە؟

زۆرجار سەیری میللەتی خۆمان دەکەم و دەپرسم؛ تاکەی ئێمە لە نێو بازنەیەك بخولێینەوە و نەکرێینەوە سەر دونیای دەرەکی؟ تاکەی زۆرێك لە رێورەسم و بنەما ئایینەکانمان؛ بە پەنهانی بمێنیتەوە؟ تاکەی بە چاوی گومان سەیری هەمووان بکەین؟ کات نەهاتووە پەنجەرەکان بکەینەوە؛ تا شنەبایەکی فێنکی گۆڕانکاری؛ بەسەر ئەم گۆشەگیریەی هەزار ساڵە بڕوات و ژینگەیەکی خاوێن سازبکات؟ بۆ دەبێ گەنجانمان لە سەرەتای ژیان و بەم زووییە؛ هاوسەرگیری بکەن؟ بۆ دەبێ لە نێو نزیکترین ئەلقە؛ هاوسەر هەڵبژێرن؟ ئاخر پەرێزی ئەم هاوسەرگیریانە دیارە و ژمارە زۆری ئەندامانی هەر خێزانێك؛ بۆتە بارێکی دارایی قورس بۆ سەرباوان، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی پەککەوتوو، نەخۆشی دەروونی و کۆنیشانی داون (مەنگۆلی)، ئەمەش لە ئاکامی هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزا، پورزا وخاڵۆزا. ئاخر دەترسم لە کۆتاییدا هاوشێوەی هیندییە سوورەکانمان لێ بێت؛ تەنها چەند دانەیەکمان لێ بمێنیت و لە مۆزەخانەمان دانێن! ئەوەنییە بەهۆی ئەم هاوسەرگیریە داخراوە؛ خەریکە شێوازمان گۆڕانکاری و پازدانی گەورەی بەسەر دێت! هەر لە تەنك بوونی پرچ، گڕبوونی ددان، سیس بوون، باڵاکورتی و تا دەگاتە زیادبوونی نەخۆشیە بۆماوەییەکان.

کات نەهاتووە گرنگی بە خوێندن بدەین؟ بە هونەر و وەرزش. دوور لەم بازنە تەسکەی هۆزایەتی و کۆمەڵگە داخراوەکان؛ بچین و لە شارە گەورەکان بژیین؟

کات نەهاتووە خۆمان لە زۆر شت یەکلایی بکەینەوە؟ ئایا ئێمە ئایینین یاخود نەتەوە؟ یانیش هەردووك؟ کوردین یان عەرەب؟ هەرچەندە زۆر سەیرە کە خۆمان بە کوردی قسەبکەین و نووسراوە ئایینیەکەمان بە کوردی بێت؛ پێش هەمووان لە کوردستان ژیا بین و تەنانەت گروەندەشمان بە کوردی قسەبکات؛ لەوکاتەی کە خۆمان کورد نەبین؟

کات هاتووە لەزۆر شت خۆمان یەکلایی بکەینەوە؛ یەك بگرین و بە

یەکگرتووی رووبەڕووی جیهان ببینەوە. بەرژەوەندی گەلەکەمان لەبەرچاو بگرین و لەسەر بنەمای کاردانەوە، تۆڵەکردنەوە، ستەملێکراو نەجولێینەوە. بەڵکو وەك گەلێکی یەکگرتووی سەربەستی رۆشن بیر و ژیر؛ پلانڕێژی بۆ داهاتوو بکەین.

خودێ ئێمەی لە مشتێك خۆڵ درووستکردووە، دواتریش کاتی روح لاشە جێدێڵێت؛ دەبیتەوە پرپۆڵە. روح بەرە و ئاسمان بەرزدبێتەوە و بەرە و کراسێکی نوێی دەڕوات؛ سەرجەم هەستەکانی وەك خەم، خەفەت، تووڕەیی، پیسی، چاوچنۆکی، ئێش و ژان جێدێڵیت و لەگەڵ لاشەکە دەخرێنە گۆڕ. دەزانن بۆ؟ چون پێچەوانەی روح؛ شتی قوڕس، بۆگەن، نارێك، ناجور و پیسن. بۆیە پێویستە گەلی ئێمە هاوشێوەی ئەم روحە جوان، بۆنخۆش، شیرین و سەنگین بێت. وەك لالە سوورەکانی دەشتی لالش؛ هەموو ساڵێ و لە مانگی گولان؛ بە جوانی و ناسکی، بێئەرك ئەم ناوچەیە جوان بکات. قەد لالەتان دیووە ئازاری دەست بدات؟ دڕکی هەبیت؟ پێویستی بە چاودێری و ئاودان هەبێت؟ نەخێر... خۆی بە بێدەنگی دێت و دواتریش بە هێمنی دەڕوات. ساڵی داهاتووش لە هەمان شوێن و لە سکدانی زەویەوە؛ بێئەرك و دەردەسەری دێتەدەر.

کات نەهاتووە ریفۆڕمی ئایینی ئەنجام بدەین؟ لە هەموو شتە نارێك، ناجور و وەرگیراوەکان خاوێنی بکەینەوە؟ ئەوانەی لە ژێر کاریگەری ئایینەکانی دیکە؛ پەڕیونەتەوە نێو ئایینەکەمان؟

کات نەهاتووە ریفۆڕمی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەین؟ بایەخێکی زیاتر بە ئافرەت بدەین؛ لە میرات و زۆرێك لە مافە کۆمەڵایەتیەکانیان بێبەش نەکەین؟

کات نەهاتووە تۆزێك بە شێوازی پێکهاتنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان بچینەوە؟ بەشێك لەو کۆت و بەندانەی بە دەستی خۆمان درووستمان کردوون؛ و پەیوەستن بە باو و نەریت، عورف و عادەت لابەرین؟

کات نەهاتووە ئەم تەم و مژە لابدەین؛ ئەوەی ئایینەکەمانی داپۆشیوە؟ تاکەی ئێمە باجی ئەهریمەن پەرستی بدەین؛ لەوکاتەی کە لە سەرەتای ئەو نەتەوانە بووین؛ کە خودامان ناسیوە و پەرستووە؟ بۆ دەبێ هەزارن کەسمان بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەهریمەن بکوژرێت؛ لەوکاتەی نەوەك ناپیەرستین و هیچ گرنگیەکی نیە لامان. بەڵکو تەنانەت باوەڕمان بە خراپەکاری و ئەهریمەن نییە! بۆ دەبێ مردنمان لە ئایین گۆڕینی کاتی و لە ژێر هەڕەشە پێ باشتر بێت، لەوکاتەی کە تەنانەت توندڕەوانی هەموو ئایینەکان؛ لە کاتی هەڕەشە و زۆربۆهینان مەودای ئایین گۆڕینان هەبێت!

کات نەهاتووە خۆمان لە زۆر شتی چارەنوسساز یەکلایی بکەینەوە. مشورێك لە خۆمان بخۆین؟ کات نەهاتووە جگە لە چیای شەنگال پشت و پەنایەکی دیکە بدۆزینەوە؟

دەزانم ئەم قسانە زۆرێك دڵتەنگ دەکات، مرەکەبی گەلێ کەسی بۆ دەڕژێ، بەڵام دڵی زۆرانیش خۆش دەکات. چون نامەوێ هیچ ئێزدیەك فەرمانی ژمارە حەفتاو پێنج ببینێ. ئەم خوێن رژانە لێرەدا و بە هەتاهەتایی ببڕێتەوە.

خۆشەویستی پەیامی من بووە لە ژیان؛ لەم پێناوەدا گیانی خۆم کردە قوربانی. کاتی چووم ئەم کیژۆڵەیە رزگار بکەم؛ ئەوەی لە نێو خانووە بەجێماوەکە بەکوڵ دەگریا. دەمزانی عەرەبە، موسوڵمانە و خەڵکی موسڵە. لەوانەشە کچی داعشێك بێت. بەڵام زانیم ئەو مرۆڤە لە مەترسیدایەو پێویستی بە یارمەتیە. بۆیە هیچ سڵم نەکردەوەو چوم...

نازانم بۆ هەست دەکەم هەروا دێت و هەناسەم تەنگ، چاوەکانم قورس و بینینم تەڵخ دەبێت؟ هەستێکی زۆر سەیرە. دەزانن بۆ لە مردن ناترسم؟ چون مردن لای ئێمە کراس گۆڕینە، روح هاوشێوەی کراسێکە و بە سانایی لە جەستە دەکرێتەوە. سەرەتا دەستەکان جێدێڵیت، دواتریش لە سینە دەکرێتەوە و لە رێگەی دەمەوە؛ جەستە جێدێڵیت.

ئەوەچییە؟ هەست دەکەم کێشم زۆر سووکەو بەسەر سەری لاشەکەمم! ناااا... ئەوە بە نێو بنمیچی ژوورەکەم و ژوورەکانی سەرتر دەردەچم. وەك تیشکم لێهاتووە و بەرەو ئاسمانی تاریك دەڕۆم.

ئەوەتا بەغداد هەروا دێت بچووك دەبێتەوە... تا دێت دەبێتە خاڵێکی بچووکی رۆشن؛ لە نێو بیابانێکی فراوانی تژی لە تاریکی. ئێستا هەست دەکەم بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەرەو باکووری رۆژاوا دەڕۆم. ئەوە بارستەیەکی رەش بە دیار کەوت. ناپرسم چییە چون دەیناسمەوە، چیای شەنگالی خۆشەویستە. ئێستا بەرەو رۆناکییەکی گەش دەڕۆم. چراخانێکە و هەزاران لالەی گەشی جوانی لێیە. هەردەبی وابێت؛ چون لالشی پیرۆزە.

هەست دەکەم پێشتر ئەم دیمەنەم بینیوە، دەزانن، ماندووم و چیتر نامەوێ بچمەوە لاشەی هیچ شتێك. دەمەوێ بڕۆم. بیرم چوو پێتان بڵێم؛ کە لالش ترانزێتە، خاڵی گواستنەوە و پەڕینەوەی روحەکانە. هەر لێرە روحەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. نا پاك و خراپەکار؛ بەگوێری کارەکانیان دووبارە کراسیان لەبەر دەکرێت و دەگەڕێندرێنەوە سەر زەوی. هەرچی چاکەکارە؛ ئەوا بەرەو مەلەکوتی ئەو دەڕوات و لەم ژیانە رزگاری دەبێت... کەمێك بێدەنگ بن واخەریکە هەڵسەنگاندنم بۆ دەکرێت... نزام بۆ بکەن!

ببورن... هەست دەکەم ئازاد دەکرێم... رۆشناییەکی توند دەمگرێتەوە... من دەڕۆم؛ زۆر ئاسوودەم، سوپاس بۆ خودێ... من تەواو!

# سەرچاوەکان

## کوردی:


1- یەزیـدی یـەکان و ئـایینی یەزیـدی. / شـاکر فـەتاح – **1970** / چاپخانـەی کامەران - سلێمانی
2- ئێزدی لە نێوان چەند جەمسەری و بڕوای یەکتا پەرستیدا. / د. نەجم ئەڵوەنی – **1999** / چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
3- چەند تێکستێن پیرۆز یێن ئۆلا ئیزدیان. – بەرگێ ئێکێ / کۆمکرن: شەمۆ قاسم دنانی – **2012** / چاپخانەی هاوار - دهۆك
4- هـەردوو کتێبـی پیـرۆزی یەزیـدیان. – د. ماکسـیمیلیان بیتنـەر / د. حەمیـد عەزیز لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوە - **2002** / دەزگای ئاراس - هەولێر
5- پەرن ژ ئەدەبێ دینێ ئێزدیان. – بەرگێ ئێکێ / کۆکرن و ڤەکۆلین: د. خەلیل جندی رەشۆ – **2004** / چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.
6- رێکخراوی داعش لووتکەی پەڕگیری. / مامۆستا عەلی باپیر – **2014** / چاپخانەی تەفسیر - هەولێر
7- بەرنامەی ئێزیدخان. – کەنالی کوردستان **24** .

## عەرەبی:


1- كارثة شنكال 3- أب - 2014 ؛مجوعة بحوث و دراسات / اعداد: لجنة البحوث و الدراسات في الهيئة العليا لمركز لالش الثقافي و الاجتماعي – 2016 / مطبعة هاوار – دهوك .
2- ابادة اليزيديين فى شنكال ( أب 2014). / داود مراد الختارى – 2017 / مطبعة كارو - السليمانية .
3- عن جحيم الدوله الأسلامية. / حسو هورمى – 2017 / مطبعة رۆژهەلات - اربيل .
4- الفرمان الأخير. / حسو هورمى – 2015 / لبنان - كندا .
5- الطفولة المفقودة. / حسو هورمى – 2015 / أربيل .
6- الكرد الأيزيديون في اقليم كردستان. / عدنان زيان فرحان – 2004 / مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية - السليمانية .
7- الأيزيدية، حقائق و خفايا و اساطير. / زهير كاظم عبود – 2004 / المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت .
8- عدي بن مسافر، مجدد الديانة الأيزيدية. / زهير كاظم عبود – 2005 / المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت .
9- طاووس ملك ؛ رئيس الملائكة عند الأيزيدية. / زهير كاظم عبود – 2008 / المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت .
10- اليزيدية قديما و حديثا. / اسماعيل بك چول - 1934/ المطبعة الاميركانية - بيروت.
11- اليزيدية. / صديق الدملوجي - 1949/ مطبعة الأتحاد - موصل .
12- الأيزيدية... العوالم الخفية. / فواز فرحان - 2016/ دار الكتاب الأول للطباعة و النشر - كوترسلوه/ المانيا .
13- الأيزيدية، بقايا الميثرائية./ توفيق وهبي – ترجمة شوكت ملا اسماعيل حسن 2010/ دار سردم للطباعة و النشر - السليمانية.

14- الأيزيدية ديانة قديمة تقاوم نوائب الزمان. / د. كاظم حبيب – 2006 / مؤسسة حمدي للطباعة و النشر - السليمانية.
15- اليزيدية. / سعيد الديوجى – 2003 / المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت.
16- منظومة ايات القتال في القرأن الكريم./ د. محسن عبدالحميد – 2017 / مكتبة التفسير - أربيل.
17- القصارى في نكبات النصارى. / شاهد عيان ( الأب اسحق أرملة) – 1919 - بيروت.
18- القومية الأيزيدية، جذورها- مقوماتها- معاناتها. / أمين فرحان جيجو – 2001 - بغداد.
19- خلاصة تأريخ الكرد و كردستان. / محمد أمين زكي – الطبعة الثانية 1961 - بغداد.
20- كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى. – د.كمال مظهر أحمد – 2013/ دار اراس للطبع و النشر - أربيل.
21- محطات من انفال بهدينان. – مذكرات / ناظم الختارى.2007/ مؤسسة الحوار المتمدن.
22- كتابات في قضية المرأة الأيزيدية. - مساهمة مجموعة من الكتاب اليزيديين / بحزانى نت - 2007
23- السريان؛ الأسم الحقيقى للأراميين و الأشوريين و الكلدان. / موفق نيسكو - بيسان للنشر و التوزيع ـ 2012 - بيروت.
24- مجلة لالش الثقافية الدورية؛ والتي تصدر عن مركز لالش وباللغتين الكردية و العربية.
25- موقع (بحزانى نت) على شبكة الانترنيت.
26- موقع (الحوار المتمدن) على شبكة الانترنيت.
27- صفحة الباحث التأريخي الاستاذ (داود مراد الختاري) على الفيس بوك.
28- صفحة الباحث الاستاذ (خيرى شنكالى) على الفيس بوك.

**29-** صفحة الاستاذ (خيرى بوزانى) مـدير عـام شـؤون الأيـزديين فـى وزاره الاوقـاف/ حكومه أقليم كوردستان؛ على الفيس بوك.

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................................ 7
دەستپێک........................................................ 9
(1)
من کەللە سەرم........................................................ 14
(2)
میرزا خەنجەرم........................................................ 19
(3)
پێم دەڵێن کەڵەگا ........................................................ 26
(4)
کوچەک شەمۆم........................................................ 30
(5)
عەمجای ماردینیم ........................................................ 41
(6)
هۆی هۆی هۆی مەمۆ ........................................................ 48
(7)
پێم دەڵێن قاتر........................................................ 54
(8)
فەقیر دینۆم ........................................................ 61
(9)
من بەردم ........................................................ 64
(10)
پێم دەڵێن عەفەری ........................................................ 70
(11)
فەقیر دینۆم ........................................................ 75

(12)
تانکەری نەوتم ........................................................................ 80
(13)
من خۆکوژم........................................................................... 87
(14)
من مردنم.............................................................................. 91
(15)
پێم دەڵێن چاو ........................................................................ 98
(16)
پێم دەڵێن تاووس..................................................................... 105
(17)
ناوم سنجەقە .......................................................................... 110
(18)
کوچەك شەمۆم ....................................................................... 117
(19)
منم موسڵ ............................................................................. 121
(20)
پێم دەڵێن ئاڵای رەش............................................................... 125
(21)
مامۆستا دەخیلم ..................................................................... 128
(22)
منم خاتونی............................................................................ 133
(23)
پێم دەڵێن هامڤی .................................................................... 137
(24)
ناوم سەلیم سەلیمە .................................................................. 140

(25)

عیدۆی شوانم.............................................................146

(26)

مامۆستا بڵندم...........................................................149

(27)

پێم دەڵێن شیشانی ......................................................153

(28)

حەڕبەم پێی دەڵێن .....................................................159

(31)

ناوم یافۆیە ..............................................................163

(30)

لیلۆ خەڵاتم.............................................................167

(31)

منم موحسین مەهرەکانی ...............................................170

(32)

مەیان خانم.............................................................176

(33)

باسمی حەردانیم.........................................................182

(34)

نازانم ناوم چییە !......................................................186

(35)

موختاری گوندم ........................................................191

(36)

باڵەخانەی دواناوەندی کۆچۆی تێکەڵاوم............................195

(37)

پێم دەڵێن ئەی کەی چل و حەفت ...................................200

(38)
پێم دەڵێن گۆڕی بە کۆمەڵ ........................................................ 205
(39)
خێر لەخۆ نەدیوم ........................................................ 210
(40)
محەبەتی بابان وێرانم........................................................ 213
(41)
ئیبراهیم کورکوریم........................................................ 217
(42)
وای کە عەزیز نەبووم ........................................................ 221
(43)
چیای شەنگالم ........................................................ 226
(44)
پێم دەڵێن شەنگالی ........................................................ 231
(45)
پێم دەڵێن می حەقدە........................................................ 234
(46)
لە نێو داعش........................................................ 238
(47)
کەژاوەی مەرگم ........................................................ 245
(48)
شەوێك لە دۆزەخ........................................................ 249
(49)
دادگای شەڕ... عی!........................................................ 271
(50)
پێمان دەڵێن کەزیدار........................................................ 277

(51)
گوڵا ئێزیدیخانێ ........................................................ 282
(52)
ئاسکی باسك خوێناوی ................................................ 291
(53)
بازاڕی عوکاز ........................................................... 300
(54)
بیری عەلۆ عەنتەر.................................................... 307
(55)
پێم دەڵێن بەرات ....................................................... 311
(56)
خۆ خاوێنکردنەوەم.................................................... 319
(57)
پێم دەڵێن حەفت تیر ................................................ 324
(58)
ئاگری تۆلەم ............................................................ 334
(59)
حەبی هۆشبەرم ........................................................ 340
(60)
عەزیمە سە ! ........................................................... 345
(61)
موجاهیدەی نیکاح ! .................................................. 362
(62)
لاویر..................................................................... 366
(63)
لەمیا و لەندەهۆر....................................................... 372

(64)

پشتی من و سکی دایکم................................................380

(65)

دوو شایەت ..........................................................387

(66)

خانەی خەڕەقێ .......................................................403

(67)

ئەڤین لە کاتی فەرماندا...............................................408

(68)

ئاوی پیرۆزم..........................................................414

(69)

پێم دەڵێن شەوەڕەشە..................................................419

(70)

من گەرماوم..........................................................433

(71)

پۆڵە پەپوولە .........................................................445

(72)

تاووسەکانی تەوەس....................................................467

(73)

نامەیەکی بێ ناوونیشان...............................................479

(74)

زۆر پەشیمانم .........................................................494

(75)

من هۆزانڤانم .........................................................506

(76)

گیانی بەرخودان ......................................................517

(77)

فەرمان ........................................................... 534
روحی رەحمانی نابێت فانی ........................................... 563
سەرچاوەکان........................................................... 579